
# کیمیا خاتوون

## ڕۆمانێک لە حەرەمی مەولاناوە



سعیدە قدس

وەرگێرانی: بریار بەکر

Scanned with CamScanner

**لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما**

**زنجیرە(٥٥٩)**

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: کیمیا خاتون
- بابەت: ڕۆمان
- نوسینی: سەعیدە قودس
- وەرگێڕانی: بڕیار بەکر
- بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١٦
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردن: ١٢٣٨ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە.

ناونیشان:

سلێمانی ـــ بازاڕی سلێمانی ـــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)، (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# پێشەکی وەرگێڕ

به قەولی شاعیر:

(بار غم عشق او را گردون ندارد تحمل

چون میتواند کشیدن این پیکر لاغر من)

بەڵام بەڕاستی هەر لە سەرەتاوە ئەبێت دانبنێم بەوەدا کە جەستەی لاوازی هزری من باری قورسی غەمی ئەم کتێبەی هەڵنەئەگرت، بەڵام ئیدی وەك چۆن مرۆڤ –بە پێی گێڕانەوە دینیەکان– سەرکێشی نواند و حەزی زانین و ئەزمونکردن پەلکێشیکردە ناو ئەم ژیانە پڕ ئەزمونەوە، منیش ژیان دەرگایەکی تەماوی لەبەردەممدا کردەوە کە نەمئەتوانی بێ باك بم لەوەی لە پشت ئەو دەرگایەوە چی هەیە، جا لەبەرئەمە بارێکم خستە سەر شانم کە زۆر لە توانای خۆم زیاتر بو. بەڵام وە نەبێ ئەم کارەم تەنیا لە ڕوی بێکاریەوە لە ئەستۆ گرتبێت، بەڵکو بەوپەڕی تاسە و شەوقمەوە دەستم تێدا و ئەتوانم بڵێم لە ماوەی ساڵێکدا بە تەواوی توانامەوە هەوڵمدا وەرگێڕانێك بکەم کە نەك هەڵە و کەموکورتی تێدا نەبێت –کە هەرگیز بانگەشەیەکی لەم شێوەیە ناکەم– بەڵکو کەمترین هەڵە و پەڵەی تێدابێت. ئێستەش کە ئەم قسانە ئەکەم هێندە لەبەر هەستی خوێنەرە



Scanned with CamScanner

هێندە لەبەر پاساو هێنانەوە نیە بۆ خۆم، لەبەرئەوەی مەگەر تەنیا وەرگێڕێك بزانێت کە گەڕان بۆ مانایەك کە لە مێشك و هزر و بیری خوێنەردا لیلی و گێژاو دروست نەکات چەند سەختە ئەویش لە کاتێکدا کە من خۆم لەبەرامبەر دەریایەك لە وشە و دەستەواژەی عەرەبی و فارسی تایبەت بە تەسەوفدا بینیوەتەوە کە وەرگێڕانیان بۆ کوردی بەڕاستی ئاسان نیە، بەلاَم ئەوەی پێویستە بیلێم لەم ڕووەوە ئەوەیە کە بۆ ئەم وشانە بە شێوازێك کارم کردوە کە کورداندنەکان هێندە وشك نەبن کە ئەگەر هەمان وشەی فارسی یاخود عەرەبیم بەکاربهێنایە خوێنەر ئاسانتر تێئەگەشت. لەبەرئەمە بۆ تەواوی ئەو وشانەی کە لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا هاوبەشن بەرامبەر دانەناوە و وەك خۆیان دامناونەتەوە کە ئەمە دو چاکەی هەیە، یەکەم خوێنەر دانابڕێت لە تێگەشتن لەو وشانەی کە بونەتە بەشێك لە زمانەکەی و لابردنیان یان بە کوردی کردنیان هێندە بیر تەسك ئەکەنەوە و نامۆیی ئەهێنن بەرامبەر بە کلتوری پێشینان هێندە زمان دەوڵەمەند ناکەن چونکە کۆمەڵێك وشە دروست ئەبن کە سەرگەردان سەرگەردانیٚ کەس لە مانایان تێناگات لەو گۆڕەیدا. دوەمیش دانەمانە بۆ وشە کە ئەمەیان لە مەسەلەی نوسیندا زیاتر ڕەنگ ئەداتەوە. بەو مانایەی کە هەتا وشە زیاتر بێت مێشك گورجوگۆڵترە لە دەربڕینی بیرەکانیدا. لە لایەکیتریشەوە چونکە ئەم کتێبە کتێبێکی مێژوییە زۆرێك لە دەستەواژە و ناوی شوێن و ناوی داوودەرمان و کەسایەتی هێنراوە کە بەڕاستی ئەتوانم بلێم لە زمانی فارسیشدا تەنیا کەسانێك لێیانتێئەگەن کە خوێندنەوەیەکی زۆریان هەبێت لەو بابەتانەدا، جا لەبەرئەمە هیوادارم ئەو گلەییەم نەیەتەسەر کە بۆچی لە هەندێك لە شوێنەکاندا ڕونکردنەوە یاخود پەراوێزم نەهێناوە چونکە ئەگەر ئەم کارەم بکردایە ئەتوانم بلێم قەبارەی کتێبەکە زۆر لەوەی ئێستەکە زیاتر ئەبو. ئینجا لەم ڕۆژگارەشدا بە بونی

ئینتەرنێت ئیدی شتەکان ئاسانکاریەکی زۆریان بە خۆیانەوە دیوە کە خوێنەر ئەتوانێت بۆ زانیاری زیاتر تێیدا بگەڕێت.

ئیدی ئەمێنێتەوە سەر کۆمەڵێک وردە بابەت دەربارەی هەندێک وشە کە ئەکرا بە جۆرێکی دیکەش مانا بکرێن بەڵام پاش ڕاوێژ لەگەڵ نوسەری کتێبەکەدا ئەو مانایە هەڵبژێرراون کە نزیکترن لەو مانایانەی کە نوسەر ویستویەتی بیانخاتەڕو.

لە کۆتاییشدا ئەگەر هەر کەسێك ڕەخنەیەك یاخود پێشنیارێکی هەبو بە سوپاسەوە ئەتوانێت لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە ئاگادارمان بکاتەوە:

kemyakhatwn@yahoo.com



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# ژیانی مەولانا

جەلالەدین محەمەد بەڵخی ناسراو بە مەولەوی و مەولانا و ڕومی، لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی (لە ٦ی ڕەبیعولئەوەلی ٦٠٤ –هاوکات لەگەڵ سیەمی ساڵی ١٢٠٧ی زایینی، لە بەڵخ یان وەخش) و لە خێزانێکدا کە هەم لە شەریعەت و هەم لە تەریقەتیشدا بەناوبانگ بون، هاتەدنیا. ناوی تەواوی (محەمەد ئیبن محەمەد ئیبن حسەین حسەینی خەتیبی بیکری بەڵخی)یە و لە ماوەی ژیانیدا بە نازناوەکانی (جەلالەدین)، (خوداوەندگار) و (مەولانا خوداوەندگار)ەوە بانگکراوە. لە سەدەکانی دواتردا (وەك ئەوەی کە دیارە لە سەدەی ٩وە) نازناوەکانی (مەولەوی)، (مەولەوی ڕومی) و (مەلای ڕومی)ی بۆ بەکارهێنراوە و لە هەندێك لە شیعرەکانیەوە تەخەلوسیان بە (خاموش) یان (خەموش) زانیوە. زمانی دایکیی پارسی بوە. مەولەوی لە دایکبوی بەڵخ (لە ئەفغانستانی ئێستادا) یان وەخش بوە و لە سەردەمانی دانانی بەرهەمەکانیدا (بۆ نمونە مەسنەوی) لە قونیە لە دیاری ڕۆمدا ژیاوە. باوکی (مەولانا محەمەد بن حسەین) خەتیبی ناسراو بە (بەهائەدین وەلەد) و (سوڵتانولعولەما)یە، کە لە گەورە سۆفیەکان و پیاوێکی عاریف بوە و شوێنکەوتەی ڕێچکەی (ئەحمەد



Scanned with CamScanner

غەزالی) بوە. ئەو لە عیرفان و سلوکدا پێشینەیەکی دێرینی هەبو و لەبەرئەوەی ئەهلی دەمەقاڵێ و مشتومڕ نەبو و زانست و مەعریفەتی ڕاستەقینەی لە سلوکی باتنی –تەیکردنی حاڵ و مەقاماتەکانی عیرفان–دا ئەبینیەوە نەك لە دەمەقرە و مشتومڕە کەلامی و لەفزیەکاندا، ئالآهەڵگرانی کەلام و مشتومڕ، دژایەتیانکرد. لەوانە (فەخرەدینی ڕازی) کە مامۆستای (سوڵتان محەمەد خوارەزمشاه) بو و لە هەموان زیاتر شای لە دژی ئەو هەڵنا. سوڵتانولعولەما ئیحتیمالەن لە ساڵی ٦١٠ی کۆچیدا – لە کاتێکدا کە مەولانا سیانزە–چواردە ساڵان بوە– لە بەڵخ کۆچئەکات و سوێند ئەخوات کە تا محەمەد خوارەزمشاه لەسەر تەخت بێت نەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی و بە مەبەستی حەجکردن بەرەو بەغداد و دواتر مەککە و پاش بەجێهێنانی حەجیش بەرەو شام ئەکەوێتەڕێ. عەلائەدین کەیقوباد پەیکێك ئەنێرێت و بانگهێشتی ئەکات بۆ قونیە و لەوێ جێگیر ئەبێت. ئەگێڕنەوە لەم سەفەرەدا (فەریدەدەین عەتاری نیشابوری) ئەبینن و ئەم عاریفە گەورەیە، ستایشی مەولانا ئەکات و کتێبی (ئەسرار نامە)ەکەیی بە دیاری پێئەدات و بە باوکی ئەڵێت: (بەم زوانە ئەم کوڕەت ئاگر لە سوتاوەکانی جیهان بەرئەدات.)

مەولانا لە نۆزدە ساڵیدا لەگەڵ گەوهەر خاتوندا هاوسەرگیری کرد. سوڵتانولعولەما لە نزیکەی ساڵی ٦٢٨ی کۆچیدا مرد و هەر لە قونیە بەخاك سپێررا. لەو کاتەدا مەولانا جەلالەدین ٢٤ ساڵ بو کە موریدەکان داوایان لێکرد جێی باوکی پڕ بکاتەوە و خەریکی وانە وتنەوە و ئامۆژگاری بێت. نزیکەی یەك ساڵ پاش مردنی سوڵتانولعولەما یەکێك لە قوتابی و موریدەکانی بە ناوی (سەید بورهانەدین موحەقیق تیرمیزی)یەوە هات بۆ قونیە و سەرقاڵ بو بە ڕێنوێنیکردن و پەروەردەکردنی عیرفانیی جەلالەدینەوە و حەوت ساڵێك ناردی بۆ حەڵەب و دیمەشق تاکو ئاشنا ببێت بە گەورە سۆفیەکان و مەشرەبەکانیان. بورهانەدین کە لە ئەسپاردەکانی (سەنایی –شاعیری گەورەی ئێران–) و پیاوێکی گەورە بو،

گرنگیەکی وای بە ڕوکەشیاتی شەریعەت نەئەدا و نوسیویانە کە لە کۆتایی تەمەنیدا، هەندێك لە واجیباتەکانی دینی لەوانە نوێژ و ڕۆژو، بەجێنەئەهێنا.

مەولانا لە ساڵی ٦٣٨ەوە کە ساڵی مردنی بورهانەدینە، تاکو ساڵی ٦٤٢ کە ساڵی دیداریەتی لەگەڵ شەمسی تەبریزیدا، سەرقاڵی وتنەوەی زانستە شەرعیەکان و ڕێنوێنیکردنی موریدەکانی بو. بەڵام بینینی شەمس، ئەوی بە جارێك گۆڕی و ئاگری بەردایە دەرونی.

ئەم دەروێشە عاشقە بێ سەروسامانە کە بە هۆی زۆر گەڕانیەوە بە شەمسی باڵدار ناوبانگی دەرکردبو، لەو ڕۆژانەدا بە کڵاوە ڕەش و کەوا قەلەندەرانەکەیەوە هات بۆ قونیە و لە گەڕەکی شەکر فرۆشەکان گیرسایەوە. چیرۆکی ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ مەولانا جەلالەدیندا –کە وەك ئەوەی کە دیارە جارێکیشیان لە دیمەشق بینیبوی– لە کتێبەکاندا بە کەراماتی سەرسوڕهێنەری باوەڕپێنەکراوەوە باسکراوە –بەڵام لەبەرئەوەی لەم کتێبەدا ئەم ڕوداوە باسکراوە ئێمە لێرەدا باسی ناکەین و لێیئەگەڕێین تاکو خوێنەر لەگەڵ هەستی ناواخنی کتێبەکەدا هاوئاهەنگ بێت. و.ك–. ئەوەندە هەیە کە ئەو سەرنجی مەولانای لەسەر قاڵبونەوە و قوڵبونەوە لە ناو زانستە شەرعیەکان و وانەوتنەوەدا گۆڕی بۆ قاڵبونەوە لە دنیای عیرفان و کەشفیاتدا و ئەو بێ بەرهەمیە زانستیەی خستە پێشچاوی کە لە قیل و قالی حوجرەدا بەدەستی دێت.

قسەکانی شەمس کە مەقالاتەکانی دەرخەری قوڵبینی و بیرتیژی ئەون، هێندە مەولانای کێشکرد کە هاونشینی لەگەڵ ئەودای گۆڕی بە جۆرێك لە عاشقی. مەولەوی کە پیاوی وانەوتنەوە و وەعز و ئامۆژگاری بو، لە چل ساڵیدا کرد بە شاعیرێکی عاشق. ئەم گۆڕان و تەفسیرەی کە لە بارودۆخی موفتی و مودەڕیسی خۆشەویستی قونیەدا بەدیهات، قوتابی و موریدەکانی کردە دوژمنی شەمس.

لە ڕاستیدا هاونشینی و هاوڕێیەتی ئەم دەروێشە پەشێوە بێ سامانە، شۆڕشێکی وای لە وجودی مەولانادا بەدیهێنا -هەرچەندە ئێمە نازانین چی پێوت کە گۆڕانکاریەکی هێندە گەورەی تێدا بەدیهێنا- کە وازی لە وانەوتنەوە و وتاردان هێنا و ماڵئاوایی لە موفتێتی و مودەڕیسی کرد. چەندین ڕۆژ و کاتژمێر خەڵوەتی لەگەڵ شەمسدا ئەکرد و لە جیاتی نوێژ و ڕۆژو و وەعز، خەریک ئەبو بە سەما و سەماع و وەجدەوە و بەم شێوەیە لە شێخ و شێخزادەی قونیە، بێجگە لە دەروێشێکی پەشێو و بێ ئارام هیچ نەمایەوە.

ئەم بارە بوەهۆی تورەبون و نارەزایی موریدەکانی مەولانا، کەوتنە تانەوتەشەر و جوێندان بە مورید و موراد، بە تایبەت شەمسیان بە سیحرباز ناوبرد و هەڕەشەیان لێکرد. شەمس دڵی لە ڕەفتار و وتەی موریدەکان ڕەنجا و بە ناچاری لە ڕۆژی پێنج شەممە ٢١ی شەوالی ٦٣٤ی کۆچیدا لە کاتێکدا کە مەولانا ٣٩ ساڵ بو، بۆ ماوەیەك قونیەی جێهێشت -کە ئەم ونبونە بە (غەیبەتی یەکەم یاخود کاتیی)شەمس بەناوبانگە- و ڕۆشت بۆ دیمەشق، بەڵام مەولانا کە بەم دیارنەمانە ئارامی لێهەڵگیرا، کوڕەکەی -سوڵتان وەلەد-ی نارد بە شوێنیدا و هێنایەوە بۆ قونیە. بەڵام ئەم مانەوەیەشی زۆری نەخایاند و لە ناکاوێکدا بە جارێك دیار نەما -کە ئەم دیارنەمانەش بە غەیبەتی هەمیشەیی -دائیمی- شەمس بەناوبانگە-. مەولانا ئۆقرەی لەبەر بڕا و شەو و ڕۆژ دەستیکرد بە سەماع و بارودۆخی لە هەمو لایەکی شاردا بەسەر زمانەوە بو. مەولانا ڕۆشت بۆ شام و دیمەشق، بەڵام شەمسی نەدۆزیەوە و گەڕایەوە بۆ قونیە. ئەو هەرچەندە شەمسی تەبریزی نەدۆزیەوە، بەڵام حەقیقەتی شەمسی تەبریزی لە خۆیدا دۆزیەوە و بۆیدەرکەوت ئەوەی کە بە شوێنیەوەیەتی لە خۆیدا ئامادەیە و هاتوەتەدی. مەولانا گەڕایەوە بۆ قونیە و دەستیکردەوە بە سەما و سەماع و گەنج و خاس و عام وەك گەردێك لە خۆرەتاوی پرشنگی ئەودا ئەسوڕانەوە. مەولانا سەماعی بە ڕێگە و ئامرازێك

ئەزانی بۆ ڕاهێنانی خۆڕزگارکردن و هەڵهاتن. ئەو شتەی کە یارمەتی ڕۆحی ئەدا تاکو لەو شتەی کە لە عالەمی هەست و مادەدا بەندی کردوە، ڕزگاری ببێت و پلە بە پلە تاکو عالەمی مەلەکوت بەرزببێتەوە. چەندین ساڵ تێپەڕی و دیسانەوە تاسەی شەمسی تەبرێزی کەوتەوە سەر و ڕۆشت بۆ دیمەشق، بەڵام دیسانەوە نەیدۆزیەوە و گەڕایەوە بۆ قونیە. دواتر و پاش دیارنەمانی شەمس دەنگۆیەك دروستبو کە شەمس بە دەستی موریدەکانی مەولەوی کوژراوە. هەروەها وترا کە عەلائەدین، کوڕەکەیتری مەولانا لەم تەڵەکەدا دەستی هەبوە. بەڵام ئەم دەنگۆیە لە بەرهەمەکانی مەولەویدا ڕەنگی نەداوەتەوە. لە ڕوکەشدا وادیارە کە ئەم ڕوداوەیان لە مەولانا شاردوەتەوە و ئەویش بەم هۆیەوە تا کۆتایی تەمەنی لە بینینەوەی شەمس نائومێد نەبوە و دو جاریش -وەك لە پێشەوە باسکرا- لە هەوڵی دۆزینەوەیدا بەرەو شام بەڕێکەوتوە، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی لەو ونبوە نەدۆزیەوە. لە کاتێکدا کە تەرمەکەیان پاش (وەفات)ی مەولانا لە چاڵ هێنایە دەرەوە و ناشتیان. ئەڵبەتە ئەگەر ئەم ڕوداوە ڕویدابێت، لەبەرئەوەی مەولانا هەرگیز ئاگاداری ئەم ڕوداوە نەبویەوە، کەوایە ئەو شۆڕ و شەوقەی کە تا کۆتایی تەمەنی بەرامبەر بە شەمس نیشانیئەدا، سەرسوڕهێنەر نابێت.

بەڵام ئەگەر سوڵتان وەلەدیش لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەم کارەساتە نەکردوە، بێگومان لەبەرئەوە بوە کە نەیویستوە ناوی براکەی و ناوبانگی موریدەکانی باوکی ئالودە بکات. هەرچۆنێك بێت دیارنەمانی لە ناکاوی شەمس، مەولانای زیاتر و زیاتر لە پێشتر کێشکردە ناو دنیای عەشق و شۆڕ و شەوق. بە جۆرێك کە بە یەکجاری پێگەی وانەوتنەوە و وەعزکاری وازلێهێنا و بە پێچەوانەی چاوەڕوانی موریدەکانەوە، لەوە بە دواوە مەولانا بە تەواوی خۆی دایە دەست وەجد و سەماع و هۆنراوەکانی دیوانی شەمس، یادگاریی ئەم شۆڕ و شەوق و تاسە ڕۆحیەیە.



Scanned with CamScanner

له ڕاستیدا مەولانا جەلالەدینی بەلْخی خۆی و خوای خۆی لە وجودی شەمسدا ئەبینیەوە و لەو ڕوەوە کە بەبیّ دڵبەندێك کە ئاوێنەی (مەزهەر) ئەو و خوای ئەو بێت نەیئەتوانی بژی، لە پاش شەمس، دە ساڵێك دڵی دا بە سەلاحەدین فەرەیدونی قونیەیی ناسراو بە (زەرکوب). ڕۆژێك مەولانا بە تەنیشت ئاسنگەرەکاندا تێئەپەڕی. لە دەنگی لێدانەکانیانەوە کەوتە سوڕانەوە و شێخ سەلاحەدینی زەرکوبیش بە ئیلهامەوە لە دوکانەکەی هاتەدەرەوە و سەری خستە سەر پێکانی مەولانا و لە کاتی نوێژی پێشترەوە تاکو نوێژەکەیتر لەگەڵ مەولانادا لە سەماعدا بو. بەم شێوەیە مەولانا عاشقی سەلاحەدین بو و شێخ سەلاحەدینی زەرکوب تا ڕادەیەك جێگەی خاڵیی شەمسی تەبرێزی بۆ پڕ کردەوە. مەولانا سەلاحەدینی کردە جێگرەوەی خۆی و تەنانەت سوڵتان وەلەدیش بەو هەموە زانابییەوە گوێڕایەڵی بو. هەرچەندە سوڵتان وەلەد لە قسەی باوکی دەرنەئەچو بەلاّم پلەی خۆی بەتایبەت لە زانست و زانیاریدا بە بەرزتر ئەزانی، بەلاّم سەرئەنجام بۆیدەرکەوت کە زانست و زانیاری زاهیری چارەسەرکەری کێشە ڕۆحی و مەعنەویەکان نیە. ئەو بەم باوەڕەوە بوە موریدی زەرکوب. سەلاحەدین وەك لە (وەلەدنامە)دا باسکراوە، کەسێکی نەخوێندەوار و سادە و عامی بوە، بەلاّم خاوەنی دڵێکی ڕۆشن بوە و جەلالەدینی بەلْخی، خۆری وجودی شەمسی لەودا بینیوە. سەلاحەدینی زەرکوبیش وەك شەمس لە لایەن موریدەکانەوە حەسودی پێئەبرا، بەلاّم هەرچۆنێك بێت مەولانا تا دە ساڵ هاودەمی لەگەڵیدا هەبو، تا ئەوەی کە زەرکوب نەخۆشکەوت و لە ساڵی ٦٥٧دا گیانی سپارد و لە قونیە نێژرا.

پاش ئەو مەولانا دڵی دا بە حسامەدین چەلەبی ناسراو بە (ئەخی تورك) کە لە عاریفە گەورەکان و موریدی مەولانا بو. مەولانا دە ساڵیش هاودەمی ئەو بو. مەولانا لەسەر داواکاری حسامەدین مەسنەوی مەعنەوی نوسی کە جار جارە لە

مەسنەویدا ناوی حسامەدین ئەبینرێت و هەر لەبەرئەمە بو کە لە سەرەتادا ناوی (حسامی نامە)یان بۆ مەسنەوی مەعنەوی هەڵبژارد.

مەولانا پاش ماوەیەك لە نەخۆشی بەهۆی تایەکی زۆرەوە لە خۆرئاوابونی یەك شەممە ٥ی جەمادی ئاخەری ساڵی ٦٧٢دا کۆچیی دواییکرد.

مەولانا پاش خۆی ئەم بەرهەمانەی بە شیعر هەن: ١-مەسنەوی مەعنەوی ٢- دیوانی کەبیر، ناسراو بە دیوانی غەزەلیاتی شەمسی تەبریزی ٣- روباعیات.

و لە بەرهەمە پەخشانیەکانیشی ئەتوانرێت ئاماژە بۆ ١- فیهی ما فیهی ٢- مەکاتیب ٣- مەجالیسی سەبعە، بکرێت.

گرنگترین بەرهەمی مەولانا بە مەسنەوی مەعنەوی ئەزانرێت کە لە شەش دەفتەردا و بە بەحری رەمەلی موسەدەسی مەقسور یان مەحزوفە و نزیکەی ٢٦٠٠٠ بەیتە. هەر دەرفتەرێك پێشەکیەکی کورتی هەیە کە بە پەخشانی فارسی یاخود عەرەبیە و پاش ئەویش چیرۆکی کورت و درێژی هۆنراوە دێت کە هەندێك جار شاعیر لەبەر هۆکارێك ئەیپچڕێنێت و ئەچێتە ناو باسێکی فەلسەفی، عیرفانی، دینی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و... پاش ئەوە دوبارە دەستئەکاتەوە بە بەردەوامبون لەسەر چیرۆکەکە. لە هەندێك شوێنی مەسنەوی مەعنەویدا کاریگەری قورئان و حەدیس ئەبینین کە لە شێوەی تەسریح یاخود ئیستشهاد، ئیقتیباس و تەلمیحدا دەربڕاون.

ژانری مەسنەوی لە ئاستی زماندا لە شێوەی شاعیرەکانی سەدەی چوارەم و پێنجەمی خۆراساندایە. وتەکانی مەولەوی سادەیە و دورە لە هەر جۆرە ڕازاندنەوە و قورسیەك، بە جۆرێك کە هەمو کەسێك لە هەمو تەمەنێك هەر لە منداڵەوە بیگرە تا گەنج و پیر ئەتوانن سودی لێوەربگرن.

ژمارەی بەیتەکانی هەر شەش دەفتەرەکەی مەسنەوی، لەسەر بنەمای نوسخەکەی نیکڵسۆن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

دەفتەری یەکەم: ٤٠٠٢ بەیت

دەفتەری دووەم: ٢٨١٠ بەیت

دەفتەری سێیەم: ٤٨١٠ بەیت

دەفتەری چوارەم: ٢٨٥٥ بەیت

دەفتەری پێنجەم: ٤٢٣٨ بەیت

دەفتەری شەشەم: ٤٩١٦ بەیت

"بەشی یەکەم"

## ناشوێنی

پیاوەپیرەکە پاڵیدابوەوە بە کۆڵەکەی بایەوانەکەوە و با بە سەختی یاری بە قژی تەنك و درێژیی ئەکرد. قاچە لەڕ و لاوازەکانی – بە پاژنە پێیەکانیەوە کە خاکی سەرزەمینە دورەکان لە نێو درزەکانیدا وشك ببوەوە– لە باوەشیدا ئەگوشی. کراسە درێژەکەی کە لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان سپی بوبێت، تەڕبو بە باران و شەپۆلە بەهێزەکان، لکابو بە جەستەیەوە. هەر تەکانێکی کەشتیەکە ئەیتوانی جەستەی ماندو و ئازارچەشتوی بکاتە پاروی شەپۆلێکی توند، بەڵام هیچ باکێکی نەبو. وەك بڵێی ئەسڵەن لەم جیهانەدا نەئەژیا و سەربەژیانێکیتر بو، چاوە ماتەکانی بڕیبوە دوردەستەکان. گەمیەوانەکان لە ترسی تۆفانەکە، بێ ئامانج بەملاولادا ڕایانئەکرد و لەوپەڕی ترس و تۆقیندا بە زمانی نامۆ –بێئەوەی گرنگی بەوە بدەن کە کەس تێئەگات یان نا– قسەیان لەگەڵ خۆیان و کەسانیتردا ئەکرد. هەندێکیشیان لەسەر عەرشەی کەشتیەکە چۆکیان دادابو و چاو لە ئاسمان، ئەچەمینەوە و هەڵئەستانەوە و ویردی سەیر و نامۆیان ئەخوێند. کەس گرنگی بە



Scanned with CamScanner

هاوارە تورەکانی ناخودا نەئەدا.لەو چەند هەنگاوەی نزیك لە مردندا، کەس کاری بەسەر ناخوداوە نیە، ئێستا ئیتر کار لە دەستی خوادا بوو بەس.

کاتی بارانە وەرزیەکان هێشتا نەگەشتبو و کەس پێشبینی تۆفانی نەئەکرد لەو وەرزەدا، بەلآم وەك ئەجەلێکی ناوەخت داباریبو. گەمیەوانەکان زۆر باش ئەیانزانی لەم دەریا شێتۆکەدا، هیچ کەسێك لەم جۆرە تۆفانە لەناکاوانە ڕزگاری نابێت. دڵنیابون زۆری پێناچێت هەمویان ئەبنە پاروی شەپۆلە ڕەشە مرۆڤخۆرەکان. بەلآم پیرەپیاوەکە هیچ نەئەترسا. ئەیزانی تەنانەت ئەگەر کەشتیەکە لەوپەڕی ڕەشی و قولآیی زەریاشدا نوقم ببێت، ئەو نامرێت. ماسیەکەی یونس دوبارە تفی ئەکاتەوە سەر خاکی نەفرەتلێکرا بۆ ئەوەی بچێژێت ئەوەی کە ئەبێت بیچێژێت. مردن بۆ ئەو مانای ڕزگاریی هەبو، بەلآم بڕیارنەبو ئەو ڕزگاری ببێت. لەوانەشە مردبا و ئەم کەشتیە خەریکبو بەرەو بارەگایەکی ئەبرد کە تەمەنێك لە تەلەبی ماچکردنی خاکەکەیدا ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوای تەیکردبو. ئایا ئەیانبردەوە بۆ لای کەسێك کە ڕۆژگارێك خەیالّی نزیکبونەوە لەو، هەیولایەکی لەم پیرە تێکشکاوە خولقاندبو و دیسانەوە لە هات و هاواری سنگ دەرپەڕێنیمەستانە و پڕ لە خۆباییبوندا لە ڕێگەی ئەودا سەری لێتێکچوبو؟تەماشاکە ئەو قەلەندەرە چەقۆکێشە چەند بە زار و لاوازیی ئەبەن.

ئەگەر کەسێك توانای سەیرکردنی نێوچاوانی ناوازەی ئەوی هەبوایە، پاڕانەوەی تێدا ئەبینین. پاڕانەوە لە با کە توندتر و توندتر هەڵبکات و هەتا ئەتوانێت دورتر و دورتر بیبات. چیتر بەرگەی مانەوەی نەئەگرت. خۆشەویستەکەیان لەسەر دەست بردبو و ئەویان بەجێهێشتبو. ئەبوایە بڕۆشتایە تا دورترین جێ.... تا ناشوێن. ئەو هەمو تەمەنی لە ڕۆشتندا بو کە من هەر ئەو مراویە دەریاییەم. بەرەو زەریا نەناسراوەکان، چەند بەیانیەك لە وشکانیدا ئارامی گرتبو و ئێستا دیسانەوە.... کەلکەلەی ڕۆشتن کەوتبوەوە سەری، زیاتر لە هەمیشە، دورتر لە هەمیشە. ئەم



Scanned with CamScanner

جارە ئەیویست خواحافیزی بکات لە ڕابردوی. هەڵبێت بۆ شوێنێك كە دەستەكانی لە بیریان بچێتەوە گەرمی و ناسکی جەستەی بێچوە کۆترێك كە ئەوەندە لە ناو پەنجە ڕەقۆڵەکاندا گوشیبوی تا ملی سپی شکاندبو. کەوتە لەرزین. ئاسمان ئەینەڕاند. هەورە ڕەشەکان بەناویەکدا ئەهاتن و لە ئاسۆدا شەپۆل و هەورەکان و ئاسمان بوبونە یەك. قیامەتێك هەستابو.

با بە دەوری کەشتیەکەدا كە وەك باڵی پەپولە لاوازبو، ئەیلوراند، بەڵام بێهودە. کەشتیەکە کاڵایەکی پڕ ڕەمز و نهێنی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبو كە ئەو تۆفانە مرۆڤخۆرە نەیئەزانیچ چێژێك لە نقومکردنیدایە. لە تورەییدا ئەینەڕاند و شیلاقی ئەدا لە عەرشەکە و بە جوێندانەوە پیاوە پیرەکەی لەگەڵ خۆی ئەبرد و بردی. بە شێوەیەك كە چیتر هیچ کاتێك و هیچ کەسێك، تەنانەت تا ئەمڕۆکەش نەیزانی لە کۆتاییدا چی لێبەسەرهات و ڕۆشتە کوێ. بۆ بارەگای عەدل؟ لەوانەیە بەڵام بۆ دوردەستەکان، ئەو دورابیانەی ئەندێشە پێیانناگاتو عەدالەت تێیدا مەفهومێکی تری هەیە.



Scanned with CamScanner

# کیراخاتون

هێشوە قورسەکانی یاس و نەسیم، چرپە و چوتەیەکی عاشقانەیان لەگەڵ یەك ئەگۆڕیەوە. هەردو لای جادە لمیەکە -کە دەروازە گەورەکەی باخەکەی ئەگەیاندە باڵەخانە مەڕمەڕینەکەی کۆشك- یاسە بنەوشەیی، سپی و ئەرخەوانیەکان، وەك خاتونەکانی دەربار لە مەراسیمی سلاوی نەورۆزیدا لە جوانترین جل و بەرگیاندا، بە ڕیز وەستابون، وەك بڵێی پاشایەك بە باخدا تێئەپەڕێت. لمی سپی سەر ڕێگەکەیان شوشتبو و دڵۆپەی ئاورنگی سەر گەڵاکان هەزاران خۆریان لە خۆیاندا ئەدرەوشاندەوە. هەمو جێیەك لێوڕێژبو لە بۆنی خۆش، تازەیی پێکەنین و هەوای تازە. دوای جوانە مەرگبونی باوکم یەکەمین جار بو ئەم ماڵە ڕەنگی ژیانی بەخۆوە گرتبو.

یەکەمین جار بو دایکم جلی شیوەنی وەلانابو و کراسێکی ئاوریشمی هیندی لە ڕەنگی ئاسمانی چاوەکانی لەبەرکردبو و چارشێوێکی حەریری لە ڕەنگی خۆرئاوابونی ئاسمان بە ئەستێرەی زیویەکانیەوە دابو بە سەردا کە جوانیەکەی دو هێندە ئەکردەوە. تەنانەت لە چاوی منیش شاراوە نەبو بە چ جوانی و قەشەنگیەکەوە خۆی بۆ میوانە بەڕێزەکانمان کە شێخ و موفتی گەورەی شار

بون، ڕازاندوەتەوە. دایکم هەمیشە لە چاوی مندا جوانترین بونەوەرێك بو خوا خولقاندبوی، بەڵام ئەو ڕۆژە لە هەمو ڕۆژێك جوانتر بو. خرۆشابو، چاوە درەوشاوە و کوڵمە گوڵڕەنگەکانی، پەردەیان لەسەر نهێنیی دڵی لائەدا. تەنانەت گەڵای درەختەکانی باخیش، بەهۆی ئەوەی خاتون جارێکیتر گەڕاوەتەوە بۆ ژیان، دەستیانکردبو بە ورتەورتێکی شادمان. موعجیزەیەك ڕویدابو.

ساڵانێك بەسەر مردنی باوکمدا تێپەڕیبو. لەم ماوەیەدا مانگێك تێنەئەپەڕی کە نەنەجی —سەرشۆڕەپیرەکەی حەمامی مەڕمەڕ— نەیەت بۆ ماڵمان و پەیامی خوازبێنیکەرێکی تازە نەهێنێت بۆ دایکم و هەمو جارێکیش لەبەرامبەر کاردانەوە بۆ وەڵامی نەرێی دایکم بە لچ و لێوی لاقرتاو و خەمبارییەوە نەچێتە دەرەوە. ئەڕۆشت و ئەیوت ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە، بەڵام کەمێك دواتر دەرئەکەوتەوە و دیسانەوە چیرۆکەکەی پێشو دوبارە ئەبویەوە، تا ئەوەی ئێستا تەڵیسمی بەختی دایکم — کە بە وتەی نەنەجی قوفڵ بو بو— کرابوەوە ودایکم لەوپەڕی ناباوەڕی هەمواندا وەڵامی ئەرێی بە داواکاری فەقیهی گەورەی قونیە دابویەوە. پیاوێك کە ئەیانوت سەرەڕای تێکەڵی و پەیوەستی و هاتوچۆکردن لەگەڵ بنەماڵە پلەیەکەکانی قونیەدا، ڕۆحانیەکی زۆر پێداگر، سەختگیر و زۆر سادە ئەژیا و لەگەڵ ئەم هەموەشدا ئێمە لە ناو داواکارە زۆر و جۆربەجۆرەکانی دایکمدا هیچ تایبەتمەندی و پلەیەکی زیاترمان تێدانەئەبینی.

من بەهۆی کاریگەری دایەنە بە ڕەچەڵەك ئێرانیەکەمەوە —کە هەر لە منداڵیەوە شیری دابو بە باوکم و مەحرەم و ئامیار و هاودەمیدایکم بو— هەمیشە حەزمئەکرد دایکم شوبکاتەوە. ئامۆژگاریەکەی دایەنەکەم هەمیشە و لە هەمو جێیەکدا دوبارەیئەکردەوە، لە گوێمدا ئەزرنگایەوە:(خاتون ئەگەر هاودەم و هاوسەرێکی شایستەی بۆ نەدۆزرێتەوە، وەك گوڵێکی سوری بێ ئاوی بێ ساباتی زۆر تینو و سیس و ژاکاو، زۆر نابات ئەمرێت.) منیش نەمئەویست دایکم بمرێت. ئەو هەمو



Scanned with CamScanner

شتێکی من بو و لەوپەڕی لاوازیی منداڵیمدا، لە ترسی مردنیدا هەمیشە بیرمئەرکردەوە چۆن بتوانرێتهاودەم و هاوسەرێکی شایستەی بۆ پەیدابکرێت، بەڵام کەمتر بە ڕێگەچارەیەك ئەگەشتم. من لە دنیادا، بێجگە لە باخە جوان و ڕازاوە و ماڵە گەورە و ڕۆشنەکەمان و ئەو گۆڕستانەی کە شوێنی ناشتنی باوکم بو و حەمامی مەرمەڕ، هیچ شوێنێکیترم نەدیبو. هەمو ئەمانەشم خۆشئەویست. دنیای جوانی من بون. تەنانەت نزرگەی باوکیشم کە بە کۆمەڵ لە کۆتایی هەفتەکاندا بە مۆم و چرا و گوڵ و شیرینیەوە، سەردانمانئەکرد. باخەکەشمان کە زۆر بە باشی لە بیرمە تا کاتێك باوکم زیندوبو، دەروازە گەورەکەی هیچ کاتێك دانەئەخرا و کاتژمێرێك تێنەئەپەڕی گالیسکەیەك یان سوارێك لە گەورەکانی شار جادە لمیەکەی باخ نەبینێت. چێشتخانەکەمان هەمیشە ئامادەی میوان بو. باش دێتەوە بیرم میوانداریەکانمان کە سوڵتان و ئەمیرەکانی بەغداد و دیمەشق و قونیە بەهەمو ئەهلی حەرەمیانەوە دەگرتەخۆو دایکم لە ناو هەمواندا، وەك ئەستێرەی بەیانیان تاك و درەوشاوە بە میهرەبانی و نەرمیەوە پێشوازی لەئەم و ئەو ئەکرد و بەخێرهاتنی ئەکردن و منیش هەمیشە شانازیم بەو سیفەتەی دایکمەوە ئەکرد کە ستایشی لە خەڵکیدا ئەبزواند. هەر لەو سەرەتایەوە شێوازی ڕەفتاری تاك و جیاواز بو لەگەڵ خاتونەکانی شار.

درەنگانێك بۆمدەرکەوت ماڵەکەی ئێمە لەو تاك و تەرا ماڵانەیە یان تەنانەت تاکە ماڵی خانەدان بو کە کۆمەڵێك کەسی بەناوی حەرەمنشین یان هۆدەنشینی نهێنی ئامێزەوە تێدانەبو و ئەو هەموە چوست و چالاکی و خۆشبەختیەی لە ناخی دایکمەوە هەڵئەقوڵی، وەڵامێك بو بۆ ئەو نازداری و خزمەت و عەشقەی کە پێشکەشی ئەکرا و ئەمەش لەبەرئەوەبو باوکم، ئەگەرچی مسوڵمان و ئێرانی ڕەگەزبو، بەڵام دڵی بە داوی عەشقی دایکم گرفتار ئەبێت کە کچی سەرکردە و گەورەی هۆزی ئیکدەشان بو کە هۆزێکی مەسیحی و بە ڕەگەز یۆنانی بون و بە

هەزار دڵەڕاوکە و ناڕەحەتی، دین و خوونەریتی خۆیان پاراستبو. باوکیشم تەنیا بە پێدانی ئەو بەڵێنە سەرکەوتوبو بو بیهێنێت و مارەی ببڕێت کە تا کۆتایی تەمەنی وەك گەوهەرێکی گرانبەها پارێزگاری لە دایکم بکات و بە پێچەوانەی گەورەکانی شارەوە کە ژنەکانیان لەگەڵ چەند ژنێکی تردا لە حەرەمەکەیاندا دیل ئەکرد و ڕێگریان لێئەکردن لە تێکەڵبون و هاتنە ناو خەڵکی، بە ئازادی بیهێڵێتەوە، بەڕاستیش تا کۆتا ساتی تەمەنی وەفاداربو بەم بەڵێنەیەوە و ئەگەرچی خۆشی بەگ و بەگزادەبو، بەڵام بە بەندەی عەشقی ئەو مایەوە و ئەمەش ماف ڕەوای دایکم بو، لەبەرئەوەی ئەو جوانترین، ناسکترین، بەسۆزترین و کامڵترین ژنی سەردەمەکەی خۆی بو.

لە ڕاستیدا دایکم لە بەرەبابی خواوەندەکانی یۆنان بو و باوکم ئەو پەرشیاییە نەبەردە کە لە کەمەندی عەشقی ئەودا دۆست و یار و دیاری لە بیرکردبو. من و براکەم شەمسەدین میوەی ئەم عەشقە پاکە بوین و ژیانێکی سەرڕێژ لە خۆشبەختیمان لەگەڵیاندا بەسەربرد تا ئەوەی مردنی ناوەختی باوکمان سێبەری ڕەشی هێنا بەسەر ژیانماندا. کاتێك ئەو لەناومان دەرچو، هەمو شتێك تاریکبو، بەڵام ئەو ڕۆژە خۆشانە وەك قۆزاخە لە مێشکماندا بە زیندویی و بزێوی مانەوە. تەنیا دایکم بو نەیئەتوانی لەگەڵ بیرەوەریەکانیدا هەڵبکات. ئەو هەرگیز نەیتوانیبو لەگەڵ تەنیاییدا ڕابێت. ئەوەندە نوقمی خۆی بو کە لەو هەمو شانوشکۆیەوە، باخێکی خامۆش مایەوە و ماڵێکی تۆزگرتو بە بێوەژنێکی کۆستکەوتووەوەکە دەستی لە گۆشەگیری و تەرکە دنیایی و کۆستە دوایی نەهاتوەکەی هەڵنەئەگرت و دو منداڵی لە هەمو کەس و شوێنێك بێخەبەر و دنیایەك خزمەتکار و بەردەست کە چیتر کارێکی وایان نەمابو و ئەگەر کەمەندیبەخشندەیی و خۆشەویستیەکانی خاتونی ماڵەکە نەبوایە، هەمویان دانە بەدانە پەرتەوازە ئەبون. نازانم ئەبێت براکەم شەمسەدینی نازدار و پاشای دڵانی



Scanned with CamScanner

ماڵەکە چی کێشابێت دوای ئەوەی دایکم چیتر تاقەت و توانای لاواندنەوە و نازپێدانی ئەویشی نەمابو. بەڵام من زۆر زو توانیم خۆم لەگەڵ هەمو شتێکدا رێکخەم و رابێنم، لەبەرئەوەی لە سەردەمی لەدایکبونی شەمسەدینەوە بۆمدەرکەوتبو ژیانی مرۆڤ ئەکرێت لەناکاو و لە رۆژێکدا بگۆڕرێت. ئەو بە هاتنەدنیای هەقی هەڵەیەکی گەورەی بونەوەری کردبوەوە کە لە یەکەمجاردا کچێکی بەخشیبو بە ژن و مێردێکی خۆشبەختی وەك دایك و باوکم و ئەو کەمە بایەخ و سەرنجەشی کە دەورروبەرەکەم تا ئەو رۆژە بە منیان ئەدا، گەیاندە ئەوپەڕی کەمی. بەڵام من لەم هاوکێشەیەدا نهێنیەکی گەورەم دۆزیبوەوە و ئەوەش ئەوەی هەمو شتێکی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندایە. لە ئەنجامدا کاتێك بە رۆشتنی باوکم دنیای پڕ لە رەنگ و ئەفسوناوی و سەربەرزانەی ماڵەکەمان گۆڕا و شێوەنی قوڵ و هەندێك جار لە رادەبەدەری دایکم مۆڵەتی دەستپێکردنەوەیەکی دوبارەی نەئەدا بە ئەندامانی خێزانەکە، من ئەوەندە لێهاتو بوبوم کە بزانم ئەم بارەش ئەگۆڕێت. تەنیا ئەبوایە کاتی بهاتبا، پێویستی بە ئارامگری بو.

من ماوەیەکی دورودرێژ بو دڵنیا و گەشبین لە چاوەڕوانی گۆڕانکاریەکی دڵخۆشکەردا بوم و ئێستا دایکم بڕیاریدابو بگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانەی کە شایستەی گەنجێتیەکەی بو. لەگەڵ ئەم هەموەدا کاتێك لە باخەکەدا پیاسەم ئەکرد وەهاڵی یاسەکانم ئەپرسی، گەرچی وەك هەمیشە بۆنیان تێکەڵ بە بەرامەی خاکی شێدار،رۆح و گیانمیان ئەبوژاندەوە، بەڵام لە قوڵایی ناخمەوە هەستێکی خۆشم نەبو. لەرینەوەی نهێنی ئامێزی یاسەکان –بێ هیچ رونیەك– توشی دڵەخورپەی ئەکردم.

من هەر لە سەرەتاوە نهێنی گەلێکم لەگەڵ یاسەکاندا هەبو، یان لەوانەشە ئەوان نهێنیان لەگەڵ مندا هەبو، بە جۆرێك لە جۆرەکان لەیەکتر تێئەگەشتین. زو لەگەڵ یەك ئاوێتە ئەبین و بەر لەوەی بزانم چی روئەدات بە خێرایی لە یەکتر

دورنەکەوینەوە. ئەوان قسەم لەگەڵ ئەکەن. هەندێك جار خۆشحاڵ و هەندێك جاریش بێزارم ئەکەن. لەگەڵ بەهاردا دێن و سێ وەرزەکەیتر، من بە تەماشاکردنی ترۆپکی چڵەکانیان چاوەڕوانیان ئەبم. بۆچی؟ نازانم. کاتێك لە دایکم پرسی وتی: لەوانەیە لەبەرئەوە بێت تۆ لەگەڵ ئەواندا هاتیتە دنیا، لەگەڵ بەهاردا. ئەیوت: باش لە بیرمە کاتێك هاتیتە دنیا، هەر لە یەکەم چاوتروکانمدا لە تولێنەیەکی بە گوڵی یاس چنراودا لە تەنیشت جێگە خەوەکەمدا بینیمیت. بە فرمانی باوکت کەژاوەیەکیان لە گوڵە یاس بۆ من و تۆ ڕازاندبوەوە. گوڵەکان بە ڕەنگە جوان و ڕۆح ڕفێنەکەیانەوە پیرۆزبایی لە دایکبونی تۆیان لە لایەن ئەوەوە پێئەگەیاندم.....

دایکم ئەوەندە بەسۆزبو هەرگیز پێی نەوتم: "بەڵام لەوەی کە کچێکم هێنابوە دنیا بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم، زۆر غەمگین بوم." ئەو نەیئەزانی کە من سەرەڕای بچوکیم لە زۆری و گەرمی ئەو پیرۆزباییانەی لە دایك و باوکمیان ئەکرد بە بۆنەی کوڕبونی براکەمەوە،تێگەشتبوم هاتنە دنیای من بۆ دایکم چەند شەرمهێنەر و نەخوازراو بوە. بەڵام من نەك هەر دڵتەنگ نیم، بەڵکو ئەبێت ڕێزێکی گەورەشیان لێبگرم. لەبەرئەوەی مۆڵەتیان پێدابوم لەگەڵیاندا بمێنمەوە. لەبەرئەوەی لێرە زۆرێك لە بنەماڵە دەوڵەمەند و هەژارەکان منداڵە کچەکانیان ئەسپێرن بە کەسانیتر تاکو بە پارە، گەورەیان بکەن و ڕاستەوخۆ دەستیان بخەنە ناو دەستی مێردەکانیان.

یاسەکان وازم لێناهێنن. پەیتا پەیتا خەریکن خەمێکی نهێنی ئامێز ئەڕێژنە گیانمەوە، بێ هۆ نیە ئایاجان، ناوی ناوم (خەیاڵاوی). بەڵام هەرچیەکیان ئەوێت با بیڵێن. لەرینەوەی یاسەکان هەستپێکراوە. ئەبێت شتێك نیگەرانی کردبن. بەهۆی خۆیانەوە؟.....بەهۆی دایکم؟.....بەهۆی منەوە؟....تەنیا من؟

له ڕوکەشدا هیچ شتێکی نیگەرانکەر نەبو. بەڵام لەرینەوەکان دەستیانخستبوە ناخمەوە. بیرمکردەوە نەکو داواکارەکەی دایکم منی خۆشنەوێت، یان من ئەوم خۆشنەوێت. خوا نەکات! ئەمە خراپترین شتێك بو ئەکرا لە نێوان من و ئەم تازە هاتوەدا ڕوبدات.

چیتر نەمئەتوانی بەرگەبگرم دڵم خەریکبو لە سنگمەوە ئەهاتەدەرەوە. نازانم بۆچی نەئەهات. کڵاوەکەی ئیلیاسم لە پشت گوڵێکی سورەوە بینی کە بە خونچەی گوڵ چەمیبوەوە. یەکسەر ڕامکرد بۆلای. هەمیشە بە بینینی ئارام ئەبومەوە. سەری بەرزکردەوە و دەستیکرد بە سێبەر بۆ چاوە بێ تروسکاییەکانی. هیچ کاتێك بۆمدەرنەکەوت چاوەکانی چ ڕەنگن. ئەو ڕۆژە ڕێك وەك برۆکانی خۆڵەمێشی بون، بەڵام هەندێك ڕۆژ هەتا بڵێی ڕەش بون. بە سەرسوڕمانەوە وتی: خاتون گیان لێرە چیئەکەن؟ هەواڵ هاتوە، چەند ساتێکیتر میوانەکان ئەگەن. ئێوە ئەبێت ئێستا لای دایکتان بن. بێ گرنگیدان بە دژایەتیەکەی پرسیم: تۆ ئەزانیت ئەم نوێنەرەی کە دێت کێیە؟

ئەلیاس کڵاوەکەی لابرد، ڕوێنگەی قژە درێژ و سپیەکەی سەر تەوێڵی ماندو و کەنەفت و بە خۆر سوتاوی خوراند و وتی: منیش هەر ئەوەندە ئەزانم کە ئەوانی تر ئەیزانن، ئێوە نازانن؟ بە دڵنیاییەوە ئەزانن خاتون گیان! ئێستا بڕۆنەوە بۆ لای دایکتان لە کۆشك. ئێستا ئەگەنە جێ.

بە زەحمەت لەسەر ئەژنۆ ماندو و ئازارچەشتوەکانی هەستایەوە. ئەیویست بۆیدەرچێت و خۆی لە شەرم ڕزگارکات. ئەم حاڵەتەیم زۆر باش ئەناسی. هەرگیز وەك کەسانی تر وەڵامی نابەدڵی نەئەدایەوە. تا ئەو شوێنەی ئەیتوانی و زانیاریەکانی یارمەتی ئەدا، وەڵامی پرسیارە کۆتایی نەهاتوەکانمی ئەدایەوە. هەمیشە لەگەڵ مندا بە حەزەوە قسەی ئەکرد، بەڵام هەر کاتێك بە هەر هۆکارێك حەزی نەکردبا شتێك بڵێت، چاوەکانی کە ئاشکرا نیگەرانیان پێوە دیاربو، ئەگێڕا،



Scanned with CamScanner

واتە برۆ! بەلأم ئەم جارە هەڵەی ئەکرد. وازملێنەهێنا تا هەرچیەك ئەیزانێت، بیلێت. لەوانەبو دڵەڕاوکە و دڵەخورپەم کەم ببایەوە. من شتانێکی زۆرم لەم چەند ڕۆژەدا دەربارەی ئەم میوانە بیستبو، بەلأم حەزمئەکرد زیاتر بزانم و بە ڕوخسارێکی خاوەن هەقەوە خۆم شیرین کرد و بەو ناوەوە بانگمکرد کە لە منداڵیدا بانگمئەکرد و ئەمزانی پێی خۆشە.

بابی گیان! باوەڕبکە من هیچ شتێك نازانم، بێجگە لەوەی ئەو پیاوێکی گەورە و بەناوبانگە. بەلأم حەزئەکەم شتی زۆر زیاتر بزانم. خۆت ئەزانی وەك هەمیشە هیچ کەسێك وەلأمم ناداتەوە. هەر یەکە و بە ئیشێکەوە سەرقاڵن. من لێرە ناڕۆم تا تۆ هەر شتێك ئەیزانیت، پێم بڵێیت.

– خاتون گیان! ئێوەش هەمیشە زۆرتان هەر بەسەر مندا ئەشکێت. ئەگەر باش بوایە خاتون خۆی ڕونکردنەوەی زیاتری پێئەدان. ئێستا بهێڵن بێن، بزانم چی ئەبێت. بەڵێن بێت هەرچی ئەیزانم دواتر پێتی بڵێم. ئێستا زو بڕۆن دەستێك بە سەروڕوتاندا بێنن، هەر ئێستا ئەگەنەجێ.

ئیلیاس بیانوی پێویستی دۆزیەوە: بەسەر منداڵە کرێکارێکی بێتاوانی باخەکەدا هاواریکرد و بە خێرایی دورکەوتەوە. هیچ چارەیەکم نەبو، پێویست بو ئارامم بگرتبا. لە بێتاقەتیدا هەرچی گەلأی سەر ڕێگەکەم هەبو هەمویم بێبەزەییانە لێکردەوە و خۆم گەیاندەوە دەوروبەری کۆشکەکە. بە وریاییەوە بەسەر پلیکانە باریکەکاندا کە ئەمبەرەوبەری بە تابلۆی جوان ڕازێنرابویەوە و ڕۆژگارێك ئەگەشتە شوێنی تایبەتی مانەوەی دایك و باوکم، ڕۆشتمە سەرەوە. ڕەفە بچوك و ڕەش و نهێنی ئامێزەکانی ئێرە کە تایبەتبون بە مۆم و چرا، بێ هۆ ئەیانترساندم. خۆم گەیاندە نهۆمی سەرەوە و ژورەکەی دایکم. ئەو و ئاپاگیان سەرقاڵی وتووێژێك بون کە بە بینینی من پچڕا. ئاپاخانم بە بینینی من ناوچاوی گرژکرد و وتی: ئەوە چیە ئەڵێی قەرەچیت؟ شپرز و بە جلی ماڵەوە! ئەی ئەم ئوجیە لە چ دۆزەخێکە وا



Scanned with CamScanner

خزمەتی نەکردویت؟ دایکم لەکاتێکدا کە زەردەخەنەیەکی بەخشندەی بە ڕومدا نەکرد، وتی: ئایاگیان کاتی پرتەوبۆڵە نیە! خۆت جلوبەرگی لەبەرکە و بیڕازێنەرەوە، من ئەڕۆم سەرێك لە شەمسەدین ئەدەم.

هەمیشە هەر وا بو. لێپرسراوێتی کارەکانی من لە ئەستۆی ئایاخانمدا بو و کارەکانی شەمسەدین ڕاستەوخۆ دایکم خۆی ئەنجامیئەدان. تەنیا بۆ یەك جاریش نەبو لێپرسراوێتیەکان بگۆڕرێن. ئایا دوای ئەوەی لە هەیوانی ژورەکەی دایکمەوە بە قیژەقیژی یەك لە دوای یەك چەند فرمانێکی دا بە سەر خزمەتکارەکاندا، وەك دەستەیەك وێنجە کە ئەیبەن بۆ تەویلە، بە دوای خۆیدا ڕایکێشام.

دایکایەتی دایکم هەر لە منداڵیەوە سپێررابو بە ئایاخانم و ئێستا پاش مردنی باوکم بو بوە هەمەکارەی ماڵەکە. بە پێچەوانەی دایەجانەوە کە نەخۆش و لاواز بو، ئایاخانم قەڵەو و خڕوخەپان بو و بێجگە لە دایکم حسابی بۆ هیچ کەسێك نەئەکرد. ماوەیەکی زۆر بو ئایا بەهۆی بارێکی تایبەتەوە بە دەستی خۆی جلەکانی نەگۆڕیبوم و من لە بیرمچوبوەوە ئەم کارە چەند ناخۆش و بێزارکەرە. ئەو کاتانەی زۆر منداڵ بوم دەستمئەکرد بە گریان، بەڵام ئێستا کە بە وتەی ئیلیاس بوبوم بە خاتونێك، نەئەگریام، تەنیا هاوکاریم نەئەکرد. بەڵام ئەو کارەکەی خۆی ئەزانی، ئەو جلە جوانانەی نەمئەناسین و حەزمئەکرد بزانم لە کوێوە هاتون، لەبەریکردم و قژی داهێنام و بە تەوقە و سەرپۆش ڕازاندمیەوە. تا چەند مانگێك لەمەوبەر هەمو جلەکانم بەئەندازەی خۆم بون، بەڵام نازانم چی ڕویدابو کە لەناکاو هەمو شتێك بۆم تەنگ و تەسك بو. هیچ گۆڕانکاریەکم لە دەرونمدا هەستپێنەئەکرد، بەڵام زۆر سەرسوڕماو و شەرمەزاربوم لە گۆڕانکاری دەرەوەم. ئەندازەی پێکانم لە دەستم دەرچوبون و بەردەوام خۆم ئەکێشا بە دەروديواردا. هێشتا بە دەست و پێی درێژ ڕانەهاتبوم و هەر لە ناخی دڵیشمەوە حەزمنەئەکرد گەورە ببم. لە وەڵامی هەمو پرسیارەکانمدا، دایکم و ئایاخانم



Scanned with CamScanner

ئەیانوت: ئیتر بەرە بەرە کاتیەتی و منیش نەمئەزانی بەرە بەرە کاتی چیە و ئەگەریش ئەمپرسی، تەنیا ئەمەم ئەبیست: "سەبرکە ئەیبینیت."

ڕازاندنەوەکەی ئایام پێ خراپ نەبو. دوای ماوەیەکی زۆر یەکەمین جار بو خۆم لە ئاوێنەدا نەك هەر وەك کیژۆڵەیەکی درێژی شپرز و خوڵاوی، بەڵکو وەك خاتونێکی خانومانی هەڵکەوتە و ڕەسەن، ئەبینی.

چەند چرکەیەك دواتر هەموان بە ویقار و پێکەوتوییەوە لەسەر پاڵپشتە قەنەفەییەکانی کۆشك پاڵماندابویەوە، هەر خولەکێکم بە سەدەیەك لێئەڕۆشت تا ئەوەی لە کۆتاییدا گەیشتن. چەندین گالیسکەی هەڵگری ئەهلی حەرەم و نزیکانی شێخ کە هەمویان لە گەورە پیاوانی قونیە بون، لەبەردەم دەرگای گەورەی کۆشکدا وەستان. سەرکردەی کاروانەکە، سەرۆکی سوپای قونیە –بەدرەدین گەوهەرتاش– بو کە خۆی لە هاوڕێکانی باوکم بو و گوایە پێشنیارکەری بەیەك گەیاندن و ڕازیکەری دایکیشم هەر ئەو بوە. دایکم لەگەڵ مامۆستا پیرە خێزانیەکەماندا تا بەردەم کۆشك پێشوازیان لێکردن. لە تەماشاکردنەکانیاندا کە هەموان لەگەڵ یەکدا ئەیانگۆڕیەوە سەرسوڕمان و پەسەندیم تێدائەبینین بەرامبەر بە دایکم. هەناسەم توند بو بو. نەمئەزانی کێ کێیە و کێ کێ نیە، بەڵام بوێریی سوسەکاریم نەبو. سەرمداخست و وردبومەوە لە پێڵاوە زێرچنەکانم. میوانەکان بە دەوری تالارە گەورەکەدا دانیشتن و خزمەتکارەکان دەستیانکرد بە خزمەتکردن. دایکم پاش ماوەیەکی زۆر جارێکیتر هونەری پێشوازیکردنی بە جوانترین و باشترین جۆر نیشاندا. هەموان بە ئاشکرا زۆر بە گەرمیەوە ستایشیان ئەکرد و من بێئەوەی سەیری کەس بکەم، لە شانازیدا نقومبوبوم. بەرە بەرە بوێریم بۆ گەڕایەوە و لە پشت پەردە حەریرەکەوە یەك بە یەك میوانەکانم هەڵسەنگاند و هیچ کامیان بەرچاویان نەگرتم. دوای میوانداری و حەوانەوە، گەوهەرتاش مۆڵەتی خواست خوازبێنیکەر و خێزانەکەی بهێنێت بۆ تالارە بچوکەکە کە بە پەردەیەکی

حەریر لە تالارە گەورەکە جیائەکرایەوە. بە چاو تروکانێك پەڕانپەڕی تالارە بچوکەکە پڕ بو. من بوێری ئەوەم نەبو بە شوێن کارە سەرەکیەکەوە بم. لە خەسوە پێشینەکەیەوە دەستمپێکرد کە بە مامی خاتون ناسرابو. لاواز و بچوك بو و بێجگە دەموچاوە بچوکەکەی کە هێندەی ژێرپیاڵەیەکبو، هەمو گیانی داپۆشیبو. لە لاوە لەو هەڵۆیانە ئەچو ڕۆژەکانی پایز لە بەرزاییەکانی باکورەوە ئەهاتن و بەسەر باخەکەماندا ئەسوڕانەوە. کاتێك زۆر منداڵ بوم، ئیلیاس ئەیوت، ئەوان ئەگەر بیانەوێت ئەتوانن بە چنگوڵەکانیان لەزەوی بەرزت بکەنەوە. من لەو کاتەوە هەم ڕقم لێیانبو، هەم ئەشترسام. ئێستاش هەم ڕقم لەم ژنە بو هەم لێشی ئەترسام. لە تەنیشتیدا سەرکردەی سوپا دانیشتبو. بەدرەدین گەوهەرتاش هەر لە کۆنەوە هاتوچۆی ماڵی ئێمەی ئەکرد و هەم ئەویش پەیامەکەی لە نوێنەری هاوسەرەکەیەوە گەیاندبو بە نەنە جی، چاوەکانی لەسەر دایکم کە بە نازەوە هەوڵێئەدا نیگاکانی تێکەڵی نیگای کەسیتر نەبێت بە نارەحەتی هەڵئەگرت. ئەکرا وێنای ئەوە بکرێت سەرکردەی سوپا لە ناخی دڵیەوە حەزیئەکرد خۆزگە ژنەکەی مردبایە و خۆی بیتوانیبا ببێتە خاوەنی دولبەرە تاقانەیە. من ئەڵبەتە ئەمزانی داواکاری هەر ژنێك بۆ پیاوێکی وەك بەدرەدین گەوهەرتاش، هیچ دژیەکیەکی لەگەڵ خوونەریتە باوەکانی ناو گەورەپیاوانی قونیەدا نەبو، تەنیا دایکی من بو ئامادە نەبو بچێتە حەرەمسەرایەك کە ئەیزانی چەند ژنێکی حەسود نەخشەی کوشتنی یان نەزۆك کردن یان توشکردنی بە ئاوڵە دائەڕێژن. لە وەلامی پیاوە زگوردەکانیشدا لەو باوەڕەدابو بێگومان کێشەیەکیان هەبوە کە بە تەنیایی ماونەتەوە. لە شانسی باشی، باوك یان برای گەورەتر، یان هێوەریشی نەبو بتوانن لە جیاتی ئەو بڕیاربدەن و ناچاریبکەن بە دوبارە شوکردنەوە. ئەوەندەش پارە و دارایی هەبو ناچار نەبێت بۆ تەرخانکردنی بژێوی شوبکاتەوە و بەم شێوەیە بو ساڵانێکی درێژ توانیبوی لە کۆشکی پاکیزەیی و پارێزگاری و بێنیازیدا، ڕێزی

کۆستی مێردە جوانەمەرگەکەی بپارێزێت و سەرەڕای زۆریی داواکارەکانی، ناچار نەبێت بێویستی خۆی شوبکاتەوە و لە ئافەتی زمانی خەڵکیش پارێزراوبێت. ئێستاش خوا ئەیزانی بۆچی ڕێگەی بەم پیاوە دابو بێتە ماڵەکەی.

بە دزیەوە سەیرێکی خوازبێنیکەرەکەی دایکم کرد. ئای خوای گەورە! ئەبێت چ شتێك لە پەیامی داواکاری ئەم شێخە لاواز و شەرمن و ڕەنگ پەڕیوەدا کە موفتی قونیە بو و خۆی و بنەماڵەکەشی بە سەختگیری و وشکەڕۆیی و نەوس کوژی بەناوبانگ بون، بۆ دایکی خانەدان و بە نازپەروەردەی من سەرنجڕاکێش بوبێت کە لە کۆتاییدا لەناو ئەو هەمو ئاشق و شەیدایانەیدا لە دەزگا شاهانەکان و دیوانیەکان و سەرکردەی سوپاکاندا–کە بە وتەی نەنە جی، هەزار زوڵەیخا ئارەزوی چونە حەرەمیانی ئەکرد– ئەو هاتبوە ناو ژیانمانەوە. ئەم پیاوە لاواز و شەرمنە هەرچەندە لە زانا بەناوبانگەکانی شار بو، بەڵام لە چاو کەسانیتردا ئەمە تاکە پلە و پایەی بو. بیستبوم – ئەمەش گورجی خاتون، یەکێك لە خاتونەکانی قونیە و دۆست و مەحرەمی دایکم وتبوی– کە تەنیا یەك جار هاوسەری هەڵبژاردوە و دوای مردنی ئەو، بە تەنیاییدو منداڵەکەی بە سۆزەوە پەروەردە و گەورە ئەکات. ئایا ئەم بەشەی چیرۆکەکە بۆ دایکم سەرنجڕاکێش بوە یان ئەوەی بۆ نمونە ئەیانوت، هەمو خەڵکی قونیە –لە ژن و پیاو– شەیدای مینبەر و مەجلیس و قسەخۆشەکانی ئەون؟ نەوەکدایکیشم یەك جار، بۆ نمونە لەسەر بانگهێشتی یەکێك لە هاوڕێکانی بە شاراوەیی لە مەجلیسی ئەودا دانیشتبێت و دواتر پێشنیارەکەی قبوڵکردبێت؟ ئایا خاتون ئەیوت: سوپاس بۆ خوا وا کە سوپایەك لە ئارادا نیە، لانی کەم یەکێکە لە کەسە بەناوبانگ و جێمتمانەکانی شار و لەهەموشی گرنگتر –ئەڵبەتە بۆ دایەخاتون– ئەمیش ڕێك وەك باوکتان نەجیب زادەیەکە بە ڕەگەز ئێرانی، فارسی زمان و ڕاوێژکار و هاونشینی پاشا و سەرکردەکانی ڕۆم.



Scanned with CamScanner

بەلاّم بۆ من نارەحەت بو باوەڕبكەم ئەو كەسەی ئەوەندە پێگەیەكی بەرزی لە قونیەدا هەبێت كە شۆرەت و ناوبانگی خۆی و بنەماڵەكەی لە هامون تا جەیحون و لە دیجلەوە تا نیل درێژ بوبێتەوە، هەر ئەم پیاوە بەژن بچوك و شەرمنە بێت. ئێمە لەم دواییانەدا بە تایبەت كە مانگێك بەسەر هاتنی نەنێ جیدا تێپەڕیبو– لە دایەخاتون و ئایا و زۆرتر لە زمانی گورجی خاتونەوە– كە تایبەت بۆ ئەم بابەتە چەند ڕۆژێك بو لە شارەوە ئەهات بۆ باخەكەمان بۆ ئەوەی یارمەتی دایكم بدات لە بڕیارداندا–زۆرێك لەم قسانەمان بیستبو. ئەگەر ئەم هەموە گەپ و گاڵتانەش ڕاست بونایە، هێشتا زۆرێك تایبەتمەندیتر هەبون كە لە داواكاری دایكم چاوەڕوان ئەكرد و لەودا نەمئەبینی. لە ژێر چاوەوە سەیرێكی دەوروبەرم كرد بۆ ئەوەی دور لە چاودێری ئەم و ئەو، یەك جار بە وردی هەڵیسەنگێنم. ئەو ئەبوایە بۆشایی نەبونی باوكمی لە دەرونمدا بۆ پڕبكردمایەوە، ئەی ئەگەر نەیتوانیبا چی؟ هەر ئەم ترسە بو وای ئەكرد نەتوانم وردبمەوە لە ڕوخساری. ئەمزانی هەمو شتێك بۆ من پەیوەستە بە یەك ساتەوە: یان ئەو ڕوداوە پیرۆزە ڕوئەدات یان نا! ئەوە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ خەسوە پێشینەكەیدا حسابی خۆمم یەكلایی كردبوەوە. ئەمزانی كە هەرگیز خۆشم ناوێت. بەلاّم ئەی لەگەڵ خۆیدا چی؟ ئای خۆزگە باوكم نەمردبا. حەزێكی سەرشێت بۆ جێهێشتنی خێرای شوێنەكە ئۆقرەی لەبەر بڕیبوم كە بە نیگا ژەهراویەكانی ئایا خاتون بۆمدەركەوت زۆر جوڵە جوڵ ئەكەم.

هەوا بەهێز بو.وا بیرمئەكردەوە هەموان لە بێدەنگیە قورسەكەی ناو تالارە بچوكەكەدا دەست و پەنجە لەگەڵ وێنا گەلێكی وەك وێناكانی مندا نەرمئەكەن. تەنانەت خواجەش بێدەنگ بو. زۆر تێنەپەڕی كە دڵڕفێنی و میوانداریەكەی دایكم–كە مامۆستای ئەم هونەرە بو– هەموانی هێنایەوە سەرخۆ. بە دەنگێكی سرشت ئاوریشمیەوە پرسی: ئاخۆ گەشتی میوانە ئازیزەكان لە شارەوە بۆ كۆشك ئاسان بو؟ خۆ هیچ شتێك پێ قدومی موبارەكتانی ئازار نەدا؟



Scanned with CamScanner

من یەکرا هەستمکرد هەمو بونەوەر چاوەڕوانی ئەم پرسیارەیە و کاتێکیش هەموان بە یەکەوە دەستیانکرد بە وەڵامدانەوە، بە ناڕەحەتی و لە ترسی ئایا خاتون توانیم ڕێ لە پێکەنینەکەم بگرم: هەموان بەیەکەوە کەوتنە گاڵتەوگەپ بەڵام بە چاوتروکانێك بێدەنگ بون بۆ ئەوەی تەنیا شێخ وەڵامبداتەوە. هێشتا نەمئەوێرا سەیربیکەم. بە پێچەوانەی جەستە لاوازەکەیەوە دەنگێکی نامۆی هەبو. زایەڵەی دەنگی وەك ڕوبار ڕەوان و دلگیر بو و هەروەها وەك تاقگە پڕ هاژە و هورە بو. بۆ ئەکرا خۆت پێڕابگیرڕێت؟ بە پەنجەی دۆشاومژەم داوێنی ناسکی دایکمم کونکردبو. وەك بلێی ئەمویست هەرچی زۆرتر بە هەستکردن بە گەرمی پێستی لە ترسەکەم کەم بکەمەوە. سەرم بەرزکردەوە و سەیری شێخم کرد بەڵێ خۆیەتی. ئەم دەنگە بە ڕاستی ئەکرا هی ئەم پیاوە زار و لاوازە بێت کە سەرەڕای گەنجێتیەکەی، پێکەشتوییەکی تەواو لە ڕوخساریدا ڕەنگی ئەدایەوە. ئەسڵەن نەمئەتوانی بزانم چەندێك گەنج یان پیرە. پیاوماقوڵانەپاڵیدابوەوە بە پاڵپشتەکەیەوە و بە فارسیەکی جوان کە تا ئەو ڕۆژە نەمبیستبو باسی گەشتەکەیانی ئەکرد. چاوەکانی وەك دو چرای جادو، نەك هەر دەرونی، بەڵکو دەوروبەرەکەشی ڕوناکئەکردەوە و هەقی زەردیی ڕوخسار و جوانیە نائاساییەکەی جەستەی ئەکردەوە، دەستە خانەدانەکانی بە پێچەوانەی دەستەکانی منەوە بە دڵنیاییەوە لە دەوری سنگی ئاڵاندبو. هێشتا نەمئەتوانی بڕیاربدەم خۆشمئەوێت یان نا کە بەیەك جار نیگا ئارام و گەرمەکانی وەك پەپولەیەکی ڕەش بۆ چەند ساتێك لەسەرڕوخسارم وەستاند و بزیسکەیەك لە نێوانماندا گۆڕرایەوە و هەر لەو کاتەدا بە ڕونی هەستمکرد بەڵێ ئەکرێت خۆشمبوێت. هەناسەیەکی درێژ و ئاسودەم هەڵکێشا و ئایا خاتون مۆرەیەکی لێکردم. وتبویان ٣٦ساڵیەتی، بەڵام پیرتر ئەینواند و ئەمەش ئەکرا تاکە کێشەی بێت. من پیرەکانم خۆشنەئەویست، بێجگە لە ئیلیاس. بە هەرحاڵ خەریکبو لە خۆشحاڵی و خرۆشاندا دڵم لە دەممەوە

بێتەدەرەوە. حەزمئەکرد بزانم دایکم و شەمسەدینیش بارودۆخیان وەك منە یان نا. وتوویژ چڕۆی کردبو و کەشی تالارە بچوکەکە گەرمایەکی تایبەتی هەبو. چیتر ئەمئەویست بڕۆم و بە پێچەوانەی چەند ساتێك لەمەوبەرەوە، لە پرشنگی نیگا گەرم و شادومان و ڕاستگۆکانی شێخ کە لە بەرگی پاکیزە جوانەکاندا تەجەللی ئەکرد و لە بزیسکەی نیگای سیحرئامێز و گوێزراوەیدا هەمو دوریەکان لەناوچون و کەشێك پەیدابو کە وەك بڵێی لە تالارە بچوکەکەدا کەسانێك کۆبونەتەوە کە هەموان ساڵانێکی ساڵە یەکتر ئەناسن و هاودڵ و هاوزمانن. لە یەك ساتدا دەرگا و دیوار و فەرش و دەنگ و مرۆڤەکان، هەموان لە گونجاویەکی دڵڕفێن و گەرمابەخشدا ئەژیان. ئەمبینی دایکیشم وەك من لەو هەستە گەرموگوڕی بەخش و گوێزراوەی ئەنۆشی. لەوانەبو شەمسەدینیش ئەم هەستەی هەبێت. ئەم پیاوەبە ڕاستی جەزبەیەکی جادویی هەبو. هەموان سەرسام دانیشتبوین و گوێمان ئەگرت، تەنانەت کاتێکیش ئاپاخاتون میوانەکانی بانگهێشتکرد بۆ نانخواردن، هیچ کەسێك حەزی لە ڕۆشتن نەئەکرد. جادوی قسەکانی شێخ و چێژی گاڵتەوگەپە شیرینەکانی هەڵۆ پیرەکەشی هێنابوە جۆش و خرۆش. باو بو مەجلیسی داواکاری درێژەی نەئەکێشا، بەڵام بەهۆی درێژی ماوەی شار بۆ کۆشك ناچاربوین بۆ نانی نیوەڕۆش میوانداریان بکەین. ئەو ڕۆژە تا کاتی خۆرئاوابون کە میوانەکان ئەیانویست بگەڕێنەوە بۆ شار، هەلی پێویستم قۆستەوە بۆ ئەوەی تا هەرچەند دڵم ئەیەوێت بە دەرونی داواکارەکەی دایکمدا ڕۆبچم و هەرچیەك خۆم ئەمەوێت لە بارودۆخی ئەو کە سەرقاڵی قسەکردن لەگەڵ ئەم و ئەو یان گوێگرتن بو لێیان وردبیمەوە تا زیاتر دڵنیابیم زۆر خۆشمویستوە و باوەڕبکەم کە بونی بۆ پڕکردنەوەی پێگەی لەدەستچوی باوکم گونجاو و پێگەشتوە. هەستمئەکرد خۆشمئەوێت و دڵنیابوم ئەویش ئاگاداری سوسوکاریەکەمە و دەستیئەنقەست

سەیرم ناکات تا بتوانم تێر هەڵیسەنگێنم. تەنیا یەك دو جار زەردەخەنەیەکی بە شیرینی شەکر بۆ ناردم.

میوانەکان ڕۆشتن و لە کۆی قسە و وتوویژەکان بۆمدەرکەوت دایکم ڕازیبونی کۆتایی خۆی دەربڕیوە. جێم بە خۆم نەئەگرت. ئەمە هەر ئەو گۆڕانکاریە باشە بو چاوەڕوانی بوم. پەیامی یاسەکانم بە گشتی لە بیرکرد هەمو ئەو گفتوگۆیانەی کە من لە مانای زۆرێکیان تێنەئەگەشتم لێرەدا کۆتاییان پێهات کە دو هەفتەیتر —بە پێشبینی بەختی باش— کاروانێك دێت و لەوپەڕی ڕێز و شکۆدا دایکم ئەبات بۆ حەرەمی شێخ، ئەو حەرەمەی کە ئەیانوت تێیدا هیچ هەواڵێك نیە لەبارەی ژنی مارەبڕاو یان مارە نەبڕا و کەنیزەکەوە و تەنیا خزم و خوێشە پیر و پەککەوتەکانی شێخ لە سایەی پارێزگاری ئەودا تێیدا ئەژین. شێخ ئەیوت زۆرێك لەم کەسانە یادگاری کۆچکردنی باوکیەتی. ماوەیەك باس لەسەر ئەوەبو ئایا باشترە هەمو خێزانەکەمان بەیەکەوە بڕۆن، یان لەسەرەتادا تەنیا دایکم لەگەڵ دایەجاندا بڕوات و ئێمە جارێ لەگەڵ ئاپاخاتوندا بمێنینەوە؟ لە کۆتاییدا وایان بە باش زانی سەرەتا دایکم بە تەنیایی بڕوات، بۆئەوەی جێگەخۆشبکات و دوای چەند ڕۆژێك بنێرێت بە شوێن ئێمەشدا. لە خزمەتکارەکانیش تەنیا بڕیاربو ئایا و ئوجی —کەنیزەکە ڕەشەکەی من— لەگەڵمان بێن بۆ ماڵی شێخ.

قسەوباس دەربارەی لالای پیری شەمسەدین کە مامۆستایەکی زانا و ئێرانی، گوایە لە خزمە زۆر دورەکانی باوکم بو، درێژەی کێشا. ئەو شەمسەدینی گەورەئەکرد و لە هەمو شوێنێك لەگەڵیدا بو و زمانی فارسی و قورئان و شەرعیاتی فێرئەکردین. هاتنی ئەو لە مەرجە دەست لێهەڵنەگیراوەکانی دایکم بو. سەرئەنجام بڕیاردرا دواتر شێخ بیر لە ڕێگەچارەیەك بکاتەوە، بەڵام جارێ لالا لە باخ بمێنێتەوە و تەنیا چەند ڕۆژێك لە هەفتە بۆ وانە وتنەوە بە ئێمە، بێت بۆ ماڵی شێخ. حسابی من کە ئەمویست داوابکەم ئیلیاسیش لەگەڵ خۆمان ببەین،



Scanned with CamScanner

ڕونبوبویەوە. زۆر سەرمسوڕئەما چۆن ئەم پیاوە گرنگ و جێ متمانەیە لە قونیەدا ئەوەندە جێگە و ڕێگەی نیە کە لەسەر یەك ژور بۆ مانەوەی لالای شەمسەدین ئەوەندە درێژدادڕی بکەن. دایەجانیش بوە قوربانی پێداگری بۆ شوکردنەوەی دایکم. حەرەم شوێنی بۆ ئەویش تیادا نەبو، واتە بەو جۆرەی کە خەسوی شێخ ئەیوت، تەنیا شوێنێکی بچوك هەبو بۆ خەوتنی هەموان، بەڵام باسی ژوری تایبەتی و ئەم هەموە برۆ و بێیە لە ئارادانەبو و لەبەرئەوەی شوێنەکە ناخۆشبو بۆیان، واباشتر بو هەر لێرە بمێننەوە و من باش ئەمزانی ئەگەرچی دایە بەرگەی مردنی باوکمی گرت، بەڵام بەرگەی دوری دایکمی نەئەگرت بەڵام لەبەرئەوەی زۆر نەخۆش و لاوازبو، دایکم بە ناچاری قبوڵیکرد ئەگەر جێگەی لە حەرەمدا گوجاو نیە، واباشە جاریێ لێرە بمێنێتەوە.من ئەم بڕیارەم بە باش نەزانی و لە ناخی دڵمەوە دڵم بۆ دایە سوتا. هەمیشە لە ئایا خاتون زیاتر خۆشمئەویست، بڕیارمدا دواتر لەگەڵ دایکم قسەبکەم، بەڵکو سەرەڕای هەمو کێشەکان بتوانین لەگەڵ خۆمان ببیەین. پێشبینیم کرد ماڵی شێخ ئەبێت یەکێك لەو باخە پڕ میوانە بێت کاتێك ئەڕۆشتین بۆ حەمامی مەڕ مەڕ لە ڕێگەدا ئەمانبینین، ئەم باخانە دیواری بەرزیان هەبو و ماڵی بچوکیان تێدابو. بۆ من ماڵی گەورە گرنگ نەبو، هەر ئەوەندە باخێك هەبوایە ڕۆژانە پیاسەم تێدا بکردایە، بەس بو. تا ئەو ڕۆژگارە نیوەی کاتژمێرەکانی بێداریم بە گەڕان لە ناو باخدا بەسەر بردبو و هەر درەخت و نەمام و حەوز و فوارە و پشیلە و هەنگ و چۆلەکە و پەپولەیەکم بینیبێت پەیمان و بەڵێنێکی جیاوازم لەگەڵیان ئەبەست. لێرەش بە دواوە دورکەوتنەوەم لێیان ئەکرا گەورەترین خەمم بوایە. بەڵام من کە بۆمدەرکەوتبو ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە ئەبوایە بەرگەم بگرتایە. تازە، ئەمتوانی لە باخەکەی شێخ هەمو شتێك لەسەرەتاوە دەستپێبکەمەوە. باشی کارەکە لەوێدابو دایکێکی خۆشبەخت و باوکێکی تازەم هەبو مامەڵەیەکی بە ویژدانانەبو، تەنیا ئەگەر بمانتوانیبا ئیلیاس و



Scanned with CamScanner

دایەش لەگەڵ خۆمان ببەین، ئیتر لە هیچمان کەم نەبو. دو هەفتە بە خێرایی تیشك تێپەڕی. دایکم لە بەیانی زوەوە تا درەنگانی شەو سەرقاڵی ڕێکخستنی کاروبارەکان بو و دو قسەمان پێکەوە نەئەکرد و نەمئەزانی بۆچی نایەوێت چاوم بە چاوی بکەوێت. بەڵام بەردەوام لێی دورنەئەکەوتمەوە و چاوم لەسەری هەڵنەئەگرت. هەستێکی نامۆ بە نزیکبونەوەی ڕۆشتنی ئەو ئۆقرەی لەبەر هەڵگرتبوم. ئەوەندە زۆر کە جار جارە ئارەزوم ئەکرد نێرراوەکانی شێخ هەرگیز نەیەن. بەڵام ئای چ زو پەیدابون. لە بومەلێڵدا گەیشتن. ئەبوایە هەر ئەو ڕۆژە بوکە خاتونیان ببردایە بۆئەوەی بۆ بۆنەی مارەبڕینی ڕۆژی داهاتو ئامادەبکرێت. بڕیاربو ئایاش لەگەڵیاندا بڕوات، بەڵام پاش مارەبڕینەکە بگەڕێتەوە. من ئاهەنگێکم لە باخەکەدا وێنائەکرد کە چەندین پاشا و شاژن تێیدا بەشداری ئەکەن و دایکم بە جلی ڕازاوەوە ئەستێرەی مەجلیسەکەیە. لە بیرکردنەوە لەوەی نیم لە مەجلیسێکی لەو شێوەیەدا، فرمێسك لە چاوەکانم بارین. بە پێچەوانەی بەیانیی داواکاریەوە، ڕۆژێکی خۆڵەمێشی و هەوری و خەمبارم هەبو. دایە خاتون و خزمەتکارەکانیتر مۆنیان کردبو و بێدەنگ و بێ شەوق و زەوق کۆتا ساتی وەڕێخستنی خۆری باخەکەیان ڕێکئەخست. تەنیا ئایاجان لەسەرخۆی بو. دایکم زۆر دەستەپاچە دیاربو. نزیکانی نیوەڕۆ ئێمە کە مابوینەوە، بینیمان بە چ خێراییەك وشترەکانیان بارکرد و سواری ئەسپەکان بون و بەڕێکەوتن. هیچ کەس باوەڕی نەئەکرد. چ زو ڕویدا. من وەك جاڵجاڵۆکەیەکی تەنیا پشتم دابوەوە بە دەروازە گەورەکەوە و لە پشتەوە بینەری ڕۆشتنی کاروانەکە بوم. نازانم بۆچی لەناکاوێکدا و بەیەکجاری هەمو ئومێدەکانم بۆ گۆڕانکاریەکی باش لە ناوچو بون. زۆر خەمبار بوم. حەزمنەئەکرد بێ ئێمە بڕوات. خەمێکی گەورە و بێ گریان ڕێگەیان لە هەناسەدانم گرتبو. هەتا زیاتر دورئەکەوتنەوە، هەمو شوێنێك تاریکتر ئەبو. خۆری باخ و ژیانی من لە پشت هەورەکانی داهاتویەکی نادیارەوە

دورئەکەوتەوە و من بێجگە لەم دوری و ئەو هەستە نهێنی ئامێزە، نە هیچ شتێکم ئەبینی و نە لە هیچ تێئەگەشتم. کاروانی هەڵگری بوکی شێخ لە دوای خۆیەوە هەورێکی لە تەپوتۆز هەڵگیرساندبو و دایکم خەریکبو بەرە بەرە لەم تەپوتۆزەدا ونترئەبو. لەناکاو ئارەزوم کرد ئای خۆزگە هەمو گیانم ببێتە هاوار بۆ ئەوەی بتوانێت جیهان پڕ بکات لە شەپۆلی ئەو ئازارەی ئەمچەشت. نازانم چەند وەستابوم، بەلاّم هێزی دەستی ئیلیاس لەسەر بازوم، ئەوەندە توند هێنامیەوە هۆش خۆم کە داماوە بەترسەوە وتی:

خاتون گیان! یەك دنیا کاتە لێرەدا وەستاوم. ئەمەوێت دەروازەکە دابخەم، بەلاّم ئێوە ناجولێن. ترسام شتێکتان لێبەسەر هاتبێت.

بە بینینی شەپۆلێکی ئارامی گیانمی گرتەوە. تا ئەم ماوەیەی لەمەوبەر –بەر لە دەرکردنی بڕیاری بێ هۆ سوڕانەوەی من لە باخدا لە لایەن ئایاخاتونەوە– نیوەی ڕۆژم بە قەلادۆشکانی ئەوەوە بەسەر ئەبرد و ماوەکەی تری ڕۆژ بە گرتنی چمکی کەواکەی بە دەستە بچوکەکانم، بە گەڕان لە ناو باخدا. لە ڕۆژی لە دایکبونی شەمسەدینەوە، هەمو سەرنجی دایك و باوکم لەسەر ئەو بو و لەبەرئەمە بو ئاشقبونی لە ڕادەبەدەری من بۆ باخ و ئیلیاس، نەك هەر نیگەرانی نەئەکردن، بەڵکو خۆشحاڵیشی ئەکردن. باوکم داوای دوانزە کوڕی لە دایکم کردبو و من ئەگەر زۆر نەبومایە، بێگومان بەس بوم. تاکە سۆز و چاکەی باوکم دەرهەق بە من، ئەوەبو کاتێك بی بی جان دایك و باوکمی ئاگادارکردەوە لە تەنیایی من و ئایا خاتونیش بێزاری خۆی دەربڕیبو لە بێ هۆ سوڕانەوەم لە باخدا، بڕیاریدابو لە بازاڕی بەندە فرۆشەکانی قونیە کەنیزەکێکی هاوتەمەنی خۆمم بۆ بکڕن بۆ ئەوەی لە ماڵەوە یاری لەگەڵ بکەم و لە باخەکەشدا کەمتر بێ هۆ بە شوێن ئیلیاسەوە بم. ئەم چارەسەرە لە سەرەتادا زۆر سەرکەوتو نەبو. لەبەرئەوەی من کەنیزەکەکەم خۆشنەئەویست. بۆنێکی تایبەتی هەبو و لە زمانی منیش تێنەئەگشت. بەردەوام

ئەگریا و ئەگەر کەسێك دیارنەبوایە، تەنانەت بە خراپی نەئەزانی بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕق و نەفرەتی خۆیم بۆ دەربخات. پەناگەی من لەو ماڵەدا هەمیشە و بەردەوامخۆشەویستیئیلیاسی پیر و باوەشی بی بی جان بو. لەگەڵ ئەم هەموەشدا من دایك و باوکمم ئەپەرست و هەرچەندە باش ئەمزانی نابێت زۆر بە دەوروبەریاندا بێم و بچم، بچوکترین سەرنجدانیان دەرونمی پڕ ئەکرد لە خۆشی. هیچ ڕقێکم نەبو بەرامبەر بە هیچ کامیان و هەمو گوناهەکەم ئەخستە ئەستۆی شەمسەدینی برام و هەمو ڕقم ئاراستەی ئەو بو، من تەنانەت گوناهی مردنی باوکمم خستبوە گەردنی ئەو. لەبەرئەوەی زۆر باش لە بیرمە ساڵی تاعون –ئەو ساڵەی مردنی ڕەش زۆرێك لە ناسیاوەکانمانی کوشت– براکەم ئەوەندە لە قەیسیەکانی ناو باخەکەی خواردبو توشی سك ئێشەبو و باوکم لە ترسی تاعون و ئەوەی نەوەك پزیشك درەنگ بگاتە جێ، بە ئەسپەکەی خۆی گەیاندە لای حەکیمی ئێرانی –شێخ کەسرای هەمەدانی– لە قونیە و ئەگەرچی براکەم چاکبویەوە بەڵام ئەو خۆی نەخۆشکەوت و لەوەبەدواوە لەسەر جێگەی نەخۆشیەکەی هەڵنەستایەوە. داوودەرمانی حەکیمانی تایبەتی سوڵتان و شێخ کەسراش کە یەك هەفتەی تەواو بە زۆر سەریەوە بو و چاودێری ئەکرد، هیچ کاریگەریەکی نەبو. دایە خاتون ئەیوت باوکت لە هەوانەکەی خۆی ئاوی بە توشبویەکی هەڵهاتوی تاعون لە حەڵەب داوە و خۆی توشبوە. ئەمە مۆتەکەیەك بو کە تا ماوەیەکی زۆر بەرۆکی بەرنەئەدام.

دەنگی ئیلیاس دوبارە هێنامیەوە هۆش خۆم و من بە هێمنی لەسەر ڕێگە لمیەکە لەگەڵ ئەودا بەرەو کۆشکەکە بەرێکەوتم. دڵۆپە گەورەکانی باران بە دەنگی بەرز دەستیانکرد بە بارین. حەزمئەکرد دڵی تەنیام بخەمە سەر زیخە ڕەقەکانی لمەکە کە بە تاسەوە بارانەکەیان هەڵئەمژی تا بتوانم پێی پێدابنێم بۆئەوەی ئاسودە ببم. هەمو لایەك خەڵوەت بو. باخ وەك کۆشکی ڕۆحەکانی



Scanned with CamScanner

لێهاتبو. لالای شەمسەدین ئەوی بردبو بۆ گەڕان بۆ ئەوەی دیمەنی ڕۆشتنی دایکم نەبینێت. ئایا خاتون لەگەڵ دایکم ڕۆشتبو بۆ ئەوەی ئامادەی بکات بۆ کەژاوەی شێخ. کەنیزەکەشم کە بەردەوام وەك ڕۆحێکی ڕەش، بێدەنگ و دور لە خۆم بە شوێنمەوە بو، ئێستا دیارنەبو. ئەمتوانی باوەڕبکەم ئەو لە هەموان خەمبارترە. دایە خاتونیش هەر لە بەیانیەوە دیارنەمابو. لە ڕۆژی داواکاریەکەوە کە بڕیاربو نەڕوات بۆ ماڵی شێخ، بو بوە کەسێکیتر. ئەو هەقی بو. پاش ئەو هەموە ساڵە خزمەتکردنە، نەئەبوایە پیر و پەککەوتە بە تەنیایی جێبهێڵرایە. وائەزانم ئەو ڕۆژە یەکەمین جار بو بۆ حاڵی کچێك کە چیتر باوکی نەبو و دایکیشیان لێگرتبوەوە، لەگەڵ باران گریام و دایەشم لەبەر قسە بێ مانا چەندین و چەند ساڵەکەی ((تاکە ڕێگەی سەربەرزی و پارێزگاری خێزانەکەمان شوکردنەوەی دایکمە)) نەفرەتباران کرد.ئێستا بۆمدەرکەوت ئەو چۆن هەم خۆی و هەم ئێمەشی گرفتارکرد. یەکەمین جار بو لەو ئێوارە تاریك و لێڵەدا بە هەمو جەستە و دڵ و گیانمەوە هەستم بە هەتیوی کرد،خەمێکی قورس و گران و تاقەت پڕوکێن ناڕەحەتی کردبوم. خەمێك کە تا ئەو ڕۆژە تەنانەت بۆ یەك ساتیش ئەزمونم نەکردبو. تەنانەت لە کاتی مردنی باوکیشمدا، لەو ڕۆژانەدا یەك هەفتەی تەواو بە بێهۆشی لەسەر جێگە کەوتبوم، لەوانەبو دایکم و ئایا و ئیلیاس و ئەوانیتر وایانزانیبێت لە خەمی مردنی باوکم نەخۆش کەوتوم. ئەوان تا ئەمڕۆکەش نازانن لەو ڕۆژەی کۆتایی بەهاردا کە لەناکاو دەنگی شیوەنێکی نائینسانی کەشی ئەو باخەکەی گرتەوە کە خاوەنەکەی مردبو، چی ڕویدا. ئەوان نازانن هیچ کەسێك لە بیری ئەو کیژۆڵە تەنیا و خەیاڵاویەدا نەبو کە نیوەی کاتەکانی بێداری لەو باخەدا بەسەربردبو. لەوانەیە هەمو چنار و هێڤڕست و سپیەچنارەکانی باخەکە باشتر ئەیانزانی چی بەسەر هاتوە تا خۆی. ئەو تەنیا ئەیزانی کارەساتێکی زۆر گەورە ڕویداوەکە ناچێتە ئەقڵی مرۆڤەوە و ئەوەی کە گەورەترەکان ئەو هەموە هەراوهوریایەیان ناوەتەوە،



Scanned with CamScanner

هەموی بەهۆی ئەو کارەساتەوەیە. ئەو ئەگریا. بەلاَم نەك بەهۆی مردنی باوکیەوە، تەنیا لەبەرئەوەی ترسابو و لەبەرئەوەی داوێنی هەر کەسێکی ئەگرت خۆی لە دەستی ڕزگارئەکرد. کارەساتێکی تازە و گەورە ڕویدابو کە هەر شتێك بێت، نەیانئەویست ئەو تێیدا بەشداربێت. ئەبوایە لە ماڵەکە هەڵهاتبا بۆ باخەکە. ئەو هەمیشە هەمو دڵ ئێشانەکانی ماڵەوەی بە یەك فو لەگەڵ بابردەڵەیەکدا ئەنارد بۆ شوێنە دورەدەستەکان. ئەو ڕۆژەیش وەك هەمیشە دەنگی هەرا و شیوەن لە کۆشکەکە بەرزبویەوە و دوای سوڕانەوەیەك بەدەوری حەوزە گەورەکەدا، بە پشتی دەستی فرمێسکەکانی سڕی و وەك هەمیشە لەگەڵ ئەو فریشتە هەمو گیان بەردینەدا کە لەوانەیە هەزاران ساڵ بو لە ناو حەوزەکەدا هەوڵینەدا بۆشکێك ترێ بخاتەدەمیەوە بەلاَم هاتنە دەرەوەی ئاو لە دەمیەوە مۆڵەتی ئەم کارەی پێنەئەدا، دەردە دڵی کرد. دواتر گوارەیەکی لە گێلاسەکان بۆ خۆی دروستکرد و دواتر بە گەلاَی گوڵە شەماڵێ نینۆکەکانی ڕەنگکرد و چەند خونچە نیلوفەرێکی بە دەنگە پێکەنیناویەکەیانەوە ترەکاند و بە شوێن پەروانەیەکی زەردەوە کە لەم جاڕەوە ئەپەڕیەوە بۆ ئەو جاڕ و لەم جۆگەوە بۆ ئەو جۆگە تا گەیشتە ژوانگەی خۆشەویستەکەی: ئەو کەپرەی کە باوکی لەبەرامبەر ڕیزەتوی کۆتایی باخەکەدا بۆ دایکی دروستکردبو بۆ ئەوەی بەهاران کاتی گەشتنی توەکان کیراخاتونی نازداری تێیدا بحەوێتەوە و باخەوانە عاشقەکان لە تولێنەی دار بیدا لە هەمو جۆرە تویەك بێنن بۆ خاتونی خۆشەویستیان بۆ ئەوەی ئەویش بە هەزار ناز و عیشوەوە لەو میوە شیرینانە بخوات و گوێ ڕادێرێت بۆ دەنگی ئاوی ئەو کانیەی لە تەنیشت بەدرێکەوە ئەهاتەدەرەوە و بە گۆرانی وتنەوەئەڕژایە حەوزێکی کاشی سەوزی پیرۆزەیی ئێرانی و پاش تێرئاوکردنی نیلوفەرە ئاویەکان و کۆڵەکەی کەپرەکەڕێی ئەکردەوە بۆ زۆنگێکی بچوك کە هەمیشە پڕ بو لە بۆقی قیرەقرکەر و پوش بە قونەی ڕەنگاوڕەنگ. ئەوێ جیهانی

ئەو بو، بەهەشتی ئەو بو. بەلآم ئەو ڕۆژە لەوێش هەر خەمبار بو. خەمێکی نادیار —بەلآم هەستپێکراو— لە کەشوهەوادا بو. نەیئەتوانی وەك هەمو ڕۆژێك خۆی سەر گەرمبکات. شتێك قورگی ئەگرت، ئەیویست دیسانەوە بگرییێت، بەلآم چیتر نەیئەتوانی. خۆر ئەگەرچی لە ناوەڕاستی ئاسماندابو، بەلآم هیچ شتێکی ڕۆشن نەئەکردەوە. تەنانەت جۆگە بچوك و پڕ پێچاوپێچەکانی ناو کژۆگیاکەش نەئەدرەوشایەوە.

لە توە تازەکان جوانتر بون، هەڵیگرت و خواردی. بەلآم نا، ئەم توانە وەك ئەوانەی پێشو شیرین و خۆش نەبون. بە زەحمەت خۆی هەڵدایە سەر جۆلانەیەك کە لەسەر درەختێکی هەنجیری کێوی گەورە بۆ شەمسەدینیان دروستکردبو. لە ناکاو شتێك بە خێرایی تیشك بە لا گوێیدا تێپەڕی. لە ترساندا قیژەیەکی کرد و خۆی لەسەر جۆلانەکە هەڵدایە خوارەوە. سەیری دەوروبەری کرد. جارێکی تر ڕەشاییەکە بە فیشکەوە بە بناگوێیدا تێپەڕی، بە سەرسوڕمانەوە بینی پەڕەسێلکە ئاشناکەی خۆیەتی. لەیەك دو مانگ لەمەوبەرەوەهەمو ڕۆژێك ئاگاداری بو. پەڕەسێلکەکە لە سوچی سەقفی کەپرەکەدا هێلانەی دروستئەکرد. ئیلیاس وتبوی ئەو و تاکەکەیتری بەیەکەوە هێلانەکەیان دروستئەکەن بۆ ئەوەی یەك دو مانگیتر بێچوەکانیانی تێدا گەورەبکەن. پەڕەسێلکەکان هیچ کاتێك ئەوەندە نزم نەفڕیبون. زۆر سەیر بو. لە ناکاو بۆیدەرکەوت دو بونەوەری زۆر بچوك لە پشت هێلانەکەوە کەوتبونە سەر جادە لمیەکە ودنیایان لێتێکچوبو. تازە زانی بۆچی پەڕەسێلکەکان بە دەوری سەریدا ئەسوڕێنەوە. ڕۆشتە پێشەوە. بێچوە پەڕەسێلکەکان بون. داماوانە! بە دڵنیاییەوە ئەترسان پێیان پێدا نەنێت. بەلآم ئەو پارێزگاری لێئەکردن، زۆر باشتر لە خودی پەڕەسێلکە خاتون. لەوانەشبو خوای بەسۆز و دلۆڤان ئەوانی بە تایبەتی بۆ ئەو ناردبێت. بۆ ئەو کە ئەو هەموە عاشق بو. بۆ ئەو کە ئەو هەموە تەنیا و خەمگین بو. ئێستا ئەیتوانی



Scanned with CamScanner

لەگەڵیان ببێتە هاورێ. لە بنەڕەتدا نەیئەتوانی دایکیان بێت. پەرەسێلکەکان ئەیانتوانی دوبارە لەو هێلانە گەرم و نەرمەدا هێلکە بکەنەوە و بێچوی زیاتریان ببێت. بێ گومان ئەمە دیاریەك بو لە لایەن خوای باخەکەوە.

سەیرە کە ئەمڕۆ حەزئەکەم باسی ئەو ڕوداوە بۆ کەسێك بکەم و بڵێم ئەو کچە تەنیا و خەیاڵاویە من بوم. من بوم ئەمویست ببمە خاوەنی بێچوە پەرەسێلکەکان... سەیری چواردەورم کرد. هیچ کەسێکی لێنەبو. بەیانی ئیلیاسم بینیبو کە لە هەیوانی ئاوێنەکاندا دەسماڵەکەی لەسەر کردبوەوە و خاکی ئەکرد بەسەریدا و شیوەنی ئەکرد. ڕۆحە ڕەش پێستەکەشم بە چاوی ئەبڵەق و دەمی داچەقاوەوە چاوی بڕیبوە ئاشوبی ناو تالارەکە و چیتر وەك سێبەر بە شوێنمەوە نەبو. ئەوانیتریش ڕون بو چیان ئەکرد. لەبەرئەمە بە ترس و گومانەوە بە نەرمی نوشتامەوە و بێچوە لەرزۆکەکانم هەڵگرت. چەند بێدەنگ بون. چ دەنوکێکی تیژیان هەبو، بەو هەموە لاوازیەیانەوە ئەوەندە چاو نەترس بون کە گازیان لە پەنجەیمرۆڤ ئەگرت. سەرەڕای ئەوەی بە ئاسانی لە مشتی داخراومدا جێیان ئەبوەوە بەڵام بەهێزبون و ئەیانترساندم. بە تایبەت کە ئێستا ئیتر باوکیشیان هاتبو و بە دەوری سەرمدا ئەخولایەوە. زۆری نەمابو چرچاوم کوێر بکات. ڕامکردە ناو کەپرەکە و دەرگاکەم داخست. درز و کون و کەلەبەری کەپرەکە ئەوەندە فراوان بون پەرەسێلکەکان بتوانن بێنە ژورەوە بەڵام ئەمزانی ئەوان ئەم کارە ناکەن. بێچوەکانم لەسەر زەوی نزیك حەوزە کاشیەکە بەرەڵاکرد، بەڵام یەکسەر پەشیمان بومەوە. زۆری نەمابو خۆیان هەڵدەنە ناو جۆگە بچوکەکەی دەوروبەری حەوزەکە و بخنکێن. ئەوتوڵێنەیەم هەڵگرت کە جێگەی سفرە و قاپەکانی کەپرەکە بو. هەڵمرشتە سەر کورسیەك و بێچوەکانم تێخست و سەرەکەیم داخستەوە. پەرەسێلکەکان خۆیان ئەکێشا بە دەرگا و دیواری کەپرەکەدا. زۆر ترسابوم، بەڵام من ئەو وردیکلانانەم ئەویست، پێویستیم پێیانبو

و بڕیارمدابو بە هیچ نرخێك لەدەستیان نەدەم. بێچو خستنەوەی دوبارەی پەڕەسێلکەکان زەحمەت نەبو، بەڵام دیارنەبو کە من کەی دوبارە ئەمتوانی بە ئاسانی ببمە خاوەنی دو بێچوی ژیکەڵە. تازە، ئەمە ئارەزویەك بو ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بیرم لێکردبوەوە. تولێنەکەم خستە بەرپێم. لەسەر کورسیەکە درێژ ڕاکشام و چاوم بڕیە بێچوەکان کە بۆ یەك ساتیش لە جیکە جیك نەئەکەوتن. وەك بڵێی جوێنیان پێئەدام. گرنگ نەبو، کاتی پێویستمان هەبو بۆ ئەوەی ببینە هاوڕێ. ئەوەندە لە تەماشاکردنی بێچوەکاندا ڕۆچوبوم لە کەپرەکەدا نەمزانی کەی خەو بردبومیەوە. کاتێك دوبارە بە دەنگی پەڕەسێلکە و بێچوەکان خەبەرم بویەوە، بۆمدەرکەوت عەسرە و زۆر برسیمە. لە کەپرەکە ڕۆشتمە دەرەوە. دەرگاکەم داخست و بە خێرایی بەرەو کۆشکەکە ڕامکرد. پەڕەسێلکەکان بە قیژەوە تا بەشێك لە ڕێگەکە شوێنم کەوتن. زۆر ئەترسام، بەڵام ئەبوایە بڕۆم. هەم خۆم پێویستیم بە خواردن بو و هەم ئەبوایە خۆراکم بهێنایە بۆ بێچوەکان. نەئەکرا لەو کاتەدا بمبردنایەوە بۆ ماڵە پڕ لە شیوەنەکە.

هەمو شوێنێك بە شوێن ئیلیاسدا گەڕام. لە هیچ جێیەك نەبو. لە یەکێك لە نۆکەرەکانم پرسی، وتی: ڕۆشتوە بۆ قونیە بۆ ئامادەکردنی کارەکانی بۆنەکەی بەیانی. خوایە چی بکەم؟ لە کێ بپرسم بێچوە پەڕەسێلکە چی ئەخۆن؟ چومە چێشتخانەکە. پڕ لە هاتوهاوار و هاتوچۆ بو. هەرچیەکم بە گونجاو زانی بۆ خۆم و بێچوە پەڕەسێلکەکان خستمە ناو کیسەیەکی بەهاراتی هیندی کە لەبەردەستدابو. کەنیزەکەم دزیەوە و بە شوێن خۆمدا تا کەپرەکە ڕامکێشا. ئەو پێیخۆشبو بوەستێت و خەڵکە جۆراوجۆر و گالیسکە ڕازاوە و سوارە سەیر و سەمەرەکان ببینێت. کاتێك گەیشتینە کەپرەکە، هەوا مامناوەند بو. لەبەردەم دەرگاکەدا وەستاندم و تێمگەیاند ئەرکی ئەوەیە پەڕەسێلکەکان دەرکاتەسەر

لقێکی بەرزی دەوروبەری کەپرەکە. هەروەها ئاگاداربێت چاوەکانی دەرنەهێنن. بە پێچەوانەی منەوە، ئەو نە لە تاریکی ئەترسا و نە لە پەرەسێلکەکان.

بێ ئەوەی بتوانم یەك دلۆپ ئاو یان دەنکە کونجیەکی بۆگەن بدەم بە بێچوەکان، ماوەیەك سەرم خستە سەریان. بێدەنگی و تاریکی هەمو لایەکی گرتبوەوە. لە ماندوێتی و نائومێدی و برسێتیدا خەریك بو هێزم لە بەر ببڕێت. حەزم لە خواردن نەبو. بەر لەوەی بێچوەکان خواردن بخۆن، ڕێی تێنەئەچو بتوانم هیچ بخۆم. ئیتر نە بۆقەکان دەنگەدەنگیان ئەکرد نە پەرەسێلکەکان. بێدەنگیەکی وەهمهێنەر هەمو شوێنێکی گرتبوەوە. بەرە بەرە ترس وەهمی خستە نێو گیانمەوە. ئەبوایە بگەڕامایەوە بۆ کۆشکەکە، بەڵام بە جۆرێك کە کەس ئاگاداری بێچوەکانم نەبێت. کیسە و تولێنەکەم هەڵگرت و ڕۆشتمە دەرەوە. کەنیزەکەم خەو بردبویەوە و پەرەسێلکەکانیش دیارنەبون. خەبەرمکردەوە. تولێنەکەم دا بە دەستیەوە و بە پەلەکوتێ گەڕاینەوە بەرەو ماڵ. جار جارە سێبەرێکی ڕەش بەسەر سەرماندا تێئەپەڕی بەڵام نزیك نەئەبویەوە. وەك بڵێی لە کەنیزەکەم ئەترسا. دەنگی بێچوەکانیش لە دوای نیوەڕۆکەیان کەمتر بوبویەوە، بەڵام نەئەپچڕا. گەشتینەوە کۆشکەکە. ئەهلی ماڵەوە و میوانەکان لە بێدەنگیەکی قورسدا لە هەیوانەکەدا دانیشتبون. لە سێبەری ڕوناکیی مۆم و چراکاندا هیچ کەسێك ئاگاداری من و کەنیزەکەم و تولێنەکەی دەستی نەبویەوە. ڕۆشتم بۆ ژورەکەم کە زۆر لە ژورەکەی دایك و باوکم و شەمسەدینەوە دوربو. کەنیزەکەم مۆمەکانی هەڵکرد و بێچوەکانمان دەرهێنا. تۆ و ئاو و شیرمان و خستە بەردەمیان و کەنیزەکەم وەك بڵێی تازە ئاگاداری چیرۆکەکە بوبێتەوە بە چاوە گەورەکانی ناو بە ناو نەفرەتی بۆ ئەناردم. هەوڵمدا چاوم لە سەیرکردنی ناوچاوی بپارێزم. نازانم چەند درێژەی کێشا تا ماندو و برسی و داماو لەسەر فەرشەکە لە هۆشچوم. بەیانی کە لە ئازاری دەستە مۆر بوەوەکانی ژێر لاشەم و بە هاتوهاواری



Scanned with CamScanner

خزمەتکارەکان و هاتن و چونیان بۆ بردنی لاشەی باوکم بۆ مەزارگەی خێزانەکەمان لەخەو راپەریم، هێشتا خۆر دەرنەهاتبو. رێك لەو کاتەدا چاوم کردەوە کەوتمەوە بیری بێچوەکان. چیتر جیکە جیکیان نەئەکرد. ژورەکە نیوە تاریك بو. بە وریاییەوە هەنگاوم هەڵئەهێنا. دیارنەبو بۆ کوێ رۆشتون. پەردەکەم لادا و لە رۆشنایی رەنگ شینی بەیانیدا دو گلۆڵەی رەشم بینی کە لەبەردەم پێمدا و لە نێوان پەردە و دیوارەکەدا کەوتبون. دانیشتم و هەردوکیانم گرت بە دەستەوە. نەمئەتوانی باوەڕ بەوە بکەم ئەمبینی. ئەوان مردبون، هەر دوکیان.....

خۆ من هەمو شتێکم بۆ دانابون. خۆ من خۆشمئەویستن. خۆ من ئەمویست جێگە خەوی ئاوریشمی تاڵ پەمەییان بۆ دروستکەم. خۆ من ئەمویست بە ئیلیاس بڵێم خانویەکی بچوکی جوانی وەك خانوی مرۆڤەکان –گەرم و نەرم–یان بۆ دروستبکات. خۆ من ئەمتوانی هەمو ئەوەی حەزیان لێیانە بۆیان دابینبکەم. بۆچی مردبون، بۆچی بەم زوییە؟ من ئەبوایە چیم بکردایە کە نەمکردبو؟

دەنگێك نەڕاندی بەسەرمدا کە لەوانەیە نەمردبێتن. وەك خاڵخۆڵکەکان کە جار جارە ئیلیاس نیشانیئەدام چەند باش خۆیان ئەکرد بە مردو. ئەبێت هەرچی زوە بیانگێڕمەوە بۆ لای هێلانەکەی دایك و باوکیان. بەڵکو بە بینینی ئەوان زیندو ببنەوە. کەنیزەکەم لە خەودا وڕ بو بو، لە سوچێکدا گرمۆچەڵەی کردبو. بڕیاری خۆممدا. شاڵێکم دا بەسەر شانمدا، دوبارە خستنمەوە ناو تولێنەکە و بە وریاییەوە رۆشتمە خوارەوە و لە دەرگای پشتی کۆشکەکەوە بە خێرایی رامکرد بەرەو کەپرەکە. لە بومەلێڵدا سەیری هەر شتێکم ئەکرد ئەبویە تارماییەك کە خەریکە بە شوێنمەوەیە. هەر چۆنێك بێت خۆم گەیاند. رۆشتمە سەر درەختی گێلاسەکەی تەنیشت هێلانەی پەرەسێلکەکان. سەری تولێنەکەم کردەوە و بێچوەکانمخستە سەر لقێك کە هەم لە هێلانەی پەرەسێلکەکانەوە نزیك بێت و هەم



Scanned with CamScanner

پشیلەکانیش دەستیان پێی نەگات و بە خێرایی گەڕامەوە. بۆ یەکەمین جار لە تەنیا بون لە ناو باخدا ئەترسام. دڵەڕاوکەم هەبو و ڕقم لە خۆم بو. زمانم وەك تاکە نەعلێك لە دەممەوە هاتبوە دەرەوە. وامئەزانی شتێك لە پشتەوە شوێنم کەوتوە. هەرچەند سەیرمکرد پەڕەسێلکەکانم نەبینی. یانی لە هێلانەکەیاندا خەوتون؟ نا! ناکرێت. ئەم کێشمەکێشمە زۆر درێژەی نەکێشا، نزیکی کۆشکەکە ئیلیاسم ڕێك لە ژێر پەنجەرەی ژورەکەمدا بینی. خەریکبو لەگەڵ یەکێك لە خزمەتکارەکاندا قسەی ئەکرد. بینینی هەمیشە هێوری ئەکردمەوە. بەرەو لای ڕۆشتم و شتێکی لە دەستدابو خەریکبو بە پەرێشانیەوە قسەی ئەکرد. سەیری ناو دەستیمکرد. پەڕەسێلکە دایکانەکە بو بەو نیشانانەی خۆی نیشانی دابوم –بەڵام ئەمجارەیان بێ گیان و دەنوك خوێنین– ناسیەوە. نازانم بەهۆی چیەوە مردبو: لە خەم، لە تورەیی، یان لە نائومێدیدا. بەڵام هەرچۆنێك بوایە من بکوژی ئەو و بێچوەکانی بوم. ئیلیاس ئەسڵەن سەری دەرنەئەکرد تەرمی پەڕەسێلکەکە لەوێدا چی ئەکرد. بەڵام بە بەختی شومی وەرگرتبو و خەریکبو بە خزمەتکارەکەی ئەوت، دڵنیام چاوێکی پیس یان نەفرەتێك یان جادویەکی بەهێز، بە دەوری ماڵەکەدا دێت و ئەچێت و ئەبێت –بەر لەوەی کارەساتێکیتری شوم بێتەپێشەوە– هەر ئەمڕۆ خوێن برێژن. من ئیتر نە هیچم ئەبینی و نە هیچم ئەبیست. پەردەیەکی سور بەرچاوی لێڵ کردبوم و هەرچیم لە گەدەدا بو، خەریکبو لە گەرومەوە بێتەدەر. هێشتا نازانم چۆن و بە چ وزەیەکەوە گەڕامەوە و تولینەکەم لە درەختە گێلاسەکە هێنایەخوارەوە و بێچوەکانم فرێدا و گەڕامەوە بۆ کۆشکەکە و بە پلیکانەکاندا ڕۆشتمە سەرەوە، تەنیا دێتەوە بیرم بەسەر کەنیزەکەمدا کە لەبەردەم دەرگای ژورەکەمدا هێشتا خەوتبو تێپەڕیم...و ئەیانوت کاتێك دوبارە چاوەکانم بە ڕوناکی ڕۆژ کراوەتەوە یەك هەفتە بوە لە خەمی مردنی باوکمدا بێهۆش بوم. دایکم، بی بی جان، ئایا خاتون و تەنانەت ئیلیاسیش لەوێ بون.



Scanned with CamScanner

خۆشحاڵیان ئەنواند و یەك بە یەك سوپاسی خوایان ئەکرد کە لە کۆتاییدا خوێنی ئەسپەکەی باوکم کە لە بەردەم دەروازە گەورەکەی باخدا کراوە بە قوربانی، چاوی پیسی دورخستوەتەوە و من دوبارە گەڕاومەتەوە بۆ ژیان. بەڵام گومانم هەیە باوکم -ئەگەر زیندو بوایە- مردنی پێخۆشتر بو لە بینینی ڕشتنی خوێنی ئەسپەکەی.

چەند ڕۆژێکی پێچو تا بەرە بەرە هەمو شتێکم هاتەوە بیر. دوبارە هەمان هەستە بکوژەکەی گوناه، ڕۆحمی داگیرکردەوە. هیچ کەسێك نەیپرسی ئەو ڕۆژە بەو بەیانیە زوە لە باخدا چیم ئەکرد. هیچ کەسێك نەیپرسی بەڕاستی بۆچی لە مردن نزیك بومەوە. لەوانەیە ئەگەر بیانپرسیایە، ئەبوە پێشەکیەك بۆئەوەی بوێری بنوێنم و چیرۆکەکە بگێڕمەوە. لەوانەیە لە باری ئەو گوناهەی کە ئیتر هەرگیز لێم نەبوەوە، ڕزگارم ببوایە. هێشتا پاش چەندین ساڵیش هەر ئەو مۆتەکە ترسناکە بەرۆکم ئەگرێت. تا ماوەیەکی زۆر پاش مردنی باوکم تەقریبەن هەمو شەوێك توشی ئەبوم. هیچ کاتێك پەڕەسێلکەکانی تێدا نەبون. بەڵام هەمیشە چیرۆکێکی تازە بو کە بە باخێکی چۆڵ کۆتایی ئەهات کە پشتی باخەکەی ئێمە بو بە سەدان درەختی وشك بوەوە و من هەمیشە تێیدا گیرمئەخوارد و هەرچەندە هاوارمئەکرد دەنگێك لە گەرومەوە نەئەهاتەدەرەوە و ئیلیاس بێئەوەی گرنگیم پێبدات لە نزیکمەوە وەستابو و لەگەڵ یەکێك لە خزمەتکارەکاندا وتووێژی ئەکرد و توڵینەکەی بەدەستەوەبو کە مارێکی ڕەش سەری لێوە دەرهێنابو. مارەکە خۆی هەڵئەدا بۆ من و منیش بە هاواری بێدەنگەوە ڕامئەکرد. بەڵام باخ و مارەکە کۆتاییان نەبو. کاتێك لە خەو ڕائەپەڕیم جەستەم سارد و تەڕ بو بە ئارەق، ئەلەرزیم و نۆری پێئەچو تا بێمەوە هۆش خۆم کە خەوم بینیوە. هەر جارە و پاش بینینی ئەم خەوە چەند ڕۆژێك بارم تێکئەچو.

دوای ئەو ڕوداوە –بێ ئەو شەوە ناخۆشانەی کە تێمپەڕاندن– ڕۆژەکانم باشتر بون. نەخۆشی و مۆتەکە شەوانەییەکان –کە وایانئەزانی هەموی بەهۆی مردنی باوکمەوەیە– عەشقی غەریزەیی دایکمی بۆ پشکوتم. ئەو بێجگە لە سەرقاڵی بە کۆستی قورسی مردنی هاوسەرە خۆشەویستەکەیەوە، هەمو کاتەکانی تەرخانکردبو بۆ سەلامەتی من و تەقریبەن زۆرینەی کاتەکانی لەگەڵ مندا تێئەپەڕاند. بوکەڵەی بە جلی هاوشێوەی جلەکانی خۆیەوە – کە چیتر هەرگیز لەبەرینەکردنەوە– بۆ ئەدوریم و هەوڵیئەدا کەنیزەکەم ناچار بە قسەکردن بکات و هەوڵیدا تا پەستانی (بکە و مەکە) و ڕەفتارە ڕەقەکانی ئایا خاتون – کە ئەیویست خاتونێکی تەواو خانومانی وەك دایکم لێبەرهەمبێنێت– کەمبکاتەوە.

لە هەموی گرنگتر ئەوەبو، هەمو وانەکان بە شێوەیەکی گشتی نەئەخوێنران. لە بکە و مەکەکانی ئایا خاتون زیاتر رقم لە وانە خوێندن بو. لەبەرئەوەی ئەبوایە چەندین کاتژمێر بە چیچکانێوە دانیشتباین. حسابی لالاش ڕۆشنبو. هەرکاتێك بیویستبا شەمسەدین ئەدەب بکات، بە دار ئەیدا لە لەپی دەستی من، بە تایبەت لە وانەی تەجویدی قورئاندا. لەم وانانەدا ئەگەر من ڕاست و بێهەڵە هەمو شتێکم بوتایە، بە بیانویەك ئەبوایە ئەوەندە دارم بخواردایە تا شەمسەدین لە کۆتاییدا بە ڕاستی وشە و پیتەکان دەرببڕێت و ئێستا هەر ئەو لالایەی کە فیدایی باوکم بو، بە مردنی ئەو ئەوەندە خەمباربو کە من و شەمسەدین چەند بەیانیەك لە قسە ماندوکەر و وانە ئازاربەخشەکانی ڕزگارمان بو بو و لە ناخی دڵەوە ئارەزومان ئەکرد زوتر بمرێت بۆئەوەی بە تەواوی ئاسودە ببین. ڕۆژە ئازاد و جوانەکانی دوای مردنی باوکم تامی عەشقی دایکایەتی پێ چەشتم و من ئیتر تا ماوەیەکی دورودرێژ خەمم نەبینی.

دوای چاکبونەوەی من، بارودۆخەکە تەقریبەن گەڕایەوە دۆخی جاران. تەنیا دایکم بە قۆزاخەی کۆستکەوتوییەکەیدا ڕۆچو و منی سپارد بە باخ و ئیلیاس و



Scanned with CamScanner

دایە و کەنیزەك و ئایاخاتون. بەڵام من چێژێکم لە بن ددانندا بو کە ئەزەلی و ئەبەدی بو. ئیتر تێگەشتبوم هەبونی دایك یانی چی و زۆر خۆشحاڵ بوم کە دایکێکم هەیە. ئێستا ئیتر لە خۆشەویستی ئەو دڵنیابوم و ئەمزانی لە کاتی پێویستدا ئەگاتە فریام. ئیتر هیچ کەسێك و هیچ شتێك نەیئەتوانی ئەو خۆشحاڵیەم لێزەوتبکات. تەنانەت ئەگەر ئەو کاتی زۆریشی لەگەڵم بەسەر نەبردایە، گرنگ نەبو، ئەوە گرنگ بو ئەو لێرە بو و من هەستم پێئەکرد. خوا نەکات ئەم شێخە بچوکە بیەوێت دوبارە دایکم لێبگرێتەوە.

ئەو ڕۆژگارە بیرمئەکردەوە ئەگەر شەمسەدین هۆکاری مردنی باوکم نەبایە، لەوانەیە چیرۆکی پەرەسێلکە و نەخۆشیەکەم ئەبوە هەلێك بۆئەوەی وەك دایکێك زیاتر لێی نزیك ببمەوە. ئەگەر تامی عەشقی باوکیشم بچەشتایە، ئیتر لە هیچم کەم نەبو. ئەم بۆشاییە، تاکە چاڵی ڕەشی ژیانم بو. هێشتا تێیان نەگەیاندبوم کە خۆشەویستی مافی تایبەتی پیاوانە و دایکیشم، هاوسەرەکەی –ئیتر چ باوکم بێت یان هەر کەسێکیتر– لێمئەگرێتەوە و لە پشت هەور و غوبار و تەپوتۆزی دوای کاروانەکانەوە بە تەنیایی جێمئەهێڵێت.

بەیانی ئەو ڕۆژە تا ماوەکیش لە شەوم بە چاوەڕانی گەڕانەوەی ئایاخاتونەوە بردەسەر. هەرگیز نەمئەزانی ئامادەیی ئەم ژنە زبر و بەهێزە لە کەشی خێزانەکەماندا بۆ ئێمە سەرچاوەی چ ئاسودەییەکە. لەوانەیە ئەگەر ئەو نەبایە، لەدەستدانی باوکم گرانتر لەسەرمان بکەوتایە. ئێستاکە ئەوەم بۆدەرکەوتوە، ڕۆژانێکی پڕ لە ئاسودەیی و نیعمەت و خۆشبەختیم لە نێوان دیواری باخەکەدا تێپەڕاندوە، بێئەوەی بە ڕێژەی پێویست ئاگام لەو ڕۆژانە بو بێت.

ئیتر لە چەند ڕۆژێك زیاتر نەماوە لە مانەوەمان لێرە. بڕیار وایە باخەکە –واتە میراتیەکەی شەمسەدین– هەر وەك خۆی پارێزگاری لێبکرێت. لە ڕاستیدا ویستی مێردەکەی دایکم کە ئەڵێن پیاوێکی سەربەرز و ئەمانەتدارە و چاوی لەسەر ماڵ و



Scanned with CamScanner

دارایی ئێمە نیە لەسەر ئەوەیە هەمو شتێك وەك خۆی بە دەست لێنەدراوی بهێڵرێتەوە تا كاتێك شەمسەدین پێبگات و میراتیەكەی خۆی وەربگرێتەوە. دەربارەی بەش و مافی من هەرگیز هیچ قسەیەك نەئەهاتە ئارا. بەڵام من خەیاڵم ئاسودە بو. لەبەرئەوەی ئیلیاس وتبوی چ بیانەوێت یان نەیانەوێت، من لێرە بەشێكم بەرئەكەوێت ئەو دیوارێك بە دەوریدا ئەكێشێت بۆم و نەمام و گوڵەیاسە خشۆكەكان و میوە و درەختی جۆراوجۆرم بۆ ئەچێنێت و تا كۆتایی تەمەنی وەك باخەوانی من ئەمێنێتەوە. ئەم قسانە ئارامی ئەكردمەوە و داهاتومی بە بۆنی یاس و گوڵە باخەكان بۆندار ئەكرد. بەڵام ئەم ویستەی دایكم وەك بەردێك بخرێتە ناو كانیەكی ئارامەوە، هەمو شتێكی بە یەك جاری ئەشڵەقاند.

گەڕام بە شوێن بی بی جاندا. ئەو تاكە كەس بو لە حاڵی من تێئەگەشت. ئەویش وەك من و بە هەمان ئەندازە خەمبار بو. وتیان بینیویانە ڕۆشتوە بەرەو گەنجینەیەك. من گەنجینەم خۆشئەویست. پڕ بو لە گەنم و برنج و ئارد و دانەوێڵە و تا چاو بڕی ئەكرد پڕبو لە مەركانەی سركە، میوەی وشك و شەخەڵ و دار و ڕۆنی چرا و سندوقی دەفر و دۆڵە و جل و قوماش. بۆنی ژیانی ئەدا و هەمیشە سەر ڕێژ بو لە ژیانەوە. ئەوێ لە ڕاستیدا گەنجینەیەك بو بۆ پشتیوانی چێشتخانە و میوانخانە. تەنیا لە مشكە زلەكانی ئەترسام. بەڵام ئەو ڕۆژە ئەوەندە خەمباربوم مشكەكانم لە بیركردبو. بە هەڵەداوان بەرەو گەنجینەكە ڕۆشتم. ئەمزانی ئەبێت لە چ بەشێكیدا بۆی بگەڕێم، هەمیشە لە دەستپێكردنی وەرزی سەرما یان گەرمادا، كاتێك بی بی، جل و جێگەخەوەكانی جێگۆڕكێ پێئەكرد، من بە دەوروبەریدا ئەهاتم و ئەچوم. لە كۆتاییدا لە سوچێكی جێگەخەوەكاندا خەوێكی شیرین لە چاوەڕوانیمدا بو و داماوە بە ناڕەحەتی ئەیدۆزیمەوە. چەندین جار لەكاتی كاركردندا وەك بڵێی لەگەڵ خۆیدا قسەبكات وتبوی ئەم جێگەخەوانە چ جێگەیەكی شاراوە و گەرم و ئاسودەیە بۆ مرۆڤە خەمبار و ماندوەكان. ئاخر

ئەو خۆی بە قەولی ئایا خاتون زۆر خەمبار بو و زوش ماندو ئەبو. دواتر دوای ژیانم لە حەرەمدا بۆمدەرکەوت زو ماندو بون لە تایبەتمەندی ئێرانیەکانە.

رێك لەو شوێنەدا پێشبینیم ئەکرد، دۆزیمەوە. هەمبانەی پینەچێتیەکەی کە بە گومانم یادگاری ڕۆژانی گەنجێتی بو بەدەستەوە بو و بە شوێن شتێکدا ئەگەڕا. گۆنا و گرێی سەرپۆشەکەی بە فرمێسك تەڕ بوبو، ڕوخساری نورانی بو بو. کە منی بینی ڕوی وەرگێڕا، بەلأم گریانەکەی زیاتر بو. خۆمهەڵدا و گرتمە باوەشم و ڕوخساریم ماچکرد و وتم: بی بی جان مەگەر چی بوە؟ خۆ لە دنیا دەرناچین، تەنیا چەند فەرسەخێك لەو لاتر ئەژین... دیسان گریانەکەی زیاتر بو.

خەمەکانی خۆمم لە بیرچووەوە. ئەندامە لاوازەکانی خستمیەوە بیر بێچوەکان. نەفرەت لە شێخ، نەفرەت لە دایکم و نەفرەت لەو هاوسەرگیریە، لە ناکاو لە ناخمدا کولأ، بەلأم دەرمنەبڕی. وتم: بی بی جان بەم شێوەیە نامێنێتەوە. ئێمە بەزویی تۆش ئەبەین. پەیمانت پێئەدەم، تەنیا ئەبێت شوێنێکی گونجاوت بۆ دابینبکرێت. لەوانەیە جارێ لێرە ئاسودەتر بیت. لەوانەشە من و شەمسەدین ئەسڵەن لەوێ نەمێنینەوە و بگەڕێینەوە بۆ باخ. لەبەرئەمەیە ئیلیاسیش بە ئاسانی و دڵنیاییەوە قبوڵیکردوە لە ئێمە جیاببێتەوە.

لوتی سور بو بویەوە، بە بەهێزی گوشی و بەو چاوانەی کە خەمی هەمو دنیا لەناویاندا بو، ماوەیەك تەماشای کردم. لەگەڵ ئەوەشدا کە گومان لە هەناسەکانی ئەباری، لە کۆتاییدا وتی:

من بۆ جیابونەوە لە ئێوە ناگریێم، بۆ حاڵی خۆم ئەگرێم. وەك چوارچێوەی تابلۆیەکی کۆن فرێتاندام. ئیلیاس پیاوە. لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی زۆر لە من زیاترە، هێشتا ئەو کارەی حەزی لێئەکات لێیاننەگرتوەتەوە و ئەتوانێت لە هەر شوێنێکیتر ئیش پەیدابکات. ئەتوانێت ژن بێنێت. ئەتوانێت منداڵی هەبێت. بەلأم من تەمەنم لە پێناو باوکتدا دانا. جگەرگۆشەم بو. کاتێك جوانەمەرگ بو، دڵم دا بە

تۆ و دایکت که ئێستا خەریکن وازم لێئەهێنن. تەنانەت ئیزرائیلیش قبوڵم ناکات. بەم دەستە ئیفلیج و گۆچانەشەوە ئەبێت فاتیحەی کارەکەش بخوێنرێت. لەگەنجێتیدا بە شوێن پیاوەکەمەوە ناچاربوم خێزان و دیاری خۆم بە جێبهێڵم. دواتر تورکەکان کوڕەکەشمیان کوشت. ماوەیەك تێنەپەڕی کە مێردەکەم بە بیانوی ئەوەی چیتر بەرگەی گریان و شیوەنی منی نیە، ژنێکی تری هێنا و سپاردمی بە خوا و بە جێیهێشتم. ئێستا ئێوەش هەقی خۆمتان خستە ناو دەستم. قوربانی حیکمەتی خوا بم بەم ژن دروستکردنەی. لە ئێستا بەدواوە ئەبێت لێرە بە تەنیایی دابنیشم تا داڵی ئیزڕائیل چاوەکانم دەربێنێت و لە کۆتاییدا لەم بەڵای ژیانە ڕزگارم بکات.

هەرچەند ویستم قسەبکەم، هیچ وشەیەکم نەدۆزیەوە. دیسانەوە توند گرتمە باوەشم و چرپەیەك لە گوێمدا وتی ئاگاداربە!



Scanned with CamScanner

## حەرەم

ڕۆژەکانی چاوەڕوانی درێژ و نەبڕاوەبون. بۆ یەکەمین جار بۆمدەرکەوت کاتژمێر، پێوەری کات نیە. لالاش هاوڕا بو لەگەڵم. ئەیوت خوای گەورە ئەفەرموێت: یەك ڕۆژ ئەکرێت هەندێك جار ببێتە هەزار ڕۆژ. تەمەنی زڕ باوکەکەم کە ئەیانوت سی و شەش ساڵەیە، بە پەنجا ساڵ و ئیلیاسیش کە ئەیانوت شەست ساڵە بە هەزار ساڵم ئەزانی، و هەمو ڕۆژێك چاوەڕوانیم بۆ گەیشتنەوە بە دایکملە یەك ساڵ درێژتر ئەینواند.

ئای چەند تینوی نهێنیەکانی بونەوەر و مەتەڵ گەلێك بوم کە ئەو ڕۆژانە یەك لە دوای یەك مێشکمیان سەرقاڵ ئەکرد. دێتەوەبیرم لالای شەمسەدین بە چاوانێك کە پیرییان لە بیرچوبوەوە، سەیریکردم و بە پێچەوانەی ڕابردوەوە بە من کە بو بومە قوتابیەکی باش بۆی، ئەیوت: ئەم شێخە گەنجینەی هەمو زانستەکانی سەردەمە. ساڵانێك لە حەڵەب و دیمەشق خوێندویەتی و گەورەترین و کامڵترین کتێبخانەی لە ماڵ و حوجرەکەیدا هەیە. دواتر ئامۆژگاری هەردوکمانی ئەکرد تا کاتێك باسوخواسی جێگیربون و مانەوەی ئەو ڕۆشن نەبوەتەوە، سود لەو هەلە پێشهاتوە وەربگرین و بە سوپاسگوزاری لە بەر بارەگای ئیلاهیدا کە نیعمەتی



Scanned with CamScanner

هاونشینی لەگەڵ زانایەکی وادا بە نسیب کردوین،لە خۆی و کتێبەکانی کەڵك وەربگرین. ئەیوت هیچ پرسیارێك لە جیهان و زانستی حوجرەدا نیە ئەم پیاوە وەڵامەکەی لە هەگبەدا نەبێت. بەو عەشقەوە لالا هەیبو بۆ باوکم، لەوانەیە ئەگەر دایکم بێجگە لە شێخ شوی بە کەسێکی تر کردبا، ئەوی بە جێهێشتایە. بەڵام ئێستا زۆر زۆریش لە شۆڕ و شەوقدا بو. شانازی هاودەمی لەگەڵ گەورەترین زانای شاردا —کە هاونیشتمانیشی بو— بە نسیبی ئەبو و دوعای هەمو شەوێکی ئەوەبو ڕۆژگار بەرەکەتی سرەوتنی لە گۆشەیەکی حوجرەکەی شێخدا پێببەخشێت.

ڕۆژمێری باخەکە هەڵئەدرایەوە: گێلاسەکان تەواوبون، قەیسیەکان هاتن و ڕۆشتن. تەماتەکان وەك سوری چراکان ئەدرەوشانەوە. سێوە گەیوەکان یەکە یەکە ئەکەوتنە ناو حەوزەکە و شەوانە لەخەو خەبەریان ئەکردینەوە. لای هەنارەکانیش بەرە بەرە سورئەبون و بۆنی بەیە گەشتوەکان هەنگەکانی مەستئەکرد. بەڵام هێشتا نەیانناردبو بە شوێن ئێمەدا. من ئیتر گومانم ئەکرد لەوەی ڕاستیان پێوتبین. لەوانەیە ئەم پیاوە ئەسڵەن لە قونیە دانەنیشێت. لەوانەیە دایکمی بردبێت بۆ ئەو شوێنەی کە زادگای باوکم و دایەخاتون و لالاشە. لەوانەیە چیتر نەیبینمەوە. لەوانەیە ئەو ڕۆژە پەیامە نائومێدکەرەکەی یاسەکان ئاگاداریەك بوە بۆ ئەم بابەتە، کەوتەوەبیرم دوای خوازبێنیکردنەکە هەندێك کات چۆن ئیلیاس بە نیگا تاڵ و قورس و پڕ لە خەمەکانیەوە سەیری ئەکردم. داماو کەوتبوم و هەرچیم لە هەر کەسێك ئەپرسی بە بێزەوقیەوە وەڵامی ئەدامەوە: "ئەوەندە بزێو مەبە ئەبێت شوێنەکەتان ئامادەبکرێت." لە سەرەتادا خەریکبومماڵێکم وێنائەکرد لە ناو باخێکی گەورەدا بە دیواری بەرزەوە کە لە سوچێکیدا خەریکبون خانویەکیان بۆ ئێمە دروستئەکرد و من خۆشحاڵ بوم لەوەی ئێمە ناچارنەبوین لەگەڵ ئەو هەڵۆ پیرەدا لە ژێر یەك سەقفدا بژین کە دایکی من بو بوە جێگرەوەی کچەکەی. لانی کەم ئێمە جێگەی ئەو و نەوەکانیمان تەنگ نەئەکرد.



Scanned with CamScanner

بەلأم نازانم بۆچی ئێستا زیاتر باوەڕم بە چوونی دایکم بۆ ئێران ئەکرد، بە تایبەت ئەوەی ئایا خاتون –تاکە کەسێك لە لایەن ئێمەوە لەگەڵ دایکمدا ڕۆشتبو بۆ بۆنەی مارەبڕینەکە– هەمیشە پەیمانی درۆی پێئەداین و لە وەلأمی پرسیارەکانی مندا دەربارەی ماڵ و باخەکەی شێخ، هانای بۆ بێدەنگیەکی نهێنی ئامێز ئەبرد و ئەمەش گومانمی زیاتر ئەکرد بۆئەوەی کە ئەبێت چیرۆکەکە شتێك بێت جیاواز لەم قسانە. ئێستا زیاتر لەوەی دەربارەی دایکم و ماڵەکەی شێخ پرسیاری لێبکەم، دەربارەی ئێران پرسیارم لێئەکرد و ئەو ئەیسپاردم بە دایە خاتون کە هێشتا قسەی لەگەڵ کەسدا نەبو. دایەخاتون لە پەیوەستی من بە نیشتمانی باووباپیرانیەوە بێ هیچ پێشگریمانەیەك خۆشحاڵ ئەبو، بە تاقەتەوە شوێنەکەی ڕێکئەکرد، چاوە ئارەزومەندەکانی ئەبڕیە دوراییەکان و باسی ئەوەی بۆ ئەکردم نیشتمانەکەی چەند جوان و ئاوەدان و پڕ بەرەکەتەو لەبەرئەمەیە خاکەکەی هەمیشە لە ژێر سمی سوارەکانی دوژمنی داگیرکاردا، غوباری چاوی گریاوی خەڵکەکەی بوە و چەرخێك نەبوە ئێرانیەکان تێیدا ئاسودەبن و بە نەفرەتەوە ئەیوت: هەر کاتێك هەر بیابانگەڕێك پشتوێنەکەی ببەستێت و سواری پشت ئەسپەکەی ببێت، عەزمی خاکە دەوڵەمەند و ستەمدیدەکەی ئێران ئەکات تا هەمبانەکەی لە نانی خەڵکی ئەوێ پڕبکات.

بیستنی یادگاریە تاڵ و شیرینەکانی دایە خاتون لە سەردەمانی منداڵیەوە تا کاتی کۆچکردنی لەگەڵ مێردەکەی –گوایە لە دەرباری سەلجوقیەکاندا کارێکی هەبوە– زۆر سەنجراکێش بو بۆم. بەلأم ئێستا هەواڵی جاروبارەی وڵاتەکەی مێشکمی ئاسودە ئەکرد کە شێخ ناتوانێت دایکمی بردبێت بۆ ئێران. لەبەرئەوەی ئەیانوت سنورەکانی داخراون و مەغۆلەکان بەردەوام سەرقاڵی ڕەشەکوژین. کەوایە دایکم هەر لێرەیە... بەلأم بۆچی هەمو شتێك ئەوەندە نهێنیاویە؟ بۆچی لەم ماوەیەدا تەنانەت بۆ یەك جاریش نەهات بۆ بینینمان...؟ لەوانەیە توشی

بەلایەك بوبێت. ئێستا ئیتر نەنێ جیش لە شارەوە نایەتەوە تا هەواڵێکی لێوە بزانم. بەڕاست بۆچی چیتر نەیانئەبردین بۆ حەمامی مەڕ مەڕ و لە حەمامە بچوکەکەی ماڵەوەدا خۆیان ئەشۆرن؟ بەڵێ بە دڵنیاییەوە نهێنیەك لە ئارادایە کە ئێمە نابێت سەری لێدەرکەین.

هەفتە گەلێکی دورودرێژ بەم شێوەیە تێپەڕین. لە کۆتاییدا لە خۆرئاوابونێکی زۆر ماتەمدا هەواڵهێنەرێکی نامۆ گەشت و پەیامێکی هێنا کە سبەینێ ڕۆژی ڕۆشتنە. لە قونیەوە دێن و ئێمە —واتە من و شەمسەدین و ئایا و ئوجی— ئەبەن بۆ ماڵە تازەکەمان. مژدەی دا بە لالای پیریش کە حەزرەتی شێخ لەسەر پێداگری خاتون جێگە و پلەیەکی بۆ ئەویش دیاریکردوە کە بەم زوانە ئامادە ئەبێت. بەلام ئامۆژگاری پێداگرانەی خاتون ئەوەیە هەتا ئەتوانین باری کەمتر هەڵبگرین. ئایا تاقەتی لەبەر برا. ڕۆژگارێکی یەك لە دوای یەکی تەرخانکردبو بۆ کۆکردنەوەی ئەو شتومەکانەی کە هەم خۆی خۆشی ئەویستن و هەم وای ئەزانی ڕەونەق ئەبەخشن بە ژیانی داهاتوی دایکم. لانی کەم دە سندوقی تەنیا بۆ قوماش و جلوبەرگ و شتومەکە بەنرخەکان تەرخانکردبو. کە سەیری باروبنەکەی ئەکرد یەك لەسەر یەك جوێنی ئەنارد و بە شەق هەمو شتێکی پەرش و بڵاوئەکردەوە. هەواڵهێنەرە داماوەکەش بەرە بەرە کشایەوە و لە دەرگای تالارەکەوە ڕۆشتە دەرەوە و منیش بۆم ڕونبویەوە ئیتر هیچ ئومێدێك نیە بۆ بردنی بی بی جان و ئیلیاس. تازە هەر ئەوەی مۆڵەتیان بە ئوجی و ئایاش داوە، ئەبێت خۆشحاڵ بین، ئەگینا ئەکرا چەند ساڵێکی تریش بەم شێوەیە تێپەڕێت و کەس نەتوانێت ناڕەزایەتی دەرببڕێت. ئایا وەك پڵنگ ئەینەڕاند و بەم لاولادا ئەڕۆشت. لەو ڕۆژەوە لە ماڵی شێخ گەڕابوەوە، چیتر هیچ هەواڵێك لە خۆشحاڵی بۆ شوکردنەوەی دایکمو ئەو هەموە وەسفەی کە باسی چاکی داواکارەکەیکردبو لە ئارادا نەبو. تەنیا وەك کەسێك کە خۆی لە ڕودانی کارەساتێکدا بە تاوانبار بزانێت، هەوڵیئەدا بە ڕوی خۆیدا نەهێنێتەوە

نەوەك سەرزەنشت بكرێت. بەڵام ئەمڕۆ ڕەشۆی بارەكەی لەدەست دەرچو بو و جوێنی بە زەوی و زەمان ئەدا. نەفرەتی لە خۆشی ئەكرد و بەرامبەر بە هەموان – بەتایبەت هاوكارە ستەمدیدەكەی تاوانەكەی، دایەجان– بێئەدەبی ئەنواند و بە تانەوە ئەیوت: خۆش بەحاڵت لێرە ئەمێنیتەوە! هەمو ڕۆژەكە شتومەك و كەلوپەلە پەسەندەكانی من و براكەمی بە هەڵبژاردنی خۆی كەم و زیادكرد، بێئەوەی لێمان بپرسێت چیمان ئەوێت. هیچ كەسێك نەیئەوێرا لە بەرامبەر بێئەدەبیەكانیدا ورتەی لێوە بێت یان دژایەتی بكات. تەنیا كاتێك كیسەی جاوگی بەهاراتە هیندیەكەی كەنیزەكەی منی بە تورەیەوە لە دەست بەربویەوە بە سوكایەتیەوە هەمو ئەوەی هەیبو ڕشتە سەر فەرشەكە و لە ناو چەند میوەیەكی كاژ و چەند بەردێكی خڕ و درەوشاوە و یەك دو دەست جلی كۆنەی من و بوكەڵەیەكی قوماش كە خۆم پێمدابو، تەنیا جلەكانی دوبارە كردەوە ناو كیسەكە و دایەوە دەستی و تەنانەت لە پێلەقەی گەنجینەی كەنیزەكە داماوەكەش خۆی نەگێڕایەوە، ئیتر جامی سەبرم سەرڕێژ بو. بە قەڵەمبازێك خۆم هەڵدا بۆ ئەو كەنیزەكەی خەریكبو شروشیتاڵەكەی ئوجی لەسەر قاڵیەكە كۆئەكردەوە. فرمدایە لایەكەوە و كەلوپەلی كەنیزەكەم كە وەك باران فرمێسك لە چاوی ئەباری و لە ترسی تێلاكاری بە ترسەوە دەموچاوی بە دەستەكانی داپۆشتبو، كۆكردەوە و دوبارە كردمەوە ناو كیسەكە و دامەوە دەستی، لە كاتێكدا بە تورەییەوە سەیری ئایا خاتونم ئەكرد كە بە چاوی باوەڕنەكردنەوە لەوێدا وەستابو و بینەری یەكەمین شۆڕشی ژیانم بو. نازانم چی لە ڕوخسارمدا خوێندەوە كە دەنگی دەرنەهات. تەنیا نیگایەكی توڕاوی لە كەنیزەكە داماوەكە كرد، لەسەر پێ سوڕایەوە و ڕۆشت. نەمئەتوانی بەرگەی نیگا هەقناسەكانی ئوجی بگرم. ئەم كارە لەبەر ئەو نەبو، لەبەر ڕەفتارە خراپەكانی ئایا بو كە چیتر بەرگەم نەئەگرتن. لەم ڕۆژانەدا ئەڵبەتە من و ئوجیش ئەڕۆشتین بۆئەوەی بەرە بەرە بە یەك ڕابێین و ببینە ئامیار و

هاورێی یەکتر. کاتێك مندالّتر بوم، ئەسلّەن هەر ڕقم لێی بو. هەستی بۆنکردنی من کە لە باوەشی باخدا بە بۆنی خۆشی سروشت پەروەردە بو بو، بەهێز بو و ئەویش بۆنێکی سەریی لێوەئەهات. من بەردەوام لە دەستی ڕامئەکرد. وەك بلّێی داماوە خۆشی هەستی بەمە کردبو و هەمیشە دوری ئەگرت لێم. دوای مردنی باوکم شەیدای میهرەبانیەکانی دایکم بو و زیاتر بە چواردەوری ئەوەوە بو. ئەو ڕۆژەی دایکم ڕۆشت بۆ مالّی شێخ، ونبو و تا نیوە شەو نەیاندۆزیەوە. هەمومان وامانزانی هەلّهاتوە. بەلاّم ڕۆژی داهاتو بە ڕێکەوت لە ناو گەنجینەی خەلّوزەکەدا دۆزیانەوە، لە کاتێکدا چاوەکانی لە گریاندا سور بوبونەوە. ئەم عەشقەی ئەو بەرامبەر بە دایکم، لەناکاو هەستی هاودەردی و هاودلّی قولّی منی بەرامبەری جولاّند. ئیتر هەستم بە شەرم ئەکرد لە ڕەفتارەکانی پێشوترم و هەمیشە هەولّمئەدا هەقی ڕابردوی بۆ بکەمەوە. یەکەمین ڕێگە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەلّیدا، هەلّبژاردنی ناوێك بو بۆی. لە مالّەکەی ئێمەدا لەبەر بێدەنگی و موە لولەکانی و ڕەنگی پێستی بە "تۆپەلّە قوڕ" بانگیان ئەکرد، بەلاّم من ئەم ناوەم پێخۆش نەبو. ئەو سەرەڕای ئەو هەموە هەولّەی دایکم هێشتا نەیئەتوانی نە بە فارسی نە بە تورکی قسەبکات. تەنیا هەندێك کات بە زمانێك کە ئەسلّەن ئێمە لێی تێنەئەگەشتین چەند وشەیەکی ئەوت و هەندێك جاریش بە زمانی ئێمە هەندێك وشەی بە لەهجەیەك ئەوت کە تێگەشتنی زۆر ناڕەحەت بو. کاتێك بە ناڕەحەتی توانیم تێیبگەیەنم حەزئەکەم بەو ناوەوە بانگی بکەم خۆی پێی خۆشە، کەوتە بیرکردنەوە. زۆر حەزمئەکرد بزانم چی بە مێشکیدا ئەهات و ئەچو. لە کۆتاییدا چاوەکانی درەوشانەوە و وتی: ئوجی! چەند جارێك دوبارەم کردەوە بۆ ئەوەی دلّنیاببمەوە بە ڕاستی ئەیلّێم. وائەزانم ئەو ناوە بو کە دایك و باوکی لێیاننابو. لەوە بە دواوە ئیتر کەس بە تۆپەلّە قوڕ بانگی نەکرد. پەیوەندی نێوانیشمان بەرە بەرە مرۆییتر بویەوە و نازانم چی ڕویدا کە چیتر بۆنی ئەوم نەئەکرد.



Scanned with CamScanner

ئێستاش لەوەی مۆڵەتیان پێدابوم لەگەڵ خۆم بیبەم، خۆشحاڵ بوم. ڕۆژی دیاریکراو نێرراوەکانی حەرەم نزیکانی نیوەڕۆ گەشتن. تاسەی بینینەوەی دایکم و ماڵی تازە، خەمی جیابونەوە لە بی بی جان و باخ و نەبینینی ئیلیاسی لە بیربردبومەوە. بە پەلە کەوتینە ڕێ. نزیک دەرگاکە ئیلیاس خۆی گەیاندە من و شەمسەدین کە بەیەکەوە سواری ئەسپێکی قەزەمیان کردبوین. ئەسپەکەی وەستاند. چۆکی دادا، سەرەتا پوتەکانی شەمسەدینی ماچکرد و دواتر چمکی داوێنەکەی منی خستە سەر چاوی ڕاستی. کاتێك بە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی سەیری کردم، دڵم توایەوە. خەریك بو لە ئەسپەکە خۆم هەڵدەمە خوارەوە و بگەڕێمەوە. ڕێك وەك ڕۆژی خوازبێنیکردنەکە، نیگایەکی نامۆی هەبو. هەستێکی ون لە دەرونمدا خەبەری بوەوە. ئەم پیاوە کە هەمو تەمەنی بە باخەوانی و خزمەتی دڵسۆزانەی خێزانەکەی ئێمەوە بەسەر بردبو، شتێکی شومی ئەزانی. دەمم کردەوە شتێك بڵێم، بەڵام ئەو خێرا چاوی بڕیە زەویەکە و نیشانی دا کە ئەسڵەن نایەوێت هیچ قسەیەك بگۆڕێتەوە. لە کاتێکدا لە ژێر لێوەوە دوعای ئەخوێند، تەزبیحەکەی کردە ملی من و بە دەستماڵەکەی کە هەمیشە بە جوانی ئەیبەست چاوەکانی سڕی. دەستێکی دا لە پشتی ئەسپەکە و بە ڕێکەوتین و مۆڵەتی نەدا هیچقسەیەك بکەم. من داماو و حەیران تا کاتێك ئەو لەبەرچاوم دیارنەما، ئاوڕمئەدایەوە و سەیرم ئەکرد. مەتەڵی نیگای زۆر سەرقاڵی ئەکردم. باوانی ئەو خزمەتی زۆری ماڵە باوانی منیان کردبو و خودی ئەو تەنیا باخەوان و لێپرسراوی خزمەتکارەکان و دەستپاك و خزمەتکاری تایبەتی دایك و باوکم نەبو، بەڵکو یەکێك بو لە ئەندامانی خێزانەکەمان کە لەسەر پێداگری خۆی لە بارنەیەکی داخراودا، بە گۆشەگیری و سەرەتاییترین ئیمکانیات ئەژیا و بێجگە لە من کەس بۆی نەبو بچێتە بارنەی خەڵوەتەکەیەوە. هیچ کەسێك نەیئەزانی بۆچی هەمیشە بێدەنگە و تەنیا بە پێی پێویست قسەئەکات. بەڵام ئەمەیان ئەزانی لە لە

خواترسترینی لە خواترسانە. ئەهلی ماڵەکەمان لە سامی نیگاکانی بێئاگانەبون. لە چاو و هەمو دەرونیەوە وزەیەکی سەیر دەرئەپەڕی کە جار جارە ئاپاشی کە تەنانەت لە باوکیشم نەئەترسا، ئەترساند و ناچاری ئەکرد بە بێدەنگی و بە بەئەدەبی. من تاقانەی ژیانی ئەو و لەوانەشە بێجگە باخەکە تاکە شادی زەمینی ئەو بوم. ئێستا خەریکبوم بێ خەیاڵ و بێ گرنگی پێدان، جێمئەهێشت. لەوانەیە ئەو خەمە وەهم هێنەر و ئەو نیگا سەیرە لەبەر خۆی بو. کەوتەوە بیرم هەرکاتێك دایکم ئاماژەی بۆ تەنیاییەکەی ئەکرد و ئەیویست حاڵ و باری باش بکات، ئەیوت: خاتون گیان، ڕەچەڵەکی خۆراسانیەکان ڕاهاتون بە تەنیایی و ئاوارەیی. ماڵ و حاڵی باش زیاتر نائارامم ئەکات. دڵم زۆر تەنگ بو. هەوڵمدا بە سەیرکردنی دەوروبەر خەمی ئیلیاس لە بیربکەم. باخەکەمان جێهێشتبو. کێڵگە پاییزیە درەوکراوەکانمان بە خۆیان و خەرمانە زێڕینەکانیانەوە تێپەڕاند. باخە کوێستانی و پڕشکۆکانی دەوڵەمەندە قونیەییەکانمان بەجێهێشت و زۆر تێنەپەڕی کە باخە کۆنەکانیشمان بە دیوارە بەرز و کۆشکە بچوکەکانی ناویانەوە، یەك لە دوای یەك تێپەڕاند و من کە وێنامئەکرد ماڵەکەی شێخ ئەبێت یەکێك بێت لەوانە ئێستا کە ئەمبینی کاروانەکەمان ناوەستێت، ترسام. بەرە بەرە خەریکبو ئەگەشتینە کەناری شار و گەڕەکی تورکە تازە بەدەسەلاتە گەشتوەکانی قونیە بە خانوی ڕازاوە و پڕ شکۆوە. نزیکەی خۆرئاوابون بو گەشتینە دیوارەکانی شارە کۆنەکە کە هەندێك لای ڕوخابو. باخەکان تەواو بون. هەمیشە بۆ حەمام بەم ڕێگەیەدا ئەڕۆشتین، بەڵام من نازانم چۆن هیچ کاتێك ئەم دیوار و بورج و شورە کۆن و نیوە وێرانانەم نەبینیبو. تەنانەت سەربازە تورکەکان بە جلە ترسناکەکانیانەوە لەو سەرەوە لە بورجەکاندا، هیچ کاتێك سەرنجیان ڕانەکێشابوم. نەمئەزانی پارێزگاری لە چی ئەکەن، بەڵام هەرچیەك ببوایە، بونیان زیاتر هەستی نائاسودەیی بڵاوئەکردەوە تا هەستی ئاسودەیی. کاروانەکە بەرە بەرە نزیك ئەبویەوە لە



Scanned with CamScanner

گەڕەکە کۆن و دلگیرەکەی شار کە لە ڕابردودا لەناو قەڵایەکی گەورەدا دروستکرابو و ئێمە بێ ئەوەی گەشتبینە شوێنی مەبەست بەردەوام لە تاریکی دلگیری ئێوارەدا و لەنێوان کۆڵانە تەنگ و تاریکەکان و لە ژێر نیگا سوسەکارەکانی ڕێبوارراندا ئەڕۆشتین. لەوێدا بۆ یەکەمین جار بۆمدەرکەوت خوێندەواری سودیشی زۆرە. لالا لە کتێبەکاندا بۆی خوێندبوینەوە کە قونیە لە سەردەمی ڕۆمیەکاندا قەڵای شارێکی کوێستانی بوە و بە ئاوی زۆر و خاکی بە پیت و هەوای خۆش و درەختی میوە و باخی جوان و کۆشکی گەورە ناسرابو و لەبەرئەوەی لەسەرە ڕێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا بوە،پەناگەی خەڵکانێك بوە کە لە دەست شمشێری جیهانگیرە تۆقێنەرەکانی بیابانی باکوری ڕۆژهەڵات هەڵئەهاتن و هەروەها لەم ڕوەشەوە بەرە بەرە گەورە و گەورەتر بوە تا لە کۆتاییدا لەسەردەمی سوڵتانە تورکەکاندا بوە بە پایتەختێکی سەوز و ئاوەدان و پڕ بەرەکەت و نازناوی بوکی ئەرزڕۆمی وەرگرتوە. ئێستا کاروانەکەمان خەریکبو لە کۆڵانە تەنگەکانی ئەم ((بوك)ەدا کە چیرۆکی زۆری لە ناخدا هەڵگرتبو، بەردەوام بو لە ڕۆشتن. هەر ساتە و ڕێژەی ئەو گەنج و منداڵانەی ئەکەوتنە شوێن کاروانەکەمان، زیاتر ئەبو. وەسفی شڵەژانی من نەئەکرا. تەنیا کاتێك لە چاوی ڕێبوارراندا کە ئەبوایە بە نارەحەتی خۆیان بدایەتە پاڵ دیوارەکان بۆ ئەوەی ئێمە تێپەڕین، بزیسکەیەکم لە ئاشنایی و ڕێز ئەبینی، کەمێك هێور ئەبومەوە و دڵتێکچونم بەهۆی دڵەڕاوکەکانمەوە کەم ئەبویەوە. وائەهاتە بەرچاو زۆرینەی ڕێبوارەکان ئەیانزانی ئێمە کێین و بەرەو کوێ ئەچین و ئەگەر کەسێکیش نەیئەزانی، ئەیانچرپاند بە گوێیدا. بەلاّم من واقعیەتێکی ئازاربەخشم هەستپێکردبو، ئەویش ئەوەی ئەگەر ماڵەکەی شێخ یەکێك لەم کەلاوە پڕ مشکە کوێرانەی ناو قەلاّکە نەبێت، بە دڵنیاییەوە یەکێکیش نیە لە باخەکانی قونیە. مشکی قەلاّکە بە ڕاستی لە پشیلە گەورەتر بون و ئەسڵەن نەئەترسان. لە تەنیشت



Scanned with CamScanner

دیوارەکەوە لەسەر دو پێ وەستابون و وەك خەڵکەکە سەیری ئێمەیان ئەکرد. سەرەڕای ئەوەی قیافەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش و پێکەنیناویان هەبو و سەری شەمسەدینیان گەرمکردبو، هێشتا هەر ئارەزوم ئەکرد هەرچی زوتر لەم کۆڵانە باریکانە دورکەوینەوە و بگەینە ئەو قونیە جوان و ڕۆشنەی کە من هەمیشە لە ڕێگەی حەمامدا بینیبوم. ئێمە بۆ حەمام هەرگیز بە ناو قەڵاکەدا تێنەئەپەڕین. نازانم بۆچی قافڵەچیەکە ئەم ڕێگە تەنگ و دڵتەنگەی هەڵبژاردبو. گەشتینە دیواری باشوری قەڵاکە و لە کۆتاییدا لەکۆڵانێکی پان و پڕ درەختدا کە جۆگەیەکی پڕ ئاو کەشوهەوای شێدارئەکرد، لەبەرامبەر دەرگایەکی دارینی گەورە و جواندا کە بە هەڵکۆڵین لەسەرتاپای نوسرابو، وەستاین. من لە خۆشحاڵی ئەوەی وەك پێشبینیم کردبو ماڵەکەی شێخ باخێکە، خەریکبو باڵ بگرمەوە. لەسەر دیوارەکەوە درەختە بەهێزەکانی چنار سەریان دەرهێنابو. ئەمزانی هەر شوێنێك ئێرانیی تیابێت، چناریشی لێیە. لەدەوروبەری باخەکەی ئێمەشدا چناریان چاندبو. دڵم وەختبو ببێتە ئاو. بە دڵنیاییەوە لە ژێر ئەم درەختانەشدا، ڕوباری ئاو تێئەپەڕن. بێ ئیلیاس ناخۆش. دەنگی دوڕەگە و ماندوی قافڵەچیەکەم بیست کە بە ئاپاجانی وت: ئێوە، بی بی خاتون و کەنیزەکە ببەنە سەرەوە —کۆڵانەکە تەنگە ئەبێت بە پێ بڕۆن— ئەمیرزادە و ئەوانیتر لەگەڵ مندان. هەر کە لەسەر ئەسپەکە دایانبەزاندین، لە ناکاو چاوم بەر چاوی شەمسەدین —برا بچوك و ڕکابەرەکەی ژیانم— کەوت و بۆ یەکەمین جار لە هەمو تەمەنماندا نیگاکانمان تێکەڵی یەك بون، واتە نیگای ئەو نیگای منی وەستاند. ئەپاڕایەوە و چاوەکانی خەمبار دەرئەکەوتن. تازە بۆیدەرکەوتبو ئەبێت لە ئێمە جیاببێتەوە: ئەو لە دەرگایەکەوە و ئێمەش لە دەرگایەکی ترەوە. برا جوان و قۆزەکەی من — سەرەڕای هەوڵەکانی لالا بۆ ئەوەی گەنجێکی شانوشکۆدار و بەهێزی لێبەدیبێنێت— هێشتا هەر ڕەنگ لە ڕو بڕاو و لاواز و تێکشکاو بو. ڕوبەڕوی من

وەستابو و لەوەی بە تەنیایی و بێ ئێمە لەو دەرگا گەورەیەوە بچێتە ناو دنیا تازەکەی، ئەترسا. بۆ یەکەمین جار دڵم بۆی سوتا. بێدەنگ بو و داماوانە لێی ئەڕوانیم. دوای ڕۆشتنی دایکم، من بو بومە پەناگەی. بەڵام هەست بە لێپرسراوێتیەکی هێندە بەهێز و ئەویش بە نەبونی لالا- یەکەمین جار بو لە دەرونمدا بێدارئەبویەوە. دەستە نەرم و لاواز و ساردەکانی کە لە ماسی مردو ئەچون لە دەستمدا گوشی و لەناکاو بوینە خوشك و برا. نیگاکانی لە پشت فرمێسکەکانیەوە ئەیخستمە ناو کێشەوبەرەیەکی گوماناوی و پێکەوە هێز و متمانەی پێئەبەخشیم. چۆن ئەمتوانی باوەڕی پێبێنم بە کردنی ڕەفتارێك کە خۆشم هۆکارەکەیم نەئەزانی، بۆچی ئەبێت ئێمە لە دەرگاکەی سەرەوەوە بڕۆین و ئەو لەو دەرگا گەورە و ترسناکەوە؟ چرپاندم بە گوێیدا: "کاکە نەترسی! دایکم لەوێ چاوەڕوانتە، مەگەر ناتەوێت لای ئەو بین؟" داماوانە سەیرێکی دەرگا هەڵکۆڵراوەکەی کرد کە ئەیانوت دەرگای حوجرەکەیە و ئەوەندەیتر منی سوسەکارتر کرد. لە پشت دیوارەکەوە ورتەورتێکی پیاوانە ئەهات -دەنگ گەلێکی نهێنی ئامێز، وەك دەنگی باکانی کۆتایی پایز کە گەڵاکان ئەدەن بە یەکدا و مێشکی مرۆڤ گرفتاری دڵەڕاوکەی کارەساتی نەناسراو ئەکەن. هەقم بە شەمسەدین دا. منیش بە تەنیایی نەمئەتوانی لەو دەرگایەوە بڕۆمە ژورەوە و بۆچیەکەیم نەئەزانی تەنیا هەستمئەکرد لەو دیو ئەم ڕوخسارە درەوشاوەیەوە جیهانێکی نەناسراو و جیاواز لەگەڵ دنیای ئێمەدا شاراوەتەوە. ئایا خەریك بو بە زەحمەت لەسەر ئەو ولاخەی بەهۆی کێشی قورسی ئەوەوە گوێی قووت بوبونەوە دائەبەزی. هەمو بوێریم خستەکار و بە دەنگێکی بەرز و دڵنیاوە پێموت: پێیان بڵێ شەمسەدین هێشتا پێنەگەشتوە، ئەو منداڵە و ئێمە ئەبێت خۆمان بیدەینە دەست دایکم. یەکەم جار بڕوام نەئەکرد لە ناو شەقام و لە ناو دەیان کەسی ناو کۆڵان و بازاڕدا کە چواردەوریان گرتبوین، ئەوە دەنگی من بێت کە گەیشتبێتە

ئاسمان. بەڵام بە ئاشکرا بینیم ئایا خاتون بەهۆی زانیاریە فیقهیەکەمەوە زەردەخەنەی ڕازیبونم بۆ ئەنێرێت، جێگەی لالا خاڵی. بەڵام نۆکەرەکانی شێخ نە بە گوێی ژنانیان ئەکرد و نە سەیریشیان، بێ گوێدان بە قسەکەی من بە ئاماژەی دەست ئێمەیان بە پەلە بەرەو کۆڵانێك ئەبرد کە ئەیانوت ئەو دیو کۆشکی حوجرەکەیە. من لەکاتێکدا رق لە دەرونمدا جۆش و خرۆشی بو، تەقریبەن بە قیژە قسەکەم دوبارە کردەوە. قافڵەچیە بەهێزەکە کە بەشێك لە سمێڵە ڕو لە ئاسمان کردوەکانیم لە درێژایی ڕۆژەکەدا لە پشت سەریەوە بینیبو و ئێستا مێزەرە گەورە و سپیەکەی لە دژیەکی لەگەڵ تاریکی خۆرئاوابوندا ئەوەندەیتر ترسناکی کردبو، بێ ئەوەی سەیرمان بکات، نەڕاندی((بڕیار لە دەستی ئێمەدا نیە، گەورە پیاوان لە هەیوانی حوجرەکەدا چاوەڕانی ئەون، نەك لە هەیوانی حەرەم)). سەرم بەرزکردەوە و جەستەی لاوازی براکەمم گوشی بە خۆمەوە. بە ویژدانێکی ناڕەحەتەوە کە بۆچی تا ئێستا لەبەر بەخیلیەکی بێ هۆ زیاتر بە تەنگ ئەم بونەوەرە تێکشکاوەوە نەبوم، قۆڵی ئایا خاتونم لەگەڵ خۆم ڕاکێشا و هەردوکمان –سارد و بێ گرنگی دان بە چاو لێ سورکردنەوەکان– تا پشت دەرگا گەورەکە ڕەوانەمان کرد و دواتر لە ژێر نیگا سوسەکارەکانی خەڵکەکەدا بە شوێن نۆکەرەکانەوە بەرەو کۆڵانەکەی سەرەوە کەوتینە ڕێ. ئایا خاتون بۆ ئەوەی پێگەکەی بداتەوە بەڕودا، یەکسەر و بە فرمانەوە داوایەکی تورەی لە قافڵەچیەکە کرد بۆ ئاگاداربونی لە سندوقەکان. ئەویش مۆڕەیەکی ترسناکی بۆ ناردەوە و شتێکی لە ژێر لێوەوە وت کە هەمو خەڵکەکە بیستیان و پێکەنین. ئایا خاتون بە مەتینیەوە بەرگەی گرت. بەڵام من حەزمئەکرد کەسێك بەم قافڵەچیەی بوتایە ئێمە کێین.

من نیگەرانی سندوقەکان نەبوم، نیگەرانی ئەو پێچەبوم کە دوبارە ئێمەی لەو شەقامە پانە جوانەوە کێشایە ناو کۆڵانێکی تەنگ –واتە کۆتا کۆڵانی باشوری

قەلاکە-، نیگەرانی ئەو دیوارانە بوم ئەوەندە بەرز بو بونەوە کە هیچ چنارێك لە پشتیانەوە سەریان دەرنەهێنابو، نیگەرانی ئەو دەرگا بێکەڵك و گەڕوجە بوم کە نۆکەرەکان نیشانی ئایاخاتونیان دا و ڕۆشتن، منیش بیستم وتیان ((دەرگای حەرەم))ە —دەرگایەك کە بە دڵنیاییەوە نەئەتوانرا بە ڕوی خۆشبەختیدا بکرێتەوە. ئێمە بە دەور باڵەخانەی حوجرەکەدا سوڕابوینەوە و ئێستا لە ناو کۆڵانەکەدا ڕوبەڕوی دەرگای حەرەم وشك بو بوین. لە کۆتاییدا ئایا خاتون دەستی درێژکرد و تەقەی دا لە دەرگاکە. دواتر بۆمدەرکەوت هیچ ژنێك لە دەرگای حوجرەکەوە و هیچ پیاوێك لە دەرگای حەرەمەوە مافی هاتوچۆی نیە. دەرگا کەم بایەخەکە کرایەوە و لە ناو چوارچێوەکەیدا ژنێك وەستابو کە هەر لە یەکەمین بینیندا زانیم ئێرانیە. ئێرانیەکان نیگایەکی ڕۆشنیان هەیە. شێوازی ڕوخساریان بە شێوەیەکە وەك بڵێی هەمیشە پێئەکەنن، تەنانەت ئەگەریش خۆشییان لە هیچ کەسێکیش نەیەت، تۆش هیچ کاتێك ناتوانیت دڵنیابیتەوە دەربارەت چۆن بیرئەکەنەوە. بۆ نمونە ڕوخساری دایکم سەرەڕای هەمو جوانیەکەی تەنیا کاتێك پێئەکەنێت، ڕۆشن ئەبێتەوە. بەلام دایە خاتون هەمیشە ئەم ڕۆشنیەی بە ڕوخسارەوە دیارە، تەنانەت ئێستاش کە قسەی لەگەڵ هەمواندا نەئەکرد. ئەوەندە هەمو شتێك نائومێدکەر بو کە چیتر جیاوازی نەبو بۆم چی دێتەپێشەوە و ئەو ژنە کێیە و کوێنەریە. ئایا خاتون و ژنەکە، خۆیان بە یەکتر ناساند و ئایا بە کەمێك نارەحەتیەوە لە دەرگا تەسك و بچوکەکەوە ڕۆشتە ژورەوە. لە دوایەوە من و نوجی ڕۆشتینە ژورەوە. لە بەرامبەرماندا دالانێکی تاریك هەبو کە لە ڕەفەکەی کۆتاییەکەوە ڕۆشناییەك ئەهاتە بەرچاو. ئیتر هەمو ئومێدەکان بە گشتی لە ناوچون. بەر لەوەی بەرەو ڕۆشناییەکە بڕۆین، ئەمزانی چیتر باخێك لە ئارادا نیە. بەلام هیچ وێنایەکیشم لەسەر ماڵەکەی کۆتایی دالانە ترسناکە بێ باخەکە نەبو. تەنیا دڵگەرمیم بینینەوەی دایکم بو کە پاش ئەو هەموە ماوەیە، ئەیتوانی

خەمەکانم سوکتر بکات. هێشتا دەرگا هەوانتەکەیان دانەخستبو کە شتێك بە خێرایی ڕوناکی لە کۆڵانەکەوە بە یەك هەڵپە خۆی لکاند بە منەوە. هەمومان بەیەکەوە قیژەیەکی ئەوەندە بەهێزمان کرد کە لە دەنگی یەکتر زیاتر ترساین. من سەرەتا وامزانی یەکێکە لە مشکە ناوچەییەکانی قەڵاکە. وەك ڤ لێهاتوەکان ئەمویست بە خۆ ڕاوەشاندن خۆم لە چنگوڵەکانی ڕزگار بکەم. ئوجی یەکسەر بەرەو ڕوم ڕایکرد، وەك بڵێی چاوی لە تاریکیدا باشتر ئەبینی. لە کاتێکدا ملی گیانەوەرەکەی گرتبو دوبارەی ئەکردەوە: سوڵتانە! سوڵتانە پشیلە ئازیزەکەی شەمسەدین بو کە بڕیاربو لە باخ بمێنێتەوە. وتبویان لێرە شوێنێك نیە بۆ ئەو. ئوجی بە ناڕەحەتی پشیلەکەی لە داوێنم کردەوە. بە ڕاستی بە ناڕەحەتی ئەکرا باوەڕپێکرێت ئەو گیانلەبەرە قوڕاوی و لینجە کە بە چنگ و ددان ڕوبەڕوی ئوجی ئەبویەوە پشیلە سپی و ژیکەڵەکەی ئێمە بێت. ئەو گیانلەبەرە داماوە لە عارەقکردنەوەی زۆردا تەڕ تەڕ بو بو و قوڕ توکە درێژەکەی داپۆشیبو. ئایا خاتون کە هەمیشە ڕقی لێیبو سودی لە هەلەکە وەرگرت و ویستی هەقی هەمو ئەو زەحمەتانەی لێبکاتەوە کە تا ئەو کاتە بەدیهێنابون. بە زەحمەت جەستە زەبەلاحەکەیم خستە لاوە بۆ ئەوەی ئەو گیانلەبەرە ماندوە لەقەشێل نەکات. داماوە دیاربو هەمو ڕێگەکە بە شوێن کاروانەکەی ئێمەوە بوە و نازانم چۆن لە دەست منداڵی گەڕەك ڕزگاری بو بو. بە دڵنیاییەوە لە ڕێگەی ئاو و سەر دیوارەکانەوە خۆی گەیاندبو و نەمئەزانی بۆچی نەڕۆشتبو بۆ لای شەمسەدین و هاتبو بۆ لای ئێمە. لەوانەیە لەبەرئەوەی کۆڵانەکەی سەرەوە خاڵی تر بوە و هەستی بە ئارامی کردوە ئیتر بە هەر قەدەرێك بێت نیوە گیان و ترسناك دەرئەکەوت. بە پاڕانەوەوە داوام لە هەمویان کرد وازی لێبێنن. لە دەنگی قیژەکەی ئێمە هەمو دانیشتوانی حەرەم هاتبونە بەردەم دەرگای دالأنەکە. سێبەرەکانیانم ئەبینی و دەنگیشیانم ئەبیست. هەموان بەیەکەوە قسەیان ئەکرد و

زۆر خرۆشابون. له کۆتاییدا خۆمان کۆکردەوه و له تاریك و ڕۆشناییدا به پلیکانەکاندا سەرکەوتین. به شوێن دایکمدا ئەگەڕام، بەڵام له جیاتی ئەو کە دڵم باڵی گرتبوەوه بۆ بینینی، چەند ژنێکی کورتەباڵا و درێژ به ڕوخساری سوسەکارەوه به ڕیز له بەرامبەرماندا وەستابون. هەریەك به شێوازێك داڕزابون. یەکێك قژی، یەکێك چاوی، یەکێك له پێستیدا و زیاتر –واته هەمویان– له ددانیاندا. بێ شەرم و ڕاستەوخۆ له ئێمەیان ئەڕوانی و هەندێکیشیان تەنانەت دەستیان ئەهێنا به جل و سەرپۆشە حەریره تۆزاوی و پیس بوەکەمدا. له ژێر ڕۆشنایی کەمی چراکاندا وەك ڕۆح گەلێك ئەهاتنه بەرچاو که به دەم و ددانی ڕزیوەوه به ڕومەوه پێئەکەنین. هەمو گیانم ترس دایگرتبوەوه. به نەرمی له ئایام پرسی ئەی دایکم کوا؟ نائومێدی و ماندوێتی ڕێگه، جێگەکەی خۆی دابو به ترسێکی تۆقێنەر که مەیلی ڕاکردنی هەبو. داماو داماوێ چاوم بڕیبوه دەمی ئایا. بەرلەوەی ئەو هیچ شتێك له ژنەکانیتر بپرسێت، ئەو ژنه ئێرانیەی دەرگاکەی کردبوەوه به سۆزێکی دەستکردەوه وتی: خاتون گیان له گۆشەکەدا چاوەڕێتانه.
گۆشه ناوێکی نەناسراو و نامۆ بو. نەمئەتوانی وێنای بکەم به چ شوێنێك ئەڵێن گۆشه. تاریکی کردبو و له هەندێك شوێنی ئەو هەیوانەی لێیەوه هاتبوینه ژورەوه، بێجگه دیواره بەرزەکان و حەوزێکی بچوك که ئاوەکەی له ژێر ڕۆشنایی چراکاندا ئەدرەوشایەوه و چەند درەختێکی شۆڕەوەبوی چواردەوری حەوزەکه، هیچ شتێکی تر نەئەبینرا. ئایا خاتون وەك بلێی ترس و نامۆیی ناخمی هەستپێکردبێت، دەستێکی هێنا بەدەوری شانمدا و وتی: بی بی گیان، ئێره حەرەمه و خاتون له شوێنێکیتری خانوەکه که جێگەمانەوەی حەزرەتی شێخه دائەنیشێت. دواتر به هێواشتر وتی: دوعابکه شوێنێکیشیان بۆ ئێمه لەوێ دانابێت. ژنه ئێرانیەکه و ئێمه به بەردەم تارماییەکاندا له پشتەوه بەرەو سەرەوەی خانوەکه ڕەوانەکراین. له کۆتایی هەیوانەکەدا ئەوانیتر مانەوه و ئێمه



Scanned with CamScanner

دوباره له چەند پلیکانەیەکەوە سەرکەوتین. لە بەرامبەرماندا ڕێڕەوێکم بینی کە دەرگای کۆتاییەکەی کراوەبو و ڕۆشنایی دەرەوە ناوەوەی ڕۆشنئەکردەوە. خەریکبوم بیرم لە دیمەنە ئەگەریە پێشهاتوەکانی دواتر ئەکردەوە کە لە ناکاو سێبەر و دواتربالآی بەرزی دایکمم وەك فریشتەیەك لە چوارچێوەی دەرگاکەدا بینی. خێراتر لە تیری لە کەوان دەرچو، بەرەو ڕوی ڕامکرد. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی تا تێگەشتم بۆچی ئەو لە جیاتی ئەوەی باوەشی بۆم بکاتەوە، بۆ ساتێك دەستەکانی بە ترسەوە خستە سەر سکی. سوپاس بۆ خوا مرۆڤ هەمو شتێك نابینێت. ئەگینا ساتی نقومبون لەو باوەشە بۆنخۆشەدا، چەند ئازاراوی ئەبو بۆم. لە پشت دایکمەوە شەمسەدین لە کاتێکدا کە چمکی سەرپۆشە ئاوریشمیە درێژەکەی بە دەستەوە بو، وەستابو. چاوەکانی لە گریاندا سور بوبونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە دوانزە ساڵ بو بەلاَم زۆر منداڵتر دەرئەکەوت. دیاربو ئەوەندە بێ ئۆقرە بوە ناچار هێناویانە بۆ لای دایکم. قافڵەچیەکە وتبوی ئەو و کوڕەکانی شێخ پاش نوێژی مەغریب لە چێشتخانەکە یەکتر ئەبینین. بێجگە لە ژنە ئێرانیەکە هەمومان ڕۆشتینە ژورەکە. بێجگە ئێمە کەسی لێنەبو. خۆشحاڵبوم لەوەی دایکم بە تەنیایی ئەبینم، ئەبو بە دڵنیاییەوە شتێکم پێوتبا. چیتر ئارامم لە بەر بڕابو. خۆم ئاڵاند لە ملی و بە پاڕانەوەوە پێموت: دایکە! تۆ خوا با بگەڕێینەوە بۆ ماڵەکەی خۆمان. من لەمانە ئەترسم، ڕقم لێرەیە، من هەرگیز لێرە نامێنمەوە... قسەکانیترم لە دەمدا وشکبون. لە پشت دایکمەوە لەبەردەم دەرگایەکدا، لە کۆتایی تاریکی ژورەکەدا، نامۆیەك بە دو چاوی گەورە و سوسەکارەوە سەیری ئەکردم. بە پێچەوانەی وێناکەمەوە، ئێمە تەنیا نەبوین. بە نیگا ترساوەکەی من، دایکیشم سەیری ئەو لایەی کرد و زەردەخەنەیەکی پڕ مانای کرد. دواتر بە ئارامی و مەتینیە هەمیشەییەکەوە وتی: ((کچم لێرە بە دواوە ئێرە ماڵی ئێمەیە)).چەمیەوە و بە هێواشتر وتی ئێستا ماندوین و ئێوارەیەکی درەنگیش



Scanned with CamScanner

گەشتون. هیچ لە باشی و خراپی ئەم ماڵە نازانن. کەمێك ئارام بگرن. خۆ تۆ ئەوەندە بێ ئۆقرە نەبویت. ئێستا شەمسەدین بڵێیت، هێشتا منداڵە. چاوەڕوانیەکی زیاترم لە تۆ هەبو. دواتر کەمێك بە تورەییەوە خۆی لە چنگم رزگارکرد و لە کاتێکدا دەستمی بە شێوازێکی ئاگادارکردنەوە ئەگوشی بە خاوەنی ئەو چاوە شەیتانیانەی وت: عەلائەدین، کورم وەرە خوشکە تازەکەت بناسە. لەوانەیە دایکم پەلەقاژەی بو کە کاریگەەی قسەکانی من لەسەر مێشکی ئەو میوانە بانگێهشت نەکراوە بسڕێتەوە. بەڵام ئەو ئەسڵەن ناڕەحەت دەرنەئەکەوت. من لە نیگاکانیشیدا هیچ کاریگەریەکی دڵتەنگیم نەبینی. تەنانەت بە شێوەیەکی هەستپێنەکراوکەمێکیش ڕازی دەرئەکەوت. من هەر لەو یەکەم ساتەدا گەشتمە ڕێککەوتنێکی دەرونی لەگەڵیدا. هەروەها تاکە بونەوەرێکی نا ترسناکی ئەو ماڵە بو. ڕوخسارێکی پاك و بێگوناه و نیگایەکی زولاڵی هەبو. بالآ بەرز و بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە لە هەمو دەرونیەوە گەرما و بێ زیانی و گەورەیی ئەباری. دایکم بە گلەییەوە ڕویکردە ئاپا و پێی وت: ئەم منداڵە ئەوەندە بێتاقەتی نواندوە، خوداوەندگار داویانە بە چەلەبی عەلائەدین بیهێنێت بۆ ئێرە. داماوە لەبەر برا تازە هاتوەکەی لە خەیری نوێژی جەماعەتی ئەمشەو بێبەش بوە. کوڕە گەنجەکە زەردەخەنەیەکی شەرمنانەی کرد و لە جیاتی وەڵامدانەوە بە چاوە نەجیبەکانیەوە دایکمی عاشقانە هەڵسەنگاند. حەسودیم برد. هیچ کەسێك مافی ئەوەی نەبو دایکمی لە من خۆشتر بوێت. بەڵام بە ڕونی دیاربو لە نێوان ئەو دوانەدا پەیوەندیەکی قوڵ پەیدابوە. ئەمە تایبەتمەندیی دایکم بو، هیچ کەسێك بە لایدا تێنەئەپەڕی کە دڵی پێنەدات. نامۆکە حەسودیەکەمی لە هەوادا ڕاوکرد و دوبارە زەردەخەنە شاراوەکەی بە دزیەوە لەگەڵ نیگایەکدا بۆ هاویشتم. لە ناکاو ماری تورەیی دەرونم فیشکاندی. ئەو بە چ مافێکەوە وا بە سوکی سەیری ئەکردم؟ سەیربو، لەگەڵ ئەوەشدا تورە بوم، کەچی ڕقم لێی نەبو. هەستێکی



Scanned with CamScanner

شیرین و نامۆ بە بینینی نیگا بێپەرواکەی لە دەرونمدا چوزەڵەی دەرکرد. ئەو ئەوەندە پتەو و دڵنیا و شۆخ، بەڵام پڕ لە خۆشەویستی لە تەنیشت برا داماو و ترساو و ڕەنگ لە ڕو براوەکەمدا وەستابو، ئەبو ڕقم لێی نەبوایە. دژیەکیەك کە لە سودی ئەو و لە خزمەتی ئەودا بو:

خۆم کۆکردەوە و بە سەرێکی بەرز و مۆرەکردنەوە ڕۆشتم. ئەو دیسانەوە هەر بەو پێکەنینە هەوانتەیەوە وەڵامی دایەوە. لە ماندوێتیدا توانای ڕوبەڕوبونەوەم نەبو. ڕوم وەرگێڕا و لەسەر دۆشەکەیەك دانیشتم کە زیاتر لە شەمسەدینەوە نزیکتر بو، ئەگەرچی دڵم بۆی ئەسوتا بەڵام ئەمویست ئەو نامۆ گاڵتەجارە تێبگەیەنم کە من پێویستم بە برای تازە نیە و هەر ئەم برایەم –هەرچەندە ساردوسڕ– سەروزیادە. سەرم وەرگێڕا و بە میهرەبانیەکی زیادەڕەویەوە بە شەمسەدینم وت: کاکە مژدەیەکم پێیە بۆت. پێشبینی بکە چیە؟ لە وەڵامی نیگا وڕ و گێژەکانی ئەودا کە ئەسڵەن تاقەتی ئەم یاریانەی نەبو، من خەریکبوم بە شۆڕ و شەوقەوە باسمئەکرد چۆن سوڵتانە بە شوێنماندا هاتوە و ئێستاش لە داڵانی هاتنەناوەوەی حەرەمدا شارراوەتەوە، وەك بڵێی لە خەو داچڵەکی. سەیرێکی ناباوەڕانەی چواردەوری کرد و لە ناکاو وەك تۆوی ئەسپەن دەرپەڕی و ڕایکرد بەرەو ئەو دەرگایەی ئێمە لێیەوە هاتبوینە ژورەوە. ئایا گیان بە خێرایی گێڕایەوە و بە دژایەتیەوە پێی وتم، ئاخر ئێستا کاتی ئەم کارانەیە؟ چۆن لەوێ لەو تاریکیەدا ئەو گیانەوەرە بدۆزینەوە؟ بە لاساریەوە هەستامەوە و وتم، خۆم ئەیدۆزمەوە. دۆزینەوەی پشیلە لە تاریکیدا هیچی ناوێت، چاوەکانی ئەدرەوشێنەوە. کوڕەکەی شێخ ئەم جارەیان لە پێکەنیندا چو بە پشتدا. خۆشحاڵبوم کە قسەیەکی خۆشم کردبو. منیش لە ناخێ دڵەوە پێکەنیم و ئەوم بەخشی. بە خۆمم وت گوناهێکی گەورە نیە کەسێك ئەتوانێت بە ئاسودەیی پێبکەنێت. هەر لەوکاتەدا بە لەخۆباییبون و ویقار و وەك برایەکی گەورەی باش،



Scanned with CamScanner

هەستایەوە، دەستی شەمسەدینی گرت کە لەگەڵ ئایادا تێگیرابون و چرایەکی هەڵگرت و لە کاتێکدا نیگایەکی ماناداری بە ڕوی ئایا خاتوندا کرد لە ژورەکە ڕۆشتەدەرەوە، ئیتر هەمو شتێك ڕەنگێکی تری بە خۆوە گرت بۆ من و وەك برایەك قبوڵمکرد. من لە هەمو تەمەنمدا پێویستیم بە برایەکی لەو شێوەیە بو کە لەبەرامبەر ئایا خاتون و ئەوانیتردا بە ئازایەتیەوە بمپارێزێت. بینیم نیگای پڕ لە خۆشەویستی دایکیشم ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەکەیەتی و وەك بلێی ئاگاداری سوسەکاریە تێکەڵ بە حەسودیەکەم بو بویەوە. لەبەرئەوەی بە حاڵەتێکی تێکەڵ بە پۆزشەوە وتی: ((داماوە لەبەر دایکی زۆر خەمی خواردوە. هەر لەبەرئەمەیە دڵم بۆی ئەسوتێت و هەوڵئەدەم کارێکی بۆ بکەم. داماوانە –ئەو و برا گەورەکەی– بۆ خوێندن لە دیمەشق بون کە لە ناکاو دایکیان نەخۆش ئەکەوێت و زۆر بە زویی گیانی لە دەستئەدات. کاریگەری ئەم کارەساتە هێشتا لەم منداڵانەدا ئەبینرێت. لەگەڵ یەك نایانکرێت و ئەم برا بچوکە زۆر تەنیایە. دانوی لەگەڵ کەسیشدا ناکوڵێت. هەندێك جار بیرئەکەمەوە منداڵەکان لە کاتی کۆچکردنی دایك و باوکیاندا لەبەرئەوەی زۆر بچوك بون، لە دەربەدەریدا دەگەی ڕۆحیان بینیوە و لەبەرئەمەیە لەگەڵ خەڵکی نەناسراودا نایانکرێت. ئەگەر دایەنە داماوەکەیان نەئەبو، بە دڵنیاییەوە تا ئێستا یەکێکیان یەکێکی تریانی ئەکوشت، ئەبێت بیبینیت باوکیان لەوەی کە هەردوکیان پەیوەست بون بە منەوە چەند خۆشحاڵە. منیش خۆشحاڵم و بە ڕاستی خۆشمئەوێن. باوکیان –خوداوەندگار– هەرچیەك توانیویەتی کردویەتی، بەڵام بێسود بوە. من ئەسڵەن سەر دەرناکەم کە مرۆڤێك بەم گەورەییە، بەم هەموە شانوشکۆیەوە، بەم هەموە بەسۆزی و ئارامیەوە بۆچی ئەبێت دیلی دەستی کێشەیەکی لەم شێوەیە بێت. تەنیا ئەوەندە ئەزانم ئەبێت ئێمە هەمومان هەوڵبدەین جێگەی خێزانێکی گەرم و میهرەبانیان بۆ پڕبکەینەوە.))



Scanned with CamScanner

دایکم قسەی ئەکرد و من ئاگام لە شوێنێکی تر بو. خۆشحاڵبوم کە دیسانەوە تەنیا ماوینەتەوە. قسەکەیم بڕی و بە پاڕانەوەوە پێموت: دایکە! ناکرێت هەمومان بگەڕێینەوە بۆ باخ؟ ئەمانیش لەگەڵمان بێن بۆ ئەوێ؟ من ئێرەم پێخۆش نیە. ئایا جانیش پێی خۆش نیە، شەمسەدینیش هەروەها. دایکم سەیرێکی پڕ مانای ئایای کرد. ئەو دەستەپاچە وەڵامیدایەوە: ((خاتون خوا بە شایەت ئەگرم من هیچم نەوتوە بە کیمیا. بەڵام ئێستا کە باس هاتەناو، ڕاستەکات. بۆچی درۆبکەم؟ منیش حەزئەکەم هەمومان بەیەکەوە لە ماڵی خۆماندا بین.))حاڵ و ڕەنگی دایکم لە ناکاو گۆڕا. هەرگیز بەم شێوەیە نەمبینیبو. ئەو هیچ کاتێك پەرتەوازە نەئەبو. نیگایەکی تورەی لە ئایا کرد و بۆ ئەوەی منیش وەڵامەکەم وەرگرتبێتەوە، بە نیوە نیگایەکی لەو شێوەش ڕوانیە من، پەنجەی دۆشاومژەی بە ڕوی ئایادا بەرزکردەوە و وتی: ((باش گوێبگرن! ژیان گاڵتەجاڕی نیە کە هەر ڕۆژێك بکشێ و بچێتەوە یەك. یەکەمەن ئەوە ئێوە بون و قسەکانتان لە کۆتاییدا ناچاری کردم بە شوکردنەوە. من ئەسڵەن هیچ مەبەستێکی لەو شێوەیەم نەبو، ئێوە بون هەر ڕۆژە و خوانێکی تازەتان بۆ ڕائەخستم، ئێستاش ئەبێت بەرگەی بگرن. من هەرگیز گلەییم نیە و هەتا بڵێی لەم هاوسەرگیریە ڕازیم. بەڵام ئەگەر ڕازیش نەبومایە هەمو ئابڕوی ئەو خوالێخۆشبوەم ئەم ماڵە و ئەو ماڵ پێنەئەکرد.ئێستاش هەموتان بزانن، تەنیا مردن لەم ماڵە ئەمباتە دەرەوە، ئێوەش خاتونە بچکۆلەکە! ئەگەر شایستەیی پێویست نیشانبدەن، هاوسەری داهاتوتان! ئێوەش ئایاجان سەرپشکن ئەتوانن بگەڕێنەوە لە باخ بمێننەوە. دایە خاتون چاوەڕوانی یەك ئاماژەی منە تا شوێنی ئێوە بگرێتەوە و حەزیش ناکەم ئیتر هیچ کاتێك دوبارە لەم بارەیەوە هیچ شتێك ببیستم. ئایای داماو دەمی کردەوە شتێك بڵێت، بەڵام درەنگ بو بو. لە پشت دەرگاکەوە دەنگێکی پیاوانە ئەبیسترا. دایکم بە خێرایی قوماشە ئاوریشمیە سپیە درێژەکەی کە تا سەر



Scanned with CamScanner

ئەژنۆی ئەگەشت پێچا بەخۆیەوە و لەوپەڕی ڕێزدا سەیری دەرگا بچوکەکەی ئەوسەری کرد. نازانم بۆچی پێمخۆش نەبو و لە ناکاو بە هەمو بونمەوە خۆمم بە زیادە زانی لەوێ. حەزمئەکرد بڕۆمە دەرەوە بەڵام نەمئەزانی بۆ کوێ. لە ناکاو نامۆ بو بوم بە دایکم. هەمو هەڵسوکەوت و بارودۆخەکانی تازە بون بۆم. ئەمە ئەو کەسە نەبو من ئەمناسی. هەمو شۆڕ و شەوقم بۆ لەگەڵ ئەودا بون لەناوچو. ئێستا ئەوە باخ بو دوبارە لە دەرونمدا ئەدرەوشایەوە. دەرگاکە کرایەوە و دو پیاوی گەنج هاتنەژورەوە. نەمئەتوانی باوەڕبکەم یەکێك لەو دوانە، هەر ئەو شێخەیە کە لە ماڵی خۆمان بینیبوم. ئەوی تریشیان کوڕە گەورەکەی بو کە بۆ شێخ —لەوەی ئەوەندە گەنج دەرئەکەوت— زیاتر لە برای بچوکی ئەچو. شێخ بە سۆزەوە هەواڵی دایکمی پرسی و کە چاوی بە من کەوت، ڕوخساری نقومبو لە خۆشحاڵیەکی گەرموگوڕ و خۆشبەختانە کەمێك لە کاریگەریە نەخوازراوەکانی ساتەکانی پێشتری لە مێشکم دەرکرد، بە دەنگی بەرز وەڵامی سڵاوەکەمانی دایەوە و بە حاڵەتێکی باوك ئاساوە لای خۆیدا داینیشاندم. حەزمئەکرد بمتوانیبا ڕامکردایە. وەك بڵێی بۆیدەرکەوت نائارامم. دەستەکانی کە لە ئاستی ئاسایی گەرمتر بون، خستە سەر شانم و وتی: کیژۆڵە گیان بەخێربێن بۆ ماڵی خۆتان. خۆ ڕێگەکە نارەحەت نەبو؟ وەك جاری پێشوتر حزوری ئەوەندە جەزبەی هەبو بە نارەحەتی ئەمتوانی سەرم بەرزبکەمەوە بە سەر لەقاندن وتم: نا. وتی: ئەو براکەی ترت بە دڵنیاییەوە بینیوە، ئەبێت هەر لێرە بێت ئەمەشیان بەهائەدین محەمەد کوڕە گەورە و یار و یاوەرمانە.

ئەمەیانم ئەسڵەن خۆشنەویست، بە تایبەت کاتێك بە دەنگێکی ڕودارانە و فەرمانڕەوایانەوە لە دایکمی پرسی: ئەم عەلائەدینە لە کوێیە؟ دایکم چیرۆکەکەی سوڵتانەی بۆ گێڕایەوە. ئەو بە توڕەییەکی دەستکردەوە وتی: ئاخر بەم شەوە کام.... و لە ناکاو بە نیگای قورسی شێخ، قسەکەی قوتدایەوە و بە دڵ

ئێشاویەوە سەری داخست. شێخ وتی: خاتون نانخواردنی ئەمشەو چی ئەبێت؟ دایکم بە خەیاڵی ئاسودە و خۆشحاڵ لەوەی دوبارە ئایا خاتون لەبەردەستیدا بو سەیرێکی پڕ مانای کرد. ئەو گێژوویژ سەیرێکی دەوروبەری کرد و لە کۆتاییدا دەستی ئوجی گرت و بە ڕاکێشان بە دوای خۆیدا بردی. بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا دڵم بۆ ئایا سوتا. ئێستا بەدڵنیاییەوە ئەبێت بەو هەموە ماندوێتیەیەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەیوانە و یارمەتی خزمەتکارەکانی شێخ بدات، ئەویش لەو یەکەمین شەوی گەشتنەیدا. نەمئەزانی بۆچی خزمەتکارەکانی شێخ نەیانئەتوانی خوانی ئێوارە ئامادە بکەن. ئەبێت لەم ماوەیەدا دایکم خۆی خوانی ئامادە کردبێت. دایکم ئەسڵەن سەری لە کاروباری ماڵ دەرنەئەکرد و ئەوێش وەك ئەوەی دیاربو لەوانە نەبو هیچ باسێکی چێشتلێنەر و سفرە ڕاخەر یان شتیتری لەو شێوەیە لە ئارادا بوبێت. تەنیا نەمئەزانی بۆچی بەو هەموە ناڕەحەتیەوە، خۆشبەخت و ڕازی دەرئەکەوت.

بەرلەوەی دوبارە بە بیرە خراپەکاندا ڕۆبچمەوە عەلائەدین و شەمسەدین — لەکاتێکدا کە پشیلە پیسوپۆخڵەکە لە باوەشیدا پاڵکەوتبو— لە دەرگاوە هاتنە ژورەوە. بەهائەدینیش چەمیەوە. خوداوەندگار بە دەستی دای لە شانی و لە جێی خۆی داینیشاندەوە، بە لەسەر خۆییەوە تازە هاتوەکانی بانگهێشتکردە لای خۆی. جارێکیتر چاوی زیتکردەوە لە جێگرەکەی و دەستخۆشی لە عەلائەدین کرد بۆ ڕزگارکردنی پشیلەکە. دواتر خۆشی بە وریاییەوە پشیلەکەی لە براکەم وەرگرت و بە سۆزەوە لەسەر چۆکی داینا و بە زمانێکی شیرینەوە کەوتە جنێوپێدانی. سوڵتانە بە چاوە جوانەکانی، بۆ چەند ساتێك بە گومانەوە سەیری کرد، بەلام دواتر —وەك بڵێی چاوەڕوانی ئەم هەواڵپرسیە گەرموگوڕە بێت— نەرم نەرمێ وەڵامی دایەوە، ئەویش بە یەك ناز و عیشوەیەکەوە کە هەموانی هێنایە پێکەنین. لە هەمو ماوەی نانخواردنەکەدا پشیلەکە لەسەر قاچی ڕاستی شێخ



Scanned with CamScanner

دانیشتبو و لەگەڵیدا هاوپارو بو و من نەمئەتوانی باوەڕ بەوە بکەم کە ئەمبینی. چاوەکانی دایکیشم لە چێژی بینینی ئەم دیمەنە مەست بو بون. لەگەڵ ئەو هەموە ماندوێتیەشدا بۆمدەرکەوت عەلائەدین نیگایەکی سەرکەوتوانەی بەهائەدینی کرد کە لە چاوەکانی ئاگر ئەباری. هەرشتێك ڕوینەدا، شۆڕ و شەوقی هەبو. حەیف کە شەمسەدین زۆر زو لە ماندوێتیدا سەری خستە سەر چۆکی دایکم و خەوی لێکەوت. لەوانەیە ئەمە یەکەمین خەوی ئارامی بو دوای ئەو هەموە کاتە. بەڵام من ئێستا هەستی نامۆیی هەمو گیانمی گرتبوەوە، بێداری بێدار بوم و گەشبینانەتر لە ئایندەم ئەڕوانی.

نانی ئێوارە لە باوەشی گەرمی خێزاندا، لە ژێر نیگا گەرم و بەسۆزەکانی شێخ، لەگەڵ بزێویەکانی کوڕە بچوکەکەی عەلائەدیندا حاڵی زۆر باشتر کردبوم. لە کۆتاییدا منیش لە یەکەمین شەوی هاتنمدا بۆ ماڵی تازە خەوێکی قوڵ و ئارام و ڕازیکەرم لە تەنیشت دایکی خۆشەویستمدا ئەزمونکرد.

هێشتا دنیا تاریك بو کە بە دەنگێك خەبەرم بویەوە. ماوەیەکی پێچو تا بۆمدەرکەوت دەنگی بانگە. دەنگەکە بەناخمدا ڕۆئەچو و وەك تەنافێك لە نور دەرونی ئەبەستمەوە بە ئاسمانەوە. یەکەمین جارمبو لە تەمەنمدا هەستێکی لەو شێوەیەم ئەزمون ئەکرد. بانگەکە ورتەورت و هاتوچۆی خستبوە ناو حەرەم. من لەو کاتژمێرانەدا تەنیا هۆگری دەنگی گسکدانی باخەوان بوم، بەڵام دەنگی تریشم ئەهاتەگوێ. لەسەر جێگە خەوەکە دانیشتم و کاتێك لە تاریکی و ڕونی ژورەکەدا ڕوخساری شەمسەدینم کە هێشتا لە خەودا بو ناسیەوە، تازە هاتەوە بیرم لە کوێین. جێگەکەی دایکم خاڵی بو و ئوجی وەك هەمیشە لە بەر پێمدا نەخەوتبو. دەنگی بانگدەرەکە وەك حەریری سور لە درزی سەقفەکەوە ئەڕژایە خوارەوە من و بیرەکانمی بە دەرگا و دیوار و شتەکانیترەوە لە خۆیدا دائەپۆشی. نەمئەتوانی بیرم کۆکەمەوە. یانی ئەبێت دایکم ڕۆشتبێت بۆ کوێ؟



Scanned with CamScanner

دوباره سەرم کردەوە بە ژێر جێگەکەمدا و هەوڵمدا بخەومەوە. بەڵام چیتر خەو نەیبردمەوە. کاتێك دەنگی خشە خشی جلەکانی دایکمم بیست، لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆشحاڵ بوم، چاوەکانم داخست. هات بەتانیەکەی شەمسەدینی ڕێککرد و لە تەنیشت مندا ڕاکشا و چاوە جوانەکانی بریە سەقفەکە. نەیئەزانی بە خەبەرم. بە لاچاو سەیرمئەکرد. شۆڕ و شەوقی ئەو ڕۆژەی لە پێشمان بو، مێشکمی سەقاڵ کردبو. دوێنێشم ئەسڵەن لە بیر نەبو، وردبومەوە لە برۆکانی دایکم و عاجی ڕوخسار و گەردن و بازوەکانی کە ئێستا ڕەنگ براوتر دەرئەکەوتن. خوایە ئایا تا ئێستا هیچ ژنێکت لە دایکی من جوانتر خەڵقکردوە؟ ئای چەند خۆشم ئەویست. بونم لەگەڵ ئەودا تەنانەت لەو ماڵە ناخۆشەشدا، نەئەگۆڕیەوە بە هەمو دنیا. لەناکاو نازانم چیم کردبو کە ڕوی بەرەو لای من وەرگێڕا. غافڵگیر بو بوم، زۆر تەریق بومەوە. بە نەرمی پرسی: بۆچی ناخەویت؟ بە دەستەپاچەیی و ترە ترەوە بۆ ڕونکردنەوەیەکی ڕازیکەر ئەگەڕام.... لە کۆتاییدا وتم:

– دایکە بۆچی ئەبێت کچان شو بکەن؟ دواتر مێردەکانیان بمرن و بە قەولی ئێوە لەم ماڵ بڕۆن بۆ ئەو ماڵ؟ بۆچی ناکرێت تا کۆتایی تەمەنیان لای کەس و کاریان بمێننەوە؟

زەردەخەنەیەکی کرد و لای کردەوە بە لای مندا، دەستی خستە سەر گۆنام. بە پێچەوانەی هەمیشەوە چەند دەستی زبر و سارد بو. وتی: خەریکیت باسی خۆت ئەکەیت؟

غافڵگیر بو بوم. باوکم چەندین جار ستایشی زیرەکی و بیرتیژی دایکمی کردبو، بەڵام من یەکەمین جار بو بە شێوەیەکی جددی لە داوی بیرتیژییدا گیرمئەخوارد. هەرچەندە پەلەقاژەم کرد، زیاتر ڕۆچوم.

خۆی ڕزگاری کردم. ڕوخسارمی وەك نەرمی نەسیمی بەهاران ماچکرد و وتی: ئازیزی دڵم! من تا کۆتایی تەمەنت زیندو نیم. شەمسەدینیش ژن ئەهێنێت و



Scanned with CamScanner

ئەڕوات بە دوای ژیانی خۆیەوە! ئەم بیرانە لەو مێشکە بچوکەی تۆدا چی ئەکەن؟ بۆچی ئەبێت مێردی کچەکان، وەك مێردەکەی من بمرن؟ من تۆ نادەم بە کەسێك بمرێت. بە قەولی دایە خاتون ((پاشا بە لەشکریەوە بێت، ئایا بتدەم، ئایا نەتدەم.)) بە مەرجی ئەوەی کچێکی باش بیت. تۆ هەمیشە باش بویت، بەلاّم ئێستا ئەبێت ورد بیت کە ئێمە هەمومان لە بارودۆخێکی تازەداین و کەمێك ئەخایەنێت تا ڕابێین. ئێمە نابێت ئابڕوی باوکت بدەین بە با. ئێستا لەگەلّ ئەو هەموە تەنیاییەدا، خوا لە سێبەری مرۆڤێکی باش و بەسۆزدا پەنای داوین، ئەبێت هەمو هەولّی خۆمان بخەینە کار. ژیانمان لێرە لەگەلّ ژیانی ناو کۆشکمان جیاوازی زۆرە. یەکەمەن پلەی ئەو وەك سەرمەشقی زاناکان و موفتی شارەکە، لەسەرمان پێویست ئەکات کە خێزانەکەی نمونەی خێزانێکی لە خواترس و دیندار و مسولّمان بێت. کەوایە ئێمە ئەبێت سەروچاو و جل و بەرگ و ئاداب و گوفتارمان لەگەلّ پلەوپایەی ئەودا بگونجێنین. هەروەها، ئەگەرچی ئێمە هەمیشە مسولّمان بوین و هەین، بەلاّم پێشتر زیاتر لە مانگی ڕەمەزاندا مسولّمانیمان ئەکرد. ئێستا ئەبێت لە هەر دوانزە مانگەکەدا مسولّمانی ڕاستەقینە بین. تۆش ئەبێت بەرە بەرە نوێژەکانت نەفەوتێن. ئەمڕۆ لەبەرئەوەی گەشتیار و ماندو بویت تێپەڕی، بەلاّم لە سبەینێوە، ئەبێت لەگەلّ ئەوانیتردا نوێژبکەیت. بە کورتی لەوانەیە دوێنێ کۆتا ڕۆژی مندالّی تۆ بوبێت. تۆ لەمڕۆوە کە خۆر سەردەربێنێت، خاتونێکی تەواو و کاملّ ئەبیت. تەنیا لەم بارەدایە کە لە ژێر سێبەری بەرزی ئەم باوکە تازەیەدا کە ئەبینم تۆش پەسەندوتە و گونجاو لەگەلّ پێگەی بەرزی ئەودا کە ئەگەر لە باوکت زیاتر نەبێت کەمتر نیە، ئینشائەلاّ بتوانم تۆش لە کاتی خۆیدا بنێرمە مالّی بەختت. مالّێك کە تێیدا وەك شازادە خاتونێك بە خۆشبەختی و سەربەرزیەوە بژیت و مندالّی زۆر بخەیتەوە. چیت بینیوە کیژۆلّەکەم، لەوانەیە ئەسلّەن هەر ببیتە شاژنی جیهان، لە هیچت کەم نیە و بۆچی نەبیت؟ ئەسلّەن دور نیە. بەپێی

ئەو پێگەی ئەم خێزانە لای سوڵتان کەی قوباد هەیانە، ئەگەر سوڵتان بزانن خوداوەندگار ئێستا کچێکی وەك تۆ پێگەشتو و جوانی هەیە، بە دڵنیاییەوە بڕیارئەدات ناوی تۆ لە ڕەشنوسی ئەو کچانەدا کە شایستەیی جێنشینەکەیان هەیە، بنوسن. هەردوکمان پێکەنین. بە گاڵتە یان ڕاستی ئەم بیرۆکە زۆر خۆشحاڵی کردم. هەمیشە ژیانی شاژن و کۆشك و بوکێنیە (زەماوەند) حەوت ڕۆژ و حەوت شەویەکانیان و جل و بەرگ و تاجەکانیان کە هەموی لە ئەڵماس بون، دەستیانئەگرتم بۆ ناو جیهانی خەونەکانم. ئەمانەم لە چیرۆکەکانی ئایاجانەوە ئەزانی و تەنانەت جارێکیان لەگەڵ دایك و باوکمدا بۆ سلاوی نەورۆزی ڕۆشتبوین بۆ کۆشکی سوڵتان بە چاوەکانی خۆم شاژنە عولیام لە حەرەمی دەربارد بینیبو و پێم خراپ نەبو مرۆڤ شاژنێك بێت بەو هەموە شان و شکۆ و سەربەزری و ڕێزەوە و چەندین خزمەتکار بە جلوبەرگی جوانەوە هەمیشە لەبەردەم مرۆڤدا ئامادەی ئەنجامدانی فرمان بن و خەڵکیش لە چەپ و ڕاستەوە ستایشی بکەن. ئەڵبەتە ئەو ڕۆژەش هێشتا هەر دایکمم لە شاژن پێ جوانتر بو. بیرم لەو ڕۆژانە ئەکردەوە کە لە بەیانیەوە تا شەو بە جل و گەوهەراتی جوانەوە لە ژێر سایەی جێنشیندا لەگەڵ دەیان خزمەتکاردا لە شەقامە پانەکانی باخە یەك لە ناو یەکەکاندا و لەگەڵ قازی ڕەش و سپی لە حەوزی سەد فوارەیی و تاقگە و گوڵی نایاب و باڵندەی سەیر و نامۆدا، مەست بە بۆنی باخە نارنجەکان ڕێئەکەم کە دایکم بۆی باسکردم.

بەڵام ئەبێت تا ئەوکاتە زۆر ئاگاداربیت. ئەم دو سێ ساڵە ئەبێت ناوبانگێکی وا لە پێگەشتویی و جوانی و داوێنپاکیت لە قونیەدا بڵاوببێتەوە کە هەمو پاشازادەکانی ئێران و تورك و ڕۆم و بەغداد نێرراو بنێرن بۆ داواکاریت. ئەمە ئیتر گاڵتەیەك نەبو. ئەو جددی قسەی ئەکرد و ئەیزانی باسی چی ئەکات. مەگەر خۆی هێشتاش داواکاری دەوڵەمەند و سەرکردەی نەبو.



Scanned with CamScanner

له بەهێزی ئەو شەوقەی بۆمدروست بو بو خۆم بە توندی لکاند پێیەوە و وتم پەیمان ئەدەم، بەلام ئێوەش پەیمان بدەن هەرکاتێك جەنابی شێخ لە گەشتن وەك ئەمشەو بێن و لەگەڵ من بخەون و وەك ئێستا قسەم لەگەڵ بکەن تا....

نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم. بە ڕوخسارێکی تەواو جددیەوە وتی یەکەمن ((جەنابی شێخ)) نا، ئەبێت بە باوکی خۆتی بزانیت و بە باوکەش بانگی بکەیت و لێرەش کەس بە شێخ بانگی ناکات. ئەو خوداوەندگاری ئەم ماڵەیە و بە ((خوداوەندگار)) بانگی ئەکەن.

لەوەی کە هەرکاتێك دایکم ئەیویست دەربارەی ئەو قسەبکات ڕوخساری ئەوەندە وشك و جددی ئەبویەوە، خۆشیم نەئەهات. بەلام پەیمانەکانی چەند ساتێك لەمەوبەر شیرینیەکی وای خستبوە بنی ددانمەوە کە تاڵی پێداگریە ناپێویستەکەی ئەو هیچ کاریگەریەکی نەبو. دنیا هێشتا ڕوناك نەبو بوەوە. ماچێکی توند و درێژی گۆنا ڕەنگ پەڕیوەکەیم کرد، بە چاوێکی نمدار لە ڕاستگۆییدا و وەك چۆن دەستم هەر بە دەور گەردنیەوەبو، مەست لە بۆنی عەتری دەرونی و بەئومێدی خەو گەلێکی خۆش، چاوەکانم لێکنا.

نزیکانی نیوەڕۆ بو کە ئایا خاتون هەڵیساندم. هۆڵی گۆشەکەیان بۆ میوانداری ژنەکان ڕازاندبوەوە نازانم بۆ ناساندنی ئێمە بو، یان دیسانەوە میوانیی بوکێنیان ڕێکخستبوەوە کە گۆبەنەکەیمان نەخواردبو. هەرچیەك بو، میوانیەکی گرنگ بو کە هاوسەری گەورەپیاوان هەمویان بانگهێشتکرابون و پێشکاریەکانی بە فرمانی شێخ چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ڕێکخرابو. لەوەی میوانیەکە تا ڕادەیەك پەیوەندی بە ئێمەوە ئەبو، هەستم بە ڕازیبون و شانازی بەخۆوە کردن ئەکرد. ئەیانوت چێشتلێنەرە زۆر بەناوبانگەکەی قونیەیان هێناوە کە خەڵکی دیمەشقە، کاتێك هەمومان لە دەوری سفرەکە دانیشتین، سەرەڕای خواردنە ڕەنگاوڕەنگەکان کە لە باشترین و بەتامترین و شاهانەترین ئەو خۆراکانە بو لێینەنان، چێشتێکی

تایبەتیشی بۆ بوکە خاتون لێنابو کە خۆی تایبەتی قاپەکەی بە گەرموگوڕیەکی زۆرەوە لەسەر سفرەکە خستە بەردەم دایکم کە بە ڕەنگی لە ڕو بڕاوەوە لە کراسە ئاوریشمیەکەیدا فریشتە ئاسا و تەرپاراو دەرئەکەوت، بەڵام نازانم بۆچی هەر کە سەری قاپەکەی هەڵدایەوە، لەناکاو هەر ئەو کەمە خوێنەش کە لە ڕوخساریدا بو نەما و داماوە دەستیگرت بە دەمیەوە، هەناسە بڕکەی تێکەوت و حاڵی تێکچو. بەلاّم بەو ئەدەبە شاهانەییەیەوە کە هەمیشە لە هەر جوڵەیەکیدا دیاربو، خۆی گرت و بە خێرایی لە شوێنەکەی خۆی هەستایەوە و خۆی گەیاندە ژورەکەی خۆی کە لە تەنیشت هۆڵەکەدابو و ئێمە هەمومان لەوێوە دەنگی دڵ تێکهەڵهاتنی دایکمان بیست کە وەك بڵێی ئەبو لەگەڵیاندا ڕابێت. لە ترسدا ئیفلیج بو بوم. لە ناکاو یەك بە یەکی ئەو چیرۆکانەی کە ئەو کاتە دایە جان لە شەوە درێژە زستانیەکانی کۆشکدا، لە تەڵەکەی سەیر و باوەڕپێنەکراو بۆ ژەهرخوارکردنی سوگولیەکانی حەرەم بۆی ئەگێڕامەوە، کەوتەوە بیرم. بە تایبەت کاتێك مات و داماو ئەمبینی هەمو ژنەکان لە جیاتی ئەوەی نارەحەت بن، پێکەنینی مانادار بە ڕوی یەکدا ئەکەن و چرپەی مانادار بۆ یەکتری ئەکەن و بە دەمی پڕ لە خۆراك و هەندێك جار بێ ددانەوە قاقا لێئەدەن. چێشتلێنەرە داماوەکە کە ئارەق لە ژێر چەناگەی سەر سنگی قەڵەوی ئەڕژا، مات و داماو وەستابو. دڵنیابوم ئەمانە دایکمیان ژەهرخوارد کردوە. چیتر نەمتوانی بەرگە بگرم. هەستامەوە بە شوێن ئایا خاتوندا بڕۆم بۆ ژورەکەی دایکم، کە ڕێگەیان پێنەدام. خەریکبو لە ترس و تورەییدا ئەمردم، چیان بەسەر دایکمدا هێنابو؟ چ داهاتویەك لێرە لە چاوەڕانیماندا بو؟ ژنە ئێرانیەکە کە کیرامانا خاتونی ناو بو و دایەنی کوڕەکانی شێخ بو، دڵی چێشتلێنەرەکەی ئەدایەوە کە بابەتەکە هیچ پەیوەندیەکی بە خواردنەکەی ئەوەوە نیە، خاتون خۆی کەمێك باری تەواو نیە. ئەمویست بیکوژم. هەڵۆپیرەکە لەو سەر سفرەکەوە بە پێکەنینێکی فێڵاویەوە



Scanned with CamScanner

پرسی، ئێستا یەکێك پێمبڵێت ئەم کلۆڵە چ خواردنێکی لێناوە؟ چێشتلێنەرەکە بە ڕوخسارێکی شەرمەزار و بێتاوان و بە دەنگێکی ناسك کە نزیك بو لە گریان، وتی: ((چێشتی چاو.)) زۆری نەمابو منیش وەك دایکم لێبێت. چێشلێنەرەکە بە گەرموگوڕیەوە دەستیکرد بە ڕونکردنەوە کە بەیانی زو بە چ زەحمەتێك خۆی بە تایبەتی چاوی تازەی لە چەندین دوکانی قەسابی لە کەللە سەردا دەرهێناوە و منیش خەریکبو لە هۆش خۆم ئەچوم. ئەمە ئەبێت خواردنی جادوگەرەکان بێت. کاتێك وێنامکرد کە لە ناو قاپی سەر سفرەکەدا، دەیان چاوی خوێنین زاق بونەتەوە لە دایکم، بە ئاشکرا لەرزیم. نەئەکرا خۆمم بۆ ڕابگیرێت، خۆم لە دەستیان ڕزگارکرد و ڕامکرد بۆ ژورەکەی دایکم. ئایا بەردەمی گرتم و وتی بڕۆرەوە بۆ سەر سفرەکە و دانیشە دایەگیان! ئێستا هەموان دێن و میوانیەکە تێکئەچێت. هیچ نیە، زو چاك ئەبێتەوە. خۆم ئەیهێنمەوە، تۆ بڕۆ. ئەمزانی توانام بەسەر ئایادا ناشکێت. بە لچ و لێوی داقرچاوەوە گەڕامەوە بۆ سەر سفرەکە و بە ترسەوە بینیم قاپی خۆراکی جادوگەرەکان بە بەه بەه و دەستخۆشی و مڵچ و مۆچی پیرەژنە بێ ددانەکانەوە، دەستاودەستی پێئەکرێت. لە ترسی چاوەکان، خۆم خەریککرد بە مەحشیەکەی سەر قاپەکەمەوە و بۆنەوەی دڵم تێکنەچێت، خۆم سەرقاڵکرد بە بیرکردنەوە لە باخ و کۆشك و میوانیەکانی خۆمان کە چێشتخانەکەی هەرگیز ڕەنگی چاوی بە خۆیەوە نەبینیبو. دڵم بە پەلە لێیئەدا و خەمێکی قورس گەرومی تەنگ کردبو. کاتێك کاتژمێرێك دواتر هێشتیان بڕۆمە لای دایکم بە ناباوەڕیەوە بیستم پێی وتم چێشتی چاو خواردنی پاشاکانە نەك جادوگەرەکان و ئەویش ژەهرخوارد نەکراوە، بەڵکو هەر بەڕاستی کەمێك باری تەواو نیە. تەنانەت ئەگەریش بەم شێوەیە بوایە، من ئیتر هیچ متمانەیەکم بە خەڵکی ئەو ماڵە نەئەکرد. ترسە نهێنی ئامێزەکە کەوتبوەوە گیانم و ئۆقرەی لە بەر بڕیبوم.

عەسر کیرامانا هات بۆ لای دایکم و وتی کە جێگەی شەمسەدین لە دالأنەکەی گۆشەکەدا و ژوری من و ئایایان لە حەرەمدا ئامادەکردوە و تا تاریك نەبوە، ئەبێت کەلوپەل و شتومەکەکان ببەین و شوێنیان بکەینەوە. ئایا خاتون ڕویکردە دایکم و لە کاتێکدا هێشتا ڕەنگی لە ڕوبراْبو وتی، پێویست بە ئەو ناکات خۆی یەکەمجار کەلوپەلەکانی شەمسەدین و دواتر کەلوپەلەکانی ئێمە ڕێکئەکات و کە تەواو بو بانگمان ئەکات. دواتر سەیرێکی پڕ مانای منی کرد و بە شوێن کیراماناداا ڕۆشت. ناوکی خستم. کەوایە ئێمە تەنیا یەك شەو مۆڵەتمان هەبو لێرە بخەوین. لێرە بە دواوە من ئەبوایە لەو هەیوانە قوڵە لەگەڵ ئەو پیرە ژنە چاو کوێرانە لە یەك شوێندا بخەوتمایە. ئەسڵەن ئوجی لە کوێیە کە لە دوێنێوە دیارنیە بۆچی من ئەبێت بڕۆمە ئەو خوارە؟ بۆچی ئەبێت شەمسەدین لە بەشێکی ماڵەکەدا کە لەم دواییەدا بۆ دایکم و خوداوەندگار ئامادەکراوە، بمێنێتەوە و من نا؟

هەستم بە پەستانی دەستەکانی دایکم کرد لەسەر شانم کە وەك بڵێی ئاگاداری ئەم هەموە بگرە و بەردەیەی دەرونم بو. بە هێزێکی گونجاوەوە وتی: ئازیزم، ئەمە بەشێکە لە پەیمان و بەڵێنەکانی ئەم بەیانیەمان. تۆ تەنیا ئەبێت بڕۆیتە خوارەوە، لەبەرئەوەی خاتونێکیت و ئەتوانیت لە حەرەمدا بیت. شەمسەدین ناتوانێت بچێتە ئەوێ، لەبەرئەوەی پیاوە. ئێرەش شوێنی تیانیە بۆ کەسێکیتر. تەنیا یەك مۆڵی پێشوازیە لەگەڵ کتێبخانەکەی خوداوەندگار و یەك ژور بۆ من و هێشخانی سەر پلیکانەکانیش کەتا ئێستا گەنجینەیەك بوە و جارێ بۆ شەمسەدین کە هێشتا منداڵە و ڕانەهاتوە، ئامادەیان کردوە و بەڵام ئەویش کاتێك ژورەکەی لالا لە حوجرەکە ئامادەکرا ئەبێت بیگوێزێتەوە بۆ ئەوێ، وەك کوڕەکانی خوداوەندگار کە هەردوکیان لە حوجرەکەن. ئێستاش ڕوت ڕۆشنکەرەوە و پەیمانەکانت لە بیربێت. دواتر بە دەستی گەدەی گوشی و لە ئازاردا ناوچاوی گرژبو. بارودۆخی باش نەبو و خوارەوەی چاوی ئاوسابو. هیچ قسەیەك نەمابوەوە

بۆ وتن. زۆر توڕەبوم لەم کارەی شێخ. بۆچی ئەو کە ئەیزانی ئەم ژنە دو منداڵی هەیە، هەر لەم بەشەی ماڵەکەدا ژوری بۆ ئامادە نەکردبون؟ هەراوهوریایەک لە ناخمدا بەرپابو. بەیانی کاتێک پەیمانم بە دایکم ئەدا، نەمئەزانی چ مەرجێکم قبوڵکردوە.خوا بکات ئەمە کۆتایەمینی بێت. خوایە خۆت یارمەتیم بدە بتوانم پەیمانەکەم ببەمەسەر. یارمەتیم بدە لەو گوڕەدا بوێریی ژیانم هەبێت لەگەڵ ئەو جادوگەرانە و هەڵۆ مێیینەکەدا.

سەرەڕای ئەو هەموە دوعایە، بوێری ڕۆشتنم نەبو و کاتێک ژنەکانیتر ڕۆشتن، من هێشتا لە هۆڵەکەدا لای دایکم بوم و خوا خوام ئەکرد کە زو بانگم نەکەن تا ئەو چرکە شیرینانە کۆتاییان نەیەت. کە ژورەکە خاڵی بو، شەمسەدین و عەلائەدین هۆڵەتی هاتنە ژورەوەیان وەرگرت. سوڵتانە، سپی و درەوشاوە و لەسەرخۆی شەیتانی ئەکرد. عەلائەدین یارمەتی براکەمی دابو لە شۆردنیدا. چاوی هەرسێکیان لە خۆشیدا درەوشایەوە. دایکم بە تاقەت و شۆڕ و شەوقەوە چیرۆکی چێشتی چاوەکەی بۆ گێڕانەوە، بەڵام بەشی دڵ تێکچونەکەی پەڕاند. هەموان، بە تایبەت عەلائەدین لە ناخی دڵەوە پێکەنین. بونی ئەم برا تازە چەند دڵگیر بو. هێشتا بیست و چوار کاتژمێر تێنەپەڕیبو کە ئەوم -ئەگەر زیاتر نەبێت- لانی کەم هێندەی براکەم خۆشئەویست. ئای خۆزگە ئەویش برای ڕاستەقینەم بوایە. بەڵام لە ڕوکەشدا جیاوازی گەلێك لە ئارادا بون. لەبەرئەوەی هەرچەندە هەوڵمئەدا، نەمئەتوانی بە خۆمی بقبوڵێنم ئەمانە بەڕاستی برای منن. گرنگ ئەوەبو من لەو ماڵە نامۆیەدا هاوڕێیەکم پەیداکردبو. دایکیشم خۆشحاڵی خۆی لە باشی پەیوەندیەکەمان نەئەشاردەوە. جەممان جەم بو. دوای نوێژی شێوان، خوداوەندگار و کوڕە گەورەکەی کە وەك سێبەر پێوەی لکابو، هاتن بۆ لامان. دیسانەوە چیرۆکی چێشتی چاوەکە گێڕرایەوە و دایکم ئەم جارەیان گەرموگوڕتر دیمەنی قاپە پڕ چاوەکان و حاڵی خۆی گێڕایەوە. خوداوەندگار خۆی یەك پارچە

چاو بو. چاوێك كە تەنیا ورد بو بویەوە لە لێوە گوڵناریەكانی دایكم. دوبارە هەمومان بە یەكەوە لە ناخی دڵەوە پێكەنین. بەڵام لە ناكاو ڕوخساری خوداوەندگار جددی بویەوە و بە نیگەرانیەوە پرسی: خاتون ئێوە بە دڵنیاییەوە دڵی چێشتلێنەرەكەتان داوەتەوە؟ داماوە تاوانی نەبوە. من ساڵانێك لە بەغداد و دیمەشق و حەڵەب بوم. بەڕاستی چێشتی چاوی مەڕ خۆراكێكی شاهانەیە و ئەو بە تایبەت بۆ ئێوەی ئامادە كردبو. نەوەك داماوە دڵی ئێشابێت! ئەبوایە پێی بوترایە بارودۆخی ئێوە باش نەبوە و پەیوەندی بە خواردنەكەی ئەوەوە نەبوە. بەیانی بەدواداچون بكە و دڵنیابە لەوەی دڵی هاتبێتەوە جێی خۆی. ڕوخساری داماوی چێشتلێنەرەكەم هاتەوە بیر و لەگەڵ هەمو خاویەكەیدا، وردبینی ئەم باوكە تازەیە توشی سەرسوڕمانی كردم. ئینسانیەت، وردی و نەرمی ئەو شەپۆلێكی گەرمای نارد بۆ دڵی تەزیوم. دوێنێ شەو پشیلە پیسەكەی لەسەر چۆكی –كە پێئەچو بەرزترین شوێن بێت لە ئاسمانی ئەو ماڵەدا– دانابو و ئەمڕۆش دڵی بۆ چێشتلێنەرێك ئەسوتا كە هیچ كەسێك درێغی نەكردبو لە پێكەنین بە ڕوخسارە مات و داماوەكەی. بەڕاستی ئەو جیاوازبو لەو هەموە كەسانەی من ناسیبونم. لەوانەیە منیش گوناهە گەورەكەی كە ژورێكی تایبەتی بۆ دابین نەكردبوم، ببەخشم. بەرە بەرە خەریكبوم نهێنی دڵ پێدان و عاشقبونی دایكمم ئەدۆزیەوە. واقم لێی وڕمابو كە لەناكاو گەڕایەوە و نیاگاكانمی ڕاوكرد. سەرم داخست و سور بوبومەوە. هەستمكرد خەریكە سەیری دایكم ئەكات. ساتێك دواتر قسەی لەگەڵ كردم وتی: باشە، خاتونە بچكۆلە! ئاخۆ زمانتان هەیە؟ هەموان پێكەنین و من ئەسڵەن گوێم پێنەدا. ئەمویست زمانم دەربێنم تا بزانێت هەمە، بەڵام هێشتا ئەوەندەش لەگەڵ یەك نەكرابوینەوە. وتی:ئەزانم هەتە. ئێستا ئەمەوێت لە دەمی خۆتەوە بیبیستم. ناوی باشی كیژە نازدارەكەمان چیە؟ دایكم بە نیگەرانیەوە سەیریكردم. ئەم شێوازی سەیركردنەی ئەو هەمیشە منی تورە و

شلەژاو ئەکرد. بە دەنگێك کە وەك بڵێیت لە ناو چاڵێکەوە ئەبیسترێت وتم: کیمیا خاتون.

– خاتونەکەش بەشێکە لە ناوەکەتان، یان خۆتان بە مەبەستی ڕێز پێوەتان لکاندوە،پایەبەرز؟

دیسانەوە هەموان پێکەنین، بەڵام من نا. یەکەمین جار بو یەکێك پرسیاری ناوەکەمم لێبکات و هەمیشەش بە کیمیا خاتون بانگیان کردبوم. چاوە داماوەکانم ڕەشکەوپێشکەیان کرد و نیگام بەر چاوەکانی عەلائەدین کەوت کە بە سۆزەوە ورد بو بوەوە لێم. دەنگی دایکمم بیست لە دورەوە ئەیوت: بە شێکە لە ناوەکەی، بەڵام ئێوە و ئێمە بە کیمیا بانگی ئەکەین. خاتون لەم ژورە بەدەر ئەلکێتەوە بە ناوەکەوە، دیسانەوە هەموان پێکەنین. شەمسەدین بێ قەرار بو. وەك بڵێی چاوەروان بو پرسیارێکیش لەو بکرێت. بەدفەڕە تەنانەت یەك جاریش نەیئەتوانی بەرگەی ئەوە بگرێت زیاتر لە ئەو سەرنج لەمن بدرێت. خۆشبەختانە دەرگا کرایەوە و بە هێنانی خواردن هەراوهوریاکە کۆتایی هات. هێشتا نانخواردنەکە تەواو نەبو بو کە ئایا بە هەناسە برکە لەسەر پلیکانەی کۆتایی ڕێڕەوەکە پەیدابو و ئاماژەی بۆ کردم بڕۆم. ئەسڵەن هەر خۆشم تێکنەدا. خۆشبەختانە نەئەهاتە تالارەکە، لە ڕوکەشدا لەبەرئەوەی خوداوەندگار و کوڕەکانی لەوێ بون. کاتی پێویستی هەبو تا ئەوانیش وەك باوکم بە ساغی قوتبدات. ئەو بێجگە لە کیراخاتونی خۆشەویستی شەرمی لە هیچ کەسێك نەئەکرد. لە کۆتاییدا دایکم ئاگاداری بوەوە و ڕویکردە خوداوەندگار و وتی: ئەگەر مۆڵەت بدەن کیمیا بڕوات، دایە چاوەڕوانیەتی. ئەویش بە زەردەخەنەیەکی بەسۆز و ئامازەی دەست ڕێگەی پێدام. هیچ بوارێکیش نەبو بۆ چەنەبازی. تەنیا لە ناو هەمواندا عەلائەدین بە نیگاکانی وتی: ((بمێنەرەوە)). وەك دیاربو تەنیا ئەو لە حاڵ و باری من تێئەگەشت. لەوانەیە لەبەرئەوەی دایکی ئەویشیان بە نەخوازراوی لێسەندبوەوە.

ئەسڵەن نەمئەویست بڕۆم. کەمێك خۆم سەرقاڵکرد بەڵام هەموان سەرقاڵبون. وەك بڵێی هیچ ڕوینەداوە. دایکم بە نیگایەکی ساردەوە ڕەوانەی کردم. وائەزانم تەنانەت هەناسەیەکی ئاسودەشی هەڵکێشا. بیست و چوار کاتژمێر بو پێوەی لکابوم و لەوانەشە هەقی بو بێت.

خوا ئەزانێت بە چ حاڵێکەوە کەوتمە شوێن ئایا خاتون. لە پلیکانەکانەوە چومە ناو هەیوانە تاریکەکە کە ئێستا لە ژێر ڕۆشنایی چرای سەر ڕەفەکاندا کەمێك ڕۆشن بو، بەڵام قوڵتر و ترسناکتر دەرئەکەوت. ئایا بە کەمێك من منەوە وتی: خاتون گیان ئەگەر کارێکت هەیە پێکەوە بڕۆین. ئێرە هیچ باسێك لە هەڵگرە و داینێی قاپوقاچاخ نیە. ئوجیشیان ئاگادارکردوەتەوە جارێك لە چێشتخانەکە بخەوێت و یارمەتی ئێمە بدات لە کاری چێشتلێناندا. لەوانەیە شەو نەوێرێت بێیتە دەرەوە. منیش خەوم قورسە. لێرە پیسیی و پاکییان لە زەویەوە تا ئاسمان جیاوازە لەگەڵ ئێمە. واتە هەمو شتێکیان لەگەڵ ئێمەدا جیاوازە. ئاوی ماڵەکەش لە خوار پلیکانەکانی ڕوبەڕوی چێشتخانەکەوەیە. من ژنێکی زل و زەبەلاح بە ڕۆژی ڕۆشن ئەترسم بڕۆمە ئەوێ چ بگات بە شەو....

بەڵام من ئیتر هۆشم لای ئەو نەبو. لە تورەییدا خوێن بەرچاوی گرتبوم. دوای ئەو هەموە پەستانانەی ئەم ماوەیە بەرگەم گرتبون ئەم قسەیە وەك چنگوڵێك ملی گرتم و چ کەسێك و بە چ بوێریەکەوە وتویەتی ئوجی ئەبێت لە چێشتخانەدا کاربکات؟ ئوجی هی منە، ئیختیاریشی بە دەستی منە. تەنانەت باوکم سەنەدەکەشی بەناوی منەوە کریوە. چ کەسێك وێراویەتی ناچاری بکات کارێکی تر بکات؟ بە هاوارەوە وتم: بڕۆ هەر ئێستا ئوجی بێنە. ئایا، لە چاوترووکانێکدا دەستی خستە سەر دەمم و پاڵی پێوەنام بەرەو دەرگایەك کە وەك دیاربو ژوری من بو. کاتێك سەرکەوتو بو منیشی کێشکردە ناو ژورەکە، دەرگاکەی داخست و من مۆمدانە زیویە سێ شاخەییەکەی ژورەکەی دایکم لە کۆشکەکەدا بینی کە یەك



Scanned with CamScanner

مۆمی لەسەر هەڵکرابو. سندوقەکەم بە ئاوێنەکەی سەریەوە کە دایکم لە بازرگانێکی ڤینیزی بۆی کڕیبوم کە ساڵی یەك جار لەگەڵ وەرینی گەڵاکاندا کاڵاکانی لە باخەکەماندا بڵاوئەکردەوە، لە ژورەکەدا بو. ئەم شتومەکە ناسراوانە ئاسودەیان ئەکردم. ویستم باوەش بکەم بە ئایادا و ماچی بکەم بۆئەوەی کەلوپەلەکانی ژورەکەمی هێنابو بۆ ئێرە. دایکیشم ئەبێت لەبەر هەر هۆکارێك کە من سەرم لێی دەرنەئەهێنا، لە قبوڵکردنی مۆمدانەکەی بورابێت کە من میراتگری بوم. چنگوڵەکان گەردنیان بەردام و بەڵام نوجی جێی خۆی ئەگرت. پێداگر و بەهێز بە ئایام وت: یان برۆ نوجی بێنە یان من دوبارە ئەگەڕێمەوە سەرەوە. بە ئاوازێکی پاڕانەوەوە کە لەودا بێ پێشینە بو، وتی: خاتون گیان، قوربانت بم، دڵم مەبە! خاتون خۆی بە تایبەتی وتویەتی هەرچی ئەمانە ئەیلێن ئەبێت بە گوێیان بکەین. منیش دڵم هەر خوێنە، بەڵام دایکت بارودۆخی باش نیە و نابێت خەفەت بخوات. جاریێ دان بەخۆتدا بگرە بزانم چیم پێئەکرێت.

چۆن ئەمتوانی بێدەنگ بم کاتێك بیرم ئەکردەوە نوجی کە هەمیشە لە خوارەوەی جێگە خەوە برۆنزیەکەی منەوە لەسەر فەرشی پیرۆزەیی ئەخەوت، ئێستا ئەبێت لە چێشتخانەیەکدا بخەوێت کە خوا ئەزانێت چەند تاریك و پیس و پڕ لە گیانەوەرە. کێ توانیویەتی لێرە فرمانێکی لەو شێوەیە دەربکات؟ ئەمزانی ئاوی گەنجینە و چێشتخانە و داڵانەکان بێجگە لە کۆشکەکەی ئێمە، ئاسایی لە ژێر زەویدا دابینئەکرێن و هەمیشە بۆ منداڵەکان ترسناکترین شوێنی ماڵن و گومانی تێدا نیە شەوان شوێنی ژیانی جنۆکەکانن، ئەوە هێشخانی خەڵوز و دار با هەر بوەستێ، هەمو خەڵکی قونیە لانی کەم یەکجار جنۆکەیان تێدا بینیبو و ئێستا نوجی داماو کە تازە چەند بەیانیەك بو خەمی دیلێتی خۆی لە بیرکردبو، ئەبوایە ببوایەتەوە بە دیلی جنۆکەکانی ژێر زەویی ئەم ماڵە نەفرەتیە. بەداخەوە کە من بە شێوەیەکی مەرگهێنەر لە تاریکی ئەترسام، ئەگینا هەر کە ئایا دەستیکرد بە



Scanned with CamScanner

پرخە پرخ، ئەرۆشتم و ئەمهێنا. ئەڵبەتە ڕێگریتریش لە مێشکمدا کاریان ئەکرد. بۆ نمونە بڕیار و پەیمانەکان کە بە دایکمم دابون، تورە بونی شێت ئاسام لەسەر نانخواردنی نیوەڕۆدا لەبەر ڕوداوێکی سادە و ڕوخساری ساردی دایکم لە ئاراستەکردنی بۆنە تازەکاندا، و شتیی‌تازەیتری هاوشێوەی ئەمانە. ئەمەبو کە بیرمئەکردەوە ئوجی داماو ئەبێت ئەمشەو هەر چۆنێك بوە لە خزمەتی جنۆکەکاندا بێت تا بزانم بەیانی ئەتوانم چی بکەم. ویژدانیشم ئازاری ئەدام، ئەگەر لە دوێنێوە بیرێکم لێکردباوە، لەوانەیە لەگەڵ دایکمدا ڕێگەچارەیەکمان بدۆزیایەوە.

دوێنێ و ئەمڕۆ سودمانلە حەمام و چێشتخانەکەی ژێر پلیکانەکانی گۆشەکە وەرگرتبو کە بە فرمانی خوداوەندگار بۆ ئاسودەیی دایکم دروستیانکردبو، بەلاَم کیرامانا بە جددیەتەوە تێیگەیاندین ئەو بەشە و هەمو ئیمکانیاتەکانی تایبەتین و ئێمە ئەبێت لەمەودوا سود لە ((سەرئاوی)) حەرەم وەربگرین. باوکە تازەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە ماڵەکەی و شێوازی ژیانی هیچ هاوشێوەییەکی نەبو لەگەڵ ژیانی گەورە خەڵکەکەی قونیەدا، بەلاَم بە زیرەکیەوە و بەخێرایی، هەمو ئەوەی بە گرنگی زانیبو بۆ خۆشگوزەرانی دایکم بەدیهێنابو و کیرامانا بە تەواوی ئاگادار بو کەسیتر سود لەو ئیمکانیاتانە وەرنەگرێت. لەوانەیە خۆشی لەم جیاکاریە بێبەش نەبوبێت. بەلاَم من زۆری پێنەچو کە بۆمدەربکەوێت ئەگەر ئەمتوانی لەگەڵ هەمو شتێك ئەم ماڵەدا ڕابێم، ئەم بەشەی ئیتر بە ڕاستی مۆتەکە بو. ئەبێت بۆ دایکیشم هەروا بو بێت کە سەرئاو و حەمامی تایبەتیان بۆ دروستکردبو.ئێمە خۆمان لە باخ: حەمامێکی بچوك و جوانمان هەبوبە حەوزی گەرم و ساردەوە کە سوتەمەنیەکەی لە تەویلەوە دابینئەکرا. دایکم هەمو ڕۆژێك و ئێمەش تەنیا لە زستانانی پڕ بەفردا کە نەمانئەتوانی بڕۆین بۆ حەمامی مەڕمەڕی شار سودمانلە حەمامی باخەکە وەرئەگرت. ئەڵبەتە ئێمە شار و حەمامی مەڕمەڕمان پێخۆشتر بو. خۆی بۆ خۆی جەژنێکی تەواو بو، بە هەمو ڕابواردن و



Scanned with CamScanner

ورگ لەوەڕێنیەکانیەوە. خزمەتکارەکان بەر لە دو ڕۆژ پریاسکە و خواردەمەنیان ئامادەئەکرد و بەر لە خۆرکەوتن کەلوپەلەکانیان ئەنارد بۆ حەمامەکە و کارەکانیتر لە ئەستۆی تاراباجی هەمەکارەی حەمامدا بو. من شەوی حەمام لە خۆشیدا خەوم لێنەئەکەوت و ڕۆژی دواتریش مەستی سوکی و بۆنی پاکی خۆم بوم. ئایا ئامۆژگاری ئەکردم یەك دو ڕۆژ کەمتر لە باخدا بگەڕێم بۆ ئەوەی بە پاکی بمێنمەوە. بەڵام من هەر کە بۆنی پەلکەکانم نەئەما، دوبارە ئەڕۆشتمەوە ناو خاك و خۆڵ. ئێستا بیرمئەکردەوە هەمو ئەمانە هی چەند ساڵێك لەمەوبەرە. لێرە ئەبوایە لە کاتی پێویستدا بڕۆشتمایەتە سەرئاوێك کە بۆنی لە چەند مەترێك دورترەوە ئەهات و چاڵێکی هێندە گەورەی هەبو کە کەسێکی وەك من بە ئاسانی ئەکەوتە ناوی. ئەم مۆتەکەیەش لەسەروی هەمو مۆتەکەکانمەوە بو. دواتر لەسەر ئامۆژگاری ئایا بڕیارمدا لە دوای ئێوارەوە شتی ئاودار نەخۆم و یاری بە ئاو و ئاگریش نەکەم. بەهەر جۆرێك بو ئەو شەوە دانم بە خۆمدا گرت و ڕۆشتمە جێگە خەوێکی نامۆ و ڕەق کە بۆنێکی توند بەڵام وەك سابونی لێئەهات و بەتانیەکەی زەرد و پشتیەکەی مەیلەوسور بو. لانی کەم لەم جێگە خەوەوە ئەکرا بزانرێت کەسێك داوای کردوە بۆ من. لەوانەشە کاری ئایاجانی خۆمان بو بێت. ئەو سەلیقە شاهانەییەکەی لە هەمو شوێنێکدا وەك یەدەك بەکارئەهێنا، بە تایبەت کە ئێستا ئەبوایە خۆشی لەم ژورەدا بخەوتایە. بەیانی دیسانەوە بە دەنگە مەلەکوتیەکە کە وەك تەنافێکی زیوی، زەوی و ئاسمانی پێکەوە ئەبەست، خەبەرم بوەوە. ئایا زوتر خەبەری بو بوەوە. بەیەکەوە ڕۆشتینە سەر حەوزەکە، خەریك بو لە کەم خەویدا ئەمردم. چەندین دێوەزمەی بەرز و کورت لە هەیوانەکەدا بەیەکەوە چرپە چرپیان ئەکرد، یان لە ژێر لێوەوە ویردیان ئەخوێند. نوێژی بەیانی بۆ من نامۆ نەبو. تا ئەو جێیەی ئەهاتەوە بیرم، مانگەکانی ڕەمەزان کە ماڵی ئێمە کەشوهەوایەکی تری هەبو، منیش لەگەڵ ئەوانیتردا نوێژی بەیانیم ئەکرد. باوکم



Scanned with CamScanner

لەمبارەوە ئەسڵەن سەختگیر نەبو. دایکیشم تازە مسوڵمان بو. لەگەڵ ئەم هەموەدا مانگی ڕەمەزان لە ماڵی ئێمەدا وەك هەمو ماڵێکیتری قونیە بە جددی و ڕۆحانی و پڕ بەرەکەتەوە ئەگیرا و ئێمەی منداڵان خۆمان تێکەڵی گەورەکان ئەکرد و ڕۆژومان ئەگرت و لەم ڕۆژانەدا سەرەڕای بەرەکەتە شاراوەکانی وەك میوە و پیاڵەی ئاوی باخ لە هاویندا یان لەتە قەیسی و قاپە شۆربای زستانان کە لە چێشتخانەدا بەرمانئەکەوت، لە تەنیشت سفرەی ڕەنگاوڕەنگی بەیانیان و بەربانگ کردنەوەشداچێژێکی مەعنەویمان وەرئەگرت. بەلاّم بۆ دەستنوێژ هەمیشە هاوینان و زستانان، تەشتیان ئەهێنا و ئەمە لەوانەیە یەکەمین دەستنوێژگرتنی من لەسەر ئەم حەوزە بچوکە بو کە پشتی ماسیە سورەکانی لە ژێر ڕۆشنایی چراکاندا ئەدرەوشانەوە. نوێژێکی هەڵە و بێ ئامادەبونی دڵ و ئیجباریم ئەخوێند و خۆم ئەکردەوە بە ژێر جێگەخەوەکەمدا. لەوانەیە من تاکە ژنی حەرەم بوم کە مافم هەبو پاش نوێژ بخەومەوە. ئەوانیتر ئەبوایە هەستایانەوە و هەریەکەیان خەریکی ئەرکەکانی خۆی بوایە. ئەڵبەتە پیرەکان هیچ ئەرکێکیان نەبو و لەبەرئەوەی خەویان لێنەئەکەوتەوە، هەر لەو سەرەتای بەیانیەوە کاریان زۆر بڵێیی و باسی ئەم و ئەو کردن بو. سوپاس بۆ خوا کە هێشتا بە ئێمە نامۆ بون و نەئەهاتنە ژورەکەمان. ئەبێت بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکەم هەمیشە بەم شێوەیە بمێنێتەوە. بۆمدەرکەوت لێرەوە بەرە بەرە دەستئەکەم بە دارشتنی داهاتوم. خوایە چەند جیاوازبوم لەو کیژۆڵەیەی کە دوێنێ هاتبوە ئێرە. شەپۆلێکی ورد و هۆشمەند خەریکبو لە دەرونمدا خەبەری ئەبوەوە و ئەو بە گوێپێنەدانەوە، وەك کۆلارەیەك کە بەرەلاّ کرابێت، دورئەکەوتەوە لێم. ئەمبینی یادگاری ئەو باخە ئێرانیەش خەریکە لەگەڵ کۆلارە بەرەلاّکراوەکاندا بە هەواوە دور و دورتر ئەبێتەوە لێرە نرکچەکەی موفتی پایەبەرزی قونیە، بەسراو بە زەوی حەرەمەوە، لەناو ئەو هەموە نامۆییەدا، کەنەفت لە ماندوێتی دیوارە خشتیە ئەستورە ڕێ لە خۆر



Scanned with CamScanner

گرتوەکان، بە شوێنیەوەیەتی کە ئەڕوات تا لە ناو هەورەکاندا بۆ هەمیشە لە بەرچاو ون ببێت.

خوێندنی نوێژ و خواردنی نانی بەیانی لە چێشتخانەکەی حەرەمدا کە دو ژوری گەورەی لەناو یەك بو، بە سادەیی ئەنجامدرا. دوای نانخواردن، کاتێك خەوەنوچکەی شیرینی هەموانیان تێکدا، من وەك خوی پیاسەکانی دوای نیوەڕۆی ناو باخ، لە ژورەکەم ڕۆشتمەدەرەوە و لەسەر پلیکانەکان کە بە دەرگای سەرەوە کۆتایی پێئەهات دانیشتم. ئەبوایە ئەو هەیوانەی کە بڕیاربو —یان باشتر بو- بەرگەی بگرم، هەڵسەنگاندایە. دەنگی قرخەقرخی پیرەژنەکان —نزم و بەرز- لە هەمو لایەکەوە ئەهاتە بەر گوێ و نهێنی ئامێزی و وەهمهێنەری هەیوانەکەی ئەوەندەی تر بەهێز ئەکرد.

هەمو شتێك مەیو و ئەزەلی ئەهاتە بەرچاو. وەك بڵێیت ئەم هەیوانە بە دەنگی گیزەگیزی هەنگەکانی لەسەر لقی ڕەزە ڕازاوەکان بە بۆشکە لاوازەکانیانەوە کە بە ماندوێتیەوە سالآنێکی ساڵ خۆیان لکاندبو بە کۆڵەکەی هەیوانەکەوە و ئەو مارمێلکانەی کە لەسەر پاسارەکان خۆیان ئەدا بە خۆر و مێشە گەورە ڕەنگ شینی ئاسمانیە دروشاوەکان کە بەسەر بەردی لێواری حەوزەکەوە بە تاقەتەوە ئاویان ئەخواردەوە و دیوارەکانی بە گوڵە خشۆکە سورەکانەوە کە تینو و خۆرنەدیو بە پەتی ئەستور بە بزمار هەڵواسرابون، دەرخەری پوچێتی بونەوەربون. لەو گوڵە سورانە کە نەك سور بەڵکو پەمەیی بون و بۆنیان لەگەڵ شوناسی خێزانەکەی ئێمەدا تێکەڵبو، ئێمەش لە باخ هەمانبون. ئەیانوت باپیرەم لە ئێرانەوە هێناونی و چاندونی و لەو ڕوەوە کە بۆنی دایکمیان ئەدا، من خۆشحاڵ بوم کە لانی کەم ڕەگەزێکی ئاشنام لەو هەیوانە نامۆیەدا دۆزیبوەوە. لە تەنیشت حەوزەکەدا، پارچە بەردێك کە ئاویاری نامۆیی من بو، بەرەو خۆی کێشیئەکردم. کاتێك نزیك بومەوە دەرکەوت پەیکەری ئاژەڵێکی هاوشێوەی شێرە. ئەو لەوانەیە



Scanned with CamScanner

میراتی ئەو ڕۆمیانە بو کە سەد ساڵ لەمەوبەر خاوەنانی یەکەمی زەوی ئەم خانوە بون و بێگومان ئەوەندە قورس بوە کە سەرەڕای هەمو گۆڕانکاری و ڕوداوەکان، نەیانتوانیوە بیجوڵێنن. ئای خۆزگە ئەیتوانی قسەبکات. خۆشیم لێی هات، کە بەو هەموە ئارامگریەوە لە ژێر درەختەکاندا ڕاکشابو. چاوە بەردین و ساردەکانی ئەدرەوشانەوە. لەسەری دانیشتم و هەستم بە ئارامیەکی بێ هۆ کرد، هەستمکرد من و ئەو ئەبینە دو هاوڕێی باش. ئەگەر ئەو دیوارانە ئەوەندە بەرز نەبونایە کە بینینی یەك بست ئاسمان ملی مرۆڤ وەڕەز ئەکات و ئەگەر وازیان لە ئوجی ئەهێنا کە لەگەڵ مندا بێت، لەوانەیە بمتوانیبا ئەم دو سێ ساڵە لێرە تاقەتم هەبێت تا شازادەی بەختم لە ڕێگەوە بگات و لەم قەڵایە ڕزگارم بکات و لەسەر پاشکۆی ئەسپەکەی ماڵئاوایی لەم هەموە بێزاریە بکەم. دایکم پەیمانی پێدابوم و ئەو هەرگیز قسەی بێ بنەمای نەئەکرد. سوڵتانە لەسەر حەوزەکە دانیشتبو و دواتر سەیری ئەو سێبەرەی کرد کە لەسەر زەویەکە ئەجوڵایەوە. ماوەیەکی پێچو تا زانیم سێبەرەکە لە پشت سەربانێکی بەرزەوەیە کە ئەیانوت سەربانی حوجرەیە، بە خێرایی هەستامەوە و ئەوەندە هاتمەدواوە تا توانیم سەرێکی پیاوانە لەسەربانەکەوە ببینم. کە یەك هەنگاوی ترم هەڵهێنا، دەنگی قیژەی سوڵتانە کە پێمنابو بە کلکیدا، یەك مەتر لە جێی خۆم ڕاپەڕاندم. هەمیشە لە ناو دەست و لەبەر پێدابو. دوبارە سەیری سەرەوەم کرد، بەڵام حەیف کە ئیتر درەنگی کردبو. لەم دوای نیوەڕۆ درێژ وماندوکەرەدا، ئەو، هەر کەسێك بو، لە یەك شت لەگەڵمدا هاوبەش بو کە بو بوە هۆی ئەوەی من بێمە هەیوانەکە و ئەو بێتە سەربان: بێ ئۆقرەیی. بەڕاستی ئۆقرەم لەبەر بڕابو. لە چێشتخانەکەوە بە هێواشی دەنگی قاپ و قاچاخ ئەهات. من تەقریبەن دڵنیابوم ئوجی لەوێیە. بەڵام لە پەنجەرە ڕەشە ترسناکەکان و ڕێڕەوە تاریك و چاڵ ئاساکەی ژێر زەمینەکە ئەترسام، نەمئەزانی لەوێ چی چاوەڕێمە ئەگینا بە دڵنیاییەوە ئەڕۆشتمە خوارەوە.

لەوانەشە ئەسڵەن ئوجی لەوێ نەبێت. بۆ ڕێگری لەم دڵەڕاوکانە هەستامەوە و ڕۆشتم بۆ ژورەکەم کە بە دەنگی پرخەپرخی ئاپا پڕ بو بو. بەدەما لەسەر جێگەخەوەکەم ڕاکشام و بەتانیەکەم دابە سەرچاومدا و پشتیە سارد و ڕەقەکەم خستە سەر سەرم و بە دو دەست لە هەردو لاوە ڕامگرت. نەمئەویست هیچ شتێك ببینم، ببیستم یان هەستپێبکەم. حەزمئەکرد تەنانەت بمتوانیا بیریش نەکەمەوە. ئەم ڕۆژانە بیرەکان وەك خۆرە بەربوبونە مێشکم. لەگەڵ ئەوەشدا پایز بو هەوا فێنکی نەکردبو و گەرما و وشکی ماندوێتی مرۆڤیان چەند بەرامبەر ئەکردەوە. بە خۆمم وت، بەم شێوەیە نابێت ئەگەر بڕیاربێت بەم شێوەیە بێزاربم تا دو سێ ساڵیتر بە دڵنیاییەوە شێت ئەبم. ئەبێت شتێك بکەم. عەسر بوێریم بە خۆمدا و بێ مۆڵەتی ئاپا ڕێگەی ژورەکەی دایکمم گرتەبەر و ڕۆشتمە سەرەوە. دەرگای ڕێڕەوەکە وەك هەمیشە کرابوەوە، بەڵام ئەو ڕێڕەوەی ئەڕۆشت بۆ ژورەکەی دایکم داخرابو. داڵانێکی تاریك بە یەك دەرگای بچوکەوە لای چەپی پلیکانەکانەوە بو کە تا ئەو کاتە نەمبینیبو. ئەمە ئەبێت هەر ئەو دەرگایە بێت کە ئەڕۆشت بۆ حوجرەکە و ژورەکەی شەمسەدینیش ئەبێت هەر لە کۆتایی ئەم داڵانەوە بێت. بارودۆخی ئەو داماوەش لە هی من باشتر نەبو. نەمئەزانی بۆ یەك ژوریان نەئەدا بە من و براکەم تا لانی کەم پێکەوە بین. ویستم بڕۆم بۆ ئەو لایە، بەڵام زۆر تاریك بو. دواتر لە کارەساتی پەڕەسێلکەکانەوە لە تاریکی ئەترسام. لە کەشێکی لەم شێوەیەدا هەمیشە باڵندەیەك بە دەنوکێکی درێژەوە بە دەوری سەرمدا ئەسوڕایەوە و ئەیویست چاوەکانم دەربێنێت. بە گومانەوە وەستام. ئەگەر دەرگای ژورەکە کرابایەوە، بەدڵنیاییەوە بۆ ئەوێ ئەڕۆشتم. بەڵام بیرمکردەوە لەوانەیە خوداوەندگار لەوێ بێت. لەسەر کۆتا پلە دانیشتم تا بەڵکو ڕوداوێك ڕوبدات. هەر واش بو. نۆری پێنەچو دەرگای ژورەکە کرایەوە و شەمسەدین هاتەدەرەوە. حەسودی، هەمو گیانمی سوتاند و هاڵاوەکەی داوێنی براکەم نا،

بەڵکو هی دایکمی گرتەوە. ئەو بو ئەم بارەی بەسەرمدا هێنابو و ئێستاش تەنیا ئاگاداری کوڕەکەی بو. بێ سەرنجدان لە شەمسەدین ڕامکرد بۆ ئەو لایە و خۆم کرد بە ژوردا. دایکم بە ڕەنگی لە ڕوبڕاوەوە لەسەر پاڵپشتەکان پاڵکەوتبو. نەیئەتوانی نان بخوات و هەمو ڕۆژێك بە ڕونی دیاربو لاوازتر ئەبو. بە سەرسوڕمانەوە گەڕایەوە بۆ لای من. لە ژێر نیگایدا هەمو ئەوەی ئەمویست پێی بڵێم، لە بیرمکرد. بە مێشکمدا گەڕام بەڵکو بیانویەك بێنمەوە بۆ هاتنەژورەوە هەڵمەتئاساکەم. کاتێك بە دەنگێکی ڕەقەوە پرسی: ((کیمیا گیان چی ڕویداوە؟)) و چەمیەوە، وتم: دایکە لەوەتەی هاتومەتە ئێرە ئوجیم نەبینیوە. ئەمەوێت بڵێیت زو بیهێنن بۆ ئێرە. دایکم بە سەرسوڕمانەوە پرسی: لە کەیەوە تا ئێستا ئوجی ئەوەندە گرنگ بوە بۆت؟ ڕقم هەڵچو. بە دەنگێکی ترسناك و بەرزەوە وتم: لەبەرئەوەی هی خۆمە. دایکم بە نارەحەتی ڕێی لە سەرسوڕمانەکەی گرت و بە ئارامیەوە وتی: خوا بیبەخشێت پێت، بەڵام ئێستا چەند ڕۆژێك ئیشی هەیە. دواتر ئەڵێم بیهێنن بۆ لات. وەك بڵێی خەریك بو باوەڕم ئەکرد بۆ ئەم مەبەستە هاتوم بۆ لای دایکم، بە بێتامیەوە وتم: نا، من هەر ئێستا ئەمەوێت بێت، هەر ئێستا! دایکم کەمێك بێتاقەتانە سەیری کردم و بە پێداگریەوە وتی: وەرە لێرە دانیشە. ڕۆشتمە پێشەوە و لەو شوێنەدا دیاریکردبوم لەناو گوڵی فەرشێکی ئێرانیی ئاشنادا دانیشتم. وتی: ((کیمیا خاتون! یەکەمەن ئاگاداربە پەیمانەکەت نەشکێنیت. دوەمەن ئوجی ئەبێت لە سەرەتادا مسوڵمان ببێت. ئەمانە لەو باوەڕەدان کە ئەو کافر و پیسە و ناتوانێت لێرە بژێت مەگەر مسوڵمان ببێت.)) من لە پەیوەندی نێوان ئەم وشانە تێنەئەگەشتم و تا ئەو کاتەش وامئەزانی هەمو خەڵکی تازە یان کۆنە مسوڵمانن. پرسیم: کافر واتە چی؟ دایکم بە بێتاقەتیەوە وەڵامی دایەوە: واتە خوانەناس! بەڵام من بە گوێی خۆم بیستبوم ئوجی سوێندی بە خوا ئەخوارد و هەندێك جاریش دوعای ئەکرد. بە نیگەرانیەوە لە بێتاقەتیەکەی دایکم، پرسیم:



Scanned with CamScanner

ئێستا ئەبێت ئەو چی بکات؟ چەند ڕۆژی پێئەچێت؟ وتی: لە بیرت بێت ئەو کەنیزەکێکە. وەك ئەوەی هەمو شتێکی لەگەڵ ئێمەدا جیاوازە مسوڵمان بونیشی کەمێك کارکردنی زیاتری ئەوێت. تا خۆم ئامادەکرد بپرسم: چ کارێك؟ لەناکاو دوبارە حاڵی خراپ بویەوە و زۆری نەمابو دڵ و هەناوی برژێتە دەفرەکەی بەردەمی.

هەراسان و بێ جوڵە وەستابوم و سەیری بونەوەرێکی لاوازم ئەکرد کە ئێستا لەم بەرزەخی بێکەسیەدا تاکە پەناگەم بو. ئەو بە بێتاقەتیەوە سەری خستە سەر پشتیەکەی و چاوەکانی داخست. بەناڕەحەتی ئەکرا باوەڕبکرێت کە چیتر گیان لە لاشەیدا ماوە. نازانم چەندێك لەوێ دانیشتم. هەستی سوکی، بێ شوناسی و ناپەیوەستی توانای جوڵەی لێسەندبومەوە.

نەمئەزانی ئەگەر هەستمەوە ئەبێت بۆ کوێ بڕۆم. تەنیا ئەمەم بە باشی ئەزانی کە لەو ژورەدا نەخوازراو و زیادەم. لەگەڵ ئەم هەموەشدا، هەروا سوك وەستام و وردبومەوە لە دایکم کە بە دەستی ئەنقەست یان نادەستی ئەنقەست چاوەکانی داخستبو. نازانم چەندێك تێپەڕی کە دەنگی هەناسەکانی ئایا —کە دیسانەوە هەناسە بڕکەی تێکەوتبو— هێنامیەوە هۆش خۆم. بە وریاییەوە هاتە ناو ژورەکە. چەند خولەکێك بە بێدەنگی سەیری هەمو شتێکی کرد و دواتر بە چاو ئاماژەی کرد بڕۆمە دەرەوە. کاتێك گەشتمە تەنیشتی، بە توڕەییەکی بەهێز و بێ حساب کە لە نێوانماندا پێشینەی نەبو، مەچەکی گرتم و لەگەڵ خۆی بە پلیکانەکاندا ڕایکێشتمە خوارەوە. ئەوەندە توشی شۆك بو بوم کە بیرۆکەی ڕوبەڕوبونەوەم لە بیر نەمابو. کاتێك هەردوکمان گەشتینە ژورەکەی من، ئەو دەرگاکەی داخست و وازی لێهێنام. لە توڕەییدا هەناسەم وەستابو، لەسەر سندوقەکە دانیشت و پێڵوەکانی لێکنا و وەستا تا کەمێك هەناسەی هاتەوە جێی خۆی. دواتر سەیرێکی قورسی منی کرد کە ئامادەبوم وەك پڵنگ پەلاماری بدەم و بە تەکاندانی پەنجەی



Scanned with CamScanner

خروخەپانی دۆشاومژەی وتی: ئەمە کۆتا جارت بێت کیمیا خاتون کە هەروا سەرت دانەخەیت و ئەڕۆیت بۆ ئەو لایە! لەمەودوا هەرکاتێك ویستت لەم کارانە بکەیت ئەبێت پێشتر من ئاگادارکەیتەوە. ئەگەر باش بێت، هیچ عەیبێکی نیە. هەمو ماڵەکە گەڕام بە شوێنتدا. ئەسڵەن بیرمنەئەکردەوە ئەوەندە بێ بەندوبار پێگەشتبیت.

تا ئەو کاتە هیچ کاتێك، تەنانەت کاتێکیش پەڕەسێلکە مردوەکەم لە دەستی ئیلیاسدا بینی، ئەوەندە هەستم بە بەدبەختی و داماوی نەکردبو. دیسانەوە، ئەم جارە زیاتر بۆمدەرکەوت مانەوە لەسەر ئەو پەیمانەی بە دایکمم دابو، چەند ناڕەحەتە. ئایا خاتون هەمیشە سەختگیر و ورد و ڕەق بو، بەڵام ڕەفتارە تازەکانی، ئەویش لەگەڵ منێکی سەرلێشێواو و بێ پەنادا، شایەنی بەرگەگرتن نەبون. هەستمکرد لەگەڵ منیشدا هەر بە جۆرێك فرمانی بکە و مەکەم بەسەردا ئەکات کە لە باخ ئوجی و خزمەتکارەکانیتر چاوەڕوانیان لێیئەکرد. نازانم هەستە بریندار و نامۆکانی من سەرچاوەی ئەو وێنایە بو یان بیرۆکەیەکیتر، بەڵام هەرچیەك بو، توڕەییەکی چاو کوێرکەر لە دەرونمدا بڵێسەی سەند. ئەگەر پێگەکەی ڕابردو بوایە، ئەمتوانی بە گریان و قیژە قیژەوە خۆم بکەم بە ژورەکەی دایکمدا و ماف ئەم دایەنە ڕودار و زورهانە بخەمە ناو لەپی دەستی. بەڵام ئێستا ئەو ڕۆژانە مردبون و ئەو دایك و کچەش کە ئەمناسی، ئەڕۆشتن بۆ ئەوەی لەسەر زەوی سێبەرەکان ون ببن، ئەسڵەن لەوانەبو چیتر دایکێك لە ئارادا نەبێت. ئەو ژنە نەخۆشەی سەر پلیکانەکان چیتر نەیئەتوانی هیچ کارێکم بۆ بکات، لەوانەشە خۆی هۆکاری هەمو ئەم گرفتاریانە بو و سەیری منی گەمژەش بکە کە پەیمانم پێدابو کچێکی باش بم بۆی. من ئیتر لەگەڵ ئەم باش بونەدا نەمئەتوانی هەڵکەم. نەمزانی چۆن هەڵپەم بۆ ئەو بونەوەرە سەد مەنیەی سەر سندوقەکە برد و خستمە خوارەوە. بەر لەوەی بجوڵێتەوە کەوتمە سەری و بۆگز بارانم کرد. یەکەمین جار



Scanned with CamScanner

بو چێژم له دڕندەیی خۆم وەرنەگرت. من ئەبوایە خۆم ماف خۆمم لەمانە بسەندایەتەوە. داماوە له سەرسوڕماندا چاوەکانی هەمو ڕوخساری گرتبوەوە و مەمکە گەورەکانی بەرز و نزم ئەبونەوە. بە هەردو دەستی گۆناکانی داپۆشیبو و لەسەر یەك لەسەر یەك ئەیوت: ((لێمدە! لێمدە! دەستت خۆش بێت! بارەکەڵڵا هەر ئەمەمان کەم بو.)) بۆ هەردوکمان دیمەنێکی لەم شێوەیە نامۆ و ترسهێنەر بو. فرمێسکەکانم بینی ئەبارینە سەر گۆناکانی. منیش لە توڕەیی زۆری تێکەڵ بە هەستی گوناه، دەستمکرد بە گریان و فرمێسکەکانم کە دو ڕۆژ لەمەوبەر لە پشت دەروازەی چاومەوە چاوەڕوان بون، قەتارەیان بەست. بە درێغیەکی زۆرەوە بۆمدەرکەوت کە بازوەکانم بێجگە کەمەری قەڵەوی ئایا هیچ پەنایەکیان نەبو. دەستەکانم لە گەردنی ئاڵاند و ئەویش بە سەرسوڕمانەوە دەستەکانی کردەوە و لە باوەشی گرتم. هەردوکمان تا توانیمان بەیەکەوە گریاین. لاشەمان بە شەپۆلی لەرزە توندەکانیان، دڵتەنگیەکانیان بە هاوخەمیەکی ڕاستگۆ و پوختەوە دابەشئەکرد. ئاوی لوتم بە هێواشی بە سەرپۆشەکەی پاککردەوە و هەوڵمدا سود لەم هەلە وەربگرم بۆ سەرکەوتن بەسەر دیواری نێهنی ئامێزی ئەودا: ئایاباجی! دایکم چیەتی؟ بۆچی ئەوەندە نەخۆشە؟ خۆ ئەو زۆر باش بو. دڵم بۆی ئەسوتێت. ناکرێت بگەڕێینەوە بۆ باخ؟ لەوانەیە ئاووهەوای ئێرە باش نەبێت بۆی. دیسان هەردوکمان دەستمان کردەوە بە گریان. چاوەکانی بارانێکی لە سۆز بەسەرمدا باراند و بە بێزاریەوە خۆی لە دەستم ڕزگارکرد. سەرپۆشەکەی کردەوە و بە بارێکی توڕەوە دەستیکرد بە باوەشێنکردنی خۆی. بەڵام لەناکاو وەك بڵێی بڕیارێکی تازەی دابێت هەمو کاریگەری بەسۆزیەکەی لە ڕوخساریدا نەما و بە ئاوازێکی بێزارەوە کە تازە بو بۆم، وتی: کێ وتویەتی دایکت نەخۆش کەوتوە. زۆر زۆریش بارودۆخی باشە. بێزوکردنەوە خۆ نەخۆشی نیە، دە ڕۆژی تر تەواو ئەبێت... کەوایە ئەویش لە دایکم توڕەبو!



Scanned with CamScanner

ئەمزانی بێزو، واتە ئەوەی وا بڕیارە دایکم ببێتە دایکی منداڵێکیتر. هەر لەمەمان کەم بو. قۆڵی ئایام گرت و دیسانەوە نازانم بە چ لۆژیکێکەوە پرسیم: بەم زوییە؟ پێکەنینێکی گاڵتەئامێز ڕوخساری بەدڕەفتارتر کرد و وتی: زو و درەنگی ناوێت. ئیشی یەك شەوە.... و لەناکاو وەك بڵێی بێشەرمیەکی نواندبێت دەمی گرت و یەکسەر وتی: واتە ئەگەر خوا بیەوێت... کاری خوا خۆ زو و درەنگی بۆ نیە دایە. ویستی لەسەر ئەمەیە. چەنەبازیشی تێدا نیە، لەمەیاندا ڕاستی ئەکرد. ئەمزانی ویستی خوایی چەنەبازی تێدا ناکرێت. ئێستاش ویستی لەسەر ئەوەبو کە دنیای من تێکبدات. ئەمەش بەشێك بو لەوەی ئەبوایە ڕوبیدایە و هیچ شتێکیش لە دەستی هیچ کەسێکیش نەئەهات. بیرمکردەوە ئەو پرسیارەی ئەمویست لە دایکمی بکەم و نەکرا، ئێستا لە ئایاخاتون بپرسم، لەبەرئەوەی ئێستا ئەیتوانی نهێنیەکان دەربخات.

– ئایا گیان! دایکم وتی چەند ڕۆژێك درێژەئەکێشێت تا ئیشی مسوڵمانیەکەی ئوجی تەواو ببێت. بڕیارە دوای ئەوە بگەڕێتەوە بۆ لای ئێمە. مەگەر مسوڵمانی چەندی پێئەچێت؟

پێشبینیەکەم ڕاست بو. ئایا یەکەمجار سەیری دەرگاکەی کرد. دواتر دەنگی نزم کردەوە. ئەبێت سەبر بکەن تا عائیشەی دەلاك کە ئەم کارە ئەکات لە زیارەت بگەڕێتەوە و خەتەنەی بکات. من ئەمزانی خەتەنە واتە سێ چوار ڕۆژ جەژن و شادی. هەرگیز خەتەنەکردنی شەمسەدینم لە باخ لە بیرناچێتەوە، بەڵام هەرچی بیرمئەکردەوە لە خەتەنەکردنی خۆم و ئەوەی کەسێك دەربارەی قسەیەکی کردبێت، هیچم نەئەهاتەوە بیر. نازانم چ بارێکم بە خۆمەوە گرتبو کە دوبارە شەپۆلی هاودەردی لە چاوەکانی ئایاوە دەرکەوت. هاتە تەنیشتم دانیشت و وتی: کیمیاخاتون! زۆر شت لەم دنیایەدا هەن کە تۆ نایانزانی. ئەوەندە مەترسە، هیچ نیە. منیش بە کچێنی خەتەنەیانکردم. نەنەکەم کە یۆنانی بو زۆر ئەترسا، بەڵام



Scanned with CamScanner

باوکم عەرەب بو. عەرەبەکان ئەمە خویانە، کەمێك ئازاری هەیە بەلأم دواتر باش ئەبێتەوە و مرۆڤ لە بیرینەچێتەوە. لە جیاتی ئەمە تا کۆتایی تەمەنی ئارەزوی شەیتانی بە مێشکیدا نایەت، وەك من. بەم جۆرە زۆر باشترە. ددانی خراپ ئەبێت هەڵیکێشیت بۆ ئەوەی تەمەنێك ئازاری نەبێت و بۆگەن نەکات.

ڕونکردنەوەکانی ئایا ئەوەندەیتر حاڵی تێکدام. لە پەیوەندی لۆژیکی نێوان ئەم وشانە تێنەئەگەشتم و نەشمئەتوانی پرسیار نەکەم. ئایا جان هیچ تێناگەم! خەتەنەکردنی ئوجی و مسوڵمان کردنی چ پەیوەندیەکی بە ددانی خراپ و دایك و باوکی تۆوە هەیە؟ دوبارە ماندو بو و سەرپۆشەکەی کە تازە بەستبوی کردەوە و وتی:

– کیمیا خاتون! بەم تازەییانە پرسیاری زۆر ئەکەیت. مرۆڤ پەشیمان ئەبێتەوە شتێکت پێبڵێت. من چوزانم؟ ئارام بگرە ئینشائەڵلا کە گەورە بویت و شوتکرد، لەو بپرسە.

دیسانەوە تێنەگەشتم. بە هەر وەلأمێکی ئایا پرسیارێکی تازە لە مێشکمدا چرۆی ئەکرد، بەلأم ئەو بەر لەوەی من دوبارە دەم بکەمەوە وەك واشە هەڵمەتی برد و وتی: ئەبێت برۆم. هەزار ئیشم هەبو. دو کاتژمێر بە شوێنتدا گەڕام تا دۆزیمیتەوە. ئێستاش پرسیاری سەیر و سەمەرەم لێئەکەیت. ئەی منی داماو کەی بگەم بە کارەکانمدا؟ و ڕۆشت.

هەر لەوێدا لەسەر زەویەکە لێڕاکشام و چاوم بڕیە دارەکانی سەقفەکە کە ئەترسام لە ناو پوشەکانیەوە لە ناکاو مارێك سەر دەربێنێت. سەقفی خانوەکەی ئێمە هەموی بە تەختەی نەخشێنراوی جوان گیرابو و من چەندین کاتژمێر بە سەیرکردنی نەخشەکانی خەیاڵ پەروەریم ئەکرد. ئێستا چۆن ئەتوانم لێرە بژیم؟

***

چەند ڕۆژێکی پێچو تا لە کۆتاییدا لالای شەمسەدینیان هێنا و جێیانکردەوە و ئەمە بۆ من کە لەناو ئەو دیوارانەدا لە بیریانکردبوم، خۆشبەختیەکی گەورە بو. هاتنی ئەو لانی کەم مانای بە سێ ڕۆژی هەفتەکەم ئەبەخشی. واتە کاتێك لە خەو هەڵئەستام ئەمزانی ئیشم چیە. ئەو لەم سێ ڕۆژەدا ئەهات بۆ کتێبخانەکەی خوداوەندگار و هەمو بەیانیەکەی وانەی بە ئێمە ئەوتەوە. لە مێشکی منیشدا چیتر ئەو نەفرەتانە نەبو کە پێشتر بۆ کاتی وانەکان هەمبو. بە تایبەت لەم ماڵەدا کە نە باوەڕیان بە دانانی مامۆستایەك هەبو بۆ کچ و نە بە پێویستیشیان ئەزانی. بەڵام دایکم، خۆشبەختانە بەرگری کردبو و ئێستا تاکە خۆشحاڵی من کاتی وانەکان بو. خوێندنەوە و نوسین بە عەرەبی و فارسی لە تەنیشت خوێندنەوەی قورئان و فیقه و ئوسوڵ و سەرف و نەحو، هەندێك جار نارەحەت بو و هەندێك جاریش ئاسان، بەڵام هەمویان بۆ کوشتنی کاتی کۆتایی نەهاتوی من، نیعمەت بون. بەتایبەت کاتێك لالا بارودۆخی باش بو و چیرۆکەکانی کلیلە و دیمنەی بۆ ئەخوێندینەوە. هەندێك جار ئەوەندە بە بەسەرهاتی مشك و کیسەڵ و ئاسك و شێر و کەروێشکەکاندا ڕۆئەچوم کە نەمئەزانی لە کوێم. هەرکە وانەکان تەواو ئەبوین، دۆزەخی ڕاستەقینە بڵێسەی ئەسەند. بێزاری ڕۆحمی پارچە پارچە کردبو و نەمئەزانی ئەبێت چی بکەم. کات ئەوەندە بە هێواشی تێئەپەڕی هەندێك جار دوای نیوەڕوان وامئەزانی کات لەو هەیوانە قوڵەدا کەوتوەتە داو و ناڕواتە پێشەوە، دنیاش ئیتر بۆ هەمیشە بە دوای نیوەڕۆیی ئەمێنێتەوە. بەم هەموەشەوە ترسی من زیاتر لە کاتەکانی دوای خۆرئاوابون بو. بە لێبونەوەی کۆتا پەنجەی زەرد و لاوازی خۆر لە سەر بەرزترین دیواری حەرەم تا کاتی تاریکی، ڕۆحم وەك مریشکی سەربڕاو خۆی ئەکێشا بەملاوبەولای دیوارەکانی گیانمدا. بەتایبەت ئەو ڕۆژانەی کە مامی پیر ئەهات و لەسەر پلیکانەی بەردەم ژورەکەی دائەنیشت و بە دەنگێکی بەرز کە وەك بڵێی لە دیاری مردوەکانەوە

ئەهات، ویردی ئاشنا و نائاشنا –لەوانەیە بۆ لاواندنەوەی کچەکەی– ئەخوێند و فرمێسکی ئەڕێژا. ئەم مامیە پیرە لەوانەیە شومترین و خراپترین بونەوەرێك بو کە خوا خەلقیکردبو. دژایەتی هەمو شتێك و هەمو کەسێکی ئەکرد. خو و ڕەفتاری بە هاوکاری چاوە هەڵۆییەکانی ترسێکی وای لە حەرەمدا بڵاوکردبوەوە کە وەك بڵێی دیوارەکانیش خۆیان لێدورئەگرت و لەگەڵ ئەوەدا لەسەر تێبینی خوداوەندگار و نەرمێتی لە ڕەفتاری بنەچە و نەژادی دایکمدا هێشتا مۆڵەتی بە خۆی نەدابو کە ڕاستەوخۆ دەستبخاتە کاروبارمانەوە، لەگەڵ ئەم هەموەشدا، فتوای پیسی ئوجی و ئەوەی ئەبێت یەك مانگ بەسەر مسوڵمانێتیدا تێپەڕێت تا مۆڵەتی هەبێت لە چێشتخانە بێتەسەرەوە، لەوەوە بو و هەروەها ئەو بو کە بێ گرنگیدان بە خاوەندارێتی من بەسەر ئوجیدا فرمانیدابو ئەو و ئایا جان ئەبێت هەم پاککردنەوەش بکەن و هەم چێشتخانەکەش بەڕێوەبەرن تا ببێتە هەقکردنەوە بۆ ئەو کارە زیادانەی کە هاوسەرگیری زاواکەی سەپاندبوی بەسەر حەرەمدا. ئەو ئەڵبەتە دژایەتی هاتنی خزمەتکارەکان، تەنانەت خزمەتکارە تایبەتیەکەی خێزانەکەمانی کردبو بە بیانوی کەمی جێگەوە، بەڵام ئایا ئەیوت لە ڕاستیدا ئەو لە ترسی ئەوەی بە زیادبونی خزمەتکار و حەشاماتی دایکم، دەورانی فەرمانڕەوایی لە حەرەمدا کۆتایی پێبێت، کەوتوەتە دژایەتیکردنێکی لەو شێوەیە.

ئەو دایکی هاوسەری کۆچکردوی خوداوەندگار و داپیرەی کوڕەکانی ئەو بو و خۆی و کچەکەی لەگەڵ کاروانی سوڵتان وەلەددا –باوکی خوداوەندگار– لە بەڵخەوە کۆچیکردبو بۆ قونیە. هەرچەندە خوداوەندگار لەڕوی ئینسانیەت و قەدرزانیەوە بەرامبەر بە هاوسەرە جوانەمەرگەکەی، هێشتا نازناوی سەرۆکی ماڵەکەی بۆ مامی پاراستبو، بەڵام ئەو کە نازناوەکەی کیرای گەورە بو، خۆی بە خاوەنی هەمو ماڵەکە ئەزانی و ناخۆشحاڵ بو لەوەی کە هێشتا یەك ساڵ بەسەر مردنی کچەکەیدا تێنەپەڕیوە، ژنێکیتر –ئەویش ژنێکی وەك دایکم– شوێنی



Scanned with CamScanner

گرتوەتەوە. کاتێ کچەکەی زیندو بو، خوداوەندگار سەرقاڵییتری بەدەر لە بابەتە خێزانیەکان هەبو و لانی کەم دە ساڵی لە ژیانی هاوسەرداریی لە گەشتدا بەسەر بردبو و کچەکەی ئەوی بە دو منداڵی لەگەڵ یەك ناهاوتاداجێهێشتبو. ئەو کە ئەو ڕۆژانە لە هەمو شتێك زیاتر خوێندن و بەدەستهێنانی زانیاری بە لاوە گرنگ بو، ئێستا بۆ ئەبێت بەو خێراییە ژن بهێنێتەوە و ئەوەندەش عەشقی خۆی ببەخشێت بەم ژنە تازەیە و تازە بوکە خاتونیش هەر لەو سەرەتاوە دوگیان ببێت. ئەمەبو کە هەمو کاری بو بوە لاواندنەوە. ئامیار و هاودەردیشی هەر ئەو ژنە ئێرانیە بو کە ناوی کیراماناخاتون بو و دایەنی هەردو کوڕەکەی خوداوەندگار بو. ئەم ژنە، دڵسۆزانە کوڕەکانی گەورە کردبو و وەك ئەوەی دیاربو ئەوەندە نقومبو بو لە ژیان و کێشەی ئەم دو برا ناهاوتایەدا کە ئەسڵەن نەیئەپەرژایە سەر کارەکانیتر، مەگەر ئەوەی پەیوەندی بە کوڕەکانەوە هەبێت یان ڕاستەوخۆ لە لایەن مامی پیرەوە فرمانێك دەرکرابێت. لەشکری ژنە دارزاوەکانی تریش لە نزیکان و هاوگەشتەکانی ڕۆژگاری گەشتکردنی ئەو بون، وەك تارمایی ئەژیان و زۆرینەیان تەنیا لەبەرئەوەی لە برساندا نەمرن لەوێ پارێزگاریان لێئەکرا. دواتر کاتێك بۆمدەرکەوت کە خوداوەندگار بە جۆرێك لە جۆرەکان بێزاریەکی شاراوەی هەیە بەرامبەر بە ژنان کە خۆشبەختانە هەمو ژنان —لەوانە ژنی یەکەمی و دایکی من-ی نەئەگرتەوە ئەسڵەن سەرمسوڕ نەما. کەسێك هەمو ساڵەکانی تەمەنی لە ناو ئەو پەیکەرە ڕزیو و کەسایەتیە تارمایی ئاسایانەی ژنانێکی لەو شێوەیەدا بەسەر بردبێت کە ژیانیان بارێکی گران و نەخوازراوی ژیانی ئەو بو بێت و بێجگە خەم و خەفەت و حەسودی و نەفرەت هیچ دەستکەوتێکی تریان نەبێت، چۆن ئەیتوانی هەستێك بەدەر لەمەی هەبێت. بەڵگەی بەهێزی من بۆ ئەم باوەڕەم، ئەو ڕێز و گرنگی پێدانە بو کە دواتر بینیم پێشکەشی ئەو کیراماناخاتونە، دایکی من و چەند ژنێکی تایبەتیتری ئەکرد کە لە ژیانیدا ڕۆڵێکی خوازراویان گێڕابو. ئایا خاتون لە

زمانی کیراماناخاتونەوە ئەیگێڕایەوە کە گەوهەر خاتون -کچی مامی و ژنی کۆچکردوی خوداوەندگار- سەرەڕای ئەو هەموە عەشقە بێ چی و چلۆنەی بەرامبەر بە هاوسەرە پایە بەرزەکەی، ژنێکی بەخت ڕەش بوە. دە ساڵی یەکەمی هاوسەرگیری بە دەربەدەری و گەشتکردن لە ئێرانەوە تا ئەرزنڕۆم -لەم شارەوە بۆ ئەو شار- بەسەربردوە و هەشت ساڵە ماوەکەیتریشی لە تەنیایی و غەریبیدا بە دو منداڵی ناهاوتا و دور لە مێردە خۆشەویستەکەی -کە بۆ خوێندن ڕۆشتبو بۆ دیمەشق و حەڵەب- تێپەڕاندوە و دواتریش بە نەخۆشیەکی قورس لە دنیا دەرچوە، لە کاتێکدا کە سی و هەندێك ساڵ زیاتر نەبوە. مامی لەو بڕوایەدا بو کچەکەی دیقی کردوە مردوە. لەبەرئەوەی دوری هاوسەرەکەی و بەیەکەوە هەڵنەکردنی دو کوڕەکەی -کە دواتر ئەو دوانەشیان بۆ خوێندن و وەرگرتنی زانیاری لێگرتوەتەوە و ناردونیان بۆ شام- شایەنی بەرگەگرتن نەبوە بۆی. هەمیشە باسی جوانەمەرگ بونی ئەوی ئەکرد و هەر ئەمەش هۆی فرمێسك و ئاه و نەفرەتی هەمیشەیی ئەو بو. ئەڵبەتە هەموان لە حەرەمدا لە حاڵی ئەو تێنەگەشتن، تەنانەت خودی خوداوەندگار -کە هەر ساتەو زیاتر نقوم ئەبو لە کاری وانەوتنەوە و ئامۆژگاریی و مینبەردا و هەر ڕۆژەو زیاتر کەشی ئەم ماڵەی بە ژەهراوی ئەزانی کە ئەم ژنانە تێیدا ئەژیان- دڵی ڕائەگرت.

گەڵای بنە هەنارەکانی تەنیشت حەوزەکە خەریکبو زەرد ئەبون و ئەمە لەوانەیە تاکە ڕوداوێك بو کە ئاگاداری ئەکردینەوە لە تێپەڕینی کات. لێرە ڕوداوەکان، چاوەڕوانیەکی ئاوابو بو. بۆ ئەهلی حەرەم ڕوداوەکان بە لێدانێکی دەرگای سەرەوە دەستیپێئەکرد، کاتێك بەرگدرویەك ئەهات یان ڕومەت هەڵگرێت، یان بە دەگمەن ژنێکی ناسراو لە دراوسێکان، یان گەرماوچیەکان.... و من تا ماوەیەکی زۆر بێهودە هەمو بەیانیەك بە ئومێدی ڕوداوێکی خۆش یان ناخۆش، لە جێگە خەو ئەهاتمە دەرەوە. چیتر چون بۆ حەمامیش -کە ڕۆژگارانی پێشو سەرگەرمیەکی



Scanned with CamScanner

پڕ لە خۆشی بو– لە شێوەی ئەرکێکی قورس و ڕەزاتاڵدا دەرئەکەوت. لە بازنەی خوونەریتەکانی ئەمماڵەدا –کە لە ساتی چونەدەرەوەوە تا کاتێك ئەتویست بڕۆیتە ناو کەشی هەڵماوی و نیوە تاریکی گەرماوەکە، ناچاربویت بە سەدان ویرد و دوعا و فو، دەست بکەیت بە داوای لێخۆشبون و دورکەویتەوە لە بچوکترین هەڵە لە دەربڕین و ڕیزبەندی وشەکاندا، ئەگینا سزای دۆزەخ و هەڵواسین بە قژ و چاڵی ئاگر و ددانی مارەکان چاوەڕوانت بون– و بەم شێوەیە بو کە شوێنێك نەئەمایەوە بۆ خۆشی و ڕابواردن. ئەڵبەتە لەم ڕۆژانەدا لالای شەمسەدین، بۆ دڵ بەهێزکردنی چەندین جار پێی وتبو کە ڕۆحی پڕ لە ترس، هەرگیز نابێتە کێڵگەی گوڵە گەنمە زێڕینەکانی ئومێد. ترس زۆنگاوێکە کە تێیدا تەنیا ماری ڕەش و پێچخواردوی درۆ و سوکی و خۆفرۆشی تێدا گەشەئەکات و من بڕیارمدابو –تەنانەت بە نرخی مردن– لە هیچ شتێك نەترسم، مەگەر لە تاریکی کە نەمئەتوانی هیچی لەگەڵدا بکەم.

ڕۆژانی هەینی حەرەم بە بەراورد بە ڕۆژەکانیتر پڕ جوڵە و جۆش و خرۆشتر بو. چێشتخانە هەر لە بەیانیەوە لە هەوڵی دروستکردنی ئەو چێشتانەدا بو کە لە لایەن خوداوەندگارەوە دوای نوێژی هەینی بەسەر خوێندکار و نوێژکەراندا بلاوئەکرایەوە و ئەیانوت بۆ زۆرێك لە خوێندکارە پیر و گەنجەکان کە لە دورترین شوێنەکانەوە بۆ وەرگرتنی کەڵك لە مینبەری خوداوەندگار دێن بۆ حوجرەکەی و هەر لەوێ ماونەتەوە و لە حوجرەکاندا ئەژین، تاکە خۆراکێکی خۆش و بە چێژە کە ئەیخۆن. هەمو خەرجی فەقێکان لە شوێنی وەقفەکانی باوکی خوداوەندگارەوە کە دامەزرێنەری قوتابخانەکە بو و هەروەها لە نەزری ڕولە زیادبونی خەڵکەوە دابین ئەکرا کە ئەگەرچی لە ڕادەبەدەر نەبون، بەڵام مسوڵمان و وەفادار بون. قونیە شاری گرانی بو و دابینکردنی سێ ژەمی خواردنی سادە، لەگەڵ خەرجیەکانی حوجرە و مانگانەی مامۆستاکاندا، ئەوەندە دژوار بو کە خوداوەندگار بۆ یارمەتی



Scanned with CamScanner

تێچونی بەردەوامی ئەویۆ هەندێك جار چاوپۆشی لە پێویستیە تایبەتیەکانی خۆی و خێزانەکەی ئەکرد و ئەمە یەکێك بو لە هۆکارەکانی ژیانی لە ڕادەبەدر سادەی ئەو ماڵە. هەینیان زۆربەی کات ئێمە و کەسانیتری خێزانەکە بۆ نانی بەیانی بانگیان ئەکردین بۆ حزوری خوداوەندگار بۆ تالاری گۆشەکە کە ئەو لەو ڕۆژانەدا درەنگتر لە ماڵ ئەڕۆشتە دەرەوە. کاتژمێرێك پاش نانی بەیانی هەموان بۆ بەشداریکردن لە نوێژی هەینی تالارەکەیان جێئەهێشت. بۆ ئەم کارە پیاوەکان لە هەیوانەکەدا (مزگەوت) و ژنەکان لەسەر سەربانەکە دائەنیشتن، بەو مەرجەی لە کۆلآنەکەوە نەبینرێن. من لە گێڕانەوەی یادگاری ژنەکانەوە بۆ یەکتر، زانیبوم کە دوای نوێژ هەمو ژنەکان لە شوێنی خۆیان لەسەر حەسیرەکان دائەنیشتن و گوێیان لە ئامۆژگاریەکانی خوداوەندگار ئەگرت کە بە تامی پەند و شیعر و حیکمەت بەچێژی ئەکردن، دواتر ڕازی و خۆشحاڵ بۆ یارمەتیدانی دابەشکردنی نانی نیوەڕۆ ئەهاتنە خوارەوە و بۆمدەرکەوتبو کە پشت سەربانەکە ئەبێت تاکە دیمەنی ژنانی حەرەمبێت بۆ سەیرکردنی دنیای دەرەوە و هەرچی یادگاری ئەم ژنانە هەیە لە جیهان و دەوروبەریان، لە سەرکەوتن و شکستی سەرکردەکان و هاتن و چونی سوڵتانەکان، بوکێنی و پرسە، بەهار و پاییز و نازانم چی و چی- هەمو بەرهەمی دیدەوانی پشت سەربانەکەیە کە ڕێگەیەکی پلیکانەیی تاریکی هەبو و من تەنانەت بوێری سەیرکردنیشیم نەبو. یەکێك لە ئارەزوەکانم ئەوەبو کە چش لە هەمو شتێك بکەم و ڕۆژێك بڕۆمە سەربانەکە و تێر تێر سەیری دنیا بکەم.

پاش نوێژی هەینی، بە ناو قوتابی و ئەو هەزارانەی کە ئەیانوت ئاوارەی شەڕەکانن و لە بەیانی زوەوە لە پشت دەرگای حوجرەکەدا کۆئەبنەوە، خواردن دابەشئەکرا، بەڵام خوداوەندگار بە زۆری لە لایەن داروەدەستەی شاهانەوە بانگهێشتئەکرا بۆئەوەی لە بۆنەی نانی نیوەڕۆی هەینیدا کە لە بەرهەیوانی تایبەتدا بۆ کەسە تایبەت و زانا و شاعیرەکان ڕێکئەخرا بەشداری بکات.



Scanned with CamScanner

دوای نیوەڕۆ هەموان لە شەکەتیدا پاڵئەکەوتن و سەرنجڕاکێشترین بەشی ڕۆژەکە لە خۆرئاوابون تا تێپەڕینی کەمێك لە شەوەکە بو کە خوداوەندگار بۆ ماوەیەك کاتی خۆی لەناو هەمو ئەهلی حەرەم و خێزانەکەیدا بەسەر ئەبرد و بە پێچەوانەی ڕۆژەکانیترەوە کە پاش نوێژی نیوەڕۆ و مەغریب، گەورەکانی شار لە ڕکابەریکردن لەگەڵ یەکدا هەر لە مینبەرەکەی خۆیەوە ئەیانبرد بۆ ماڵەکانیان و هیچ کەسێك نەیئەتوانی لە ماڵەوە بیدۆزێتەوە، پەیمانە جددیەکەی خۆی بۆ بەسەربردنی ئێوارانی هەینی لەگەڵ خێزانەکەیدا نەئەشکاند و لەوانەیە ئەیزانی کە تا چ ڕادەیەك ئامادەیی ئەو هەرچەندە کەم بۆ پێکەوە گرێدانی هەموان کە تاکە هۆکاری پەیوەستیان بەیەکەوە ئەو بو، گرنگ بو. ئەمە بو کە سەرەڕای پێداگری ئەهلی حوجرەکە و شار و بانگهێشتی لە ڕادەبەدەر، هەینی دوای نوێژی مەغریب، هەمیشە خوداوەندگار لەگەڵ ئێمە بو و دڵی هەموانی بە گاڵتەوگەپ، نەوازش، پیاهەڵدان یان دڵسۆزی نواندن بە دەستئەهێنا. هەندێك جاریش ناچارئەبو گوێ لە دەردە دڵیەکان بگرێت و لە کاتێکدا کە بێزاری لە ڕوخساری ئەباری تا ئەندازەی پێویست خۆی بە وریا و گوێگرێکی باش نیشانئەدا و بە ئامۆژگاری سودبەخش و پڕاوپڕ پەیوەند بە باتەکەوە قسەکەری لە خەم و ناڕەحەتی ڕزگارئەکرد. زۆریش ڕویئەدا کە چیرۆکی وەك شایەتی ئەگێڕایەوە کە هیچ کاتێك دوبارە نەبون و من نەمئەزانی چۆن هەمو ئەوانە لە کەللەی مرۆڤێکدا جێیان ئەبێتەوە، بەڵام ئێمە هەمیشە بە بیستنیان شاد و خۆشحاڵ ئەبوین. ئەو لە هەمو ڕۆم و شامات و ئێراندا بە وتەی نەرم و قسەی شیرین و سودوەرگرتنی بە جێ لە شیعر و پەند و چیرۆکەکان بەناوبانگ بو. جارێکیان کە لەو نزیکتر بوم، هەمو بوێریم کۆکردەوە و لێمپرسی: ئەمە هەموە چیرۆکە لە کوێ فێربویت؟ یەکەمجار ویستی وەك هەمیشە بە گاڵتەوە وەڵام بداتەوە بەڵام دواتر بە نیگایەکی قوڵەوە کە بە تەواوی گۆڕینی بابەتی پێوە دیاربو، بە سۆزەوە وتی: بۆ نمونە هەر لەو کلیلە و دیمنەوە کە بە



Scanned with CamScanner

نێوەی ئەڵێنەوە. ڕۆڵەکەم، کاتێك هەموی بە باشی فێربویت و تەواوتکرد، ئەگەر زیندو بوم، سەرچاوەی دواتریشت پێ نیشانئەدەم. هەر ئەم ئاماژە دو لایەنە -ی ئەیتوانی یاری بە تواناکانم بکات- بوە بیرۆکەیەك بۆ بە هەڵپەوە خوێندنەوەی جددیتری کلیلە و دیمنە. لە وەڵامی ئەودا بە نیگایەك ئەویش و خۆشم کێشکردە ناو ململانێیەك: من کتێبەکەم زۆر زو تەواو ئەکەم، ئەیبینیت.

هەمیشە بە هۆی ئەو شوێنەی کە بە پێی خوونەریتی خێزان لای سەرەوەی سفرە تەرخانئەکرا بۆ پیاوان، من هەوڵمئەدا بە هەر ڕێگەیەك بوە نزیکی لە خوداوەندگارەوە لە دەست نەدەم. لەبەرئەوەی نانخواردنی خێزانیی ئێوارانی هەینیلە لایەکیتریشەوە بۆ من خۆشحاڵکەر بو. من و برا تازەکەم عەلائەدین کە هەر لەو سەرەوە دائەنیشت بێ هیچ ئاماژەیەك، هاوکات بە یەکەوە، بابەتە پێکەنیناویەکانمان ئەقۆستەوە و ئەحیلکاینەوە. لەوانەیە لە هەمو کاتی نانخواردنەکە و دواتریشدا یەك دو وشە لە نێوانماندا نەئەگۆڕرایەوە، بەڵام هەر ئەو نیگا پڕ مانا و شاراوەمان دەربارەی ڕوداوە پێکەنیناویەکان، منی نوقمی شادی ئەکرد. بۆ نمونە یەکێك لە ژنەکان هیچ ددانی لە دەمدا نەبو و کاتێك ئەیویست هەر شتێکی غەیرە شلەمەنی بخوات جوڵە گەلێکی بە دەموچاوی ئەکرد کە لەوانەیە بۆ کەسانیتر جێ بەزیی بو، بەڵام ئێمەی زۆر ئەخستە پێکەنین، بە تایبەت کاتێك سەیری ئەکردین و زەردەخەنەیەکی شیرینی ئەکرد، ئەڵبەتە ئەدەبی سەر سفرە مۆڵەتی پێکەنینی نەئەدا و من ئەبوایە هەمیشە سەرم لە پشت دایکمەوە کە هەمیشە ئەژنۆ بە ئەژنۆی خوداوەندگار دائەنیشت، بشاردایەوە. یەکێکیتریشیان یەکسەر و هەمو جارێك دوای نانخواردن، هێشتا سفرە هەڵنەئەگیررا، هەروەك چۆن موئەدەب دانیشتبو خەو ئەیبردەوە و دەنگی پرخەپرخی بەرز ئەبویەوە. زۆرپوینەدا کە کەسێك دەستی درێژ ئەکرد بە هەڵپەوە خواردنێك هەڵبگرێت، بەڵام یەکێکیتر دەستپێشخەری ئەکرد، قیافەی کەسی شەرمەزاری یەکەم ناوسکی



Scanned with CamScanner

ئێمەی لە پێکەنیندا ئەبری. لەوانەیە لە هەمو ئەهلی سەر سفرەکەدا، تەنیا من و عەلائەدین و جار جارە شەمسەدین، ئەم دیمەنانەمان ئەبینی. بەهائەدین تەنیا ئەیزانی مۆرە بکات و لە ژێر لێوەوە براکەی بترسێنێت. نەمئەزانی بۆچی لە جیاتی ئەو کارانە لە خۆشحاڵیەکەی ئێمەدا بەشداری نەئەکرد. بۆ هەمو ئەهلی حەرەم تریقەلێدان و حلیکانەوەی ئێمەی منداڵانی-بە قەولی مامی- قول درێژ، زۆر ئاسایی و سروشتی بو، بێجگە ئەم گەنجە خوخرابە. لەوانەیە وایئەزانی بەو پێئەکەنین. ئەڵبەتە هەندێك جار ڕوپئەدا لچ و لێوی داقرچاوی ئەو پێکەنینەکەی بەهێزتر ئەکردین.

پەیوەندی دڵژێنەرەوەی من و عەلائەدین هەر بەو کەمە ساتانە کۆتاییان پێئەهات، بەڵام ڕۆژێك شتێکی گەورەم بۆدەرکەوت. لەسەر شێرە بەردینەکە دانیشتبوم کە دیسانەوە سێبەری دوای نیوەڕۆکەی ماڵەکە پەیدابویەوە ئەم جارە بێ هیچ جوڵەیەکی زیادە و بێ گوێپێدان بەرەو ژورەکەم ڕۆشتم و لەوێوە سەرم سوڕاندەوە و بە یەك نیگا ڕاومکرد. عەلائەدین بو کە بەخێرایی گەڕایەوە و هەڵهات. هەینی ڕابردو کە بە ڕێکەوت زۆر لە نزیك یەك دانیشتبوین، واتە ئەو لە کۆتایی سەرەوەی سفرەکەدا بو و منیش هەر لەو سەرەوە، سودم لە قەرەباڵغیەکە وەرگرت و پرسیم: بۆچی هەر جارێك لەسەر سەربانەکە ئەتبینم ڕائەکەیت؟ ڕوخساری وەك ئەو چەوەندەرەی کە لە حەمامدا پێمانئەدەن سور و وەنەوشەیی هەڵگەڕا. دواتر یەکسەر وتم: من ڕۆژێك دێمە سەرەوە، ئەبێت زۆر جوان بێت، بەڵام حەیف لە ڕێگەی پلیکانەکان زۆر ئەترسم. ڕۆژێك وەرە خوارەوە و لەگەڵ خۆت بمبە. نیگا شەرمنەکانی ئەوەندە بە هەراسانیەوە بە دەوری سفرەکەدا گێڕا کە ناچاری کردم منیش بێدەنگ ببم. نەمزانی نیگەرانی چیە، یان من چ قسەیەکی خراپم کردوە. بێجگە کیرامان خاتونیش -کە هەمیشە بە هەمو

گیانیەوە ئاگای لەم دو کوڕە بو- کەس ئاگای لێمان نەبو. بەهائەدینیش سەرگەرمی نانخواردن و گوێگرتن بو لە قسەکانی باوکی.

کیرامانای داماو، کوڕەکان کە هێزی هەناوی بون، زۆر کەم ئەیبینین. دوای مردنی گەوهەر خاتون، کاتێك خوێندنەکەیان لە شام تەواوکردبو و گەڕابونەوە، هەردوکیان لە دایەنەکەیان جیاکردبوەوە و لە حوجرەی مزگەوتەکەدا نیشتەجێیانکردبون. تەنیا جار جارە بەهائەدین ئەهات بۆ حەرەم، ئەویش کاتێك کە دڵی لە شوێنێکیتر پڕ بو. لەم کاتانەشدا دەمە دەمەی لەگەڵ کیرا خاتون یان مامیدا دەستپێئەکرد و یەکێکیانی ئەگریاند و ئەڕۆشت. بەڵام عەلائەدین کەمتر دەرئەکەوت، ئەویش بە تایبەت بۆ بینینی دایەنەکەی و داپیرە و ژنەکانیتر کە هەموان وەك کوڕی خۆیان خۆشیان ئەویست. ئەیوت وانە و کارەکانی حوجرەکە بوار نادەن. ئەمەبو کە کیراماناخاتون هیچ هەلێکی لەدەستنەئەدا بۆ تەماشاکردنی ئەم دو گەنجە کە بەرهەمی ژیانی بون. هەندێك جار کە کوڕەکان لەوسەری سفرەکەوە هەواڵیان ئەپرسی، یان گاڵتەیان لەگەڵ ئەکرد، نوقم ئەبو لە خۆشیدا و بە دەنگی بەرز خۆی بە ساقە و قوربانیان ئەکرد، ئەوەندەش بە توندی ئەیکێشا بە سنگیدا کە وامئەزانی ئێسقانەکانی ئەشکێن. من هیچ هۆیەکم نەئەدۆزیەوە بۆ ئەو هەموە نیگەرانی و شەرمی حزورانەی عەلائەدین. ئەو دوای باوکی خۆشەویستترین کەسی ناو ئەو کۆمەڵەیە بو. بۆ ئەبو ئەوەندە نیگەران بێت؟ و بۆچی ئەبێت وەڵامم نەداتەوە؟ کاتی پێویست هەبو بۆ ئەوەی بۆمدەرکەوێت.

ئەو شەوە سەرئەنجام باران وەڵامی هەمو چاوەڕوانیەکانی خەڵکی دایەوە. تا بەیانی پلوسکەکان گۆرانیان وت و بەیانی سەرەڕای ئەوەی نەئەکرا بڕۆمە دەرەوە و ژورەکەش تاریك بو کە ئەبوایە مۆمم داگیرساندایە، کەچی خۆشحاڵ بوم. من هەمیشە عاشقی باران بوم. هەر کە نیوە شەو دەستپێکرد بەرامەکەی خەبەری کردمەوە و بە یەك جار هەمو خەمەکانی دنیا لە دڵم دەرچو. باران تا نیوەڕۆ



Scanned with CamScanner

بەردەوام بو. دواتر هەورەكان بڵاوبونەوە و خۆر دەركەوت و تەنانەت ناوچاوی گرژی هەیوانەكەی ئێمەشی نوقمی پێكەنین كرد.

دوای نانی نیوەڕۆ لەگەڵ ئەوەشدا كە هەوا گەرم نەبو، هەموان ڕۆشتن بۆ پیاسەی دوای نیوەڕوان و منیش وەك هەمیشە ڕۆشتمە هەیوانەكە. ئیلیاس توڵینەیەكی بچوكی لە میوە وشكەكانی باخی بۆ ناردبوم كە ئەویشم لەگەڵ خۆم برد. جێم بە خۆم نەئەگرت لە خۆشحاڵیدا. نەمامە بچوكەكەی یاسە سپیەكە هێشتا گوڵی ئەگرت. باخچەڕازیە بە باران تەڕبوەكەی هەیوانەكە حاڵ و هەوایەكی سەیری هەبو. من تەنانەت قاقای ماسیە سورەكانی ناو حەوزەكەم ئەبیست كە مەستی باران و ئاوی تازە بون. كەش پڕ بو بو لە بۆنی بەهەشت.

شێرە بەردینەكە كە ئێستا بو بوینە هاوڕێ، تێر ئاوی خواردبوەوە. بێ پەروا لە تەڕبون لەسەری دانیشتم و توڵینەكەم خستە سەر ئەژنۆم. خەریكبوم بیرم لەوە ئەكردەوە چۆن جەژن بكەم كە دیسان سێبەرەكەی پێشوتر بەسەرمدا كشا. بە خێرایی ڕوم وەرگێڕا. خۆی بو. ئەم جارەیان ڕاینەكرد. بەدەستی ئاماژەی ئەكرد. تێنەئەگەشتم چی ئەڵێت. هەستامەوە و دەستم كرد بە كەپر بۆ چاوم تا باشتر ببینم. وەك دیاربو هەوای پاش باران ئەویشی بانگهێشتی سەرپێچی كردبو. ئەیوت وەرە سەرەوە. من تێمگەیاندبو كە لە تاریكی پلیكانەكان ئەترسم. هاوارمكرد من ئەتر... لە چاوتروكانێكدا بە ترسەوە دەستی وەك هێمای بێدەنگی خستە سەر دەمی و دیسانەوە ئاماژەی كردەوە بۆ لای پلیكانەكان. بە گومانەوە ڕۆشتم بۆ ئەو لایە. كونی خشتێكی ڕەش وەك دەمی ئەژدیها دەمی كردبوەوە. بە دڵنیاییەوە دەیان پەڕەسێلكە و شەمشەمەكوێرەشی تێدابو. وەستام و بە داماویەوە سەیری سەرەوەمكرد. دواتر دەستم وەك ئاماژەی نەتوانین و شەرم بەرزكردەوە و لە ناكاو توڵینەكەی دەستم لە مەچەكمەوە تا چەمینەوەی بازوم سوڕایەوە و هەمو میوە وشەكەكان ڕژان. لە بینینی داچڵەكینم دیسانەوە وەك

رۆژی یەکەمین دیدارمان تریقایەوە و ئاماژەی کرد کە خۆی دێتەخوارەوە. میوەکانم کۆکردەوە و چاوە بێ ئۆقرەکانم بڕیە تاریکیەکە و چاوەڕوانی بوم. زوتر لەوەی بیرم لێئەکردەوە، لەبەردەم ڕەفەیەکدا دەرکەوت. بە خێرایی قۆڵە درێژەکەی بالاپۆشەکەی گرتم و ڕایکێشتم بەرەو ناو تاریکیەکە.

چاوم هیچ شوێنێکی نەئەبینی. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە چاوەڕوانی زیکەی پەرەسێلکەکاندا ئازارم ئەکێشا، بەلآم هێزی دەستی شەپۆلێکی نەناسراوی ڕەوانەی جەستە و گیانم ئەکرد. حەزمئەکرد پلیکانەکان کۆتاییان نەیەت. چیتر پەرەسێلکە و شەمشەمەکوێرەکانم لە بیر چوبونەوە. هەستێکی دڵخۆشکەر و نەناسراو، هاوڕا لەگەڵ گەرمای گوێزراوەی دەستەکانی ئەودا لە چمکی قەیفەیی قۆڵمەوە تێئەپەڕی و دڵمی بە سۆزەوە ئەلەرزاند. تەنیا یەك پێچ کە ڕۆشتینە سەرەوە، دەرگای چونەدەرەوەی پشت سەربانەکە دەرکەوت. بەرلەوەی بچینە دەرەوە، وتی چاوەکانت داخە. دامخستن. دیسانەوە قۆڵی گرتم و بە نەرمی بەرەو سەربانەکە ڕێنمایی کردم. زۆر تێئەپەڕی کە لە خاڵێکدا وەستا و وتی: ئێستا چاوەکانت بکەرەوە. گومانم ئەکرد ڕوبەڕوی چاوەڕوان نەکراوێك ئەبمەوە بەلآم نەك بەو شێوەیەش. لە بینینی ئەوەی لە ڕوبەڕومدا بو خەریك بو لە شەوقدا هاواربکەم. لە پشت سەربانە خشتیە سور و باران خواردوەکانی قونیەوە کە لە چەند هەنگاوێکیماڵەکەی ئێمەوە –واتە سنوری شارە تازەکە لەگەڵ قەلآکە– تا ئاسۆ درێژ بو بویەوە و لە نێوانیاندا، لە شوێن نا شوێنێك سنەوبەرەکان سەریان بەرزکردبویەوە و لە تەڕیدا خۆیان دابویە بەر خۆر، جیهانێکی تازە بو کە ئەو بە دیاری پێی بەخشیم. بە وریاییەوە لەسەر پێ سوڕامەوە. باکور لە داوێنی چیاکانەوە بە پەردەیەك لە بەفری تازەوە، دنیا زەرد و سەوز و ئاماڵ سور و ئەرخەوانیەکەی باخەکانی قونیە بە گومەزە باران شۆردوەکانەوە کە پیرۆزەییەکانیان لێرە و لەوێ تیشکی خۆریان ئەدایەوە، ئارەزوی فڕینی لە ناخمدا

زیندو کردەوە. باش ئەمزانی کە باخەکەی ئێمەش لەو دەوروبەرەدایە. لەوانەبو کۆتا ڕیزە درەخت –بەر لە شاخەکان– هی باخەکەی ئێمە بون. ئەو بە پەنجەی خاڵێکی لە ئاسمان نیشاندا کە خەریکبو پایەی پەلکەزێڕینەیەکی قوتئەدا و بە کەمێك نائومێدیەوە وتی: درەنگ گەشتین، تەواو بو. دواتر دەستەکانی بە درێژایی شانەکانی بڵاوکردەوە و وتی: ئەوەندە بو.... لەم سەر دەشتەکەوە تا پشت شاخەکان! حەیف. ئەگەر زو بهاتبای هەمویت ئەبینی.

پەلکە زێڕینە هەمو ساڵێك لانی کەم دە جار میوانی باخەکەی ئێمە بو و هەر لە هەیوانی ماڵەکەمانەوە ئەتوانرا ببینرێت. بەڵام سودی چی بو، ئەمانە هەمو پەیوەست بون بە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە. گرنگ ئەوەبو من لەو ساتەدا بەو بەرزاییەوە بوم و هەمو قونیە لە بەرامبەر چاوەکانمدا لە ژێر ڕۆشنایی خۆردا ئەدرەوشایەوە. ئەو چاوچنۆکانە سەیری ئەکردم و من لەم بارەی ئەو توشی دڵە ڕاوکەیەکی ترسناك ئەبوم. دەستەپاچە بو بوم. ئەمە یەکەمین جار بو بە تەنیایی ڕوبەڕوی یەکتر بوەستین. بە دەنگێك کە بە ناڕەحەتی ئەهاتەدەرەوە وتم:

– زۆر جوانە. بەڵام من لەم پلیکانانە ئەترسم.

– بۆچی؟ ترسی ناوێت. پلیکانەکان چیان تێدایە ئەترسی؟

– نازانم، بەڵام ئەترسم. حەزمئەکرد بڵێم ((گرنگ نیە، تو خوا دیسان بمهێنە سەرەوە. من لەم هەیوانە بێزارم و دوای نیوەڕوان بێتاقەت ئەبم. ئێرە زۆر جوانە و من ئامادەم تا شەو لێرە دانیشم.))، بەڵام لە جیاتی ئەمە بەدەنگێکی لە خۆباییەوە کە بۆم تازە بو، وتم: ئەکرێت دیسان بمهێنیتەوە بۆ ئێرە؟

– بێگومان بەڵام زۆریش نا. من ئێستا ئیتر گەورە بوم. باش نیە، لەوانەیە لای باوکم شکاتم بکەن پێشتر هەمو ڕۆژێك دوای وانەکان و نانی نیوەڕۆ، تا نوێژی عەسر ئەهاتمە سەرەوە، ئاخر هەموان –هەم لە حوجرە و هەم لە حەرەم– لە

خەودا بون ومن بێتاقەت ئەبوم. بەڵام ئێستا ئیتر کەمێك جیاوازە و گونجاو نیە زۆر لێرە بسوڕێمەوە.

– چ جیاوازیەکی هەیە؟ چ ڕێگریەك هەیە بۆ هاتنە سەربان؟

– من چیتر منداڵ نیم و باش نیە لەسەربان‌دا بێ هۆ بسوڕێمەوە.

– من وائەزانم تۆ هەر لە خۆتەوە نیگەرانی. سەربان خۆ هەر بۆ منداڵان نیە. بە شێوەیەك سەیری کردم کە تێگەشتم ئەیویست شتێك بڵێت، بەڵام وەستا و چاوەکانی بڕیە زەویەکە بێ ویست تولێنەکەم بەرەو ڕوی درێژ کرد. چەند بادام و قەیسەیەکی هەڵگرت و دواتر وتی: ئەمەش سەربان کە حەزت ئەکرد بیبینیت. بەڵام پێویست ناکات بە هیچ کەسێك بڵێیت، باش نیە. ئەمزانی هەر پرسیار و وەڵامێك بێ هودەیە و دڵنیابوم بیرخستنەوەکانی بێ هۆ نین. ئەوەندە دانیشتین کە هیچ شوێنپێیەکی پەلکە زێڕینەکە دیار نەما. دواتر وتی: باشە ئێستا ئەبێت بڕۆیت، منیش هەروەها. هەر کاتێك بۆمکرا بانگت ئەکەم. دواتر بە زەردەخەنە تایبەتیەکەوە وتی: بەمەرجی ئەوەی لەم خواردنانە لەگەڵ خۆت بێنیت. چ مەرجێکی ئاسان بو! ئیلیاس ئەوەندەی لەمانە ناردبو کە ئایا شوێنی نەئەدۆزیەوە بۆ هەڵگرتنیان و لەبەرئەوەی ڕژد بو، نەشیئەبەخشینەوە. هەرچی لە تولێنەکەدا مابویەوە خاڵیمکردە گیرفانی کراسەکەی و هەردوکمان مەست و ڕازی لەیەك جیابوینەوە، ئەو لە پلیکانەی حوجرەکەوە و منیش بەرەو هەیوانەکە. کاتێك گەیشتمە هەیوانەکە، تازە بۆمدەرکەوت ئاگادارکردنەوەکانی ئەو منیشی توشی دڵەڕاوکە کردوە، بەڵام باشیەکەی ئەوەبو تاریکیەکەم بێ هیچ ترسێك تێپەڕاندبو.

هەموان هێشتا لە خەودا بون و دیارنەمانی درێژخایەنی من هیچ کاردانەوەیەکی بە دوای خۆیدا نەهێنا و من کە هێشتا نەمئەویست بگەڕێمەوە بۆ ژورەکەم ڕۆشتمەوە بۆ سەر شێرە بەردینەکە و بە ناڕەحەتی سوڵتانەم گرت–کە لە باراندا



Scanned with CamScanner

تەڕ بو بو و بە هاتنە سەرەوەی ئاوی حەوزەکە بە ئومێدێکی زیاترەوە نەخشەی بۆ ماسیەکان دائەڕشت- و لەسەر چۆکم دامنا و لەکاتێکدا نەمئەزانی بیر لە چی بکەمەوە، دەستم ئەهێنا بەسەر پشتیدا. ئای لەو سەرەوە چەند خۆشحاڵ بوم. دۆخێکی نامۆم هەبو. بە قەولی بی بی جان لە خۆشیانا پێم وە هەرد نەئەکەوت.

ئەو شەوە خەوم بە پەلکە زێڕینەوە بینی و هەمو دوای نیوەڕۆی ڕۆژی داهاتوم بە چاوەڕوانی ئەوەوە لەسەر شێرە بەردینەکە تێپەڕاند، بەڵام هیچ هەواڵێك نەبو. سوپاس بۆ خوا سوڵتانە لەبەر هەر هۆکارێك بێت هەیوانی حەرەمی پێ خۆشتر بو لە هەیوانی حوجرەکە و لەوێ بو، ئەگینا دیقم ئەکرد. ئەو لە بنەڕەتدا پشیلەی شەمسەدین بو، بەڵام وائەزانم لەبەرئەوەی کۆلکە فەقێکانی حوجرەکە ئازاریان ئەدا، پەنای ئەهێنا بۆ ئێرە. لەوانەشە لەبەر ماسیەکان ئەهات. هەر جۆرێك بێت ئەو لەو نامۆییەدا بو بوە ئاویارم.

هێشتا هیچ هەواڵێکی ئوجی نەبو و منی ترسنۆك لە تاسەی ئەو ئارەزوەدا کە بتوانم لەو پلیکانانەوە کە لە هەیوانەکەوە ئەڕۆشت بۆ ژێر زەمینەکە و ئەیانوت بە چێشتخانە و گەنجینە کۆتایی دێت بڕۆمە خوارەوە و ببینم، ئەسوتام. تەنیا ترسم لە تاریکیەکە نەبو، چەندین جار لە خەودا بینیبوم بونەوەری نامۆ و ترسناك لەو خوارەوە چاوەڕوانی مرۆڤەکانن. لەم ڕوەوە تەنانەت زاتی سەیرکردنی ئەو لایەشم نەبو. سوپاس بۆ خوا کە مۆڵەتی سودوەرگرتن لە سەرئاوی گەنجینەکە بە من درابو و ئەگینا ژیان لەمە زیاتر ناڕەحەت ئەبو بۆم، لەبەرئەوەی تەنانەت وامئەزانی دەنگی هاوار و کروزانەوەی قوربانیەکان لەوێوە ئەبیستم، بەتایبەت شەوان کە هەمو شوێنێك بێدەنگ بو.

لە کۆتاییدا پاش چەندین ڕۆژ چاوەڕوانی ناڕەحەت، سێبەرەکە هاتەوە و لەگەڵ خۆی بردمی. ئەم جارەیان ڕۆشتینە ئەو لاکەیتری سەربانەکە کە پڕ بو لە دارگوێزی گەورەی چڕ. وەك بڵێی ئەم درەختە تاکە میوەی قوتابخانەکە بو و

هێشتا گوێز لە ژێر گەڵا پاییزیەکاندا بە کۆتا لقەکانەوە مابونەوە. عەلائەدین ئەیوت باپیرەی نەمامەکەی زۆر بە ناڕەحەتی لە ئێرانەوە هێناوە. لەم لایەوە ئەبوایە زۆر ئاگاداربوینایە کە لە حوجرەکەوە نەبینرێین، یان لە شەوقی دۆزینەوەی گوێزدا نەکەوینە خوارەوە. بە سەرسوڕمان و خەمەوە بۆمدەرکەوت لەو ئازاترم، لانی کەم لە سەرکەوتن بەسەر درەختدا. ئەو گوێزەکانی ئەدۆزیەوە و من ئەڕۆشتم لێمئەکردنەوە. ئەڵبەتە لە توڵینەکەی مندا کاکڵە گوێزیشی تێدابو، بەڵام ئەم گوێزانە تامێکی تریان هەبو. من سەرم لە خۆڕاگریان سوڕمابو کە توانیبویان لە دەست فەقێ برسیەکان ڕزگاریان ببێت. کات بە خێرایی تێپەڕی و لە شوێنێکەوە دەنگی بانگی عەسر هات. لە هەر ساتێکدا ئەکرا بانگدەرەکە بێتەسەرەوە. لە ترساندا بە خێرایی ڕۆشتینە خوارەوە.

کەم کەم هەمو شۆڕ و شەوقی دەرونم سنوردار بو بو لە چاوەڕوانیم بۆ چونە سەر بان. هەوا بەرەو ساردی ئەڕۆشت و دەستەکانم خەریکبو ئەیانبەست بەڵام هیچ گرنگ نەبو. لەگەڵ یەکدا لە شامەوە ئەمانهێنا و لە شیرازەوە دەرمانئەکرد و ئەو یاریانەی ئەمانزانین فێری یەکتریمان ئەکرد. هەندێك جار من سوڵتانەشم ئەبرد. پێیمان ئەکردە توێکڵە گوێزەکان و ئەو بە دەوری خۆیدا ئەسوڕایەوە، لە پێکەنیندا خەریك بو ناوسکمان بپچڕێت. میوە وشکەکانی ئیلیاسیش ڕەونەقی ئەبەخشی بە جەژنە پایزانەکەمان. تەنیا کاتێك عەلائەدین باسی دایکی ئەکرد و چاوە گەورە و ڕەشەکانی پڕ ئەبون لە فرمێسك، یان ئەگەر باسێکی براکەی بکردایە ڕەگەکانی ملی لە هەمیشە شینتر و گەورەتر دەرئەکەوتن، من دەستەپاچە ئەبوم و نەمئەزانی چی بکەم. حەزمئەکرد بمتوانیبا هەقی ئەوم لە براکەی بکردایەتەوە. هەرکاتێك بەهائەدین ئەهات بۆ حسێوکتێو بۆ حەرەم و بیانوی ئەگرت و هەڵلایەکی ئەنایەوە، نوێژم بە ئامادەییەکی زیاتری دڵەوە ئەکرد و داوام لە خوا ئەکرد کە پەندی ئەم بونەوەرە لە خۆڕازیە دابدات بەهۆی

بیانوگرتنەکانی و ئەوەش کە ئازاری عەلائەدینی ئەدا. بێگومان ئەویش ڕقی لە من بو، تەنانەت یەك جاریش ڕوینەدابوڕاستەوخۆ سەیری ناوچاوم بکات. وەك ئەوەی ئەسڵەن هەر نەبم و ئەمە ئەڵبەتە کۆتا خەمی من بو.

بەیانی ئەو ڕۆژە چاوم نەکردبوەوە خۆشحاڵ بوم. ئەمزانی ئەبێت بەرگدرو بێت و جل بدورێت بۆ منداڵەکەی دایکم کە تەقریبەن هەمو حەرەم لە چاوەڕوانیدا بو و بڕیاربو منیش فێربکات تا بتوانم جلی منداڵ بدورم. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ هەستێکم نەبو بەرامبەر بە منداڵەکەی دایکم، بەڵام عاشقی کراسە بچکۆلەکان بوم و حەزمئەکرد منیش کراسی بۆ بدورم و بە دەستی خۆم بیکەمە بەری. هێشتا خەریکبوم دەسەملانێم لەگەڵ خڵتەی خەوەکەمدا ئەکرد کە دەرگای ژورەکە بە دەنگە دەنگەوە کرایەوە و ئایا لە کاتێکدا بە زەحمەت کەسێکی بە شوێن خۆیدا ڕائەکێشا، هاتەژورەوە.

نیوە ڕاست بومەوە. تارماییەکی لاواز و ڕەش، لە دوایەوە هاتەژورەوە. بۆنێکی جارسکەر بە جارێکا ژورەکەی گرتەوە. چەند سانێکی پێچو تا ئوجیم لە ناو کەشی نیوە تاریکی ژورەکەدا ناسیەوە ئەوەندە گۆڕابو و لاواز بو بو کە ئەگەر لە کۆڵاندا بوایە نەمئەناسیەوە. لاشەی بە ئاشکرا چەمابویەوە. قژە لولە درێژەکەیان ئەوەندە کورتکرابوەوە کە ئەکرا بڵێیت تاشیبویان. لە جیاتی کراسەکانی من — کە هەمیشە ئەدرا بەو— کراسێکی یەکسەرەی سوریان لەبەرکردبو و کە لە هەڵتڵیشانی درێژ و ناقۆڵایەوەمەمکی بچوکی ئەبینرا. ئەوانەی ئەویش وەك ئەوانەی من تازە لە ژێر پێستەکەوە سەریان دەرهێنابو. بە دڵنیاییەوە بە هەمان ئەندازەش بە ئازاربون، بە تایبەت لە ژێر ئەو کراسە زبرەدا کە وائەزانم لە جنسی ڕەشەدەواری کۆچەریەکان بو. شتێك لە ڕوخساریدا خستمیەوە بیر بێچوە پەڕەسێلکە مردوەکان وەك ئەو کاتانەی مۆتەکەم ئەبینی و هاواری بێدەنگ گەرومی ئەگوشی. ڕامکرد بەرەو لای، هیچ کاتێك نەمئەزانی ئەوەندە خۆشم

ئەویت. ئەو هی من بو. چ کەسێك مۆڵەتی بە خۆی دابو ئەم بەڵایەی بەسەردا بێنێت. ئەمویست بیگرمە باوەش. ئایا ئەوەندە توند خۆی خستە نێوانمانەوە کە هەردوکمان بە یەکماندا دا و من کەوتمە سەر زەویەکە. لە ناو سەرسوڕمان و داماوی مندا، ئایا خۆی کۆکردەوە و وتی: خاتون گیان ببورن! ئەو نەخۆشە، دەستی لێمەدەن. برینەکەی زوخی کردوە و تای هەیە. وائەزانێت خەریکە ئەمرێت. دۆمێتی نواندوە کە ئەیەوێت بەر لە مردن ئێوە ببینێت. دوێنێ شەو نەخۆی خەوتوە، نە لە قیژە و هاتوهاواردا هێشتویەتی کەس لەو خوارەوە بخەوێت. کاتێك نیگای ماتەم و ئازارچەشتوی ئوجی تێکەڵی نیگام بو، ئیتر لە هیچ شتێك تێنەگەشتم. دیسان لە بێچارەییدا پەلاماری ئایامدا. گریانێکی شێت ئاسا بەر چاو و گەرومی گرتبو. کوێر کوێرانە مشتەکۆلەکانم ئەنارد و لەگەڵ گریاندا ئەمقیژاند. من ئایام بە تاوانبار و هاوبەش دائەنا لە کوشتنی ئوجیدا. پێیان وتبوم خەتەنە کارێکی گرنگ و ترسناك نیە و ئەو خۆی وتبوی دان بە خۆمدا بگرم. ئەمویست هەم خۆم بکوژم، هەم ئەو. ئەمویست دنیا هەر لەو ساتەدا تەواو ببێت. ئەم ڕوداوەکۆتا توانا و هێزی لێگرتمەوە بۆبەرگەگرتنی ئەم ماڵی ڕۆحانە. بە سەر و قاچی ڕوتەوەلە دەرگاکەوە ڕۆشتمە دەرەوە و بێ ئەوەی هیچ شوێنێك ببینم، نەستیانەبەرەو پلیکانەی ژورەکەی دایکم ڕامکرد. لە یەك چاو تروکاندندا خۆم لە ناوەڕاستی ژورەکەیدا بینیەوە. ئاوساو، بە لاشە ناقۆڵاکەیەوە لە ناوەڕاستی ئەو قوماشانەدا دانیشتبو کە لە سندوقەکان دەریهێنابون. کە منی بینی، بەو هەموە قورسیەیەوە وەك هەورەبروسکە هەستایەوە و لە کاتێکدا بە دودەستی ورگە گەورەکەی ئەپاراست، قیژاندی خوای گەورە! چی بوە کیمیا؟ دیسانەوە چی بوە؟ بە دەست ئاماژەم کرد بۆ لای ژورەکەم، بەڵام نەمتوانی هیچ بڵێم. گریان و خەم و توڕەیی تێکەڵی یەك بو بون و دەنگێك وەك دەنگی شکانی دەرختێك لە گەرومەوە ئەهاتەدەرەوە. نزیك بوم لە مردن. ڕایکرد بۆ لام و



Scanned with CamScanner

باوەشی پێداکردم. ئای چ بەهەشتێك بو ئەم باوەشە. بالأم ئێستا ئەگەشتە سنگی کە هەمیشە بۆنی گوڵی ئەدا چەندین جار بینیبوم کە کیسەیەکی ئاوریشمی بچوکی پڕ لە گەڵای گوڵی سور یان یاسی لە ناو سنگیدا ئەشاردەوە. بۆنی خۆشی ئەو دەرونی شڵەژاومی هێور کردەوە، دەستمکرد بە قسەکردن و گریان کە ئایا بە هەناسە برکە لە ڕێوە گەشت. دایکم هاواری کرد بەسەریدا چی بوە؟ خۆ من مردم، زوکە بزانم ئوجی چی لێهاتوە؟ ئایا هەم لە ترس و هەم لە ماندوێتیدا هەناسەی بۆ نەئەدرا. بەردەوام ئەیوت: خاتون گیان مەترسن! هیچی لێنەهاتوە. تو خوا خەفەت مەخۆن. خاتون گیان هیچ نیە، توخوا مەترسە. عەجەب کارێکم دایە دەست خۆم! چ هەڵەیەکم کرد! چ هەراوهوریایەك بەرپابو. سەیرێکی تورەی کردم کە بە پوشێکیشم نەزانی. دەستی دایکمم گرت و بێ ئاگاداربون لە بارودۆخی و بێ ئەوەی بواری پێبدەم هیچ بدا بە سەریدا، ڕامکێشا بەرەو پلیکانەکان. چەند ساتێك دواتر من و ئەو وردبوبوینەوە لە ئوجی کە وەك بێچوە مارمێلکەیەك لکابو بە دیوارەکەوە و بە چاوە گەورەکانی کە تاکە نیشانەی مانەوەی شوناسی بو، سەیری ئێمەی ئەکرد. فرمێسك وەك روبارێکی باریك، دەشتی زستانی گوناکانی بە ئارامی و بێدەنگی ئەبڕی و ئەڕژایە سەر سنگی ڕوتی. ئەوەندە تێکشکاو دەرئەکەوت کە من هەمو جۆرە ئومێدێکم لەدەست ئەدا بۆ چاکبونەوەی.

دایکم واق وڕماو، نیگای لە ئوجیەوە بۆ ئایا و لە ئایاوە بۆ ئوجی ئەگەڕاندەوە، هەرگیز هیچ کەسێك تا ئەو ڕۆژە ئەوەندە دایکمی بەو پەرێشانیە نەبینیبو و دەنگی لە ئاستێکی دیاریکراو بەرزتر نەبیستبو. تەنانەت لە ڕۆژی بە خاکسپاردنی باوکیشمدا، ئەو تا ڕادەیەك خۆگری لە دەستنەدا. بەڵأم لەو کاتەدا بەرەو کەنیزەکە ڕایکرد و گرتیەباوەشی و بە گریان و هاوارکردنەوە بەردەوام ئەیپرسی: ئەی خوایە، ئەم ناسوڵمانانە چیان کردوە بەم منداڵە داماوە؟ ئایا تۆ لە چ دۆزەخێك بویت کە هێشتوتە ئەم بەڵایە بێنن بەسەر ئەم منداڵە بێتاوانەدا؟ ئایا کە

داماوانە لەسەر پلیکانەی بەردەم دەرگاکەدا داهێزرا، سەری خستە ناو دەستەکانی و بە گریانەوە وتی: خاتون، من چوزانم! دەی خەتەنەیان کردوە. ئەبوایە مسوڵمان ببوایە! ئێستا برینەکەی زوخی کردوە، هیچ نیە، باش ئەبێتەوە هەر لە خۆیەوە دۆمێتی ئەنوێنێت. ئەسڵەن ئەمە چ پەیوەندیەکی بە منەوە هەیە؟ مەگەر من فرمانم داوە خەتەنەی بکەن؟ ئەی خوایە! کەی ڕزگارم ئەبێت لێرە؟ ئەسڵەن تاوانی منە کە هەر لە خۆمەوە دڵم بۆی سوتا. ئەبوایە بمهێشتایە هەر لەو خوارەوە بمرێت تا ئەم هەراوهوریایە هەڵنەگیرسێت. خاتون گیان! خۆتانی پێوە مەلکێنن. بۆ ئێوە باش نیە. گرفتمان بۆ دروستئەبێت ها!

دایکم بێ بایەخدان بە ئاگادارکردنەوەکەی ئەو دوبارە هاواریکرد: قژەکانی؟ جلەکانی؟ برسێتی کێشانەکانی چی؟ ئەمانەش بەشێکن لە مسوڵمانی؟ چ نا مسوڵمانێك ئەمانە بە مسوڵمانێتی ئەزانێت؟ ئەمەوێت بزانم.... ئەی هاوار! خوایە خۆت هەمو ئەم پیسێتیانە پاککەرەوە.

ئایا وتی: خاتون، خاتون گیان! هەڵمەچن، بۆتان باش نیە. ئەمە تەنیا کەنیزەکێکە. ئەمانە وەك ئێمە نین. ئێوە ئەمەتان خراپ ڕاهێنابو، ئێستا بۆی نارەحەتە، ئەگینا کەنیزەك، کەنیزەکە.

دایکم چەند هەنگاوێکی بەرەو ڕوی هەڵگرت کە ئایا لە ترسدا ڕۆشتە دواوە. دایکم دوبارە قیژاندی: بڕۆ بڵێ حەمامەکەم گەرم بکەن، حەکیمە باجی و نەنەجیش ئاگادارکەرەوە. دواتر ڕویکردە من و وتی: یەکێك لەو جلانەی کە وتم لێرە بۆت بدورن، ئامادە بکە. دواتر دانیشت و ئوجیشی لە تەنیشت خۆیدا دانیشاند.

ئایا کە نیگەرانی لە سەروموقلی ئەباری و خۆی بە بێگوناە ئەزانی لەبەرامبەر توڕەبونی دایکمدا، دوبارە بە وریاییەوە وتی: خاتون ئەمە نەخۆشە. دەستی لێمەدەن. بۆتان باش نیە، بۆ منداڵەکەی زگیشتان باش نیە. دایکم چاوێکی لێزیت



Scanned with CamScanner

کردەوە و بە کەللەڕەقیەوە دوبارە ئوجی لە باوەشیدا گوشی. دواتر ڕوخساری لێنزیککردەوە و وتی: مەترسە کیژۆڵە تەنیاکەم. باش ئەبیتەوە.

من وەك بڵێی، هەم بە چاوەکانی خۆم ئەمبینی و هەم بە دەستیشم ئەمساوی ئەو گیانەی کە دایکم ئەیکردەوە بە بەری ئەو بەندە داماوە بچوکەی خوادا. چ موعجیزەیەکە ئەم عەشقە! دایکم لە کاتێکدا قسەی لەگەڵ خۆیدا ئەکرد، وتی: تاوانی من بو. خوایە بمبەخشە! نەدەبو هەمو شتێکم بە ئومێدی ئەمانەوە جێبهێشتایە.

فێنکییەکی شادی هێنەر ڕۆحمی گرتبوەوە بەڵێ، دایکم نەدەبو هەمو شتێکی -کچەکەی، کوڕەکەی، ماڵەکەی، ژیانی- بە ئومێدی ئەمانەوە جێبهێشتایە. کۆمەڵێك ژنی دافرەقاو، لە ژێر فرمانی کوڕێکی گەنجدا کە زیندانەوانیان بو و کوڕێکی گەنجتر کە هێشتا لە بەرزەخی مردنی دایکی و نامیهرەبانی براکەی و بێئاگایی باوکیدا پەلەقاژەی ئەکرد، و باوکێکی نقوم لە کاروبار و چاوەڕوانی گەلێك کە شارێك دابوی بە کۆڵیدا، چۆن دایکی منیان تا سەرزەمینی دزێو بون بردبو؟ سوپاسی خوام کرد کە بەرلەوەی سەرەی ئێمە بێت، لە کۆتاییدا دایکم هاتەوە هۆش خۆی.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرگدروەکە لە ڕێگەی دورەوە هاتبو و بێ ئارامانە چاوەڕێی فرمانەکانی دایکم بو، ئەو خۆی بە تایبەتی ئوجی بە یارمەتی نەنەجی -کە بە بێزاریەوە دەستی لە کەنیزەکە ئەدا- شۆرد و جلی لەبەرکرد و فرمانیدا لە ژورەکەی مندا جێگەخەوێکی تایبەتیان بۆ ڕاخست و دواتر لە پشت سەریەوە دانیشت تا حەکیمە باجی کە مامانی خۆی بو هات. دواتر هەموانی بۆ بینینی لە ژورەکە کردە دەرەوە، بەڵام هاوارە لورە ئاساکانی ئوجی کە وەك دیاربو ئەگەشتە چەند کۆلانێك سەرتر، دڵ و دەرونی ئێمەی سوتاند. نازانم چی ڕویدابو کە دایکم لە ژورەکە هاتەدەرەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە چەند هەفتەیەك بو دڵی



Scanned with CamScanner

تێکنەچو بو، دوبارە لە سوچێکی باخچەکەدا هەرچی لە هەناودا بو، کردە دەرەوە.

هەمو ژنەکانی حەرەم -لە پیر و گەنج- بێجگە مامی- لە ژورەکانیان هاتبونە دەرەوە و بە ترسەوە لێرەو لەوێ قسەیان لەگەڵ یەك ئەکرد. من لەسەر شێرە بەردینەکەی خۆم دانیشتبوم و سەرەڕای ئەو هەموە بێتاقەتیەم لە چێژێکی تۆڵەکەرەوانە سەرمەست بو بوم. ئەوان ئەبوایە بیانزانیایە ئێمە کێین. ئەبوایە بیانزانیایە کیراخاتون -دایکی من- لە کاتی خۆیدا ئەبێتە چ مێنگە شێرێك. پاش ماوەیەکی دورودرێژ شانازیەکی گەورەم بە دایکمەوە کرد. بەم دواییانە گۆڕابو، ئیتر لە نیگاکانیدا هەستم بەو شەیداییەی ئەو عەشقە بێ چی و چلۆنە نەئەکرد. بە زۆری ڕەنگ لە ڕو بڕاو و لاواز بو و لە جیاتی جلە جوان و ڕازاوەکانی کراسێکی سادە و ساکاری لەبەرئەکرد و هەمیشە سەرپۆشی بە سەرەوەبو. لەوە بەدواوە هیچ کەسێك نیشانەیەکی لە تەوقە گەوهەریەکانی سەری کە ڕەنگاوڕەنگ بون، نەبینیەوە. لەشولارە جوانەکەی تێکشکابو و ژێر چاوەکانی هەمیشە ئاوسابون. ئەمانە ئەڵبەتە هێندەش گرنگ نەبون. بە بۆچونی من بێگانەبونی لە ناکاوی بە ئێمە و نقومبونی خێرای لە ژیانە تازەکەیدا، زیاتر شایەنی سەرزەنشت بو. هەندێك جار ئەهاتە بەرچاوم کە تەنانەت خوداوەندگاریش وەك ئەو ڕۆژانە سەیری نەئەکرد. بە نهێنی شەرمم ئەکرد لەوەی قبوڵی بکەم ئەم ژنە هەر ئەو دایکەی منە کە ڕۆژگارێك وەسفی جوانی و کەماڵی بە مەجلیسەکانی قونیەدا بلاوبوبویەوە. کاتێك هاتەوە بیرم کە پێش لە مردنی باوکم و تەنانەت چەندین جاریش دوای مردنی باوکم -سەرەڕای هەمو تاسەی بۆ گۆشەگیری- کاتێك کە بازرگانە کوتاڵفرۆشە ناسراوە مەغریبیەکە لە ڤینیزەوە ئاوریشمی چینی، حەریر و خشڵ و زەنبەری هیندی و بە زێڕ چنراوە ئێرانیەکانی بە کاروانی وشتر ئەهێنا بۆ باخەکەی ئێمە و دایکم یەك هەفتەی تەواوی تەرخانئەکرد بۆ هەڵبژاردنی قوماش و



Scanned with CamScanner

تۆڕ و قۆپچەی گونجاو و تازەش کاتێك بازرگانەکە ئەڕۆشت، دایکم گلەیی هەبو کە ئەم ساڵ لە پارساڵ کەمتر شتی بە کەڵك خواردوی لەگەڵ خۆی هێنابو، نەمئەویست باوەڕبکەم کە ئەم ژنە داماوە بەو لەشولارە تێکشکاوەوە، لەو جلە ناقۆڵایانەدا دایکی منە. بەڵام ئەمڕۆ کە چمکێك لە لێهاتوییە دێرینەکەی نیشاندا، نقومبوم لە خۆشیدا و چیتر بەرزی دیوارەکان قورساییان لەسەرم دروستنەئەکرد.

پاش بانگی نیوەڕۆ مامانەکە ڕۆشت و دایکم فرمانی پێویستی دەربارەی خواردن و پەرستاری ئوجی بەسەر ئایادا کرد و وتی دوای نیوەڕۆش بنێرێت ئەو ئاوکوتانەی دایەنەکە وتویەتی بیهێنن و ئەگەر خۆیان حەزناکەن، ئەو بانگ بکەن و بە منیش کە هەر وا لەسەر شێرە بەردینەکە لە ژێر نیگا سوسەکار و هەندێك جار جوێنبارانەکانی لایەنگرانی مامیدا لە چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی ڕوداوەکەدا دانیشتبوم، بە نیگایەکی پڕ لە هاودەردیەوە وتی: ئەگەر ئەتەوێت لای ئوجی بمێنەرەوە و ئەگەریش ناتوانی وەرە سەرەوە بۆ لای بەرگدروەکە.

حەزمئەکرد لە هەردو جێگەکە بم. یەکەمجار سەرێکم لە ئوجیدا کە نیگاکانی ئارام و پڕ لە هەقناسی بو و دڵنیامکردەوە کە نامرێت و من و دایکم چیتر مۆڵەت نادەین بیبەنەوە خوارەوە. دواتریش بە ڕیاکاریەوە وتم: ((ئێستا ئەڕۆم با تۆ ئاسودەبیت و بتوانیت بخەویت.)) و دواتر وەك تیرێکی لە کەوان دەرچو، ڕامکرد بۆ تالاری گۆشەکە. هەستم بە بارسوکی ئەکرد و لەوەی کە لە ناو ئەو دیوارانەدا خاوەن هێزێکم، مەستی مەست بوم. لە هەمانکاتیشدا ئەو بەڵایەی بە ناوی خواوە بەسەر ئوجیاندا هێنابو و ئەو ستەمەی ئەم دیندارانە بەویان ڕەوا بینیبو، ڕۆیکردبوم بە ناو بیرکردنەوەدا. بە پێی ئەوەی من لە باوك و دایکم و خوداوەندگار و لالای شەمسەدینەوە ئەمزانی، دین تاکە ڕێگەی ڕزگاری و تاکە هۆکاری ڕێنمونی مرۆڤە بەرەو باشی و بەسۆزیەکان و مایەی سەربەرزی مرۆڤە لە بەردەرگانەی خواوەنددا. بەڵام ئەمە زۆر جیاوازبو لەوەی کەوتبوە دەست ئەم



Scanned with CamScanner

پیرەژنانە. و ئەوەی ئەسڵەن بۆ خوا بە ڕەوای ئەبینی بە ناوی ئەوەوە وا بکەن.
بەیانی ئەو ڕۆژە کاتێك دوای نیوەڕۆ سێبەری بەردەم شێرە بەردینەکە
دەرکەوتەوە، سەرەتای وەرزێکی نوێ لە گفتوگۆ و یاری منداڵانە و چیرۆك
گێڕانەوە و گێڕانەوەی یادگاری لە نێوان من و ئەودا کرایەوە: خوا.

ئەو ئەڵبەتە هەندێك جار باسی خوای ئەکرد و من هەمیشە گوێمئەگرت. بەڵام
ئەمجارەیان من بوم ئەمویست بە جدیەوە باسی خوا بێنمە ناوەوە.

دوای نیوەڕۆیەکی ساردی پایزی بو. لەسەر سەربانەکە دەستەکانم بە خشتی
دوکەڵ کێشی تونی حەمامە تایبەتیەکی دایکم کە بۆ ئوجی گەرم کردبو و هێشتا
نیوە گەرم بو، گەرم کردەوە و لە کاتێکدا بەردەوام بە چاوەکانم بە شوێن
ئەبەدیەتەوە بوم، وتم:

تۆ ئەزانیت خوا چۆنە؟ تۆ ئەوەندە دەربارەی قسەئەکەیت و مامۆستاکانت لە
دیمەشق فێریانکردویت، ئەزانی ئەو شێوەی چۆنە و لە کوێیە؟ تەنانەت باوکت کە
ئەم هەموە خوێندەواریەی هەیە، ئەزانێت؟ من ئیتر ئەسڵەن دڵنیانیم ئەو لە
شوێنێك بێت.

هێشتا بەڵگەکانم نەژماردبو و باسی ڕوداوەکەی دوێنێم نەکردبو کە ڕەنگی وەك
بەفر زەرد بو. وەك مار گەستوەکان لە جێگەکەی خۆی ڕاپەڕی و بە دەنگێکی
ناسك قیژاندی: بێدەنگ بە! ئەتەوێت لەم سەرەوە بتخەمە خوارەوە! زوکە گاز لە
زمانت بگرە و داوای لێخۆشبون بکە! خۆشی دەستەکانی کردە ناو گوێی و توند
توند دوعایەکی لە ژێر لێوەوە خوێند. دواتر گەڕایەوە و چاوە ترسناك و پڕ
گلەییەکانی بڕیە من. من لە کاردانەوەکەی ئەو زۆر ترسابوم. بێ ویست هەمو
ئەوەی ئەمزانی کە ئەکرا مانای لێخۆشبون بگەیەنێت، بە دەنگی بەرز خوێندم.
یەکەمین جار بو لە چاوەکانیدا تورەی و ترسناکیەکی لەو شێوەیە ببینم. باوەڕم
بەوە کردبو کە لەوانەیە لە سەربانەکەوە بمخاتە خوارەوە. دوای چەند سائێك وەك

ئەوەی ئاگاداری زیادەڕەویەکەی خۆی بوبێتەوە بە ئاوازێکی تێکەڵ لەگەڵ دڵدانەوە وتی: ئاخر کفر ئەکەیت! نازانم چی بوە لەم بیرە کفراویانە ئەکەیتەوە...ئەستەغفیرولا...بڵێ ئەستەغفیرولا! بڵێ کە نەتزانی.... زوکە.

هەمو بوێریم کۆکردەوە، تفی دەمم قوتدا و لە کاتێکدا بیرم لای ڕاکردن بو، وتم: زۆر باشیش ئەزانم. لەبەرئەوەی ئەو ئەهێڵێت خەڵکی لەپێناویدا ناڕەحەتی بچەژن، مۆڵەت ئەدات بە ناویەوە ئازاری کەسانیتر بدەن، جیاوازی لە نێوان دروستکراوەکانیدا ئەکات. یەکێکی زۆرتر خۆشئەوێت و یەکێك کەمتر. دواتر بە چەند ڕستەیەکی لاسارانە و کورت، چیرۆکی ئیلیاس کە هێندە خوای خۆشئەوێت، بەڵام ئەم هەموە لە باخدا بەدبەخت و تەنیایە و دواتر چارەنوسی بی بی خانم و چیرۆکی ئوجی و چیرۆکی دایکی خۆی کە بێ گوناه لە گەنجیدا مردوە و منداڵەکانی تەنیا ماونەتەوە و چیرۆکی باوکی خۆم بە مردنی ناوەختی و هەمو ئەو چیرۆکانەی بە بۆچونم ستەمکارانە ئەهاتنەبەرچاو، بە یەك هەناسە و هاوارەوە گێڕایەوە و ئەو کە ڕەگەکانی تورەیی لەگەڵ نەفرەت لە من، نیگای پاکی تێکەڵی جۆرێك لە لێڵی ئەکرد، بەرگری ئەکرد و ئەهاتە ناو قسەکانم و ئەیوت: ئەمانە هەمو حیکمەتێکیان هەیە و ئێمە هەست و مۆڵەتی دەستخستنەناو کاروبار و ویستی ئەومان نیە. من لە جیاتی خۆبەدەستەوەدان لەسەر یەك لەسەر یەك بەڵگەکاریم ئەکرد و ئەویش هەر خەریکی ئاڕاستەکردنی من بو کە کار گەیشتە دەمەقاڵێیەکی زۆر جددی. لە کۆتاییدا کاتێك وتی، ئەگەر یەك جاریتر دەمم بکەمەوە بە دەست بۆ هەمیشە بێدەنگم ئەکات، بە ناباوەڕیەوە لەو هەموە بێئەدەبی و ترسناکیەی کە ئامیارە باشەکەم هەیبو و لە ترسی ئەوەی نەوەك بە ڕاستی بەڵایەکم بەسەردا بێنێت، ترس لە تاریکیم جارێکیتر لە بیر چوەوە، سوڵتانەم لە باوەشگرت و بە یەك هەناسە لە پلیکانەکان هاتمە خوارەوە. ئوجی داماو لە ژورەکەمدا خەوێنرابو و زامەکەی بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێئەهات. ئەڵبەتە



Scanned with CamScanner

ئەو -کەم و زیاد- هەمیشە بۆنی لێنەهات و بەرگەگرتنی ئەو بۆنە تەنانەت ناڕەحەتتر بو بۆم لە بۆنی ئەم بۆگەنیە. سوڵتانەم بەرەلاکرد و لە تەنیشتیدا دانیشتم. وامئەزانی خەریکە چاك ئەبێتەوە. بە بینینی کارەساتەکەی ئەو بۆ چەند ساتێك هەمو شتێکم لە بیرچوەوە. بەلاّم شەو لە جێگەخەوەکەمدا بڕیارمدا بۆ هەمیشە قسە لەگەڵ هاوڕیٚ بێنەدەبەکەمدا نەکەم. ئەو شایستەیی هاودەمیی منی نەبو. ئیتر دوای نیوەڕوان نەئەچومە هەیوانەکە، ڕۆژەکانی یەکەم شایەنی بەرگەگرتن نەبون. وەك بڵێی گالیسکەیەکی هەزار ئەسپی ڕایئەکێشتم بۆ سەربان. هەوڵمئەدا خۆم سەرقاڵکەم، بەلاّم بیٚ سود بو. ڕۆژە تاقەت پڕوکێنەکان گەڕانەوە، بەلاّم ئەم جارە هۆکارێك بو کە بە پێداگری ئەیهێشتمەوە، لەوانەیە ئەویش، لە خۆباییبون.... لە خۆبایی بونێك کە زۆر سەخت بریندار کرابو. تاکە شتی دڵخۆشکەر ئەوەبو نوجی خەریکبو بەرە بەرە باش ئەبویەوە و بە ویستی خۆی هەندێك جار لە کارە بچوکەکاندا یارمەتی ئاياخانمی ئەدا و کاتەکانیتریشی لەگەڵ من تێئەپەڕاند و منیش ئەو ڕۆژانەی کە خۆم مامۆستا یان کارێکیترم نەبو، خوێندنەوە و نوسینم فێرئەکرد. کارێك کە لە حەرەمدا -وەك زۆرێك لە خوونەریت و ڕەفتارەکانی ئێمە- بە ڕیسوایی ئەزانرا، بەلاّم هیچ کەسێك بوێری دژایەتیکردنی نەبو. دایکم چیرۆکی کەنیزەکەداماوەکەی گێڕابوەوە بۆ خوداوەندگار و ئەو زۆر بە توڕەیی و هەڵچونەوە، بێزاری زۆری خۆی لە ئەهلی حەرەم تێگەیاندبو، لەبەرئەوە کەس بوێری دەستوەردانی نەمابو.

زستانی سارد لە هاوڕێیەتی ئامیارەکەی تەنیاییم -شێرە بەردینەکە- کە ئێستا ئەویش وەك من بەستبوی، بێبەشی ئەکردم. ئەڵبەتە ئەگەر کەشوهەواش باش بوایە نەئەڕۆشتمە هەیوانەکە. پاش زویربونەکەمان، ئەو هەندێك جار بە بیانوی یارمەتیدانی دایکمەوە ئەهاتە خوارەوە و من کە هەوڵمئەدا لە چاوەکانی شاراوە نەبم، ئاگاداریشینەبوم و لەوەی کە لە هەر ساتێکدا چاوەکانی

بەهەیوانەکەدا ئەگێڕا بە شوێن مندا، چێژم وەرئەگرت. چیتر بە بیانوی جیاواز جیاواز تەنانەت ئامادەی خوانی خێزانی هەینیانیش نەئەبوم. ئەسڵەن نەمئەتوانی لەو هەموە ڕوداریەی خۆشببم، هیچ کەسێك شایەنی ئەوە نەبو بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ بکات. هەرچەندە بەردەوام دڵم بۆ خۆشیەکانی سەربانەکە لێئەدا، بەڵام سەرم بە سەعیکردن و گوڵچنیەوە گەرم ئەکرد. حەزمئەکرد لەسەر دەستماڵە ئاوریشمیە سپیەکان کە بڕیاربو لە کەلوپەلەکانم بن بە ڕێنمایی بەرگدروە خێزانیەکەمان گوڵە یاس بنەخشێنم. تەماشاکردنی ئەم پەمەیی و بنەوشەییانە — لە کاڵەوە تا ئەرخەوانی تێر- کە ڕەنگەکانی من بون گیانی ئەبوژاندمەوە. بیرم لەو ڕۆژانە ئەکردەوە کە شازادەی بەختم بێت و بمبات بۆ ماڵێك کە ئەمبەرەوبەری ڕێگە لمیەکەی بە درەختی یاس داپۆشرابێت. دەنگێك لە ناخمدا ئەیوت: ((تۆ بەسەر لمەکاندا هەنگاو هەڵئەهێنیت و بۆنی گوڵە یاسەکان ئەکەیت بەڵام دڵت زۆر بۆ ڕۆژەگانی سەربانەکە تەنگ ئەبێت)).

دوای نیوەڕۆیەکی خەوهێنەر و بێدەنگی یەکێك لە ڕۆژەکان بو کە بینیم بە تەنیایی هات بۆ هەیوانەکە. وەك هەمیشە لە پشتی تاکە دەرگای ژورەکەمەوە تاسەیم ئەکرد. بۆ یەك سات لە پشت دەرگای ژورەکەمدا وەستا. دڵم خەریکبو لە سنگم ئەهاتەدەرەوە. خەریکبوم ڕستە ڕقاویەکانم کە سەدان جار لە دڵی خۆمدا دوبارەم کردبونەوە، ئامادەئەکرد کە بیستم دەنگی پێی بەرەو دورکەوتنەوە ئەچێت، هەمو لە خۆباییبون و ئەمیرزادەیی و ئێرانی نەژادیم و هەمو ئەوەی کچێکی سەرسەختی لە من دروستکردبو تا درێژە بە زویریەکی پیداگرانە بدەم، وەك چلورە پتەوەکانی ئەم شەوانە کە بە پلوسکەکانەوە ئەیانبەست وبە خۆرەتاوی نیوەڕوان ئەتوانەوە،ڕژانە ناو دەرونمەوە. لەوانەشە هەموان دەنگیان بیستبێتن. لەسەر سندوقەکەم گرمۆڵەم کرد و سەرم خستە نێوان ئەژنۆکانم. حەزمئەکرد بگریامایە، بەڵام زیاتر تورە بوم تا خەمبار، زۆر هەستم بە سوکێتی



Scanned with CamScanner

ئەكرد. شەرمم لە خۆم ئەكرد كە دڵم بە بەچكە منداڵێكی وشكە موقەدەس كە هەر بە بەرسیلەیی وەك مێوژ دەرئەكەوت، خۆشكردبو، بڕیارمدا ئەگەر تا كۆتایی تەمەنم لە تەنیاییدا بمرم دڵی پێنەدەم. ئەو دۆڕاوی ئەم یاریە بو. سودی ئەم هاوڕێیەتیە زیاتر بۆ ئەو بو. ئەو بو كە دایكی نەبو. ئەو بو كە هیچ كەسێكی نەبو بۆ قسە لەگەڵ كردن. ئەو بو نەیئەوێرا بچێتە سەر دارگوێزەكە. ئەو بو هەمیشە قسەی ئەكرد و من گوێمئەگرت. ئەو بو كە خەریكبو بە دەست براكەیەوە دیقی ئەكرد و من دڵیم ئەدایەوە. دیسانەوە دەنگێك لە ناخمدا وتی: ((ئەوە تۆش بویت كە هەمو ڕۆژێك بە ئومێدی هەمو ئەمانەوە لە خەو هەڵئەستای)).

نازانم چەندێك هەروا دانیشتبوم كە ئوجی بە سینیەك خواردنەوە هاتەژورەوە. سینیەكەی دانا و بە پەلە ڕۆشت و دوبارە بە دەسماڵێكی بچوكەوە كە پیاوەكان هەمیشە بە شاڵەكانیانەوە بو گەڕایەوە و وتی: خاتون گیان ئەمە لە پشت دەرگاكەدا بو.... شتێكیان تێدا داناوە.

دڵم دوبارە كەوتەوە شوێنێكی لاشەم و من دەنگیم بیست. ئەمە ئەو دایناوە من دڵنیام. لە كەنیزەكەم وەرگرت چەند قورسیش بو. ئەكرا چی بێت؟ دوای ئەم هەموە كاتە ئەمە چ جۆرە پەیامێك بو! گرێی دەسماڵەكەم بە ناڕەحەتی و خێرایی كردەوە. لە ناكاو هەردوكمان بەیەكەوە قیژەیەكی كورتمان كرد، ئوجی دەرگاكەی داخست و نزیككەوتەوە،لە ناو دەسماڵەكەدا گۆیەكی بلورینی تێدابو كە لەناو دەیان كەلووی ئاوریشمدا بو و ڕەنگەكانیانی ئەدایەوە. جوانی سیحراوی و یاری ڕەنگەكان زمانمانی لە گۆ خستبو. ئوجی و هاوڕێیەتی ئەوم بۆیە پێخۆش بو كە هەرگیز پرسیاری نەئەكرد. ماوەیەك هەردوكمان سەرگەرمی گۆیەكە بوین كە بە هەر جوڵاندنەوەیەك بە هەزار ڕەنگ ئەدەرەوشایەوە. خواردنێكی سەرپێییم بە خێرایی خوارد، ئوجی ڕۆشت و من و گۆیەكە بە تەنیایی ماینەوە. هەرچەندە بیرمكردەوە ئەمەیان چۆن دروستكردوە و لە كوێوە هێنراوە، عەقڵم بە هیچ

شوێنێك نەئەگەشت. ڕۆژی دواتر کیسەیەکی بچوکم بە گوڵی ڕازاوەوە چنی و گۆ و کەلووەکانم کردەناویەوە و لە گیرفانمدا هەڵمگرت. گۆکەم لە خۆم جیانەئەکردەوە. جوانترین دیاریەك بو کە تا ئەو ڕۆژە وەرمگرتبو. تازە دوای چەند ڕۆژێك کە قورسی گۆکەی گیرفانم خۆشی ژیانی بۆ گێڕابومەوە کەوتمە بیری ئەو ئەرکەی ئەم دیاریە ئەیخاتە سەرشانم و کەوتمە بیر ئەو کەسەی ئەمەی بە دیاری پێدابوم و ئەوەی کە ئیتر دڵم لێی پاکبوبویەوە، وەك پاکێتی ئەو گۆ بلوریە. بە دڵنیاییەوە ئەو ئاگاداری زیادەڕەویەکەی بو بویەوە و بە خستنە ژێر پێی لە خۆباییبونی و پێدانی دیاریەکی ئەوەندە جوان داوای لێخۆشبونی لێکردبوم و دڵی منیش لە ئەو خۆشبوبو. دیاربو قەدری هاوڕێیەتیمانی زانیوە. بە ئەرکی خۆمم ئەزانی بە جۆرێك سوپاسی بکەم. لە شێوازی گەیاندنی دیاریەکەشەوە بۆمدەرکەوتبو نابێت لە ناو کۆمەڵدا –بۆ نمونە لەسەر خوانی شەوی هەینی– ڕاست و بێ توێکڵ پێی بڵێم ((سوپاستەکەم!)). ئەبوایە بیرێکی ترم بکردایەتەوە.

هێشتا دایکم تاکە ڕاوێژکارم بو. بێ ئەوەی ڕونکردنەوەی زیاتر بە پێویست بزانم، لێمپرسی: دایکە! ئەگەر لە کەسێك زویر بوبین و دواتر لە تاوانەکەی خۆشبوبین و بمانەوێت ئاشت بینەوە لەگەڵی، ئەبێت چی بکەین؟ دایکم کەمێك بیریکردەوە و بە پێکەنینێکی پڕ ویقار و شکۆدارەوە وتی: ئەبێت بزانین ئەو کەسە کێیە! وتم کەسێکە نامەوێت ناوی بێنم. ئەمجارە پێکەنینێکی پڕ ماناتر ڕوخساری فوتێکراوی کە زانیبوم کاریگەری کۆتا ڕۆژەکانی دوگیانیە، ڕۆشنکردەوە و بە سەر لەقاندنەوە وتی: بەستراوە بە گرنگی ئەو هاوڕێیە و بابەتەکەوە. ئەگەر کەسێکی زۆر گرنگ بێت ئێمەی ئەکدەشانیەکان باوە لەناوماندا کە پەلکەیەك لە قژمان لە تاڵێکی زێڕ یان زیو ئەپێچین و بۆی ئەنێرین. بەڵام ئێرانیەکان نوقڵ و نەبات و شیرینی ئەنێرن. ئەڵبەتە پەیوەستە بەوەشەوە کە بەرامبەر کێیە. نەکەیت پەلکەیەك بنێریت بۆ نەنەجی! ئەو ڕاستی ئەکرد. من



Scanned with CamScanner

و نەنەجی هەمیشە لە کاتی شۆردنی قژە ئالۆسکاوەکانمدا کە تا پشت ئەژنۆکانم ئەگەشت، ئەبوە دەمە قالێمان. بە پێکەنینەوە وتم: نا! کەسێکیتر کە زۆر نزیکە. ئێستا ئەکرێت ئێوە تالێك زێڕ یان زیوم پێبدەن. سەلیقەی ئەکدەشانیەکانم زیاتر پێ جوان بو، واتە کردەبیتر بو بۆم. دایکم ئەوەندە زرنگ بو بزانێت پرسیار بێسودە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گومانی هەبو و سوسوکاریش بو، ئەزانم لە چاوەکانی مندا داخوازیەکی بینیبو کە ڕۆشت، سندوقچەی جەواهیراتەکەی هێنا و لە ناو کیسەیەکی قەیفەدا تالێکی باریکی زیوی دەرهێنا و هەر بە پێکەنینە تایبەتەکەیەوە پێیدام. وائەزانم ئەیویست شتێك بلێت، بەلآم سوپاس بۆ خوا دەنگی پیاوەکان لە پشت دەرگاکەوە بیسترا و بواری بۆ نەڕەخسا. بە خێرایی ڕۆشتمە خوارەوە. تالەکەم شاردەوە و دواتر لە تەنیاییدا پەلکەیەکەم لە موەکانی پشت سەرم –بە جۆرێك کە ئایا جان لە کاتی شانەکردنیاندا نەزانێت– لێکردەوە و هەمویم بە وردەیەوە گرێ بە گرێ بە تالەکەوە چنی و جارێکی تر ئافەرینم نارد بۆ سەلیقەی دایکم. بە ڕاستی درەوشانەوەی زیوەکە لەگەڵ موە بەرویبەکەی مندا زۆر لە یەك ئەهاتن و جوانی پەلکە چنراوەکە ئەیتوانی دەرخەری هەمو هەستەکانی من بێت. لەگەڵ تولێکی داری عەنبەری بۆنخۆش کەدایکم پێیدابوم خستمە ناو دەسماڵەکە و دەقمکرد تا هەلی خۆی بۆ بڕەخسێت. سەرەڕای بێ ئۆقرەییم بۆ ڕاگەیاندنی ئاشتبونەوە، ڕوداوێك هاتە پێشەوە کە هەمو شتێکی لە بیر بردینەوە.

دایکم زا، کوڕێکی بو، واتە برایەکی تر بۆ من. برایەکی بچوك و زێڕین. لە قژیەوە تا نینۆکە بچوکەکانی پێ خنجیلانەکەی وەك بلێی بە زێڕ داپۆشرابو. خۆشحالی لە ڕوخساری دایکم ئەباری. خوداوەندگار بە سەربەرزیەوە کوڕە تازەکەی ناو نا موزەفەرەدین ئەمیری عالەم و ئەوەندە بە جوانی و وریایی و عەشقەوە لە باوەشینەگرت کە من –لەگەڵ ئەوەشدا منداڵی ڕاستەقینەی ئەو

نەبوم- حەسودیم ئەبرد. ئەم ڕوداوە پڕ شۆڕ و شەوقە هەمو شتێکیتری لە بیربردمەوە. هەمو ڕۆژەکە چاوەڕوانی هەلێك بوم کە برا زێڕینەکەم لە باوەش بگرم. بە هاتنە دنیای وەك ڕۆشنایی هەمو ماڵەکەی ڕۆشنکردبوەوە. چیتر بیرە لێڵ و تاریکەکانی سەرم ئازاریان نەئەدام و ئەوەی دایکم و هەموان تەنیا گرنگیان بە منداڵەکە ئەدا، ئەسڵەن ناڕەحەتی نەئەکردم. من پێشتر بە هاتنە دنیای شەمسەدین تاڵ و سوێری ڕۆژگارم چەشتبو. بە تایبەت ئەوەی ئەم جارە دایکم لە چاودێریکردنی ئەم ساوایەدا بەشێکی گەورەی پێبەخشیبوم و ئەم متمانەی ئەو لە خۆشحاڵی و شانازیدا نوقمی کردبوم. هەروەها لەوەی کە ڕۆژەکانی ناخۆشحاڵی و ناقۆڵایی دایکم تەواو بو بون، خۆشحاڵبوم و لەوەش کە ئەمبینی خوداوەندگار دوبارە بە نیگا عاشقانەکانیەوە ئەیلاوێنێتەوە، شانازیم بە خۆمەوە ئەکرد. بە کورتی هەمو شتێك لەسەر ڕێچکەی خۆی بو و من تەنانەت بۆ یەك جاریش نەچوم لەسەر شێرە بەردینەکە دانیشم و خەم بخۆم، تا چ بگات بەوەی لەو سەهۆڵبەندانەدا ئارەزوی چونە سەریان بکەم. ئەو خەم خواردنانەش بە منداڵانە ئەهاتنە بەرچاوم. لەڕوداریی ئامیارە کەللەڕەق و پێداگرەکەم خۆشبوبوم و بە جۆرێك لە جۆرەکان بابەتەکە لە بیرکرابو. ئێستا ئامیارێکیترم بۆ پەیدا بو بو کە شوێنی هەموانی بۆ گرتبومەوە. خوداوەندگار بە ئەمیری عالەم بانگیئەکرد و بەرە بەرە هەمو حەرەمیش بەو ناوەوە بانگیانئەکرد. جارێکیتر خوداوەندگار بە هەڵبژاردنی ئەم ناوە جوانە کە لەگەڵ جیهان و خەونەکانی مندا ئەهاتەوە، سەرسامی کردم. لە دایکبونی ئەمیری عالەم و زیادبونی هاتوچۆی خوداوەندگار و براکانم بۆ حەرەم زویری نێوان من و عەلائەدینی بێڕەنگ کردبو. من لە دڵمدا لێی خۆشبوبوم و لەبەرئەمە کاتێك ئەهات بۆ بینینی برا زێڕینەکەم، بارودۆخ و ڕەفتاری سروشتیم هەبو. لەو کەشوهەوا ساردەدا چ شوێنێکی خۆشی بەخشتر لە ژورەوە و چ کارێکی خوازراوتر لە یاری لەگەڵ ئەو ساوا نازەنینەدا ئەتوانی



Scanned with CamScanner

بدۆزمەوە؟ بێ ئەوەی ئاگام لە تێپەڕینی کات بێت، بەرە بەرە زستانی سەختی قونیە ڕوی لە کۆتا هاتن بو. هەندێك ڕۆژ کاتێك خۆرەتاو دەرئەکەوت و هەوا ئەبو، من و ئوجی ئەمیری عالەممان ئەکرد بە باوەشەوە و بە هەیوانەکەدا ئەمانگێڕا. سوڵتانە بەدەوری من و برا زێڕینەکەمدا ئەهات وئەچو و منداڵەکە بە بینینی پشیلەکە سەرڕێژ ئەبو لە شۆڕ و شەوق. بە جوڵە شیرینەکانیشی ئەحیلکاینەوە.

بارانی بەهاری لەگەڵ خەبەربونەوەی چرۆ خنجیلانەکانی درەختەکان دڵیان شەیدایی ئەکردم. شەیدای باخ، شەیدای یاسەکان، شەیدای نەورۆز، شەیدای هەستە ناموکانی سەربان، بۆنی ڕۆژانی جەژن کەشوهەوای گرتبووەوە. نەورۆز ئەگەرچی جەژنێکی گشتی نەبو، بەلام ئێرانیە کۆچەرەکان زۆر بە گەورەیی قەدریان ئەزانی. ئێمە، هەم لە کۆشك جەژنی نەورۆزمان ئەگێڕا و هەم لێرەش جەژنمان گێڕا، بەلام لێرە زۆر بە سادەیی. بەلام شیعر و چیرۆکە پڕماناکانی خوداوەندگار لە ڕۆژی جەژن و جەژنانەکانی کە بەخشیەوە، هاوکات لەگەڵ گێڕانەوەی یادگاری ژنانی حەرەم کە لە گێڕانی شکۆداری نەورۆز لە بەلخ و سەمەرقەند و بوخارا و نیشابور و شیرازدا هەیانبو، جەژنەکەمانیان زۆر شیرینتر و خۆشتر کرد.

من کاتێك لە سندوقەکەمدا ئەگەڕام بۆ جلی گونجاو بۆ جەژن، لە ناکاو دەسماڵە دەقکراوەکەی عەلائەدینم دۆزیەوە کە دیاریەکەی منی تێدابو. لەوەی کە دەستخۆشیکردن لە هەوڵی عەلائەدین بۆ ئاشتبونەوە ئەوەندە درەنگ کەوتبو شەرمەزار بوم بەلام ڕێگەچارەیەکی باش کەوتبوە بیرم. ڕۆژی جەژن پاش نانی ئێوارە کاتێك هەموان سەرقاڵبون، بە دەنگی نزم داواملێکرد دوای نیوەڕۆ بڕۆینە سەربان بۆ ئەوەی منیش جەژنانەکەی خۆمی پێبدەم. بە نیگەرانیەوە سەیرێکی چواردەوری کرد، بەلام دواتر وەك نیشاندانی ڕازیبون سەری لەقاند. کەوتەوە بیرم هیچ کاتێك لێمنەپرسیوە بۆچی ئەوەندە نیگەرانە.



Scanned with CamScanner

به یارمەتی ئوجی دوای شیرخواردنی دایکم بەهۆی ماندوێتی لە ڕادەبەدەری دایکمەوە پاش بۆنەکە منداڵەکەمان بردە خوارەوە. کاتێك دڵنیابومەوە خەوتوە، بە ئوجیم وت هەر لەوێ دابنیشێت و ئاگاداری بێت، لەبەرئەوەی من ئەمەوێت بڕۆمە سەربان. سپێتی چاوی وەك هەورە بروسکە ڕەنگی قیریی ڕوخساری دەرەوشاندەوە، بەڵام یەکسەر سەرسوڕمانەکەی شاردەوە. ئەم حاڵەتانەیم زۆر خۆشئەویست. کاتێك ئاسودە بوم لەوەی ئەتوانێت ئاگاداری منداڵەکە بێت، لە ژورەکە ڕۆشتمە دەرەوە. وەك هەمیشە پرخەپرخی سەرزەمینی مردوەکان، کەشوهەوای ئەو ڕۆژە جوانەی بەهاری ئاخنیبو. بە وردیەوە تەماشای هەمو لایەکم کرد، کەسی لێنەبو. بەڵام ئاگادارکردنەوەی چاوەکانی عەلائەدینم لە بیرنەکردبو. ئەبوایە ئارامم بگرتایە تا سێبەرەکە ئەهات. ڕۆشتمە سەر شێرە بەردینەکە دانیشتم و دەستم خستە سەر گیرفانی گنجە سورە زێڕچنراوەکەم کە تایبەت بو بە جەژن و پەلکە بە تاڵە زیو چنراوەکەم —کە پێچراوبو لە دەسماڵەکەی ئەو—ی تێدابو. لە کۆتاییدا دەرکەوت و وەك هەمیشە بە ئاماژەی من هاتە خوارەوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە بڕۆینە سەرەوە. بۆ ساتێك توشی گومان بوم و دڵم شۆڕی تێکەوت. ئیتر دڵنیانەبوم لە ڕاستی یان چەوتی ئەو کارەی ئەمکرد، لەگەڵ ئەم هەموەشدا چشم لە هەمو شتێك کرد و هێشتا نەگەشتبوینە کۆتایی پلەکانەکان کە لە ناکاو جیهانەکەم گۆڕا: لەوسەرەوە هەمو شت و هەمو جێیەك تەڕ و پارا و جوان و ڕازاوە بو. لێرە و لەوێ چرۆی گوڵە بەهێ سورە ئاڵەکان لەگەڵ نەسیمدا لە سەمادا بون. هەوای تازە و فێنك، ڕێك وەك ئاوی کانیەکەی باخە توەکەمان سنگمی سەرڕێژکرد لە شادی. لەوەی ئەو هێندەی من چێژی لە سروشت وەرنەئەگرت، وەڕز بوم، بەڵام کاتی گلەیی کردن نەبو. ڕۆشتبوم سوپاسی بکەم بۆ دیاریە جوانەکەی و پێی بڵێم لێی خۆشبوم. بەڵام بۆ دەسپێك وتم: من هەرگیز هیچ هۆیەکم نەبینیەوە کە تۆ ئەو هەموە لێم تورەبویت.



Scanned with CamScanner

بەڵام پەیمان ئەدەم لەمە بەدواوە نەچمە ناو باسوخواسی وا، بە مەرجێك تۆش ئاگاداربیت هەندێك جار شێوازی ڕەفتارت ترسناکە. دواتر دیاریەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و خستمە ناو دەستی. دوبارە سوپاسمکرد بۆ دیاریەکەی و بە وریاییەوە پرسیم: گۆیەکی ئەوەندە جوانت لە کوێ بو؟ من هاوشێوەیم لە هیچ شوێنێك نەبینیوە.

ڕونیکردەوە ئەویش شەرمەزارە لە ڕەفتارەکەی، بەڵام کاتێك کەسێك بزانێت یان نەزانێت قسەی بێجێ بکات ئەو هۆشی لای خۆی نامێنێت و ئەمە بەرهەمی جۆری پەروەردەکردنیەتی و هەمیشەش بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا کراوە و وتی گۆیەکە میراتی باوانیەتی کە باوانی دەست بە دەست گواستویانەتەوە تا بوە بە هی ئەو. باوکی لەبەر هەوڵی زۆری ئەو لە فەقێیەتی و فێربونی زانست و زانیاریدا ئەمەی لەگەڵ نازناوی سوڵتانولمودەرِیسیندا وەك خەلات پێبەخشیوە و وتی وەك دیارە سەدان ساڵ لەمەوبەر لە کانێکی کانزا لە بەدخشان دەستکەوتوە کە شارێکە لە نزیك زادگای باوکی و ئەوترێت یاقوتی سپیە و بەنرخیشە، هەرچەندە ئەگەر سور بو، هێندەی گەنجینەیەك بە نرخ بو. بە هەر شێوەیەك بێت، گۆکە گرنگترن دارایی ئەو بوە و منیش ئازیزترین کەسی ژیانی، لەبەرئەمە کردبویە دیاری بۆ من. دەستماڵەکەی منیشی نەکردەوە و کردیە گیرفانی و ئەمزانی لەبەرامبەر دیاریە بەخشندانەکەی ئەودا، هەڵبژاردنەکەی منیش جەژنانەیەکی تاکە و بە خراپم نەئەزانی بزانم ئایا ئەویش هێندەی من کە لە یادگاری باووباپیرانی ئەو شەوق گرتبومی، لە پەلکەی قژی من چێژ وەرئەگرێت یان نا. بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان توشی ڕوگیری بو بوم و هێشتاش هەر کەمێك شەرمم ئەکرد، سەرەڕای لە بیرکردنی ڕۆژەکانی ڕابردو، زوبری سێ مانگە لە هەردوکماندا شتێکی گۆڕیبو. لانی کەم کەمتەرخەمی. بە ناڕەحەتیەوە ئەگەڕاین بۆ بابەتێك بۆ قسە لەسەر کردن یان یاریەك بۆ کردن. من چاوم بڕیبوە زەوی و



Scanned with CamScanner

گڵەکای سەربانەکە و ئاسمان. شتێك لەنێوانماندا ڕویدابو کە نەیئەهێشت هەردوکمان دو منداڵە بێ خەیاڵە ژیکەڵەکەی پایز بین. لە کۆتاییدا بابەتێکم لە مێشکمدا دۆزیەوە و ئەمویست دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەو و براکەی پرسیاری لێبکەم کە دەنگی پێیەکی قورسمان لە پلیکانەکانەوە بیست. من چاوەڕوان بوم تا بزانم کێیە. بەلاّم عەلائەدین خێرا لەسەر پاژنە پێ سوڕایەوە تا ڕابکات، بەلاّم دەنگی تورەی کیرامانا جوڵەی لێبڕی:

((ئەها ئاوا! کوڕی خوداوەندگار و ئەم قسانە! کچی کیراخاتون و ئەم کارانە! ئەی هاوار! ئاگر و پەمو لەسەر بان و ئێمەش هەموان لەو خوارەوە لە خەوی بێئاگاییدا.))

عەلائەدین کە ڕەنگ لە ڕوخساری بڕابو، سەیرێکی شەرمەزاری کیرامانا خاتونی کرد و دەستەپاچە و بێ ئاگا لە من جێیهێشتم و دواتر بە خێرایی خۆی گەیاندە ئەو پلیکانانەی ئەڕۆشتنەوە بۆ حوجرەکە. واتە ڕایکرد و منی بە تەنیایی جێهێشت. من و کیرامانا ڕوبەڕوی یەك وەستابوین. من بێزار لە زەبونی و ترسنۆکی عەلائەدین و بێ ئاگاداربون لە بونی کیرامانا ویستم بڕۆمە خوارەوە. خەریکبوم دیسانەوە بیرم لەوە ئەکردەوە ئەو شایستەیی ئاشتبونەوە و ئەو دیاریەی نیە. خۆزگە ئەمتوانی پەلکەکەم لێوەرگرتایەتەوە و خەلاّتی فەقێیەتیەکەی بۆ بگێڕمەوە. بە خۆمم ئەوت کەسێك کە بێ هۆ لە دایەنێکی پیری فزوڵ ئەوەندە ئەترسێت کە بێ بەرگری ڕاکردنی پێ باشتر بێت لە مانەوە، شایستەی هاوڕێیەتی من نیە. لەناکاو پەنجەی قەڵەوی کیرامانا مەچەکی گرتم. ڕوخسارێك کە هەمیشە حاڵەتێکی بەسۆز و زەردەخەنەیەکی گونجاوی هەبو لەو کاتەدا ئەوەندە تێکەڵ تورە و نامیهرەبان دەرئەکەوت کە ئەسڵەن نەموێرا دەستم لە دەستی بەردەم. وتی: ئەتبەم بۆ لای دایکت. من ئەسڵەن نەمئەزانی ئەو بۆچی نارەحەتە، یان بۆچی ئەمترسێنێت. ئەو نەیئەزانی کە دایکم هیچ ڕێگریەکی نیە بۆ



Scanned with CamScanner

گەڕانی دوای نیوەڕوانی من، ئەڵبەتە لە باخ، بەڵام بۆ ئێرە نەمئەزانی. لەبەرئەوەی لە هەمانکاتدا ئەمزانی هەر جۆرە جوڵەیەك لەم ماڵەدا گوناهە.ئەڵبەتە چونە سەربان –کاتێك هەموان لە خەودا بون– لە ماڵەکەی خۆشمان کارێکی باش نەبو. ئیلیاسیش هەمیشە ڕێگری لێئەکردم و ئەیوت هەزار بەلا لەسەرباندایە. هەمو ئەمانە ڕاستە، بەڵام ئەوەی سەری لێشێواندبوم، ئەوەبو کە هەستمئەکرد کیراماتا شتێکیتر بێجگە لە ترسناکی کارەکەی ئێمە ناڕەحەتی کردوە. بە ئاوازێکی سارد و ترساندنەوە وتم: ئێوە دەستم بەردەن، دواتر بڕۆن و بڵێن بە هەر کەسێك ئەتانەوێت. من عەلائەدین نیم لێت بترسم. گومانم نیە لە مێشکیدا بە دواداچونی بۆ ئەوە ئەکرد چ کاردانەوەیەك بنوێنێت. دیاربو بە ڕوبەڕوبونەوەی من کەمێك حسابی بۆ کارەکەشی کردوە. لە هێڵە ڕەقەکانی دەموچاویدا نیشانە گەلێك لە سەرسوڕمان و پەسنی ئەبینرا. ڕاستەوخۆ بڕیاری خۆیدا و وتی:

کیمیا خاتون ئاگادارت ئەکەمەوە! ئەم منداڵانەم بە ناڕەحەتی گەورە کردوە. لەم ماڵەدا هیچ شتێك هێندەی ئابڕو نرخی نیە. ئێرە وەك هەر جێیەکیتر نیە. ئێرە ماڵی گەورەترین موفتی و فەقیهی ئەم ناوچەیە و ئێوەش ئەهلی حەرەمی ئەوانن. لە ئێوە ناوەشێتەوە. چ مانایەکی هەیە ئێوە لە دوای نیوەڕۆدا لەگەڵ پیاوێکی زگورددا لەسەر بان گفتوگۆ بکەن، ئەویش پیاوێکیگەنج کە ئەبێت ببێتە جێگرەوەی داهاتوی سوڵتان وەلەدی بەڵخی و جەلالەدینی بەڵخی. باش بزانن کە عەلائەدین یەك پارچە تەقوا و داوێنپاکی و نوری چاوی باپیرە و دایکە جوانەمەرگەکەی و ئومێدی داهاتوی ئەم خێزانەیە. ئەو هەرگیز ئەهلی ئەم جۆرە کارانە نیە. دڵنیام ئێوە کە پەروەردەکردنتان وەك ئەو نیە، گوڵتان لێکردوە و هێناوتانەتە سەرەوە. ئەمە ڕوڕەشیە. چۆن وێراوتانە هەروا بەو ئاسانیە یاری بەئابڕوی ئەم خێزانە بکەن؟ ئەگەر مەبەستێکتان لەسەردایە ڕێکوڕاست بە دایکتان بڵێن با بیرێکتان بۆ بکاتەوە. هەر کارە و ڕێگەیەکی هەیە. ئەگەریش لە

منداڵی و نەزانیەوە ئەم بێشەرمیەتان نواندبێت وای بۆ پەروەردەکەرەکانتان. ئەزانن ئەگەر بێجگە لەمن کەسێکیتری ئەهلی حەرەم یان قوتابخانە ئەم چاوپێکەوتنە گوناهبارەی ببینیایە، چ کارەساتێك ڕوینەدا؟ تەنیا منم کە لەبەر دایکت و حەزرەتی خوداوەندگار و ئابڕوی کوڕەکەم ناچارم مۆری بێدەنگی بدەم لە دەمم. ئەزانیت ئەگەر بابەتەکە لە شاردا بڵاوببێتەوە، ئەو چیتر ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی باوك و باپیرەی. تەنانەت ئەگەر گەورەکانیش قبوڵی بکەن: خەڵك قبوڵی ناکەن. ماوەیەك ئەبینم ئەم کوڕە گۆڕاوە. ئەبوایە پێشبینیم بکردایە دەستی شەیتانۆکەیەك لە ئارادایە. حەیف لەو دایکە. تۆ ئەسڵەن هیچ لەو ناچیت. ئەوە لەو هاتوهاوارەی لەسەر ڕەشێکی زنجی هەڵتگیرساند و خوداوەندگارت لێهانداین و ئەمەش لە ژوانی نهێنیت لەگەڵ زگوردێکی نامەحرەمدا. ئەگەر هەر لەو سەرەتایەوە ڕێگەمان لە قلەقلەکانی سەر خوانت بگرتایە، کار نەئەگەیشتە ئەم بێ ئابڕوییە ماڵوحاڵ سوتێنە. منی ساکار بە گوێی خۆم بیستم لە تالارەکەدا کاتت بۆ ژوانگە دانا، وتم لەوانەیە هەڵەبکەم. سوپاس بۆ خوا کە دیسان ئاگام لە خۆمبو، ئەگینا سبەینێ زۆڵێکیشت ئەدا بە دەستمانەوە. مێشکم وەختبو تێکبچێت. لە مانای زۆرێك لە قسەکانی تێنەگەشتبوم، بەڵام ئەمزانی زۆڵ خراپترین جوێنە کە لە شارەکەی ئێمە تەنانەت دوژمنەکانیش بە ڕەوای نابینن بۆ بەرامبەرەکەیان. ئیتر بەس بو. بە هەمو هێزمەوە دەستم لە دەستی کێشایەوە بە گریانەوە لە پلیکانە تاریکەکانەوە ڕۆشتمە خوارەوە و تەقریبەن بە لورەلورەوە ڕۆشتم بەرەو پلیکانەکانی دایکم کە لە ناکاو ئایا لە بەردەممدا سەوز بو. وەك هەمیشە بە ڕێکی ڕایگرتم و وتی: چی بوە؟ دیسان چی بوە؟ کیمیا خاتون دیسان داویەتی لە سەرت؟ خاتون دوای ئەو هەموە ماندوێتی و میوانداریەی جەژن خەوتوە. تو خوا بهێڵە با ئەو داماوە بخەوێت. کەمێك بێتەوە سەرخۆی. مەگەر نابینیت دایکت بارودۆخی باش نیە؟ مەگەر نەتبیست مامانەکە وتی ((هەمو خوێنی جەستەی

ڕۆشتوە)) ئەمزانی ئێستا کە کەوتومەتە دەست ئایا ئیتر بەرگری بێسودە. دەستم هەلگرت لە ڕوبەڕوبونەوەی ئەو هەیکەلە زەبەلاحە و بە گریانەوە ملم شۆڕکرد بەرەو ژورەکەم. گوناکانم لە سوکایەتی بە شانوشکۆمدا گریان گرتبو. ئایا بە دوامدا هاتە ژورەکەم و دەرگاکەی داخست و لە کاتێکدا ئەگریام لە باوەشی گرتم و بە ئاوازێکی بەسۆزەوە وتی: بی بی گیان! ئێستا پێمبلێ چی بوە؟ بەلکو من بتوانم کارێکت بۆ بکەم، ئەگەر نا لەگەلْ یەك ئەچینە لای خاتون گیان. سەیرمکرد و بێ ویست بە دەنگێك کە خۆشم نەمئەناسی، وتم: هیچ! تەنیا ئەلێم من تەنانەت یەك ڕۆژیتریش لێرە نامێنمەوە. کیرامانا پێی وتم زۆلْ. لە نیگاکەیەوە بۆمدەرکەوت خەریکە سەکتە بکات. فیشکاندی و وتی: چی؟

هەرچیەك ڕویدابو، بۆمگێڕایەوە. بەرەبەرە هەناسەی توندبو و زۆر تورەبو و یاری بەو کلیلانە ئەکرد بەستبونی بە کەمەریەوە، بەلام کاتێك ڕستەی کۆتاییم وت، زەردەخەنەیەکی هەستپێنەکراو نیشت لەسەر ڕوخساری. منی لەسەر سندوقەکە لە تەنیشت خۆیەوە دانیشاند و توندتر لە باوەشی گرتم و ماچی کردم. ئایا خاتون هەرگیز بەسۆز یان عاتیفی نەبو، بەلام زانیم کە دلی زۆر بۆم سوتاوە.

نازانم چەند درێژەی کێشا تا هەولبدات تێمبگەیەنێت کە ((عەلائەدین ئەگەرچی برامە بەلام بۆم نامەحرەمە و لە ڕوی شەرع و دابونەریتەوە ئەتوانێت هاوسەرگیریم لەگەلْ بکات. کەوایە نابێت بە تەنیایی و بێ ئامادەبونی خێزان پەیوەندیم لەگەلیدا هەبێت.)) من دیسانەوە تێنەگەشتم –وەك زۆرێك لە قسەوباسەکانیتر– ئەبوایە قبولمکردبا ((ئەو پیاوێکی نامەحرەمە و هاوڕێیەتی و یاری کردنمان لەگەلْ یەك بە گوناه ئەژمێررێت و ئەو پەیوەندیەی من هەستی پێنەکەم بەرامبەر بەو، ئەکرێت لە جۆری هەستی خوشك و برایەتی نەبێت و ئەم ئەگەر و ترسە زۆرە کە شەیتان گولمان لێبکات و کیرامانا مەبەستی ئەوە نەبوە کە من زۆلم، بەلکو ئەگەر من وعەلائەدین نزیکتر ببینەوە و شەیتان گولمان لێبکات، خوا نەکردە من بە زۆلێك

دوگیان ئەبم.)) سوێند بەخوا من دیسان تێنەگەشتبوم، بەڵام چی و چلۆنی ئەبو و لەوەش خراپتر وەك دیاربو ئایا لە ناخی دڵیەوە لە کیرامانا و ئەوەی کە ئاگادار بوە، زۆر ڕازی و سوپاسگوزار بو و ئامۆژگاری منیشی کرد نەك هەر ئیتر لەمەودوا قسە لەگەڵ عەلائەدین نەکەم، بەڵکو دەربارەی ئەوەی لە نێوانماندا ڕویداوە هیچ بە هیچ کەسێك نەڵێم تا ئەوەکو ئابڕوی باوکی خواڵخۆشبوم و شەمسەدین با بیبات. دیاریەکەشی بۆ بگێڕمەوە و دوعای تەوبە بخوێنم و داوا لە خوا بکەم لەو گوناهەم خۆشببێت کە بەهۆی نەزانیەوە ئەنجاممداوە و ئەگینا هەر لەم دنیا ئەبێت چاوەڕوانی سزایەکی گەورە بم. بیستنی ئەم قسانە لە ئایا خانمەوە کە بە پێچەوانەی بی بی جانەوە هەرگیز دەربارەی گوناه و تەوبە و سزا قسەی نەئەکرد، خستمیە سەر ئەو باوەڕەی توشی گوناهێکی گەورە بوم و هەمو هەستی من بەرامبەر بە ئەو و ئەو چێژەی لە هاوڕییەتیکردنی وەرمئەگرت، زادەی پەیوەندی خوشك و برایەتیمان نەبوە، بومەلەرزەیەك دەرونی هەژاندم کە لە ناویدا کانیەکی زولاڵ سەرچاوەی گرت. بەرەبەرە خەریکبو نهێنیەکم بۆ دەرئەکەوت و پەردەیەك لەبەرچاوم لائەچو. کەوایە بەم شێوەیە بو کە هەر لە یەکەمجارەوە ئەوم لە هەموان و لە شەمسەدین زیاتر خۆشئەویست.کەوایە خۆشەویستیەکی تریش هەیە کە ئەکرا شۆڕوشەوقدارتر بێت لە پەیوەندی خوشك و برایەتی بەڵام ئەقڵم توانای شیکردنەوەی گوناه ئالودەبییەکەی نەبو و دیسانەوە مێشکم بەرگری ئەکرد. بە ڕاستی ئەم هەواڵە تازەیە و ئەم ئاگاییە گرنگەی کە ئەمتوانی بەدەر لە پەیوەندی خوشك و برایەتی کە لەگەڵ ئەزمونەکانی ڕابردومدا بەتەواوی بە ئاسایی و ناپایەداری ئەزانی لەگەڵ ئەودا پەیوەندی هاوسەریم هەبێت، لە بنەڕەتەوە بیرکردنەوەمی سەبارەت بە ئەو هەژاندبو.

من ئەوم خۆشئەویست لەبەرئەوەی بەیەکەوە لە ناخی دڵەوە پێئەکەنین. ئەوم خۆشئەویست لەبەرئەوەی بەسۆز بو. ئەوم خۆشئەویست لەبەرئەوەی هاودەردم

بو و لەوێ، لەو خەمخانەدا لە هەموان زیاتر لێمەوە نزیك بو. ئێستاش ئیتر زۆر خۆشمنەئەویست، لەبەرئەوەی ترسنۆکانە لە بەرامبەر دایەنەکەیدا پشتی هەڵکرد و پارێزگاری لێنەکردم، هەر ئەمە! بەڵام دیسان دەنگێکی دەرونی ئەیوت: ((ئەم هەموە پەیوەستە بە رابردوەوە. ئێستا ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە ئایا ئەتوانم یان ئەکرێت ئەوم وەك هاوسەر خۆشبوێت. شەرمم لە خۆم ئەکرد و کیرامانا و ئایام بە نەفرەت کرد و بڕیارمدا بۆ هەمیشە ئەم وەرزە لە ژیانم لە بیربکەم و بیبەخشمەوە بە دایەنەکەی. ئەمیری بچکۆلانە نیعمەتێك بو لە بەهەشتەوە بۆم نێررابو تا بتوانم بەرگەی بەرزەخی تەنیاییم بێ ئەو ئامیارە ترسنۆکە بگرم. لەو کاتە بەدواوە بێجگە لەو کاتانەی لالا ئەهات بۆ وانەوتنەوە، تەقریبەن زۆرینەی کاتەکانم لەگەڵ ئەمیری عالەمدا تێئەپەڕاند. ئەویش ئەوەندە خوی بە منەوە گرتبو کە بێجگە بۆ شیرخواردن، نەئەچوە باوەشی دایکی نەخۆشم. کاتێك بە دەمە بچکۆلانەکەی کە تەنیا یەك ددانی بچکۆلە و دیاری لێدەرهاتبو بەڕومەوە پێئەکەنی، ئەمویست ئەوەندە توند باوەشی پێدابکەم کە لەگەڵ یەکدا ببینە یەك. هەندێك جاریش ئەم کارەم ئەکرد و داماوە ئەگریا.

ڕاهێنانی سەردەمی زوێریەکەم بەسود بو بۆم. دوبارە هەوڵم لەسەر نەبینینی چرکردەوە. بەم جۆرە ئاسودەتر بوم. ئەگەر جار جارەشبیرم لێنەکردەوە ئەو دەنگە لە تەنیاییدا مێشکمی بەو پرسیارە ترسناکەوە سەرقاڵ ئەکرد.... و لە کۆتاییدا، هیچ وەڵامێکم نەبو بێجگە لە نەفرەت ناردن بۆ کیرامانا و ئایا کە دنیا سادە و جوانەکەمیان گۆڕیبو بۆ ئەشکەنجەیەکی شاراوە.



Scanned with CamScanner

## تامی تازەی سپڵۆتی...

ماوەیەك بو هەندێك شوێنی جەستەم چریسکەیان پێدائەهات و هەناسەم لە ئازاردا توندئەبو، بەڵام زاتی دەرخستنیم نەبو، وامئەزانی شتێکم لێبەسەردێت. بارودۆخم باش نەبو. هەندێك جار خۆرئاوابونان ئەمویست شتێك پارچە پارچە بکەم. لە داماویی بێ هۆدا ئەگریام. هەندێك جاریش بێ هۆ ئەمگرت بە ئوجی و ئاباوە و تاوانی هەمو ئەم ناخۆشیانەم ئەخستە گەردنی کیرامان و بەهانەدین و ئەو حەرەمە.

دوای ڕوداوەکەی جەژن، دیسان ماوەیەك بو نەئەڕۆشتمە هەیوانەکە. ئەسڵەن نەمئەویست چاوم بە چاوی کیرامانا بکەوێت. لە ئەو و لە هەمو شەبستانیەکانی حەرەم بێزاربوم. هەینیانیشهەمو هۆشم ئەخستە سەر ئەمیری عالەم بۆ ئەوەی تێر ببێت. بێجگە لە خوداوەندگار هەمو ئەندامانی ئەو خێزانە بۆم مردبون. دایکم و ئاپا دەربارەی من چرپەچرپیان ئەکرد و هەندێك جار ڕەخنەیان لە ڕەفتارەکانم ئەگرت، بەڵام خۆی ئەیوت: ((ئەمە پەیوەندی بە تەمەنەکەتەوە هەیە، نیشانەلا باش ئەبێت)) دیوارێك لە سەهۆڵ لە دەرونمدا پەیدابو بو کە منی لە ژینگەکەم و هەمو ئەو کەسانەی تێدابون، جیائەکردەوە. بە ناچاری ئازارەکانم زیاتر



Scanned with CamScanner

ئەخواردەوە. تا ئەوەی یەکێك لە شەوەکان لە ئازارێکی بێ ئەمان لەخەو ڕاپەڕیم و ئەوەندە دڵم تێکئەچو نەمتوانی خۆم بگەیەنمە دەرگاکە. هەرچی لە هەناومدا بو بە هێزێکی مەرگ هێنەر لە گەرومەوە هاتە دەر. هاتەوە بیرم کە ڕۆژی جەژن ئایا پێی وتبوم ئەبێت دوعای تەوبە بخوێنم و منیش لاساریم نواندبو لەم کارەدا و ئێستا بیرمئەکردەوە کە لەوانەیە سزای ئەو گوناهەیە کە هاوکات لەگەڵ نەفرەتی کیرامانادا داوێنی گرتوم. بە خۆمم ئەوت، لەم شەوەدا بە تەنیایی ئەمرم و ئارەزوی بونە شازنی جیهان زۆر بە زویی ئەبەمە گۆڕ، ئەویش بە سزای گوناهێك کە نەئەمناسی و نە ئەشمویست توشی ببم. دەی ئەگەر وایە وام پێباشە کەس مردنم نەبینێت. هیچ کەسێك بانگ ناکەم ئامۆژگاریم بکات. بە تەنیایی ئەمرم. بەڵام لەو دنیا حسابی خۆم لەگەڵ خوادا یەکلایی ئەکەمەوە.

ئایا بێ خەیاڵ و ئاسودە پرخەپرخی ئەکرد. بێ یارمەتی ئەو توانیم تا ڕادەیەکلە ژێر ڕۆشنایی ئەو چرا بچوکەدا کە بەهۆی ترسی منەوە لە تاریکی، هەمیشە بەسەر ڕەفەکەوە داگیرسابو، خۆم پاك بکەمەوە. جلی خەوەکەم گۆڕی و لە کاتێکدا کە هەر وەك پێشو ئازارم ئەکێشا، ڕۆشتمە سەر جێگەخەوەکەم، درێژ لێڕاکشێم کە هەستمکرد دۆشەکەکەم بە مادەیەکی سارد و لینج ئالودە بوە. کەمێکی پێچو تا بۆمدەرکەوت خوێنە. خوێنی خۆم بو. لە ژێر ڕۆشناییەکەدا سەیری ئەو جلە خەوەم کرد کە لەبەرم دامکەندبو. لە پشتەوە نوقمی خوێن بو و لەمەش خراپتر ئەم خوێنەم هێشتا لەبەر ئەڕۆشت، ئیفلیج بوم و ئەم جارە لە ترسێکی واقعی: ترس لە مردن، ترس لە گوناه، ترس لە سزا، ترس لە دۆزەخ، ترس لەو مارانەی لە گۆڕدا دێن بۆ مرۆڤ، ترس لەو بارەی کە توشی بوبوم. تەنیا یەك شتم بە ڕاستی بۆ دەرکەوت و ئەوەش ئەوەبو ئەبێت ئەو بەڵایەی توشم بوە، بە شاراوەیی بمێنێتەوە. نەئەبوایە دەنگەدەنگ و هاتوهاوارم بکردایە. نەمئەویست لە ساردی حەمامەکانی قونیە و لە هەر کۆڵان و گەڕەکێکدا چیرۆکی مردنە



Scanned with CamScanner

گوناهاویەکەم بگێڕێتەوە. ئەمەم لە دایکمەوە بە میراتی بردبو. هەمیشە ویردی سەر زمانی بو کە ((نامەوێت بەسەر زمانەوە بم)). نەمنەویست دوبارە بچمەوە ئەو جێگە خەوە، ڕقم لە خۆم بو. هەستمنەکرد لەو ڕۆژەی ئوجیش پیسترم. هەروا لە سوچێکی دیوارەکەدا دەستەوئەژنۆ دانیشتم و تەسلیم و حەیران، لە چاوەڕوانی مردن و سزای گوناهدا بە چاوەڕوانی مامەوە. بڕیاری خۆشم دابو، هیچ کەسێکم خەبەر نەئەکردەوە. بەیانیش ئیتر من نەبوم. کەوایە هەر شتێکم بەسەردا بهاتبا نەیئەتوانی گرنگ بێت بۆم. سەرم لەسەر ئەژنۆم بو ولەوەی کە وێنەی زۆرێك لە ڕوداو و مرۆڤە جیاوازەکان کە هەندێکیان بە تەواوی لە بیرم چوبونەوە، دوبارە بە ڕونی لەبەرچاومدا زیندوئەبنەوە، سەرم سوڕئەما. یەکەمجار مەلیکە عالیە هاوسەری سوڵتان کەی قوباد کە هاوڕێی دایکم و قیبلەی هیواکانی منداڵیی من بو. ئەو جارێکیان لە ڕۆژی سلاوی جەژندا پەیمانی پێدابوم کە بمکاتە بوکی خۆی. دواتر پەیامی یاسەکانم بیست، دواتر نیگای ئیلیاس و ئەسپەکەی باوکم و هەنجیرەکانی باخ و فریشتەکەی ناو حەوزەکە و بۆنی گیا و دەنگی ئاو و خەندەی چاوەکانی عەلائەدین لە یەکەم شەوی هاتنماندا کە من بە تەواوی لە بیرمکردبو. لەو ساتەوەی کە دەیان یادگاری لە بیرکراو ڕەوتی تێپەڕینیان لەکارکەوت یەکتریان لائەدا و یەکتریان تێکئەشکاند، لە سەرسامیەکی بێزاری هێنەردا هەستمکرد بەرە بەرە خەریکم، ئەمرم ڕەنگ و ڕۆشناییەکان بەرەبەرە تاریك و دیارنامێنن و من ئیتر هیچم نەهاتەوە بیر.

بە گەرماییەکی تەڕ و خۆش لەسەر ڕوخسارم لە خەو ڕاپەڕیم، ڕۆژ بو. ئایا بە چاوی نیگەرانەوە بەسەرمەوە بو و خەریکبو بە دەسماڵێکی تەڕ ڕوخساری پاکئەکردمەوە. ئوجیش بە جامێك ئاوی گەرمەوە لە تەنیشتیدابو. هەردوکیان بە جدیەوە سەیریان ئەکردم. دوای چەند ساتێك بیرمکەوتەوە کە ئەبوایە من بمردمایە. بە تەواوی دڵنیابوم هەرچی لە دوێنێ شەو لە بیرمایە، هەمو بە ڕاستی



Scanned with CamScanner

ڕویانداوە. ڕۆشناییەکی زێڕین ژورەکەی پڕکردبو و لە جیاتی ئەوەی ئازار یان مردنێکم هەبێت، هەستم بە سوکی و ڕزگاربون ئەکرد.

سەیری چواردەورم کرد. جێگەخەوەکەم پاك بو، جلەکانم پاك بون و هیچ نیشانەیەك لە مۆتەکەکەی دوێنێ شەو نەمابو. پرسیم: ئایا جان من دوێنێ شەو.... ئەو هەر بەو قیافە جددی و نهێنی ئامێزەوە وتی: هیچ نیە.... پیرۆزە.... ئێستا ئیتر بویتە خاتونێکی تەواو پێگەشتو و پوخت.

گێژوویژ سەیرمکرد. من دوێنێ شەو خەریکبو بەو بێ شەرمیەوە ئەمردم، ئێستا ئەو پیرۆزباییم لێئەکات. دەمم کردەوە شتێك بپرسم. بە ئاشکراش ئەمزانی قسەکردن دەربارەی کێشەکەی شەوی ڕابردوی من زۆر سەخت ئەبێت بۆی. بەلآم منیش ڕێك نەهاتەوە بیرم چیم بەسەردا هاتبو. لە وەلآمی چاوە پڕ پرسیارەکانی مندا لە ژێر لێوەوە بۆڵەیەکی کرد و پشتی کردە من و لەسەر سندوقەکە دانیشت. سوڕامەوە و بە بێتامیەوە پرسیم:

– ئایا جان دڵنیام! من دوێنێ شەو خەریکبو ئەمردم... ئەسڵەن... دایکم لە کوێیە؟.... بۆچی تۆ گۆڕاوی؟ بۆچی من لەسەر جێگە خەوم؟... ئەو خوێنانە.....

لە کاتێکدا کە چاوەکانی بڕیبوە درزی سەقفەکە و دەستەکانی لەسەر گوناکانی بو، وتی:

ئەی خوایە ژن هەمو شتێکی میحەنەتە، تەنانەت باڵغ بونیشی. سەیرکە کیمیا خاتون بە وەڵلآ ئیتر ماندو بوم. کەللەڕەقیت بخەلاوە و باش گوێکانت بکەرەوە، هیچ پرسیاریش مەکە. یەك جار ئەیڵێم، ئەویش لەبەرئەوەی دایکت نیە، واتە دایکت سەرقاڵە ئەگینا پەیوەندی بە منەوە نیە و کاری ئەوە. ئێوە ئیتر منداڵ نین. ماشائەڵلآ گەورە بون.

ئەمزانی کاتێك جددیە، بە شێوازی کز قسەی لەگەڵ ئەکردم.



Scanned with CamScanner

.... ئێوە ئەبێت بزانن لەمە بە دواوە هەمو مانگێك واتان لێدێت.
خەریکبو سەکتەم ئەکرد.
دەستماڵەکانتان پەتیان هەیە، فێرتانئەکەم چۆن بیبەستن. ترسیشی ناوێت، سروشتیە. خوێنە پیسەکان ئەبێت بێنەدەرەوە ئەگینا ئەبنە دمەڵ. لەو هەفتەیەدا کەوایت سپڵۆتیت (گلاو). نابێت دەست بدەن لە قورئان، کتێبی دوعاش هەروەها. نابێت بشرۆن بۆ زیارەت. بە کورتی نابێت پەیوەندیت هەبێت لەگەڵ شتە پیرۆزەکاندا، سپڵۆتیت. ئەزانیت سپڵۆت یانی چی؟ لێرە ئەڵێن مرۆڤ کاتێك بەو شێوەیە، لە سەگیش سپڵۆتترە.
بەس بو. ئیتر نەمئەویست ببیستم.... بە هەردو دەستم گوێکانم گرت. داماوە لچ و لێوی دا بەیەکدا. دڵم بۆی سوتا. بۆئەوەی بزانێت گوێمگرتوە بۆ قسەکانی، نازانم لە ناکاو بۆچی بە تایبەت پرسیم: پیاوەکانیش وایان لێدێت؟
– پیاوەکان دوگیان نابن، ئەمە پەیوەستە بە دوگیانەکانەوە.... کاتێك منداڵ لە ناوەوەبێت، ئیتر ئەوەستێت.
دیسانەوە تێنەگەشتم. ئەسڵەن لە پەیوەندی ئەم خوێنە بە منداڵەوە تێنەئەگەشتم مێشکم زۆر سەرقاڵبو و بەرلەوەی بمەوێت بگەمە ئەنجامێك، بەرز بەرز قسەمکرد: ئەو کاتە منداڵ ئەم خوێنە پیس و سپڵۆتە ئەخوات؟
لە بیرکردنەوە لەوەی ئەمیری عالەمی زێڕین نۆ مانگ لە هەناوی دایکمدا بونەوەرێك بوە کە خۆراکی هەر ئەم خوێنە پیس و سپڵۆتانە بوە، موچوڕکەم پێداهات. ئەمە نەئەکرا ڕاست بێت، ئەگینا هێندە جوان و بێگوناه و قەشەنگ نەئەبو.
ئایا کە هەر ساتەو زیاتر توڕە ئەبو، وتی: کیمیا خاتون! پرسیارەکانیترتان لە خاتون گیان بپرسن. من بەم تازەییانە چاری دەمتان ناکەم. هەیکەلە سەد مەنیەکەی بە ئاه و ناڵە لەسەر سندوقەکە بەرزکردەوە، جل و کەلوپەلە



Scanned with CamScanner

خەوهێنەرەکانی کە کۆیکردبونەوە هەڵگرت و بە هاوارەوە نوجی بانگکرد تا بێت و بیانبات. دواتریش خۆی بێنەوەی ئەسڵەن بزانم بۆچی ناڕەحەتم کردوە، نیوە سەیرێکی کردم و لە ژورەکە ڕۆشتە دەرەوە و دەرگاکەی داخست. دوبارە لایەکی دەرگاکەی کردەوە و وتی ئەگەر دەردیسەری تازەت ناوێت هەرچیەکم وت بیکە و والسلام.

من مامەوە و یەکەمین ڕۆژی وەرزێکی نهێنی ئامێز لە ژیانم کە هیچ شتێکم دەربارەی نەئەزانی بێجگە سپڵۆتی، وەك سەگ.

هەمیشە ئارەزوم بو لە قۆزاخە بێمەدەرەوە و ببمە خاتونێك و ئێستا کە بە قەولی ئایا بو بومە خاتون تاکە مانایەك کە لە مێشکمدا ئەهات و ئەچو و دوبارە ئەبویەوە ئەوە بو کە ئێستا سپڵۆتم و لەمەش بە دواوە مانگی یەك هەفتە سپڵۆت ئەبم. چی لە لالا بکەم؟ نانی شەوی هەینی چی لێبکەم؟ ئەگەر بڕۆم هەموان ئەزانن، ئەگەریش نەڕۆم هەموان ئەپرسن و لە کۆتاییدا ئەزانن. ژن بون. بێ ویست کەوتمەوە بیر ئەو وێنەیەی کە دایەنەکەم بی بی جان، لە ڕوخساری مامانەکەمەوە لە ڕۆژی لە دایك بونمدا وێنەی ئەکێشا. ئەیوت داماوە بە حاڵەتی عوزرهێنانەوە ڕونکردنەوەی بۆ هەموان ئەدا کە ((ئەی بابە سوپاس بۆ خوا کە تەندروستە. ئەگەر ساغ نەبوایە چی؟ ئێستا ئینشائەڵلا جارەکەیتر کوڕ ئەبێت! دواتر کە ئەچێت بۆ لای باوکم بۆئەوەی بەهۆی سەلامەتی دایکم و منداڵەکەیەوە مژدانە وەربگرێت، باوکم بێ وتنی یەك وشە ماڵەکە جێئەهێڵێت و تا شەو ناگەڕێتەوە و سەرەڕای ئەو هەمو خۆشەویستیەی بۆ دایکم هەیبوە، تەنیا کاتێك ئەگەڕێتەوە بۆ خوونەریتی یەکەمجاری کە دایکم شەمسەدینی بۆ دێنێتە دنیا. بی بی جان ئەمەی کاتێك وت کە بڕیاردرا لە باخ بمێنێتەوە و تورە بو، لەوانەیە بۆ تۆڵەکردنەوە لە دایکم، بەڵام وەك دیاربو بۆئەوەی پێمبڵێت: ((ژنەکان هەمویان هەر لە لەدایکبونەوە گرفتاری ڕەگەزیانن، تەنانەت ئەگەر وەك من نەجیبزادەیەکیش



Scanned with CamScanner

بن)). ئەو ئەلبەتە نەیئەزانی کە شتێکی تازەی پێنەوتوم و من بەو هەموە منداڵیەشمەوە، خۆم بە لە دایك بونی شەمسەدین هەمو ئەم شتانەم بە شێوەیەك دەرك پێکردبو و وەك بنەمایەکیش قبوڵمکردبو. تەنیا نازانم بۆچی ئەم بابەتەم دوبارە کەوتبوەوە بیر. لەوانەیە لەبەرئەوەی ئایا وتی من دواتر ئەتوانم منداڵم ببێت، لەوانەیە لەو ترسەوە کە نەوەك منداڵی یەکەمی منیش کچ بێت و لەوانەیە لەبەرئەوەی ئیتر تێگەشتبوم بۆچی ئەبێت باوکم رقی لە کچان بێت. کچەکان تەنانەت بۆ ئەوەی بتوانن ببنە دایك، مانگی یەك جار لە سەگ سپڵۆتتر ئەبن، بەڵام ئەوەی کە بۆچی ئەبێت پیاوان ئەم خوێنە پیسانە بخۆن بۆ ئەوەی بێنەبون، داماوی هزریمی بەهێزتر ئەکرد. پاش ماوەیەك لە خۆسەخڵەت کردن و خوا خوا کردن کە هەرگیز کچ نەهێنمە دنیا، گەیشتمە ئەم ئەنجامەی کە جاریٚ کێشەی من کچ هێنانە دنیا نیە بەڵکو کچ بونە. کچێکی نەخوازراو کە هیچ کەس هیچ کاتێك وەڵامی پرسیارەکانی ناداتەوە و لەمەش بەدواوە مانگی یەك جاریش سپڵۆت ئەبێت و هێشتا لە چوارچێوەی دیوارە کۆن و بەرزەکانی حەرەمدا لە چاوەڕوانی کوڕی سوڵتاندا دانیشتوە.

نازانم بۆچی پاش ئەو ڕوداوە هەستی لە خۆ ڕازیبونم ڕوشا. بەرە بەرە تێگەشتنێکی تازەم بۆ دەرئەکەوت. تەنانەت بە پێچەوانەی ڕابردوەوە هەستی لە خۆ بێزاری لە دەرونمدا چرۆی کردبو. تازە بۆمدەرئەکەوت چەند سوکم و چۆن دور لە واقعیەتەکانی جیهان، ژیاوم. ئیتر ئەو کچەی محەمەد پاشای ئێرانی کە بە نازپەروەردە و پارێزراو لە باخی خەونەکانیدا خەیاڵپەروەری ئەکرد و هاوڕێی پەپولەکان بو و لە پەڕەسێلکەکان ئەترسا، مردبو و لە جیاتی ئەو ژنێکی چاوەڕوان، سوك، سپڵۆت و دیل نیشتەجیٚ بو بو کە هەر جوڵانەوەیەکی ئەکرا گوناه بێت، تەنانەت پاڕانەوەشی بۆ خۆی.



Scanned with CamScanner

هەمو هەفتەکەم بە کێشمەکێش لەگەڵ ئەو هەستەدا بەسەر برد و تەنیا کاتێك بارودۆخم باشتر بو کە سەرم تا ئەو شوێنەی ئەمتوانی لە ژێر ئاوی گەرمی حەمامەکەدا هێشتەوە، هاوکات لەگەڵ قوڵپەقوڵپ کردنی پێداگرانەدا بە هەوا، ئەوەندە ئەم کارەم دوبارە کردەوە کە لە کۆتاییدا نەنەجی هاتە سەرم و وتی:

ئەی هاوار کیمیاخاتون! من خەریکم وەڵامی خوازبێنیتان ئەدەمەوە و ئێوە خەریکن یاری بە ئاو ئەکەن؟ ئەم هەڵسوکەوتە منداڵانانە چیە ئەیکەن. ئێوە ئەبێت لەمەودوا ئاگاتان لە خۆتان بێت. ئیشەڵلا هەر لەم ڕۆژانەدا ئەچنە ماڵی بەختتان. لە من بپرسرێت، درەنگیشی کردوە. ئەگەر باوکتان بمایە، ئێستا دو ساڵیش بو لە ماڵی مێردی خۆتاندا بون. یان لانی کەم ناوێکتان لەسەر بو. سوپاس بۆ خوا پێشکەشتون. خەڵکی پێئەکەنن ئەگەر هەڵسوکەوتی منداڵانە بنوێنن. ناشرینە، خراپە! نازێك هات و ڕۆشت و من لە کاتێکدا لە پشتەوە، جەستە بۆقیەکەیم بە قاچە ناسك و پڕ چرچولۆچی و ورگە زلەکەیەوە تەماشائەکرد کە ڕوت و قوت هەمو ڕۆژێك لە ناو هەڵم و هاڵاوی ئەم شوێنە گەرمەدا چارەنوسسازی ئەکات، بۆمدەرکەوت کە چیتر گەرماویش جێگەیەکی ئاسودە نیە بۆم. ئەو کۆتا کەسێك بو کە ئەبوایە بێ ئاگا نەبومایە لە ئاگادارکردنەوە شەرعی و دابونەریتیەکانی، ئەویش کە خۆی بە دیندار دەرخستبو. بێدەنگ ڕۆشتمە دەرەوە و ڕۆشتمە ساردەکە، نوجی بنەوشەیی و ئارەقکردو ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانم بو. ئەو جلەی تازەم لەبەرکرد کە بۆنی خۆرەتاوی لێئەهات و خۆم سپارد بە دنیاییەك کە ژنە پاکەکان بە خۆشحاڵی و شادیەکانیان بەڕومیاندا کردبوەوە.

لە کۆڵاندا بوم بۆمدەرکەوت ئەبێت بەهار گەشتبێتە نیوە، بەڵام لە هەیوانەکەی ئێمەدا حەیف بۆ خونچەیەکیش. حەزمئەکرد سود لە بێئاگایی ئەو نۆکەرەی کە ئەیبردینەوە وەربگرم، دەستی نوجی بگرم و بە یەکەوە هەڵبێین بەرەو



Scanned with CamScanner

باخەکەمان، باخەکەمان لە پشت دوارەکانی قەلا دێرینەکەوە بانگی ئەکردم. بەلام ئەو فریشتەی کە بی بی جان وتبوی لەسەر شانی ڕاستم دانیشتوە، خستمیەوە بیر ئەو پەیمانەی کە چەند مانگێك لەمەوبەر لەگەڵ دایکمدا بەستبوم. ئای چەند سوپاسگوزاری خوا بوم بۆ ئەم فریشتە چاکەیە. ئەگەر ئەو نەبوایە من دەستمنەدایە چ کارگەلێکی خراپ. دەستم لە سەرپێچی هەلگرت و تەنیا بە سەیرکردنی لقە پڕ چرۆکان کە لێرە و لەوێ لە پشت دیوارە خشتیەکانەوە سەریان دەرهێنابو ڕازیبوم و تا توانیم ناخم پڕکرد لەو هەوایەی کە بۆنی بەهار و چرۆی ئەدا.



Scanned with CamScanner

# ڕۆژە خۆشەکان

خەریکبوین کلیلە و دیمنەمان تەواونەکرد. من زۆر لە پێشتر بوم لە شەمسەدین. ئەمویست بۆ خوداوەندگاری بسەلمێنم کە تا ئەو زیندوە من کلیلە و دیمنە و بە دڵنیاییەوە چەند کتێبێکیتریش تەواونەکەم. لالای شەمسەدین کە لە کۆتاییدا بەهۆی لاوازی جەستەیی براکەمەوە نەیتوانیبو ئەمیرزادەیەکی هەم زانا و هەمو پاڵەوانی لێبەدیبێنێت و لە هەموشی خراپتر ئەوەبو کە بۆیدەرکەوتبو من لە قوتابیە خۆشەویستەکەی زیرەکترم و لەوانەشە لە دیارنەبونی من خۆشحاڵتریش ئەبو. وایزانیبو کە ئیتر چارەنوسی من ڕۆشنبوەتەوە کە پێیان وتبو ئەم هەفتە نەیەت بۆ کتێبخانە بۆ وانە وتنەوە بە من و سەری سوڕمابو لە بینینم و پرسیاری پێچاوپێچی ئەکرد. لە کۆتاییدا دایکم گەیشتە فریام و بە کەمێك پێداگریەو وتی: ((پێمان وتبون کە توشی دەردەسی بو بو!))

پیرە پیاوەکە بە ناباوەڕیەوە سەیری ڕوخساری ساغی منی ئەکرد، تەنانەت من سێبەری پێکەنینێکی فێڵبازانەشم بە سەر لێویەوە بینی....

دیسان دایکم حاڵی باش نەبو. کاتێك وێنامئەکرد کە دوبارە منداڵێك لە سکیدایە و خەریکە لەو خوێنە پیسانە ئەخوات، ڕقم لە دایکم و هەمو منداڵێکیش بو.

هەستێکی تەزوبەخش لە ناخمدا خەبەری بو بوەوە کە فرمانی ئەکرد بەسەر هەمو بیرکردنەوەکانمدا و وازی لێنەئەهێنام.

دو سێ ڕۆژ بەسەر ڕۆشتنمدا بۆ حەمام تێنەپەڕیبو کە سەروکەڵلەی نەنێ جی پەیدابوەوە. ڕاستەوخۆ ڕۆشتە سەرەوە بۆ لای دایکم و کاتی گەڕانەوە -کاتێك لە هەیوانی حەرەمەوە بە مەبەستی دەرگای سەرەوە بە تەنیشت ژورەکەی مندا تێپەڕی- سەرێکیدا لە ژورەکە و بە چاوە هەمیشە نمدار و پێداگرەکانیەوە، وەك کڕیارێك سەیری کردم و بێ هیچ قسەیەك ڕۆشت و یەکسەر بە دوایدا ئایا جان بە شۆڕوشەوقەوە هاتە ژور. وتی: دایە ئاگات لە خۆت بێت! داواکار هاتوە، واتە بڕیارە بێت، خاتون گیان ئەمشەو مۆڵەتی هاتنیان لە خوداوەندگار وەرئەگرێت. نەنێ جی زۆر پیایدا هەڵداون، زۆر دەوڵەمەندن. زۆر. لە کەللە زلەکانن. خاوەنی چەند ڕیزە دوکانێك و زۆرینەی کاروانسەراکانی قونیەن. بە کورتی نیوەی قونیە هی ئەوانە.

هەستێکی خۆش لە دڵمدا پارچەپارچە بو و بە دەمارەکانمدا کەوتە هاتوچۆ، خراپیش نەبو. یەکەمین خوازبێنیکەر ئەگەرچی شازادە یان ئەمیرزادە نەبو، بەڵام هەر ئەوەی کە نیوەی قونیە هی ئەوە، بۆ ئەم دیلە خەمبارە کە باوکی مردبو و دایکیشی ئیتر دایکی نەبو، زۆر خراپ دەرنەئەکەوت. بەیانی زو من هێشتا لە جێگەخەودا بوم کە نەنێ جی دوبارە هاتەوە و ڕۆشت بۆ لای دایکم. بیرمکردەوە چەند پەلەیانە بۆ وەڵام وەرگرتنەوە. بەڵام کەمێك دواتر بینیم کە بە لچو لێوی گرژەوە لە چوارچێوەی دەرگای ژورەکەمدا وەستاوە. سەیرێکی دەوروبەری کرد. دڵنیابو کە من لە بابەتەکە بێ خەبەرم. بە هێواشی وتی: حەزرەتی خوداوەندگار وتویانە ((کۆتر بۆ کۆتر، هەڵۆ بۆ هەڵۆ)). وتویانە: ((دەوڵەمەندن با هەر دەوڵەمەند بن، گرنگ ئەوەیەبنەچە و ڕەچەڵەکیان نازانرێت)). وتویانە: ((بۆ تۆ پیرە)). دوبارە سەیری دەوروبەری کردەوە، کاتێك دڵنیابویەوە کەس نیە،بە

سەیرکردنی سوچی دیوارەکە یاریەکی بە دەموچاوی کرد. وتی: تا ئەم تەمەنە رایانگرتویت، ئێستاش ئەوەندە ئەم دەست و ئەو دەستت پێنەکەن تا ڕەنگی قژت وەك ڕەنگی ددانەکانتی لێبێت. وتویانە: ((ناتدەن بە کاسب ... بە پیشەوەرت نادەن ... بە سەربازت نادەن ...بە غەریبت نادەن ... ناتدەن بە پیاوی ژندار و ژن مردو)). نازانن هەر ئێستاش درەنگی کردوە. تا ئێستا ئەبوایە ناوێکتان لێبنرایە. ئێمە وەڵلاّ تا ئێستا نەماندیوە کچێکی نەجیبزادە بگاتە ئەم تەمەنە و ناوێکی لێنەنرابێت. بەلاّم باشە باوکت کە نیە، دایکیشت کە تەمەنێك چلەی ئەکێشا و ئێستا خەریکە ئەو بەلاّیەی بەسەری خۆیدا هێنا بەسەر تۆیشیدا ئەهێنێت. خۆت ئەبێت ئاگات لە خۆت بێت لەم نێوانەدا زایە نەبیت......

هەر کە نەنێ جی سێبەری ئایای لە پشت سەریەوە هەستپێکرد کە خەریکبو بە هێواشی نزیك ئەبویەوە، بانگی ئوجی کرد و وتی: ئێستا خەفەت مەخۆ نەنێ. خۆم باشترەکەیت بۆ پەیدائەکەم و دیسان بە چاو زیتکردنەوەیەك لە سوچەکە و بە ئاماژەی هاودەردی بۆ من، ڕۆشت بەرەو دەرگاکە. ئایاش تا ئەوێ ڕەوانەی کرد.

قسەکانی نەنێ جی لە بیرکردنەوەدا نوقمی کردم. ئەمە خەمێکی تازە بو کە پێشتر نەمنەناسی. ئێستا نەمئەزانی بەڕاستی ئەبێت بیگرمە دڵ یان لە بیریبکەم.

چەند باشبو سبەینێ هەینی بو. خوداوەندگار پەیمانی دابو هەرکاتێك کلیلە و دیمنە تەواوبکەم، کتێبێکیتر -جوانتر و بەنرختر-م پێبدات. سبەینێ ئەم ڕوداوە رویئەدا. کلیلە و دیمنەم لەسەر تاقەکە هەڵگرت. ئەبوایە بۆ کۆتا جار سەیرم بکردایە بۆئەوەی لە مێشکمدا بچەسپێت. بالاّپۆشێکم دا بە خۆمدا و ڕۆشتمە سەر شێرە بەردینەکە. بەلاّم ئەسڵەن تاقەتی خوێندنەوەم نەبو. بە جۆرەها دەنگی بانگکردنی پشیلە، سوڵتانەم بانگکرد، کەچی دیارنەبو. بەلاّم لە جیاتی سوڵتانە چەند سەرێك لەم دەرگا و لەو کونی چێشتخانەوە هاتنە دەر و دەستیانکرد بە

سەرسوڕمانەوە سەیرکردنم و هەندێکیش لە ژورەکان هاتنە دەرەوە و لەسەر پلیکانەی بەردەم ژورەکانیان دانیشتن و بە پێکەنینی دەمی بێ ددانیانەوە واقیان وڕما لە منی ساڵ و ئەوەندەیەك نیشتەجێیی ئێرە کە هێشتا لەمانە ئەترسام. هیچ سودێکی نەبو، بارودۆخم خراپتر بو. کتێبەکەم هەلگرتەوە و دوبارە ڕۆشتمەوە بۆ ژورەکەم. وا باشتر بو هەر لەوێ بیخوێنمەوە بۆ ئەوەی خۆم ئامادەبکەم بۆ تاقیکردنەوەکەی سبەینێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەمو چیرۆکی گیانلەبەرانی کتێبەکەم کە وەك ئەوەی دیاربو لە مرۆڤەکان ئاقڵتر و خۆشبەختر بون لەبەربو، بەڵام هەمو ڕۆژەکەم تایبەتکرد بە دوبارە خوێندنەوەیان و ڕۆژی دواتر، ئامادە بۆ تاقیکردنەوە، چاوم لەسەر خوداوەندگار هەڵنەئەگرت. کاتێك ئەو هەمو کاروبارە خێزانیەکانی ڕێکخست و سەرەی من گەشت، تەنیا بە قسەکەم باوەڕی کرد و ڕازیبو و بێ ئەوەی هیچ تاقیکردنەوەیەك لە ئارادابێت، لە ژێر نیگا سوسەکار و هەندێك جار حەسودەکانی کەسانیتردا ڕۆشت بۆ ژورەکەیتر و دوای چەند خولەکێك لە کاتێکدا کە کتێبێکی قورسی بەرگ ڕەشی کۆنەی بە دەستەوە بو، گەڕایەوە و بانگیکردم و بە ئارخەیانیەوە کتێبەکەی بۆ درێژکردم و بە سۆزەوە وتی: ڕۆڵە ئاگاداربە وەك خۆی بیگێڕیتەوە بۆم. ئەزانم شایستەیی خوێندنەوە و پاراستنیت هەیە. وای بە ڕۆژگارت ئەگەر ئەم کتێبە زیانی پێبگات. لە کاتی کۆچکردنی باوکم لە بەلخ، پاشای ئەو کاتەی خۆراسان لە جیاتی زێڕ و زیو کە بۆ پاشاکان ئاسایی بو ئەم کتێبە بەنرخەی لە کتێبخانە تایبەتیەکەی خۆی پێشکەش کردوە. لەبەرئەوەی ئەیزانی باوکم زیاتر قەدری ئەمە ئەزانێت. کتێبێکە پلە یەك، زانایی و هونەر و جوانی تێدا ئەدۆزیتەوە، بە وێنەی دڵبوژێنەرەوە و خەتی خۆش و بە زمانی شیعری، چیرۆکی پاشاکانی پێشتری ئێرانی لە سەرەتای دەسەلاتیانەوە باسکردوە. ئەم کتێبە بۆ تێگەشتن لە فارسیشت باشە، هەم لەبەرئەوەی بزانیت کە باوکی کۆچکردوت و باوکە تازەکەت لە کام گۆشەی دنیاوە



Scanned with CamScanner

هاتون بۆ ئەم خاکە و هەم بۆ ئەوەش کە باشترین بەرهەمە بۆ پەروەردەکرنت لەسەر خو و سروشتێکی ڕەسەن. لەم کتێبەیاندا ئیتر پەند و ئامۆژگاریەکانی لەسەر زمانی گیانلەبەرانەوە نیە بەڵکو پاڵەوان و قارەمان و ژنان و پیاوانی سروشتپاکنەکەونە ڕێ بۆ شەڕی خراپی و ئەهریمەنی. بە دڵنیاییەوە لە زۆرێك لە وشەکانی تێناگەیت، بەڵام نوقمی چێژی ناو چیرۆکەکانی ئەبیت، وەك چۆن من لەگەنجیدا بوم. ئەمەش خەڵاتی هەوڵدانەکانت، خاتونی خاتونان، کیمیاخاتون!

جێم بە خۆم نەئەگرت. وەك بڵێی باڵیان بۆ فڕین پێدابێتم. خوداوەندگار لە کتێبخانەکەی باوکی کە ئەمزانی لەو ماڵەدا لە جوملەی پیرۆزیەکانە، دیاریەکی شاهانەی پێبەخشیبوم. ئەو بەم شاکارانەی کە لەو ماڵەدا هەمیشە بەدیهێنەری بیرۆکەیەکی تازەبو بۆ ژیان، خەریکبو بەرە بەرە جێگەی باوکی ڕاستەقینەی بۆ ئەگرتمەوە. دەستیم ماچکرد. ئەویش تەوێڵی ماچکردم و بە دەنگێکی بەرز دەستخۆشی لێکردم. کوڕە گەورەکەی ئەوەندە لە جێگەکەیدا جموجوڵی کرد، کەسەکەی تەنیشتی بێزارکرد و دایکم سەرەڕای خراپی بارودۆخی سەیرێکی پڕ لە ڕازیبونی کردم و وتی ئەمە ئەسڵەن بە هەڵە کچ دەرچوە، ئەبوایە کوڕ بوایە و جێگەی باوکی بگرتایەتەوە لە دیوانخانەی شاهانەدا. هەموان پێکەنین و بەسەر قسەکەیان پشتڕاستکردەوە. ئەم تانەوتەشەرە دێرینەم پێخۆش نەبو. بۆئەوەی باسەکە بگۆڕم و سەرقاڵیانکەم بە باسێکی ترەوە، وتم: بەڕاست کەس سوڵتانەی لەو دیو لە حوجرەکە نەبینیوە؟ ماوەیەکە دیارنیە. هەرچەندە ڕوی دەمم لە شەمسەدین بو بەڵام مامی پیر چاوێکی داگرت و وتی: لەوانەیە ڕۆشتبێت بۆ پیاسە. هەموان لە ناخی دڵەوە پێکەنین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمزانی بە من پێناکەنن. بەڵام ئۆقرەم لەبەربڕا. ئەسڵەن نەمئەزانی ئەمانە بۆچی هەمیشە بەم قسە بێمانایانە پێئەکەنن. کە نانخواردنەکە تەواوبو، بە وریاییەوە کتێبەکەم هەڵگرت و بێ وڕتە و بۆ یەکەمین جار بێ مۆڵەت خواستن بەرەو ژورەکەم کەوتمە



Scanned with CamScanner

ڕێ. نوجیشم بانگکرد که له بەردەرگاکەدا دەستەوئەژنۆ دانیشتبو بۆ ئەوەی لەگەڵمدا بێت. هێشتا له تاریکی ئەترسام. ڕێگەی پلیکانه و هەیوانەکەش تەنیا له ڕۆشنایی چراکانەوه دیاربون. هەردوکمان گەشتینه ژورەکه که دورگەی ئارامیی من بو و مۆمێکی نیو مەنی تایبەت به خوێندنەوەمان داگیرساند. نوجی وەك هەمیشه بێدەنگ بەڵام سوسوکار به نیگاکانی چاودێری ئەکردم. گومانی کردبو که من لەبەر ئامانجێك زو تالارەکەم جێهێشتبو و گەڕابومەوه بۆ ژورەکەم، کتێبەکەم خسته سەر چوارپایەکه و کردمەوه. نوجی ئەکرا وەڵامی خۆی وەرگرتبێت. لەبەرئەوەی له یەکەمین لاپەڕەیدا له ناکاوێکدا وێنەیەکی جوانی پاڵەوانێکی باڵابەرز به جلی شکۆداری سەربازی بەسەر ئەسپێکەوه له ناو دەشتێکی سەوزدا له بەرامبەر چاومانداا بو و له لاپەڕەکەی بەرامبەریدا به دەستخەتێکی جوان نوسرابو: شانامه. له خۆشیدا وەختبو دڵم دەربێت. نازانم خوداوەندگار له کوێوه ئەیزانی من خەونم به شاژن بونەوه ئەبینی و عاشقی ئەوه بوم ژیانی پاشا پێشینەکان بزانم. ئەم کتێبه ئەو تاکه شتەبو که ئەمبو. سەرڕێژ له چێژ به ڕۆچون له کتێبێکی وێنەدار به ئەفسانه پڕ ڕەمز و ڕازه شیرینەکانیەوە، سات به سات زیاتر باوەڕم بەوه ئەکرد که ژیان ئەوەندەش که بیرم لێئەکردەوه تاریك و دۆزەخیی نیه. نازانم خەوی شەوانە،کەی نوجی پەلکێشکردبوه ناو جێگەخەوەکەی، بەڵام من تەنیا به بیستنی دەنگی بانگ بو که هاتمەوه هۆش خۆم و بۆمدەرکەوت بەیانیه. هەستامەوه و سەرخۆش لەوەی بەیانی ڕۆژێکی باشترم ئەبێت، ئامادەبوم بۆ نوێژ و خەو.

بەیانی زو به دەنگی پێیەکی ناسراو که له پلیکانەکانی شوێنەکەی دایکەمەوه ئەهات بۆ هەیوانەکه، خەبەرم بویەوه. هیچ کاتێك له کاتەی ڕۆژدا هیچ پیاوێك تەنانەت مەحرەمەکانیش نەئەهاتن بۆ حەرەم. زیاتر سەرمسوڕما کاتێك دەنگەکه له پشت ژورەکەمدا نەما. سێبەرێکم بینی که وەستانێکی تا ڕادەیەك درێژیکرد و



Scanned with CamScanner

دواتر ڕۆشت. ئەزمونم پێی ئەوتم ئەبێت شتێکیان لەوێ دانابێت. لە جێگەکەمدا لاخێز بومەوە، بەڵام وەستام تا دەنگی داخستنی دەرگای حوجرەکەم بیست. هەستامەوە و بەرەو دەرگاکە ڕامکرد. بە تەواوی دڵنیابوم شتێك لە پشت دەرگای ژورەکەمدا چاوەڕێمە. نازانم بۆچی دڵم لە سنگمدا ئۆقرەی نەئەگرت. ئارامم لە بەر بڕابو و ئەمویست بزانم لەو کاتژمێرە نائاساییەدا ئەکرێت چ شتێکیان بۆ دانابم. دەرگاکەم کردەوە. گومانەکەم ڕێك ڕاست بو. عەلائەدین دیسان لە دەستماڵە ئاشناکەدا شتێکی لە پشت دەرگاکەمدا دانابو. نەمئەویست هەڵیگرم، چیتر بەم ئاسانیانە نەمئەتوانی لە گوناهی خۆشببم. بەڵام بۆمدەرکەوت شتێك لە دەسماڵەکەدا ئەجولێتەوە. بۆ ساتێك لە ترسدا ورتەم لێبڕا. یانی ئەکرێت ئەو ئەوەندە بێ نرخ بێت کە لە بێتامی یان گاڵتەپێکردندا مشکێك، مارێك، شتێکی لە پشت دەرگای ژورەکەمدا دانابێت؟ لە مرۆڤەکانی ئەو ماڵە هیچ شتێك دور نەبو. زمانم وشك بو بو. خۆشبەختانە تورەیی گەرومی گوشاردبو، ئەگینا لەوانەیە لە ترسدا قیژەیەکی وام بکردایە کە دەنگم بگەشتایەتە گومەزی سێ سەد سەرچاوە.بە ناباوەڕیەوە بیستم لە دەسماڵەکەدا دەنگێکی لاواز دێت. نوشتامەوە و بە تەواوی لە نزیکەوە و بە وریاییەوە لە دەسماڵەکە وردبومەوە. دەنگەکە، لاواز و وەك دەنگی بێچوە پەڕەسێلکەکان بو. دڵم لە لێدان کەوت. خۆشبەختانە بەرلەوەی هیچ کەسێك بێت، ئوجی بە شڵەژاوی خۆی لە پلیکانەی چێشتخانەکەوە گەیاندە سەرەوە. ئەو بەر لە هەموان دەنگی منی ئەبیست. بە پەنجە دەسماڵەکەم نیشاندا. لەسەر چۆك دانیشت و بە چاوە گەورەکانی لێی وردبویەوە. لەگەڵ ئەوەدا خۆشی ترسابو، بەڵام شڵەژاوی من ڕێگەچارەیەکیتری بۆ نەهێشتبوەوە. بە وریاییەوە دەستی برد بەرەو دەسماڵەکە و بە ئارامی گرێکەی کردەوە. من بوێری سەیرکردنم نەبو، بەڵام دەنگی پێکەنینی ئوجی کە زۆد چاوەڕوان نەکراو دەرئەکەوت، وای لێکردم سەیر بکەم. ئای خوایە ! دو بێچوە



Scanned with CamScanner

پشیله که له مشکەکانی قەڵاکەش بچوکتر بون: یەکێکیان سپی و یەکێکیتریان بە خاڵی قاوەییەوە. چاوەکانیان داخستبو و سەر لوت و لێو و پەنجەکانیان وەک سوریی گوڵی هەنار بو کە تازە لە تەنیشت حەوزەکەدا چرۆیان کردبو. بە پەلە ئاماژەم بۆ نوجی کرد. دەسماڵەکەی هەڵگرت و هێنایە ناو ژورەکە. ناو دەسماڵەکە کاغەزێکی دەقکراو بو کە بە خێرایی کردمەوە. بە دەستخەتێکی خۆش و ڕێکوپێک و جوان نوسرابو: کیمیا خاتون! دوێنێ بیستم کە بۆ سوڵتانە ئەگەڕێیت. ناتوانم هەمو شتێک لەم نامەیەدا ڕونکەمەوە. هەر ئەوەندە بزانە ئەو زاوە و بوەتە خاوەن بێچو و من بە ڕێکەوت لە سوچی پلوسکی حوجرەکەدا دۆزیمەوە. ناوی سپیەکەم ناوە شەکر و ناوی خاڵدارەکەش پەریا. ئێستا هەردوکیان بەیەکەوە بە شەکر-پەریا بانگئەکەین. سێ ڕۆژیانە. کاتێک شەکر-پەریا گەورە بون، یەکێکیان ئەبێتە هی شەمسەدین و یەکێکیشیان هی تۆ. من لە حوجرەکە ناتوانم بیانپارێزم. لەناوئەچن. کەس هیچ نەزانێت باشترە.

عەلائەدین جارێکیتر براوەبو. ئەو کەسێک بو کە منی باش ئەناسی و هەر ئەمەش بو توانیبوی دوبارە شۆڕ و شەوق بگێڕێتەوە بۆ دەرونم. ئەم دو بونەوەرە بچوکە بەخێرایی جێگەی خۆیان لە دڵمدا کردەوە. لە تەنیشت شەکر-پەریادا دانیشتم. لە ناو دەسماڵەکەدا هەڵمگرتن و خستنمە باوەشم و بە چنگوڵە سورە پاکەکانیان کە زۆریش پاکبون خۆیان هەڵواسی بە پەنجەمەوە و دەستیانکرد بە لێسانەوەی دەستم. دڵم تێکهەڵئەهات. بە نوجیم وت بڕوات لە چێشتخانە شیر بێنێت. زۆر باش ئەمزانی بێچوە پشیلە گەورەبکەم. دایکم سوڵتانەی کە ڕەسەن و جوان بو لە بچوکیەوە گەورە کردبو و من بە حەسودیەوە بینەری هەمیشەیی بوم. ئێستا سەر لەنوێ کەوتبومەوە بیر سوڵتانە کە هەمیشە وەک پشیلەی شەمسەدین ئەمناسی. کاتێک زۆر بچوک بوم ئارەزوم ئەکرد باوکم لە جیاتی نوجی بێچوە پشیلەیەکی بە دیاری پێبدامایە و کاتێک دایکم و شەمسەدین لەگەڵ سوڵتانەدا

پشیلە کە لە مشکەکانی قەلاکەش بچوکتر بون: یەکێکیان سپی و یەکێکیتریان بە خاڵی قاوەییەوە. چاوەکانیان داخستبو و سەر لوت و لێو و پەنجەکانیان وەك سوریی گوڵی هەنار بو کە تازە لە تەنیشت حەوزەکەدا چرۆیان کردبو. بە پەلە ئاماژەم بۆ نوجی کرد. دەسماڵەکەی هەلگرت و هێنایە ناو ژورەکە. ناو دەسماڵەکە کاغەزێکی دەقکراو بو کە بە خێرایی کردمەوە. بە دەستخەتێکی خۆش و ڕێکوپێك و جوان نوسرابو: کیمیا خاتون! دوێنێ بیستم کە بۆ سولتانە نەگەڕێیت. ناتوانم هەمو شتێك لەم نامەیەدا ڕونکەمەوە. هەر ئەوەندە بزانە ئەو زاوە و بوەتە خاوەن بێچو و من بە ڕێکەوت لە سوچی پلوسکی حوجرەکەدا دۆزیمەوە. ناوی سپیەکەم ناوە شەکر و ناوی خاڵدارەکەش پەریا. ئێستا هەردوکیان بەیەکەوە بە شەکر-پەریا بانگئەکەین. سێ ڕۆژیانە. کاتێك شەکر-پەریا گەورە بون، یەکێکیان ئەبێتە هی شەمسەدین و یەکێکیشیان هی تۆ. من لە حوجرەکە ناتوانم بیانپارێزم. لەناوئەچن. کەس هیچ نەزانێت باشترە.

عەلائەدین جارێکیتر براوەبو. ئەو کەسێك بو کە منی باش ئەناسی و هەر ئەمەش بو توانیبوی دوبارە شۆڕ و شەوق بگێڕێتەوە بۆ دەرونم. ئەم دو بونەوەرە بچوکە بەخێرایی جێگەی خۆیان لە دڵمدا کردەوە. لە تەنیشت شەکر-پەریادا دانیشتم. لە ناو دەسماڵەکەدا هەڵمگرتن و خستنمە باوەشم و بە چنگوڵە سورە پاکەکانیان کە زۆریش پاکبون خۆیان هەڵواسی بە پەنجەمەوە و دەستیانکرد بە لێسانەوەی دەستم. دڵم تێکهەڵئەهات. بە نوجیم وت بڕوات لە چێشتخانە شیر بێنێت. زۆر باش ئەمزانی بێچوە پشیلە گەورەبکەم. دایکم سوڵتانەی کە ڕەسەن و جوان بو لە بچوکیەوە گەورە کردبو و من بە حەسودیەوە بینەری هەمیشەیی بوم. ئێستا سەر لەنوێ کەوتبومەوە بیر سوڵتانە کە هەمیشە وەك پشیلەی شەمسەدین ئەمناسی. کاتێك زۆر بچوك بوم ئارەزوم ئەکرد باوکم لە جیاتی نوجی بێچوە پشیلەیەکی بە دیاری پێبدامایە و کاتێك دایکم و شەمسەدین لەگەڵ سوڵتانەدا

یاریان ئەکرد و بە جوڵە و کردەوەکانی ئەحیلکانەوە، ئەمویست لە حەسودیدا بیگرم و بیخەمە حەوزە گەورەکەی ماڵەوە. ئێستا خۆم پاش ئەو هەموە ساڵە بو بومە خاوەنی دو بێچوە پشیلەی جوان و لاسار .ئەسڵەنیش درەنگ نەبو.

بەهار بو و من بۆنی خولێکی لەناکاوم ئەکرد لە ژیانمدا. وەك بڵێی بە هاتنی شانامە و شەکر پەریا ئازارەکان بە یەکجاری ڕویان لە ئەمان کردبو. ژیان خەریکبو ڕەنگ و بۆیەکیتری وەرئەگرت. ڕۆژانە بە ئەمیری عالەم و شەکر- پەریاوە سەرقاڵبوم و پاش نوێژی مەغریب و نانی ئێوارەش تا نیوە شەو شانامەم ئەخوێندەوە. هەندێك جار ئەوەندە بە ڕوداو و وێنە جوانەکانیدا ڕۆئەچوم کە سەرەڕای ئەو هەموە ترسەی لە دێوە سپی و ئەرژەنگ دێو و ئەرغەند و سونجد و دێوەکانیتر هەمبو، لە زۆری شەوق و شۆڕ و سوسەکاریم نەمئەتوانی کتێبەکە دابخەم و تەنیا کاتێك ئەهاتمەوە هۆش خۆم و تێئەگەشتم بەسەر کتێبەکەوە خەو بردومیەتەوە کە چزەچزی کۆتایی هاتنی مۆمەکە، بەرزئەبویەوە.

ئەوکاتە هەمو ڕۆژەکە خۆم ئەخستە جێی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانی شانامە و لە خۆم ئەپرسی، ئەگەر من بومایە چیم ئەکرد. تازە بە خوێندنەوەی بەسەرهاتی ئەو ژن و پیاوە جوان و ئازایانە بۆمدەرکەوت کە ژیان ئەکرێت چەند ناڕەحەت و بێ ڕەحم بێت و من تازە ئەشبوایە خۆشحاڵ بومایە کە کێشەکانی ئەوانم -کە هەمویان پاڵەوان و پاشا و پاشازادە و شاژن بون- نەبو. ئیتر بۆمدەرکەوتبو بونە شازادەخاتون و شاژن چەند ناڕەحەتە. هەندێك لە شاژنەکان تەنانەت لە منیش تەنیاتر بون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمزانی چیرۆکەکان هی ڕۆژگارانی زۆر دێرینی ڕابردون، بەڵام هەستمئەکرد ئازارێکی هەستپێکراوی هاوشێوەی ئەمە، ناوەڕۆکیژیان و چارەنوسی هەمو مرۆڤەکانی بەیەکەوە بەستوەتەوە. مرۆڤ و کاتەکان جیاوازبون بەڵام ڕوداوەکان هەمیشە یەکێك بون شەڕی چاکە لەگەڵ خراپە، خەم و شادی، ئومێد و نائومێدی. ئەمبینی و فێرئەبوم کە پاڵەوانەکانم



Scanned with CamScanner

چۆن خۆیان و کەسانیتر لە دەستی خەم و نارەحەتی و نائومێدی ڕزگارئەکەن. لەوانەیە منیش لە داهاتودا ئەبوایە ڕۆڵی لەم شێوەیەم بگێڕایە. منیش لانی کەم ئەبوایە ببومایەتە پاڵەوانی چارەنوسی خۆم. خۆم لە تەهمینە و سودابە و ڕودابە و گردئافەرین بە کەمتر نەئەزانی. هەرچیەك بو من لە ئەوەی ئەوان بوم و ئەبوایە وەك شێرەژنە ئەفسانەییەکان، لغاوی چارەنوسی خۆمم بە دەستمەوە بگرتایە و شکستخواردوی دەستی دێوە ئەهریمەنیەکان ئەبومایە. تەنیا کێشەی من ئەوەبو کە لە ژیانەکەمدا، نە ئەسپێك هەبو، نە لەشکرێك، نە ئەژدیهایەك و نە ناوبانگێکی ڕۆستەم پڕوکێن. من بوم و چەند دیوارێك کە ئەبوایە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە ناویاندا بسوڕامایەتەوە، بێ هیچ مەیدانێکی شەڕ، مەگەر مەیدانی باوەڕەکانی پیرەژنەکانی حەرەم کە تەنانەت تاکە پاڵەوانی زیندوی ژیانم –واتە خوداوەندگار– بەزیوی دەستیان بو. بیرمئەکردەوە ئەبێت شەڕ لەگەڵ باوەڕە کۆن و ڕزیوەکان لە شەڕ لەگەڵ دێوە سپیش نارەحەتتر بێت. لەبەرئەوەی لە پشت ڕوخساری سەربەرزی خوداوەندگارەوە، کاتێك لە حەرەمدا بو، هەمیشە خەمێکی نهێنی ئامێز شەپۆلی ئەدا و لە هەمیشە زیاتر، کاتێك لە ناو ژنەکاندا کێشەیەك دروستئەبو و ئەویان بانگئەکرد بۆ ناوبژی، ئەو ئەگەرچی کێشەکەیانی چارەسەر ئەکرد، بەڵام نەیئەتوانی زاڵبێت بەسەر بێزاریەکەیدا و ئەمە ڕێك کێشەی منیش بو.

بە پێچەوانەی منەوە کە خەریکبوم بەرە بەرە خۆمم ئەدۆزیەوە، لە حەرەمدا هەمو شتێك هەروا ڕو لە لەناوچون بو. هەردو کوڕەکەی خوداوەندگار بەهۆی دوبەرەکی سەخت و پەردە لە ڕو داماڵین لە حزوری باوکیاندا نێررابون بۆ جێیەکی دور. دایکم دوبارە بارودۆخی هەمو ڕۆژێك خراپتر ئەبو. تەنانەت خوداوەندگاریش کە لەسەرەتادا چوست و چالاك بو و بە گاڵتەوگەپەکانی خوانی شەوانی هەینیانی چێژدار ئەکرد، بەم تازەییانە خەمۆك و بێتاقەت دەرئەکەوت. هەقی خۆشی بو.



Scanned with CamScanner

دەوروبەری بە کۆمەڵێك ژنی پیر و گەنج گیرابو کە لە ڕوخساریان بێزار و داماوی و بێچارەیی و بێ نرخی ئەباری و هەریەکەیان لەگەڵ ئەویتردا کێشەی هەبو. خوداوەندگار پێشتر بە گاڵتەوگەپ و ئامۆژگاریەکانی بارودۆخیانی باشتر ئەکرد، بەلاّم ئێستا کە بەهۆی هۆکارێکی نادیارەوە خۆشی ناوچاوی گرژبو، هیچ کەسێك بوێری دەردەدڵ و شکایەتی نەبو. یەکێك لە شەوەکان مامی پیر جڵەوی خۆی لە دەست بەربو و شینێکی تێروتەسەڵی کرد و ژنەکانیتریش بە فینەفین بۆیان ئەسەندەوە. خوداوەندگار ماوەیەك بە سەر داخراو و داماویەوە خەریکبو بە تەزبیحەکەیەوە و هیچی نەوت. دواتریش کە سەری بەرزکردەوە، وتی: ئەڵێم بتانبەن بۆ زیارەتێك، ئامادەبن. ئینشائەڵلاّ شەوی هەینی داهاتو! خوداوەندگار مۆڵەتی زیارەتی دەرکردبو، کەوایە ئەبوایە ڕێگەوشوێنەکان بگیرانایەتەبەر و لەوەش گرنگتر ئەوەبو کە ئەبوایە ئاوریشمە تایبەت بە پەرۆشینەکان لە بازاڕی کوتاڵفرۆشان بکڕرایە و ئەمە باشترین هەل بو بۆ گەڕانێکی بە کۆمەڵ کە ڕێگری شەرعی و دابونەریتیی نەبو. بۆ یەکەمین جار هەستم بە پەیوەستی کرد بە ژنەکانەوە و خۆم بە هاوبەشی فێڵە پاکەکەیان زانی. تەنانەت بۆچونم بەرامبەر بە مامی پیر کەگلەیی و بناشت و بۆڵەبۆڵەکانی بو بوە هۆکاری ئەم خۆشیە گەورە، کەمێك گۆڕا و ئەمبینی خەریکە دڵۆپەکە بەرە بەرە بەرەو دەریا ئەکشێت یان ئەسڵەن لەوانەیە چیتر دڵۆپ نیە، بەشێکە لە دەریاکە و ئەمە ئەڵبەتە خەمباری ئەکردم، بەلاّم هیچ ڕێگەچارەیەکم نەبو، هەروەك چۆن دڵۆپ چارەیەکی نیە بێجگە لە وازهێنان لە نەچونە ناو دەریا.

نۆکەرێك بە دو قاتری بارقورسەوە لە خۆراك و کەلوپەل —لە پێش کاروانەکەمانەوە ئەڕۆشت و شێخ محەمەد —خزمەتکار و کارگوزاری تایبەتی خوداوەندگار—یش بە شوێن کاروانەکەوەبو. لە کۆلاّنەکاندا هەموان ڕویان وەرئەگێڕا و سەیری ئێمەیان ئەکرد. پیرترەکان بە گەورەیی نواندنێکی تایبەت،

ڕێزیان ئەنواند بەرامبەر بە خێزانی شێخی شێخان و گەنجترەکان بە نیگایەکی سوسەکارەوە لە سەراپای هەموان وردئەبونەوە و نازانم بۆچی کاتێك نیگایان لەسەر من ئەوەستا، لە جیاتی ئەوەی وەك پێشتر شەرم بکەم و نارەحەت ببم، خۆشیەکی تازەم لە دەرونمدا هەستپێئەکرد. تەنانەت ئەبێت دانیپێدابنێم ئەگەر کەسێك حسابی بۆ نەکردمایە، کەمێك دڵم ئەئێشا، تا ئەوەی گەشتینە بازاڕە قەرەبالغەکە، پڕ لە پیاوگەلێك بە جلی سەیر و نامۆ و چاوانی ترسناك و سوسەکارەوە. ئیتر نەك هەر هەستە شیرینەکانی پێشترم نەبو، بەڵکو زۆر هەستیشم بە نائارامی ئەکرد و بارودۆخەکە بەجۆرێك بو کە بێجگە لە من ئەوانیتریش بۆیاندەرکەوت هەمو نیگاکان بەسەر سەری منەوە ئەفڕن و لەسەر ڕوخساری من ئەنیشنەوە و چیتریش لێنابنەوە و زۆری پێنەچو دایکم چوتەیەکی دا بە گوێی ئایادا و ئایا هات بۆ لای من و بە سوچێکی سەرپۆشەکەم دەموچاوی داپۆشتم، بە جۆرێك کە تەنیا چاوم بە دەرەوە مانەوە و ئەمە ئەڵبەتە هەوڵێکی بێهودە بو و هیچی لە بابەتەکە نەگۆڕی. وەك ئەوەی دیاربو لە چاوی خەڵکی کۆڵان و بازاڕدا لە هەمو کاروانەکەدا تەنیا من جێ سەرنج بوم. ئەڵبەتە دایکم ڕوخساری بە پەچەیەکی ڕەشی حەریر داپۆشتبو. هەمو خەڵکی قونیە ئەیانزانی کیراخاتون چەند جوانە. بەڵام ئەو لەو ساتەوەی بو بو بە هاوسەری خوداوەندگارتەنانەت بۆ حەمامیش پەچەی دائەدایەوە. هەروەها پێگەی ئەو بواری بوێریی بە پیاوان نەئەدا. لە کۆتاییدا کوتاڵەکانمان کڕی، بەڵام بینینی کەشی ڕەنگاوڕەنگ و کاڵا خراوەڕوەکان لە سەرانسەری دنیاوە لەگەڵ خەڵکی سەیر و جلوبەرگی سەرنجڕاکێش و ڕوخساری جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ —لە سپی بەفریەوە تا ڕەشی قەترانی— هەموانی هێنابوە جۆش و خرۆش. داوامان لە شێخ محەمەد کرد مۆڵەتمان پێبدات بەناو بازاڕەکەدا بەردەوام بین لە ڕێگەکەمان. ئەو کە وەك گەورەکەی سروشتێکی نەرمی هەبو، سەرەتا ڕێگری و دواتر ڕازیبو. لە

ئەنجامدا کاروانەکەمان لە ناو سوسەکاری خەڵکەکە و شۆڕ و شەوقی ئێمەدا بە مەستیەوە بەڕێکەوت. وامزانی زیارەتەکە لە بیرکراوە. دوای بازاڕی کوتاڵفرۆشەکان کە لە ڕەنگدا شەپۆلی ئەدا، ڕاستە دوکانی زەڕەنگەرەکان لە هەمو شوێنێك زیاتر بەرەو مەستیەکی نامۆی بردین. وەك بڵێی ئەو هەموە شتانە هی ئێمە بون، بە تایبەت کە سەلاحەدینی زەڕگەر -لە کاسبە متمانە پێکراوەکانی بازاڕ- لە موریدەکانی خوداوەندگار بو. تەمەن مامناوەند، بە زەردەخەنەیەکەوە وەك کالاکانی دوکانەکەی ڕون و نایاب. کاتێك بیستبوی بە ڕێوەین، هەستابو بۆ پێشوازیمان و فرمانیدابو بە شەربەتێکی بەتام و فێنك لە جامی مسی سارددا، لەگەڵ سڵاو و بەخێرهاتنی گەرموگوڕدا پێشوازی لە ئێمە و کاسبەکانی دەروبەر بکەن. تا تەمەنم ماوە، فێنکی ئەو شەربەتە پێشبینی نەکراوە لە بیرناکەم وەك بڵێی بۆن و بەرامەی هەمو گوڵ و میوەکانی دنیایان کرد بە گەروماندا. من لە هەمانکاتیشدا لەو پێشوازیە گەرموگوڕ و پڕ لە عەشق و ڕێزە کە دەرخەری گرنگی ئێمەبو، نوقمی شادمانی بوم،لە سەرەتای ڕێگەوە لەگەڵ ئەوەشدا دو نۆکەر ڕێنماییان ئەکردین و تەقریبەن هەموان ئەیانزانی ئێمە کێین، کۆمەڵێك پیاوی گەنج بە قژی درێژی تا کەمەر و جلی تایبەتی و دەست لەسەر کێلانی شمشێر، کەم تا زۆر لە دورەوە شوێن کاروانەکەمان کەوتبون. دایکم کە وەك هەمومان نیگەران بو بو، بە شێخ محەمەدی وت لەو زەڕەنگەرەی کە هاوڕێ و متمانە پێکراوی خوداوەندگارە بپرسێت ئەمانە کێن و بڵێ ئەگەر بارەکە گونجاو نیە با بگەڕێینەوە. دڵم لە ترسی ئەوەی نەوەك سەفەرەکەمان بە نیوە ناتەواو بمێنێتەوە، خەریکبو بتەقێت. دیقم کردبو. وائەزانم ئەوانیتریش هەر وەك من بون. شێخ محەمەد ماوەیەك لەگەڵ سەلاحەدیندا لە دوکانەکەدا چوتەچوتیان کرد و دواتر بە جوتە هاتنە دەرەوە. سەلاحەدین بە لەبەرچاوگرتنی ئەدەب لە کاتێکدا چاوەکانی بڕیبوە زەویەکە بە دایکمی وت: خاتون! پێویست بە نیگەرانی ناکات.



Scanned with CamScanner

کۆمەڵێکیتریانی بە بیستنی ئەم دەنگانە ناچارکردبو. بیرمکردەوە لەوانەیە من زۆر ناسوپاسگوزار بوم. ڕاستە ژیان لە حەرەم بۆ مرۆڤ نارەحەتە، بەڵام بە چاوی خۆم ئەمبینی ئەکرێت لەوەش زۆر نارەحەتتر بێت. تا توانیم داوای لێخۆشبونم لە خوا کرد. کاروانەکە خەریکبو بە ناو کۆڵانە بێدەنگ و بێ دوکانەکانی بەشی کۆتایی شاری قونیەدا تێئەپەڕی، ناوچەیەکی زۆر فراوان، لە نێوان شار و دەشتەکانی دەوروبەریدا هەبو کە گوایە هەفتەی دو ڕۆژ -پێنج شەممان و هەینیان- بەندەکانیان ئەهێنا بۆ ئێرە بۆ فرۆشتن. بە دەربڕینێکی تر بازاڕی بەندە فرۆشەکان بو.

ئێمە لە باخ بێجگە ئوجی بەندەی ترمان نەبو. هەمیشە وا بیرمئەکردەوە بەندەکان هەمویان تەنیا ڕەش پێستن. بەڵام ئەوێ هەمو جۆرە مرۆڤێك بە هەمو جۆرە ڕەنگێك هەبو بۆ فرۆشتن: پیر، گەنج، منداڵ، سپی، ڕەش، ناشرین، جوان و هەمویان تەقریبەن ڕوت. لە ناویاندا هەندێك کچ هەبو لە تەمەنی خۆمدا کە بە نیگا خاڵی، بەڵام بەردەوامەکانیان، لێیانئەڕوانیم. هەموشیان زنجیری قورسیان بە پێوەبو و هەرکاتێك کڕیارێك بە دڕندەییەوە دەستی لێئەدان، بە نەفرەتەوە ئەچونە دواوە و لێرەدا بو کە بە سەرە گورزێك ئەیاندان بە زەویدا و دیسان بە لەقە و نوکە شەق ناچاریان ئەکردن هەستنەوە. من تا ئەو کاتە جەستەی ڕوتی پیاوێکم نەبینیبو و نەمئەزانی شیلاق خواردن یانی چی. بینینی کیژۆڵەیەکی ڕوت کە هەمو ڕێبوارێکبە بیانوی کڕین ئەیتوانی دەستی لێبدات، لە مۆتەکەی پەرسێلکەکانیش ترسانکتر بو بۆم.

ئایا کە ڕوخساری سەرساممی بینی، وتی: ڕەشەکان لە زەنگبارەوە دێنن و ئەوانی تریش بارمتەی شەڕن. لەناویاندا هەندێك جاریش شازادە خاتونەکانیش هەن. هەریەکەشیان زۆڵێك ئەخەنە ناو سکیان. ڕەش و سپیش جیاوازی نیە. سەد ڕەحمەت لە مەغۆلەکان کە ئەکوژن، ئەم تورکانە دیل ئەگرن. وای بە ڕۆژگارت

ئەگەر ژنیش بیت. سەرجێیی کردن لەگەڵ کەنیزەك هەم بێ و بڕۆی نیە و هەم سزاشی نیە. ئەگەریش دوگیان بو ئەوە باشتر. زۆر ئەبن. خوا نەیکات بە بەشی هیچ بنیادەمێك. سەیریان مەکە، بەدبەختیان پێوەیە.

بی بی جان باسی یادگاریەکانی سەردەمانی کۆچکردنی ئەکرد و ئەیوت: ژنان و کچانی گەنج لە سەمەرقەند، بوخارا، هەرات، بەلخ و نیشابور، هەمویان ئەنگوستیلەیەکیان هەبو کە لە ژێر نگینەکەیدا ژەهرێکی کاریگەر شارابوەوە بۆ ئەوەی لە کاتی سەرکەوتنی دەست درێژیکاراندا، یەکسەر قوتی بدەن.

ئەگەر ئەو شەڕەی کە ئەیانوت لە پشت دەروازەکانی ئەرزڕۆمەوە ڕوئەدات، بهاتایەتە ناوەوە، ئەیانتوانی هەریەکەمان وەك بارمتەی شەڕ لە بازاڕەکاندا بفرۆشن. کە ئەبویتە کەنیزەك، بە حوکمی دابونەریت و شەرعیش هەمو کارێك دەربارەت ڕێگەپێدراو بو. شەوقی زیارەت و گەشت، بە یەکجاری لە دڵم دەرچو. حەزمئەکرد بگەڕێینەوە بۆ حەرەمە ئارامەکە. ماندو بو بوم. ماوەیەکی زۆر بو خوی ڕۆشتنم —تەنیا لە درێژی و پانیەکی پەنجا پێپیدا نەبێت— لە دەستدابو و ئێستاش بە یەك ڕۆژ ئەمسەری شار تا ئەو سەری شارمان بە پێ بڕیبو. لەگەڵ هەمو ئەمەشدا تەقریبەن ڕامئەکرد. حەزمئەکرد زوتر لەو گەڕەکە دۆزەخیە دوربکەوینەوە. لە ئەنجامدا گەشتینە دەروازە تازەکەی قونیە کە سیمبولی نیعمەت و بەرەکەت و دەوڵەمەندیی شار بو. چاوە ماندوەکانم بە هەڵپەوە ورد بو بویەوە لەو هەموە جوانیە. گومەزێکی مەڕمەڕی و گەورە کە ئاوێکی فراوان لە سێ سەد جۆگەی قوڕی و پیرۆزەیی دەوروبەریەوە بە هاژەهاژەوە ئەڕژایە گۆمێکی پڕ لە باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ کە سەرچاوەی ئاوی شارەکە بو. ئەم ئاوە کە لە لوتکەی بەرزی شاخە پڕ بەفرەکانەوە —تەنانەت لە هاوینیشدا— دروستئەبو، ڕوبارە بەردڕێژە، زوڵاڵ و ڕونەکانی بەرەو ڕێڕەوە پان و خۆشەکەی بەشە تازەکەی شار ڕێنوێنی ئەکرد. چ هەراوهوریایەك هەڵگیرسابو. دەنگی ئاو و بینینی فوارە و

ڕوباره جوانەکان بە یەکجاری هەمو ماندویتی و بێزاریەکانی لە جەستەم دەرکرد.
ماوەیەك بو لە بیرمکردبو ئەکرێت یەك ڕۆژ چەند جوان بێت بە چی بزانم لە پشت دیوارەکانی ئەو حەرەمەوە ئەکرێت شەڕێکی لەم شێوەیە هەبێت بەناوی ژیانەوە. بە خۆشحاڵیەوە هەستمنەکرد سەرەڕای مۆتەکەی بازاڕی بەندەفرۆشەکان کە خۆی هۆیەك بو بۆ قەدرزانینی زیاتری من لە ژیانم، ئەزمونە باش و خراپەکانی ئەو ڕۆژە دوبارە حەز و تاسەی بۆ ژیان لە دەرونمدا هێنایەوە جۆش و خرۆش. دوبارە بیرم لەوە ئەکردەوە ئەبێت هەرچۆنێك بوە لەناو ئەو دیوارانە ڕزگارم ببێت.

کەمێك دورتر لە گومەزەی سێ سەد سەرچاوە، گۆڕی حەزرەتی شێخی جاوید لە تەنیشت تاقگەیەکی بچوکدا بە سادەییەکی پڕشکۆوە زیارەتکەرانی کەمەندکێش ئەکرد. ئەیانوت ئێرە هەر ئەو شوێنەیە کە پیر، ۱۱۰ ساڵ نیشتەجێبوە و هیچ وزەیەك لە باوبارانەوە بیگرە تا تورك و تاتار و مەغۆل ئەیانتوانیوە شوێنەکەی وێران بکەن. ئەو ئەیویستبێت هەر کەسێك نزیکی ببێتەوە، بە چاوەکانی وەستاندویەتی. خەڵکی هاوچەرخەکەی بینیویانە فریوە، بەڵام ڕێگەڕۆشتن و خواردن و خەوتنی هەرگیز. ئەیانوت هەمو ئەو ئاو و دەشتە سەوز و گەنمزارە زێڕینانە لە بەرەکەتی بونی ئەوەوە بون و هەیە و لەو باوەڕەدا بون هەرکەسێك بە نیەتی پاکەوە شتێکی لێداوابکات پێینەگات و ئەگەریش پێی نەگات بە دڵنیاییەوە چاکەیەکی پێوەبوە. ڕۆژێکی گونجاو بو بۆ زیارەتکردنی پیر. ئەگین ئەك بەر لەو، دوای ئەو گەشتە، ئیتر ئەمزانی چیم ئەوێت. ئەمویست ئازاد، جوان و سەربەرزانە بژیم. ئەوئاوریشمە ڕەنگ جەرگییەی بۆ پەڕۆشینە کڕیبوم بەستم بە قسنی گۆڕەکەیەوە.

کاتێك گەشتینەوە حەرەم ماوەیەك لە شەو تێپەڕیبو هیلاك و ماندو لەسەر دۆشەکەکەم ڕاکشام و سەد حەیف بەیانی کە بۆ دەستنوێژگرتن دەرگای ژورەکەم کردەوە، هەیوانی حەرەم لەوەی کە هەبو، بچوکتر، خۆڵەمێشیتر و دڵتەنگتر

ئەینواند. ئۆقرەم نەبو. تەواوی هۆشم لای کۆڵان بو، لای بازاڕ بو، لە ناو پیاوە قژدرێژ و پێکەوتەکاندا و سەیری ئەوەیانی ئەکرد کە لە پیاوەکانی شانامە ئەچو. چیتر بەردەوام لە خەیاڵمدا قوماشی ڕەنگاوڕەنگم ئەکڕی، زێڕم ئەکڕی، بەندەکانم ئازاد ئەکرد، شەربەت و شیرینیم ئەخوارد، قەپم لە قاژی کاڵەك ئەگرت، جەستەم ئەسپارد بە یاری فوارەکان و هەندێك جاریش سەرم ئەکێشا بە یەشمی گۆڕەکەی پیری جاویددا و ئەگریام، کە لەم خەمخانە ڕزگارم بکات. دو سێ ڕۆژ بارودۆخم گۆڕابو. ئایا خاتون ئەیوت عاشق بویت. لەوانەیە ڕاستیئەکرد. بە دڵنیاییەوە هۆیەکی هەبو کە لە لایەن شەرع و دابونەریتەوە ڕێگەری لە چونە بازاڕی ژنان ئەکرا. چیتر نەئەمتوانی لەگەڵ شەکر-پەریا یاریبکەم، نە تاقەتی ئەمیری عالەمیشم هەبو و نە چیتر چیرۆکەکانی شانامە سەرگەرمی ئەکردم. ئێستا بیرمئەکردەوە و پاڵەوانەکانی ئەم کتێبە هەمویان مردبون و سەردەمەکەیان جیاوازبو لە سەردەمی ئێمە، کێشەکانیشان هەروەها. لالا هەمیشە ئەیوت ڕۆژگار بە زۆرەکی تێئەپەڕێت و مرۆڤیش بە سواریی زانست -کە مرۆڤ لە کوێردڵی و نەزانی و نەگبەتی ڕزگارئەکات- بە شوێنیدا. بەڵام من ئێستا کاتێك چارەنوس و پێگەی خۆم، دایکم، ئایا، ژنەکانی ناو بازاڕی بەندەفرۆشەکان و هەمو ژنانی حەرەم بەراورد ئەکەم بە پێگەی سودابە و ڕودابە و تەهمینە و گردئافەرین و ئەبینم کە ئەوان ئازاد و یەکسان، دەشتە سەوزەکانی ئێران لەسەر پشتی ئەسپە مارۆنیەکان تەی ئەکەن و هاوشانی پیاوان تاوئەدەن و ئەژین و عاشق ئەبن و هەندێك جار شەڕئەکەن و هەڵبژاردن لە دەستی خۆیاندایە، ئەڵێم شوێنێکی کارەکە کێشەی تێدایە. ئەگەر لە ژیانی ئەواندا دێو و جادوگەرەکان کێشەسازبون، لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەدا نەمبینیبو کە باسی دیواری تێدابێت، لانی کەم هیچ هەواڵێکی خەتەنەی کچان و سپڵۆتی و گوناه و سزا و کافری و بەلاگانیتر نەبو. ئەو هەستی ناسوپاسگوزاریەی بازاڕی بەندە فرۆشەکان، بەدبەختانە لە بیرم



Scanned with CamScanner

چوبووەوە و لە جیاتی ئەوە سەرپێچیەکی بە گوڕم لە دیلێتی ئێرە،نیشتبو لە گیانم. ئای خۆزگە هەرگیز نەڕۆشتبام.

ڕۆژەکان دیسان لەسەر یەك ڕەوت تێئەپەڕین. یەکێك لە ڕۆژەکان لە کۆتاییدا دایان لە دەرگا و من وەك هەمیشە لە بیری ئەوەی کە نەنێ جی بە پەیامێك لە داخوازیکەرێکەوە لە پشت دەرگاکەوەیە، دڵم داکەوتبو، نوجی هات و ئەو بەستەیەی بە دەستیەوە بو نیشانیدام و وتی ئیلیاس لە باخەوە میوەی ناردوە و ئەم نامەی ناردوە تا بیدەن بە دەست خاتونەوە. لەگەڵ ئەوەدا لە نەبونی نەنێ جیدا لە چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆشدا مت بوبوم، خۆم کۆکردەوە و نامەکەم وەرگرت و بەرەو پلیکانەی گۆشەکە و ژورەکەی دایکم بەڕێکەوتم. هێشتا بە تەواوی نائومێد نەبوبوم. ئەکرا لە نامەکەدا باسێکی منی تێدا کرابێت. نامەکەم دا بە دایکم و بە چاوانێکی چاوەڕوانەوە دانیشتم. ئەو ئەیخوێندەوە و من پاش ماوەیەکی زۆر ئەو هەلەم بۆ ڕەخسابو تێر تێر لێی بڕوانم. بە تەواوی نامۆ بو بۆم. ئەو نەیئەتوانی هەر ئەو ژنە بێت کە ڕۆژێك دایکی نازداری من بو. ئەم ژنە ڕەنگ لە ڕوبزاوە ناخۆشحاڵە بە ورگێکی هێندەی کاڵەکێکی گەورە و بزوتەوە لە ژێر باڵاپۆشێکی هەرزان قیمەتدا، ئەو خواوەندە یۆنانیە نەبو کە لە عاج و زێڕ دروستکرابو، بە چاوانێك لە زومڕود و لێوی یاقوتیەوە کە دایەنەکانی هەمو هەفتەیەك یەك ڕۆژی تەواویان تەرخانئەکرد بۆ شۆردن و ڕازاندنەوە و چنینی خەرمەنی پەلکە زێڕینەکانی، خاتونێك کە چەندین ڕۆژ بازرگانە ڕۆمیەکەی ئەهێشتەوە بۆ ئەوەی تۆڕ و ئەتڵەس و ئاوریشم بە دڵی خۆی هەڵبژێرێت. ئەو چیتر کیراخاتون نەبو و نەیئەتوانی گوڵی ناو مەجلیسی خاتونەکانی قونیە بێت، زایفەیەك بو نیشتەجێی حەرەمی شێخێکی بەرزەدەماخ کە زۆر زو سپێررابو بە دەستی فەرامۆشی. هەموان بەڕونی ئەیانبینی کە شۆڕ وشەیدایی یەکەم جاری خوداوەندگار لەناوچوە و ئەو هەوڵێنەدا زۆربەی کاتی خۆی لە دەرەوەی ماڵەوە



Scanned with CamScanner

بەسەربەرێت. کێشەکانی حەرەم، جیاوازی ترسناکی و چارەسەرنەکراوی کوڕەکانی لەگەڵ یەك و ناخۆشحاڵی بەردەوامی دایکم، ئەویان لەماڵەکەی وەدەرنابو. کیراخاتونی داماو!

بەرلەوەی بتوانم چاوم لەسەری هەلگرم، نامەکە تەواو بو، سەیریکردم، دڵنیام هەستی بە شەپۆلی بەزەییەکانم کردبو، بەلام قورسی و سەربەرزیەکەی نەدوڕاند و هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا. بەلام بە نیگا ماناداڕەکەی تێیگەیاندم کە نامەکەت گەیاند، ئیتر چ ئیشێکت هەیە؟ هەمو بوێریم کۆکردەوە و وتم ئەمەوێت بزانم ئیلیاس چی نوسیوە. وتی: شتێکی گرنگ نیە. نوسیویەتی باخ پڕە لە میوە، بەم زوانە پایز دێت و هەوا ساردئەکات، وا باشە سەرێك بدەین لەوێ. هەندێکیش گلەیی و بناشتی کردوە کە ئێمە ئەو و باخەکەمان لە بیرکردوە. نوسیویەتی بی بی جان بێتاقەتە و زۆر نەخۆشە، و لەوانەیە نەگاتە زستان. وا بیرئەکاتەوە ئێمە ناسوپاسگوزار بوین بەرامبەری. ئەبێت لەگەڵ خودلوەندگاردا قسەبکەم بزانم ئەبێت چی بکەین.

داماوە ئیلیاس نەیئەزانی لێرە هیچ هەواڵێك نیە. لەگەڵ ئەم هەموەدا من لە ناخی دڵمەوە هەقم بە ئەو دا. ئێمە لە دوای هاتنمانەوە لە باخ تەنانەت یەك جاریش سەرمان لەوێ نەدابوەوە. لە قونیە لە ناو بنەماڵە گەورەکاندا باو بو کە هاوینان ئەچون بۆ کوێستان و هەمیشە یەکتریان بۆ باخە کوێستانیەکانی دەوروبەری شار بانگهێشتئەکرد. بەلام دایکم لە هەمو هاوینی ڕابردو و هەم لەم زستانەشدا بەهۆی نەخۆشی و دوگیانی یەك لە دوای یەکەوە، هەمو بانگهێشتەکانی ڕەتکردبوەوە و خۆشی هیچ کەسێکی بانگهێشت نەکردبو. ئامادە نەبو مێردە کەم دەرکەوتوەکەی لە شار جێبهێڵێت و لەگەڵ منداڵەکاندا بچێت بۆ باخ. هەر کاتێکیش بە هەر هۆکارێك بابەتەکە ئەخرایە ڕو نارەزایەتی ئەنواند. داماوە هەمو ڕۆژێك زیاتر کەللەشەقتر ئەبو. لەوانەشە کێشەکەی ئەوەبو کە



Scanned with CamScanner

نەیئەویست هیچ کەسێك حاڵی لاوازی ببینێت. ئێمە ئەگەر بڕۆشتینایەتەوە بۆ باخ بێگومان کەسانێکی زۆر ئەهاتن بۆلامان. ئای چەند ئارەزوم ئەکرد یك شەویتر لە ژورەکەم و لەسەر جێگەخەوە جوانەکەمدا ڕاکشێم و قسە لەگەڵ ئەو دو فریشتەدا بکەم کە بەسەر سەرمەوە هەمیشە ئاگاداربون. ئەگەرچی ئەسڵەن نەمئەزانی چیتر ژورێکی لەو شێوە یان جێگەخەوێك لە باخدا ماوە یان ئەسڵەن باخێکی لەو شێوەیە هەرگیز هەبوە. لەناکاو تاسەیەکی سوتێنەر ناخی گرتمەوە. حەزمئەکرد جارێکیتر ماڵ و باخەکەمان ببینمەوە. بە تاسەوە ویستەکەم لەگەڵ دایکمدا باسکرد، بەڵام تا کاتێك دەستمئەکرد بە گریان، هەوڵەکانم هیچ سودێکیان نەبو. لە کۆتاییدا ڕازیبو شەو لەگەڵ خوداوەندگاردا ڕاوێژبکات و سبەینێ ئەنجامەکەیم پێبڵێتەوە. دڵنیابوم خوداوەندگار ناڕازی نەئەبو بەم پێشنیارەی. بەڵام دایکم تەنیا ئەیویست لە دەستی من ڕزگاری ببێت.

بەیانی هەر کە لە جێگەخەوەکەم هاتمە دەرەوە، بە ترس و ئومێدەوە ڕۆشتم بۆ لای. لە کاتێکدا تورە دەرئەکەوت لە پێداگری من، وتی: بڕیاردراوە یەك ڕۆژ هەمومان بە کۆمەڵ بڕۆین، بەڵام شەو بگەڕێینەوە. لەبەرئەوەی نازانم بارودۆخی ئەوێ چۆنە. ئێلیاسی داماویش ناتوانێت ڕێگەوشوێنی ئەو هەموە کەسە دابینبکات، منیش بارودۆخم باش نیە، کێشەش بۆ پیاوە پیرەکە دروستئەبێت. بێ ئەوەی بیربکەمەوە ئەم کارە بۆ دایکی دوگیانم ئەکرا وەك خۆکوژی بێت، لە خۆشحاڵیدا قیژەیەکم کرد، من هەر بەوەندە ڕازیبوم. جارێکیتر تەنانەت بۆ چەند ساتێك باخە خۆشەویستەکەم لە نزیکەوە ئەبینیەوە و هەستمپێئەکرد، چیتر ئۆقرەم لەبەربڕابو، هەروەها بیرمئەکردەوە لەوانەیە بتوانم دایکم ڕازیبکەم بۆ ماوەیەك لەوێ لای بی بی جان بمێنمەوە. ئەمە ئەکرا هەلێکی گونجاوبێت بۆ هەڵهاتن لە دەست ئێرە.



Scanned with CamScanner

ڕۆژی دیاریکراو گەشت. بێجگە لە خوداوەندگار، هەمو ئەهلی حەرەم، تەنانەت لالای شەمسەدین و کوڕەکانی خوداوەندگار کە تازە گەڕابونەوە لەسەر پێداگری دایکم خۆیان ئامادەکرد. تاریک و ڕۆشنی بەرەبەیان بەڕێکەوتین. هەر کە لە دەروازەی قەڵا کۆنەکە و کۆڵانی باخەکانەوە دەرچوین، دەشتە پانوبەرین و پڕ لە گوڵەحەریری سپی مانگ ئاسا، بە بۆنی گیای تازە و فێنکی بەیانیان لە هۆش خۆمیان بردم. ڕێك لێرەدا و لە دەرەوەی دیوار و قوفڵ و دەرگا و ئەبێت و نابێتەکانەوە دنیاکەی من دەستیپێئەکرد. من بۆ ئێرە خولقابوم، سەر بە ئێرە بوم و ڕۆژێك لە ڕۆژانیش ئەگەڕامەوە بۆ ئێرە. یانی درۆم لەگەڵ خۆم ئەکرد؟ من لەبەرامبەر ئەوانەدا کە بڕیاردەرم بون، ئەمتوانی چی بکەم؟ من تەنانە ڕێگەم پێنەئەدرا تا سەربانیش بڕۆم، ئەوەك هاوسەنگی شانوشکۆیان لاسەنگ ببێت، چۆن ئەمتوانی خۆم لەو هەموە قوفڵ و زنجیرە کە قورساییان ڕۆحمیان ئەگوشی، ڕزگارکەم؟ داوێنی تەپۆلکە بە فەرشی وەنەوشەیی گوڵە سێپەڕە و بابونە داپۆشراوەکان، خەریکبون یەکەمین تیشکەکانی ڕۆژیان ڕاوئەکرد. هەمو شتێك وەك خەون بو. وام بە باش زانی داهاتو ببەخشم بە ئێستا و ئەو ڕۆژە بەو سەفەرە خەون ئاسایەوە بە شێوەیەکی وا سات بە سات بنۆشم کە توێشویەك بێت بۆ ژیانی دڵی نیوە گیانم لە حەرەم.

هەمو گیانم بو بو بە چاو و بە هەڵپەوە جوانیەکانی قوتئەدا. سەرەڕای دوری ڕێگە، ئەوەندە نوقمی خەیاڵ بوم کە نەمزانی چۆن لە ناکاو لە بەردەم دەروازەی گەورەی بەردەم باخەکەماندا وەستاین. پەیکێك پێشتر هەواڵی هاتنمانی بە ئیلیاس دابو و من بەیەکەوە هەم ئیلیاس و هەم باخیشم کە هەردوکیان پێئەکەنین لە ڕوبەڕومدا بینیەوە. نەمئەتوانی بە ئاسانی بڕوابکەم کە بێدارم. پاش چەند کاتژمێرێك سواری، بەلام بێ بونی یەك گەرد بێزاری و بێئەوەی چاوەڕوان بکەم کاروانەکە بڕواتە ناو داڵانە گەورەکە و هەموان دابەزین، بێ یارمەتیدانی کەسانیتر

له قاترەکە خۆم هەڵدایە خوارەوە. چیتر نەمئەتوانی تەنانەت یەك ساتیش ئارامبگرم، ئەبوا بچومایەتە ناو باخەکە. ئەبوا بە سەرپەنجەکانم واقیعی بونیم هەست پێکردبا. سڵاوە عاشقانەکەی ئیلیاسم بە شەوقەوە وەڵامدایەوە و هەرکە ئەو بۆ عەرزی ئەدەب ڕۆشت بۆ لای دایکم، لە داڵانەکەوە چومە ناو ڕێگە پانەکەی باخ کە وەك بڵێی لمە سپیەکەیان دانە دانە شۆردبو، لە ناکاو بێویست دەستمکرد بە ڕاکردن و بێ ئەوەی هیچ ببینم هەمو باخەکەم تایە ژێرپێم و بە هەناسەبڕکەوە لە بەردەم پلیکانەی کۆشکەکەدا ڕاکشام. لەگەڵ ئەوەدا نزیکەی نیوەڕۆ بو، هەوا فێنکی و نەرمی بەیانیانی لە دەستنەدابو.

توتی و قشقارەکان بەسەر لقی دارەکان و ئاسمانەوە هەراوهوریایان بو. وائەزانم لە هاتنی ئێمە ترسابون، لەوانەشە ناڕازیبون. حەوزە گەورەکە سەرڕێژبو لە ئاوی پاك و زوڵاڵ و فوارەکان هەمویان کاریانئەکرد. فریشتەکەش هێشتا ترێکەی نەخواردبو. هەستامەوە و بە پلیکانەکاندا چومەسەرەوە. دەرگای تالارە گەورەکە کرابوەوە. بە بێدەنگی چومەژورەوە. بۆنێکی ئاشنای دێرین ڕۆحمی پڕکرد، ئەو بۆنەی هەمیشە و هێشتا لە سندوقەکەی دایکم ئەهات. ئەمە بۆنی ئەو بو، چۆن لەم هەموە ماوەیەدا هێشتا هەر لێرە مابو؟ سەرمدا لە تالارە بچکۆلەکە و ژورەکانی سەرەوە و خوارەوە. نازانم ئیلیاس چۆن توانیبوی ئەوێ ئەوەندە بە پاکوتەمیزی و زیندویی و بێ یەك گەرد تەپوتۆز بپارێزێت. لە بونی هاوڕێیەکی وەك ئەو و لە پەیوەست بونم بە کۆمەڵەیەکی لەو شێوەیە هەستم بە سەربەرزی ئەکرد. لە ژورەکەمدا، لێرە و لەوێ شتانێکم ئەبینیەوە کە بە تەواوی لە بیرمکردبون و لەوەی کە دوبارە بەشێك لە شوناسم لە بونیاندا زیندوئەبویەوە، نوقمی ناو خۆشحاڵیەکی قوڵ بوم. زۆرێك لەوانە چیتر بە کەڵکی ئەمیری عالەمیان نەخوارد، وەك ئەو ئەسپە تەختەییەی کە هەردو گوێیان بڕیبوەوە لەبەرئەوەی جارێکیان لە کاتی سواربوندا بەرچاومی ڕوشاندبو. وابیرمکردەوە دواتر دێم و هەر



Scanned with CamScanner

شتێك كە ئەمەوێت ببیەم، كۆی ئەكەمەوە. ئێستا كاتیەتی بڕۆم و لە حاڵی بی بی جان بپرسم كە تەمەنی تەرخانكردبو بۆ بەخێوكردن و خزمەتكردنی هەمومان و ئێستاش خەمی دوری ئێمە و تەنیایی خۆی نەخۆشی خستبو. بەڵام هەركە دەنگی گفتوگۆی ژنەكانم بیست كە ئەچونە ژورەوە، بێزاریەكی وەسف نەكراو پەشیمانی كردمەوە. نا.... ئەسڵەن.... تەنانەت یەك خولەكیش ئامادە نەبوم بیانبینم.... لانی كەم لەو حاڵ و هەوادا نا.... بە خێرایی ڕەوتەكەم گۆڕی و بە خێرایی ڕامكرد بۆ لای دەرگای پشت باڵەخانەكە كە ئەڕۆشت بەرەو چێشتخانە و بەشی خزمەتكارەكان. هەمو شەوژەنەكان داخرابون. بە نارەحەتی كردنمەوە و تازە بۆمدەركەوت باڵام چەند بەرز بوە. هەر پارەكە، بەر لەوەی لێرە بڕۆین، دەستم پێیان نەئەگەشت. لە كۆتاییدا كۆتا دەرگام كردەوە و وەك شێتەكان ڕامكرد بەرەو كەپرەكە. چیتر توانای بیستنی ئامۆژگاری و گریمانەكانی هاودیلەكانم نەبو. تینوی بێدەنگی سەوزی باخ بوم و بەس. بی بی جانم ئەبوایە وەك ئەركێكی سەرشانم ببینیایە، بەڵام نەك بە قیمەتی بینینەوەی دوبارەی ژنەكان. لە ئەنجامدا كاتێك بە هەناسە بڕكێ گەشتمە كەپرەكە، بە تازەیی بیرمكردەوە، ئەگەر بەهەشتێك هەبێت، بە دڵنیاییەوە هەر ئێرەیە. كەمێك لە ئاوی زوڵاڵی كانیەكەم خواردەوە كە ئەڕژایە ناو حەوزە كاشیەكە و بە جۆگەی دەوری كەپرەكەدا ئەسوڕایەوە و ئەڕۆشتە دەرەوە تا لەو تاڤگەوە كە ئیلیاس بە سودوەرگرتن لە ئاستی كەپرەكە لەگەڵ بەشەكیتری باخەكەدا دروستیكردبو، بە هاژەهاژەوە بڕژێتە خوارەوە و هەمو ئەمانەم لە بیرچوبونەوە. بۆشكە ترێ بە جۆر و ڕەنگی جیاواز و شۆڕبوەوە بە سەر و شانی كەپرەكەدا، چاوەكانمیان ڕاگرتبو، بەو هەموە ئارەزوەوە كە بۆ لێكردنەوەی بۆشكێك ترێی زێڕین لە سەرمدا بو، ئەوەندە جوان بون كە تەنانەت لێكردنەوەی دەنكێكم بە دەستدرێژیكردنە سەر دەڤەری جوانی ئەزانی. دانیشتم و ڕازی و خۆشحاڵ پێڵاوەكانم داكەند و پێكانم خستنە ناو



Scanned with CamScanner

ئاوەکە. زۆر سارد بو. هەر بۆ خۆشحالّی قیژەیەکی کورتم کرد. پەپولە زەرد و ڕەشەکان وەك بلّێیت خەونەکەیان تێکچوبو، دەستیانکرد بە فڕین. حەزمئەکرد هەر لەوێدا و لەو بارەدا بمرم بۆ ئەوەی ئەو هەموە جوانی و خۆشحالّیە نەمری پەیدابکەن. چیتر نەمئەویست شتێکیتر ئەزمون بکەم. چێژی بونەوەر لە کاملّترین شێوەی خۆیدا جیلوەی بەڕومدا ئەکرد. هەستێکی نامۆ لە دوردەستەکانەوە ئەیوت، زۆر خۆشحالّ ئەبم ئەگەر بە یەکجاری هەمو شتێك کۆتایی پێبێت. چیتر نەمئەویست بگەڕێمەوە بۆ ئەو مالّە. باخ جێگەی من بو. لەوێ خۆشحالّ بوم. لەوێ لە هەمو شت و هەمو کەسێك بێ نیازبوم. لەوێ ئازاد بوم. لە کاتێکدا هێشتا هەر قاچم لە ئاوەکەدا بو، لەسەر پشت لەسەر ئەو فەرشەی کە ئیلیاس بە دلّنیاییەوە بۆ دایکم و میوانەکانی ڕاخستبو، درێژ ڕاکشام و چاوەکانم لێکنا و گوێم سپارد بە ڕازونیازی هەنگەکان و بیرمکردەوە لەوەی چ ڕوداوێك ئەکرا ڕوبدات ئەگەر هەردو پێم بکەمە ناو یەك پێلاّو و نەگەڕێمەوە بۆ ئەو خەمخانە. نازانم چەندێك لەم بیرکردنەوەدا ڕۆچو بوم. چیتر پێکانم لە سەرمادا تەزیبون، بەلاّم نەمئەویست هەستمەوە، نەمئەویست چاوەکانم بکەمەوە. ئەمبینی کە گەردەکانی گیانم بە هەلّپەرکێوە لە جەستەی خاکیم دێنەدەرەوە و بە ئاوازی هەنگەکان سەمائەکەن و لەگەلّ تیشکی ڕۆژی نیوەڕۆدا لە درزی کەپرەکەوە بە پێگەیشتنی دەنکە ترێکان ڕێگە ئەدۆزنەوە و ڕەنگی ئەوان ئەگرن و شیرینیەکان ئەمژن. چیتر نەئەجولاّمەوە. ئەمزانی هەر جولاّنەوەیەك کۆتایی ئەهێنێت بە جەژنی گیانم. دەستێك بەرەو دیاری بێ سەرەتاو کۆتایی ئەبردم.... و من ئامادە و تاسەمەندخۆمدابوە دەست نوری ئەرخەوانی دەرکەوتەبیشت پێلّوەکانم کە خەریکبو کانی چاوەکانمی پاکئەکردەوە و سەرڕێژ و سوك ڕێم گرتبوەبەر و بەرەو دورەدەستە نەناسراو و نامۆکان.



Scanned with CamScanner

له ناکاو وەك مار گەستویەك لە جێگەکەم ڕاپەڕیم. بۆ ساتێك هەستمکرد کەسێك لە پشت سەرمەوە لێموردبوەتەوە. ئیتر تەنانەت بە ڕونی دەنگی پێکانیم نەبیست. ئاوڕمدایەوە بۆ لای دەنگەکە. سێبەرێك بە خێرایی لە پشت گەڵاکانەوە ڕاینەکرد. بێ ویست بە قیژە ئوجیم بانگکرد. تارماییەکە بۆ ساتێك وەستا و دواتر دوبارە بە ناو درەختەکاندا گەڕایەوە بۆ لای من. لە ترساندا قیژەیەکیترم کرد. پیاوێك بو. ئەمویست هەستمەوە و ڕابکەم کە عەلائەدین لە پشت کۆتا درەختەوە هاتە دەر. کاتێك ئەوم ناسیەوە هەناسەیەکی ئاسودەییم هەڵکێشت. بەڵام یەکسەر ئاگاداری بارە پێکەنیناویەکەم بومەوە و لەوەی بەو سەروحاڵەوە بینیبومی، توڕەبوم. لە هەموی خراپتر ئەوەی کە پێکانم بە گوێیان نەئەکردم و لە ئاوەکە نەئەهاتنە دەرەوە. ئەو کە کەمێکیش دەستی بە خۆیدا هێنابو بۆ میوانیەکە، چیتر وەك پیاوێکی تەواو پێگەشتو دەرنەکەوت و من هەقمبو ئەگەر شەرمم نەکرد. ئەویش بە بێزاریەوە دەستی وەك ئاماژەی بێدەنگی خستبوە سەر دەمی و لە شەرم یان ترسدا وەك گەچ سپی بو بوەوە. دیمەنی پیاوێکی ترساو و جوان کە بە چاوە پاڕاوە و شەرمنەکانیەوە لێینەڕوانیم، شەپۆلێکی لەو هەستە نامۆیە لە دەرونمدا هەڵگیرساند، کە بەم تازەییانە ئەزمونم کردبو. هێمن هێمنێ توڕەیی جێگەکەی بەخشی بە بارێکی خۆش و شادیەکی بێهاوتا کە هەمو بونی داگیرکردم، نازانم بۆچی. لەوانەیەلەبەرئەوەی وەك سێبەر، بێگانە نەبو، یان ئەسڵەن وەك خودی ئەو بو. بە هەرحاڵ نەمئەویست بزانێت خۆشحاڵم. ئەو هەقی نەبو بە دزیەوە سەیرم بکات. لە هەموشی خراپتر ئەوە بو کە بوێری دژایەتیکردنم لێسەنرابوەوە. لەبەرئەوەی هەم ئەو سروشتێکی نەرم و ناسکی هەبو هەم من دوبارە بەهۆی شەکر-پەریاوە قەرزاری ئەو بوم. ئەسڵەن حاڵێکم هەبو نەمئەویست دوریەك بەدیبێت. بە ئاوازێکی وریا و تێکەڵ بە سەرزەنشتێکی هاوڕێیانەوە، پرسیم: لە کەیەوە لێرەدا وەستاویت؟ ڕاستیەکەی بڵێ! وەك



Scanned with CamScanner

پشیلەی ماسی دز بە ڕوخسارێکی پاك و چاوانێکی پڕ لە هەستی گوناهەوە سەیری کردم، بەڵام لێوی نەنا بەیەکدا. دوبارە پرسیمەوە. ئەم جارەیان سەیری دەستەکانی کرد و وتی: ڕاستیەکەیت بوێت، نازانم، لەوانەیە یەك ساڵ. منیش نەمنەزانی چەندێك لەوێ ڕاکشابوم. لەوانەیە هەر بەڕاست ساڵێك بوبێت. وتم: باشە ئەی بۆ بانگت نەکردم؟ بۆچی نەهاتیتە ناو کەپرەکە؟ چاوەکانی لەسەر دەستی هەڵگرت و لەملاولای برژانگی درێژ و برۆیپەیوەستی پیاوانەیەوە لە پانایی ڕوخساری وەك مانگیدا، نیگا ڕەشەکانی تێبڕیم. هەستمکرد ڕەشەبایەکی بەهێز هەمو بونیادی لەرزاندم. زۆر دەستەپاچە بوم. بۆئەوەی کارێکم کردبێت خێرا قاچەکانم کە بەرگریان نەکرد لە ئاوەکە دەرهێنا، داوێنە تەڕەکەم ڕێککردەوە و لە جێگەکەم هەستامەوە و بە پێی ڕوتیی، گێژە گێژ دەستمکرد بە شوێن شتێکی نادیاردا گەڕان. کاتێك بۆمدەرکەوت دەستەکانم ئەلەرزن، داماویەکە هەمو بونمی هێنایەوەیەك. بارودۆخێکم هەبو کە حەزمنەئەکرد ئەو پێی بزانێت. بۆچی؟ نازانم. جەستەم قورسایی نەمابو. هەستێکی وەحشی و ڕەوان، سوتێنەر و خانومان سوتێن، وەك هەورەبروسکە، لە ڕەشایی چاوەکانی، بە ناو گیانمدا، بەناو یەکە بە یەکەی دەمارەکانمدا تێپەڕیبو و لە ناکاو ئاگری بەردابوە جیهانەکەم.

عەلائەدین ئامیارەکەی حەرەمم دیارنەمابو و لە جیاتی ئەو پیاوێکی نامۆ و خوارزراو وەك ئەو گەورەپیاوە قونیەییەی لە بازاڕدا وەستابو: جوان و پێکەوتو و پتەو، وەك وێنەی هزری من لە سوهراب، لە ئەسفەندیار، لە تەهمتەن و لە سیاوەش. مەگەر ئەو لە ڕەچەڵەکی ئەوان نەبو؟ مەگەر دایك و باوکی هەر لە سەرزەوی ئەوانەوە نەهاتبون؟ عەقڵی بێچارەم لە بەرامبەر هێرشی لەناکاوی ئەو ڕەشەبادا خۆی ئەدا لە دەرگا و دیوار تا پەنایەك بدۆزێتەوە و هەر خۆی پیانەکێشا و ئاگاداریی ئەدا. ئەو نەئەبوایە هەستی بەو پەرێشانیەی ناخم بکردایە. هەوڵمدا بەسەر خۆمدا زاڵبم. بڕیارمدا پێڵاوەکانم لە پێبکەمەوە، بەڵام نەمتوانی.



Scanned with CamScanner

دەست و پێکانم بە گوێیان نەئەکردم. لەگەڵ ئەوەشدا پشتم لەوەوە بو باش ئەمزانی شەپۆلی نیگاکانی گەرد بە گەردی بونمیان تێکەڵ بە یەك ئەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا پشتم لەوەوە بو باش ئەمزانی سەیرمئەکات. هەستێکی خرۆشێن و نامۆ هەمو بونمی هێنابوە لەرزە. هەناسە بڕکەم تێکەوتبو. لە داماویدا دەستمکرد بە گریان. ئەمبینی موگناتیسێکی نهێنی ئامێز بەرەو ئەو کێشمئەکات. حەزمئەکرد بە یەك گوژم لە باوەشیدا مەحو ببمەوە. حەزمئەکرد لەناو یەکدا ببین بە یەك، فەنا ببین. وامئەزانی لەدەرەوەی من و ئەو نیترژیانێکیتر نیە. دنیا سنوردار بو بو بە من و ئەو. هەمو ئاوەز و هۆش و دین و دابونەریت و پەروەردەکردنێك کە لە دەرونمدا جێگیر بو بون، سودم لێوەرگرتن بۆ ئەوەی خۆم لەو جادوە ڕزگاربکەم.
بەردەوام دەنگێك لە پشت هەمو هاتوهاوارەکانەوە هاوارینەکرد کە وا خەریکەیاساغیەك ڕوبدات. هەمو خوێنی لەشم هێرشی هێنابو بۆ دەموچاوم. بۆئەوەی دەنگی هەناسەکانم نەبیستێت وەحشیانە و بە دەنگەدەنگەوە زێڕینترین بۆشکە ترێم لێکردەوە و بە ترەترەوە دەستمکرد بە وتاردان دەربارەی خۆشتامی ترێکان. نازانم چەندێك تێپەڕی، لە دورەوە ئەمبیست کەسێك شتێکی ئەوت. کاتێك ئاوڕمدایەوە، هیچ کەسێك لەوێ نەبو، بۆشکە ترێکەم فڕێدا و ڕامکرد بەرەو دەرگای کەپرەکە. خەریکبو بە کەوا سپیە کەتانیەکەیەوە کە هەمو پاکیزەییەکانی دنیای لە ژێر تیشکی خۆردا ئەدایەوە، لە پشت لق و گەڵاکانەوە دورئەکەوتەوە. ئەمویست بانگیبکەم بەڵام وەك مۆتەکە شەوانەییەکانم دەنگم دەرنەئەهات. هەر لەوێ لەسەر پلیکانەکە دانیشتم. چیم لێبەسەرهاتبو؟ ئەگەر هێشتا دەنگی پێیم کە بە قورسی بەسەر لمەکاندا هەڵئەهێنرا نەبیستایە، وامئەزانی خەوم دیوە. ئیتر نە پەپولەکان لە بەرچاومدا بون نە گوڵەکان، نە زیخە ڕەنگاوڕەنگ و کەفاویەکانی کەنار جۆگەکە و نە دەنگی ئاویشم ئەبیست. تەمێکی قورس و تاریك لێڵاییان هێنابو بەسەر چاوەکانمدا. دەمم وشك بو بو و لە شتێك

توڕەبوم کە ئەو نەبو، هەرچەندە جارێکتریش هەمو ئارامی لێدزیبومەوە. چیتر نەمئەتوانی لەوێ بمێنمەوە. نەمئەزانی بۆچی هەستمئەکرد سوکایەتیم پێکراوە. هەستامەوە. ڕوخساری گرگرتوم خستە ژێر ئاوی ئاڤگەکە و گێژ و بە لەترزانەوە خۆم سپارد بە تولەڕێگە لمیەکە. بە گومانی خۆم سەدەیەك ڕێگەم بڕی تا گەشتمە کۆشکەکە. گەشە و ئەشەیەکی پڕ جۆش و خرۆش هەبو و هاتوچۆ بەردەوام بو، بەڵام پەردەی تەمەکە قورس بو بەسەرمەوە. دایکم بە نیگا سەرزەنشت ئامێزەکانی شتێکی پێ ئەوتم، بەڵام من نەمئەبیست. ئایا بە شانازیەوە سەرقاڵی نیشاندانیماڵەکە بو بە ژنانی حەرەم و ژنەکان بە دەمی داچەقاو و لە ژێر چاوەوە، بە نیگای پڕ ڕێز و حەسرەت —بەڵام بێ ئێرەیی—ەوە سەیری دایکمیان ئەکرد. بۆچی ئێرەیی پێببەن؟ ئەم ژنە سەرەڕای هەمو شانوشکۆ و جوانی و دەستڕۆشتویی، لە زیندانی هاروندا لەگەڵ ئەواندا دیل بو. بەڵام بۆ من، بیرکردنەوە لەو زیندانەش گرنگی و قورسی خۆی لە دەستدابو. من لە دنیایەکی تازەدا ئەژیام و لەگەڵ شت گەلێکی تازەدا تێکەڵبو بوم کە سەر بە ڕەگەزێکیتر بون. ئێستا ئیتر خەریکبوم بیرم لە وێنەی خواوەند و ئیلاهە یۆنانیەکان ئەکردەوە کە لەسەر سەقف و دیوارەکانی تالارە گەورەکە نەخشێنرابون، بێئەوەی تا ئەو ڕۆژە سەرنجیان ڕاکێشابم. کاتێك بینیم ئەوانیش بۆشکە ترێی دانەپڕ درێژئەکەن بۆ یەکتر، بێویست پێکەنیم. ئەم هەموە ساڵە لەم ماڵەدا ژیابوم و ئەم وێنە جوانانە هیچ کاتێك بەم شێوەیە کێشیان نەکردبوم. ئێستا هەستمئەکرد هەمو ئەو تکا و نیاز و بون و نەبونانە کە لەو سەرەوە وێنەیان کێشراوە، چیرۆکی هەزار ساڵەی ئێمەی مرۆڤە، چیرۆکی منە. هەستمئەکرد خوێنی ئەوان لە دەمارەکانی مندا دێت و ئەچێت. چۆن من تا ئەم ساتە نەمبینیبون؟ دیاردەیەکی تازە ڕویدابو. پەردەیەك لە نێواندا هەڵدرابویەوە. خەریکبوم دنیام بە جۆرێکیتر ئەبینی.

هەموانیان بانگکرد بۆ نانی نیوەڕۆ. بەرەو هۆڵە گەورەکەی نانخواردن بەڕێکەوتین کە لە میوانیەکاندا سودی لێوەرئەگیرا. کاتێك ئەوم بینی لەوبەر حەوزەکەوە بەرەو لای ئێمە ئەهات، دیسانەوە هەناسە بڕکەم تێکەوت. بە ئاشکرا بۆمدەرکەوت ئەو ئیتر زڕبرایەك یان هاوڕێیەکم نیە. لە پاش گەڕانەوەی لە دورخستنەرەکەی لە ناکاو بو بوە پیاوێکی تەواو کامڵ. بو بوە کەسێکی نامۆی وا کە نەمئەزانی بۆچی بە بینینی هەناسەبڕکەم ئێئەکەوت. بەڵام ئەمە نەئەبوایە هیچ کەس بیزانیایە. بۆچی؟ نازانم. تەنیا ئەوەندەم ئەزانی نابێت تێبگەن. لەوانەیە لەبەرئەوەی ڕوداوێکی دەرونی بو کە پەیوەست بو بەخۆمەوە و نەمئەویست هیچ کەسێك بەشداریکەم تێیدا، تەنانەت خودی ئەویش. لەمە خراپتر ئەوەبو کە خۆشم لە چەند و چۆنیەکەی سەرم دەرنەئەکرد. تەنیا ئەمزانی ڕوداوێکی سادە و سەرپێیی نیە، سوتانێکی شیرینە کە بە دەمارەکانمدا دێت و ئەچێت و من بە هەر نرخێك ئامادەی تاودانی بوم.

هیچ تاسەی خواردنم نەئەکرد. وامئەزانی کیژامانا ئاگاداری هەردوکمانە. لە هەمو کاتەکەدا سەرم لەسەر قاپەکەم لانەبرد. وامهەستکرد ئەویش هەر ئەم کارە ئەکات. ئەمەشم ئەزانی ئەو شوێنە ئەوەندە بۆ هەموان سەرنجڕاکێش و تازەیە کە بێجگە لەو دایەنە کە لە دایك بەسۆزترە، هیچ کەسێك ئاگای لە ئێمە نیە. ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەبوایە حسابم لەگەڵیدا یەکلایی بکردایەتەوە. هەرکە لە کۆتاییدا مامی بە هەڵسانەوە لەسەر سفرەکە کۆتایی کاتی نانخواردنی ڕاگەیاند، وەك تیرێك لە کەوان دەرچوبێت، هانامبرد بۆ ژورەکەم و خۆم هاویشتە ناو جێگەخەوەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا کەمێك بۆنی تۆز و کۆنیی ئەدا، چێژم لە زبری سەرجێگە زبرە زێڕچنەکەم وەرئەگرت کە گونا گەرمەکانمی ئازارئەدا. ژیانی ئارەزوی کوێر و نامۆ دەرونمی شڵەژاندبو. خوم گرتبو بە بێ ئۆقرەییەوە، بەڵام ئەم جارەیان زۆر تاقەت پڕوکێن بو. ئەمویست ئەو لە تەنیشتمدا بێت و جارێکیتر بەو شێوەیە لێم



Scanned with CamScanner

بڕوانێتەوە. ئەبوایە لە خۆم بڕوانیایە. ئەمویست بزانم ئەو چۆن منی بینیوە. ئەمویست ببینم لە چاوی ئەودا چۆن دەرکەوتوم. دەرگای ژورەکەم بە وریاییەوە کردەوە و گوێم ڕادێرا بۆ دەنگەکان. بە خۆشحاڵیەوە بۆمدەرکەوت هیچ کەسێك نەهاتوەتە نهۆمی سەرەوە. وەك بڵێی هەموان بڕیاریاندابو بەر لە گەڕانەوە، هەر لەوێ لە تالارە گەورەکە کەمێك بخەون. بە وریاییەوە ڕۆشتم بۆ ژوری خۆگۆڕینی دایکم کە دیوارەکانی بە ئاوێنەی قورسی چوارچێوە پڕ لە وێنەوتابلۆ داپۆشرابو. لە ناوەوە دەرگاکەم شەوژەن کرد. دیسان لوتم پڕبویەوە لە بۆنە سیحراویە دێرینەکە. هەستمکرد لە کەشێکی جادویی خەونێکدام. وەك بڵێی هەزار ساڵ تێپەڕیبو بەسەر ئەو ڕۆژەدا کە دایکم ئەیویست جلەکانی تایبەت بە حەرەمی هەڵبژێرێت و من سەرگەرمی یاری بوم بە جلوبەرگ و زێڕوگەهەرەکانی دایکم و خۆشم لەو ئاوێنە درێژانەدا وەك ماسی خۆرەیەکی قول درێژ و ڕەنگ لە ڕوبڕاو بە بێزاریەوە بینیبو. هەرگیز تاسەیەکم تێدا دروست نەبو بو بۆ تەماشاکردنی خۆم لە ئاوێنەدا. ئەو سوسەکاریە بۆ یەکەمین جار لە ناخمدا زیندو بو بویەوە. بە پەتی تەنیشت ئاوێنەکان، پەردەکەم لادایەوە بۆئەوەی تیشکی خۆر لەو پەنجەرانەوە بێتەژورەوە کە لە بالآی مرۆڤێك بەرزتر بون. لەوەی کە لە ناکاو چاوم بە ژنێك کەوت کە خەریکبو لە ئاوێنەکاندا ئەڕۆشت بە ڕێوە، توشی شۆك بوم. چەند ساتێکی خایاند تا باوەڕبکەم ئەو ژنە خۆمم. چۆن کاتی مانەوە لە حەرەم، لەو کچە ڕەنگ لە ڕوبڕاو و درێژ و لاوازەی کە ئەمناسی، ژنێکی لەم شێوەیە جوان و بالآبەرزی دروستکردبو کە خەریکبو لەو دیو ئاوێنەکانەوە بە نیگایەکی نادڵنیاوە سەیری ئەکردم. کەوتەوە بیرم بێجگە لە چەند ساتێکی کەمی ناو حەمامی مەرمەڕ، چەندین مانگە خۆم لە ئاوێنەی درێژدا نەبینیوە. ئاوێنەکەی سەر سندوقەکەم لە حەرەم ڕێك هێندەی دەموچاوێك بو و تەنانەت بە جوانی و ڕێکوپێکی نەمئەتوانی قژم ببینم. بەڵام ئێستا لە بەردەممدا دایکی گەنجم، یان

گەنجێتی دایکم لە ئاوێنەکەدا زەردەخەنەی ئەکرد. بێویست قژم کە هەر لە منداڵیەوە ئاگاداری جوانیەکەی بوم و شانازیم پێوەی ئەکرد و شەوی پێشتر ئایا خانم بە بۆڵەبۆڵەوە دایهێنابو، پەرشوبڵاو کرد و ئەم جارەیان بە ڕازیبون و شادومانیەوە زەردەخەنەیەکم کردەوە بەڕوی ژنی ناو ئاوێنەکەدا. ئەوم پێ پەسەند بو. هەر بەو شێوەیەبو کە من ئەمویست، ئەڵبەتە بە چاوپۆشین لە جلوبەرگە سەفەری و تۆزاویەکان کە لە ژێرەوە تەڕ و قوڕاویش بو. ئەمە ئەڵبەتە کێشەیەکی گەورە نەبو، هەمو ئەو جلانەی حەزم لێیانبو، دایکم لێرە دایانابون. بە پەلە پەل جوانترینیانم لەبەرکرد و دامکەندەوە. لەوەی کە دایکم —خودی دایکە خۆشەویستەکەم— دوبارە ئەبینیەوە و لەوەی کە ئەو ڕوخسارە جوانە دوبارە شێوەیەکی واقعی وەرگرتبوەوە، وەجدێکی شۆڕ و شەوق هێنەر هەمو گیانمی گرتەوە. ئەو ڕۆژە، ڕۆژی سەردەرهێنانی پەپولەی ڕۆحم بو لە قۆزاخە. دانیشتم و لە کاتێکدا بە زەردەخەنەوە بەدەم ژنەکەی ناو ئاوێنەکەوە پێئەکەنیم، خۆم دایە دەست خەونەکانم. ئیتر چ کەسێك زاتی ئەوەی ئەکرد لەگەڵ خاتونێکی وەك مندا بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات. شتێك گۆڕابو.

کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم کە شانەکانم بە تەکاندانی ئایا ئەجوڵانەوە. ئەمویست لە شەرمەزاریدا بە ناخی زەویدا ڕۆبچم. وەك بڵێی کاروانەکە ئامادەی جێهێشتنی باخن و تەنیا چاوەڕوانی من بون. ئەو لە پاش گەڕانێکی زۆر، لەسەر کورسیە قەیفەییەکەی ژوری خۆگۆڕینەکەی دایکم، لەناو دەیان دەستە جلوبەرگی پەرشوبڵاودا و لە کاتێکدا کە دەستەجلێکیم لەبەردابو، دۆزیبوەوە و بە پێچەوانەی چاوەڕوانیمەوە نەك هەر تەنیا تورە نەبو، بەڵکو بەسۆزیەکی بێ پێشینەوە کە تا ڕادەیەك بەزەیشیی تێدائەبینرا، بەرزیکردمەوە و جلە سەفەریەکانی لەبەکردمەوە و قژی ڕێکوپێك کردمەوە و بە پێچەوانەی هەمیشەوە کە تا کارەکانی کۆتایی پێئەهێنام لە ئازاردا ئەیکوشتم، میهرەبانانە و لە کاتێکدا

جار جارە و بێنەوەی لێتێبگەیت قسەی لەگەڵ خۆیدا ئەکرد، ئامادەی کردم و وتی: زو برۆ خوارەوە تا من ئەمانە کۆبکەمەوە. هەموان چاوەڕێن، ئەمانەوێت بە رێبکەوین. من بە ئاشکرا چاوە پڕ فرمێسکەکانیم بینی و وەك سەگی بە باران تەڕبو، سەرشۆڕ و کلك قوت، شەرمەزار لە خۆم و هەمو بونەوەر بە ڕۆحی پێماڵ کراومەوە لە پلیکانەکانەوە ڕۆشتمە خوار. حەزمنەئەکرد چاوم بە چاوی کەس، بەتایبەت ئەو بکەوێت کە دوبارە بو بوە هۆی هەمو دەردیسەریەکانم. هەمو بارودۆخ و هەستەکانی ئەو ڕۆژە وەڕزیان ئەکردم. لە هەموی خراپتر ئەوەی کە هاروهاجی بواری نەدابو بڕۆم بۆ بینینی بی بی جان و ئیدی درەنگی کردبو. لە کاتێکدا کە هیچ کەسێك حەزی لە ڕۆشتن نەبو، تەنیا دایکم بو پێداگری ئەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ ئەو لە هەموان پێویستتر بو بحەوێتەوە و بەو بارەوە لە یەك ڕۆژدا ئەو ڕێگە دورودرێژە بە قاتر نەبڕێتەوە، بەڵام زۆر پێداگری ئەکرد لەسەر گەڕانەوە. ئەڵبەتە هیچ کەسێکیش باوەڕی بە بیانوەکەی نەئەکرد، ئەوەبو کە حەزرەتی خوداوەندگار وایان ویستوە. تەنانەت مۆڵەتی پێنەدام کە بڕۆم تا ئەو سەری باخەکە بۆ بینینی بی بی جان. ئەیوت ئەگەر خێرا نەکەین لە ڕۆشتنەوەدا، بە دڵنیاییەوە تاریکیمان بەسەردا دێت. خۆ کەسیش بوێری ناڕەزایی دەربڕینی نەبو. بەڕێکەوتین و من لە دڵی خۆمدا دوعام ئەکرد ناڕەحەتی گەشتەکە منداڵە خوێنخۆرەکەی سکی دایکم لە باربیات و دەستی لەسەر هەڵگرێت. هیچ کاتێك هێندەی ئەو دوای نیوەڕۆیە هەستم نەکردبو چ نیعمەت گەلێکمان لە دەست داوە و جوانی دایکم چەندێك ئاوا بوە. زیاتر دڵم ئەسوتا کاتێك ئەمبینی بە باوەشی کراوە و بێ حسابکردن بۆ هەمو دنیا، ژیانە ناڕەحەتەکەی قبوڵکردوە و بە زۆریش ئەیسەپێنێت بەسەر ئێمەدا. تەنانەت ئامادە نەبو یەك شەویش لە ماڵ و مێردە تازەکەی دوربکەوێتەوە. لە کۆتاییدا ڕۆژێك نهێنی خۆشبەختیەکەیم هەر بۆ



Scanned with CamScanner

دەرئەکەوێت. خۆشبەختیەك کە من باجەکەیم ئەدا، واتە هەمومان، بەڵام من زیاتر.

لە ڕێگەدا هەستێکی نامۆم هەبو. حەزمئەکرد بگریم. وامئەزانی هەموان، بە تایبەت بەهائەدین و کیرامانا خراپ سەیرم ئەکەن. ڕقم لە عەلائەدین بو کە تاوانباری سەرەکی ناخۆشحاڵیەکەم و هەمو ڕوداوەکان بو و هەرگیز سەیرم نەئەکرد. کاتێك ئەمبینی زیك زیککەرەکان لە جیاتی من شین ئەکەن و هاوڕێیەتی خۆرئاوابون ئەکەن، چێژێکی خەمگینانەم وەرئەگرت. دەنگەکە، دەنگی حاڵی من بو: بێ مانا و نهێنی ئامێز و خەمبار و بێ سەرەتا و کۆتایی. ئەگەر یەکێك ماندو ئەبو، یەکێکیتر یەکسەر شینی دەستپێئەکرد. بە پێچەوانەی بەیانیەوە کە هەموان چوست و چالاك و زۆر بلێ بون، عەسر بێ هەڵوێرتن بە بێدەنگیەکی ڕەماوە چاویان بڕیبوە بێ کۆتایی. چوارپێکانیش خاکی و ملکەچ ئەیانگێڕاینەوە بۆ بەندیخانەکەمان.

کاتێك دیسان لە تاریکی شەودا، ئاوڕینگی شەو گوناکانمی تەڕکرد، تازە ئەو واقعیەتە شەرمهێنەرەی کە سەرم نەدابو لە بی بی جان وەك خۆرە کەوتبوە گیانم. ئەو دوای ئیلیاس لە هەموان زیاتر بەسۆز بو لەگەڵمدا و ئەگەر ڕوداوێك ڕوبیدایە کە چیتر هەرگیز نەمبینیایەتەوە، گوناهەکەم شایەنی لێخۆشبون نەبو. شەرمهێنەرتر ئەوەی کە بێجگە لەو سڵاوە هاکەزاییەی کردم بۆ ئیلیاس هیچ گفتوگۆ یان هەواڵپرسیەکم لەگەڵی نەکردبو، سەرم نەدابو لە جاڕی سەوزە و ماڵی مشکەکوێرەکان و لە جەوگی درەختی گێلاسەکانم نەخواردبو. لە ناخی دڵەوە نەفرەتم کرد لە عەلائەدین. ئەو بو بە دەرکەوتنە لە ناکاوەکەی پەیمانی نێوان من و باخ و هاوڕێکانمی تێکدابو و تاکە هەلی ڕاکردنی لە حەرەم لێگرتبومەوە. کەی دوبارە بواری هەڤکردنەوەی لە دەستچوەکان ئەهاتەوە پێش؟ هەر بەو شێوەی



Scanned with CamScanner

بیرم لەو ئەکردەوە، دیسان هەمو شتێکم لە بیرچویەوە. دوبارە ڕەوتێکی گەرم و نەناسراو بە ژێر پێستمدا تێپەڕی و هەمو بونمی هێنایەوە یەك.

بەیانی کە خەبەرم بویەوە، خۆشحاڵ بوم. ئەزینێکی خۆش گیانی داگرتبوم. بە ترسەوە هاتەوە بیرم کە هەمو شەوەکەم لەگەڵ ئەودا تێپەڕاندوە. دەست لەناو دەست لە دەشتە نامۆکاندا پیاسەمان کردوە. لە ڕەزەمێوەکاندا لەگەڵ فریشتەکەدا ترێمان خواردوە. لە جاڕی گەنمە سەوزەکاندا ڕاکشاوین و تەماشای گەشتی هەورەکانمان کردوە. ئەو لە نیلوفەرێکی کێوی خاڵخاڵۆکەیەکی گرتوە و کردویەتیە ناو دەستم و لەناکاو خاڵخاڵۆکەکە هەر بەو ڕەنگانەیەوە گۆڕاوە بۆ گۆیەکی بلوری. چوینەتە سەر بان و بە باران تەڕبوین و بە پەلکەزێڕینە پەت پەتێنمان کردوە و......

تەزوی جەستەم دەرکرد، بەڵام حەزمنەئەکرد هەستمەوە. جێگەخەوەکەم پڕبو لە بۆنی جارە گەنمەکان. بڕیارمدا خۆم بکەم بە نەخۆش و بەهاکەشی بە خواردنی قاپێك پولەکەی تاڵ بدەم. لەوە ڕسواتر و پەرێشانتر بوم کە بتوانم بچمە ناو خەلکی. لەوەش گرنگتر ئەوەبو کە پێویست بو تەنیابم و بیربکەمەوە، تا بەڵکو خۆم بدۆزمەوە.

ئاوێنەی سەر سندوقەکەم هەلگرت و بە شوێن خۆمدا گەڕام. ئەمڕۆ چاوەکانم تەنانەت لە دوێنێش تۆختر بون. بە دڵنیاییەوە وەك چاوەکانی دایکم بون کە بە هەر بارودۆخ و جل و ژینگەیەك، ڕەنگێکی تازەی وەرئەگرت. دوبارە سەرمسوڕما کە چۆن تا دوێنێ ئاگاداری ئەو هەموە لێکچونەم نەبوم لەگەڵ دایکمدا. ئەڵبەتە لێرە و لەوێ ئاماژە گەلێکم بیستبو، بەڵام هەمویانم وەك پیاهەڵدانە باوەکانی ڕۆژانەلێکدابوەوە. باوەڕم نەئەکرد هیچ بونەوەرێك هەبێت بگات بە جوانی و شیرینی دایکمدا. ئەوەی کە دوێنێ دایکی ئەو ڕۆژانەم لە خۆمدا دۆزیبوەوە، ڕوداوێکی زۆر گەورە بو، شتێك هاوشێوەی دۆزینەوەی گەنجینەیەك یان



Scanned with CamScanner

دۆزینەوەی کیمیا. کەوتمەوە بیر دوێنێ کە لەبەرامبەر ئاوێنە گەورەکانی ژوری خۆگۆڕینەکەی دایکمدا وەك پەپولەیەك لە قۆزاخە هاتبومە دەرەوە. ئەمبینی کە جەستە و ڕۆحم هەردوکیان گۆڕاون، بەڵام هێشتا نەمئەتوانی دڵنیابم کە ڕوداوێکی خۆش لە ئاسانەی ڕوداندایە یان نا. گێژ و هەستیار و سەرخۆش و خەمبار بوم.کەوتمەوە بیر ئەو شەوەی کە خوداوەندگار مانای ((مەستی)) شیکردەوە. بە ڕاستی من ئێستا مەست بوم. مەستی خەونەکانم، مەستی ئەو، مەستی خۆم، مەستی گەنجی و جوانیم. مەستی ئومێدەکانم و ئەوەندە مەست کە تەنانەت قاپی پولەکە گەرمەکەی ئایا خانمیش وشیاری نەکردمەوە. لە حەرەم ئەیانوت کیمیا خاتون ڕچاوە، و من لە ژێر بەتانیە ئەتڵەسیەکەمدا خەونم پەروەردە ئەکرد.

شەوی هەینی بینیم. ژنەکان بە گەرموگوڕیەکی زۆرەوە، چیرۆکی گەشتەکەی باخیان بۆ خوداوەندگار گێڕایەوە و من و ئەو سەرقاڵی یەکتر بوین، بێئەوەی سەیری یەکتر بکەین یان قسە بکەین. گەرمای حزوری یەکترمان لەسەر پێستمان هەستپێئەکرد و بە قوڵی بەداخەوە بوم بۆ ئەوانیتر کە لەم بارودۆخە بێخەبەر بون. ئای چەند قسەی بێمانا و هەر لە خۆوەیان ئەکرد. هەستمئەکرد هەمو شتەکانی دەوروبەرم مانای خۆیان لەدەستداوە، بێجگە لە گۆڕینەوەی نهێنی ئەو شەپۆلانەی نێوانمان کە من و ئەوی نوقمی ناو ئەو هەموە شۆڕ و شەوق و چێژە ئەکرد. چیتر لە کیراماناش نەئەترسام. ئەوم بە بچوکتر لەوە ئەزانی بتوانێت جارێکیتر دنیا جوانەکەمان تێکبدات. ئەوەی بەسەرماندا ئەهات وەك خەرمانەیەك بو بە دەور گڕی مۆمەوە: هەم واقعی بو و هەم نا. دواتر، بەڵام درەنگ بۆمدەرکەوت کە لە بنەڕەتدا خۆشی بە پێی چۆنێتی خەرمانەی دەوری مۆمە. هەر وەك ئەوەی ئەیبینیت و هەر بەو ڕێژەیەش، ئەبێت بەست بێت. ئەگەر پەلەقاژە بکەیت کە بیپارێزیت، گڕەکەی ئەکوژێتەوە، خەرمانەکە تێئەپەڕێت و تۆ ئەسوتێنیت. لە جیهانی بوندا خۆشی دیاردەیەکە لەبەرچاوتر لە خەیاڵ و

هەستپێنەکراوتر لە واقعیەت، بەرزەخێکە لەنێوان ئەم دوانەدا، و ڕۆحی من لەو بەرزەخەدا پەت پەتێنی ئەکرد. لە نزاری فێنکی ئەو ساتە مەستیانەمدا هەمو ئازارەکانی دیلێتیم لە گیان و ڕۆحمدا دەرچوبون. چیتر هیچ چاوەڕوانیەکم نەبو بێجگە بینینی ئەو، ئەگەرچی بۆ چەند چرکەیەکیش بێت.

بێ گوێدان بەو زریانەی کە بونی ئێمەی لەگەڵ خۆی بردبو، ژیان لەسەر ڕەوتی خۆی بەردەوام بو. ڕۆژە بێ ڕوداوەکان، لە پشت زانین و ویستەکانی منەوە دوبارە دەستیانپێکردبوەوە. تەنیا گەڵا ناسك و بچوکەکانی هەنارەکانی دەوروبەری حەوزەکە بون کە زەرد و سور، بوبونە جلەوکێشی خەزانی جوانی قونیە کە ئێمە هیچ پشکێکمان تێیدا نەبو، بێجگە لە ساردیەکی ناخۆش و قاڕەقاڕی قشقاڕە بێ ئۆقرەکان. پایزێك کە بە خێرایی جێگەکەی بەخشی بە زستانی تەزێنەری قونیە، بە ڕۆژی کورتی سارد و شەوانی درێژ و مەیوەوە.

لە یەکێك لەو ڕۆژە ساردانەدا، بێ هیچ پێشبینیەك خوشکە تازەکەم هاتە دنیا. لە کاتی خۆی زوتر لە دایك بو بو. هاوارە جەرگبڕەکانی دایکم، خوێن لەبەر ڕۆشتنی زۆر و ئەوەی کە ئەیانوت منداڵەکە هێشتا کاتی نیە، ددانەکانمیان لە ترسدا قوفڵ کردبو. بیرمئەکردەوە ئەگەر ئەو بمرێت من لەو ژیانەدا چۆن ئەبوم! چیم بەسەر ئەهات و بێ باوك و دایك چ چارەنوسێك ئەکرا چاوەڕوانم بێت! لەوەی کە ترسەکەم نەك لەبەر مردنی ئەو، بەڵکو لەبەر ئاوارەبونی خۆمبو، شەرمم ئەکرد. هەر کەسەو سەرقاڵی کارێك بو و حەشرێك هەڵگیرسا بو. مامانەکەیان هەر لە بەیانی زوەوە خەبەرکردبوەوە و ئەو چەند کاتژمێرێك بو زۆرانبازی لەگەڵ جەستەی ئازارچەشتوی دایکمدا ئەگرت. منداڵەکە هێشتا نەسوڕابو و ئەیویست بە قاچ بێتەدەرەوە. ئەیانوت منداڵبونی لەو شێوەیە، ئاسایی ئەبێتەهۆی مردنی دایك، ساواکە، یان هەردوکیان. لە ئەنجامدا کاتێك ماماناکە بێ دەسەڵاتی خۆی دەربڕی، بڕیاربو بنێرن بە شوێن حەکیمدا. دایکم لە ئارەقدا تەڕبو، لە ناو ئازار و



Scanned with CamScanner

خوێن و ترسدا، به توندی دژایەتی کرد و وتی، مردنی پێ باشتره لەوەی که حەکیم که له هاوڕێ نزیکەکانی خوداوەندگار بو بەو بارەوە ببینێت. بڕیارەکه له دەست ژنانی حەرەمدا نەبو، ناردیان به شوێن خوداوەندگاردا بۆ ئەوەی خۆی بێت و بڕیاربدات.

هاتنی مەولای حەرەم درەنگی پێبو و هاواری دایکم ئەگەشته ئاسمانی حەوتەم. ئایاخانم که خوێن له ڕوخساریدا نەمابو، بەدەست ئەیکێشا بەسەریدا و بەردەوام ئەیوت که ئیتر ئەمه کۆتاییه، تا ئێستا لەکاتی منداڵبوندا، هیچ کەسێك دەنگی نەبیستبو. ئەبێت بەدبەختیەك بێت که بەم شێوەیه نەڕەی دێت. له ناکاو مامی پیر به ڕوخسارێکەوه که زیاتر له هەمیشه وەك هەڵۆی لێهاتبو، به سەروملی لەرزۆکیەوه، وەك ئەوەی وەحی بۆ کرابێت هەموانی بێجگه له ئایاخانم و مامانەکه به جوێن له ژورەکه کردە دەرەوه و دەرگاکەی داخست. زۆری نەمابو که بەو نەڕە غەیره ئینسانیانەی له گەروی دایکمەوه ئەهاتنه دەرەوه دەرگاکه بکەمەوه و بکەومه سەر مامی و به دەستەکانم بیخنکێنم. هەمیشه ئەمزانی که ئەو دایکمی خۆشنەئەویست لەبەرئەوەی بو بوه جێگرەوەی کچەکەی. دابوی لەسەرم که ئەیەوێت سود له هەلەکه وەربگرێت و بیکوژێت. کیرامانا جڵەوی گرتبوم و من به گریانەوه دەستبازیم لەگەڵ ئەکرد. نازانم چەندی پێچو، بەڵام له توڕەیی ماندوێتی زۆردا چیتر هاوارەکانی دایکیشمم نەئەبیست. لەوانەبو مردبێت. ئەبوایه کارێکم بکردایه. له ناکاو دەستەکانی کیرامانا شل بون و چاوی بڕیه دەرگاکه. ئاوڕمدایەوه له سەیرکردنەکەی. هەموان بێدەنگ بو بون. مامانەکه ماندو و ئارەقکردو له چوارچێوەی دەرگاکەدا وەستابو و تەشتێکی گەورەی پڕ له خوێن و شتیتری ئەهێنایه دەرەوه. دڵنیابومەوه که دایکم مردوه و گۆشته خوێناویەکانی ناو تەشتەکه، دڵ و جەرگ و جگەری ئەون. لەناکاو ئازار، ترس، توڕەیی و ماندوێتی، له ناخمدا مانای خۆیان لەدەستدا. چیتر له ناو بۆشاییدا بوم و کەوتنی

خێرای خۆم هاوکات لەگەڵ پرسیارێکدا سات بە سات بەهێزتر ئەبو: بۆچی بەشی دایکم لە سوڕی ژیاندا قورستر بو لە باوك و زڕباوکەکەم؟ بۆچی و بە چ گوناهێك ئەبوایە ئەوەندە بە سەختی بەهای عەشق بدات؟ عەشق یانی چی؟

لە بۆنی توندی سرکە و تەڕپەکی بێزو هێنەر هاتمەوە هۆش خۆم. دڵم تێکئەچو و تورەیی ئۆناقێك خەریکبو گەرومی پارچە پارچە ئەکرد. نەمئەویست بێ دایکم زیندو بم. ویستم چاوەکانم دوبارە دابخەمەوە، بەڵام ڕوخساری پڕ زەردەخەنە و بەسۆزی خوداوەندگار ڕێگەیان بە پێڵوەکانم نەدا. لەسەر سەرم دانیشتبو و بەستەیەکی پێنیشاندام کە بە وریاییەوە لە باوەشی گرتبو. دواتر بیستم وتی: ((کیمیا خاتون! هەستە خوشکە بچکۆلەکەت ببینە! ئەمەبو ئازیزم کە ئەو هەموە گۆبەندەی نایەوە! هەستە بیبینە لێوەکانی چەند بچوك و سورن.))

چەند دەستێك بەرزیانکردمەوە و سەرینی نەرمیان خستە ژێر سەرم. زڕباوکەکەم نوشتایەوە و ساواکەی خستە سەر چۆکم و خۆشی هەر لەوێدا دانیشت و تەوێڵی ماچکردم و بە دەنگێکی ئارامەوە دڵنیای کردمەوە کە دایکم حاڵی باشە و خەوتوە و ئێمە هەمومان ئەبێت سوپاسگوزاری خوا بین: یەکەم لەبەر ساغی ساواکە، دوەم لەبەرئەوەی دوای سێ کوڕ کچێکی پێ بەخشیوە بەم باشیە! دواتر داوای لێکردم تا ڕۆژی ناولێنانەکە بیربکەمەوە و ناوێکی جوان بۆ خوشکە بچکۆلەکەم بدۆزمەوە.

جارێکیتر بە حزوری ئەو گیانی ماندوی من مەرهەم بو بو. لەگەڵ ئەوەشدا کە من و شەمسەدینی لە گرۆی نەوەکانی حسابنەکردبو، بەڵام لێیخۆشبوم. ئەو لەوانەیە تاکە پیاوی قونیەبو کە ستایشی ژنەکەی ئەکرد بۆ وەبارهێنانی کچێك. زیاتر و زیاتر بۆمدەرکەوت کە ئەو شتێکی هەیە لە پشت تێگەشتنی ئێمەی شەبستانیەکانەوە، شتێك کە لە هیچ کەسێکیتردا نەبو. وتم لەوانەیە مردن لە سایەی عەشقی ئەودا ماقی دایکم بێت، هەڵبژاردنێك کە بۆ منیش ئەگەری هەبو.



Scanned with CamScanner

ناوم لێنا ((مەلیکە خاتون)). براکەی (ئەمیری عالەم)) بو و ئەو ئەبو ببوایە بە ((مەلیکە خاتون))، ئەو ناوەی کە من بۆ خۆم پێمخۆش بو. هێشتاش هەر درەنگ نەبو، ئەگەر پاشازادەیەك بهاتبا و منی بە ژنی خۆی ببردایە، ئەبومە ((شاژنە کیمیا))، وەك ((شاژنە عالیا)). لەوانەشە مێردەکەم فرمانی بکردایە وێنەی منیش وەك گورجی خاتون لەسەر دینارە سورەکان هەلکۆلن. کە مندالّ بوم، چەندین کاتژمێر وردئەبومەوە لە نەخشی دراوەکانی ناو سندوقچەکەی دایکم و لە ناویاندا ئەو ژنەی کە ئەفسانەکەی گەیشتبوە ئەو شوێنە لە ناخی دلّەوە ستایشم ئەکرد. دایەخانم ئەیوت: هەر ئەم دراوانە، دەربار و زانا گەلێکی زۆری لە پایتەختەکانی جیهاندا بزواندوە. ئەوان سولّتان غەیاسەدینیان بەهۆی ئەم بیدعەتەوە بە کافر زانیوە، بۆچی وێنەی ژنێکی لەسەر دراو هەلکۆلیوە. ئەیوت ئەو دراوانە هەرگیز لە مامەلّەکاندا سودیان لێوەرنەگیرا. بازرگانەکان وێنەی ژنیان لەسەر دراوەکانیان بە شوم ئەزانی.

***

نەخۆشی دایکم و هاتنەدنیای مەلیکە بچکۆلەکەی، جارێکیتر سەرقالّی رۆژانەی زۆرتر کردبو و ئیتر کاتێك نەمابویەوە بۆ بیرکردنەوە و داهێزراویمان، لە هەموشی گرنگتر ئەوەبو کە بیانویەك دروستببو بۆ ئامادەبونی زۆرتری خوداوەندگار و براکانم لە حەرەم و هەر ئەمە خۆی دوبارە گەرمایەکی تایبەتی ئەبەخشی بە ژیانمان. من تەواوی رۆژ بە چاو بڕینە دالّانی حوجرەکە سەرقالّی کارکردن بوم. ئەرکی سەرەکیم پارێزگاری کردن بو لە ئەمیر عالەم کە خەریکبو فێری گەوالّکێ ئەبو. مندالّێکی باش و خۆش ڕەفتار بو، تەنیا ئەبوایە ئاگاداری بومایە کە شەکر-پەریا نەشێلێت یان هەمو شتێك لەوانە کلکی پشیلەکان نەکات بە دەمیدا. ئەو دوانەش گەورەبوبون و هەتا بلّێی بزێو بون بە شیرینکاری دلّی هەمو ئەهلی حەرەمیان ڕفاندبو. عەلائەدینیش لە ڕۆژێکدا چەند جارێك بە بیانوی جیاواز



Scanned with CamScanner

جیاوازەوە ئەهات بۆ حەرەم و پەیوەندیمان هەر ڕۆژە لە ڕۆژی پێشوتر بەهێزتر ئەبو و بێ ئەوەی ئامازە یان قسەوباسێك بگۆڕینەوە، لە شیرینی چاوبازیەکانمان تێربوین. دنیا پڕبو لە جوانی و ناسکی و هەوای تازە. نازانم چۆن زستانی ڕابردو ئاگاداری شکۆی زستانی هەیوانەکەی حەرەم نە بوبوم: درەختە هەنارەکان بە گەڵای سوری ئەوەریو بەهۆی خەزانەوە لە چوارچێوە سەهۆڵیەکەیاندا یەك پارچە لە ژێر تیشکی خۆردا وەك بلور چاویان لێدائەگرتم. چلورەی درێژی پلوسکەکان، ڕکابەری چلچرای کۆشکەکانیان ئەکرد و هاتنەخوارەوەی دڵۆپەی سەهۆڵی پاسارەکان باسی گەرموگوڕی ژیانیان ئەکرد.

ژیان ڕوخسارێکی تازەی نیشانمئەدا. هەمو شتێك لە باری گەشەدا بو و بەرەو جوانتر بون ئەڕۆشتن: هەیوانەکە، پشیلەکانم، مەلیکەخاتون، ئەمیری عالەم، خۆم و ئەو کە وائەهاتە بەرچاوم کە ڕۆژ بە ڕۆژ دڵنیاتر و باڵابەرزتر و پێکەوتەتر ئەبو و ئیتر هیچ لێکچونێکی نەبو لەگەڵ منداڵە شەرمن و تورەکەی ڕۆژانی پێشودا. هەندێك جار لە خۆمم ئەپرسی، ئەگەر دیمەنەکەی سەربانەکە جارێکیتر دوبارە ببێتەوە ئایا ئەو دوبارە ڕائەکات یاخود بەرگریم لێئەکات؟

باری دایکی کەم خوێن و مەینەتبارم بەهۆی بەسۆزی لە ڕادەبەدەری خوداوەندگار و دەرمانەکانی حەکیم ئەکمەلەدین —هاوڕێ و پزیشکی خێزانیی خوداوەندگار— و شۆربا ئێرانیە بەهێزەکانەوە کە بە فرمانی مامی بۆی لێئەنرا بە خێرایی ڕو لە باشبون بو. من چیتر هێندەی گەردێك نیگەرانی و دلگرانیم نەبو و گلەییم لە ڕۆژگار نەبو. چیتر چاوەڕوانی نەنێ جی نەئەبوم کە بدات لە دەرگای سەرەوە و شازادەیەك بێنێت بۆ داخوازیکردنم. تەنانەت ئەگەریش بیهێنایە وەڵامی من ((نا)) بو. هەمو شتێك وەك ئەوەی کە هەبو باش و خۆش بو و ئەوپەڕی خواستی ئێمەبو. هەموان یەکتریمان خۆشئەویست، تەنانەت مامیش. مەلیکە خاتون ئازیزی ژێکەڵانەی خوداوەندگار بو و بۆ هەموان خاوەن پێگەیەکی تایبەتی



Scanned with CamScanner

بو. لەبەرئەوەی شادی و میهرەبانی بە دیاری بۆ هێنابوین. مامی پیر و بەدخو لەبەر شاکارەکەی —واتە ڕزگارکردنی ژیانی دایکم— بوە خۆشەویستی دڵی هەموان. کیراماناش بەهۆکاری نادیار دەستی لە سەختگیری و ئاگادارکردنەوەکانی هەڵگرتبو. نوجی، بێدەنگ و بێ چاوەنواڕی لە جیاتی هەموان نیشی ئەکرد و لە کاتە بێکاریەکانمدا من بەردەوام نوسین و خوێندنەوەم فێرئەکرد. ماوەیەك بو بەهۆی ڕەفتارە ئارام و شکۆدارەکانیەوە زیاتر و زیاتر دڵنیائەبومەوە کە ئەو لە زادگاکەیدا ڕۆژێك لە ڕۆژان شازادە خاتونێك بوە کە دەستی داگیرکەرێك یان تیرێکی شەڕ کردویەتی بە بەندە. ئەمەبو هەوڵمئەدا ڕەفتارم لەگەڵیدا تا ئەوەندەی ئەمتوانی گونجاو بێت لەگەڵ چاوەڕوانیەکانیدا. کتێبەکانم یەك بە یەك لە خوداوەندگار وەرئەگرت و شەوانە پاش نوێژی مەغریب، مۆمە نیو مەنیەکەی ناوەڕاستی ژورەکەمان دائەگیرساند و دائەنیشتین. یان وانەکانی خۆی ئەخوێندەوە یان بێدەنگ گوێی لە من ئەگرت کە کتێبە پڕ نهێنیەکانم بە دەنگی بەرز ئەخوێندەوە. هەمیشە خۆم بە پاڵەوانی چیرۆکەکان ئەزانی. شیعرەکانیشم بە زمانحاڵی بارودۆخی خۆم ئەزانی. ئەوەی کە کەمم بو هاودەمێك بو کە دەردەڵی لەگەڵدا بکەم. هەندێك جار ڕوینەدا ڕۆژ دوایی ئەهات و بێجگە لە دەنگ گەلێکی منداڵانە کە لەگەڕومەوە بۆ ئەمیر عالەم و مەلیکە خاتون و شەکر-پەریا ئەهاتەدەرەوە، وشەیەکم بەسەر زماندا نەهاتبو. هەمو گفتوگۆیەکم کورتئەبویەوە لە چاوبازی پڕ ترس و ئومێد و شاراوەم لەگەڵ عەلائەدیندا. لەگەڵ ئەم هەموەشدا هیچ جێی گلەیی نەبو. زستان بەرە بەرە جێگەکەی بەخشی بە بەهار و لەسەر ڕێگەپێدانی حەکیم بۆ دایکم، چەند جارێك بە کۆمەڵ بۆ هەواگۆڕین و زیارەت و خۆشگوزەرانی ئەچوین بۆ ئاوە گەرمەکانی دەوروبەری قونیە. سەفەری پێشتر بۆ باخ بۆ هەموان ماندوکەر بو و دایکم هیچ کاتێك ڕازی نەبو بە گەشتی چەند ڕۆژەیی بۆ باخ. بیانوەکەشی دو منداڵە شیرەخۆرەکەی بو، بەڵام هەموان ئەیانزانی کە

نایەوێت لە مێردە ئازیزەکەی دوربکەوێتەوە. ژنەکان پێکەنینی ماناداریان بەڕوی یەکدا ئەکرد و سەریان ئەخستە سەری. داماوە دایکم کە بەهۆی دو منداڵبونی لەسەر یەك و شیردان بە منداڵەکان و خوێنڕێژی بەردەوامی پاش خستنەوەی مەلیکە خاتونەوە چیتر ئەو خاتونە پڕ شانوشکۆیە نەبو کە هەبو، ڕێگەی ئەدا ژنەکان هەرچی دڵیان پێخۆشە بیڵێن، بەڵام ئایا خانم زۆر هەڵئەچو و ئەیوت: خۆشویستنی جەلالەدینی نازەنین -کوڕی بەهاء وەلەدی بەڵخی، فەقیهی گەورەی ویلایەتی ڕۆم و شێخی شێخانی بەناوبانگ و پڕ شانوشکۆ کە سەری لە ئاسمان ئەسوی- کارێك نەبو کە کەس لێی شەرمەزار بێت. خاتونەکەم چاو و گوێی لە پێگە و پلە و شانوشکۆ و دەوڵەمەندی پڕ بو، هیچ خەمێکی نەبو کە بیدات بە با و هیچی نەئەویست، بێجگە لە سایە و سێبەرێکی درێژ بەسەر سەریەوە کە لە دەست خەڵکی زەمانە پارێزراو بێت.

وائەهاتە بەرچاوم کە تاکە خەمی دایکم من بم. هەندێك جار بە نیگاکانی بە شێوەیەکی وا تەماشایئەکردم کە نەمئەتوانی دیاریکەم لە بونی کچێکی گەنجی جوانی وەك خۆی، خۆشحاڵە یان خەمبار. بەداخەوە ڕوداوەکانی ئەم دو ساڵە، چیتر کاتی بۆ نەهێشتبوەوە بۆئەوەی بتوانین لەیەك نزیکتر ببینەوە. تەنیا کاتێك هەستم بە هەستیاری دایکانەی ئەو ئەکرد بەرامبەر بەخۆم، ئەو کاتە بو کە ئەڕۆشتین بۆ حەمام و ئەو لە زۆری ئەو سەرنجانەی لەسەرم بون هەڵئەچو و فرمانی بەسەر نەنیّ جیدا ئەکرد کە زوتر من بشوات و بمنێرێتەوە بۆ ماڵەوە. ئایا خاتون ئەیوت دایکم زۆر لە چاوی پیس ئەترسێت، بەڵام نەنیّ جی کاتی شۆردنم ئەوەندە بە قوربانم ئەبو و ئەوەندە دەستە ڕەقەکانی بە لاشەمدا ئەهێنا کە هەمیشە لە کاتی دڵتێکچوندا ئارەزومەندکرد هەرچی زوە لە دەستی ڕزگارم ببێت. هەمیشەش سەرقاڵی چوتەچوت بو لەگەڵ ئەم و ئەودا دەربارەی من. پێشتر چون بۆ حەمامی مەرمەڕ و خۆ دەرخستن لە بازاڕی داخوازیکارانی دەربارىدا خۆشیەك

بو بۆم، بەڵام دواتر و بەرەبەرە گۆڕا بە سزایەکی سەخت. ئیدی ئەگەر نەنیّ جی کوڕی شای پەریەکانیشی پێبناساندبام، دڵم لە حەرەم دانەنەبڕی. ئەویّ خۆش بو. بە پێچەوانەی ڕابردوەوە، بەیانیان بە تامەزرۆییەوە هەڵئەستام و بە وردی سەر و قژم ڕێکئەکرد و لە ژورەکەم ئەڕۆشتمە دەرەوە و لە کاتێکدا لایەکی چاوم لەسەر دەرگای حوجرەکە بو تا ئەو لە دەرگاوە بێتە ژورێ، لەگەڵ منداڵ و پشیلە و ئەم جۆرە سەرگەرمیانەدا تێکەڵ نەبوم. لەو ساتەشەوە کە ئەهات تا ئەڕۆشتەوە، بێئەوەی یەك وشەش لەگەڵ یەك بڵێین یەك دنیا نهێنیمان ئەگۆڕیەوە و خەیاڵ پەروەریمان بۆ ئەو ڕۆژگارە ئەکرد کە بتوانین بێ ڕکابەر پێکەوە بژین. ئای چەند حەزمئەکرد هەڵێك بهاتایەتە پێشەوە و هەمو شتێکم بە دایکم بوتایە. ئێستا ئیتر وەك چۆن ئەوەی ئەیویست، بە ڕاستی پەیوەست بو بوم بەوماڵەوە. من لەویّ، لە حەرەم، لە ژێر سایەی پارێزراوی خوداوەندگاردا خۆشحاڵبوم. سەرەڕای هەمو ئەوەی لە نێوان من و دایکمدا ڕویدابو، ئەو ڕۆژانە کە بۆ خۆم بو بومە ژنێك، زیاتر لەو تێئەگەشتم. دلگرانیە منداڵانەییەکان وازیان لێهێنابوم. چۆن ئەمتوانی لە کاتی بەسەر سکەوە بونی مەلیکە خاتوندا لەوەی کە خوا ئەوی بۆ گێڕابوینەوە، ڕۆژی هەزار جار سوپاسگوزاری دەرنەبڕم؟ تەنیا لەو کاتەدا بو بۆمدەرکەوت وا باشە بە کەسێك بوترێت هەتیو کە دایکی نیە ئەگەرچی نەبونی باوك کارەساتێکی گەورەیە، نەبونی دایك واتە لەناوچون، تەنانەت هەر ئەو دایکەی کە وەك ئەوەی دیاربو چیتر پەیوەست نەبو بە منەوە.

ماوەیەکی زۆر بو لە کەمیندا بوم بۆ هەلێك تا وەك یەکەمین بەیانی حەرەم لەگەڵ دایکمدا دەربارەی زۆر شت قسەبکەین. لە نیگایەوە هەستمئەکرد ئەو هەمو شتێك ئەزانێت، بەڵام هیچ کاتێك ڕوینەدا تا بەیەکەوە وەك دایك و کچێك دەردەدڵ بکەین. لە هەمو ڕۆژەکەدا هەمیشە کەسێکی بەدەورەوە بو. پاش مەغریبیش خوداوەندگار بە پێچەوانەی ڕابردوەوە زو ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە و هەمو کاتەکانی



Scanned with CamScanner

لەگەڵ ئەو و منداڵەکاندا تێئەپەڕاند. من ئەگەرچی پەلەم بو، بەڵام ئەمزانی ئەو سەرەڕای ئەو هەموە سەرقاڵیەی، هۆشی لای منە. ئەبوایە ئارامم بگرتایە تا هەمو شتێك لەسەر ڕەوتی سروشتی خۆی بەڕێوە بڕوات. ڕۆژگارێکی خۆشم ئەزمون ئەکرد. تەنیا نیگەرانیم هاتوچۆی لەوەخت و ناوەختی نەنێ جی بو. هەرکە لە ڕێوە ئەگەشت، دڵم ئەگوشرا. نە ئەمتوانی هیچ بخۆم و نە بخەوم، تا ئەوەی بۆمدەرئەکەوت داخوازیکارەکە لەگەڵ چاوەڕوانیەکانی خوداوەندگار و دایکمدا یەکی نەگرتوەتەوە و وەڵامی نەخێری دراوەتەوە. من هیچ ڕونکردنەوەیەکی تریشم لێداوانەئەکرد. بەڵام خودی نەنێ جی هەمیشە لە هەلێکی گونجاودا چۆڕاوەیەکی لە ڕوداوەکە بۆ ئەگێڕامەوە. لە کۆتاییشدا بە تورەییەوە خۆی چیرئەکردەوە و ئەیوت: ئەوەی باپیرە و نەنێت بۆی ئەگەڕێن، هێشتا لە دایك نەبوە. تۆش خەریکە ئیتر کاتت بەسەر ئەچێت. زۆریش سەریسوڕئەما کاتێك ئەیبینی لە جیاتی ئەوەی نیگەران بم، شادومانانە پێئەکەنیم و مژدانەم بەسەردا ئەبەخشیەوە.

"بەشی دووەم"

## پیاوی نامۆ

پیاوە پیرەکە لە دوکانەکەیهاتەدەرەوە. چاوە سەیرەکانی بە دەوروبەردا گێڕا، ئەو ڕۆژە مەراقێکی نامۆی لەسەردا بو و ئەسڵەن تاقەتی نەبو کە کڕیارێکی خۆهەڵقورتێن و بێنیش بیگرێتە قسە. کاتێك دڵنیابویەوە کەس دیار نیە، ڕۆشتە دەرەوە، قوفڵێکی قورس و بەنرخی بە شەوژەنەکەدا کرد و بە هێمنیەوە هێزی لێکرد و دیسانەوە پاش سەیرکردنەوەی دەوروبەری، بە پێداگریەوە بەرەو مزگەوت بەڕێکەوت. بازاڕی شەکر فرۆشەکان خاڵی بو و هەموان ڕۆشتبون بۆ نوێژ. زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێز کەوتە سەر لێوی. کاتێك دوکانە نیوەداخراو و جێهێڵراوەکانی ئەبینی بە خۆی ئەوت هەموان بە تاسەی ئەوەوە ڕۆشتون بە یەك دو نوشتانەوە و ڕاستبونەوە و چەند وشەیەکی عەرەبی کە ماناکەشی بەڕاستی نازانن،پاش هەمو ئەو فێلانەی کە لەبەیانیەوە لە ژن و منداڵ و پیر و لاویان کردوەکڵاوبکەنە سەر خوا و دواتر بە خەیاڵی ئاسودەوە بگەڕێنەوە و هەر لەیەکەمین مامەڵەدا خەڵکی خوا، بخەڵەتێنن. شەیتان ئەڵێت بڕۆمە سەر مینبەر و

بلێم هەرکەسێك ئەمڕۆ ماڵی خەڵکی نەخواردوە، یان سەری پیرەژنێکی بە چاڵدا نەبردوە، یاخود دراوێك زیاتری لە منداڵێکی هەتیو وەرنەگرتوە بێتە بەردەم من و بوێری بنوێنێت و سوێند بە ڕۆحی باوك و باپیری بخوا تا هەر لەوێدا ڕۆحی باووباپیرانی بێنمە بەرچاوی. بەڵام نا، ئەو چی داوە بەسەر نزمە خەڵکەکەوە! لەوەتەی هەیە هەر وا بوە. ئەو ڕۆژە ئەو ئیشی بە بلیمەتەکان بو، ئیشێکی قورس. ئەو، ئەو ڕۆژە ئیشی بە فەقیهی لە خۆبایی قونیەبو کە کاتێك لەسەر مینبەر بو، ئەوەندە بە ڕۆچون و دڵنیاییەوە وتاری ئەدا و فرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەی ئەکرد و گاڵتەی بە ئەم و ئەو ئەکرد،فتوای دەرئەکرد و لە شەڕی زانستدا هاواری (هل من مبارز؟)ی ئەکرد کە وەك بڵێیرۆحی خوای تێدا نازڵ بوە. شێخۆکەی بە بەرسیلە نەبو خۆی بە مێوژ ئەزانێت! ئەمڕۆ لە نێوانماندا گفتوگۆیەکی قورس ڕوئەدات. چاوە فێلبازەکانی بریسکایەوە و خێراییەکەی زیادیکرد. لە ڕیزە دوکانە جیاوازەکانەوە تێپەڕی. تاك و تەرای ئەو بەزازە کەلیمیانەی کە لەگەڵ ئەوەشدا شەممە بو دوکانەکانیان دانەخستبو، لە بینینی ئەو و ڕوخساری نامۆی کەوتنە لەرزە و پەردەی دوکانەکانیان دادایەوە. بارکێشە نەسرانیەکان وردبوبونەوە لە خۆی و کڵاوە سەیرەکەی. نەیانئەزانی کوێنەریە و سەر بە چ کۆمەڵەیەکە. ئەوان زۆر ڕاهاتبون بە بینینی کەسانی نامۆ. ڕوخسار و جلوبەرگی هەمو گەلێکیان ئەناسیەوە. قونیە و بازاڕەکەی شارێگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهان بو. بەڵام ئەمەیان، نەك هەر نامۆ بەڵکو سەیریش بو. ئەم نامۆیە هەر پارچە جلێکی هی شوێنێکی جیاوازی دنیابو. فەرەنجی ڕەشی دەروێشەکانی بەشانەوە بو و کڵاوی جیهانگەڕەکانی بەسەرەوە و جەستەی بە کەوای کەتانیی بازرگانە هیندیەکان داپۆشیبو کە بێگومان ڕۆژێك لە ڕۆژان سپی بوە و بەرە بەرە هەمو جۆرە ڕەنگێکی لە خۆگرتوە. پێڵاوەکانی پوزەوانەی شوانەکان بو و ..رەکەی ڕێبوارەکانی بە شانەوە بو. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا لە دەموچاویدا



Scanned with CamScanner

ڕوخسارێکی کیبریایی تیشکی ئەدایەوە. بالآبەرز و قنج و قیت بو. قژە دریژ و سپیەکەی، بەسەر شانیدا هاتبوە خوارەوە. پێستێکی تاریك و چەرمیی هەبو و زۆر بە نارەحەتی ئەتوانرا چاو ببڕێتە نێو چاوانی. لەگەلٚ هەمو ئەوشڕوپڕ پۆشیەی، لە خەرمانەیەکی هێندە پڕشکۆدا ڕێگەی ئەبڕی کە هەموان تەنانەت شەلاتیەکانی گەڕەکیش ڕێگەیان بۆ ئەکردەوە و ئەویش بێ شەرمکردن یان سەرسوڕمان بە نیگا سوسەکارەکانی نزمەخەلکەکە -کە ئەو بە ((کالانعام)) بانگینەکردن- بە ڕێگەی خۆیدا ئەڕۆشت. لەوانەشبو کەسی نەئەبینی. پاش ڕێگەبڕینێکی زۆرسەرئەنجام گەیشتە دەروازەی قوتابخانەی پەمو فرۆشان -ئەو شوێنەی کە نێچیرە تازەکەی تێدا خستبوە ژێر چاودێرییەوە-. کاتێکی باش بو، نوێژ و وتار تەواو بوبون. موریدەکانی وەك هەمیشە بە ماستاوکردن و هاتوهاوارەوە مەلا قسەشیرین و فەقیهە پلەبەرزەکەیان تا مالٚی یەکێك لە گەورەکانی شار کە ئەو ڕۆژە شانازی میواندارییکردنی نانی نیوەڕۆی پێبەخشرابو - ڕەوانەئەکرد و شێخ بە تاقەتەوە وەلآمی پرسیاری زانستخوازە گەنجەکانی ئەدایەوە، گوێی لە قسەکانیان ئەگرت. جەنابیپیر کە لە دورەوە لێینەڕوانی ئەیتوانی بە ڕونی ڕازیبون لە زۆری گرۆی ڕەوانەکەران و ڕێزلێگرتنی کاربەدەستانی حکومەت و ستایش و سەرسوڕمانی قوتابیەکان لە ڕوخساری گەنج و شکۆداریدا بخوێنێتەوە. هەر ئەم لە خۆباییبونە بو کە وەك دەنگی خۆشی بالٚندەیەك ئەوی تاسەمەندی ڕاوکردنی ئەم شابازی زانای زانست و حوجرەیە کردبو. زەردەخەنەیەك ڕوخساری چەرمینی درەوشاندەوە. کلأوەکەی لەسەر داکەند. شتێکی لە ژێر لێوەوە وت و بەناو خەلکەکەدا ڕێی بۆ خۆی کردەوە تا گەیشت بە ئەو. دواتر لە کاتێکدا کە ڕاستەوخۆ ئەیڕوانیە ناوچاوانی نێچیرەکەی، جلٚەوی سواریەکەی گرت و وەستاندی و بە لەهجەیەکی نامۆ و دەنگێکی بەرز و ئاوازێکی ڕودارانەوە کە زیاتر لە دەنگی دادوەری کۆلآنی شار یان مەلای



Scanned with CamScanner

مەدرەسەیەک ئەچو، پرسی: یا شێخ بڵێ بزانم، پێگەی هەڵبژێرراوی جیهانیان - موحەمەدی موستەفا (ص) لە عەرشدا بڵندترە یان شێخی بەستام؟

بێدەنگی هەمو لایەکی گرتەوە. لە یەک چاوترووکاندا کۆمەڵێک لە فەقێ گەنجەکان کە خوێنی کفرێکی لەو شێوەیە بەرچاوی سور کردبون، بەسەر نامۆکەدا هەڵچون. بەڵام فەقیهی شار بە ئارامی دەستی بە ئاماژەی ئاگادارکردنەوە بەرزکردەوە و موریدەکانی یەکسەر وەستان. دواتر بە لاکردنەوە بەلای نامۆکەدا وتی: بێ ئاگای لە گوێی گادا نوستو! نازانیت بەرزترین پلەی ئەولیا نزمترە لە نزمترین پلەی پێغەمبەران؟ چ بگات بە موحەمەد کە نگینی ئەڵقەی پێغەمبەران و فەخری عالەمە! ئەو لە کوێ و ئەو شێخەی وتت لە کوێ؟

پیرە پیاوەکە کە وەک بڵێی هەر ئەم چاوەڕوانیەی هەبو، بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە، بەڵام بە سەرخۆشیەوە وتی: ئەگەر وایە، بۆچی ئەویان (ما عرفناك حق معرفتك)ی وت و ئەمیان وتی ((سبحاني! ما اعظم شاني! ؟))

خەڵکەکە گێژووێژ سەیریان ئەکرد. لەبەر ڕێزی شێخ و ئاماژەکەی نەیانئەتوانی نامۆکە پارچە پارچە بکەن، بەڵام سەریشیان سوڕئەما کە شێخەکەیان چۆن مۆڵەتی داوە ئەم نامۆ جل شڕە کاوێژ بکات. هەموان چاوەڕێ بون تا شێخ حوکمی کافریی ئەم پیاوە شێتە و ویستە فیتنە هەڵگیرسێنەکەی دەربکات تا تۆڵەی بێشەرمیەکەی لێبکەنەوە. موفتیەکەش هیچ ڕێگەیەکی نەبو بێجگە لە کافرکردنی نامۆ ڕودارەکە، بەڵام بەگومان و ڕاڕا دەرئەکەوت و هەرچەندە بێدەنگیەکە درێژەی ئەکێشا، گومانی دەوروبەرەکەی بۆ فتوایەکی سەختتر ئەچو. کات بە هێواشی تێئەپەڕی. لە کۆتاییدا شێخ وەک کەسێک لە خەو ڕاپەڕیبێت، سەیرێکی خەڵکە چاوەڕێکەی کرد و بە زەردەخەنەیەکەوە پۆزشی هێنایەوە و بە پاڕانەوەوە وتی: وا باشە لەبەر من لەم پیرە خۆشبن. زورهانی ئەقڵی لەسەردا نەهێشتوە. دولتر سەیری نامۆکەی کرد و بە دەنگێکی بەرز و لۆمەکردنەوە وتی:



Scanned with CamScanner

ئەی پیر! بزانە کە بانگەشە کوفراویەکەی شێخی بەستام بەهۆی کەموکورتی زانستی ئەوەوە بو لە ناسینی خوادا و گومانی لە موحەمەد (ص) وەك پرشنگێك لە دەریای مەعریفەتی ئەو. لە منی ببیستە و سەری خۆت مەدە بە قەڵبەیەکدا، کە لەم قیل و قالەدا من و تۆ هیچ کارەین. ئەو کات بە نیگایەکی هەڵگری پەیامێکیترەوە سەیری کرد و تێیگەیاند کە هەراوهوریاکە دابمرکێتەوە ئەگینا هیچی دەستناکەوێت لەم نێچیرە.

بەڵام ڕاوچی و نێچیریش لەدلودا بون و بو بونە یەك و فرتە فرتیان بو و ئەمە ئەو تەماشاچیە بێ باڵانەی کە لە هەوای خۆیاندا بەشوێن هەرادا ئەگەڕان، نەیانبینی. شێخ ڕێگەی خۆی گرتەبەر و لە ڕێگەی هەواڵبەرێکەوە، داوای لێبوردنی کردبو بۆ ڕۆشتن بۆ میوانیەکە بە بیانوی بێزاری و ماندوێتی بەرهەمهاتو لە پرسیار و وەڵامە بێشەرمانەکەی ڕێبوارەکەوە و بە نیگای زیرەکانەی ساقیەکی کۆنەکار، پیرەکەی بە شوێن خۆیدا کێشکرد و بە خێرایی بەرەو حوجرەکەی باوکی کەوتەڕێ و سوپاسی خوای کرد کە کاتێك گەشتنە ئەوێ، هەمو خەڵکی کۆڵان و موریدە گەڕۆکەکان ڕۆشتبون بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ و خەوی دوای نیوەڕوان و بێجگە لە بەهائەدین -کوڕە گەورەکەی شێخ و دو کەسیتر، یەکێك لە موریدە بازاڕیەکانی و ئەویتر لادێییەکی سەر لەبەر گوڕ لەرزیو کە بۆ ساتێکیش لە شێخ دورنەئەکەوتەوە. هەرسێکیان شێخ و پیرەکەیان تا کۆتایی هەیوانی حوجرەکە ڕەوانەکرد لەکاتێکدا ئەوان دەستیان لە دنیا و ئەوەشی تێیدایە شۆردبو و باسوخواسێکی گەرموگوڕیان دامەزراندبو، کەسیتری لێنەبو. ئەم سیانەش بە ئاماژەی شێخ ڕۆشتنە لاکەیتر و چاوەڕوان بون و بێئاگابون لەوەی لە نێوان ئەو دوانەدا ڕویدابو و وایانئەزانی کە مەولاکەیان -جەلالەدین- کە بە پێی پێگە بەرز و بێ هاوتا زانستی و دینیەکەی لە شاری سەد دەروازە و پایتەختی تورکانی سەلجوقی، نەك هەر لەناو خەڵکی گشتیدا، بەڵکو لە ناو ڕکابەرەکانیشیدا



Scanned with CamScanner

به خاکی بون و خەڵك دۆستی بەناوبانگ بو، بێگومان ئەیەوێت ئەم پیرە شێت و کافردینەنەك لە بەرچاوی خەڵکیدا، بەڵکو لە خەڵوەت و تەنیاییدا سەرزەنشت و رێنمونی بکات. ئەوان ئەیانزانی کە رێگریکردن لە خراپە بەشێکە لە ئەرکەکانی ئەو لەو شارەدا. هەروەها بێ پێشینە نەبو کە ئەو سەرەرای کەمی کات و زۆری کارەکانی، لە کاتی پێویستدا، کاتێکی زۆر تەرخانبکات بۆ بێچارەیەك، یان زانستخوازێکی گەنج و سوسەکار، یان گەشتیارێك، بە رادەیەك کە کەمترین کاتی ئەمایەوە بۆ خۆی و خێزان و نزیکەکانی. هەمیشەش کەسێك پەیدا ئەبو کە پێویستی بە زانست، فتوا یان پارێزگاری ئەو بێت.

لادێییەکە و مورید و کورەکەی، ماوەیەك لە شەو لە تەنیشت حەوزەکەدا دانیشتن. نوێژی مەغریب و عیشایان هەر لەوێدا خوێند و کورەکەی بە بێ ئۆقرەیی لە تاو برسێتی بوێری بە خۆیدا بچێتە پشت دەرگای ژورەکە و بە ئەدەبەوە بڵێت، ((ئەوەك نوێژی مەغریبی باوکی پایەبەرزمان بروات)). قسەکەی تەواو نەبو بو کە نەرەی باوکی لە جێی خۆی راپەراند. داماوە نەیئەزانی ئەبێت چی بکات. هیچ کاتێك نەعرەتەیەکی لەو شێوەی لە گەروی باوکیەوە نەبیستبو. تەنانەت لە کاتێکیشدا کە بەهۆی نەگونجان و بەدرەفتاری لەگەڵ مامۆستا و براکەیدا لە دیمەشقەوە گەرێنرابویەوە، باوکی بە نەرەیەکی لەو شێوەیە ئەدەبی دانەدابو. ئەبێت رووداوێکی سەیر رویدابێت. ئەگەر بمێنێتەوە، باوکی فرمانیکردبو دورکەوێتەوە. ئەگەریش دوربکەوتەوە، دڵی ئۆقرەی نەئەگرت. بە ناچاری ئەو و موریدە بازارییەکە، هەروا بە ماندوێتی و بێچارەییەوە هەر لەوێ دانیشتن و چاویان بریە دەرگای هۆدەکە.

رۆژی دواتر، تا کاتی نوێژی عەسر هەواڵەکە بە هەمو شارەکەدا بڵاوبوبویەوە. ئەمە یەکەمین جار بو لە سەردەمی کۆچکردنی بنەماڵەی بەهاء وەلەدەوە بۆ قونیە، مەولانا جەلالەدین محەمەد لە شاردا بوبێت و خۆی بە تایبەتی لە

کەم خەیاڵی موریدەکەی لە دەنگۆی سیحرلێکرانی ئاسودەکرد. دواتر بە ئەدەبەوە وتی، وریابن خەڵکەکە ئاژاوەیەکیان هەڵگیرساندوە، لەوانەیە وا باش بێت حەزرەتی شێخ نوێژی مەغریب لەسەر بانی حوجرەکە بخوێنن تا بەڵکو پەرێشانیی خەیاڵی خەڵکەکە هێوربێتەوە و دەمی قسەهەڵبەستەکان ببەسترێت. شێخ قاقایەکی لێدا کە زایەڵەکەی برۆکانی موریدەکەی لکاند بە ڕوێنگەی تەوێڵیەوە و لەبەرئەوەی ئەیویست سەرسوڕمانەکەی بشارێتەوە، بە خێرایی نوشتایەوە. چمکی کەوای مەولاکەی ماچکرد. مەولا بەرزیکردەوە و وتی، هاوڕێی زێڕکوتم! نەتوتبو کە باخێکت لە لادێی زادگاکەتدا هەیە؟ کەوایە هەستە تا ژنەکانیش لەولاکەیترەوە دەرنەکەوتون، لە دەرگای حەرەمەوە بمانبە بۆ ئەوێ. سەلاحەدینی زەرکوب بە سەرسوڕمانەوە جارێکیتر سەیری مەولاکەی کردەوە. هەرچەندە هەوڵیدا شتێك بڵێت بەڵام سەرکەوتو نەبو. دواتر هەستا و لەگەڵ شێخ و پیرەپیاوەکەدا لە سەربانەکەوە بەرەو حەرەم کەوتە ڕێ.

شێخ بێ ئاگا بو کە لە حەرەمدا، تەنانەت لە کاتێکیشدا هەموان خەوتبن، جوتێك چاو کە هەندێك جار هاوڕەنگی ئاسمان بون و هەندێك جار بەڕەنگی کێڵگە و هەندێك جار ڕەنگی هەنگوین، لە چاوەڕانی ئەودا بێدارن و خاوەنەکەیان لەو تاریك و ڕۆشنیەی ناو ئەو دیوارە مەنگانەدا هەر بە بەرزبونەوەی دەنگی شەوژەنی حوجرەکە ئەکرێت مەعشوقەکەی لەگەڵ نامۆیەکی پیر و پەککەوتە، دەست لە ملدا بینیبێت کە وەك کۆلانگەڕانی نیوە شەو کەوا بەسەر بە تەنیشت دیوارێکدا ئەخزێن. بۆ ئەو شەو نەهاتنەوە و ڕەفتارە چاوەڕوان نەکراوەکانی شوە خۆشەویستەکەی کە هەندێك جار ئەگەشتە پارێزگاریکردنی نهێنی لە هەڵهاتوەکان لەدەست دەسەلات، تازە نەبو، بەڵام نەیزانی بۆچی ئەم جارەیان بە جارێکدا دڵی داکەوت. ئەیویست ڕاکات بە دوایدا و خۆی بئاڵێنێت لە داوێنی، بەڵام شەرمکردنی لە پیاوە نامۆکە ڕێگر بو. ڕوداوەکە بە تەواوی نائاسایی دەرئەکەوت. لە دەرگای



Scanned with CamScanner

سەرەوەی حەرەم دەنگی هاتووچۆ و لە هەیوانی حوجرەکەوە دەنگی قەرەباڵغیەکی نهێنی ئامێز و بێ پێشینە ئەهات. بەڵام ئەو ئەیتوانی چی بکات؟ نە مۆڵەتی ئەوەی هەبو بڕوات بۆ حوجرەکە و نە زاتی ئەوەشی ئەکرد بە شوێن مێردەکەیدا بەرەو دەرگای سەرەوە بڕوات. ئەبوایە دانی بە خۆیدا بگرتایە تا یەکێك لە پیاوەکان بهاتایە و ئاگاداری بکاتەوە لە ڕوداوەکە. لەوانەیە شەڕ ڕویدابێت. لەوانەیە لە کۆتاییدا مەغۆلەکان دیوارە پارێزەکانی شارەکەیان تێکشکاندبێت. خوا نەخواستە کوڕەکان لە حوجرە شتێکیان لێبەسەر نەهاتبێت.

پەرێشان و داماو مەمکی خستە دەمی بچوك و گەرمی ساوا شیوەنگێڕەکە کە نەئەزانرا ئەو دەنگە گیان خرۆشێن و نامرۆییە لە کوێی ئەو بونە بچوکەیەوە ئەهاتەدەرەوە. بیرینەکردەوە و دڵخۆشی خۆی ئەدایەوە کە لەوانەیە ئەم پیاوە، مەحکوم بێت بە کوشتن و پەنای هێنابێت بۆ خوداوەندگار، لەوانەشە هەڵهاتوی ژێر دەسەلاتی پاشایەك بێت و ئەویش وەك هەمیشە دەستی ڕزگارکردنی بۆ درێژ کردوە. هەمیشە دەستگیرۆیی داماوان خوی مێردەکەی و باوکی ئەویش بوە ئەم جارەش ئەگەر خوا بیەوێت ئەو پیاوە ئەگەیەنێتە شوێنێکی سەلامەت و خۆی وەك هەمیشە ڕازی و خۆشحاڵ لانی کەم تا بەرەبەریان ئەگەڕێتەوە. هاوشێوەی مرۆڤێکی دەگمەنی لەم شێوەیە ئەبێت بەشی خۆی لێبوردەیی بنوێنێت، ژنەکەی بەم خەیاڵەوە ئاسودە بو. بەڵام ئەو نەگەڕایەوە. نە بەرەبەریان و نە هیچ کاتێکیتریش. لەمەش خراپتر ئەوەبو کە هیچ کەسێك، تەنانەت کوڕەکانی و شێخ محەمەدیش–خزمەتکارەکەی–نەیانئەزانی چی لێبەسەرهاتوە. چەلەبی بەهائەدینیش چیرۆکێکی بۆ گێڕابویەوە کە بێ ئەندازە نامۆ و باوەڕ پێنەکراو ئەهاتە بەرچاو. هەر ڕۆژەش کەسێك لە ڕێوە ئەهات و چیرۆکێکی تازەی دەربارەی دیارنەمانی مێردە خۆشەویستەکەی ئەگێڕایەوە. خەڵکی جۆرەها ئەفسانەیان دەربارەی سیحر و جادو و جن و پەرییان لە کۆڵان و بازاڕ و



Scanned with CamScanner

حەمامەکاندا هەڵئەبەست. وەك بڵێی هەمو ئەهلی قونیە هەمو کار و ژیانی خۆیان وازلێهێنابو تا ئەفسانە هەڵبەستن دەربارەی شێخی ونبو. ئای خۆزگە ئەو شەوە نەفرەتیە شەرمی نەکردایە و بە شوێنیدا بڕۆشتایە و هەواڵی بزانیایە. ئارام و ئۆقرەی لەبەربڕابو. لە ڕوی خۆماکیەوە (غەریزە) ئەیزانی کە کوڕە گەورەکەی شتێکی لێئەشارێتەوە. ئەو ئارامتر لەوە دەرئەکەوت کە وەك ئەوانیتر باوەڕی کردبێت، باوکی لە ناکاو ونبوە. بە دڵنیاییەوە ئەیزانی باوکی لە کوێیە، بەڵام هیچی دەرنەئەبڕی. تەنیا لە وەڵامی پێداگریە یەك لە دوای یەکەکاندا ئەیوت: سەفەرێکی لەناکاوی بۆ هاتوەتە پێش کە ئەو نە ئامانج و نە شوێنەکەی نازانێت. هەمو ئەهلی حەرەم دڵیان بە حاڵی لاواز و بێقەراری هاوسەرەکەی ئەسوتا. لە ئەنجامدا عەلائەدین کە وەك دایکێك خۆشیئەویست پەیمانی پێدا نەگەڕێتەوە بۆ حەرەم تا نەزانێت باوکی لە کوێیە و چی لێبەسەرهاتوە. پاش چەند ڕۆژێك دیارنەمان، لە کۆتاییدا ماند و تەپوتۆزاوی هاتەوە و هەواڵی هێنایەوە کە باوکی لە ماڵە هاوینە هەواریەکەی موریدەکەی سەلاحەدینی زەرکوب لەگەڵ هاوڕێ پیرەکەیدا لە چلە نشینیدایە. بارودۆخی باش و سەلامەتە، بەڵام ئامادە نەبوە کەس ببینێت تەنانەت ئەو و وەك ئەوەی دیارە هیچ چارەیەك نیە بێجگە ئارامگرتن. لانی کەم ئەم چیرۆکە –ئەگەرچی سەیر و ئازاراوی– بەڵام جێی باوەڕ بو و بوە هۆی ئەوەی هاوسەرەکەی ئازار نەکێشێت بە دەست بێ خەبەریی تەواو یان گوێدان بە دەنگو هەراسانکەرەکانی خەڵکی کۆڵان و بازاڕ. لەگەڵ ئەوەشدا دەیان دەنگۆیتریش بەسەر زمانەوە بون، بەڵام ئەو هەوڵیدا تەنیا باوەڕ بە چیرۆکی کوڕە گەنجترەکەی بکات. هەمو ڕۆژێکیش بە چاوی خوێنینەوە داوای لێئەکرد کە ڕێکخستنێك بکات تا ئەو خۆی بگەیەنێتە پشت دەرگای خەڵوەتگای مێردەکەی لەگەڵ ئەو نامۆیەدا کە ئەیانوت ((تەورێزی))ە و خۆی بە تایبەتی دڵنیاببێتەوە لە زیندویی و لەشساغێتی. نەیئەتوانی دەست بخاتە ناو دەست و

هەر لەوێ دانیشێت و گوێبگرێت لە دەنگوی شێتبونی ئەو مێردەی کە ئەیپەرست و هیچ ورتەی لە دەم نەیەتە دەرەوە. بەڵام کوڕە گەورەترەکەی کە وەك بڵێیت تاکە کەس بو پاش موریدە پیرەکەی -واتە خاوەن ماڵ- مۆڵەتی ئاموشۆی ئەوێی هەبو، پێی وت: کارێکی لەو شێوەیە مەحاڵە. تا کاتێك خودی خۆی مۆڵەت نەدات کەس بۆی نیە بچێتە ئەوێ. بەبیستنی ئەم وتەیەناخی دڵیەوە هەستی بە سوکایەتی پێکردن کرد. دەنگێك پێیئەوت ئەبێت توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکی نەمابێت کە ئەوێرن بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن.

ئیش و کاری بو بوە شیوەن و گریان و ئارەزوی مردنی ئەکرد و ساوا شیرەخۆرەکەی سپاردبو بە دایەن و کچە گەنجەکەی. تەنیا ئەگریا و پرسیاری لە دەرگانەی خواوەند ئەوەبو کە کام نەزانکاری بوەتەهۆی ئەوەی بەڵایەکی لەو شێوەیە دابارێت بەسەر ماڵەکەیدا. خۆ ئەو لەگەڵ باش و خراپ و کەم و زیادی ئەو ماڵەدا هەڵیکردبو. ئەو خۆ پاش خوا مێردەکەی ئەپەرست. خۆ ئەو بێجگە لە ئابرو داوای هیچ شتێکی لە خوا نەکردبو. ئەی ئەمە چ بەڵایەکە؟ چ بێ ئابروییەکە؟ بۆچی تەپڵی رسوایی بنەماڵەکەیان لە بازاردا لێئەدەن؟ بۆچی خەڵکی لە وەحی زیاتر باوەڕیان بە شێتبونی لە ناکاوی مێردەکەی هەیە؟ بۆچی مێردەکەی ئەوی لە کەسانیتر هەڵاوێرتە نەکردوە و رێگەی چونە ناو خەڵوەتەکەی پێنەداوە؟ تەنانەت بە باشییش لە هەواڵی نەپرسیوە؟ ئای خۆزگە ئەمرد. خۆزگە هەر ئەو رۆژە بمردایە کە خەریکبو لە زۆریی ئازاری منداڵبوندا هەمو گیانی لەیەك ببێتەوە. ئەو رۆژەی کە هەمو جەستەی بوە بوە دەم و هاواری ئەکرد، بەڵام ماق رەوای ئازارەکەی نەئەدرا. ئای ئەو ئازارە چەند هیچ بو لە چاو ئەم ئازارەدا. بەڕاستی خۆزگە ئەو رۆژە مردبا و رۆژێکی لەم شێوەی نەدیبا. ئەو و شێخ بەیەکەوە شەش منداڵیان هەبو کە ئەبوایە پێبگەیەنرایان. ئێستا ئەو بە دو منداڵی شیرەخۆرە و دنیایەك ژنی پیر و پەککەوتەوە کە چاویان بڕیبوە دەستی ئەو، لەو



Scanned with CamScanner

بێکەسی و بێئابڕوییەدا، بە سەرپەرشتێکی بێئاگاوە کە ئەیانوت شێت بوە، لەو شارە وێرانەدا ئەبێت چی بکردایە؟ ئای خۆزگە هیچ کاتێك هاوسەرگیری نەکردایەتەوە. بەڵام نا! ئەگەر ڕۆژی سەد جاریش سوپاسی خوای بکردایە لەسەر سایەی بەرز و باشیەکانی ئەو، هێشتا کەم بو. هەر هەناسەیەکی ئامێتەی هەزار سوپاس بو. مەگەر سوپاسگوزاری لەسەر نیعمەت هۆکاری زیادبونی نیە؟ ئەی بۆچی ئەو بەڵایەی بەسەردا هاتبو؟ کەی ئەو سەردەمە ئەهات کە ئابڕوی بابردوی بگێڕێتەوە؟ هەشت هەفتە بەسەر ئەو شەوە نەفرەتیەدا تێئەپەڕی کە سێبەری داخزراوی بۆ کۆتا جار بە دیوارەکەوە بینیبو. ئەگەرچی کوڕە گەورەکەی هەواڵی تەندروستی خوداوەندگاری ئەهێنایەوە، بەڵام هیچ دەستنوس یان پەیامێك لە ئارادا نەبو کە گەواهی بێت لەسەر تەندروستی مێردەکەی. لەوانەیە خەڵك ڕاستیاننەکرد. لەوانەیە نامۆکە ئەوی کەسن کردبێت. ئەیانوت ئەم نامۆیە ئەتوانێت لە چاوتروکانێکدا ئاگر بەرداتە هەر شتێك کە ئەیەوێت، ئەتوانێ بە هەوادا بفڕێت، لە جەستەی خۆی دەربچێت، لە یەك کاتدا لە چەند شوێنێکدا بێت و لە ناکاو غەیب ببێتەوە. نەوەك جەلالەدینە خۆشەویست و بەسۆز و ڕەفتارشیرینەکەی کە هیچ کاتێك بە ئەو و هەمو کەسێکی لە گوڵ ناسکتر نەوتبو و سەرەڕای ئەو هەمو گەورەیی و گەورەزادەیی وناوبانگ و خۆشەویستیەی، لە ماڵ و حەرەمدا لەگەڵ ئەو و منداڵەکاندا بەو هەموە لە خۆبوردەیی و عەشق و نەرموناسکیەوە ڕەفتاری ئەکرد، ئێستا تەلیسمی لێکرابێت، لە بیچم و شێوەی ئینسانی دەرچوبێت؟ ئەگینا چۆن ئەیتوانی کیراخاتون: نازدار و نور و ڕۆشنایی ماڵەکەی، مەلیکە خاتون:ساوا بچکۆلانەکەی کە هەمیشە ئەیوت لە باوەشگرتنی خەم و ماندوێتی لە گیانم دەرئەکات و هەمو ئەوانیتر هەشت هەفتە بێ هەواڵ جێبهێڵێت؟ لە ڕاستیدا ئەبێت جادویەکی ڕەش لە کاردا بێت. ئەگەر وابێت تۆڵەی خۆی لەو نامۆیە ئەکاتەوە. ئەگەر هەمو موەکانی لاشەی ببنە ماری دوسەر و



Scanned with CamScanner

نامۆکە بگەڕن، لە تۆڵەکردنەوە تێرنابێت. چیتر تەنانەت ئاوی چاوی داهاتبو تا بتوانێت فرمێسکیش بڕێژێت. بێچارە دانیشتبو و وردبوبویەوە لە خاڵێك.

هەفتە گەلێك تێپەڕی و بێجگە زۆربونی لە ڕادەبەدەری ئەفسانە زارەکی و دەنگۆ شەرمهێنەرەکان، هیچ گۆڕانکارییەك ڕوینەدا. شێخ جەلالەدین محەمەد بەڵخی نە مۆڵەتی بینینی بە هاوڕێکانی ئەدا، نە بە مورید، نە بە خێزان و نە بە گەورە و زاناکانی شار کە زۆریش پێداگربون لە سەر بینینی. ئەو و نامۆکە لە ژورێکی دەرگا داخراو لە ماڵی سەلاحەدینی زەرکوبدا ڕۆشتبونە خەڵوەت و بێجگە خاوەن ماڵ و کوڕە گەورەکەی شێخ هیچ کەسێك مافی تێپەڕینیشی نەبو بەبەر دەرگاکەشیاندا. ئەگەر ئەم گۆڕانە تەنانەت بەسەر فەقێیەکی لادێیی تازە پێگرتوشدا بهاتبا کە لە ناکاو لە نزیکانی دور بکەوتایەوە و لە خەڵوەتێکی نهێنی ئامێزدا لەگەڵ ئاوارەیەکی کافری نەناسراودا هاوڕێکانی بە سوکایەتیەوە لە خۆی دورخستایەوە، شار ئەخرۆشا، تا چ بگات بە کوڕە نازەنینەکەیسوڵتان وەلەدی بەڵخی، جەلالەدین محەمەد مەولای زانا، خۆشەویستی دڵانی ویلایەتی ڕۆم و شێخ و مەلا و موفتی قونیە کە بو بوە دیلی نامۆیەکی بێ شوناس کە هیچ نیشانێکی لێنەزانرا بێجگە لە دوکانێك لە بازاڕی شەکر فرۆشان کە هیچ کاڵایەکی بەنرخی تێدانەبو، بەڵام تەنیا قوفڵێکی گرانبەهای پێوەبو و هەر ئەمە گومانی هەموانی بەرامبەر بە ئەو زیادئەکرد. تەنیا بە خاوەن دوکانەکەی وتبو بازرگانێکی هەڵشکاوە و لە تەبرێزەوە هاتوە. خۆراسانیەکانی قونیە کە لە لایەنگر و پارێزەرانی سوڵتانولعولەما بون و مایەی شانازیان، ناوبانگ و خۆشەویستی زانای گەشتکردوی خۆراسانی و کوڕەکەی بو کە بەهۆی دژایەتیکردنی کارەبەدەستە خوارەزم شاهیەکان و هەردەگێڵە مەغۆلەکانەوە بێ گوێدان بە ماڵ و پێگە و پلەوپایە بە شوێن حەق و ڕاستیدا وێڵبون تا گەشتبونە ئەوێ، لە هەموان زیاتر خوێنیان خرۆشابو، بە تایبەت کە بەسەر زمانی ڕەشەخەڵکەوە باو بو کە چلە

نشینی و موریدی کردنی کوڕەکەی بەهائەدین وەلەدی بەلخی، مەولای خەلکی کە ئەو هەموە جێی شانازی خۆراسانیەکان بو لە پەککەوتەیەکی تەوریزی کە هیچ کەسێك ڕەگ و ڕەچەلەکی نازانێت، واتە پەیرەوی خاکی خۆراسان لە خاکی تەبریز کە لە بەرامبەر خۆراساندا شارەدێیەك زیاتر نیە و هەر ئەمە بو بوە زەمینەیەك تا هەر کاتێك باسی نامۆکە لە مزگەوت و مەجلیسەکاندا بکرایە -کە هەمیشەش ئەکرا- هەمو خۆراسانیەکان دەست لەسەر کێلانی شمشێر کوڵ و کەفیان بەرزئەبویەوە و هەراوهوریایەك بەرپا ئەبو و ئەگەر ئەو کەمە پاشماوەی خۆشەویستی و ڕێزەیان بەرامبەر بە بنەماڵەی خوداوەندگار نەبوایە و ئەوەش کە هەر یەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان قەرزاری ئەو بنەماڵەبون، ئەوا ڕسواییەکیان بەسەر ئەو خەلوەتگەیەدا ئەهێنا.

با پایزیەکان بەرە بەرە دلگیر ئەبون. ئەو دۆزەخەی ناوی هاوین بو کۆتایی هاتبو. بلاوبونەوەی نەخۆشی بەهۆی گەرمای بەهێز و هەواڵی ترسناك لە نیشتەجێبونی سەربازە خوێنخۆرەکانی مەغۆل لە پشت دەروازەکانی ڕۆمەوە، ئۆقرەی لەبەر خەلکی بڕیبو. بەتایبەت کوشتاری بێ بنەمای خەلك و دەسیسە لە دەرباری نیوەگیانی سەلجوقیەکانی ڕۆم و لاوازی و فەسادی و هەرزەیی دەرباریەکان، زەمینەی خۆشکردبو بۆ ئەم شکستە مسۆگەرە لەبەرامبەر مەغۆلەکاندا. خەلکیی سێبەری گەلێکی وەحشی، بێ دین، بێ کلتور و بێسۆزیان بەسەر سەریانەوە هەستپێئەکرد کە لە گوێ و چاوی خەلکی شارەکانی ئێران تەپۆلکەیان دروستکردبو و بیستنی ناویان خوێنی لە دەمارەکاندا وشك ئەکرد. ئەم دەستدرێژیکارانە خۆیان بانگەشەیان ئەکرد کە لە پەیڕەوانی شەیتانن و هاتون تا زەوی لە پیسی و چەپەلی ئەم خەلکە زۆر و بێهودە پاك بکەنەوە. واژەی تاوان نە مانایەکی هەبو بۆیان و نە پێیان خراپبو و نە هەستیشیان بە ڕێگری ئەکرد بۆ کردنی. بە کوشتن و تالان و دەستدرێژیەوە ژیابون، ئەمانە

بەشێك بو لە ژیانی ڕۆژانەیان و مایەی شانازیان. گەلێك كە كۆمەڵێكیان هیندستانیان تاڵانكردبو و ئاگربارانیان كردبو و كۆمەڵێكیتریان ئێرانیان لەگەڵ زەویدا یەكسان كردبو و لەبەرئەوەی دەستمایەیەك یان شوێنێك نەمابو بۆ تاڵانكردن، ئێستا لە پشت دەروازەكانی ئەرزەڕۆمەوە چاوەڕوانی هەلێكی گونجاوبون. ئەگەرچی سالآنێك بو ئەم ترسە باڵی كێشابو بەسەر گیانی خەڵكی سەردەمەكەدا، بەلآم قونیەییەكان تایبەتمەندیەكیان لە خەڵكانیتر زیاتر بو و ئەویش بونی ئەم باوك و كوڕە زانا و بە ڕەوشتە بو كە لە پاش وتاری هەمو نوێژێك بە حیكمەتی لە بن نەهاتویان ئارامیان ئەبەخشی بە خەڵكەكە. سەردەمانێكی زۆر پێشتر لە ڕۆژگاری ئەمان،لە هەمو مینبەرەكانی قونیەدا باسی سزا ترسناك و تۆقێنەرەكانی ناو گۆڕ و سزادانی تاوانباران لە دۆزەخدا شتێكی ئاسایی بو و دەم بە دەم لە مەجلیسەكاندا ئەگێڕایەوە. وتاربێژەكان نەخۆش ئاسا چێژیان لە ترساندنی باوەڕداران وەرئەگرت و هەمیشە ڕێژەی سودی خراپ وەرگرتن لە ئایەت و ڕیوایەتەكان بۆ زیاتر ترساندن و هێنانەپێشچاوی دیمەنی ترسناك و تۆقێنەر زیادئەكرد و هەرچەندە چاوی نەزان خەڵكەكە زیاتر ئەبڵەق ببوایە و دەمیان وشكتر ببوایە، سروشتی ئەوان زیاتر گوڵی ئەگرت و تا چەند كەسێك نەعرەتەیان لێ بەرز نەبوایەتەوە و لە ترساندا بێهۆش نەكەوتنایە دەستیان هەڵنەئەگرت و هەرچەندە ڕێژەی ئەم لە هۆش خۆ چونانە زیاتر ببوایە، ناوبانگی ئەو وتاربێژە زیاتری ئەكرد. تەنیا ئەم خاڵە لای كەس زانراو نەبو كە چۆن هەر ئەو مسوڵمانە ترساوانە لە كاتی نێوان نوێژەكاندا هەر وا بە ئاسانی توشی هەمان ئەو گوناهانە ئەبونەوە كە سزاكەیان زۆر بە باشی ئەزانی. لە سەردەمی بەهاء وەلەدی بەڵخی و جەلالەدینی كوڕیەوە خەڵكی بینەری شێوازێكی تازەی وتاردان بون كە هەمیشە مژدەدەر و سەرڕێژ بو لە چیرۆكی پەندئامێز و بۆ یەكەمین جار لە مێژوی مزگەوتەكانی قونیەدا سود لە شیعری جوان و چیرۆكی

سەرنجڕاكێش و ئەدیبانە وەرگیرا. ئەم جۆرە لە ڕێنمایی و وتاربێژیە ئەگەرچی لە ئێراندا، بەر لە هێرشی گەلە توركەكان باو و ئاشنابو، بەڵام لە قونیەی تازە مسوڵماندا بە بیدعەیەكی دڵگیر تەماشانەكرا. بۆ قونیەییەكان، لە سەرباز و گەورەپیاوەوە بیگرە تا نەزان خەڵكەكە ئیتر هەر لە پیاو و ژن و پیر و گەنجەوە تا جوتیار و كاسب و پیشەدار، دانیشتن لە مەجلیسی وتاری ئەم باوك و كوڕەدا بە مانای دامركانەوەی هەمو ئازارە ڕۆژانەییەكان و ڕزگاربون بو لە ترس و نیگەرانیەكان و هاندەرێك بو بۆ ڕزگاربون لە دەست ڕق و كینە و گرفتاریە ڕۆژانەییەكانیتر. ئەفسوس كە لەو هاوینەدا خەڵكی بێبەشبون لە بیستنی وتارە دڵگەشكەرەوە و ئارامی بەخشەكانی وتاربێژەكەیان و لەوانەش بو ئەبوایە بەرە بەرە دەستی ئومێدیان لێبشۆردایە. هەندێك جار بە چوتەچوتەوە ئەیانوت: (گاڵتە نیە، شێخ شەیدا بوە.) ئەمە ناسكترین شیكردنەوەی خەڵكبو لە حاڵ و باری شێخ، بەڵام بۆشایی حزوریوەك داخی دڵی دایكی كوڕ مردو، شارەكەی ئەسوتاند. لەگەڵ ئەوەشدا كە چەند ڕۆژێك بو دەرگای لەسەر خەڵوەتەكەی كردبوە و مۆڵەتی دیداری بە هەندێك لە هاوڕێ و موریدە نائارامەكانی دابو، بەڵام هەر كەسێك گەزێك ڕۆشتبوە پێش، سەد گەز گەڕابوەوە دواوە. موراد و شێخەكەیان چیتر ئەوە نەبو كە هەبو. ئەو چیتر ئەو مامۆستایە نەبو كە مورید و زانستخوازەكانی بە وتەی پڕ تاقەت و حیكمەتە ئیلاهیەكەی سەرسام و تینوی زیاتری زانیاری ئەكرد، ئامۆژیارێك كە لەوجودی،شانوشكۆ و گەورەیی زانست و ئەقڵ و حەكیمی،ئەباری. ئەو لە ناكاو بو بوە منداڵێكی قوتابخانە، قوتابی قەلەندەرێكی بوێر كە ناسازگاری و ڕوداری و عادەشت شكێنی لە سەروسیمای ئەباری، پچڕ پچڕ و بێ مانا قسەی ئەكرد، بە ڕوداریەوە قسەی ئەكرد و دەمی ئەبرد بۆ مەبەستە توند و زیرەكان و قسەكانی ئەگەر سەرڕێژ نەبوایە لە بەگاڵتە تەماشاكردنی خەڵك یان دەم پیسی بەرامبەر بە خەڵكی و بە سوك زانینیان كە لە دیدگای ئەوەوە هەتا بڵێی نەزان



Scanned with CamScanner

بون، لانی کەم ئاماژەیەك بو بۆ نەزانی و گەمژەیی و بێ ئەقڵی مرۆڤ و خۆشی بە درینی پەردەی ئەقڵ و هانابردن بۆ تار و ڕوباب و جەزبە و شۆڕ و شەوق و سەما و سەماعەوە سەرگەرمبو. کارێکی زۆر دژوار ڕویدابو. زانستخوازەکان کە زۆرینەیان هیچ تێگەشتنێکیان نەبو لەم مانا تازە و (گوناهاویان)ە، زۆر ترسابون. ئەمە ئیتر نەئەکرا کاری سیحر و جادوش بێت. شەیتان دەستی لە ناودا بو، خودی شەیتان. ئەبوایە بیری لە چارەیەك بکردایەتەوە.

شێخ سەرەڕای پێداگری موریدەکانی، بڕیاری یەکلاییکەرەوەی دابو کە بە یەکجاری واز لە مەجلیسی ئامۆژگاری و وانەوتنەوە بێنێت. هەر ئەو بڵێسەی کە ئەیانوت لە چاوەکانیدا ئەدرەوشێتەوە، بۆ هەموانی دەرخستبو کە هیچ چارەیەکیان نیە بێجگە لە قبولکردنی بارە پێشهاتوەکە، ئەگینا ئەبوایە پشتیان لێبکردایە و مۆری دڵنیاییان بدایە لە حوکمی شێت بونی. لە گرۆی گەورەی لایەنگرەکانی، هەندێك لە قوتابیە وشکەڕۆ و بێزارەکان لە ((بیدعە داهێنان)) بەرەو مەجلیسەکانیتر کشان و هەندێك جاریش پێداگریان ئەکرد لەسەر دەمەقاڵێ. یەکێك لەمانەش کوڕە گەنجترەکەی شێخ عەلائەدین محەمەد بو کە زۆر شڵەژاو دەرئەکەوت. بە پێچەوانەی ئەوەوە کوڕە گەورەکەی و زۆرێکیتر ئارامییان کردبوە پیشە و لەو باوەڕەدابون کە ئەم گۆڕانکاریە دەرونیە ناکرێت هەمیشەیی بێت، بەم زوانە نامۆکە ئەڕوات بە ڕێی خۆیەوە و شێخ ئەقڵ ئەگەڕێتەوە سەری. لەناو لایەنگرانی ئاستی باڵای شاردا، ئەوانەی کە لە بارودۆخەکەی تێنەگەشتن، ڕۆشتن بونە هاوسەنگەری حەسود و ڕکابەرەکانی و نەوتیان کرد بەسەر ئاگری شێت بونیدا و ئەوانەی کە کەمە شتێکیان ئەزانی و هێشتا باوەڕیان پێیبو، مانەوە و لە قوتابخانە تازەکەی کەڵکی شیرین و تازەیان وەرگرت. بەڵام خودی شێخ هەمو ئەمانەی هیچ بە گرنگ نەئەزانی. ئەو پاش ساڵانێك گەڕان، ونبوەکەی دۆزیبوەوە



Scanned with CamScanner

و هیچ باکێکی نەبو بەوەی کە لە دەرەوەی خەڵوەتی ئەو و مەعشوقەکەیدا ڕویئەدا.

ئەو ڕۆژە لە حەرەم هەراوهوریایەک هەڵگیرسابو. پاش سێ مانگ و کەمێک لە نەبون و بێ هەواڵیی گیانسوتێن، حەزرەتی خوداوەندگار نێرراوێکی ناردبو کە سبەینێ نزیکانی خۆی هەر لە خەڵوەتگەکەی خۆی لە ماڵی سەلاحەدینی زەرکوب ئەبینێت. ماڵەکە لە گوندی کامله -زادگای سەلاحەدین- و لە دەوروبەری قونیەدا بو. لەگەڵ ئەوەدا کە سەرەتای پایز بو و هەوا تەنانەت لە قونیەش سارد بو، هەمو ئەهلی حەرەم -لە مامی پیرەوە تا مەلیکە خاتون- کەوتنە ڕێ بۆ ئەو گوندە هەوارییە. هیچ کەسێك چیتر لەوە زیاتر بەرگەی فیراقی گەورە، سەید و مەولای ماڵەکەی نەبو. کیراخاتون بە درێژایی شەو لە ژێر ڕۆشنایی وەهمهێنەری چراکاندا وردبو بویەوە لە دارەڕای سەقفەکە و باری ئەو ئازارەی هەڵئەسەنگاند کە چەشتبوی. هەموان ئەیانوت ئەم سێ مانگەی وەك بیست ساڵ تێپەڕاندوە و پیری کردوە. خۆزگە تەنیا خەمی دوری کە ئەو جارێکیتریش بەرگەی گرتبو ژیانی ڕەش کردبا. ئەڵبەتە نەبونی مێردەکەی، ئەو و ژیانەکەی بە تەواوی وێران کردبو، بەڵام لە هەمو شتێك زیاتر ترسی ئەو لە داهاتوی ڕۆڵەکانی بو کە ئازاری ئەدا. ئەو کە هەرگیز نەیئەویست ئەمیری عالەم و مەلیکە خاتونەکەی بداتە دەست دایەن، بەهۆی وشکی ڕۆح و گیانیەوە، توشی وشکی شیریش بویەوە و بە ناچاری هانای بۆ دایەن برد. هەرکاتێکیش چاوی بە قەد و باڵای کیمیا خاتون -کیژی نازدار، جوان و گەنجی ئەکەوت کە وەختەشوی بو، خوێن لە چاوانی ئەباری. بەو دەنگۆیانەی کە لە شاردا بڵاوبوبویەوە، چیتر لە کوێ ئەیتوانی مێردێکی گونجاو بۆ نازدارە ئازیزە بەرزەفرەکەی هەڵبژێرێت؟ چەند بێئاگا لە تۆفانی چارەنوس پەیمانی شازادەیەکی ئازای دابو بەو خونچە پشکوتوە. هاتبوە ماڵی مێردەکەی تا ڕۆڵەکانی لە ژێر سێبەری باوکدا پەروەردە بکات. چ نەجیبزادەیەك کچی ماڵێکی

ئەمێنا کە خاوەنەکەی هێندەی بەندەیەکی ڕەشپێست، ئەڵقە لە گوێی نامۆیەکی پوزەوانە لە پێ و پوڕەشی عام و خاس بو. لە لایەکیترەوە کاتێك ئەیبینی سەرەڕای هەوڵە سەرکەوتوەکانی ئەم دواییەی بۆ بەدیهێنانی لە یەك تێگەشتن لە نێوان دو کوڕەکە گەورەترەکەی خوداوەندگاردا، جیاکاری باوکیان کە ڕێگەی یەکێکیانی ئەدا بچێتە خەڵوەتەکەیەوە و ڕێگەی بەویتریان نەئەدا، زامی دوژمنایەتی لەنێوانیاندا خوێناویتر کردوە، چیتر ئەیزانی توانای بەڕێوەبردنی ئەو خێزانە لێکترازاو و بێسەپەرشتەی نیە. بە لەبەرچاونەگرتنی کێشە لە ڕادەبەرەکان کە ئەو هەموە ژنە بەساڵاچو و پەرێشانانە لە حەرەمدا بەدیانهێنابو و ئەو دەنگۆیانەی کە هەمو ڕۆژێك ئەگەشتەوە گوێیان، بەدەست کەمی خۆراك و پارەشەوە ئەیناڵاند کە لە پێشهاتەکانی نەبونی سەرپەرشت و بژێوی پەیداکەری خێزانەکەوە بو. لەگەڵ ئەمەشدا سەیربو کە عەشق و باوەڕ بەو پیاوە بە شێوەیەك بە ناخیدا ڕۆچوبو کە زویری زاڵنەبوبو بەسەر دڵیدا، تەنیا ترسی لە سەرەتای دیداریان بو کە نەیئەزانی لە ناو کۆمەڵی دۆستاندا چۆن بەرگەی بگرێت.
حەزینەئەکرد پاش ئەو هەموە دابڕانە، ئەو لە ماڵی بێگانەیەکدا، لە ژێر نیگا سوسەکارەکانی خەڵکانیتردا ببینێت. بەم دڵ و دەرونە ماندو و بێ چارەوە و چەندین مانگ تەنیایی و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ کێشەکان و ئازاری بەرگەگرتنی بێ هاوسۆزی و ڕسوایی کە لەناکاو بە هاتنی ئەو نامۆیە وەك بومەلەرزە بناغەی ژیانی ئەو و منداڵەکانی هێنابوە لەرزە، پێی باش بو خۆشەویستە هەڵهاتوەکەی لە تەنیاییدا ببینێت، سەر بخاتە سەر شانەکانی و هەمو فرمێسکەکانی تەنیا بباریێنێت بەسەر گەردنی ئەودا. چسودێکی ئەبینی لەبەیەکگەشتنی ناو بێگانە و کۆڵانگەڕ و فزوڵ و حەسودان. ئەوی لەناو ژورەکەی خۆیدا ئەویست و تاسەی ئەوەیبو خۆی بدات بەسەر پێکانیدا. هەزار ماچی هەر سەر پەنجەیەکی بکات و لێی بپاڕێتەوە کە چیتر هەرگیز بەو شێوەیە لێی

دورنەکەوێتەوە. ئەیویست حیجاب هەڵگرێت و سنگی خۆرەتاوی و پەلکە تازە سپی بو و پێستە بە ئێسقانەوە لکاوەکەی ڕوتکاتەوە تا خۆشەویستەکەی بزانێت دوری ئەو چی لێکردوە. بۆ ئەبێت بڕوات بۆ ئەو خەڵوەتگایە و لە نزیکەوە توانەوەی هێواش هێواشی خۆشەویستەکەی —سەر لە داوێنی ئەو کاوڵیە پیرە— ببینێت و لە ترسی ئابڕو فزەی لێوە نەیەت؟ بەڵام ئۆقرەی نەبو. سەدان موریدی سوسەکار و فزوڵیش شەو و ڕۆژ لە پشت دیواری ماڵەکەیەوە چاوەڕوانی هەواڵ بون و بە هاواری هەزار شیکردنەوە و گێڕانەوە و چیرۆك، فویان ئەکرد بە ڕێگریکردنیدا بۆ بەرێکەوتن لەگەڵ کاروانەکەی حەرەمدا. مەگەر پیرۆزترین باوەڕی ژیانی ئابڕوداری نەبو؟ و ئەگەر ئەم باوەڕەی نەبوایە، ئایا ئەبوە بوکی کەژاوەی ئەم شێخە سەودایییە؟ هەر ئەم دڵەڕاوکانە بو کە پاش مردنی مێردەکەی —بێ نیاز لە دنیا و ئەوەشی تێیدایە— ڕازیکردبو بە هاوسەرگیری کردنەوە لەگەڵ مەلای نەجیبزادەی قونیەدا کە جارێکیان لە مەجلیسی گورجی خاتوندا —هاوڕێ و هاودەمی دێرینی— سەرسام بو بو بە قسەکانی. بە ڕاستی پیاو بۆ خوا قسەبکات ئەویش هەر وابو کە دەرنەکەوت. ئەسڵەن لە ڕاستیدا تەنیا ڕاستگۆیی وتەکانی بو کە سیحری لە ڕۆحەکان ئەکرد. ئێستا بە یەکجاری کۆشکی بەرزی، ئابڕو و شەرەف و ناوبانگی وێران بو بو و هەموان بە چاوی خێزانێکی بێچارەی پیاوێکی شەیداییەوە سەیری خێزانەکەیان ئەکرد، تا ڕادەیەك کە هیچ یەکێك لە ئەهلی حەرەم لە ترسی تیر و تانەی تانەدەران نەئەڕۆشتن بۆ کۆڵان و بازاڕ و تەنانەت حەمام و هەموان لەو سەرمایەدا بەو حەمامە سارد و کاتیەی ماڵەوە ڕازیبون کە ڕۆژانە تەنیا بەشی خۆشتنە پێویستەکانی ئەکرد. تەنانەت کڕینی کەمە شتە پێویستەکانی ماڵیش شێخ محەمەد —خزمەتکاری حوجرەکە— ئەنجامینەدا کە خۆشی دڵ پڕ لەخوێن و چاو پڕ فرمێسك بو و ئەگەر کەس بوێری دەمشڕی کردنی نەبو بەرامبەری، لەبەرئەوەبو کە لە گڕوتینی غیرەتی ئەترسان بەرامبەر بە



Scanned with CamScanner

بنەماڵەی شێخ کە ئەیتوانی خوێن برێژێت، ئەگینا هەر یەك لە کەسە نزیکەکانیتر، چەند جارێك دەستەویەخە بو بون.

لەگەڵ هەمو ئەمەدا بیرکردنەوە و ڕۆچون نەیگەیاندە هیچ کوێیەك، لە کۆتاییدا ڕۆژ بویەوە و لەگەڵ کاروانی گەورەی سەردانکەرانی حەرەمدا لەگەڵ کزەی نەفەس بڕی پایزیدا بەرەو خۆشەویستە هەڵهاتوەکەی بەڕێکەوت. زۆری نەمابو بۆ نیوەڕۆ گەشتنە نزیك ژوانگە. سەلاحەدینی زەرکوب و ژنەکەی لەتیفە خاتون و کچەکانی فاتیمە و هەدیە خاتون بە پێ لە ڕێگەی تەپۆلکەی لادێکەوە هاتبون بۆ پێشوازیان. ڕوخساری سادە و دۆستانە و بە خۆرەتاو سوتاوی خاوەن ماڵ کە هەڵبەت بەهۆی هاتووچۆی بەردەوامیەوە بوە لەم ڕۆژانەدا لە ڕێگەی لادێکەوە بۆ بازاڕی قونیە و کوڵمە گوڵیەکانی کچەکانی کە لە شۆڕ و شەوقدا سوربوبونەوە و ڕوی کراوە و پێشوازیی گەرموگوڕی ژنەکەی بە دەنگی بەرز و لەهجە تۆخە لادێییەکەیەوە، ماندوێتی هەموانی لەو ناڕەحەتیەی بڕیاربو ببینن نەهێشت و دڵگەرمی و ئارامی پێبەخشین. بە درێژایی ڕێگەکە هەموان لە مێشکیاندا نامۆترین دیمەنیان وێناکردبو کە وایانئەزانی ڕوبەڕوی ئەبنەوە. سوپاس بۆ خوا پێشوازی سادە و گەرموگوڕی خێزانی زەرکوب پێشهاتێکی دڵخۆشکەر بو کە گوشاری ڕۆحی کاروانە ڕاڕا و ماندوەکەی کەمکردەوە. جادو و جادوکەر و نەفرەت و تەلیسم نەئەکرا کاری ئەم خەڵکە کوڵم گەشانە بێت. ئەگەر گوێت گرتبا دەنگی هەناسەی ئاسودەت ئەبیست. لەگەڵ ئەوەدا کە هەوا سارد بو، بەڵام خۆرەتاوی گەرم و ڕۆشن لە شینایی قوڵی ئاسماندا، هاوڕێ لەگەڵ بن ماوەی خەرمانە زێڕینەکانی گەنم و جۆدا دەست لە ناو دەستی ڕەنگە پڕ ئەفسونە پایزیەکان هۆکارێك بون بۆ لەناوچونی ژەنگی بیرەوەریەکانی شار و هەموان تاسەمەند و خرۆشاو ئامادەی بینینەوەی تازەی یارە دێرینەکەیان بون. ڕێکەوتێکی چاوەڕوان نەکراویتر کە هەموانی خۆشحاڵکرد ئەوەبو کە خوداوەندگار خۆی بە تەنیا و بێ



Scanned with CamScanner

پیرەپیاوە نامۆکە لە بەردەم دەروازەی چونەژورەوەی باخەکەدا چاوەڕوانی بینینیان بو. کە ئەمە بە پێچەوانەی هەمو ئەو دەنگۆیانەوەبو کە بیستبویان. کاروانیەکان لە پێشەوە ئاگادار کرابونەوە کە ئەبێت لەم دیدارەدا بە ئەدەبەوە بەرگەی حزوری نامۆکە بگرن. لەبەرئەوەی خوداوەندگار بۆ یەك چرکەش لێی دورنەئەکەوتەوە و ناتوانێت بەرگەی هیچ ئاماژەیەکی خۆشحالکەر یان ناخۆشحالکەر بێت بەرامبەر بە ئەو و هەمو ڕوداوەکە.

بەڵام ئەو لەوێ بە تەنیایی وەستابو و لەناو کاروانەکەدا ئاگاداری کیراخاتون بو کە هەموان ئاگاداری هەمو خەم و ناڕەحەتیەکانی بون و سوسەیان بو کە چی ڕوئەدات. تەنانەت لە دیدی ژنەکانی حەرەمیشەوە، ئەو ستەملێکراوترین قوربانی کارەساتەکە بو و ئێستا کە تەنیا بون، بە دڵنیاییەوە کیرای جوان گلەیی و بناشتی هەبو و سەرزەنشت و سەرکۆنە بەرۆکی یاری ستەمکاریان ئەگرت. بابەتێکیتر لە چاوەکان شاراوە نەبو، ئەوەبو کە بە پێچەوانەی دەنگۆکانەوە و لەوپەڕی سەرسوڕماندا، خوداوەندگاریان بە گەنجی، سەربەرز و خۆشبەختیەوە بینی و بە خەرمانەیەك لە خۆشبەختی ڕەهاوە کە شەوقێکی تازەی بەخشیبو بە ڕوخساری گەنمرەنگ و خۆراسانیی. چەند هەنگاوێك هاتە پێشەوە بۆ پێشوازی کاروانەکە و هەر لەو سەرەتاوە بە ڕوخسار و دەنگی چوست و چالاکەوە دەستیکرد بە پێشوازی و خۆشهاتنی گەرموگوڕ و شادی بەخش و ڕاستگۆیانە. هیچ یەکێك لە جوڵەکانی لە مرۆڤێکی سیحرلێکراو یان ئەفسون لێکراو نەئەچو. چەند کەسێك لە ژێر لێوەوە دەستیانکرد بە خوێندنی ویردی شوکر و ئەوانیتر بە چاوی ئەبڵەق و دەمی داچەقاوەوە وشك بو بون. وەك ئەوەی دیاربو لەوەی کە هیچ نیشانەیەکی نامۆیان لە ڕوخسار و ڕەفتاریدا نەئەبینی، کەمێك نائومێدیش بو بون. بە تاسەیەکی دیار و باوکانەوە منداڵەکانی لە باوەشیدا گوشی و وردبویەوە لە قەد و باڵایان و دەستیکرد بە قسەخۆشی و گاڵتەوگەپ کردن لەگەڵ هەریەکە

لە ژنەکانی حەرەمدا. وەك بڵێی هیچ ڕووینەدابو و دوێنێ بوە لێیان دورکەوتوەتەوە. مامی پیر لە توڕەیی زۆردا سەرەلەرزەکەی زیاتر بو. هەموان پێیان باش بو ڕوبەڕوی بارێکیتر ببنەوە تا پاکانەیەك بۆ ئەو هەموە ئازار و تیاچونە پەیدا ببێت. ئەو سەبەبکار و بێ ئاگا ڕۆشت و ڕۆشت تا گەشت بە خاتونەکەی کە پەچە حەریریەکەی لە ناباوەڕیدا هەڵدابویەوە و بە تاڵیەك لە برۆی پشت دەریای شینی چاوەکانیەوە، بێدەنگ و قوڵ لێی ئەڕوانێت. هەموان بینیان کە لە ناکاو ڕوخساری پیاوەکەی گۆڕا و بە نیگایەکەوە لە خاتونەکەی ڕوانی کە لە قوڵایی دەرونیدا زەریایەکی بێ بن لە خۆشیەکی تێکەڵ بە تاسە شەپۆلی ئەدا. ژنە وێڵکراوەکە نەیئەتوانی دڵنیابێت ئەم هەموە شۆڕ و شەوقە بەهۆی بینینی ئەوەوەیە یان شەوقی ئەوەی بەسەریدا هاتوە. نیگایەك بو، هەم بە ڕونی خۆرەتاو، هەم بە دوری و سوتێنەری خۆرەتاو. کیراخاتون لە قوڵایی دەرونی نیوە گیانەوە هەستی بە پرشنگی توڕەیی ئەکرد بەرامبەر بە مێردەکەی و ئەوەی کە بەڕەوای بینیبو بەرامبەری، بەڵام دەنگێکی ورياکەرەوە پێی ئەوت هەر پلتۆکێك بەر ئەم جامە سەرڕێژ لە خۆشی و تاسەیە بکەوێت ئەکرێت بیشکێنێت و هەمو شتێك بۆ هەمیشە بدات بە بادا، تەنانەت ئەگەر بە نەرمی نەسیمێکیش بێت کە گوڵی بابردەڵەیەکیش نەجوڵێنێتەوە. ئەوی زۆر باش ئەناسی. هەمیشە دڵی وەك هەنارە پێگەشتوە پایزیەکانی باخەکانی قونیەبو کە بە دەنگی باڵی پەپولەکان ئەترەکین. هەمو مەکری ژنانەی خستەکار و نیگاکەی ئەوی بە زەردەخەنەیەکی شاراوە و عیشوەی چاوە عاشقەکانی وەڵامدایەوە و بە نازێکەوە داوای یارمەتی لێکرد تا لە سواریەکەی دابەزێت و پەستانی دەستنەنقەستی مێردەکەی شەپۆلی تکا شاراوەکانی لە ناخیدا زیندوکردەوە، بەڵام خۆگری شەرتی ئەدەب بو. هەر ئەوەی کە لە نێوانیاندا ڕویدابو، بەس بو بۆ ئەو. ئەو بەو بەریەککەوتنە شەرمهێنەرانەش هێشتا هەر ڕازیبو. کانی وشکبوی عەشق، دیسان تەقیەوە تا



Scanned with CamScanner

تۆزی سەر دڵی بشواتەوە، لێیخۆش ببێت، تا سەر لە نوێ، دڵی بە عەشقی ئەو کەنیزەکەوە گرێ بدرێت و بمێنێتەوە. سەر لەنوێ هەمو شتەکان لە بیرکرانەوە. زەردەخەنەیەکی ڕون کە ئەم جارە بە هەوانتەوە نەبو، ڕوخساری درەوشاندەوە و پیاوەکەشی دوبارە بەو نیگایەوە سەیری کردەوە کە لە زەریای بێ بنی تاسەیەوە شەپۆلی دابو و ژنەکەشی دیسان نەیئەزانی دەستی وەڵام بخاتە سەر کامە تاسە: تاسەی دیدار، یان تاسەی خۆشەویستەکەی بۆ ئەوەی بەسەریدا هاتبو؟ بەڵام هەرچیەك بو زۆر گەورە و بێ کۆتا دەرئەکەوت و نادیار. بۆ ئەوەی بۆ ساتێك چاوە ماندوەکانی ئارام ببنەوە، ئازیزەکەی لێی دورکەوتبوەوە و ئەڕۆشت بەرەو پیری ئەوانیتر. خاتونەکەی تەماشای ڕۆشتنەکەی ئەکرد و سەیری بڵێسەسەندنی دوبارەی ڕەگەکانی توڕەیی ئەکرد لە تاقگەی شادیبەخشی دیداردا. ئەو لافاوەی کە خانومانی تێکدابون و ئەو بومەرلەرزەی کە لە ڕەگەوە هەڵیتەکاندبون لە کوێ و ئەم هەموە سەرخۆشی و بێ ئاگاییەی پیاوەکەی لە کوێ؟ ئەمە ئیتر ماریفەت و جوامێری پێنەئەوترا.چاوەڕوانی شتی لەم شێوەی لێنەئەکرا. ژنەکەی خۆی بۆ بینینی پیاوێکی شەیدایی و سەودازەدە ئامادەکردبو کە پێویستی بە بەزەیی و بەخشینی ئەو بێت، نەك قەلەندەرێکی مەست و ڕەند کە وەك یەکەمین دیدار بە چاوی شۆخ و تاسەمەندەوە سەیرینەکرد. ئەی ئەو هەموە خەم و ئازارەی لەم نێوانەدا چەشتبوی، چی؟!

کیراخاتون ژنێکی بەنازپەروەردە و پەروەدرەی ناو لانکەی زێڕین بو، بەڵام وشیاریە بۆماوەییە ژنانەییەکەی پێی ئەوت ڕابون لەو کاتەدا نە مۆڵەتپێدارە، نە هیچ ئەنجامێکی هەیە. بەهۆی پێگەکەیەوە وا پێویست ئەکات لە بەرامبەر هەر شتێکدا دێتە پێشەوە، سەر نەوی بکات، ئەگینا بێجگە بێ ئابرویی و ڕۆچون بە دۆڵی تەنیاییدا هیچ دەستکەوتێکی نابێت. ئەیتوانی بەرگەی تەنیایی بگرێت، بەڵام ئابڕو حوکمی گیانی هەبو و هەمو بارەکەشی لەسەر شانی ئەو بو. ئەو فێریو بو

که پیاوان پشتیان به بیانویەکی شیرین ئەستورە که (مرۆڤ شایەنی هەڵەیە)، بەڵام بچوکترین کەمتەرخەمی ژن، له هەردو دنیادا توشی هەزاران بەڵای ئەکردەوە. چارەیەکیتری نەبو بێجگه ئارامگرتن. حەریری پەچەکەی دایەوە بەسەر چاوانیدا و بەدوای سەردانکەرەکانەوە کەوتە ڕێ، فرمێسکه ساردەکانی که له درزی یەخەکەیەوە بەرەو سنگی بەرێکەوتبون نەئەسڕی نەوەك نهێنیەکەی ئاشکرا ببێت.

خوداوەندگار و زەرکوب له پێشەوە و ئەوانیتر وەك چۆلەکەی هاوین شاد و نۆریلێ به شوێنیاندا ڕۆشتنه ناو باخه هاوینەهەواریەکه و له ڕەگ و ڕیشکەوە له بیریان چوبو که بەشی ناڕەحەتی گەشتەکەیان له پێشه، تا ئەوەی له دورەوە سێبەری پتەو و ڕەقۆڵەی پیرەپیاوەکەیان بینی که به زەردەخەنەیەکی لالێوەوە پاڵیداوەتەوە به کۆڵەکەی هەیوانەکەوە، هەموان دڵیان داکەوت. ئەبوایه چیان لێبکردایه؟ ئەو که هۆکاری سەرەکیهەمو ڕسواییەکان، هەمو ئازار و هەمو شەونخونیەکان بو، ئەو بو که ئامانجی نەفرەتی دانه به دانەی خەڵکی قونیه بو. سەیریکەن! چەند ڕەندانه و له خۆبایی، خۆی لارکردوەتەوە به کۆڵەکەکەدا و وەك شوانێك که چاوی بڕیبێتە ڕانێکی ونبو، تەماشای هەموان ئەکات! تاکه بەشی جەستەی که زیر دەرناکەوێت، کەزیه سپی و درێژەکانیەتی که له ژێر تیشکی خۆردا، وەك خەرمانەیەك به دەور ڕوخساری سوتاو و پێستی ئەستوریدا ئەدرەوشێتەوە. خەیاڵێکی هەزار ساڵەیه، یان زورهانێکی زێڕینی پیرزادە. هیچ خەیاڵێك توانای وێناکردنی ئەوەی نەبو که ئەو ڕۆژێك له ڕۆژان منداڵێکی ژیکەڵه یان گەنجێك بوبێت که تازه خەتی دابێت. ئەو بێگومان هەر له ئەزەلەوە وەك ئێستا ڕەند و ناقۆڵا و پیر بوە. به له خۆباییبونەوە سەرێکی وەك نیشانەی سڵاو جوڵاند که هەڵبەت بۆ ڕێزگرتن بو له خوداوەندگار. دواتر به نیگایەکی تیژ و پڕ له لوتبەرزی و زوتێپەڕەوە یەکه به یەکه سەیری هەموانی کرد و به سەرسوڕمانەوە



Scanned with CamScanner

بینیان که چاو لەسەر ڕوخساری کیمیاخاتون -کچی کیراخاتون- هەڵناگرێت. دڵی کچە گەنجەکە لە ترساندا داکەوت. لەمەش خراپتر ئەوەی کە وەك باڵندەیەکی لە مار تۆقیو، نەیئەتوانی نیگای لەسەر لابەرێت. چەند دەنگێك کە بێ ویست کەشەکەیان شڵەقاندبو، دوبارە بە خێرایی لە سنگەکاندا بێدەنگ بونەوە. چاوەهەراسانەکان جارێکیتر گەڕانەوە سەر پیرە مات بوەکە. کیراخاتون کە شڵەژانی تەنانەت لەژێر پەچە ڕەشە حەریریەکەوە هەستپێئەکرا، ئاوڕیدایەوە بۆ کچەکەی. هیچ هەستی بە چارچنۆکی نەکرد و ڕەگی غیرەتی نەجولا. ئەوی بە پیرە کەوڵەکۆنێك زیاتر نەئەبینی. بەڵام هەمو ئەو ئەفسانانەی دەربارەی توانا سەرو سروشتیەکانی چاوەکانی ئەم پیاوەی بیستبو، پێکەوە هێرشیان هێنابو بۆ مێشکی. نەیئەویست ئەم نیگا پڕ ترسناکیە پەڕەی گوڵی ڕوخساری کیمیاکەی لەوە زیاتر بروشێنێت. چەند بەجێ بو دەنگی پیاوانە و پێداگر و کەمێك تورەی عەلائەدین -کوڕە گەنجەکەی خوداوەندگار- کە وتی: ئەگەر باوکی بەڕێزم مۆڵەت بدەن خاتونەکان بچنە ژورەوە. ڕێگەکە زۆر درێژ و ماندوکەر بو، هەموان پێویستیان بە حەوانەوەیە. ژنەکان چیتر چاوەڕوانی مۆڵەتی خاوەن ماڵ یان خوداوەندگار نەبون، وەك ڕانی گورگ دیتو هێرشیان برد بەرەو یەکەمین دەرگا کە ئەکرایەوە بەڕوی ژورە تاریك و بچوکە لادێییەکاندا. هیچ کەسێك نەیئەزانی ئەم پەلەکردنە بەهۆی ماندوێتیەوەیە یاخود بۆ ڕزگاربونە لەدەست حزوری بێزارکەری ئەو نامۆیە. تەنانەت کاتێك لەتیفە خاتون هات بۆ ئەوەی میوانەکان بانگهێشتبکات بۆ سەر سفرەی نانی نیوەڕۆ، هەموان سەرمای هەیوانەکە و ماندوێتیان کردە بیانو و نەڕۆشتن. سفرەکەیان لە خۆرەتاوی هەیوانەکەدا ڕاخستبو و لەگەڵ ئەوەشدا کە خوداوەندگار ویستبوی پاش چەندین مانگ وەك بۆنەی شەوانی هەینی ناو حەرەم، نانی نیوەڕۆ لە ناو ژن و نەوە و نزیکەکانیدا بخوات، هیچ کەسێك ئامادەنەبو بە بینینی خوداوەندگار لە تەنیشت ئەو بونەوەرە

نامۆیەدا. خوداوەندگار بیانوی ژنەکانی قبوڵکرد و کیمیا و کیراخاتون هەناسەیەکی ئاسودەیان هەڵمژی. بەڵام خوداوەندگار زۆر بێ ئاگا لەو کاروانەی کە بەشەوقی دیداری ئەوەوە هاتبون و ئەیانویست لەگەڵ ئەو و تەنیا لەگەڵ ئەودا بن، خۆشحاڵ وشاد لە هەیوانەکەدا بە شۆڕ و شەوقەوە سەرقاڵی قسەکردن و گوێگرتن بو لە قسەکانی پیرەپیاوەکە و ئەوانیتر ئەگەرچی هەمو گیانیان گوێ بو، بەڵام هیچ شتێکی لەبەرچاویان دەستگیر نەئەبو. موراد و مورید بە ڕەمز و ڕازی تایبەت بە خۆیانەوە قسەیانئەکرد.

هەمو ڕۆژەکە بەم شێوەیە تێپەڕی و خوداوەندگار سەرێکیشی لە ژورەکە نەدا. ژنەکان هەموان خەریکبو دەستبکەن بە گریان. لە کۆتاییدا پاش نوێژی مەغریب و وەك ئەوەی دیاریو بە ئاگادارکردنەوەی خەمخۆرێکی بوێر، باڵای نازەنینی خوداوەندگار لە چوارچێوەی ناقۆڵای دەرگای ژورە بچوکەکەدا دەرکەوت. ژن و منداڵەکان زۆر بون و شوێن کەم، هەر لەوێدا لە بەردەم چوارچێوەی دەرگاکەدا دانیشت، بەڵام نیوەی ئاگایی و هۆشی لای هەیوانەکە بو. دو منداڵ شیرەخۆرەکەی نەیانئەناسیەوە، بەڵام باشی ئامادەبونیان ئەوەبو خوداوەندگار خۆی بە یاریکردن لەگەڵ ئەواندا سەرقاڵئەکرد و چیتر هەل نەئەمایەوە بۆ پرسیار و وەڵامە نەخوازراوەکان —کە بە ئەگەری زۆر لە لایەن مامی پیر و بوێرەوە ئەکران—. تا کاتی نوێژی شێوان خۆی سەرقاڵکرد بە یاری و گاڵتەوگەپی منداڵانەوە و دواتر هەستایەوە و وتی:لەبەرئەوەی بەیانی زو بەرێئەکەون واباشە پاش نوێژ و نانخواردن زو بخەون. لەیەك وشەدا خواحافیزی لێکردبون. بەر لە ڕۆشتنیش ڕویەکی کردە کیراخاتون و بە نیگایەکەوە کە بە زەحمەت ئەتوانرا ئاماژە عاشقانەکانی چەند کاتژمێرێك لەمەوبەری تێدا بخوێنرێتەوە، وتی: خاتون ماڵەکە ئامادە بکەن! هەواڵێکی خۆشم پێیە. هەفتەیەکیتر دێینەوە بۆ قونیە تا بۆنەی مارەبڕینی کوڕە گەورەکەمان چەلەبی بەهائەدین بە حەول و قوەی ئیلاهی



Scanned with CamScanner

ڕێکبخەین. هەمو جۆرە دەنگێك لە گەروی ژنەکانەوە هاتەدەرەوە. لە گەروی مامی پیرەوە کە پرسیارەکان لە نیوەڕۆوە وەك مار لە گەرویدا پێچیانئەخوارد، قیژەیەکی تیژ و بەهێز هوروژمی کرد، ڕێك وەك باڵندەیەك کە پێکرابێت. داماوە ئەیویست بپرسێت: لەگەڵ کێ؟ خوداوەندگار سەیرێکی شەیتان ئاسای کرد و وتی: چێژەکەی لەوەدایە کە نەزانن. بۆ ماوەی یەك هەفتە لە حەرەم خواردنتان ئەبێت بۆ کاوێژکردن. منیش مژدانە ئەدەم بەو کەسەی بزانێت بوکەکە کێیە. کەوایە کەس پرسیار نەکات تا هەفتەیەکیتر. بەم قسەیە هەمو پرسیارەکان کە لەسەر زمانەکان گوڵیانکردبو، وشکبون. لەسەر پاژنە سوڕایەوە و ڕۆشت و دەستەکانی دڵی بێنەوای کیراخاتون کە بۆ لالێکردنەوەیەك درێژکرابون، خاڵی و بە سوك زانراو لە هەوادا مانەوە. دڵێك کە زاتی نەفرەتکردنی نەبو، بەڵام ئەخرۆشا و هەتا بڵێی عاشق بو.

ژورەکە لە چاوتروکانێکدا بو بە کولانەی مریشکان. خوداوەندگار خەوی لە چاوەکانیان تۆراندبو. جارێکیتر زیرەکیە سەرومرۆییەکەی کاری خۆی کردبو. وەك بڵێی ئاگاداری نهێنیە دەرونیەکانی مرۆڤیش بو. هەموان ئەیانزانی بە پێچەوانەی زۆرێك لە مەلا بەناوبانگەکانەوە کە لە پاش وتاردان و ترساندنی خەڵکی و تەواوبون لە دڵەڕاوکەی دۆزینەوەی فێڵێکی شەرعی بۆ ئاڕاستەکردنی سودی تایبەتی وەرگرتن لە نەزر و وەقفەکانی خەڵکی، کاتەکانیتریان وەقفی ژیانی ناو ژنان و دڵدانەوەیان ئەکرد، ئەو بەهۆی سەرقاڵی هەمیشەیی بە خوێندن و وانەوتنەوە و لێکۆڵینەوەوە کەمتر تێکەڵی دنیای ژنانە بو. ئەگێڕنەوە هاوسەری یەکەمی کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بە فرمان و هەڵبژاردنی باوکی، ئەویش لە کاتی کۆچکردنی لەم شار بۆ ئەو شاردا هەڵیبژاردبو ئەو داماوەی بە دو منداڵەوە بۆ هەشت ساڵ بە تەنیایی لە نامۆییدا جێهێشتبو و بە مەبەستی خوێندن ڕویکردبوە شام و حەڵەب و لە کاتی گەڕانەوەشیدا ئەجەل کاتێکی وای بۆ



Scanned with CamScanner

نەهێشتبونەوە، دوای ئەویش ئەم کیراخاتونەی بینیبو، کە هەڵبژاردنی خۆی بو و چرای ماڵەکەی. بەڵام لە لایەکیترەوە لەبەرئەوەی بە زنجیرەی ژنانی حەرەم دەوری گیرابو، بە تەواوی ئاگاداری دەرونیان بو و لە هەر بارێکدا هەرچەندە دژوار، ئەیتوانی دانە بە دانەیان کۆنترۆڵبکات، هەر وەك لە کاتێکی وەك ئێستادا کە ئەیویست لە شەری پرسیار و سەرزەنشت و گلەیی و بناشتەکانیان ڕزگاری ببێت و باشترین دڵەڕاوکەی هەڵدایە ناو دەرونی ژنانەیانەوە.

مامی کە لە چاوە هەڵۆییەکانیەوە تورەیی بزیسکەی ئەوەشاند، ڕویکردە کیرامانا خاتون و وتی: ئێستا کەی کاتی ئەم کارانەیە؟ ئەمە چ جۆرە کارێکە؟ مەگەر ئێمە لێرە سەلکە پیازین؟ نەوەکەمان هەفتەیەکیتر ژن مارەئەبڕێت و ئێمە ئەبێت پێشبینی بکەین یارۆ کێیە تا خەڵات و مژدانە وەربگرین. ڕو ڕەشی لە دوای ڕو ڕەشی! بێ ئاوڕویی لە دوای بێ ئاوڕویی! ئەم نوری چاوانی سوڵتان وەلەدەش ئیتر بە تەواوی ئابڕوی بردوین. نە ڕێزێك، نە ئەدەبێك، نە ڕاوێژێك! مەگەر من ئەهێڵم هەر کارێك حەزی لێبکەن ئەنجامی بدەن؟ ئەمە چیرۆکی ئەو بەڵایانەیە بەسەر کچە جوانەمەرگەکەمیاندا هێنا. مەگەر دەردەسەری کەمی چەشت؟ غەریبی، تەنیایی، دەستکورتی، دو منداڵی شەیتانی بێسەرپەرشت، لە کۆتاییدا هەر بە گەنجی لە داخاندا دیقیکرد و مرد. ئەمەش لە هاوسەرگیری کوڕەکەی. هەر گەلحۆیەك هەیە با ببێت. من ئیتر ئامادەی لێبوردەیی نیم. بڕۆن هەرچیەکیان بڕیوە و لە هەر کوێیەك بڕیویانە هەر لەوێش بیدورن. ئێمە لە حەرەم هیچ کارێك ناکەین. کەم خەفەتمان چەشتوە ئێستاش لە ناوەڕاستی ئەو واوەیلایەی بەرپێخستوە، ئەیەوێت ژن بێنێت بۆ کوڕەکەی. مەگەر دۆغاو گرتنەوەیە؟ ژن بۆ کوڕ هێنانیش نەریتی خۆی هەیە، ئەویش کوڕە گەورەکەی گەوهەر خاتونی من، نەوەی من و جێگرەوەی سوڵتان وەلەدی بەڵخی. مەگەر ئەکرێت هەمو کەسێکی بکرێت بە پیشەوە؟ بنەچەی کێیە؟ ڕەگ و ڕەچەڵەکەی لە کوێوەیە؟



Scanned with CamScanner

پیرترەکان بە هەڵبەز و دابەزی بۆلاندنەکانی مامی دەمی بێ ددانیان وەك نیشانەی هاودەردی ئەکردەوە و بە ئاوازێکی ڕیتمدارەوە لە ڕومەتیان ئەدا. ئای کیمیا خاتون چەند حەزینەکرد عەلائەدین لەوێ بوایە تا بەیەکەوە بەم هاوئاهەنگیە پێکەنیناویەی نائومێدی و خەم و خەفەتە، تێر تێر لە ناخی دڵەوە پێبکەنینایە. گەنجترەکان زۆریان لە مێشکیان ئەکرد ئەبێت بوکەکە کێ بێت. کیرامانا ئەگریا و نەیئەزانی ئەمە لە بە سوك تەماشاکردنیەوەیەتی یان لە خەفەتدایە. ئەو ساڵانێك خەونی ئەو دو کوڕەی کە لە دایکی ڕاستەقینە زیاتر زەحمەتی لەگەڵدا کێشابون لە دڵدا پەروەردە کردبو و ئێستا بە چاوی خۆی ئەیبینی کە خەونەکەی گۆڕاوە بە مۆتەکەیەك. ئەسڵەن نەیئەتوانی باوەڕبکات بە بێ وەرگرتنی بۆچونی ئەو بوکی ئایندە هەڵبژێررابێت. هەر چۆنێك بێت ئەویش مافێکی هەبو، نەیبو؟

کیراخاتون بە نهێنی و شەرمەزاریەوە لەوەی کە زاوا کوڕی ڕاستەقینەی ئەو نیە، خۆشحاڵ بو. بۆ ئەو تەنانەت بیرکردنەوە لەوەش کە بۆ نمونە ڕۆژێك لە ڕۆژان شەمسەدین یان موزەفەرەدین بتوانن لە هەلومەرجێکدا کە خێزانەکە لەناو پشێویەکی قورسی لەو شێوەیەدا بو، جلی زاوایی بۆ بوکێکی نەناسراو لەبەربکەن، شایەنی وێناکردن نەبو. ئەوان ئەبوایە بەشێوەیەك هاوسەرگیریان بکردایە کە شایستەی شانوشکۆی بنەماڵەکەیان بوایە، نەك بە پەلەپروزە و هەڵبزرکان. ئەو تەنیا لە خەتەنەکردنی شەمسەدیندا یەك هەفتە جەژنی گێڕابو و خواردنی بەخشیبویەوە.

گومان و پێشبینی ژنەکان نەگەشتە هیچ ئەنجامێك. لە ئەنجامدا داماو و گرمۆچەڵە لەسەر دۆشەکی خوری کە بۆنی مەڕی ئەدا خەو بردنیەوە. پاش نوێژی بەیانی، کیراخاتون ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرا کە ئەیویست بۆ چەند سائێك خوداوەندگار لە تەنیاییدا ببینێت بۆ قسە و گفتوگۆ دەربارەی هەندێك بابەتی

تایبەتی بە تایبەت باری دارایی ماڵەکەی. کاتێك ژنەکەی زەرکوب بە منە من و لە قەولی مێردەکەیەوە پێی ڕاگەیاند کە خوداوەندگار و مورادەکەی لە شەوەوە لە خەڵوەتدان و شەویش نەخەوتون و هێشتا سەرقاڵی گفتوگۆن و کەس لەو ماڵەدا مۆڵەت یان بوێری شکاندنی خەڵوەتی ئەو دوانەی نیە، بۆ ساتێك خۆی وەك نێرە گایەکی ڕەش و مەشەکردو بینی کە نیشانەی شاخەکانی گرتوەتە کێلوەنی دەرگای خەڵوەتگاکە. ڕکابەرێکیتر پەیدابو بو کە بە ئاشکرا دیاربو لەو خوازراوتر بو، ڕکابەرێك کە زۆر زاڵ بو و لەوانەش بو چیتر بواری ڕکابەری لەدەست چوبو. ئەی باشە ئەو چی بکردایە لەو هەزاران کێشەیەی کە لە قونیەدا ڕوبەڕوی بوبونەوە، بە ژیانێکی لێکترازاو و بزێوی ویست کە خۆشی لە بیریکردبو؟ چی بکردایە لە تۆفانی تانە و گرۆی تانەدەران و دڵی شکاوی؟ وەك بڵێی ئەوە ڕۆحی بو کە لە شێوەی فرمێسکی سوتێنەر دا دڵۆپ دڵۆپ لە چاوەکانیەوە ئەڕژانە سەرزەوی و بێدەنگ بەرەو چواریێیەك کە تەواو بێ ئاگابو لەم کەین و بەینە و بڕیاربو بیگێڕێتەوە بۆ خەمخانەکەی، وەڕێکەوتبو.

کاروانەکە مات و حەیران گەڕایەوە حەرەم. هیچ کەسێك نەیتوانی پێشبینی بکات تازەبوکی ئەو حەرەمە بەخت ڕەشە چ کەسێك ئەبێت.

چاوەڕوانیی زۆری نەخایاند. کاروانی خوداوەندگار بۆ خۆپاراستن لە هەستی سوسەکاری خەڵك، بێ هەواڵدان و نیوە شەو، زوتر لە وادەی دیاریکراو گەڕایەوە بۆ شار و ئەهلی حەرەم بە بیستنی دەنگی کێلوەنی دەرگاکەی سەرەوە زاڵەترەك بون. باو نەبو کەس لەو دەرگایەوە بە نیوە شەوان بێتەژورەوە. ژنەکان بە ترس و دڵەڕاوکەوە، ئوجی –کەنیزەکە چالاکەکە–یان لە خەوە قورسەکەی خەبەرکردەوە بۆئەوەی بڕوات بۆ پشت دەرگاکە و هەواڵ بێنێتەوە، تا ئەگەر بێڕەوشتێك، چەتەیەك، زۆڵێکی دەستوەشێن لە پشت دەرگاکەوەیە، هەلی ڕاکردنی نەبێت. ژنەکان نەیانتوانی سەرسوڕمانیان لە بینینی لەتیفە خاتون و دو کچەکەی لەسەر

پیرترەکان بە هەڵبەز و دابەزی بۆڵاندنەکانی مامی دەمی بێ ددانیان وەک نیشانەی هاودەردی ئەکردەوە و بە ئاوازێکی ڕیتمدارەوە لە ڕومەتیان ئەدا. ئای کیمیا خاتون چەند حەزینەکرد عەلائەدین لەوێ بوایە تا بەیەکەوە بەم هاوئاهەنگیە پێکەنیناویەی ناومێدی و خەم و خەفەتە، تێر تێر لە ناخی دڵەوە پێبکەنینایە. گەنجترەکان زۆریان لە مێشکیان ئەکرد ئەبێت بوکەکە کێ بێت. کیرامانا ئەگریا و نەیئەزانی ئەمە لە بە سوک تەماشاکردنیەوەیەتی یان لە خەفەتدایە. ئەو ساڵانێك خەونی ئەو دو کوڕەی کە لە دایکی ڕاستەقینە زیاتر زەحمەتی لەگەڵدا کێشابون لە دڵدا پەروەردە کردبو و ئێستا بە چاوی خۆی ئەیبینی کە خەونەکەی گۆڕاوە بە مۆتەکەیەك. ئەسڵەن نەیئەتوانی باوەڕبکات بە بێ وەرگرتنی بۆچونی ئەو بوکی ئایندە هەڵبژێررابێت. هەر چۆنێك بێت ئەویش مافێکی هەبو، نەیبو؟

کیراخاتون بە نهێنی و شەرمەزاریەوە لەوەی کە زاوا کوڕی ڕاستەقینەی ئەو نیە، خۆشحاڵ بو. بۆ ئەو تەنانەت بیرکردنەوە لەوەش کە بۆ نمونە ڕۆژێك لە ڕۆژان شەمسەدین یان موزەفەرەدین بتوانن لە هەلومەرجێکدا کە خێزانەکە لەناو پشێویەکی قورسی لەو شێوەیەدا بو، جلی زاوایی بۆ بوکێکی نەناسراو لەبەربکەن، شایەنی وێناکردن نەبو. ئەوان ئەبوایە بەشێوەیەك هاوسەرگیریان بکردایە کە شایستەی شانوشکۆی بنەماڵەکەیان بوایە، نەك بە پەلەپروزە و هەڵبزڕکان. ئەو تەنیا لە خەتەنەکردنی شەمسەدیندا یەك هەفتە جەژنی گێڕابو و خواردنی بەخشیبویەوە.

گومان و پێشبینی ژنەکان نەگەشتە هیچ ئەنجامێك. لە ئەنجامدا داماو و گرمۆچەڵە لەسەر دۆشەکی خوری کە بۆنی مەڕی ئەدا خەو بردنیەوە. پاش نوێژی بەیانی، کیراخاتون ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرا کە ئەیویست بۆ چەند ساتێك خوداوەندگار لە تەنیاییدا ببینێت بۆ قسە و گفتوگۆ دەربارەی هەندێك بابەتی

تايبەتی بە تايبەت باری دارايی ماڵەكەی. كاتێك ژنەكەی زەركوب بە منە من و لە قەولی مێردەكەيەوە پێی ڕاگەياند كە خوداوەندگار و مورادەكەی لە شەوەوە لە خەڵوەتدان و شەويش نەخەوتون و هێشتا سەرقاڵی گفتوگۆن و كەس لەو ماڵەدا مۆڵەت يان بوێری شكاندنی خەڵوەتی ئەو دوانەی نيە، بۆ ساتێك خۆی وەك نێرە گايەكی ڕەش و مەشەكردو بينی كە نيشانەی شاخەكانی گرتوەتە كێلوەنی دەرگای خەڵوەتگاكە. ڕكابەرێكيتر پەيدابو بو كە بە ئاشكرا دياربو لەو خوازراوتر بو، ڕكابەرێك كە زۆر زاڵ بو و لەوانەش بو چيتر بواری ڕكابەری لەدەست چوبو. ئەی باشە ئەو چی بكردايە لەو هەزاران كێشەيەی كە لە قونيەدا ڕوبەڕوی بوبونەوە، بە ژيانێكی لێكترازاو و بژێوی ويست كە خۆشی لە بيريكردبو؟ چی بكردايە لە تۆفانی تانە و گڕۆی تانەدەران و دڵی شكاوی؟ وەك بڵێی ئەوە ڕۆحی بو كە لە شێوەی فرمێسكی سوتێنەر دا دڵۆپ دڵۆپ لە چاوەكانيەوە ئەڕژانە سەرزەوی و بێدەنگ بەرەو چوارپێيەك كە تەواو بێ ئاگابو لەم كەين و بەينە و بڕياربو بيگێڕێتەوە بۆ خەمخانەكەی، وەڕێكەوتبو.

كاروانەكە مات و حەيران گەڕايەوە حەرەم. هيچ كەسێك نەيتوانی پێشبينی بكات تازەبوكی ئەو حەرەمە بەخت ڕەشە چ كەسێك ئەبێت.

چاوەڕوانيی زۆری نەخاياند. كاروانی خوداوەندگار بۆ خۆپاراستن لە هەستی سوسەكاری خەڵك، بێ هەواڵدان و نيوە شەو، زوتر لە وادەی دياريكراو گەڕايەوە بۆ شار و ئەهلی حەرەم بە بيستنی دەنگی كێلوەنی دەرگاكەی سەرەوە زاڵەترەك بون. باو نەبو كەس لەو دەرگايەوە بە نيوە شەوان بێتەژورەوە. ژنەكان بە ترس و دڵەڕاوكەوە، نوجی -كەنيزەكە چالاكەكە-يان لە خەوە قورسەكەی خەبەركردەوە بۆئەوەی بڕوات بۆ پشت دەرگاكە و هەواڵ بێنێتەوە، تا ئەگەر بێڕەوشتێك، چەتەيەك، زۆڵێكی دەستوەشێن لە پشت دەرگاكەوەيە، هەلی ڕاكردنی نەبێت. ژنەكان نەيانتوانی سەرسوڕمانيان لە بينينی لەتيفە خاتون و دو كچەكەی لەسەر



Scanned with CamScanner

پلیکانەی دالآنەکەی سەرەوە بشارنەوە. بەلآم تازە هاتوەکان بە پێچەوانەوە ئەسلەن لە سەرسوڕمانی ئەمان شەرمەزار یان ناڕەحەت نەبون و ئەوەندە بە دڵنیایی و چوست و چالاکیەوە بە پلیکانەکاندا ڕۆشتنەخوارەوە وەك بڵێی ماڵی خۆیانە. لەتیفە خاتون بە پەلە پەل و خۆمانەیی ڕونیکردەوە کە بۆچی درەنگ هاتون. نەینەزانی ڕوخساری سەرسوڕماو و پڕ لە پرسیاری ژنەکان لەو ڕوەوەیە کە ئەسڵەن ئەوان لێرە چی ئەکەن، نەك ئەوەی بۆچی درەنگ هاتون. کیرامانا بە هێمنی بەوانیتری وت: ئەگەری هەیە خوداوەندگار ئەمانەی بۆ قەدرزانینی میوانداریە چەند مانگیەکەیان، بۆ بەشداریکردن لە بۆنەی مارەبڕینەکەدا هێنابێت بۆ ئێرە.

کچە بچوکەکەیان هێشتا پێی نەگەشتبوە پلیکانەی کۆتایی، هەر کە یەکەمین کەسی بینی پێی وت: زۆر خەوم دێت، جێگەی ئێمە کوێیە؟ ئەبێت لەکوێ بخەوین؟ هەموان مات و حەیران سەیری یەکتریان کرد، بەلآم بیرەوەری میوانداریە گەرموگوڕەکەی هەفتەی ڕابردو، هەموویانی هێنایەوە هۆش خۆ و لە کۆتاییدا بڕیاردرا بۆ ماوەیەکی کاتی کچەکان لە ژورەکەی کیمیا خاتون بخەون و دایکیشان لە ژوری مامی کە تاکە کەسێك بو لە حەرەمدا ژوری تایبەتی هەبو. گۆشەکە، کە جێگەی خوداوەندگار و کیراخاتون بو پێشنیار نەکرا و لەوانەشە دەستی ئەنقەست بۆ ئەوەی خەڵوەتێك بۆ ژن و مێردە دوری چەشتوەکە بەدیبێت.

بەیانی ڕۆژی داهاتو هیچ کەس نەینەزانی ئەبێت چی بکات لەگەڵ تازە هاتوەکاندا. خۆشبەختانە خۆیان هیچ کێشەیەکیان نەبو و وەك بڵێی سەد ساڵ بو نیشتەجێی ئەو ماڵە بون. بە چاوتروکانێك هەمو فێری هەمو شوێنێك بون و ڕاهاتن.

لەسەر سفرەی نانی بەیانی مامی بە گاڵتەجاڕیەوە وتی: حەزرەتی خوداوەندگار هەفتەی پێشو مژدەی هاتنی پێوقومی بەرەکەتدارتانی پێنەدابوین. لەتیفە خاتون



Scanned with CamScanner

که به زەحمەت تێگەشتبو لەمانای قسەکەی، چەند جارێك پێڵوەکانی لێکنا و وتی: بۆ نا پێی دابون. لەوانەیە ئێوە نەتانبیستبێت! چەند کەسێك لە ژێرەوە دەستیانکرد بە پێکەنین. کیرامانا وتی: چۆن؟ هەدیە خاتون کە حەوت هەشت ساڵ زیاتر نەبو، خۆی هەڵدایە ناو قسەکانی دایکی و وتی:

وتیان شاییە! کیرای گەورە وتی: ئێ؟ و تا دایکی ویستی دەمی بکاتەوە لە کچە زۆر بلێ و فزوڵەکەی، کار لە کار ترازا بو. کچەکە لە کاتێکدا بە سەر ئاماژەی بۆ خوشکە قەڵە و گۆشتن و سور و سپیەکەی –فاتیمە خاتون– ئەکرد، بە خێرایی وتی: ئەمەیە ئیتر. ئێمەش ئێستا بوکەکەمان هێنا! و پێکەنینێکی پڕ لە شانازی کرد کە بە ددانە شیریە کەوتوەکانیەوە ڕوخساری ئەوەندە خۆشەویست و پێکەنیناوی دەرئەکەوت کە هەر حەزت ئەکرد بیخۆیت. بێدەنگیەکی قورس هاتەگۆڕێ. هەموان سەرەتا لە یەکتر و دواتر لە سفرەکە وردبونەوە، تەنیا کیرای گەورە خۆی تێنەگەیاند و بە گاڵتەجارییەوە پرسی: ئێ، ئەبێت کێ بێت؟ دیسانەوە تا دایکی کەوتە مینگەمینگ کچۆڵەکە وتی: خوشکەکەم ئیتر، ئەوەتانێ! و بە پەنجە ئاماژەی کرد بۆ ئەو سەری سفرەکە بۆ فاتیمە خاتون کە دە ساڵان دەرئەکەوت و وەك ڕەنگی گوڵی هەناری لێهاتبو. سەرسوڕمان وەك ڕەشەبا کەشی ژورەکەی شپلاخ کرد. نەك لە کەم تەمەنی و بچوکی بوك، بەڵکو لە هەڵبژاردنەکە. کیرامانا بە هەر دو دەستی کێشای بەسەریدا و هەستایەوە بۆ ئەوەی لە ژورەکە بچێتەدەرەوە کە هێشتا نەگەشتبوە چوارچێوەی دەرگاکە وەك کیسەیەکی ئارد لاربویەوە. هەموان بەرەو لای ڕایانکرد و ئەمە هەلێك بو تا دایکی بوك چەند قورنچکێکی توند بگرێت لە کەلەکەی کچەکەی. دواتر ناچاربو بە دەست دەمی بگرێت تا بە قیژە گەڕەکەکە نەڕژێتە سەریان. ژنە بێچارەکە داماو بوبو. ئای خۆزگە ئەسڵەن هەدیە خاتونی هەر لەوێ لە دێ لای خزمەکانی جێهێشتبا، هەمو شتێکی تێکدا. بڕیاربو حەزرەتی خوداوەندگار خۆی بە تایبەتی بوکەکە

بناسێنێت بە داپیرە و دایەنەکەی زاوا. ژنەکە هەر لە سەرەتاوە بە مێردەکەی وتبو کە ئەم هاوسەرگیرییە، هاوسەرگیرییەکی گونجاو نیە، بەڵام مێردەکەی پێی وتبو نابێت ژنان دەستبخەنە ئەم کارەوە. پیاوە چارەڕەشەکە ئەوەندە شەوق گرتبوی کە مۆڵەتی دەمکردنەوەی بە هیچ کەسێك نەئەدا. لە ماوەی سێ مانگی مانەوەی مەولانا لە ماڵەکەیاندا، کوڕە گەورەکەی خوداوەندگار ئاموشۆی ئەوێی کردبو، بەڵام ئەوەی بە بیری هیچ کەسێکدا نەهاتبو، پێشنیاری ئەم هاوسەرگیرییە بو. ئەڵبەتە بۆ ئەوان هیچ شانازییەك لەمە گەورە تر نەبو، بەڵام ئەو زیرەکیە دایکانەکەی لە کاردا بو و ئەیزانی ئەم بڕیارە، هەڵەشانەیە و ئەبێت بیری لێبکردایەوە. کوڕی پیاوێکی هێندە پایەبەرز هەرگیز بۆ هەمیشە ملی نەئەدایە بەر ژیان لەگەڵ کچۆڵەیەکی لادێییدا. ئەیزانی ئەمە ئارەزوییەکی زو تێپەڕە و بەرهەمی ئاموشۆی زۆرە. ئەم هاوسەرگیرییە ئەگەر سەریشی بگرتایە، بێ ئەنجام ئەبو. بەڵام مێردەکەی هەمیشە ئەینالاند بە دەست گەمژەیی و سادەیی ئەوەوە و گوێی بۆ ڕانەئەدێرا. ئێستاش لە خۆشیدا جێی بەخۆی نەئەگرت و وتبوی، سەرقوفڵانەی دوکانی بازاڕی زێڕفرۆشەکان ئەکاتە قەواڵەی کچەکەی، بەڵام خوداوەندگار بە توندی ڕێگریکردبو لە ئەنجامدانی ئەم کارەی.

حەرەم شێوا بو. میوانە نەخوازراوەکانیان لەسەر سفرەی نیوە تەواوکراوی بەیانی بە تەنیایی جێهێشتبو. سفرەکە مابویەوە و کیمیاخاتونی نازدار و جوان کە خانەدانی لە سەر و ڕوی ئەباری و زرکچی خوداوەندگار بو و بە لێهاتوییەوە سەرسوڕمانەکەی ئەشاردەوە بۆئەوەی میوانەکان لەو بارەی توشی بو بون ڕزگار بکات. کچە بچوکترەکە پێوەی لکابو و بەردەوام وردئەبویەوە لە جوانکاری جل و سەرپۆشەکەی. لە ماڵی خۆشیان هەر بەم شێوەیە بێزاری کردبو. بەڵام ئەو بڕیاریدا بو میهرەبان بێت لەگەڵیاندا، لەبەرئەوەی ئەیزانی بەم زوانە بە دەمشڕییەکانی مامی و بەدڕەفتاری و گوێپێنەدانەکانی کیراماما چیان لێبەسەردێت.



Scanned with CamScanner

هەیوانەکە بێدەنگ بو و چالاکیە ڕۆژانەییەکانی حەرەم وەستابون. سەرسوڕمان هەموانی ئیفلیج کردبو.

بە پێچەوانەی نیگەرانیەکانی دایکی بوکەوە لە زڕاندنی ناوەختی ناوی بوک، کاتێك خوداوەندگار دەورروبەری نیوەڕۆ هاتەوە بۆ حەرەم و لەوەی ڕویدابو ئاگاداریانکردەوە، نەك هەر ناڕەحەت نەبو، بەڵکو لەوەی کە ئەبینی ئەو بابەتەی شێوازی دەربڕینی ماوەیەك بو بیری ئاڵۆزکردبو ئێستا دەربڕاوە و کاردانەوە گەرم و پێشبینیکراوەکانی کیژای گەورە و دایەن، هاوکات بە بێهۆش بون و لە خۆدانەکان کە ئەو بێزاربو پێیان و ڕقی لێیان ئەبوەوە دامرکاوەتەوە،هەستی بە قەدرزانینی دەمە بچکۆلە و هەڵەشەکەی هەدیە خاتون کرد کە بو بوە هۆی ئەم کارە و لەو کاتە بەدواوە سۆزی ئەم کیژۆڵە بچکۆلانە نیشت لە دڵی. دوای ئەوە هەروەك لە لێهاتوییەکانی چاوەڕوان ئەکرا، بێئەوەی ڕاستەوخۆ لە چاوی کەس بڕوانێت، یان بواری ناڕەزایی دەربڕین بدات، تەنیا وتی: هەموان ئەزانن کە هەدیە خاتون هێشتا منداڵە و ئامادەیی شوکردنی نیە، بەڵام لەسەر خواستی دایك و باوکی بوك و خودی زاوا جارێ تەنیا مارە ئەبڕێت و گواستنەوەکەی بە یارمەتی خوا لە کاتی خۆیدا ئەنجامئەدرێت. شەممە بەر لە نیوەڕۆ کاتێکی موبارەکە ئامادەکاریەکان ڕێکبخەن تا بۆنەیەکی کورت و پوخت بگێڕین، تێر و تەسەلەکەشی ئەگەر بمێنم لە کاتی خۆیدا والسلام! و بەر لە پێدانی بوار بۆ ڕودانی هەر ڕوداوێکی نەخوازراو، لەسەر پاژنە سوڕایەوە و لە نێوان هیلالی پلیکانەکانی گۆشەکەوە دیارنەما.

لە شەممەوە کەسێکیتر بۆ ئەندامانی حەرەم زیادبو: تازە بوکێکی دە ساڵەی لادێیی و مانەوەشی لە حەرەم بوەهۆی زۆربونی ئاموشۆی زاوای تاسەمەند — بەهانەدین— کە ئەسڵەن لەگەڵ سروشتی حەرەم نشینەکاندا نەئەهاتەوە. بەهانەدین هەرچەندە لە حزوری باوکیدا مونەدەب و گوێڕایەڵ بو، بەڵام لە



Scanned with CamScanner

حەرەمدا بە ناسازگاری و دەمشڕی و زۆر بڵێیی ناسرابو و بە پێچەوانەی براکەیەوە کە ئازیزی دڵ و نازەنینی هەموان بو و هەمیشە کە ئەهات بۆ حەرەم بە خۆشحاڵیەکی تاسەمەندانەوە پێشوازی لێئەکرا. لە بەرامبەر بەهانەدیندا هەموان ڕایانئەکرد. ئەی هاوار بە ڕۆژگاری کەسێك ئەگەر لەگەڵیدا تێبگیرایە. تەنانەت مامی پیریش کە خۆی لە بەدفەڕیدا سەرناوی بەناوبانگەکان بو، لە دەستی ئەو هەراسان بو بو چەندین جار شکایەتی ئەوی بردبوە لای باوکی، بەڵام لەو ڕوەوە کە لە حزوری باوکیدا موئەدەب و بەڕەوشت و گوێڕایەڵ بو، خوداوەندگار کێشەکانی لە چاوی ژنەکانەوە ئەبینی و هەرگیز دڵی نەئەهات سەرزەنشتی بکات، بە تایبەت لەم ڕۆژانەدا کە هاودەمی حزور و مەحرەمی ڕاز و خزمەتکاری خەڵوەت و پەیکی تایبەتی باوکی بو و هەر ئەوەندە بەس بو کە ((تەوریزی))یەکە ئەوی پەسەندکردبو و هەمیشە وەسفی چاکەی ئەکرد. کەوایە چیتر بوارێك نەئەمایەوە بۆ گلەیی و شکایەتی ژایفەکانی حەرەم. لە هەمانکاتدا هەرچەندە بون و هاوکاری کوڕە گەورەکە بۆ باوکی و بارودۆخەکەی زیاتر پێویست ئەبو کە خەریك بو وای لێبێت توانای دورکەوتنەوەی نەبێت، کاری کوڕە بچوکترەکە کە لە براکەی پێگەشتوتر، هەڵکەوتوتر و زاناتریش بو، زیاتر توشی گرێ کوێرە ئەبو. گوناهی ئەو دەرك نەکردنی ئەو ڕوداوەبو کە لەم دواییانەدا بەسەر باوکی خۆشەویست و پایەبەرزیدا هاتبو. ئەو کە لە شیرەخۆریەوە لە خەرمانەی سەربەرزی نەوەی سوڵتاونولواعیزینی بەڵخ بوندا گەورە بو بو، لە هەمو تەمەنی گەنجیدا هیممەتی لەسەر ئەوە چڕکردبوەوە کە ڕۆڵەیەکی شیاوی جێگری بێت بۆ مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی و نەوەیەکی شایستە بێت بۆ باپیرەی بەناوبانگی و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لای بە لای هیچ شتێکدا نەئەکردەوە بێجگە لە هەرچی زیاتر خوێندنی زانستەکانی حوجرە و ڕۆچون و قاڵبونەوە لە ناو کتێب و دەفتەر و لێکۆڵینەوەدا و ژیان لە ناو زانستخوازان و شەو و ڕۆژ خوێندنەوە. بەهۆی ئەم هەوڵە بێوچانانەیەوە بو کە

باوکی نازناوی سوڵتانولمودەڕیسینی پێدابو، هاوکات لەگەڵ ئەنگوستیلەیەکی گەورەی یاقوتی درەوشاوە کە یادگاری باوکی سوڵتانولعولەما بو. هەر لە گەنجیشەوە لە حوجرەدا سەرکەوتنێکی لەبەرچاوی لە فێربونی زانستە ئیلاهیەکاندا بەدەستهێنابو و بو بوە جێی سەرسوڕمانی هەموان و کێشکردنی فەقێی زۆر بۆ حوجرەکە و سەربەرزیی لە ڕێگەی زانستدا -کە ڕێگەی ئەژداد و ئابادی بو- سەرەڕای گەنجێتیەکەی، بە ئاشکراتێیدا ئەبینرا کە زیاتر لە شێوەی فەقیهێکی وشکەڕۆ و مەلایەکی توندگیردا دەرئەکەوت، تا ڕادەیەك کە هەندێك جار لە ناو هاوڕێ و خێزانەکەیدا گلەیی لە توندڕەوی و خۆپیرۆزکردنی لە ڕادەبەدەری ئەکرا، بەڵام سەرمەشق و مامۆستا یەکەمینەکانی باپیرە و باوکی بون کە تا لە بیریبو باوەڕ و بڕوایەکی بێ چی و چلۆنیان بە حوکم و یاساکانی دین هەبو و هەر جۆرە سەرپێچیەکیان بە گوناهێکی گەورە ئەزانی. ئەمە نەریتی سەد ساڵەی بنەماڵەکەیان بو، نەریتی باپیری بو کە لەو ڕۆژگارانەدا، ڕۆژە دورەکان نهێنیەکانی ئەچپاند بە گوێیدا، نەریتی ئەم باوکە خۆشەویستەی بو کە توشی چەندین نارەحەتی بو بویەوە تا ڕێگە بۆ کوڕەکانی هەموار بکات بۆ وەرگرتن و فێربونی ئەم باوەڕانە،ئەی چۆن بو کە لەناکاو ئەو کە بە ڕونی و دانپێدانانی هەموان، لێهاتوتر، کۆششکەرتر و پابەندتر بو بە نەریتە خێزانیەکانەوە، بێ گوناه چەند مانگێك لە ڕێزی حزور لە خزمەتی باوکیدا بێبەشکرابو و ئەو براکەیتری مەحرەمی ڕاز و هاودەمی خەڵوەتی ئەو بو؟ ئەبوایە بۆی دەرکەوتایە. ئەبوایە بیزانیایە هەڵەکەی لە کوێدابوە. ئەگەر وەك ئەوەی ئەیانوت هۆکاری دڵئێشانی باوکی ئەو ڕقەیە کە ئەو هەر لەسەرەتای ڕوداوەکەوە و بێ ترس بەرامبەر بەم پیرەپیاوە ڕایگەیاندوە، کەوایە بوارێکیان نیە بۆ دەربازبون لەم دوریە. لەبەرئەوەی ئەم ڕقە هەمو ڕۆژێك لە دەرونیدا جێگیرتر و قوڵتر ئەبێت، لانی کەم پاش بیستنی هەواڵی ئەو ڕوڕەشیە تازەیەی کە لەم ڕۆژانەدا لە هەر کوچە و کۆڵانێکدا جاڕیانئەدا و هەر



Scanned with CamScanner

کەسێك گەردێك غیرەتی بەرامبەر بەم بنەماڵەیە لە دڵدابوایە، دەستیئەگرت بە کێلانیخەنجەریەوە. بەڕاستی هەقی ئەم نامۆیە تەنیا مردن بو. هەمو جوامێرەکانیش ئەیانوت، سزای کەسێك کە وێراویەتی جەلالەدین محەمەد ڕۆمی – مەلای پایەبەرزی شار– و خێزانەکەی بەم شێوەیە بکاتە گاڵتەجاڕ و بابەتی سەرزاری قسەهەڵبەست و دەمشڕەکان و شەلاتی و خوێڕیەکانی بازاڕ، مردنە و بەس. ئێستا چۆن برا گەورەکەی هەمو ئەمانە ئەبینێت و نرکەی لێوە نایەت، ناچێتە ئەقڵەوە و چۆن باوکی چاوی لە هەمو شتێك داخستوە و هێشتا ئەوەی لێ چاوەڕوان ئەکات کە بچێتە ناو کۆبونەوەی ڕوڕەشی ئەو و نامۆکەوە، سەرسوڕهێنەرە. ئاخر ئەو چۆن ئەتوانێت پەنای نامۆیەك بدات کە ئێستا ئیتر لە حەرەمی ماڵەکەی ئەواندا پەنایەکی دۆزیبوەوە و ئەوترێت ئەوەندە ڕوی شکاوە کە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی تەسلیم لە مورید و ڕێژەی ڕاستگۆیی لە تەڵەبی مورادیدا، ڕۆژێك ئارەزوی لە ژنێکی حەرەم کردوە و داوای لە مەولانا کردوە و لەبەرئەوەی کەسێك ناڕەزایەتی دەربڕیوە، ناردویەتی بۆ گەڕەکی جولەکەکان بۆنەوەی گۆزەیەك شەرابی بە کۆڵ بۆ بێنێت. ئەگەر لەبەر باوکی نەبوایە، قوتابییەکانی بە نیوە نیگایەکی لە یەك چاوتروکاندا ئێسقانەکانی پیاوە زۆربڵێ و چەنەبازەکەیان ئەکردە توتیا. ئەم هەموە بێ ئاوڕویی و ڕوڕەشیە ئایا بیانویەکی قورس نەبو بەناوی ئەو فێرکاریانەی کەسێکی شێت بانگەشەی بۆ ئەکرد؟ چۆن ئەکرا ببینێت و شاخت لێنەڕوێت کە لەو ماڵ و حوجرەیەی هەمیشە دەنگی قورئان و دەنگی لێکۆڵینەوە و تەفسیر و دوعا و پاڕانەوەی بێ وچان ئەگەشتە ئاسمان لە چاوتروکانێکدا دەنگی چەنگ و چەغانە و دەف و نەی بەرزبێتەوە و سەکۆی مزگەوتەکەی ببێتە سەماعخانەیەك کە دەم بە دەم لە مەقامویژ و گۆرانیبێژانی سەرانسەری ئەرزەڕۆم پڕ و خاڵی ببێت؟ ئەو چۆن ئەیتوانی ببینێت کە باوکی مێزەرەی لەسەر لابردوە و کەوا و جبەی فڕێداوە و تەنیا بە کراسێکی

یەخە دڕاوەوە لە سەکۆی مزگەوتەکەدا ئەوەندە سەما ئەکات و بە پێوە ئەوەستێت تا وەك مەینۆشەکانی کۆڵانی جولەکەکان لە پەل و پۆ ئەکەوێت؟ ڕوڕەشیتریشی بەسەر زمانەکانەوە بو کە ئەو تەنانەت لە ناوهێنانیان بە دەنگی بەرز داوای لێخۆشبونی ئەکرد و هەرگیز لە دڵەوە بەرگەی ئەوەی نەئەگرت خۆی بینەری کەشوهەوایەکی گوناهاوی لەو شێوەیە بێت. فەقێکانی هەمو بەیانیەك، هەرچیەك لە کوچە و کۆڵانەکاندا بەسەر زمانەکانەوە بو بۆیان ئەگێڕایەوە و ئەو لەگەڵ ئەوەشدا کە گوناکانی وەك ئاگر ئەگرِان، بەڵام نەیئەتوانی نرکەی لێوە بێت. بیریشی لە ڕاستی و درۆیی قسەکان نەئەکردەوە، تەنیا ڕۆژانە سەد تەزبیح نەفرەتی ئەنارد بۆ شەیتان و دارودەستەکەی کە دەستیان گەیاندبوە دڵی باوکی.
نەیئەتوانی لە باوکیشی خۆشببێت کە سەرەڕای هەمو ئەو پاڕانەوە و شین و گریانانەی ئەو، نەك تەنیا چیتر هەر پێی نەخستەوە ناو مەجلیسی حوجرە و قورئان خوێندن، بەڵکو بە ڕاشکاوی لە حزوری هەمواندا، گاڵتەی بەو قوتابخانە و حوجرەیەی باپیری ئەکرد کە بەخوێنی دڵی دروستیکردبو، خۆی بە سوختەیەکی حەوت ساڵەی سەر لە ڕێی پیرێکی حەڵوا فرۆش ئەزانی و لە شۆڕ و شەوقی فەرمایشاتە ئاڵۆزەکانی هاواری شەوقی لێبەرزئەبویەوە. پێگەی ڕۆحانی بەهاء وەلەدی بەڵخی و شێخی تیرمیزی و جەلالەدین مەولانا لە قونیە لە ناکاوێکدا گۆڕابو بە مەجلیسی کەیف و سەفای شەمسەدین محەمەد تەبریزی، خوری پۆش و کاوڵی سیفەت، و سەرسوڕهێنەر بو کە ڕێژەی موریدەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەبون و لە هەمو چین و توێژێك –ئیتر هەر لە گەورەکانی چینی باڵاوە وەك خاوەن بڕوانامەکان تا کاسبەکانی بازاڕ و بازرگان و گەنج و بەتەمەنەکانی قونیە– لەناویاندا ئەبینرا. ئەیانوت، کاتێك گەورانی شار سەرکۆنەی شێخ جەلالەدینیان کردبو بەهۆی زۆری شوێنکەوتنی نەزان خەڵکە پیشەوەرەکانەوە، هاواریکردبو کە هەی ژنینە مەگەر شێخی سەرمەشقمان مەنسور خۆی هەلاج نەبو؟ کاتێك باوکی

که له ئەدەبدا سەرناوی بە ئەدەبان بو، جوێنی بەڕیش سپی و خۆشەویست و دڵسۆزەکانی خۆی ئەدا و بە ژنانی ناوی ئەبردن، ئەو ئیتر چۆن زاتی ئەوەی ئەکرد تکای لێبکات؟ هەندێك جار حەزینەکرد ڕۆژێك لە یەکێك لە مەجلیسەکانیاندا ئەگەرچی بۆ نەهێشتنی سوسەکاریش بێت، بەشداریبکات، بەڵام لای فەقێکانی تەریق ئەبویەوە و هەروەها بیریشی لە ئاوڕوی حوجرەکە ئەکردەوە کە تا ئەو کاتەش بە گرنگی پێدانی ئەو پارێزرابو. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا زۆرێك لە نەزر و وەقفەکان لە حوجرە بڕران، ئەو و فەقێکانی تەقریبەن بژێویان نەمابو و ئەگەر فتوای تەکفیر هێشتا دەرنەکرابو لەوانەبو بەهۆی ڕێزی باپیرەیەوە بو هەروەها خۆشەویستە لە ڕادەبەدەرەکانی باوکی و هیممەتی خۆی بۆ بەردەوامی پێدان و بەڕێوەبردنی کامڵ و بێ کەموکوڕتی وانە فیقهیەکانی حوجرەکە و تا ڕادەیەکیش ئارامگری و خۆڕاگری و ئومێدەواری گەورەکانی شار بە باشبونەوەی بارودۆخی باوکی، ئەگینا هەر یەکە لەو دیمەنانەی کە لەو ڕۆژانەدا ڕویاندابو و بەسەر زاری هەمو شارەوە بو، ئەگەرچی تێڵای ئاسایی نا، بەڵام لانی کەم تێڵای تەکفیری بۆ باوکە شەیداکەی ئەخستە ئاوەوە. لەبەرئەمە ئەویش هیچ ڕێگەچارەیەکی بێجگە لە ئارامگری و پشت ئەستوری بە ڕەحمەتی خوایی و دەروی ئیلاهی بۆ نەمابویەوە.

ڕۆژەکان هەر بەم شێوەیە تێئەپەڕین و خەریك بو یەك ساڵ بەسەر ڕوداوەکەدا تێپەڕێت درێغ کە کارەکە هەر ڕۆژەو خراپ و خراپتر ئەبو. کاری نامۆکە گەشتبوە جێیەك کە لەبەردەم هۆدەکەی مەولای ڕۆمدا دائەنیشت و بەپێی‌ناسینەوەی خۆی داوای نییەتی دڵی لە سەردانکەران و موریدەکان ئەکرد. شۆڕشێکی گەورە لە هەمو حاڵوبارێکەوە ڕویدابو و بەهۆکارێکی نەزانراو، شێتی و شەیدایی عەشقی باوکی بو بوە نەخۆشیەك و هەمو شاری گرتبوەوە. کۆڵانەکانی قونیە لە گەرموگوڕیدا گڕیان گرتبو. لەهەر سوچ و کۆڵانێکدا سەما ئەکرا و هەر ڕۆژەو

کۆمەڵی فیدایی و موریدەکان زیادیئەکرد. خۆ بە کەم زانین و لێبوردەیی و خەڵک خۆشویستنی زیاتر و زیاتربوی باوکی، ڕەفتاری خاڵی لە گەورەیی نواندنی ئەو کە چیتر بە تەواوی خاڵیبو لە خۆبەگەورە زانینە فەقیهیەکانی، هاودەمیی لەگەڵ کۆلانگەڕ و منداڵاندا، دڵنەرمی بەرامبەر بە سەگە بەرەڵاکراوەکان، دڵدانەوەی ڕوسپی و دڵسوتانی بە حاڵی مەیخۆرەکان، چاوی هەمو دانیشتوانی شاری ئەبڵەق کردبو و هەمیشە چیرۆکی پڕ لە زیادەڕەوی دەربارەی ئەو دەم بە دەم ئەگێڕرایەوە. دانیشتوانە جۆراوجۆر و چەند گەلیەکەی شار کە ساڵانێك لە ژێر پەستانی ئاغەواتە ڕۆمیەکان و هەیمەنەی ڕۆحانیەت و توندوتیژی تورکەکاندا، ژیابو، ڕزگارکەرەکەی کە ڕێگەی شۆڕش و خۆ ڕزگارکردنی لە ژێر باری هەمو بەندوبارەکاندا نیشانئەدا، دۆزیبوەوە و هەمو ڕۆژێك زیارەتکەرانی بارەگای تاقانەیەك کە بیرەوەری هەستانەوەی ڕۆحی موسا و عیسا و موحەمەدی زیندو و ڕۆشن ئەکردەوە، زیاتر و زیاتر ئەبو. زیارەتکەران بە زۆری لە هەژارترین چینەکان بون کە لە ڕێگەی دورەوە ئەهاتن تا ئەم هەلومەرجە نهێنی ئامێزە لە نزیکەوە ببینن و تەنانەت خۆشیان کەڵکێك وەربگرن، بەڵام کاتێك پیرەی چاوچنۆکیانلەبەردەم دەرگای شێخ و مورادا ئەبینی کە بەڕونکردنەوەی خۆی بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ئیخلاسی هەر موریدێك، شێوازێکی چونە ژورەوە و نیازێکی دیارینەکرد، هەڵئەچون و توڕەیی، توشی جنێو و دەمشڕی و قسەی ناشرینی ئەکردن. هەر ڕۆژەو هەراوهوریایەك بەرپابو. بە هەمان ئەندازە کە خۆشەویستی و ناوبانگی عاشقی و پەرێشانی قەڵەندەری عاشق و مەستی قونیە جیهانگیر ئەبو، بە هەمان ئەندازەش ئاستی ڕق و توڕەیی خەڵکی قونیە لە ڕەفتاری (تەورێز)یەکە کە یەك پارچە خۆ بە گەورەزانین و ناسازگاری بو، زیاتر ئەبو. هەموان چاوەڕوان بون بوێری بنوێنێت و خۆی بە تەنیا و بێ مەولانا پێیەك بخاتە ناو کۆڵان تا لە هەر پێنج ڕێبوارێك چواریان دەست بدەنە خەنجەری بەر کەمەریان، ئەو

خەنجەرانەی کە تەنیا لەبەر عەشق و ڕێزی جەلالەدینی خۆشەویست و پەرێشان لە کێلان دەرنەهێنرابون. هەر بێئاگاییەکی ئەبوە هۆی ئەوەی لە یەك چاوتروکاندندا شارەگی وەك شوڵی بەهاریی بپسێنن، بەڵام جاریَ بە پیسترین جنێوەکان ڕازیبوبون. لەوانەیە پێشتر هیچ کەسێك باوەڕی نەئەکرد شاری سەد دەروازەیی کە خەڵکی خوا لە هەمو دین و گەلێك تێیدا شەپۆلیانئەدا، ڕۆژێك بتوانن لەسەر بابەتێك تا ئەو ئاستە کۆك بن. هەوا بۆنی خوێنی لێئەهات. لە لایەکیترەوە بێ سەروبەری، زۆربونی بیدعەچێتی و هەمو لایەك گرتنەوەی مەجلیسی مۆسیقا و سەما لە شاردا —تەنانەت ئەگەر پەیوەندیشییان بە مەجلیسی شەمس و جەلالەدینەوە نەئەبو– کاسەی سەبری فوقەها و عالمەکانی سەرڕێژ کردبو. ئیتر هەمو شتێك لە سۆنگەی ئەوانەوە تەماشائەکرا. بەرهەیوان و میحراب و مینبەرێك نەبو کە تێیدا باس و چیرۆکێکی پوڕەشی ئەم مورید و مورادەی تێدا نەگێڕرێتەوە. خۆشەویستی و ناوبانگی ڕۆژ بە ڕۆژ زیادبوی جەلالەدین محەمەدیش هۆکارێکیتر بو بۆ بزواندنی حەسودی عولەماکان کە هەر لە زوەوە دڵیان لێی پڕ بو، بەڵام تا ئەو ڕۆژگارە زاتی دەربڕینیان نەئەکرد و بیانویان بەدەستەوە نەبو. ئەم گروپە سودیان لە هەلە پێشهاتوەکە وەرگرت تا ئاوەکە ئەوەندەیتر لێڵ بکەن و بیانویەك بدۆزنەوە بۆ تەکفیر. دەنگۆی بەکارهێنانی حەشیش و هۆگر بون بە نێربازی و چاوبازییش لە دێر زەمانەوە لە دەوروبەری خانەقاکانی ئێران و بەغداد و ڕۆمدا بەهێز بو بو، بەڵام ئەو ڕۆژانە ئیتر هەردەم چیرۆکێکی تازە لە خێرایی بڵاوبونەوەی خراپەکاری لەسەر مینبەرەکاندا بڵاوئەبویەوە و هەمیشەش سەرێکیان ئەگەڕاندەوە بۆ ڕەفتار و بێ پەروایی مەلا و موفتی پێشوتر لە بیدعەتکردن و پابەند نەبون بە شەریعەتەوە. سەدرەدین قونیەیی کە لە عالمە پلەیەکەکانی قونیە و هەر لە سەرەتاوە ڕکابەری مەولانا بو، درێغی نەئەکرد لە سودوەرگرتن لەم هەلە بۆ هەرچی زیاتر وێرانکردنی ناوی پڕ شکۆی مەولانا. ئەو

شەمس و مەولانا و موریدەکانی بە پێشەوایانی گومڕایی ئەزانی و (دنیا ئاخر)ی ڕاگەیاندبو و لەسەر مینبەرەکان هاواری بارینی بەڵای بەرزنەکردەوە و وشکەڕۆکانی لە بەهێزکردنی ئەو شەپۆلەی کە شارەکەی وێرانکردبو، زیاتر ئەبزواند. بەڵام هێشتا بە هۆی ئاوڕوی بنەماڵەی شێخ و چاوپۆشی و خۆشەویستی گەورەکانی شارەوە بەرامبەر بە ئەو، حوکمی هەڵگەڕانەوە یان بیدعەچێتیدەریارەیان دەرنەکرابو. ئەڵبەتە ترس لە ڕوبەڕوبونەوەی خوێناوی و دڵنیای نێوان وشکەڕۆکان لە لایەك و خۆشەویستانی ڕێگەی عیرفان و لایەنگرانی شەمس و مەولاناش لە لایەکیترەوە کە بەڕونی باڵی بەسەر قونیەدا کێشابو، ڕوبەڕوبونەوەکەیانی بە هەڵپەسێراوی ئەهێشتەوە. گەورانی شار بیریانئەکردەوە کە ئەبێت شتێك بکەن. نەئەکرا بارودۆخەکە هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت. قونیە هەوای بەر لە تۆفانی هەبو و هەموان هەر ساتەو چاوەڕوانی تریشقەی هەور بون.

هەواڵ لە دوای هەواڵ ئەهات کە مەغۆلەکان تا حەلەب پێشڕەویان کردوە. بریندار و هەڵهاتوەکانی شەڕ بە نەخۆشی درمەوە لە دەوروبەری دەروازەکانی شاردا بڵاوبوبونەوە. دەربار، بۆگەن و لاواز بو بوو پڕ لە دوڕویی و فێڵ و تەڵەکە و هەر جۆرە نومێدێکی لە خۆی گرتبوەوە. هەموان ئەیانزانی قونیە لە ناوەوە و دەرەوە لە مەترسیدایە. لەم نێوانەدا تەنیا ئەو دوانە سەرقاڵی کاری خۆیان بون و هیچ دەنگۆ و ترسان و ئازارێك لە یەکدی جیانەئەکردنەوە. خوداوەندگار تاکە بێزاری ئاشکرای خێزانەکەی و حەرەم —بە تایبەت عەلائەدین— کەمێك لە شەمسەدینی تەبریزی کە ئەوی بە خۆری گیانبەخش و قیبلەی ئاوات و ڕۆحی باڵای خۆی ئەزانی، دڵی ساردکردبوەوە. هیچ چاوەڕوانیەکی لە نامۆکە نەبو. بەڵام نەیئەزانی بۆچی خێزانەکەی کە هەمیشە بینیبویان مەلی گیانی لە قەفەسی جەستەیدا چۆن خۆی ئەدات بە دەر و دیواردا و لە وێڵبونی بە دوای حەقیقەتدا



Scanned with CamScanner

هەمو تەمەن و بونی خۆی لە گرەودا دۆڕاندوە و شەو و ڕۆژ دەست لەملانی سەرگەردانی بوە، سوپاسگوزاری ئەو عوروجە نین کە مامۆستایەکی بێهاوتا پێشکەشی کردوە، مامۆستایەك کە وەك نیعمەتێکی ئیلاهی دابەزیوە و دەرونی لە هەمو ژەنگی بێزاری و پوچی و نزمی و پەستیەکانی ڕۆژگار پاك کردبوەوە و گیانی وەك ئاوێزەیەکی بلور ئاسا تاشیبو تا حیکمەتی ئەزەلی لە شێوەی پەلکەزێڕینەیەکدا پاك و درەخشان تێیدا بدرەوشێتەوە و ڕێگەی تاریکی و نەزانی و بۆگەنی ئادەمیزادەکان پاکبکاتەوە. ئەو یەك پارچە نور و جوانی و پاکی ڕەها بو، هۆکەشی ئەمەبو کە خەڵکی ئەیانتوانی لێیخۆشبن. بەڵام چۆن بو کە نزیکەکانی لەم گەشەکردنە ڕۆحیەی تێنەگەشتبون و وەك ئەو خۆشحاڵ نەبون؟ ئەو ڕق لە دڵی و بانگەشە و زیادەڕەویەکانی ئەهلی مینبەرەکانیشی بەباشی هەستپێئەکرد و ئەیبەخشین لەبەرئەوەی ئەیزانی ئەگەر خۆشی لە جێی ئەوان بوایە، ڕێك وەك ئەوان یان توندتر کاردانەوەی ئەنواند. لەبەرئەمە بە دڵفراوانی زۆرەوە گفتوگۆی لەگەڵ ئەکردن و بە جوانی و نەرمیەوە هێوری ئەکردنەوە و لەگەڵیاندا هەڵئەکرد. لەوانە کاتێك تۆمەتباریان کرد بە بیدعەچێتی لە لێدان و بیستنی ڕوباب و چێژ وەرگرتن لەم ئامێرە و سەرزەنشتیانکرد و تۆمەتی تەکفیریان دایەپاڵی، سادە و بێتاوانانە وەڵامی دایەوە: ئێمە حوجرە و وەقف و نەزرەکانمان بە هەمو شانوشکۆمانەوە بەخشیوە بە ئێوە و بەم ڕوبابەوە بێ کەس و داماو ماوینەتەوە، ئەگەر ئەتانەوێت ئەمەشتان پێشکەش ئەکەین تا چیتر هیچ شتێك دڵی دێوانەی ئێمە خۆشحاڵ نەکات. ئەم وەڵامە، ملکەچ و لە هەمانکاتدا زۆر زیرەکانە و چەند لایەنە،نەیارەکانی لە هەڵپێچان لە قاچی کەسێك کە بەڕاستی هەرچیەك کە هەیبو بەخشیبوی و هیچی لە کەسیش داوانەئەکرد، بێجگە لەوەی لە حاڵی خۆیدا وازی لێبێنن، شەرمەزار کردبو. تەنانەت یەکێك لە متمانەپێکراوترین عولەماکانی شار فەتوای دەرکردبو کە ئەم جەلالەدین محەمەدە،

پیاوی خوایە و بەسەرهاتی ئەو جیاوازە لە هەمو بەسەرهاتەکانیتر. ئەبێت وازی لێبهێنرێت، ئەبێت هەروا وێڵبکرێت. خۆی ئەزانێت و خوای خۆی. بیستنی فتوایەکی لەم شێوەیە پشودرێژینەوی زیاتر بەرامبەر بە ئازیزان و نزیکان و بەتایبەت کورە جێگرەوەکەی، نوری چاو و مایەی شانازی هەستیارتر ئەکرد. چاوەڕانی ئەوەی ئەکرد کە ئەمان لانی کەم ئالآهەلگری دژایەتیکردنی گیانی گیانانی ئەو نەبن و هەرچیەکیش ڕوینەدا ئەهلی حەرەمی بە تاوانبار ئەزانی لە بزواندنی مێشکی کاڵ و کرچی کورەکەیدا. لەوانەیە ئەگەر تۆفانی ڕۆح و دەرونی ئەو بۆ ساتێك دامرکایەتەوە و بوارێکی بۆ برەخسایە، لەوانەیە ئەگەر ئەو حاڵەتەی کە پەیتا پەیتا بەسەر مێشکیدا ئەهات، مێڵی سوریبەسەر هەمو ئەوەدا کە بینیبوی و خوێندبویەوە و باوەڕی پێی بو و کاری پێکردبو و پێی خۆشبو، نەهێنایا و لەوانەیە ئەگەر ڕۆحی تۆفان لێدراوی بۆ ساتێك دائەمرکایەوە و لە کەڵك وەرگرتن لە خۆری تازە هەڵهاتو بەسەر جیهانی دەرونیدا لە تەنیاییدا دائەنیشت و لە نورە مەلەکوتی و حیکمەتە ئەزەلیەکەی شەمس تێرئەبو و کەمێك خۆی لە جێگەی ئەوان دائەنا، تەنانەت ئەگەر بیتوانیایە بۆ ساتێك بگەڕایەتەوە بۆ جیهانەکەی پێشوتری و شەوێکی هەینی بە خواردنی نانێکی ئێوارەی گەرموگوڕ لەگەڵ شەبستانیە داخی دوری چەشتو و چاو بە گریانەکانیدا تێپەڕاندایە، ئەو هەموە گلەیی و تورەیی و سەرسوڕمانەی نەئەبو لەو دوریەی کە ئەوان لەگەڵ بارودۆخ و حاڵی مەولاکەی خۆیاندا هەیانبو. بەڵام حەیف کە ئەم بوارە هەرگیز نەئەڕەخسا. بەسەرهاتەکە درێژ بو و کات کەم. شەمس بۆ ساتێك لێی دورنەئەکەوتەوە، وەك دایکێك بو کە لە هەمو شوێنێك ئاگاداری منداڵە ساوا شیرەخۆرەکەی بێت: ئەگەر باسی گەشتی ئەکرد ڕێگری لێئەکرد، ئەگەر کتێبەکەی باوکی (فەوائیدی والید) کە لالای پیر و مامۆستاکەی شێخی تیرمیزی ئامۆژگاری کردبو کە هەمو ڕۆژێك بیخوێنێتەوە، ئەگرت بە دەستەوە، لە دورەوە

ئەمات و فرێنیەدایە سوچێك. ئەگەر دیوانی شیعری شاعیرە خۆشەویستەکانی – عەتار و سەنایی– کە لەگەڵیاندا ژیابو، هەڵئەگرت، گاڵتەی پێئەکرد. شەمس هەوارگەیەکی بۆ دیاریکردبو کە یەکەم جار ئەبوایە پێی بگەشتایە، بەدەر لەمە ساتێك دەستهەلگرتن لە زانست و تاقیکردنەوە و تەنانە هەندێك جار تورەیی و تەنبێکردن، مۆڵەتپێدراو نەبو. ئەو چیتر سەر و گیان و ئاوڕو و مینبەر و حوجرە و ژن و ماڵ و منداڵی نۆڕاندبو و هەزار درێغ بۆ ئەو ساتەی کە لە هەر شتێکدا بێجگە لە ڕێگەی کەماڵ بەسەر ببرێت، ئەو ڕێبواری ئاسمانەکان و عەرشی مەلەکوت بو. ئەبوایە زەوی و زەوی نشینەکانی لە حاڵی خۆیاندا وێڵ کردایە: و ئەگەر بێجگە ئەمەی بکردایە، وەك زۆرینەی ڕێبوارانی پێشین بێجگە بەخت ڕەشی هیچ کەلکێکی وەرنەئەگرت. و مامۆستاکەشی ئەم دڵەڕاوکانە ئازاری ئەدا و هەم لەم ڕوەشەوە بو کە ئەگەر مۆڵەتی خەڵوەتی بێجگە خۆی و خۆی بە ڕەوا نەئەزانی.

حەرەم نشینە خوێن خرۆشاوەکانی ئەو دیو دیوارەکان نەیانئەزانی دەردەکەیان ببەنە کوێ. هەندێکیان نزیکەی یەك سەدەبو لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا ژیابون و لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەشدا ڕۆژیان بە بانگی بەیانیەوە کردبوەوە و شەوانە بە دەنگی قورئان سەریان خستبوە سەر سەرین و ئێستا ئەگەرچی بە هەمویانەوە بەرگەی خەمی ڕوڕەشی و خوانی بێ نان و تانە و تەشەری تانەدەران و دوژمنیی شادی ڕەقیب و جیایی نەبڕاوەی گەورە و مەولاکەیان گرتبو، بەڵام لەوەدا تیامابون کە چی بکەن بە دەنگی نەی و ڕوباب و دەف و سەمای شەوانە. لەو ڕۆژەوەی کە خۆیان ناسیبو بیستبویان مۆسیقا حەرامە. گوێلێگرتنی سزای بەدواوەیە و چێژ لێوەرگرتنی گوناهی گەورەیە. بەڵام ئێستا، دەنگی مۆسیقا و هاتوهاواری سەما کە لە سەکۆکەوە ئەگەشتە ئاسمان، خەوی لە چاوی پیرەژنە نیوە کەڕەکانیش حەرام کردبو. هەمو ڕۆژێك ئەبوایە بینەری شین و گریان و بێ ئۆقرەیی زیاتر و قوڵتری ژنی گەنج و منداڵە شیرەخۆرەکانی مەولاکەیان، و لە



Scanned with CamScanner

هەموشی خراپتر کوڕە نازەنین و ژیکەڵەکەی حەرەم، عەلائەدین محەمەد بونایە کە عەسران ئەهات و دەنگو تازەکانی بۆ ئەگێڕانەوە و فرمێسکی داخ و خەفەت و غیرەتی ئەڕشت و بە داماویەوە، داوای ڕێگەچارەی لە داپیرە و سەرسپیەکانیتری حەرەم ئەکرد. هەموانیش ئەیانزانی ئەو بیانویەکی تریشی هەیە بۆ هاتن بۆ حەرەم، بەڵام لەو ساتە ناسکەدا و بەو هەموە لەخواترسی و هەڵچونە دەرونیەوە کە تێیدا ئەیانناسی، هیچ کەسێك زاتی وورتەکردنی نەبو تەنانەت لە تەنیایی و خەڵوەتیشدا. خۆشحاڵیش بون کە لەناو ئەو هەموە مەینەتیەدا، لانی کەم حزوری ئەو،گەرمای خۆشەویستی ئەبەخشی بە حەرەم بەتایبەت بۆ ئەو منداڵە تازە پێ گرتوە و دو منداڵەکەی کیراخاتون کە پاش دایکیان بە ڕاستی گەورەترین قوربانیانی سێبەری دێو ئاسای پیاوە نامۆکە بون بەسەر ئاسمانی حەرەمەوە.
هەرچەندە -خاتونی خاتونان و کەڵەژنی بەنازپەروەردەی قونیە- لەوپەڕی سەربەرزی و لێبوردەییدا بەرگەی ئەگرت و هەرچی زیاتر زەردتر و لاوازتر ئەبو، هەرچەندە ددانەکانی بەهۆی زۆری مۆتەکە شەوانەییەکان و بیستنی قسە نابەجێ ڕۆژانەییە ئازاربەخشەکانی نەزان خەڵکەکەوە زامدارتر و خوێناوی تر ئەبو و هەرچەندە دەردەداری و پەرێشانی لە هەمو لایەکەوە تەنگیان پێهەڵچنیبو، زیاتر لێوی لەسەر لێو ئەنا و بێدەنگیی کردبوە پیشە، لەو ماتەمەدا ئەیتوانی چی بکات بێجگە لە ڕشتنی فرمێسکی خوێناوی؟ مێردە خۆشەویست و نازدارە بەسۆزەکەی بو بوە بوکەڵەی دەستی قەلەندەرێکی پیر کە بۆ هیچ جۆرە دەستدرێژیەك تەنانەت بۆ سەر خاتونەکانی ئەو بنەماڵە بەناوبانگە هیچ سنورێکی نەئەناسی.
کەسێکی وریا و زرنگ پێی ڕاگەیاند کە شەمس داوای ژنی لە حەرەمی خوداوەندگار کردوە و مێردەکەی ئەوی خەڵاتکردوە، ئارەزوی کرد ئای خۆزگە هەرگیز نەهاتبایە دنیا و بینەری سەرشۆڕی و بێ ڕێزیەکی لەم شێوەیە نەبوایە.
لەگەڵ ئەم هەموەشدا کاتێك کوڕە گەنجەکەی لەگەڵ عەلائەدیندا هەڵچون و ڕەگی

غیرەتیان جولاّ تا لە ماڵەوە بیبەن بۆ باخ، ورتەی لە دەم بڕین و ئاوێکی پاکی بە دەستیاندا کرد و وتی: هەموتان باش بزانن! تا هەناسەیەك لەم لاشە ماندوەمدا مابێت، چاو لە ڕێی مێردەکەم دائەنیشم.

ئەگەر ئەو بیویستایە بەرگەی لەمانەش خراپتری ئەگرت، هەرچەندە ئەشیزانی مێژو هیچ کاتێك وەڵامێکی شایستەی ئەم ئارامگریەی هاوسەری ناودارەکانی ڕۆژگاری بە پێز و نرخەوە نەداوەتەوە. بەڵام ئەو گرنگی بە مێژوی درۆزن نەئەدا، دەردەدڵی لەگەڵ دروستکەرێکدا هەبو کە بە بەرگەگرتنی بارێکی ئۆ مانگیی قورس و ناڕەحەت و ئازاربەخش لە سکی ژناندا فێری لێبوردەیی کردن. ئەو جێیەی کە فێڵی ئەو هەر لە ئەزەلەوە ئەم ڕۆڵانەی بەخشیبوەوە و بێجگە لە بەرگەگرتن یان تەنیایی و ڕوڕەشی هەڵبژاردنێکیتر لە ئارادا نەبو، ئیدی کەسانیتر چۆن ئەیانوێرا دەست بخەنە ناو کاروباریەوە؟!

ئەوان بە ڕق و بێزاری و نەفرەتی جگەر سوتێنی شاراوە و ئاشکراوە هەمو پێویستیە گلەیی مەندەکانی مەولاکەیان بە جێهێنابو، تا جێیەك کە چیتر نە ئەو تاقەتی بینینی ئەوانی مابو نە ئەو زیندانیانەش چارەیەك. لە چواردیواری حەرەمیشدا وەك شار، بە ڕونی ئەکرا هەستبکرێت تۆفانێك بە ڕێوەیە. ترسی هەموان، زیاتر لە سەرڕێژبونی کاسەی سەبری عەلائەدین بو کە لە جیاتی خوێن ئاگر لە دەمارەکانیدا ئەگەڕا. هەموان نیگەران بون کە نەوەك لە کۆتاییدا ئەو ناماقوڵیە بێزراوە لەم گەنجە بوەشێتەوە کە چەندین جار دەریبڕیبو: دەستدانە ڕشتنی خوێنی تەورێزیەکە.

سەرانسەری قونیە داماوی و پەرێشانی گرتبویەوە. چیتر ئاوەز نە لە شار، نە لە ماڵ، نە لە حوجرە، نە لە خانەقا، نە لە سەر و نە لە دڵدا کاری خۆی نەئەکرد. کەشوهەوای قونیە بە تۆفان ئاوس بو.



Scanned with CamScanner

# تۆفان

کاتێك بەیانی ئەو ڕۆژە لەناکاو ئەو هەورە بروسکەیەی کە حەرەم و حوجرە و شار و هەمو ئەرزەرۆم چاوەڕوانی بون، شاری لە خەوەنوچکە ڕاپەڕاند، زۆرێك وایانزانی ئەوەی کە نابێت لە نێوان باوك و کوڕدا ڕوبدات، ڕویداوە. هەموان، بە سەر و پێ خاوسی لە هۆدە و ژورەکان هاتنە دەرەوە تا بزانن ئەو نەڕە نامرۆییە لە گەروی چ کەسێکەوە بەرز ئەبێتەوە و چ دەردێکی بێ دەرمان یەکێك لە نیشتەجێبوەکانی ئەو ماڵە تاعون لێدراوەی ناچار کردوە بە هاوارێکی لەو شێوەیە، کاتێك مەولانا جەلالەدینیان بینی کە بێ کڵاو و مێزەرە ڕوخساری گڕی گرتوە و یەخەی داڕنیوە، بە پێی پەتی بۆ ئەملاو ئەو لا ڕائەکات و ((کوا؟ کوا؟)) ئەڵێت، دیسانەوە کەس هیچ تێنەگەشت. کەس زاتی پرسیاریشی نەبو. تەنیا کاتێك بەهائەدین –مەحرەمی ڕازی باوکی– بە شڵەژاوی گەشت و گرتیە باوەشی و دەست و پێی ماچکرد و بە شین و شەپۆڕەوە پرسیاری ڕوداوەکەی لێکرد، بە ڕونکردنەوەی پچڕ پچڕی خوداوەندگار هەموان تێگەشتن ئەبێت کارەساتێکی گەورە بەسەر پیر و موڕادی ئەو! شەمسی تەبریزیدا هاتبێت. زۆرێك بە نارەحەتی توانیان شەپۆلی ئەو سەرسوڕمانەی کە بەڕێوەبو دڵیان لەت بکات، بشارنەوە.

کاتێك مژدەکە بە حەرەمدا بڵاوبویەوە، زۆرێك بەهۆیەوە لە خۆشیدا خرۆشابون، بەڵام بەو حاڵەوە کە خوداوەندگار هەیبو، هیچ کەسێك زاتی زەردەخەنەیەکیشی نەبو. بەهانەدینیش دەستیکرد بە نرکە و ناڵە و بە دودەست کێشان بەسەردا و بە دەوری خۆدا سوڕانەوە و ناڵین کە ((پیرەکەمان بۆ کوێ ڕۆشت؟ چی لێهات؟ بۆچی وای لێهات؟)) و بە هاتوهاوارەوە لەگەڵ باوکیدا سەریانکرد بە هەمو ژورەکاندا. بێجگە ئەو و مەولانا هیچ کەسێك تاسەی دۆزینەوەی ئەو ونبوەی نەئەکرد.

پاش یەك ساڵ و شتێك کە بەسەر خەڵکی ئەو شارەدا وەك ساڵێك تێپەڕیبو، لە کۆتاییدا ئەوەی کە هەموان لە ناخی دڵەوە ئارەزویان ئەکرد، رویدابو. وەك ئەوەی دیاربو نامۆکە بێ هەواڵدان و بەشەو سەری خۆی هەڵگرتبو و سوپاس بۆ خوا کە هێشتا کار لە کار نەترازابو، ڕۆشتبو. زۆرێك پێشبینی خراپتریان کردبو لەوەی کە ئەو خۆی بە ئاسانی بڕوات. سوپاس بۆ خوا نە خوێنێك ڕژا و نە پەردەی هیچ حورمەتێك دڕا. قونیە پاداشتی ئارامگری خۆی وەرگرتەوە و خۆ بە خۆ بەڵاکە لەناوچو. بەڵام ئەهلی حەرەم لە ترسی ئاشکرا بونی نهێنیە شاراوەکەی دەرونیان توانای سەیرکردنی ناوچاوی یەکترییان نەبو.داماوانە وایانئەزانی ئەم پەلەقاژە بەهۆی ئەو دوعا و ویردانەوە بوە کە ئەوان شەو و ڕۆژ بۆ ئەو دەنگۆدارەیان ئەنارد. نەڕەیەکی وا لە گەروی خوێنینی مەولاناوە بەرەو ئاسمان بەرزئەبویەوە کە هەمویان لە جێی خۆیان وشك بوبون. هەندێکیشان لە بینینی ئەو لافاوی فرمێسکەی کە لەسەر روخساری جوامێری مەولاکەیان شەپۆلی ئەدا بێ ویست ئەگریان. ئەو سنگ دڕاو و پێ پەتی تا گیانی تیامابو هاواریکرد و لەم ژور بۆ ئەو ژور، لەم ڕێڕەو بۆ ئەو ڕێڕەو و لەم بازاڕ بۆ ئەو بازاڕ ڕاینەکرد. ئێوارە موریدەکانی بە جل دڕاوی و خوێنی پێ داهاتو و هێز لە بەربڕاوی هێنایانەوە بۆ ماڵەوە، ماڵێك کە ئەو ئەهلەکەی ناوی لە هەموان زیاتر بە تاوانبار ئەزانی لە هەڵهاتنی



Scanned with CamScanner

خۆشەویستەکەیدا، ماڵێك کە ئارەزوی ئەکرد ئای خۆزگە لەگەڵ شەمسدا پێی تێنەخستایە و نەزانی و بیرتەسکی نیشتەجێکانی ناوی، لە کۆتاییدا هەڵۆ بەرزەفڕەکەیان نەتۆراندایە. لە جیاتی ئەمە ئەو خۆشی باش ئەیزانی چۆن تۆڵە بکاتەوە. لەبەرئەمە دەمی گرتەوە لە خواردن و قسەکردن. ئەگەر لەبەر پێیدا ئاگریان لە خۆیان بەردایە، هەر بە لالوتیشەوە سەیری نەئەکردن. ئەو ئیتر کاری بەسەر ئەم حەسودە سوکانەوە نەبو. ڕۆچو بەناخی خۆیدا و دەرگای لەسەر خەڵك داخست.

قونیە دەستی هەڵگرتبو. خەڵکی کۆمەڵ کۆمەڵ لە هەمو چوارڕیانەکاندا وەستابون و هەر کەسە و لێکدانەوەیەکی هەبو. سەرەڕای ئەو کاریگەریە زۆرەی کە دڵی شارەکەی توندکردبو، هەندێك شەربەتیان ئەبەخشیەوە، هەندێك شیرینییان دروستئەکرد، هەندێکشی نوقڵ و نەباتیان ئەبەخشیەوە.....

مژدەیەکی گەورە بو ڕۆشتنی نامۆکە. شارەکە یەك پارچە هاتوهاواری تێکەوتبو. لە خودی سوڵتانەوە تا گسکدەریی قەحبەخانە ئاگادار و خۆشحاڵ بو بون و لەگەڵ هاودەستەکانیاندا خۆشحاڵیان ئەنواند. کەسێکت نەئەدۆزیەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان لەو ساحیرە پیرەی کە پێی خستوە ناو شارەکەیاندڵزیز نەبوبێت. کەشوهەوای تازەی شار تازە هاتوی ئەخستەوە بیر جەژنە ئەفسانەییەکان. وەك بڵێی خەڵکی بۆ سوپاسگوزاریی ڕزگاربونی شازادەکەیان لە چنگی دێو،جەژن ئەگێڕن. لەم نێوانەدا تەنیا هەر ئەو شازادە نازدارەی شار بو کە حاڵی زاری لە کۆستی دێوەکەدا دڵی بەردئاسای ئەتواندەوە. ئەو مابویەوە و دو سێ کەس لە یارانی نزیکی: زەرکوبی قونیە و کوڕە گەورەکەی و تازە موریدە گەنجەکەی -حوسامەدینی چەلەبی- کەبە ڕاستگۆییەوە شینیان ئەگێڕا و چلە نشین بو بون.

شار له نامۆ نەخوازراوەکە پارێزرا بو و هەموان ئومێدەوار بون کە بە زویی مەولاکەیان خەمی دوری لە بیربکات و وەك ڕابردو زیارەتکەرانی لە مرۆڤ دۆستی و عەشق و بەها بەرز و باڵاکانی خۆی سودمەند بکات. چیتر ئەو تەورێزیە چاوچنۆکە لەوێ نەبو تا لەبەر دەرگای مەولانادا دابنیشێت و هەر کەسێکی نەوێت دەریبکات و هەر کەسێکی ویست قبوڵی بکات.

عولەما و ئەهلی حوجرەکە ئومێدیان بە کۆتاییهاتن بە مەجلیسی مۆسیقا و سەما زیاتر بو بو کە لە قونیەدا لە نانی شێوانیش پێویستتر بو بو. ئەوان لەو باوەڕەدا بون کە ئێستا ئیتر ئەتوانرێت لەگەڵ کوڕە شەیداکەی بەهاء وەلەددا گفتوگۆ بکرێت و بیهێننەوە سەر ئەقڵ. تەنیا ئەو نامۆ گەڕۆکە بو کە ئەهلی گفتوگۆ نەبو و هەر عالمێك لەگەڵیدا دانیشتبو بە تیری تانەی تاڵ و جنێو ئاسا دەری پەڕاندبو. هەموان لەسەر ئەو بڕوایە بون ئەکرێت بارودۆخەکە بگێڕێتە باری سروشتی خۆی. بەڵام جارێ ئەبێت ئارام بگرن. بەڵام تا کەی؟ یەك ڕۆژ، دو ڕۆژ، یەك هەفتە، دو هەفتە، یەك مانگ دو مانگ تێپەڕی و مەولانا ئامادەی بینین و گفتوگۆ کردن نەبو لەگەڵ هیچ کەسێکدا. لەسەر پێداگری و پاڕانەوەی کوڕە خۆشەویستەکەی، تەنیا بە خواردنی نانی وشکی لە ماستی ترشدا تریتکراو ڕازی بو. جلی شینی لەبەرکردبو، شەو و ڕۆژ تەنیا سەمای ئەکرد و بەدەوری خۆیدا ئەسوڕایەوە و لە مەدحی عاشقە هەڵهاتوەکەیدا غەزەلی نایابی ئەچڕی، بە تایبەت پاش گەشتنی نامەیەکی بێ ناونیشان لەیارەوە کە تێیدا پێداگریەکی زۆر کرابو لەسەر دوری گرتن لە خەڵکی. ئەگەر سەیری ئەو کەمە کەسانەشی بکردایە کە ڕێگەی هاتنە خەڵوەتەکەیان هەبو، نەیئەبینین. خۆی تەنیا بو، وەك بڵێی ئەو پەیوەندی نە بە دەرەوە و دەرەوەییەکانەوە هەبو،نە قسە و نە هیچ هۆیەکی پەیوەستی. ئاگردانێکی دروستکردبو لە تاسەی خودی جەستە سوتاوی، هەمو



Scanned with CamScanner

ڕۆژێك ئەوەندە لە تەوافیدا پێی بە ئەکوتا بە زەویدا و ئەیخوێند و ئەیچڕی تا لە پەل و پۆ ئەکەوت.

نیگەرانیەکان بەرە بەرە زیاد بونەوە. ترس لە لە دەستدانی ئەو نوری چاوە هەر ساتە زیاتر بەهێز ئەبو. جەستەی وەك قامیشێکی سوتاوی لێهاتبو کە هەر نەسیمێك ئەیتوانی خۆڵەمێشەکەی بڵاوکاتەوە. ئەبوایە بیریان لە ڕێگەچارەیەك بکردایەتەوە. لە حەرەم کاری هەموان بو بوە داوای لێخۆشبون کردن. ڕاست بو کە ئەوان هەمویان ئارەزوی مردنی تەورێزیەکەیان لە خوا ویستبو، بەڵام نەك بەو گرانیەش، نەك بە بەهای مردنی بەرە بەرەی مەولای بێتاوان و خۆشەویستیان، نەك بە بەهای ئەو هەموە داماوی و پەرێشانیە. هەموان دەستیان درێژکردبو و داوای لێخۆشبونیان لە خوا ئەکرد کە خۆ نەویستانە بو بونە هۆی ئەو هەموە ئازارە بۆ ئازیزەکەی دڵیان. کار گەشتە جێیەك کە ئامادەبون ئەگەر بزانن ئەو بەڵایەی گیانیان لە کوێیە، بکەونە سەر دەست و پێی و بیگێڕنەوە تا چیتر ئەو گیان سوتاوە لە بەیانی تا شەو و لە شەو تا بەیانی، بە بێ ئۆقرەیی خۆی نەکوتێت بە دار و دیواردا. یاران هەمویان پەیکیان نارد بۆ هەمو لایەك و ئامادەبون بە هەر نرخێك بوە بیگێڕنەوە، بەڵام وەك بڵێی بو بوە دڵۆپێك ئاو لە بیابانی لماویدا.مەولانا خەریکبو تیابچێت و هەموان، هەم خۆیان و هەم ئەوانیتریان بە تاوانباریی زیاتر تۆمەتبار و سەرزەنشت ئەکرد. گەورەکانی شاریش هەمویان پەشیمان بون، ئەگەر ڕۆژێك دانیان لە تەورێزیەکە تیژ کردبوەوە، یان بە مەبەستی بە سزا گەیاندنی دەستیان بۆ خەنجەرەکانیان بردبو، یان لە ژێر لێوەوە جنێوی تاڵیان پێدابو، لە ئەنجامی کارەکە بێئاگابون. تا ئەو ڕۆژگارە هەلومەرجێکی لەو شێوەیان نە بینیبو و نە بیستبو. سوتانی جەلالەدین جارێکیتر ئاگری بەردایەوە شار، ئەم جارەیان ئاگری پەشیمانی. وای لێهات کە هەموان داخیان بۆ ئەو ڕۆژانە ئەخوارد کە مەولاکەیان ئارام و شەرمن وەك ساوایەکی تێر



Scanned with CamScanner

شێر و ڕازی لە بەردەم تەوریزیەکەدا دائەنیشت و چاوی گوێی لێ غافڵ نەئەکرد. تازە ئەگەشتنە ئەو دەرکەی ئەو کە کاری بەسەر کەسەوە نەبو، هیچی لە کەس نەئەویست، باشتر نەبو وازیان لێبهێنایە؟ ئەگەر کەسانێتر بەناوی ئەوەوە هەرزەییان ئەکرد، گوناهی ئەو نەبو. بەڵام پەشیمانی چیتر سودی نەبو. لە ناو هەمو موریدەکانی خوداوەندگار، پیشەوەر و کۆمەڵی گەنجان کە لە هەموان زیاتر لەگەڵ شەمسدا خراپ بون، لە هەموان زیاتر ئۆقرەیان لەبەر برابو. ئەمان بە سەرکردەیی سەرۆك و ڕابەریان حوسامەدینی چەلەبی کە دڵ و دین فیداکەری خوداوەندگار بو بە تەنگ هاوکاری و ڕێگەچارە دۆزینەوەوە بون و لەگەڵ ئەوەدا کە خۆیان دژایەتی سەرسەختیان هەبو لەگەڵ پیرەکەدا ئێستا، ئەهلی حوجرە، عولەما و شەرعزانەکانیان لە هەڵهاتنی ئەودا بە تاوانبار ئەزانی و پەلوپۆیان بۆ قسەکانیان زیادئەکرد. مەلاکانیش چیتر نەیانئەزانی ئەبێت خۆشحاڵبن یان پەشیمان. سەرەڕای ئەوەی هۆکاری خراپەکاری ملی خۆی گرتبوە بەر و ڕۆشتبو، بەڵام ونبونی ئەو و دڵ سوتانی ئەم محەمەد جەلالەدینە ئاشوبگێڕە خەرمانەیەکی لە ستەملێکراوی و پیرۆزی بە ناو و بیرەوەری ئەو بەخشیبو. ئەوان باش ئەیانزانی کە نەزان خەڵکەکە هەمیشە ستەمدیدە پەرستن. لە دیدی نەزان خەڵکەوە هەر کەسێك بە هەر هۆکارێك، تەنانەت بە دەستی خۆشی بدات بە زەویدا، داماوێکی ستەملێکراوە و هەر کەسێك بە ڕاسەریەوە وەستابێت، بە دڵنیاییەوە ستەمکارە. ڕاستی یان ناڕاستی ئەم باوەڕەش هیچ گرنگ نەبو. گرنگ ئەوەبو خەڵکەکە ناکۆکیەکانیان لەگەڵ پیرەکەدا لە بیرکردبو و چیرۆکیان بە باڵای ستەملێکراوی و تامات و کەراماتیدا هەڵئەدا. بارەکە سەخت لە سودی تەوریزیەکە هەڵگەڕابویەوە. هیچ کەسێك نەیئەتوانی باوەڕبکات کە پیری عارف و مامۆستای گەورە و ڕێبواری ڕێگەی لە خواترسان کە هەموان بە تەنگ دۆزینەوەی سەرەداوێکیەوەن،هەر ئەو پیرە نەفرەتی و بێزراوەی ماوەیەك لەمەوبەری شارە کە لە کاتی ڕۆشتنیدا چەند



Scanned with CamScanner

ڕۆژێك یەك لە دوای یەك جەژنیان گێڕابو. موعجیزەی گەورەی عەشق ڕویدابو و ئەمە کاری ئەو سوتاو و عاشقە ڕاستەقینەیە بو. ئەمە بۆسۆی خوداوەندگار بو کە جیهانی گرتبوەوە. شار ئەوەندە لە بڵێسەی چاوەڕوانیدا سوتا تا لە کۆتاییدا هەواڵ گەشت کە لە شام بینیویانە. ڕۆژ نەگەشتە عەسر، کاروانێکی تاسەمەند بە کیسەی زێڕ و بە سەرقافڵەیی چەلەبی بەهائەدین ڕەوانەی شام کرا. خوداوەندگار پێداگربو کە خۆی بڕوات بەڵام ڕۆژوگرتنی بەردەوام و شەونخونی و دڵتەنگیەکانیتر بواری سەفەری تا دەروازەی قونیەشی پێنەدا، تا چ بگات بە ڕێگەی پڕ ئاشوب و شەڕ لێکەوتوی حەڵەب و شام کە هەزاران مەترسی و کێشەی تاقەت پڕوکێنی لە پێش بو، کوڕە جێنشینەکەی مەولانا، بە پێداگری و پاڕانەوە و بە سوێند خواردن بە خوێن و شەرەف کە ((تا یار لەگەڵ خۆی نەهێنێتەوە، نەگەڕێتەوە)) وەڕێکەوت.

هێشتا کاروانەکە لە پێچی کۆڵانی حوجرەکەوە دەرنەچوبو کە چاوەڕوانیەکی بەرگە نەگیراو چنگی گیرکرد لە ڕۆحی نیوە گیانی مەولانا: ئەگەر نەیەت، چی؟ ئەگەر گەنجێکی کرچ و کاڵم ناردبێت بۆ ئەرکێکی سەختی لەم شێوەیە، چی؟ ئەگەر لەسەر سروشتی ناسك و زو زویر بوی شەمس گران بکەوێت کە خۆم نەڕۆشتوم، چی؟ ئەگەر ئەو کیسە زێڕانەی پێ بەس نەبێت لەگەڵ کاروانەکەدا ناردومە، چی؟ خوایە کافرەکانیش دیلی ئەم دەردی دابڕان و چاوەڕوانیە نەکەی کە منت کرد؟ چۆن ئۆقرەبگرم؟ و خۆزگە تا دور نەکەوتونەتەوە، خۆم بگەیەنم و لەگەڵ کاروانەکەدا بکەومە ڕێ.

بە سەر و پێی پەتی لە هۆدەکەی ڕایکردە دەرەوە، بەڵام هێشتا نەگەشتبوە حەوزی دەستنوێژگرتنەکە، وەك مەلی پێکراو، کەوتە سەر زەوی. شەقار شەقار و زار و زەبون.



Scanned with CamScanner

چەلەبی بەهائەدینی زرنگ کە زۆر باش لە حاڵ و بارودۆخی باوکی ئاگاداربو، حەکیمێتی ئەنواند و هەمو ڕۆژێك نامەبەرێکی بە تێچونێکی زۆرەوە ئەنارد و هەواڵی بەرەوپێشچونی کارەکەی ئەناردەوە. کاتێك هەواڵ گەشتەوە کە حەزرەتی شەمسیان دۆزیوەتەوە و ڕازیانکردوە بگەڕێتەوە و مەولانا نامەی مەعشوقی هەڵگری پەیامی سڵاو و شەرمەزاری بەرامبەر بەو هەموە گرنگیپێدانەی کە خوداوەندگار پێشکەشی کردوە، بە پەنجەکانی خۆی سوی و خستیە سەرچاوی، کەمێك ئارام بویەوە، دیسانەوەش لەو ساتە بەدواوە دەستیکردەوە بە چاوەڕانی، بەڵام ئیتر نەك بە ترس و لەرزەوە، بەڵکو ئەم جارەیان زەوی و ئاسمان مژدەی بە وەسڵیان ئەدا.

ئەڵبەتە خۆی چاوەڕوانی زۆر ناڕەحەت بو، بەڵام نەك بە ناڕەحەتی ئەو سێ مانگەی کە گۆشت و پێستی وەك گەڵایەکی سوتاویان لێهاتبو و ئێسقانەکانی وەك خۆڵەمێشێکی توتیایی. دەردی جیایی لە کوێ و چاوەڕوانی وەسڵ لە کوێ؟ شەرمەزار لەوەی بەرامبەر بە کەسانیتر ئەنجامی دابو، بەردەوام کاتەکانی بە داوای لێبوردن کردن و دڵداری و سوپاسگوزاری لە مەعشوقی ڕاستەقینە و گیانی گیانانی لەسەر بەرماڵ تێئەپەڕاند، یان بانگی لێبەرزئەبویەوە و ئەسوڕایەوە:

ڕێگە ئاوپرژێن بکەن چون یارم بە ڕێگاوەیە[1].....

---

[1] - ئەمە سەرەتای یەکێکە لە شیعرەکانی مەولانا لە دیوانی شەمسی تەبریزیدا کە بۆ بەخێرهاتنەوەی شەمس نوسیویەتی.

# ڕێگە ئاوپڕژێن بکەن...

لە کۆتاییدا ڕۆژی وەسڵ گەشت. بیست نێرراوی خوداوەندگار لەگەڵ نوری چاوی، چەلەبی بەهانەدیندا دڵبەرە هەڵهاتوەکەیان گەیاندە دەروازەکانی قونیە، بەڵام بە بەرگەگرتنی هەزار ناز و عیشوە کە گیانی گەنجەکەی گیانەسەر کردبو. جارێکیشیان لە حەڵەب و بێ پێشەکی سەری سواریەکەی سوڕاندبو بەرەو باشور و پەشیمان لەو پەیمانەی دابوی ئەیویست هەر لەوێ بگەڕێتەوە کە ڕۆح بەبەر گەنجەکەوە نەما و دە جار مرد و زیندوبویەوە تا توانی دوبارە بیگێڕێتەوە سەر ڕێگەی باکور.

لەو نێوانەدا کە زەڕەنگەر و پەیکی تایبەتی بەهانەدین هەواڵەکەیان گەیاندە ماڵی مەولانا تا ساتی وەسڵ، جوانترین شیعرە عاشقانەکانی جیهان هۆنرانەوە. وەک بڵێی فێڵ و تەڵەکەی ئوستادی ئەزەل بو کە یەک جار و بۆ هەمیشە قوڵی و گەورەیی شەوقی ئاشقە ڕاستەقینەکانی لە ساتی وەسڵ و یەکبوندا، وێنە ئەکێشا. یەک جار و بۆ هەمیشە! دواتر هەرگیز هیچ کەسێک نەگەشتە ئەو پلەیە لە شۆڕ و شەوق و هیچ خامەیەک نەگەشتە ئەو لوتکەیەی خەیاڵ.



Scanned with CamScanner

مەولانا ئەیویست خۆی بۆ پێشوازی مەعشوقەکەی تا دەروازەکە بڕوات، بەڵام لە تاسەمەندی زۆردا، نە پێی لە دوی ئەهات، نە دەستی، نە چاوی و نە زمانی. ئەترسا مەست ببێت و شێت ببێت و دیسانەوە ئابڕوی بڕژێت. ئەو باکی نەبو، بە ئەندازەی پێویست ناوبانگی شێتێتی بە جیهاندا بڵاوبوبویەوە، بەڵام لەبەر خاتری کەسە نزیکەکانی ئەبوایە خۆی بگرتایە. ئەبوایە لە ماڵەوە چاوەڕوانی بکردایە. ئەسڵەن چۆن ئەیتوانی یەکەمین ساتی دیدار لەگەڵ کەسانیتردا دابەش بکات! بهێڵە با هەموان بڕۆن و لای دەروازەکە ببینن و دواتر بیدەنەوە دەست ئەو. هێشتاش باوەڕی نەئەکرد کە بەڕاستی وەسڵێك لە ئارادا بێت. خۆشبەختی هەمیشە هاوڕێی ناباوەڕیە.

ئاخر بەو شێوەی کە ئەو پیرەکەی ئەناسی، ئەو ڕۆحە سەرشەق و ڕام نەبوە، ئەو سەرپێچیکارە لە زەوی و ئاسمان، ئەو یاخیەی زەمان و هەڵهاتوەی ڕۆژگار، ئەگەر دیسانەوە هەڵفڕیبا، بۆ هەمیشە هەڵئەفڕی. گەڕانەوەی ڕێی تێنەئەچو. دیسان بەخۆی ئەوت: خۆ هەمو سەربانەکان سەربانی خوداوەندگار نەبون. ئەم ڕاوچیە خۆیشی دیلی ئەم داوەیە. پێی بە تەڵەکەوە بوە. لێرە ڕاوچی و نێچیر بونەتە یەك، ڕزگاربون نیە، ئەگەڕێتەوە. گەڕاوەتەوە. ئێستا تەنیا هێندەی هاویشتنی تیرێك لە منەوە دورە. ئەوسا بەرەو دەرگاکە ڕاینەکرد. هەناسە بڕکەی تێئەکەوت. بە شین و گریانەوە دەستی ئەگێرانە چوارچێوەی دەرگاکە تا یارمەتی بدات لە دان بە خۆگرتندا. چیتر دوعاش هیچ سودێکی پێنەئەگەیاند. بێ ئۆقرە بو، بێ ئۆقرە. ئەو هەموە ڕیازەتە چی لێهات کە لە ڕامکردنی دەروندا کێشابوی. بۆچی چیتر هیچ شتێك هێوری نەئەکردەوە.

هەمو ئەهلی قونیە ڕۆشتبون بۆ دەروازەی گەورە بۆ پێشوازی لە شەمسی باڵدار. باڵدارێك کە بە هەزار ناز و لاواندنەوە و نەزر و نیاز نەئەگەڕایەوە بۆ هێلانە. کاتێك لە حەڵەب پەیمانشکێنی کردبو و ئەیویست هەر لەوێ بمێنێتەوە، بەهانەدین



Scanned with CamScanner

به مەرگی خۆی و باوکی -کە لە کاتی نەگەڕانەوەیدا شتێکی چاوەڕوانکراو و لەوانەیە دڵنیاش بو- سوێندی دابو و نازی هەڵگرتبو و شەرحی حاڵی بۆ کردبو و دانی بۆ داکردبو و موریدی و غولامێتی بۆ نواندبو تا دوبارە لەگەڵ خۆی هێنابویەوە بۆ ئێرە. بەشێوەیەك کە تەنانەت شەمس خۆشی -دور لە چاوەڕوانی و سروشتی خۆی- شەرمەزار بو بو و ستایشی زۆری کردبو. لەدەوروبەری دەروازەکەدا شەڕێکی بێدەنگ هەڵگیرسابو. هەمو پیاوانی قونیە -هەندێکیان لەبەر سوسەکاری، هەندێك بۆ سەلماندنی بێ لایەنی و دەرخستنی ئەوەی کە ئەوان هۆکاری ئەم دورکەوتنەوە تاڵەی ئەو نەبون، بەڵام دەستێنەنقەست لەبەر خۆشەویستی خوداوەندگار و بۆ بەشداربون لە خۆشی و شادی گەورەی ئەودا- ئەو ڕۆژە لە بەیانی زوەوە لە ژێر خۆرەتاوێکی کەمڕەنگدا کە ڕەنگێکی خەیاڵاوی و ناواقیعی بەخشیبو بە دەشتەکانی دەوروبەر، لە چاوەڕوانیدا وەستابون. تەم لە ئاستی زەوی بەرزئەبویەوە و لێرە و لەوێ بە لقی درەختێکەوە، چەند گەڵایەکی ڕەنگ زەرد لەگەڵ بادا سەمایان ئەکرد. ئەو حەشاماتە و ئەو هەموە بێدەنگیە. لەوێ چاوەکان لە جیاتی زارەکان قسەیان ئەکرد.

ڕەشایی کاروانەکە بەرە بەرە نزیك ئەبویەوە. گەنج و پیشەوەرەکان کە لە هەموان زیاتر هەڕەشە و گوڕەشەیان لە شەمس کردبو ئێستاش لە هەموان زیاتر بێ ئۆقرە بون، جێیان بە خۆیان نەگرت. لەناکاو هەمویان بە هاتوهاواری جەرگبڕ و سنگ دڕینەوە ڕایانکرد بەرەو پیری. لەوانەیە ئەگەر پیرەپیاوەکە بیبینیبان لە ترسی گیانی خۆی هەڵبهاتایە. وەك بڵێی ئەیانویست نێچیرە هەڵهاتوەکەی مەولاکەیان بە دەست و پێ بەستراوی بدەنەوە دەستی تا هەرچی زوە گیانی پاکی لە سزای هیجران ڕزگاربکەن. دەروازەی گەورەی قونیە لە پاشتریش چیتر بینەری پێشوازیەکی لەو شێوەیە تاسەمەند، پڕشکۆ و ڕاستگۆیانە نەبو. پێشتریش بە خۆیەوە نەبینیبو. لەسەر دەست شەمسیان بردە ماڵی خوداوەندگار.

هەمو پێشوازیکەرەکان خۆیان بە بانگهێشتکراو ئەزانی. هیچ کەسێك چاوەڕوانی مۆڵەتدان نەبو. هەموان تەنیا یەك ویستیان هەبو و ئەویش، بینینی حاڵی خوداوەندگار لە ساتی گەورەی وەسڵدا. هیچ کەسێك نەیئەزانی ئەگەر کارەکە بسپێررایەتە دەست خودی عاشق و مەعشوق، نیوەی تەمەنیان ئەدا تا لە ناوەڕاستی بیابانێکی چۆڵ، یان لەسەر بەلەمێکی ونبوی ناو ئاوێکی نەناسراودا، بەڵام خاڵی لە بێگانە و تامەزرۆیینوتێپەڕی نەزان خەڵکەکە و شەوقی درۆیینەی ئەو گەلە ڕیاکارە، شەربەتی وەسڵ نۆشکەن.

شەمسیان لەبەردەم دەرگای حوجرەکەدا داگرت، لە کاتێکدا کە هەموان بە دەنگی چەنگ و چەغانە و دەهۆڵی چل گروپی بەزم بێژی بەناوبانگی قونیە، شیعرەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی خوداوەندگاریان بە سنگە کوتێ و سەماکردنەوە، لە ناخی دڵیانەوە ئەچڕی. خرۆشانێکی سەرگێژکەر زەوی و ئاسمانی پڕ کردبو. شەمس سەیری ئەو دەرگایەی کرد کە ماوەیەك لەمەوبەر لە نیوەشەودا لێیەوە هەڵهاتبو و دیسانەوە زەردەخەنە لا لێوە زیرەکانەکەی لەسەر لێوی نیشتەوە. دوبارە بە دەستی کراوەوە هێنابویانەوە. وەك بڵێی توانای هەڵهاتنی نەبو. هەر لەو ساتەدا یەقینی بۆ دروستبو کە قەدەرێك ڕێگەی هەڵهاتنی لێگرتوە. وەك ئاماژەی خۆدانە دەست ویستی حەزرەتی دۆست، سەیری ئاسمانی کرد و لەناکاو هەڵۆی نیگای لە نیشتنەوەیدا، لەسەر بەرزایی سەربانەکە و لەناو زۆرێك لە گرۆی دوژمنانی حەرەم نشینی ڕۆژانی سەرەتایدا کە ئێستا لە پشت پەچە و تەنانەت هەندێکیان بە ڕوخساری بێ پەچەوە شەپۆلی میهرەبانانەیان بۆ ئەنارد، جارێکیتر لە چرکەیەك بێئاگایی لەو دیو پەردە، لەسەر گەردنی بلورینی بێچوە کۆترێك نیشتەوە کە چاوە دەریا ڕەنگەکانی جارێکیتر هەناسەی توند کردبو. خوێن لە دەمارەکانیدا وەستابو و زەردەخەنەش لە لێوی تۆرابو. ئەگەر ڕێگەیەکی شك ببردایە، هەڵئەهات. وڵاتانێکی زۆر گەڕابو و خاکی تورك و هیندۆس



Scanned with CamScanner

و تەرسا و مسولمانی لە هەگبەی شانی کردبو، بەلام هیچ شتێك هێندە دڵی نەلەرزاندبو. ئەو چاوانەی کە لە هەمو ڕۆژەکانی مانەوەی لەو سەرایەدا، تەنانەت لە تاراوگەش، یان لە کاتی گەڕانەوەیدا، وەك مەغۆلە شمشێر کێشەکان هەڕەمەکیانە دابویان بەسەر مێشکیدا و ئەویش ڕاوینابون، بەلام ئێستا نەك لە خەیاڵیدا، بەڵکە هەر بە زیندویی و هەر لەو گوڕەپانەدا لەسەر بانەکەوە ئاگریان لە دەرونی بەرئەدا. دیسانەوە چاوە ترساوەکانی بریە ئاسمانی ڕەنگ لە ڕوبڕاو ودەستیکرد بە گلەیی و بناشت. ئەی ئەوەی تۆڵەی سەخت سێنەرەوەی، ئەزانم ئەمە سزای پرسیارکردنە! ئەڵێیت بۆچی تەمەنێك لە ((كلميني يا حُميرا)) تێنەگەشتی،تەماشاکە چۆن تێتئەگەیەنم. بێئاگا لە هاتوهاواری دەوروبەر و مات و حەیران لە فێڵی دۆست، نەیئەتوانی چاوی لەسەر ئاسمان هەڵگرێت کە لەناکاو نەڕەی نێرە شێرێك هێنایەوە هۆش خۆی و لەو ساتەدا، خوداوەندگار بەشێوەیەکی وا لە باوەشیدا گوشی کە لەوانەیە ئەگەر مەولانا خۆی بەهۆی ئازار و ناڕەحەتی ئەم سێ مانگەوە نیوە گیان نەبوایە، ئێسقانەکانی پیرەپیاوەکە تێکئەشکان. حەشرێك هەڵگیرسا. هەر کەسێك لە هۆش بچوایە لە ژێر دەست و قاچدا ئەبوە توتیا. گۆرانیبێژەکان گیانیان کرد بە بەر سازەکانیاندا. هەر کەسێك ئەو چاوەی هەبوایە کە فریشتەکانی ببینیایە، ئەیبینین کە دەست لە مل و باڵ لەسەر باڵ سەمائەکەن. زەمین و زەمان سەرقاڵی ئەم عیشقە بون. هەمو جێ و هەمو شتێك ئەم عەشقە بو و ئەم عەشقە هەمو شتێك و لە هەمو شوێنێك بو.

بەر لە یەك هەفتە شار لە تاسە و حەسرەتی گەڕانەوەی حەزرەتی شەمسدا تامەزرۆی باوەشی ئەم عەشقە بو.بازاڕیان ڕازاندەوە. وەك بڵێیت شازادەیەك لە شەڕی دێوی دو سەر گەڕاوەتەوە. خواردنیان بەسەر خەڵکیدا ئەبەخشیەوە، پیشەوەرەکان شەربەتیان نۆشئەکرد، سازژەنەکان لە کوچە و کۆڵانەکاندا مۆسیقایان ئەژەند. گۆبەند ئەگێڕا و هەمو لایەك شیعر و شۆڕ و شەوق و سەماع



Scanned with CamScanner

و گۆرانی وتن بو. هەژار و دەوڵەمەند، گەورە و بچوك، ژن و منداڵ، زاهید و ڕوسپی ئەیانویست لە شادی بێهاوتای خوداوەندگاردا بەشداربن. گەورەیی ڕوداوەکە بۆ مەولانا کە بەڕاستی خوداوەندگاری شارەکەبو، ئەوەندە بەتوانا و بەهێز بو کە جارێکیتر وەك هەورە بروسکە سەرتاپای ئەو دیارەی لە هەیبەت و نوری ورکەری خۆیدا ڕۆکردبو. و بەلاّم لەناو ئەو کۆمەڵە سەرقاڵەدا تەنیا دو کەس هۆشیان لەویَ نەبو: شەمسی باڵدار و عەلائەدینی تورە. شەمس نەیئەزانی بۆچی حەزرەتی دۆست گاڵتەی لەگەڵ ئەکات و لە پاش ئەو هەموە دەستەمۆکردنەی نەفس و پچڕاندنی پەتی هەمو پەیوەستیە دنیاییەکان -یەك لە دوای یەك- و گەیشتن بە زەریای ئارام و بیَ کۆتایی ڕەهایی، گیانی حەیران و ماندوی لە چاڵی قوڵ و شینابییەکی زولاڵ و نیگایەکی وەحشیدا، یوسف ئاسا، دیل کردبو. هەرکاتێك خۆی بە پەیوەست نەزانیبایە بە ئەدەبێکەوە لە بەرامبەر هەمو کەسێکدا -مەگەر خوداوەندگار- ئەڕۆشتە کونجێکی خەڵوەت تا بەڵکو بتوانێت خۆی یەکلایی بکاتەوە -سەری بەرزئەکردەوە و بە کوتەك ئەوەندەی پیائەکێشا تا بەڵکو ئەو سەودایەی لەسەر دەرچێت، بەلاّم بیَ سود.

ئای چەند لە کاتی خۆیدا لە داو هەڵهاتبو و ئای چەند سەیر بە دەستی کراوەوە گەڕاندبویانەوە و لەگەڵ ئەو هەموە سەربەرزی و ڕوە کیبریاییەیدا، چەند سوك و داماویان کردبو. ئەی بەرهەمی ئەو هەموە سلوك و ڕیازەتە کوا؟ ئەو هەموە دەرس و ڕۆچونە؟ ئەو هەموە شۆڕش و سەرپێچیە؟ ئەو هەموە خۆپاراستن و خۆلادانە؟ ئەو هەموە دەربەدەریە لە وێڵبون بە دوای دۆستدا؟ ڕێك لەو کاتەدا کە بە هەستی دڵنیایی وەسڵی مەعشوق و بەرکەوتنی سۆزی ئەوەوە سەری لە ئاسمان ئەسوی، چۆن وەك بێچوە ئاسکێك دیلی چڕنوکی پڵنگی ئارەزو بو و ئەمە ئەگەر شەرمەزارکەر نەبو، بە دڵنیاییەوە لە کاتێکی درەنگ و ناوەختدا بو! ئارەزوی بینینی ئەو لە نزیکەوە، بینینی ئەو لە خەڵوەتی خۆیدا، لاواندنەوەی

پێستی گەرمی بە سەرپەنجە زبر و ترەکیوەکانی. توانەوە لەو کەماڵی خولقاندن و خولقێنەری (احسن الخالقين)ەدا! چ ئارەزویەکی وێرانکەر! ئەو لەوێ لە وجودی ئەو منداڵەدا، یەکبونی دروستکەر و دروستکراوی ئەبینی. هەر ئەم سەودایەش بو کە وەك گێژاوێك لەخۆی ئەئاڵاند و بەرەو خۆی کێشیئەکرد. خوا لە ناو ئەو چاوانەوە لەوی ڕوانیبو و گیانی ماندوی لە ناکاوێکدا بەرەو خۆی کێشکردبو، تواندبویەوە و گەیاندبویە فەنا. داماو بو بو، داماوانەش بیرینەکردەوە. مەگەر چی ڕوینەدا ئەگەر خۆی بکردایە بە خاوەنی ئەو دەرگایەی کە بەڕوی خوادا ئەکرایەوە؟ پیر بو کە بو، ئەو کەی هۆشی بەلای دەرونێکەوە بوە کە پیری و گەنجی بناسێت. ئەو ئەبوایە پەردەی لەسەر ئەو دروستکەرەی لابدایە. ئەبوایە بیکردایەتە هی خۆی. ئەکرا حەزرەتی دۆست تەنانەت هەر تایبەت بۆ ئەوی خولقاندبێت، ئەگینا بۆچی دوبارە گەڕاندبویەوە بۆ دیلێتی و لە کوێوەبو کە هەر لەو ساتانەی یەکەمی گەڕانەوەیەوە، ئەو چاوە تاڵانکەرانە دڵیان داگیرکردبو. هەر بۆ ئەمەیە. ئەو هەر لە ئەزەلەوە هی ئەو بوە و بێ هیچ ناشرینی یان گوناه یان سەرپێچیەك ئەتوانێت لەگەڵ ئەو بێت. بۆ نا؟ کام شەرع، کام نەریت، کام یاسا یان سوننەت، لەم کارەدا ڕێگر بو؟ بۆچی بێ هۆ خۆی خەمبار ئەکات؟ تا کەی هەڵهاتن؟ تا کەی دەربەدەری؟ تا کەی سەرگەردانی؟ تاکەی ڕۆژوەوانی؟ تا کەی سەرکوتکردنی دڵ؟ بۆچی و تا کەی؟ ئەو ئەم جارەیان لەگەڵ خۆی بە سۆز ئەبێت. مافی خۆی لە ڕۆژگار داوائەکات. مافێك کە دەستی چارەنوس وەك بڵێیت خەیاڵی پێشکەشکردنی هەیە، تەنیا ئەبوایە هەلێکی بقۆستایەتەوە بۆئەوەی لەگەڵ خوداوەندگاردا قسەبکات. لەگەڵ ئەو هەموە ڕوداری و بێ باکیەیدا نەیئەزانی ئەبێت لە کوێوە دەستپێبکات. چەندین جار کاتێك هەردوکیان بە تەنیا مابونەوە، چشی لە هەمو شتێك کردبو، بەڵام دیسان جۆرێك لە شەرم کە بارێکی تازە و نەئاسراو بو بۆی ڕێگری ئەکرد لە کارەکەی. ئاخر ئەو ماوەیەکی نۆد بو



Scanned with CamScanner

شەستی تێپەڕاندبو. ڕێکوپێك حسابەکەی نەئەزانی. لەبەرئەوەی باوەڕی بە تێپەڕینی کات و شوێنەوارەکەی نەبو. وابیرێنەکردەوە کە کات بۆ ئەو وەستاوە. ئەسڵەن ئەو کاری بەسەر کاتەوە نەبو. بەڵام بەم تازەییانە لە ئاوێنەدا پیرێکی کەوڵەکۆنی دۆزیبوەوە کە بە سەرزەنشتەوە لێی وردئەبویەوە، تەنانەت ئەمەش شتێك نەبو بیری سەرقاڵبکات. ئەگەر سەودایەکی لەسەر دا نەبو، تەمەنێك دور لەم هەموە دڵ نیگەرانیانە ژیا بو. ئێستا بابەتەکە شتێکیتر بو. چۆن بەو سیماوە بڕواتە لای گەورە پیاوێك کە بە نوری خوای ئەزانێت، دابنیشێت و دەم بکاتەوە و بڵێت: قوربان، هەر لەو کاتەدا کە ئێوە شیعرتان بە شان و باڵی پاکی و پیرۆزی و قودوسیەتی مندا هەڵئەدا، من لە خەیاڵدا لەگەڵ زڕکچەکەتاندا دەستبازیم ئەکرد.

هاتەوە بیری کە ڕۆژێك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی ڕاستگۆیی و لە خۆبوردەیی و ڕزگاربون لە خۆپەسەندی داوای ناموسی لەو موفتیە بەناوبانگە کردبو و خوداوەندگاری دڵ و دین بەختکردو کە هەمو ئەڵماسەکانی جیهان ناگەن بە تۆزی پێی پاکێتییدا، پێشکەشی کردبو. ئەو ڕۆژە پێکەنیبو و وتبوی گاڵتەی کردوە و بۆ تاقیکردنەوە بوە و شمشێرەکانی قونیە دوبارە لە کێلان کرابونەوە، ئەی ئێستا چی بڵێت؟ چی بکات لە تانەدەرەکان؟ خەڵکی چی لێبەسەر ئەهێنن؟ تا ئەو ڕۆژە هەمیشە لە شەڕەکاندا بردبویەوە، لەبەرئەوەی هیچ شتێکی بۆ خۆی نەویستبو. ئەگەر چەندین جاریش بە تۆمەتی ماڵدۆستی و نیەت پیسی و خۆبەزلزانین و پێکەخوازیەوە ئازاریان دابو، لە کۆتاییدا بینیبوی کە هەمو و هەموانی بە گەمە و گاڵتەوگەپ گرتوە، بە لاوازی و حەسودی و دەنگۆبڵاوکردنەوەکانیان دەربارەی دڵخۆش ئەبێت و بێ ئارامی و سوکی و بێ بایەخیەکانیان ئەداتەوە بە ڕویاندا، بەڵام ئەم جارە چی بڵێت؟ هەرچەندە لەو شارەدا پیاوەکان –ئیتر هەر لە باوك و براوە تا مێرد– هەرچیەکیان بویستایە بە ڕەوایان ئەزانی بەرامبەر بە ژن، بەڵام یەك ڕێژە هەمیشە بێ بگرە و بەردە و لەبەرچاوگیراو بو ئەویش شایستە بونی



Scanned with CamScanner

پیاو بۆ ژن و ژن بۆ پیاو بو. ئیدی ئەمە ئەیتوانی ماڵ بێت، پلە بێت، گەنجێتی بێت، یاخود جۆرێك لە قازانج و چاکە بوایە لە کارێکدا، بەڵام بۆ ئەو هیچ یەکێك لەمانە نەبو. ئەو چۆن ئەیتوانی هاوشانی ئەو ئاسکە کێویە بێت؟ هەر کە دەم بکاتەوە، ئابڕوی با ئەیبیا. پاش تەمەنێك لە دەربەدەری و کێشەی هەمیشەیی لەگەڵ ناکەساندا، تازە کەسێکی دۆزیبوەوە کە سەروسامانی گرتبو و ڕێز و پلە و پایەی بەدەستهێنابو و بە شوێنێکی ئارام و هێمن گەشتبو کە بۆ سەر لە پیری پێویستن. بۆچی ئەبوایە کارێکی نەگونجاوی لێبوەشایەوە و هەمو شتێکی تێکبدایە؟ دیسانەوە دەنگێکی ئازاربەخش لە دەرونیدا ئەیوت کە هەمو تەمەنت بۆ خۆت ژیاویت و دڵت خستوەتە ژێر پێت و ئەم جیهانەت پێ ماڵ کردوە و بە شوێن دۆستدا گەڕاویت، دڵت نرکەی لێوە نەهاتوە، ئێستا تەنیا ئەم جارە و هەر ئەم جارە تکایەکی لێت هەیە. دڵ ئەو ئاسکەی ئەوێت و تۆ ئەتوانیت خۆشحاڵی بکەیت، مەرهەمی بکەیت، بیژێنیتەوە، وەرە و ئەمەش فێربە. ئەو باش ئەیزانی لەم ڕۆژانەدا هیچ کەسێك تواناى سەرنانە سەری نەبو و باش ئەیزانی کە خوداوەندگار لەبەر ئەو ئاسمانی ئەهێنایە خوارەوە بۆ زەوی. دەی چاوەڕێی چی بو؟ ئەو هەموە دڵەڕاوکەیە بۆچی؟ بۆچی گیانی تینوی بۆ یەك جاریش کە بوە لەو ژیانە درێژەدا لە شیرینیەك کە رب العالمین لە ئاوی زەم زەم زیاتر بە حەڵاڵی ئەزانی، تێرئاو نەئەکرد؟ زۆری نەخایەند تا ئەوەی لێی ئەترسا لە کۆتاییدا ڕویدا و عەقڵی پیرەکە خۆی دا بە دەست دڵی ڕسوایەوە، تەنیا ئەبوایە چاو لە ڕێی ئەو هەلانە بوایە کە ئەهاتنە پێشەوە بۆئەوەی سەرەتا بابەتەکە لەگەڵ مەولانادا بکاتەوە، دواتر بزانێت چی ڕوئەدات.

بەڵام عەلائەدین، ئەو ئیتر بێئاگا لەم باس و خواسە! ئای لە نەگریسکاری زەمانە کە ئەویش ئەبوایە سەرگەردانی ئەو شێوە بوایە کە شەمسی بێنەوا سەرگەردانی بو. ئەو وەك زۆرێك لە کەسانیتر گیرسانەوەی داڵەکەرخۆرەی نیگای

پیرەپیاوەکەی لەسەر ڕوخساری خۆشەویستەکەی بینیبو، ئەویش بۆ دوەمین جار، و بینەری بێدەنگیی سەیر و گێژی میهرەجانی گوناهاوی باوك و شەمس و بەهانەدین و خەڵکی ڕیاکاری قونیە بو و هەمیشە بە خۆی ئەوت، ئای چ بە سەبرە خوا! هیچ سەری لێدەرنەئەکرد کە ئەو بەڵایەی گیان، ئەو کاوڵیە بێ ڕەوشتە، ئەو مایەی ڕوڕەشی بنەماڵەی بەهاء وەلەدە بۆچی ئەبوایە بگەڕایەتەوە. ئەو هەموە سوپاسگوزاری بەر دەرگای خوا بو بو بۆ ڕۆشتنی، بۆچی ئەبوایە بگەڕایەتەوە و دوبارە ڕوڕەشی، کارەسات و بێ خەبەریەکان سەریان هەڵبدایەتەوە؟ چۆن خەڵکی شار کە چەند مانگێك لەمەوبەر، هەموان ڕوبەڕوی ئەو نامۆیە بو بونەوە و ئەیانویست بیکوژن، ئێستا وەك بتی سومنات لەسەر دەست بەملاولادا ئەیانگێڕا! تەنانەت فەقێکانی حوجرەش کە قوتابی خۆی بون، چیتر خەریکبون لە دەست ئەچون. لەوانەیە هەر لە ڕاستیدا قیامەت نزیك بوبویەوە کە دنیا پڕ بو بو لە گوناه و سەرپێچی، بە فەڕ و پیتی ئەو نامۆیە ناشرینیەکەی لە دەست دابو. ئەو ئەیزانی کە لە ڕابردودا قونیە مەجلیسی عەیش و سەما و هەڵپەڕکێ بوە، بەڵام تەنیا لە ناو جولەکە و مەجوسی و تەرساکاندا، لە ناو مەیخانە و ئەهلی هەندێك لە خانەقاکاندا. بەڵام لە مەجلیسی گەورەکاندا کە بە بۆنەیەکی باشەوە سازئەکرا، لانی کەم گۆرانیبێژە مسوڵمانەکان بە هەندێك شیعری گونجاوەوە بەشداریان ئەکرد و لە بازنەی نەی و دەف زیاتر دەرنەئەچون. ئەو هیچ کاتێك بەر لە هاتنی ئەو گەڕۆکە، سەماکردن و سوڕانەوە و کشکشان و نەڕاندن و لە هۆش خۆچونی لە مەجلیس و بۆنە خێزانیەکان و لەناو هاوڕێ و نزیکەکانیدا —کە هەموان لە بەناوبانگترین و سەرکردەکانی قونیە بون— نە بینیبو و نەبیستبو. ئێستا هەمو شەو و ڕۆژێك دەنگی مۆسیقا ئەگەشتە ئاسمان و مەجلیسی سوڕانەوە و سەما و سەماع لە هەموماڵێك و چوار ڕیانێکدا ڕێکئەخرا و چیتر هیچ کەسێك تەنانەت لە پارێزەرانی دین و شەریعەتیش ورتەیەکی دژایەتی ئامێزیان لە دەم

نەئەهاتەدەرەوە و ئەوەی لە هەموی زیاتر ئازاری ئەدا گۆڕانی بارودۆخ بو لە ناو ماڵ و حەرەمدا کە وا چاوەڕوان ئەکرا لە شەڕی ڕسواییەکاندا وەك هەمیشە بە پەناگەی ئەو بمێنێتەوە. پاش ڕۆشتنی نامۆکە و بێ ئۆقرەیی و نائارامی باوکی، ئەهلی حەرەم چەندین نەزریان لەسەر خۆیان فەرزکردبو و چەندین تەوبەیان کردبو کە ئەگەر ئەو بگەڕێتەوە، تەنانەت لە خەیاڵیشدا کێشەی بۆ دروستنەکەن. هەر کەسێك بە جۆرێك سەرزەنشتی خۆی ئەکرد و هەموان هەمو ڕۆژێك هەرچی دوعا و ویرد و تەسبیحاتیان ئەزانی، ڕەوانەیان ئەکرد بەڵکو ئەو کاوڵیە هەڵهاتوە بە تیری پەشیمانی و ئەژنۆ گەستنیان بپێکرێت، دڵی نەرم ببێت و هەرچی زوە بگەڕێتەوە. ئەم داماوانە کە کەمتر بەئاگابون لە بێزاری هەموان و جوێن و ترساندنەکانی خەڵکی کۆڵان و گەڕەکەکان، خۆیان بە تاوانباری سەرەکی کارەساتەکە ئەزانی و وا بیریاننەکردەوە کە لەبەرئەوەی هیچ کاتێك ئامۆژگاریە هەمیشەییەکانی خوداوەندگار و هەوڵە بێوچانەکانی بەهائەدین بە مەبەستی بەدیهێنانی خۆشەویستی و ڕێز بۆ نامۆکە لە ناو حەرەمدا سەری نەگرتوە، ئەو دڵی ئێشاوە و لەو ماڵە هەڵهاتوە. لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز لە حزوری خوداوەندگاردا ئامارەیەك یان گلەییەکیان بە ڕاشکاوی لە دژی پیرپیاوەکە دەرنەبڕیبو، هەر ئەوەندەیان ئەزانی کە بێدەنگیان، لە پشت ڕوخسارە ناڕازیەکانیانەوە یەك دنیا قسە شارابوەوە و لە توڕەیی هەورە بروسکە ئاسای خوداوەندگار پاش هەڵهاتنیخۆرێکی (شەمس)تر، دڵنیابون لەوەی کە ئەوەی ڕویداوە تاوانی ئەوان بوە و تەنیا ئەبێت لە بیری قەرەبو کردنەوەدا بن. لەم ڕوەوە ئیتر ئامادەی بیستنی تەلقینات و گلەیی و بناشتەکانی عەلائەدین نەبون و کاتێك ئەو ئەڕۆشت بۆ حەرەم، بە پێچەوانەی ڕابردوەوە هەر کەسەو بە بیانویەك خۆی لێدورئەخستەوە و کەس حەزی لە قسەکردن نەئەکرد لەگەڵیدا، مەگەر کیمیا خاتون کە ئەگەرچی نەیئەتوانی لە سنورێك زیاتر لێی نزیك ببێتەوە، بەڵام تاکە



Scanned with CamScanner

بیانوی ژیان و تاکە ئارامی بەخشی دڵی تەنیای، نیگا هاودڵیەکانی ئەو بو. ئەو کاتێك بینیبوی کە ژنەکان -لە کیژای گەورەوە تا کەنیزەك- لە بیستنی هەواڵی گەڕانەوەی نامۆکە فرمێسکی شەوق ئەڕێژن و خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ پێشوازیکردنی ئەو، تەنانەت باوەڕی بە چاوەکانیشی لە دەستدابو. چۆن مرۆڤەکان ئەکرا ئەوەندە ساویلکە بن. ئەو نامۆیە -هەر کەسە وهەرچیەك بو- ڕێگەی سیحرلێکردنی مرۆڤەکانی باش ئەزانی. ڕۆژێك دوای هاتنەوەی شەمس، کاتێك ڕۆشتبو بۆ حەرەم و شەوق و خۆشی هەموانی بینیبو، لە تەفرە خواردنی ژنەکان تورەییەکی سوتێنەر لە دڵیدا بڵێسەی سەندبو و دیسانەوە کەوتەوە بیر ئەو نیگا چەپەڵانەی کە چەقیبونە ڕوخساری پاکی خۆشەویستەکەی و دڵەڕاوکە دەرونیەکانی زیاتر بون. بیرکردنەوەی شوم ئۆقرەیان لەبەرهەڵگرتبو. دەنگێك لە دەرونیدا ئەیوت ڕوداوێکی ئابڕوبەر لە سەرویەری ڕوداندایە. لەوەی کە ئەو هەموە متمانەی بەو زاییفە ساویلکانە کردبو و ڕاوێژی پێکردبون، شەرمی لە خۆی ئەکرد. بێ هۆ نەبو کە پەروەردگار گەواهی دانی ئەوانی بە تەنیا قبوڵ نەئەکرد. ئەوان بە ئاسانی فریوئەدران و هەمو شتێکیان لە بیرئەکرد. چۆن ئەوان بەو خێراییە بیروباوەڕیان گۆڕیبو و لە بیریان چوبوەوە کە ئەم پیاوە چی بەسەر ئابڕوی خێزانەکەیاندا هێنابو و چۆن لە باوکی زانا و تاقانەی پیاوێکی شەیدایی خولقاندبو کە ڕیشی بو بوە گاڵتەجاڕی دەستی منداڵانی کۆڵان و بازاڕ؟ ئەو ئەم ئازارەی بۆ کوێ ببردایە؟ لەو کاتەوەی کە براگەورەکەی کچێکی مارەبڕیبو، ئەو دڵەڕاوکەیەی کە سەردەمانێك بو لە مێشکیدا ئەهات و ئەچو، بەهێزتر بو بو. لەوانەیە کاتی ئەوە هاتبو ئەویش بیرێك لە حاڵی خۆی بکاتەوە و پاش ئەو هەموە نامۆیی و ئازار و گۆشەگیریە ئاویارێك بۆ دڵی تەنیای بدۆزێتەوە کە لەم دواییانەدا خۆی ئەنواند و هەندێك جاریش ئەوەندە ڕوداری ئەنواند کە ئەکرا ئابڕوشی ببات و بەرهەمی هەمو خۆپارێزی و خۆلادانەکانی لە خراپە و گوناه، بدات بە بادا. ئەبوایە چی بکردایە لە



Scanned with CamScanner

دڵە کوتێ وەحشیانەکانی کە هەندێك جار لەو دیو سنگ و کراسەکەشیەوە هەستی پێئەکرا و دواتریش سوربونەوە و گڕگرتن و بێ خەوی و خەوە شەرمهێنەرەکانی! ئەبوایە بیرێکی لە خۆی بکردایەتەوە و حسابی لەو هەموە ئەوانیترە جیابکردایەتەوە. بەڵام تەنیا هەرگیز بوێری دەربڕینی ئەوەی نەبو کە چەندین مانگ بیری سەرقاڵکردبو. چەندین جار بڕیاریدابو کە ئاماژەیەك بۆ کیرامانا خاتون -کە گەورەی کردبو و وەك دایکێك خۆشەویستی بەرامبەر نواندبو- بکات، بەڵام شەرم بواری نەدابو. هەندێك جاریش وا بیرینەکردەوە کە کیرامانا خۆی هەمو شتێك ئەزانێت و دەستینەنقەست خۆی لێدورئەگرێت. ئاشنای ڕەفتاری داپیرەشی بو و ئەیزانی ئەگەر بە ڕێکەوت بچوکترین نارەزایی لە لایەن ئەوەوە دروست ببێت، هەراوهوریایەکی وا هەڵئەگیرسێنێت کە چیتر ڕێگەی هات و چۆی حەرەمیشی لێئەگیرێت. قسەکردنیش لەگەڵ باوکیدا بەدەربو لە سەرقاڵیەکانی ئەو، بە تایبەت لەو ڕۆژانەدا کە ئەسڵەن تاقەت یان بەرگەی بیستنی قسەی کوڕێکی نەبو کە زۆر شایستە نەبو بۆ جێنشینی. ئەڵبەتە بارودۆخەکە هەر وا بەو شێوەیە نەئەمایەوە. لە کۆتاییدا بە هاتنەوە سەر ئەقڵی باوکی ڕۆژێك ئینشائەڵڵا لە داهاتودا بارودۆخەکە لە قازانجی ئەو هەڵئەسوڕا. تەنیا ئەبوایە چاوەڕوانی هەلێکی گونجاوی بکردایە بۆ خواستەکەی و تەنانەت خەیاڵیشی کۆت و بەند ئەکرد و زیاتر سەرنجی ئەخستە سەر ئامانجە گەورەکەی ژیانی کە بەدەستهێنانی پلەی فەقیهی بو. هەمیشە ئارەزوی ئەکرد جێگرەوەی باوك و باپیری بێت. تەمەنێك لەم ڕێگەیەدا هەوڵیدابو. بەڵام وادەرئەکەوت نارەزایی باوکی لەم شانازیە گەورەیە بێبەشی بکات، بە تایبەت بە گەڕانەوەی پیرەپیاوەکە کە خەریك بو هەمو ئاواتەکانی بچنە ژێر گڵ. باوکی سەرەڕای ئەوەی هیچ بوار یان تاسەیەکی نەبو بۆ گەیشتن بەو یان بە کارەکانی حوجرەدا، بەهۆی ڕق و کینەی بێدەرمانی ئەو بەرامبەر بەو نامۆیە تەنانەت پەسەندیشی نەئەکرد، ئیتر چۆن ئەیتوانی ئومێدی

بەوە هەبێت کە ببێتە جێگرەوەی ڕەسمیی باوکێك کە خۆی بە ئەگەری نزیك لە دڵنیایی، بەرە بەرە خەریکبو شەرعیەتی (پلە و مەکانەت) لە دەستئەدا. ئەگەر جامی سەبری عولەماکان سەرڕێژ ئەبو، دەرکردنی حوکمی مورتەدی یان بیدعەت بۆی یەکلایی ئەبویەوە. دڵەڕاوکەی بو و نەیئەزانی ئایا نیگەرانی پلەی زانستی و داهاتوی خۆیەتی، یان بارودۆخی باوکی، یان بیر و خەیاڵێکیتر. لە هەمو ئەمانەش ناڕەحەتتر ئەوەی داهاتوی خۆی لە لاڵێکردنەوە و ئاوڕلێدانەوەی لە کەسانێکی گەورەتردا ئەبینیەوە کە لەوانەیە تەنانەت کەمترین دڵەڕاوکەکانشیان کێشە و خەم و خەفەتەکانی ئەو نەبێت. ئەیبینی کە هەموان لە بیری شەمسدان. تەنانەت حەرەمیش کە تاکە پەناگەی بو لە لایەن ئەو یاخیەوە داگیرکرابو. بە ڕونی ئەیبینی کە هەموان لەسەر ڕێگەی هەڵئەماتن. چیتر هیچ کەسێك نەیئەویست گلەییەکانی ببیستێت، تەنانەت کیمیا خاتونیش کە هەمیشە بە تاقەتەوە گوێی لە قسەکانی ئەگرت و هاودەردی بەرامبەر نیشانئەدا، هۆشی بە لای خۆیەوە نەمابو. بە ئاشکرا هەستپێئەکرا کە نوقمی شەوقی گەڕانەوەی نامۆکەیە. کاتێك ئەیبینی کە چۆن بە لێوە چرۆکردوەکانیەوە باسی ئەو دیمەنەی ئەکرد کە ئەوی لەسەر بانەکە بینیبو و ئەوەی کە شەمس تەنانەت چەند چرکەیەك لێی وردبوبویەوە و وەك بڵێی لەناو ئەو هەموە ژنەدا تەنیا ئەوی ناسیوە و تەنیا سلاوی لەو کردوە، ئەویش بە شێوەیەك کە هەمو خەڵکی سەر و خواری سەربانەکە بۆیاندەرکەوتوە، ئاگری توڕەیی گیانی ئەسوتاند و توڕەیی وەك مارێکی کوێر و ڕەش بە ناو دەمارەکانیدا ئەهات و ئەچو. لەم ساتانەدا بو کە دەستەکانی لە گیرفانی کەواکەیدا توند ئەگوشی تا نەوەك ئەوەی کە نابێت لێیانبوەشێتەوە، بوەشێتەوە. ئەگەر کیمیا خوشکی ڕاستەقینە یان خێزانی ئەو ئەبو و ئەگەر ئەوی هێندە خۆشنەویستایە،دەمی پڕ ئەکرد لە خوێن کە چیتر نەوێرێت لای ئەودا بەو هەموە شۆڕ و شەوقەوە باسی ئەو بونەوەرە بێزراوە بکات. لە ڕاستیدا هەمو ئارامی و



Scanned with CamScanner

لەسەرخۆیی لەدەستدابو. بەر لە ڕۆشتنی نامۆکەش هەر ئەوەندە ڕقی لێیبو، بەڵام دڵی کوڵی نەئەدا و دڵنیابو کە بەسەریدا زاڵ ئەبێت. دڵنیابو کە ڕۆژێك بە یارمەتی هاوڕێ ڕاستەقینەکانی باوکی و هەروەها بە یارمەتی مەلا و فەقیهەکانی قونیە لە شەڕی ئەو کەمئەکاتەوە. بەڵام هەمو شتێك بەجارێکا تێکچوبو و گۆڕابو. چیتر هیچ ئاسۆیەکی بۆ نەهیشتنی شەڕی نەئەبینی. بەتایبەت ئەوەی کە ئەو پاش گەڕانەوەی چیتر لە حەرەمدا پێگەیەکی قۆستبوەوە و خەریکبو کارەکە بگاتە ئاستێك کە لە خەیر و شەڕی بابەتە خێزانیەکانیشدا بۆ ڕاوێژ لای باوکی بێت. بە چاوەکانی خۆی ئەیبینی کە گەڕۆکێکی بێ سەر و بەر لەوماڵەدا کە مەحرەم و خاتونەکانی ئەو تێیدا نیشتەجێن وەك ئاشنایەکی مەحرەم هاتوچۆ ئەکات، لە کاتێکدا کە شێخ محەمەدی خزمەتکاری حوجرەش، لەگەڵ ئەوەدا کە هەمو حەفتا ساڵی تەمەنی لە حەرەمدا بەسەربردبو، زاتی کارێکی لەوشێوەی نەبو. چیتر هیچ شتێك نەیئەتوانی ئارامی بکاتەوە. وەك نوقمبوی ناو زۆنگاوێك بو کە بە هەر پەلەقاژەیەك زیاتر ڕۆبچێت. ئەبوایە ئەو بابەتەی کە تەمەنێك بو بیری لێکردبوەوە لەگەڵ کیراخاتون و باوکیدا باسبکات. بە هەر نرخێك بوە ئەبوایە هەلێکی بدۆزیایەتەوە و خۆی یەکلایی بکردایەتەوە. دواتریش ئەگەر بارودۆخەکە هەر بەو شێوەیە بەردەوام بوایە ئەیتوانی وەك باپیرەی دەستی ژن و منداڵەکەی بگرێت و لەو شارەوە بچێت بۆ جێیەکیتر کە ئەم هەموە کوفرە داینەپۆشیبێت وەك ئەوەی کۆچ بکات بۆ شام یان حەڵەب و ئەو بێئاگایانە لە حاڵی خۆیاندا وێڵبکات.

سەرئەنجام ڕۆژێك هەرچی بوێری هەبو خستیە کار و داوای لە کیراخاتون کرد تا ئامادەکاریەك بکات کە شەوێك لە خزمەتی حەزرەتی باوکی و ئەودا بابەتێکی پەلە و گرنگ بخاتەڕو. لەو بزیسکەیەی کە لە چاوە ماندو و ئازارچەشتوەکانی کیراخاتونەوە دەرچو، بۆیدەرکەوت ئەو ئەزانێت بابەتەکە سەبارەت بە چیە. لەوەی کە هەستیکرد تا بناگوێی سوربوەتەوە، ڕقی لە خۆی بویەوە. بۆچی



Scanned with CamScanner

هەرکاتێك بیری لەو ئەکردەوە وەك عەلەشیش ڕەنگاوڕەنگ ئەبو؟ ئەبوایە کارەکەی بخستایە بە لایەکدا. ئەبوایە خاڵی کۆتایی لە پاش هەمو داماویەکانیەوە دابنێت. دەستی بگرێت و بەیەکەوە بڕۆن بۆ جێیەکیتری ئەم دنیایە. ئەو سوڵتانولمودەڕیسینی قونیە بو و دنیایەك لە شانوشکۆ و شانازی بنەماڵەکەی بە شوێنەوە بو. ئەیتوانی ئەستێرەی درەوشاوەی هەر یەك لە حوجرەکانی ڕۆم و بەغداد و ئێران بێت و ژیانێکی تازە دەستپێبکات. هەر ئەم بیرکردنەوەیە دڵی تازە پێگەشتوی پڕ ئەکرد لە خۆشی و ئومێد. ڕۆشت و لە چاوەڕوانی کیراخاتوندا دانیشت تا دایکایەتی بۆ بنوێنێت و سود لەو برە گەورەییە ماوەیە وەربگرێت کە لای مێردەکەی هەیەتی و سەرەڕای تورەیی باوکی دیدارێکی لەگەڵ باوکیدا بۆ ڕێکبخات، بەڵکو ئینشائەڵڵا گرێ کوێرەی کارەکە بکرێتەوە.

هیچ نەیئەزانی کە ئەم دنیایە و هەرچیەك کە تێیدایە هی خولقێنەرە بوێرەکانە کە هەڵپە ئەکەن بۆ ئەوەی کە ئەیانەوێت و نەك ئەوانەی کە لە چاوەڕوانی کەسانیتردا دائەنیشن، ئیتر هەر لە میوە و حەیوانەوە بگرە تا مرۆڤ. ئەم جۆرە کەسانە تەنیا، پاشماوە خۆریی بەهێزەکانیان بۆ ئەمایەوە و خەم و ئێرەیی و ماتەمگێڕی.



Scanned with CamScanner

# کیمیا و خۆشبەختی

هەوا زۆر ساردبو. هێشتا پاییز تەواو نەبو بو هەندێك جار بەفر ئەباری. ڕۆژەکان ڕەنگیان دزێو بو، خۆڵەمێشی و سارد. پیرترەکان پێشبینی زستانێکی سەختیان ئەکرد، لەو زستانانەی کە بێکەسەکان لە کۆڵانەکاندا باوەش لە باوەشی سەگ و پشیلەکاندا ڕەق ئەبونەوە. ئەیانوت تا بەهار بێت، گۆڕستانەکانی شار میوانداری باپیرە و داپیرە گەلێکی زۆر ئەبن. کاتێك سەیری مامی پیرم ئەکرد کە لەرزینی جەستەی چەند بەرامبەر بو بویەوە، وابیرمئەکردەوە کە هەر کەسێك بەرگە بگرێت، ئەو ئەم زستانە ئیتر زستانێکیتر بە خۆیەوە نابینێت. بەڵام خۆی ئەسڵەن لەم باوەڕەدا نەبو و بیرۆکەی سەفەری مەککەی بۆ (ذالحجة)ی داهاتو دائەڕشت و من نەمئەتوانی لە دڵی خۆمدا پێنەکەنم. ئەو چۆن نەیئەزانی کە ئەم زستانە ئەمرێت؟ بێجگە لەو پیرێکیتریش هەبو کە هەموان ئارەزویان ئەکرد زستانی سەختی داهاتو لەگەڵ خۆی ببیات تا خێزانەکەمان کەمێك ئارامی بەخۆیەوە ببینێت. نزیکەی دو ساڵ بو مانەوەی هەمو شتێکی تێکدابو. خێزان و بنەماڵەکەی ئێمە لە کۆمەڵەیەکی ڕەسەن و ڕێز لێگیراو و سەرمەشق و گوڵی ناو مەجلیسی شارەوە گۆڕابو بە ڕسواخانەیەك کە هەر کەسێك مانی ئەوەی هەبو هەر



Scanned with CamScanner

چیرۆکێك که ئەیەوێت دەربارەی دروستبکات و ڕۆژی داهاتو هەر ئەو چیرۆکە لە کۆڵانەکاندا بەسەر زمانەکانەوە بگوێزرێتەوە. ماڵێك که ڕۆژگارێك گەورەپیاوێك بە دەرگاکەیدا تێنەئەپەڕی بێ ئەوەی سەرێکی ڕێز دانەنەوێنێت. ئێستا لە چاوتروکانێکدا بو بوە جێگەی هاموشۆی ئەگەر نا لۆتی و هەتیومچەکان، لانی کەم نزمترین چینەکانی شار و لادێکانی شام کە زۆرترینیشیان فریان بەسەر ئەدەبەوە نەبو و بە زۆری فزولی و سوسەکاریان ئەکردە بیانوی موریدی و کەڵك وەرگرتن. و ڕۆژێکیش نەبو کە هەراوهوریایەك بەهۆی بیانویەکەوە بۆ دوبارە هاتنەوەیان هەڵنەگیرسێت. هەموکۆڵانەکانی دەوروبەری ماڵەکە پڕ بو لە خەڵکو زۆرینەی شەوەکان لەسەر سەکۆی حوجرەکە کە چیتر بو بوە سەماخانەیەك، دەنگی گورانیبێژەکان تا بەیانی گوێی گەردونیان کەڕ ئەکرد. ئەڵبەتە ئەبێت دانیپێدابنێم کە منیش هەر کاتێك نیوە شەوان بە دەنگی نەڕە و هاوارێك لە خەو ڕائەپەڕیم، ئامادەبوم ساڵێك لە تەمەنم بدەم تا ئەگەرچی بۆ چەند ساتێکیش بوە لە ڕیزی ئەو کۆمەڵەدابم کە هەلهەلەی شادیان لە نیوە شەودا ئەگەشتە ئاسمان کە بە دەنگی مۆسیقا گەشت ئەکەن بۆ جیهانێکیتر کە لەوێ هیچ باسێك نیە لەو هەموە کۆت و بەند و زنجیرانەی کە ڕۆحی گرمۆچەڵەی منیان ئازارئەدا.

باڵەخانەی گۆشەکە کە ڕۆژگارێك هێلانەی عەشقی خوداوەندگار و دایکم بو، ئێستا بو بوە خەڵوەتگای شەمس و خوداوەندگار و بە زۆری کاتێك ئەو دوانە لە خەڵوەتدا دائەنیشتن نە دایکم بۆی هەبو بچێتە ئەوێ نە هیچ کەسێکیتر. دایکم وەك پەیکەرێکی جوڵاوی لێهاتبو و نەك هەر تەنیا شیری بە نورەدین مەلیکە و ئەمیری عالەم نەئەدا، بەڵکو تەنانەت تاسەی لە باوەشکرتینیشیانی لە دەستدابو. زۆرینەی کات لەسەر شێرە بەردینەکەی تەنیشت حەوزەکە دائەنیشت و ورد ئەبویەوە لە پەنجە درێژ و عاج ئاساکانی. حەزمئەکرد بزانم بیر لە چی ئەکاتەوە. گومانم ئەبرد بە دوای ڕێگەچارەیەکدا ئەگەرێت. لەو داماویەدا کە دو ساڵ بو



Scanned with CamScanner

یەخەی ئەگوشی، چیتر نەئەناسرایەوە. ئەو کیراخاتونەی هاوسەر و خۆشەویستی مەلای ڕۆم، یان نا، بێوەژنە گەنج و قەشەنگ و شانوشکۆدارەکەی محەمەد پاشای ئێرانی چیتر مردبو و لە جیاتی ئەو زاییفەیەکی ڕەنگ لە ڕو بڕاو و وێڵکراو ئەژیا کە مێردە خۆشەویستەکەی شەیدایی گەڕۆکێکی نامۆ و نهێنی ئامێز بوە و بە یەك جاری مندالّ و حەرەم و کێشە و پێویستیەکانی مالّەکە ئەوە هیچ، ئاوڕو و شەرەفی بە سوك زانیبو و بۆ ساتێکیش بواری نەئەدا تا نەك تکایەك، لانی کەم دەردەدلّیەك لەگەلّ یەك بکەن. پیاوەکەی لە پیرەپیاوە خوری پۆشەکەدا توابویەوە و ژنە ئەگەرچی لە سەرەتادا ئومێدی ڕۆشتنی نامۆکەی لە دلّدا پەروەردە ئەکرد، پاش دیارنەمانی لەناکاوی ئەو، ئەزمونی ئەوەی بەسەر مێردە خۆشەویستەکەیدا هاتبو، ڕێگری ئەوەی لێئەکرد کە تەنانەت بۆ مردن یان ڕۆشتنی دوعایەك بکات یان ئاهێکی ساردی ئەگەرچی لە دلّەوە، بەرامبەر ڕەوا ببینێت. لە هەموی خراپتر ئەوەی کە پاش گەڕانەوەی پیرەپیاوەکە و دابەزینی ئەو یاوەی حەرەمی گرتبوەوە، بارودۆخەکە زیاتر و زیاتر نالەبار بو بو. گەنجینەی پاشەکەوتکراوی مالّەکەی ڕوی لە تەواو بون بو. دۆستە هاوڕا یان دژەکانیان، دەستی ئومێدیان لێشۆردبون و وێلّیانکردبون. تێکچون و دوبەرەکی لە ناو مالّەکەدا هەمو ڕۆژێك زیاتر مێشکی ئەوی ئازارئەدا کە چیتر تاکە لێپرسراوی ئەو کۆمەلّەیە بو. مێردە بەسۆزەکەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان باوکی هەر شەش ڕۆلّەکەی بو، چیتر هەموانی بە گشتی لە بیرکردبو و تەنیا بە کوڕە گەورەکەیدا ئەگەشت و تەنیا ئەو بو کە مەحرەمی ئەسرار و هاونشینی خەلّوەتی ئەو بو و ئیتر هەرشتێك بەسەر هەست و سۆزی کەسانیتریدا بهاتایە، مێشکی بابەیان سەرقالّ نەئەکرد.

بینینی دایکم کە ئەو ڕۆژانە داهێزراو و مات و دلّ مردو لەسەر ئەو بەردە ساردە دائەنیشت و لەناخەوە هێندە سەرمای بو کە سەرمای سوتێنەری دەرەوەی هەستپێنەئەکرد، خەمێکی وا ئەڕژایە دلّمەوە کە بەدبەختیەکانی خۆمم لە



Scanned with CamScanner

بیرئەکرد. ماوەیەکی زۆر بو کە نیگەرانیەکانی دایکم، منداڵە بچکۆلەکان، عەلائەدین، شەمسەدین، ئیلیاس و تەنانەت ئوجی کە لەم ماوەیەدا باڵغ بو بو و شوێنی خەتنەکردنەکەی دوجار زوخی کردبو و هەر مانگێك و جارێك تامی مردنی ئەچەشت، و هەواڵی مردنی بێکەسانەی بی بی جان کە بەرگەی تەنیایی و بێکەسی ئەگرتبو و گرنگی پێنەدانمان لە لایەن خەڵکەوە، بە تایبەت دایکم بەرامبەر بەم هەموە، بواری ئەوەی لێگرتبومەوە بگەم بەخۆمدا. بە ڕاستی ئەمئەزانی ئەگەر هاتوچۆی گەرمی بەخشی تاکە یاوەرم، عەلائەدین، لە حەرەم لە ژیانم لابرایە، چیم بەسەر ئەهات. هەر ئەو چەند وشەیەی هەواڵپرسی ڕۆژانە و هەر ئەو دەردەدڵ و یارمەتیدانەم لە سەرگەرمکردنی منداڵەکاندا و گرنگیدان بە کێشە ڕۆژانەییەکان، تەنانەت میهرەبانی بەرامبەر بە پشیلەکان، بیرۆکە گەلێك بون بۆ دەستپێکردنی ڕۆژێکی نوێ لەو خەمخانە فەرامۆشکراوەدا. هەندێك جار کە درەنگ ئەهات، دڵم توند ئەبو و تاسەی گریان ئەیدا لە سەرم. ئەگەر دڵنیانەبومایە کە لەژێر سەرنجی هەمواندام، ئەڕۆشتم بۆ ژورەکەم، دەرگاکەم دائەخست و تێر تێر ئەگریام. کاتێك هەیکەلی پیاوانە و چوارشانە و سەری بەرزیم لە هیلالی ڕێڕەوەکەی حوجرەکەدا ئەبینی، دڵم ئەبوە خۆرەتاوێکی تاسەمەند بۆ سەوزی و گەشێتی بەخشین بە هەمو خەمی ئەو بنەگیایانەی کە پاڵیانئەدایەوە بە لێواری بەرزی دیوارەکانی حەرەمەوە. هیچ کەسێك هێندەی منداڵەکان کە ئێستا لە دایکم زیاتر پەیوەستی من بون، لە نزیك بونەوەی ئێمە کەڵکی نەئەبینی. من و ئەو کاتێکی زۆرمان تەرخانئەکرد بۆ منداڵەکان، منداڵەکانیش بیانویەکی باش بون بۆ لەگەڵ یەك بونمان. ئەمانزانی کە چەند چاوێك ئاگادارمانن و ئەمانزانی تا کاتێك سەرقاڵی سەرگەرمکردن و خواردن دان بین بە خوشك و برا بچوکەکانمان، کەس ناتوانێت بە شەرع یان نەریت ڕێگریمان لێبکات. بۆ ئێمە هەر ئەمە بەس بو. هەر ئەوەی کە لە یەك هەوای هاوبەش هەناسەمان هەڵئەکێشا و بینەوەی سەیری

یەکتر بکەین، هەستمان بە ترپەی دڵی یەکتر و هەمو گۆڕانکاریەك ئەکرد، باری ژیان لە بیرئەکرا. هیچ یەکێك لە ئێمە هیچی نەئەویست، بێجگە لەوەی کە بتوانین زیاتر بە یەکەوە بین و گەرمای زیاتر لە یەکترەوە وەربگرین. لەو ڕۆژانەدا کە هەموان گیرۆدەبون، من و ئەو سەرڕێژ لە شیرینی میهرەبانی و هاودڵی بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆشبەخت بوین. ئەگەر بێجگە لەمە بوایە ئەویێ نەك بەرزەخی هەمیشەیی بەڵکو دۆزەخ بو. لەم هەلومەرجەدا من کە بە قەولی نەنێ جی کە خەریك بو کاتم تێپەڕێت و بەهۆی ڕوداوەکانی ئەم دواییەوە هیچ بنەماڵەیەکی ڕەسەن کە کوڕی شایستەشی هەبو، ئامادە نەبو خوازبێنی کچێك بکات کە باوکی مردبو و زڕباوکەکەشی شێت بو بو و حەیا و ئاوڕویان با بردبوی. ئەگەر چەند ساڵێکیتر بەو شێوەیە تێپەڕیبا وەك زۆرێك لە ژنانی حەرەمی خوداوەندگار ئەبومە قەیرەکچێکی مەحکوم بە ژیانی هەمیشەیی لەناو ئەو خەمخانەدا. چاوەڕوانیەکی لەو شێوەیە لە داهاتو ئەیتوانی گیانم کە ڕۆژێك سەودای بونە شاژنی جیهانی لە مێشکدا بو گرتێبەربدات. بەڵام من بێئاگا و خاڵی لە هەمو بیر و خەیاڵاتە کچانەکان لە ژێر تیشکی گەرمی خۆری عەشقی ئەودا هەمو ڕۆژێك گەرموگوڕتر لە خەو هەڵئەستام، سەرڕێژ لە چێژی ڕۆژی ڕابردو و لە چاوەڕوانی ڕۆژێکی نوێدا. من و ئەو نهێنیەکی هاوبەشمان هەبو کە تەنانەت گوێکانی خۆشمان مەحرەمی نەبو، زمانمان تەنانەت لە خەڵوەت و تەنیاییشدا یەك جار توانای درکاندنی نەبو. ئەم نهێنیە وەك نور جوان و واقعی بو و وەك نوری نەبڕاوە و وەسف نەکراو. ئەو بەو هەموە پارێزگاری و هەڵکەوتویی و شانوشکۆیەوە لە شێوەی هەر پاڵەوانێکی ئەفسانەییدا دەرئەکەوت. نازداری حەرەم و پاشای ئەفسانەیی دڵی من بو. هەمیشە لە مێشکمدا بە هەر شێوەیەك کە بمویستایە وێنامئەکرد. ئەسڵەن بەلامەوە گرنگ نەبو ئەو ئاگاداری ئەم هەموە چیرۆکە دەرونیەی منە یان نا. من لەگەڵ ئەودا خۆشحاڵبوم و هیچیترم لە ژیان نەئەویست بێجگە لەوەی لەگەڵ ئەودا



Scanned with CamScanner

بم. نوقم له خه‌یالاته ده‌رونیه‌کانمدا شه‌و و ڕۆژه‌کانم تێئه‌په‌ڕاند و داهاتو کۆتا نیگه‌رانیم بو.

پاش ماوه‌یه‌کی زۆر چاوه‌ڕوانی و له‌سه‌ر ئامۆژگاری ئه‌نێ جی و بۆ خۆپاراستن له چاوکه‌وتن به تانه‌ده‌ران، به‌یانیه‌کی زۆر زو له‌گه‌ڵ فاتیمه خاتون —ده‌زگیرانی کوڕه گه‌وره‌که‌ی خوداوه‌ندگار— و ئوجی و چه‌ند پیره‌ژنێکدا ڕۆشتین بۆ حه‌مام. خۆشۆردن له حه‌مامه سارده‌که‌ی ماڵه‌وه‌دا ئازارێکی جه‌رگبڕ بو و حه‌مامی مه‌رمه‌ڕ ئیلهامبه‌خشی خه‌ونه شیرینه‌کان. هه‌ر له منداڵیه‌وه حه‌زم له ڕۆشتن بۆ حه‌مام و خۆ نوقمکردن له ئاوی گه‌رمی ناو که‌شی نیوه تاریك و هه‌ڵماوی و خه‌یالاوی ناو حه‌مامی گه‌رم بو. ئه‌م حه‌مامه که له مه‌رمه‌ڕی سه‌وز دروستکرابو، پاشماوه‌ی سه‌رده‌می ڕۆمه‌کان بو و بۆ به‌کارهێنانی خانه‌دانه‌کان و له‌وپه‌ڕی شکۆ و پاکوپوختیدا پارێزگاری لێئه‌کرا. ده‌وڵه‌مه‌ند و ده‌رباریه‌کانی قونیه‌ش هیچ که‌مته‌رخه‌میه‌کیان نه‌ئه‌نواند له پارێزگاریکردن له‌م پاشماوه گرانبه‌هایه. سه‌قف و دیواره‌کانی به وێنه‌ی خواوه‌نده ڕوت و نیوه‌ڕوته‌کان ڕازێنرابویه‌وه و حه‌وزی کاشی و ئاوێنه گه‌وره و گومه‌زه شوشه‌یی و ڕه‌نگاوڕه‌نگه‌کانی هه‌ر ته‌ماشاکه‌رێکی په‌لکێشئه‌کرده جیهانی خه‌ون و خه‌یالات. وشکه‌ڕۆکان چه‌ندین جار ویستبویان هه‌مو وێنه‌کانی سه‌ر دیواره‌کانی به گه‌چ داپۆشن، به‌لام سه‌ره‌ڕای هه‌مو هه‌وڵه ئاشکرا و شاراوه‌کان هێشتا سه‌رکه‌وتو نه‌بو بون. ته‌نیا توانیبویان وێنه ته‌واو ڕوته‌کان داپۆشن، به‌لام وێنه‌کانیتر و دیمه‌نه جیاوازه‌کان له ژیانی خواوه‌ند و ئیمپراتۆر و گیانله‌به‌ره سه‌یروسه‌مه‌ره‌کان به باشی وه‌ك سه‌ره‌تا پارێزراوبون. چون بۆ حه‌مام —ئه‌ڵبه‌ته بێجگه به‌رگه‌گرتنی نیگا سوسه‌کاره‌کانی خه‌ڵکی که ئه‌یانویست کاریگه‌ری ڕوداوه‌کانی ئه‌م دو ساڵه له ڕوخسارماندا بخوێننه‌وه— بۆ من وه‌ك جه‌ژنێکی تایبه‌تی بو که هه‌مو گه‌ردێکی ده‌رونمی پڕ له شۆڕ و شه‌وق ئه‌کرد. ئه‌و ڕۆژه کاتێك پاش شۆردنی ڕێکوپێك و دڵسۆزانه‌ی ئه‌نێ جی که

هێشتاش به به خۆ قوربان و ساقه کردنەکانی کارەکەی هێندەیتر شیرین ئەکرد، جەستەم ئەسپارد به شەپۆلی نەرمی ئاوی حەوزە گەورەکە، ڕۆحم پاك و تەمیز له گومەزە ڕەنگینەکەوە تێئەپەڕی و به ئاسماندا گەشتی ئەکرد. کاتێکیش له کۆتاییدا به زۆر له گەرماوەکە دەریانهێنام، خەواڵو وماندو و دڵخۆش له ژوری خۆ گۆڕینەکەدا لەبەردەم ئاوێنە گەورەکەدا وەستام و تازە هەستم بەهاوشێوەیی نێوان خۆم و ئەو خواوەندانە کرد که وێنەکانیان سەقف و دیوارە بەرزەکانی ژێری گومەزەکەی داپۆشیبو، هەست له چێژێکی نایاب، سوپاسگوزاری دروستکەری خۆم بوم. خۆزگە منیش وەك خواوەندەکان هێندە ئازاد و خۆشبەخت بومایە.

حەزمئەکرد له ژوری خۆگۆڕینەکەدا به تەنیایی بمێنمەوە بۆ ئەوەی بتوانم سەیری خۆم بکەم و هەست به خۆم بکەم و ئاشتی له نێوان ڕۆحی ئازارچەشتو و جەستەی خاکیمدا بەرقەرار بکەم. ئەم کارە هەمیشە هاوسەنگیەکی سوك و ئارامبەخشی ئەدا به دەرونی ئاڵۆزم. من جوان بوم، گەنج بوم و هاوڕێی خۆم بوم. داهاتو —سەرەڕای هەمو ئەو کارەساتانەی که ئەو نامۆیە به دیاری هێنابوی بۆ خێزانەکەم— هی من بو. ئەو زۆر پیر بو و بەم زوانە ئەمرد و منیش زۆر لەوە گەنجتر بوم که دەست بشۆم له ئومێد به ڕۆژە خۆشەکان و بەو تەمەنە درێژەی لەبەردەممدا بو. من بەو هەموە گەنجێتیەمەوە تاڵ و شیرینی ڕۆژگارم چەشتبو و ئەمزانی که هەمیشە ڕۆژێکی ناڕەحەت ڕۆژێکی خۆشی به دوادا دێت. دڵنیابوم که تاکە ڕێگری خۆشبەختی من بونی ئەو نامۆیە و سێبەری ڕەشی بو بەسەر خێزانەکەمانەوە. ئەگەر ئەو ئینشائەڵلا له یەکێك لەم ڕۆژانەدا بمردایە، سەربەرزی و خۆشبەختی جارێکیتر ڕوینەکردەوە ماڵەکەمان. دوبارە گەورەترەکان بواری ئەوەیان بۆ ئەڕەخسا بیر له کیمیا خاتون بکەنەوە. کچێکی هێندە جوان، به باوکێکی وەك خوداوەندگار و دایکێکی وەك کیراخاتون و داخوازیکەرێکی وەك چەلەبی عەلائەدینەوە، نیتر چ باکێکی له داهاتو هەبو؟ له کۆتاییدا هەر سەرەی

ئەگەشت. ئەمزانی سەرەڕای خوازەکانی نەنێ جی کە هەندێك جار زۆر ئەیخستمە پێکەنین، بە ڕاستی هیچ باکێکم لە داهاتو نەبو. بە تایبەت لەو ساتانەدا کە جەستە و ڕۆحی پاکەوەبوم کەشی بونەوەری بۆنخۆش کردبو.

وەك بولبولێك کە خۆی بە بارانی بەهار شۆردبێت، تەڕ و پاك و ڕاوەر و خۆشحاڵ لەگەڵ فاتیمە خاتون و ئوجی و پیرەژنەکانی حەرەمدا لە حەمام گەڕاینەوە. هێشتا جێمان گەرم نەکردبو کە لە هەیوانەکەوە دەنگێکی نائاساییم بیست. هەستمکرد ئەبێت کارەساتێك ڕویدابێت. شتێکی شوم لە هەوادا شەپۆلی ئەدا. کاتێك گەیشتمە سەر پلیکانەکان، بینیم کە کیرامانا لە ناو هەیوانەکەدا لە هۆش خۆی چوە و ژنەکان هەوڵئەدەن بیهێننەوە هۆش خۆی. هەرچی هەستی خۆشی بو لە دەرونمدا توانەوە. لە چاوتروکانێکدا گەیشتمە ڕاسەری، بەڵام لە هەر کەسێکم ئەپرسی چی ڕویداوە، وەڵامی نەئەدامەوە. تەنیا یەکێك لە ژنەکان شتێکی چرپاند بە گوێی ئوجیدا و ئەو وەك مار گەستوەکان سەیری منی کرد و بە فیشکاندنەوە بەرەو چێشتخانەکە ڕایکرد. دەنگی هاوارەکانی ئایا خاتونم ئەبیست کە لە پشت دەرگا داخراوەکانی ژورەکەمەوە ئەهات. چاوە پیر و ترساوەکان، لێرە و لەوێ لە دەرگای ژور و درزی چێشتخانەکەوە سەیریان ئەکردم. مەلیکە و ئەمیری عالەم یەکە زریکە بون و کەس نەئەگەشتە فریایان. تەنانەت پشیلەکانیشم هەردوکیان ڕۆشتبونە سەر ڕەفەی دیوارەکە و بە چاوە ترساوەکانیانەوە بە نۆبە سەیری من و ئەوانیتریان ئەکرد.

دیار نەبو مامی لەکوێیە. دایکیشم لەوێ نەبو. بورانەوەی کیرامانا ڕوداوێکی سەیر یان خەمهێنەر نەبو کە ژنەکانی حەرەمی شڵەژاندبێت. کەوایە ئەبێت کارەساتێکی زۆر ترسناك ڕویدابێت. خۆم هەستم بە شومی کەشەکە ئەکرد. دڵم وەك سێوێکی پایزی لە سنگم بوەوە و بە دەنگەوە کەوتە خوارەوە. هەر گومانێکم ئەکرد، هیچم بۆ دەرنەئەکەوت. دوبارە لە کاتێکدا یەکە یەکە سەیری

ژنەکانم ئەکرد، هاوارم کرد: چی بوە؟.... یەکێکتان قسەبکات ئاخر! بە هاوارەکەم هەردو منداڵەکە کە بە بینینی من هێور بوبونەوە و بە گەواڵکێ بەرەو من ئەهاتن، ترسان و دوبارە کەوتنەوە گریان. پشیلەکانیش هەڵهاتنیان پێباش بو تا مانەوە و لەسەر پاسارەکەوە بەرەو سەربانەکە رایانکرد. ئای خۆزگە لە جێی ئەواندا بومایە. ژنەکان هەر وا بێدەنگ وەك مردویەك کە لە ناشتنی خۆی گەڕابێتەوە، سەیریانئەکردم. نەمئەزانی چی بکەم. هەرچیەك بوایە پەیوەندی بە منەوە هەبو. بەرەو ژورەکەم کەوتمە ڕێ. دەرگام کردەوە و ئایام بینی کە قژی ڕنیوە و مشتێك گڵی باخچەکەی کردوە بەسەریدا و یەخەی داڕنیوە و سەری ناوە بە دیوارەکەوە و بە چاوی داخراوەوە ئەگرێت. بەرەو ڕوی ڕۆشتم. بیرمکردەوە کە ئەوەك دیسانەوە بابەتێك بێت پەیوەندی بە من و عەلائەدینەوە هەبێت کە کیرامانا کاوڵی بازی نواندبێت و بورابێتەوە و ئایا خاتونیش لایەنگری منی کردبێت و شەڕێك هەڵگیرسابێت. بەڵێ هەر وایە بۆیە هەموان بەو شێوەیە سەیرم ئەکەن. ئەبێت ئایا بێنمە قسە.

هێشتا نەگەشتمە ڕاسەری کە بە ترسەوە بینیم پێڵوەکانی کەمێك بەرزکردوەتەوە و خەریکە بە چاوە گەورەکانیەوە کە لەو هەیکەلە گەورەدا، وەك چاوی فیل وابون، هەروەك ئەوانیتر شوم لێمئەنواڕێت. ڕاموەشاند و هاوارمکرد: چی بوە؟ ئایا زوکە بیڵێ! بۆچی کیرامانا بوراوەتەوە؟ بۆچی تۆ خۆڵت کردوە بەسەرتدا؟ بە چاوی نیوە کراوە و دەنگی لاواز و بە دەنگێکی ناناشناوە دەستی کرد بە ساقە و قوربان بونم. پەنا بەخوا! یەکەمجار هەموان وەك دایك مردوەکان سەیریانئەکردم، ئێستاش ئایاخاتون ئەگرییێت و بە قوربانم ئەبێت. ئای چەند دەبەنگم. دایکم! بەڵێ ئەبێت دایکم شتێکی لێبەسەر هاتبێت. بۆچی لێرە نیە؟ لەیەکەم جارەوە ئەبوایە بمزانیایە بەرگەی ئەو هەموە کارەساتە ناگرێت. مامی چەند ڕۆژێك پێشتر پێشبینی کردبو کە کیراخاتونیش بەم زوانە وەك گەوهەر

خاتون دیق ئەکات و ئەمرێت. ئەم یەکەشیان وەك كۆتا ڕۆژەکانی ئەو هێزی لەبەر بڕاوە. سەیری دەورووبەرم کرد، لە هیچ لایەکەوە دیار نەبو. بێ گوێپێدان بەرەو خەڵوەتگاکەی خوداوەندگار، بەرەو گۆشەکە ڕامکرد. هێشتا نەگەشتبومە پلیکانەی باڵەخانەی گۆشەکە کە دەنگی هاوارێکی نامرۆیی وەك هەورە بروسکە لە جێی خۆم وشکی کردم. گەڕامەوە. ئایا جان بو کە بەدوای مندا ئەهات و بە هەردو دەستی ئەیکێشا بەسەریدا. دەمی کەفی کردبو. لەناکاو لە چاوتروکانێکدا وەك فیلێکی ژەهرخواردکراو بڕستی لەبەربڕاو و وەك کیراماناى لێهات. ویستم بگەڕێمەوە بۆ لای بەڵام ئۆقرەم لەبەربڕابو. دایکم مردبو. تاکە پارێزەری ژیانم، تاکە کەسم مردبو. لەو ڕوەوە کە هەموان سەیری ئەو لایەیان ئەکرد، هەرچەندە دایکم چەندین مانگ بو لەوێدا نیشتەجێ نەئەبو بەرەو گۆشەکە ڕامکرد. نەمزانی چۆن بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتم و لەبەردەم دەرگای داخراوی ژورەکەیدا کە چیتر ژوری ئەو نەبو، ورتەم لەبەر بڕا. خوایە نیوە، نا هەمو تەمەنم ئەدەم ئەوم لێمەستێنە. بێ ئەو من لەم دنیایەدا چی بکەم! ئای خۆزگە زیاتر بە دەمیەوە ئەبوم. ئای خۆزگە لە دڵمدا ئەوەندە سەرزەنشتم نەکردایە. ئەو خۆی قوربانیی ستەملێکراوی چارەنوسی بو. ئێستا چی بکەم؟ لە ترساندا نەمئەتوانی دەرگاکە بکەمەوە، دەنگی دڵم لە گوێمدا ئەزرینگایەوە. هەرچی خوێنم هەبو لە سەرمدا کۆبوبویەوە. نەمئەزانی لە ژورەکەیدا ڕوبەڕوی چ دیمەنێك ئەبمەوە. لە کۆتاییدا مرد. نەیتوانی بەرگەبگرێت. نەفرەت لەم پیاوە نامۆیە! ئەگەر یەك ڕۆژیشم بمێنێت بەسەر دنیاوە تۆڵەی لێئەکەمەوە. تۆڵەلە خوداوەندگاریش ئەکەمەوە کە دایکمی توشی چارەنوسێکی لەو شێوەیە کردبو. نەوەك دەرگا بکەمەوە و لە جیاتی دایکم ئەوان لەوێ بن. ئەبوایە لە حەرەم بمپرسیایە کە دڵنیابومایە نامۆکە لەوێ نیە، داماوە چیتر تەنانەت لە کاتی هاتنی نامۆکەوە نەیئەتوانی سود لە ژورە تایبەتیەکەی خۆشی وەربگرێت. دایکە بە نازپەروەردەکراوەکەی من مەگەر

بەرگەی ئەم هەموو کارەساتەی ئەگرت؟ تا ئێستاش زۆر سەیربو کە بە زیندویی مابوەوە. کچە تاقانەکەی ئەمیری ئەکدەشان، ژنی بە نازپەروەردە و خۆشەویستی محەمەد پاشا و خاتونی هەڵبژێرراوی محەمەد جەلالەدینی بەلخی، کاری گەشتبوە جێیەك کە کەنیزەکەکانی بەزەییان پێیدا ئەهاتەوە. وامهەستکرد لە ناو ژورەکەوە دەنگێکی لاوازی وەك هەناسەدان، یان ئاه و ناڵەم بیست. بە هێواشی دەرگاکەم کردەوە. دوعایەکم بە نزمی لەبەر لێوەوە خوێند و سەرم بردە ژورەوە. لەو تاریکیەدا تەنیا چاوەکانیم بینی کە بێ جوڵە بڕیبونیە سەقفەکە. ئەو مردبو. هەمو وزەکانی ژیانم لەگەروما کۆبویەوە و گۆڕا بە هاوارێك کە خۆشم نەمئەتوانی باوەڕبکەم دەنگی منە. بەرەو لای ڕامکرد. کاتێك بینیم لە شوێنەکەی ڕاپەڕی، نەمئەزانی لە نێوان هەستی ترس و سەرسوڕمان و خۆشحاڵیدا کامیان هەڵبژێرم. لەباوەشمگرت و هەردوکمان بە یەکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر گریاین. لەو کاتەدا کە جەستەی لاوازیم لە باوەشدابو، پەیمانم لەگەڵ خۆم بەست کە: ئێستا کە خوا ئەوی بۆ گێڕاومەتەوە لەمەودوا تەنیا کەنیزەکیی بۆ بکەم. لە تەنیشتیەوە دانیشتم و دەستە لاوازەکانی خستە ناو دەستم و لە بیرکردنەوە لە خەیاڵاتە پوچەکانم بێ ویست پێکەنیم. بە خێرایی فرمێسکەکانی پاککردەوە و بە چاوانێکی تۆقیوەوە سەیریکردم و بە دەنگێکی لەرزۆك و پاڕانەوەوە وتی: کیمیا گیان وا مەکە، من ئەترسم. هەموان وتیان ئەگەر بیبیستی زمانم لاڵ —شێت ئەبیت. کیژۆڵەکەم، ئازیزەکەم، بچکۆلەکەم! ئای خۆزگە لە جیاتی باوکت من بمردمایە. بە دەستە لاوازەکانی سەرمی لکاند بە سنگی داخکراویەوە کە چیتر بۆنی گوڵی سوری نەئەدا. دڵی وەك کۆترێکی ترساو ئەیکێشا بە دەرگا و دیواری سنگیدا. حەزمئەکرد تا کۆتایی دنیا هەر وا لە باوەشیدا بم. ماوەیەکی زۆر بو کە ئەوەندە لە یەك نزیك نەبوبوینەوە. ماوەیەکی زۆر بو دەستم بەری نەکەوتبو. لەوانەیە چەندین ساڵ بو کە بە چاوانێکی هێندە زیندو و تیژەوە سەیری نەکردبوم. وتم:

بەس پێشتر تۆ منت ترساند. خەریکبوم ئەتۆقیم.... و تازە هاتەوە بیرم کە ئەگەر ئەو نەمردبو، ئەی ئەو هەموە هەراوهوریایەی هەیوانەکە بۆ چیە؟ وتم: دایکە لە خوارەوە لە هەیوانەکەدا..... زۆر سەیرە...... باشن..... یانی زیندون..... ئەمە لە هەمو شتێك بۆ من گرنگترە. بەڵام.... نازانم چی ڕویداوە؟

لەناکاو دەستەکانی خستە سەر گوێی و وەك جن دەست لێوەشێنراوەکان سەری کێشا بە لێواری ئاسنینی سندوقەکەیدا. مات و حەیران سەیریم ئەکرد. هیچ کاتێك لە هیچ کۆستێکدا هێندە بێ ئۆقرە و خۆپێڕانەگیراو نەمبینیبو. دەمم کردەوە کە بپرسم ئێ ئیتر چ بەڵایەکمان بەسەردا باریوە، کە ئاوڕی لێدامەوە و بە توندی لەباوەشی گرتم. نەمتوانی قسەکانم تەواوبکەم. دڵتەنگی بواری نەئەدا. سەرمی خستە سەر شانی و دەستە تا لێهاتوەکانی هێنا بە قژە تەڕەکانمدا. دواتر گۆنای لکاند بە گۆنامەوە و دوبارە بە هێزێکی زیاترەوە دەستی کردەوە بە گریان. منیش لە سەرەتاوە دەستمپێکردەوە، بەڵام هێشتا نەمئەزانی بۆچی.

هەرچەندە چیتر هیچ گومانێکم نەمابو کە هەر کارەساتێك ڕویدابێت پەیوەندی بە منەوە هەیە، بەڵام گرنگ نەبو. هەر ئەوەندەی کە ئەو زیندو بو و لە باوەشیگرتبوم و من هەستم بە گەرمای جەستەی کردبو بەس بو. لە کاتێکدا هەروا چاوەکانی داخستبو و فرمێسکە سوتێنەرەکانی قەتارەیان بەستبو، لە ناکاو کەوتمە بیری عەلائەدین، شەمسەدین و خوداوەندگار. ئای منیش چەند گێژم. بەڵام ئەسڵەن زاتی پرسیارکردنم نەبو. نەمئەتوانی بەرگەی بیستنی ئەوە بگرم کە هەر یەکەیان شتێکیان لێبەسەرهاتبێت. مێشکم بەردەوام ئەگەوزا و دوبارە هەڵئەستایەوە و خۆی ئەگەوزاندەوە. بە خۆمم وت: ئەگەر ئەوانیش وەك دایکم زیندبو بن بە ڕاستی هیچ شتێکیتر بۆم گرنگ نیە. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەبوایە بمزانیایە چی ڕویدلوە. لە کۆتاییدا سەرم بەرزکردەوە و وتم: کەنەفتتانکردم سوێندت ئەدەم بەخوا بڵێ چی بوە؟ ئێوە خەریکن من شێت ئەکەن. بۆ کوێ بڕۆم

و بپرسم کە چ بەڵایەك ئەم ماڵەی کردوە بە خەمخانە؟ ئاخر کەسێك ئەبێت وەڵامی منی داماو بداتەوە. منداڵەکان خۆ هەمویان باشن. خوداوەندگار.... کێ نا! ئەوەك براکانم؟

چاوە تاریکەکانی کە چیتر نەئەکرا بوترێت ڕۆژێك لە ڕۆژان شین یان سەوز بون، بە سەرسامیەوە بڕیبوە من. چۆنێتی سەیرکردنەکانی وەك سەیرکردنەکانی ژنەکانی حەرەم بو، کاتێك لە حەمام گەڕابومەوە: ترساو و تۆقیو و داماو. کەوتمەوە بیر ڕۆژی مردنی باوکم. لە کاتێکدا لوتە جوان و بێ عەیبەکەی بە بێڕەحمی بە دەسەسڕە ئاوریشمیە کۆنەکەی ئەسڕی، وەك ئاماژەی نەرێ سەری لەقاند. بێ گرنگیدان بە زامی ڕوخساری دەستیگرت بە دەموچاویەوە و دوبارە دەستیکردەوە بە گریان و ئەم جارەیان دڵسوتێنەرتر لە جارێکی پێشو. لەوانەیە خۆم مردبوم و نەمئەزانی. تورەیی وەك بایەکی سارد لە دەرونمدا لوراندی. هەمو هێزی بیرکردنەوەم خستبوە کار، بەڵام نەمئەتوانی تێبگەم چی ڕویداوە کە ئەمانە هەر کە چاویان بە من ئەکەوێت گەرویان ئەگیرێت. هەستامەوە و بە ئاوازێکی توندی بێ پێشینەوە، وتم: ئێوە ئیتر خەریکن من ئەکوژن یان یەکێك بڵێ چی ڕویداوە، یان ئەڕۆمە سەریان و لە خەڵکی کۆڵان ئەپرسم چی ڕویداوە.... دایکم بە چاوە بێ تروسکەکانی کە بە فرمێسك و خوێنی تەوێڵی دەوریان گیرابو بە نیگایەکی پڕ لە خەمێکی وەسف نەکراوەوە سەیریکردم و دەمی کردەوە کە شتێك بڵێت، بەڵام چاوی ڕەشکەوپێشکەی تێکەوت و بە پشتدا کەوتە سەر جێگەخەوەکەی. بانگکردنی ئەوانیتر بێسود بو. دەستمکرد بە دەستهێنان بە شانەکانیدا تا بەڵکو بێتەوە هۆش خۆی. لەناکاو دەنگی لەرزۆك و وشکی مامیم لە پشت دەرگاکەوە بیست کە لەماوەی مانەوەی دایکم لە گۆشەکەدا، تەنانەت یەك جاریش نەهاتبوە ژورەکەی، کە ڕستەیەکی دوبارەئەکردەوە، شاییە، شاییە، شایی. شاییە شایی بەڵام بە دەنگێکی پڕ لە شەپۆلی مردن، پەرتەوازەیی، تۆڵە،

بێزاری.... تەنیا بە دەنگی ئەو وانەهاتە بەرچاو کە هەواڵی شاییەك ئەگەیەنێت کە لە ماڵەکەی ئێمەدا شینی هەڵگیرساندبو. هەر لەو ڕۆژەوەی کە ئەم داڵە پیرەم بینیبو، ئەمزانی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەنوکە ڕەشەکەی بە نەفرەتێکەوە ئەچەقێنێتە گیانم. بەڵام نا، قسەکەی زیاتر لە گاڵتەیەك ئەچو. لەوانەبو ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان من و عەلائەدین ئەکرد. لەوانەیە بۆنەوەی باروذۆخی ئێمە بگۆڕرێت یان هەلێك بێت بۆ دایکم کە ئەگەر نەیەوێت، نهێنیەك بدرکێنێت. بە هەر حاڵ خراپترین و نامرۆییترین سات بو بۆ گاڵتەکردن. لەتوڕەییدا تەنانەت ڕوشم وەرنەگێڕا بە لایدا. هەروا بە بێئەدەبی و ڕوداریەوە پشتم تێکرد و دانیشتم و شانەکانی دایکمم ئەشێلا. ئەوەی بیستبوم تەنانەت پێکەنیناویش نەبو. دڵتێکهێنەر بو. با بۆ خۆی هەر وا بەو شێوەیە بوەستێت. دیسانەوە پێکەنینێکی وشکی کرد و وتی: کیمیا خاتون هاوارێکی وات کرد دڵی هەموانت داخورپاند. وامانزانی هەواڵەکەت بیستوە و خوا نەخواستە کەوتویت و مردویت. تۆ هێشتا هیچت نەبیستوە ئاوا هاوارنەکەیت، ئەگەر بزانیت چ خاکێك کراوە بەسەرماندا، چی ئەکەیت؟ ئەگەر بزانیت بویتە بوکی چ کەسێ..... ئەگەر بزانیت کە تەورێزیەکە.... داخوازی کردویت.... من گوێم لەو نەگرتبو. دایکم بە هەنسکدانەوە هاتەوە هۆش خۆی. یارمەتیمدا هەستێتەوە. پشتیەکم خستە ژێر سەری. مامی هاتە پێشەوە و وتی: ئای کیراخاتونی داماو هەقی خۆتە، ئەگەر کچەکەت وەك گەوهەر خاتونی من مردبوایە، لەوە باشتر بو ببێتە بوکی ئەمکەژاوەیە.)

سەیری دایکمم کرد کە بەیەکەوە هەستی بێزاریەکە لەگەڵ یەك دابەشکەین. پیرەژنەکە شێت بو بو و ڕاوەی ئەکرد. ئەو ڕۆژە هەموان سەیر و سەمەرە بون. تازە لەم ساتەدا هەمو شتێکم بۆ ڕونبویەوە. کەوایە چارەنوسەکە ئەمە بو! ڕاپەڕیم و بە خێرایی بەرەو ڕوی وەرگەڕام. پاش دەربرینی کۆتا وشە، دەمی

هەروا بە کراوەیی مابویەوە و بە ترسەوە، بەڵام فێڵبازانە لە پشت چاوی داڵ ئاسای برسییەوە سەیری ئەکردم. ئەمویست بەرەو ڕوی ڕاکەم و سەرپۆشەکەی بدەم بەسەر دەموچاویدا کەچیتر نەتوانێت بەو شێوەیە سەیرم بکات. بێ ویست قیژاندم: تەورێزیەکە چی کردوە؟ لەو کاتەوەی پیرپیاوەکە لە حەڵەب گەڕابویەوە، چیتر لە حەرەمدا بە نامۆ یان بێگانە ناویان نەئەبرد. بە تەبریزی بانگیانئەکرد، بەڵام دەستینەنقەست بە لەهجەیەکی ناوچەیی کە زۆر ڕێزدارانە نەبێت. مامی چاوی وەك چاوی داڵ لە منەوە ئەگواستەوە سەر دایکم و لە دایکمەوە ئەیگواستەوە سەر من. لە کۆتاییدا بڕیاری خۆیدا و ئەم جارەیان بە خێراتر وتی: خوازبێنی تۆی کردوە، خوداوەندگاریش ڕازیبوە! کەمێك بەر لە تۆ خوداوەندگار لێرە ڕۆشت. دیسانەوە دەمی کردەوە و دەستیکردەوە بە کونکردنی پێستم بە نیگاکانی. سوپاس بۆ خوا کە هیچ لە گەدەمدا نەبو، تەنیا ئاوێکی سوتێنەر بەرەو گەروی وشکبوم کەوتەڕێ و ڕێی مێشکمی گرتە بەر. وەك بڵێی گاڵتەوگەپ نەبو. بەڵام هێشتاش لە هەمو ڕوداوەکە تێنەئەگەشتم. نەمئەویست خۆم ڕادەستی گوێکانم بکەم. تەنانەت ڕێی تێنەچو تەورێزیەکە ئەم کارە پێکەنیناویەشی کردبێت، بەڵام ئەو دیمەنانە بۆچی بون. دڵم هێشتائارەزوی گەدایی ئەکرد. بە زەحمەت وتم ئێ کردویەتی کردویەتی، ئەم هەموە خۆ سەغڵەت کردنەی ناوێت! خۆ ئایەت دانەبەزیوە! مەگەر ئێمە ناچارین کە... ئەو هەڵەیەکی... مەگەر هەرچیەك...؟ داڵەکە خەریکبو لەسەر شانی منەوە بە ڕوانینێکی مانادارەوە سەیری دایکمی ئەکرد. وەك ئەوەی دیار بو ئەیوت: ئەم داماوە تێگەیەنە! بە هێمنی ڕوم بەرەو لای دایکم وەرگێڕا. تازە خەریکبوم تێئەگەشتم. ڕستەیەك لە مێشکمدا خولی ئەخوارد. خوداوەندگاریش ڕازیبوە... ڕازیبوە... کەوایە چیتر هیچ ئومێدێك لە ئارادا نیە، دەست لە سواڵکەری هەڵگرە.

زەنگێکی هەزار مەنی لە مێشکمدا دەنگی ئەدایەوە. دایکم سەرشۆڕ و شەرمەزار، وەك ئامارەی پشتڕاستکردنەوە سەری بە قورسی و بێ نوزە ئەلەقاند. شەرم و خەمی هەمو ژنەکانی هەمو چەرخەکان لەنیگای داماویدا شەپۆلی ئەدا. چاوەکانم ئەسوتانەوە و چیتر هیچم نەئەبینی. دەنگی ڕەوتی گەڕانی خوێنم، گوێکانمی کەڕ کردبو. پاڵمدایەوە بە دیوارەکەوە بۆ ئەوەی نەکەوم. هەرچەند هەوڵمئەدا نەمئەتوانی سەرنجم کۆکەمەوە و پێگەکەی خۆم هەڵسەنگێنم. یەکەمجار بیرمکردەوە، ئێ باشە کردویەتی کردویەتی! پیاوگەلێکی زۆر هەن خوازبێنی کچانی گەنج ئەکەن. ڕوداوێکی ڕێتێنەچو یان دەگمەن ڕوینەداوە. بارودۆخی پڕ گاڵتەجاڕیم کەوتەوە بیر و دڵی خۆمم ئەدایەوە کە بەدڵنیاییەوە ویستویەتی سەر بخاتە سەر ئێمەی ژنان. لەوانەیە لە ڕاستیدا ئەمە گاڵتەیەکی گەمژانە زیاتر چی دی نەبێت. بەڵام بەرە بەرە تۆفانی هاوار و بورانەوە و نیگا ترسهێنەرەکان و دیمەنی باخەکەی زەرکوب و سەریانەکە مێشکمیان شێواند و بە ڕونی تێیگەیاندم کە باس و بابەتەکە چۆنە. ئەیوت ئیتر چارەم نەماوە. ئەیوت تۆ هەر ئێستا کە لێرەدا وەستاویت، مردویت. ئەو هەموە شیوەن گێڕانە بۆ تۆ بو. تۆ مەحکومیت بە مردن و مۆری هەزاران قازی بەناوبانگ و موفتی عالەم دراوە لە حوکمەکەت. تەورێزیەکە تۆی ویستوە و خوداوەندگاریش ڕازیبوە. هەموانیش ئەمانزانی پیاوێك کە بە گەواهی ئەهلی قونیە لە هەمومان زیاتر بە تەنگ سەلماندنی پاکێتی و سەلماندنیەوەیەتی، هەر وا لە خۆوە پەیمانی نەئەدا و ئەگەر پەیمانێکی دابێت، پەیمانەکەی ڕێك وەك کردەوە وایە، ئەو بە پێی یاسا، شەرع و دابونەریت بەخێوکەر و سەرپەرشتیاری من بو. ئەگەر ئەوەی بیستبوم لەو دەنگۆ ناجوامێرانەی کە هەمو ڕۆژێك ئەگەشتە گوێمان نەبوایە و خوداوەندگار بە ڕاستی خۆی پەیمانی ڕازیبونی دابێت، ئەوە کارەکە برابویەوە. والسلام! هەرچیەك لەمە زیاتر بوترایە یان ببیسترایە، تەنیا دەنگ بو و بەس. هێشتا ئەڵبەتە هەمو



Scanned with CamScanner

ڕەهەندەکانی ڕووداوەکەم بۆ ڕوون نەبوبویەوە. سەیری دایکم کرد کە هێندەی مشتێکی مابویەوە. ئەمە ئەو بونەوەرە نەبو کە چەند ساتێك لەمەوبەر بیری مردنی ئاگری لە دەرونم بەردابو؟ ئەمتوانی چی لێبکەم و ئەو ئەیتوانی چی بکات بۆ من؟ سەیری چاوە چاوەڕوانەکانی داڵەکەم کرد و یەکەمین شتێك کە بیرم لێکردەوە ئەوەبو کە ئێستا ئەبێت چۆن بگەڕێمەوە بۆ هەیوانەکە. بە هیچ جۆرێك بەرگەی ئەو نیگا و ئاهونالە و بورانەوە و لە هۆش خۆچونانەم نەئەگرت. ئەبوایە بچومایەتە خەڵوەتەوە. ئەبوایە جارێکیتر سەر لەنوێ بیرم لە هەمو شتێك بکردایەتەوە. ئەبوایە لەو داڵە برسیە تێبگەشتمایە کە بە دەمی کراوە و چاوی بچوکیەوە بێنەوەی بیانپرتێنێت سەیری ئەکردم. ئەبوایە نائومێدم بکردایە. ئەبوایە وا خۆم دەرخستایە کە پاروی ئەو نیم. بە دەنگێکی بە زەحمەت سافەوە وتم: زۆر باشە! ئەم حەشر و حەلەلایەی ناوێت. هەر کەسێك ئەتوانێت خوازبێنی هەر کەسێکیتر بکات. خۆ تاعون نەهاتوە. نیوە گیانتان کردم، یەکەمجار بیرمکردەوە دایکم یان براکانم شتێکیان لێبەسەر هاتوە، سوپاس بۆ خوا کە....

مامی دەستپێشخەری کرد. بێهودەش هەوڵیئەدا هێندە چاوی زەق بکاتەوە کە وەك ئاماژەیەکی ترساندنپەردەی چاوی بدڕێنێت. کارەساتێك لە سەروبەندی ڕوداندا بو کە ئەیتوانی زگاری هەزار ساڵەی حەرەم نشینەکان تێکبشکێنێت و ئەو نەیئەتوانی بە نمایشێکی گاڵتەجاڕانە شۆڕ و شەوق و شادی بێ کۆتایی خۆی بشارێتەوە. وتی: ئاخر کیرامانا خاتون خەریکە خۆی ئەکوژێت، ئەڵێت ئەگەر عەلائەدین بیبیستێت، خوێن.....

لەمە زیاتر بەرگەم نەگرت. خۆم هاویشتە کتێبخانەکەی خوداوەندگار و دەرگاکەم داخست و بە دەستم گوێمگرت. هەڵم ئەکرد. دەنگەکان هەمویان لە دەرەوە نەبون لەناو سەرم، لەناو سنگم، لەناو ڕۆح و مێشکمدا تۆفانی نوح هەلگیرسابو و لە هەموشی خراپتر ئەوەبو کە وامئەزانی ئەم هەواڵە تازە نیە



Scanned with CamScanner

بەلامەوە. وەك بڵێیت پێشتر بیستبوم، لەوانەشە هەمیشە ئەمەم ئەزانی. وائەهاتە بەرچاوم کە قەدەرێکە و لەسەر لەوحی مەحفوز نوسراوە کە بەر لە لەدایکبونم چرپاندویانە بە گوێمدا. من ڕۆحی تەسلیمبوی خۆمم ئەبینی کە خەریکبو لە پشت هەمو هەراوهوریاکانەوە سەرە تاتکێی بو. یادگاری گەلێکی تێکەڵ و پێکەڵ لە وەرگرتنی پەیامی یاسە بنەوشەییەکانی ڕۆژی خوازبێنیکردنی خودلوەندگار لە دایکم، نیگا تاریکەکانی ئیلیاس، ئەو هەستە تایبەتەی کە ڕۆژی یەکەمی بینینی شەمس لە ماڵی سەلاحەدین و ڕۆژی گەڕانەوەی لە سەر بانەکەدا بو بوە هۆی ئەوەی کە وەك چۆلەکەیەکی لە مار تۆقیو، لە پەل و پۆ بکەوم، گشت ئەمانە وەك ڕەشەبایەکی وێرانکەر بە مێشکمدا ئەهاتنو ئەچون و توشی سەرەگێژەیان کردبوم. بەڵێ من ئەمەم لە پێشترەوە ئەزانی ئەمەش واتە ئیتر چارەنوسی من براوەتەوە. قەدەرێکە کە ئومێدی ڕزگاربونم نیە لێی. حەزمئەکرد دەستەکانم بکەمە ناو گوێکانم و بە گریان و شیوەنەوە تا کۆتایی دنیا ڕابکەم. حەزمئەکرد ببمە دوکەڵ و لە درزی سەقفەکەوە بچمە دەرەوە. حەزمئەکرد خەبەرم ببێتەوە و ڕۆژبوەتەوە و نوێژەکەم خەریکە ئەڕوات، بڕۆمە سەر حەوزەکە دەستنوێژ بگرم و لەسەر شێرە بەردینەکە دانیشم و بڵێم کە ئەمە چ مۆتەکەیەکی بێسەروبەرە و شتێك بکەمە نەزر و سەد ڕکات نوێژی سوپاسگوزاری بخوێنم. حەزمئەکرد دەرگای کتێبخانەکە بکەنەوە و ببینن کە یەکێك لە دارەڕاکانی سەقفەکەم، یان کتێبێکی کۆنەی سەر ڕەفەکەم. ڕقم لە خۆم ئەبویەوە لەبەرئەوەی چەند ساتێك لەوەوبەر ئەو هەموە شانازیەم بە جوانیە شومەکەمەوە کردبو. جەستەیەك کە بڕیاربو دەستە بێگانە و زبرەکانی پیرە کەوڵەکۆنێکی پێدا بهێنرێت، بۆ ئەوە باش بو کە خۆراکی کرمە گۆشتخۆرەکانی گۆڕ بێت. چاوەکانم بێ ویست بە دوای کالان، خەنجەر، یان هەر هۆکارێکیتری بڕیندا ئەگەڕا لە سوچ و قوژبنی ژورەکەدا. تاکە ڕێگە هەر ئەمەبو. بەلام ئەوانیتر چی؟ خودلوەندگار، دایکم، عەلائەدین،

منداڵەکان؟ ترس لەو شومیانەی کە لەناکاو تێیدا دیل بوبوم، گەدەمی توشی ئازار و ئاشوب ئەکرد. وامزانی خەریکە گیانم دەرئەچێت، بەڵام تەنیا ئاوێکی زەرد لە گەرومەوە ڕژایە سەر دەستەسرەکەم کە لەسەر لێوارەکەی گوڵێکی یاسی بنەوشەییم نەخشاندبو. کۆتا وشەکانی عەلائەدین، ئارامیان لە گیانم هەڵگرتبو: ئەگەر عەلائەدین بزانێت، خوێن... خوێن خەریکبو لە گەرومەوە دەرئەپەڕی. لە گۆشەی چاویشمەوە فرمێسکی خوێنینی گەرم ئەڕژایە سەر سەرپۆشە شێدارەکەی حەمامم. خوێن چارەنوسی من بو. خوێن چارەی شەمس بو. لە پشت پێڵوە داخراوەکانمەوە تەنیا ڕەنگی خوێنم ئەبینی. هەمو شوێنێك خوێن بو، خوێن...

بە هەمو هێزمەوە خۆم هاویشتە ناو گێژەلوکەیەکی خوێنین کە ڕەوتی گەرم و لینجی ئارام ئارام دوریئەکردمەوە و بەرەو قوڵاییەکی ئارام و بێ ئازار ڕایئەکێشام.



Scanned with CamScanner

# ئەوانەی کە خاک...٢

مانگی سەفەر بو و زستانی دڵڕەش. ئەبوایە ئارامی بگرتایە. وادەی بەیەککەشتنەکەیان خستبوە ڕۆژێکی پڕ بەرەکەتی سەرەتای ڕەبیعولئەوەل. ئەو حەرەم نشینانە بێ ئاگا لە عالەمی عاشقی، ستەمکارانە ستەمێکی وایان بەرامبەر ڕەوا بینیبو. پاش ڕاگەیاندنی بۆچون و ڕازیبونەکەی خوداوەندگار، چیتر ئەو چۆن ئەیتوانی ئارامبگرێت؟ هەر یەك سات چاوەڕوانی هێندەی هەمو تەمەنی درێژی تاقەتپڕوکێن بو. ئەو خوای لەو ژنەدا دۆزیبوەوە. چۆن ئەیانوێرا وەسڵێکی هێندە پێویست، هێندە پیرۆز و هێندە کیبریایی دوابخرێت بەهۆی کۆمەڵێك تێبینی لەسەر جوڵە و بزاوتنی ئەستێرەکان و گاڵتەجاڕیە تێکچڕژاوەکانیتری مێشکی کۆمەڵێك پیرەژن؟ وتبویان هاوسەرگیری لە سەفەردا شومە. کاتێك بە توڕەییەوە ناڕەزایەتی دەربڕیبو بەرامبەر بە وادە دیاریکراوەکە، خوداوەندگار، لە بنەڕەتدا

---

[٢]-ئەمە سەرەتای غەزەلێکە لە غەزەلەکانی حافزی شیرازی کە بەم شێوەیە:

آنان کە خاک را بە نظر کیمیا کنند

آیا بود کە گوشە چشمی بە ما کنند

کە ماناکەی ئەمەیە: ئایا ئەوانەی کە بە تەنیا سەیر کردنێك خۆڵ ئەکەن بە زێڕ، ئایا بڵێی ڕوبدات کە بە لاچاوێنکەوە سەیرێکی ئێمەش بکەن؟



Scanned with CamScanner

بەهۆی خۆپاراستن لە قسەلۆکی خەلکی و جلەوکردنی تورەیی ژنانی حەرەم، بەلام لە ڕوکەشدا بیانوی هێنابویەوە کە لەبەرئەوەی وا بڕیارە چەند هۆدەیەك بۆ ئەو و هاوسەری داهاتوی لە پشت کتێبخانەی حوجرەکەوە، تەنیشت شوێنی هاتنەناوەوەی حەرەم دروستبکەن، ئەبێت ئارام بگرن تا ماڵەکە ئامادەبکرێت و کەلوپەلی پێویستی تێدا دابنرێت. بەلام ئەو ئەمانەی نەئەویست. کەلوپەل و شتومەکی نەئەویست. ئاگری تاسە و لباوە ڕەشەکەی، تەنیا ئەم دوانەی بەس بو. ئەگەر ئەو هەموە قەرزاریاری تاکە هاوڕێ و پارێزەری نەبوایە، ئەگەر لەبەر ڕێزی قسەکانی ئەو نەبوایە، هەرگیز چاوەڕوانی نەئەکرد. کات کەم بو و تاقەت تەواو. نەزان خەلکەکە هەرچیەکیان ئەوێت با بیلێن، خۆ کەمیشیان نەئەوت. نیوەی شار لە حەسودی بردن بەو خۆشبەختیەی ڕویتێکردبو، هەستابونە سەرپێ و هاواریانئەکرد کە ئەم پیرە کەولەکۆنە هاوشانی ئەو کچە نیە! هەموی لە بەخیلی و نەزانیەوەیە. با بۆ خۆیان بەم داخەوە بمرن، چاویان دەرئەهات، ئەگینا تۆسقالێك لەو غیرەتەیان نیە کە لاف پێوەلێئەدەن. چۆن بو ئەگەر سولتان چەغەندەرەدین داخوازی ئەم کچەی کردبو و ٩٠ سالیشی بو هاوشانی بو و لە خۆشیدا هار ئەبون کە کەسێك لە شارەکەیان یان خێزانەکەیان بوەتە شاژنی جیهان، بەلام خۆ ئێمە پاشای حەوت جیهانیانیش بە نۆکەر ناگرین و چاویشمان لەسەر بونە پاشا و تەخت و تاج نیە، لەبەرئەوەی لەبەرچاو ئەو دلّ کوێرانەدا وەك دەروێشێکی خوری پۆش دەرئەکەوین، هاوشانی ئەو نین. با جێیان (اسفل السافلین) بێت. خۆ ئێمە کارمان بەسەر نەزان خەلکەکە و سەرگەورەکانیانەوە نیە. هەرچیەك ئەیانەوێت بیکەن. هەرچیەك ئەیانەوێت بیلێن. بەزۆری دلّ نیگەرانی ئێمە لە ڕازینەبونی خێزان و خودی کچەکە بو، کە هیچ نارەزاییەك نیە، سوپاس بۆ خوا!



Scanned with CamScanner

هەموان بە زویی تێنەگەن کە ئێمە خودی ئەو کیمیایەین کە پێویست نیە بکرێت بەسەر مسدا. هەر بەوەندەی لەبەرامبەر مسدا دابنیشین ئەبێتە زێڕ. باروتۆخی کیمیاش هەر بەم شێوەیە ئەبێت. ئێمە دەرونی خاوی ئەکەینە زێڕ و ئەوانیتریش با هەر بۆ خۆیان لە حەسودیدا بمرن. لەبەرئەوەی هەمو بونیان هێندەی چەند شیاکەیەك کە بۆ گەرمکردنی تونی حەمامیان ببەن، بۆ جیهان و هەمو بونەوەر هیچ نرخێکی نیە... ئەمێستا ئەی خوایە... تۆ خۆت ئەزانیت کە داگیرکردنی دڵی یاخی و کاوڵی سیفەتی ئێمە کاری هەر کەسێك نەبو و ئەزانیت کە دڵی ئێمە بێگانەیە بە هەوەس. چیرۆکی من ئەوەیە کە تۆم لە کیمیادا دۆزیوەتەوە. بە عەشقی گەیشتن بە تۆوەیە کە پێم خستوەتە ناو ئەم بیابانی پڕ لە دێو و درنجەوە. قسەی بێ بنەما نیە، ئەگینا کاتێکیش گەنج بوین و ئاگری ئارەزو بەربو بوە مێشکمان، خۆمانگرت و بتی چینمان بە هیچزانی. ئێستا ئەوە ئیتر هەر هیچ فرمان بەسەر ئەم حاڵ و بارانەوە نیە. ئەمە نهێنیەکی ئاشکرایە. من بە هەموانم وتوە کە خوا لەودا ئەبینم. حەزرەتی دۆست خۆی ئەزانێت بۆچی خستوینیەتیە ئەم بازنەیەوە. ئێمەش هەر لە یەکەم هەناسەمانەوە (سلِّم و تسلیماً)مان بەرامبەری وتوە و تا کۆتا هەناسەیش هەر ئەیڵێینەوە. تەنیا ئەبێت خۆی ئارامگریمان پێببەخشێت تا ڕۆژی بەیەکگەشتن. پاش ئەو ڕۆژە خۆم خۆشەویستەکەم فێرئەکەم کە چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان ئێمە و ئەو تولە ئەمامە شەنگەدا کە هەر هێندەی ترتڕەیەك لە جیهان و بونەوەر تێگەشتوە و هەر وەك ئەویش لە دیلێتی جەستەی خاکیی ڕزگاری نەبوە. ئەو ئەم کەماڵی جوانیە بە کێلکەیەك ئەزانێت کە بیکێڵێت و تۆو بوەشێنێت بەسەر ئەم لوتکەی کەماڵەی بونەوەردا. من خوا لەم کەماڵەدا ئەبینم. چ کەسێك لە من زیاتر ئەتوانێت هاوشانی ئەم ئایەتی حوسن و جەمالی حەزرەتی دۆستە بێت. ئێمە خۆ وەجهی جەلالی دۆستمان لە لوتکەیدا ئەزمونکردبو، ئێستاش وەجهی جەمالیشیان بە دیاری



Scanned with CamScanner

پێبەخشین. کیمیا هەمان حومەیرای منە و هەمو ئەمانە تەنیا ئەم مەولانا جەلالەدینە ئەتوانێت لێیان تێبگات. ئەوانیتر هەمو نە لێیتێنەگەن، نە پێویستیشە تێیبگەن.

## شەوی بە یەکگەشتن

دەنگی بەفری تازە باریوی ژێر پێی، ڕۆشنایی نهێنی ئامێزی چرا دەستیەکەی کە ڕەنگی کلۆ بەفرەکانی زەرد هەڵئەگەڕاند و دەنگی لورەی گورگەکان لە دورەوە، لە ماوەی کورتی نێوان شوێنی نیشتەجێبونەکەی خوداوەندگار و ئەو کەژاوەیەی کە بوکە ژیکەلانەکەی تێیدا چاوەڕوان بو، هەستێکی نامۆی تێدا بێدارئەکردەوە. هەمو شتێك ناواقیعی دەرئەکەوت. نەوەك کوچەرێکی ڕێگە ونکردوی سەر لمی سوتێنەری بیابانە کە ڕێگەی لێهەڵە بوە. نەوەك مردوە و ڕۆحی لە بەرزەخ و جەستەی خاکییدا لە کەشێکی نادیاردا سەرگەردانە. نەوەك لە وەهمی دۆزینەوەی ئەوەی کە تەمەنێکی لە گەڕان و شوێنکەوتنیدا شار بە شار و دیار بە دیار بەسەربردبو، کاری گەشتبێتە ئەم خۆ خەڵەتاندنە.

هیچ هەستی زاوایەکی نەبو کە بەرەو کەژاوەی بوکێنی ئەچێت. دڵەڕاوکە هەمو دەرونی هێنابوەوە یەك. لەوانەبو باشی نەکردبێت کە ویستبوی بێجگە لە ئامادەبونی لە کاتی مارەبڕینەکەدا، ناچاری نەکەن لە هیچ قۆناغێکی پێش شەوی بوکێنیدا بەشداری بکات. لە خوداوەندگار پاڕابویەوە کە فرمان بدات بێ

ئامادەبونی ئەو هەر کارێك ئەیانەوێت بیکەن و تەنیا کاتێك ئەو ئاگادارکەنەوە کە ماڵەکە چۆڵکرابێت و بوکەکەیان بردبێتە کەژاوە. لەوانەیە باشتر بوایە هەر خۆی بە تایبەتی بۆنەکەی لەوپەڕی کامڵی و ڕێکوپێکیدا بەجێبهێنایە.... لەوانەیە لەو بارەدا هاتنەناو ئەم دنیا نەناسراوە ئاسانتر بوایە. بەڵام ئەو نەیئەویست پیرۆزترین شەوی ژیانی –شەوی بەیەکگەشتن لەگەڵ ئایەتی جەمالی احسن الخالقین–داله ناو خەڵکدا بەسەربەرێت. هەمو شەوەکەی بە پاڕانەوە و گریان و سوجدەبردنەوە بەسەربردبو و کەڵکی بینیبو. ئەو لەو پیرۆزترین ساتانەی ژیانیدا ئەیویست چاوی بێجگە بە هیلالی ڕوی بوکدا کە بەلایەوە (ایت الله)بو، بە هیچ دۆست و هاوڕێیەك کە دابونەریت پەسەندی ئەکرد، هەڵنەهێنێت. ئەیویست لە ساتی وەسڵی یاردا، دڵی لەوپەڕی ئاگاییدا بێت. نەزان خەڵکەکە هەمیشە ئاگریان لە دەرونی بەرئەدا و توڕەیان ئەکرد. ئەیویست ئەو شەوە ئارام بێت. بۆ ئەو ئەو وەسڵە، تەقالایەکی تازە و نەناسراو بو لە ڕێگەی وەسڵی یاردا. ئەو بە چاوی هاوسەرگیریەکی زەوینی سەیری ئەو وەسڵەی نەئەکرد. ئەو ڕوی یاری لە ڕوخساری جوانی ئەو خۆشەویستە زەوینیەیدا بینیبو و لەو ڕۆژانەدا لە هەر کاتێکیتر زیاتر پێویستی بە خەڵوەت و ئارامیی دەرونی هەبو، وەك کۆچەرێك بەر لە زیارەتی یار لە کەعبەدا. سەیر لەوەدابو، کە ئەگەرچی کاتێکی زۆری لە خەڵوەتدا بەسەربردبو و بێجگە لە خوداوەندگار و چەلەبی عەلائەدین ڕێگەی بە کەسیتر نەدابو و موناجاتی جوانی زۆری کردبو و خۆی بە پەیوەست ئەزانی بەڵام ئێستا، ئاگایی لەدەستدابو. هەنگاوەکانی هێواشتر کردەوە. چ ڕۆژ و شەو گەلێکی لەم سەودایەدا بەسەربردبو، ئێستا لە چەند هەنگاوی نزیك لە وەرگرتنەوەی پاداشتەکەیدا، بارودۆخێکی لەو شێوەیە جیاوازی هەبو و نەیئەزانی بۆ کوێ بڕوات. لە هەموی خراپتر، کاتێك گەشتە بەردەم دەرگای کەژاوەکە، لە دەرککردنی ئەو هەستەی کە بەم تازەییانە ئاشنای بو بو –واتە شەرم– پێکەنین گرتی: شەرمێك ڕێگەی کردنەوەی



Scanned with CamScanner

دەرگاکەی پێنەئەدا و دڵە کوتەیەکی وەحشیانەی توشکردبو و دەستەکانیشی لەرزۆك. جوێنێکی تەڕ و مزری نارد بۆ خۆی و وەك زاوایەکی گەنج بە دڵەڕاوکەیەکی وەسف نەکراوەوە دەرگاکەی کردەوە. بۆنی خشتی تازە و تەڕی ژورە تازە دروستکراوەکە بە توندی چو بە لوتیدا و مەستی لە سەریدا نەهێشت و بیریکردەوە کە لەخۆوە نیە ئەم بۆنە بۆ هێنانەوە هۆشی کەسە بوراوەکان بەکارئەهێنن. دەستیهێنا بە چاوەکانیدا و چەند هەنگاوێك ڕۆشتە پێشتر. هەمو لایەك بێدەنگ بو. تەنیا دەنگی وەڕەی سەگە بەرەڵاکان لە دورەوە ئەهاتە گوێی کە وادیاربو گورگەکانیان ڕاوئەنا. لە ژێر ڕۆشنایی کەمڕەنگ و وەهم ئامێزی مۆمەکاندا لە جیاتی جیلوەیەکی پڕشکۆ لە نوری ئیلاهی و جوانی ڕەبانی و کەشوهەوای پڕ دڵەخورپەی وەسڵ، کیژۆڵەیەکی هەتا بڵێی ڕەنگ لە ڕوبڕاو بە چاوانێکی زیاد لە ڕادە دەرپەڕیو و نائاسایی بۆ دەموچاوێکی لاواز و چریسکە سەندو، لە ناوەڕاستی دۆشەکەیەکدا دانیشتبو و لە ژێر لێوەوە ویردێکی ئەخوێند کە بە بینینی ئەو لەناکاو وەك جن دەست لێوەشاوەکان لە جێی خۆی ڕاپەڕی و پەنای برد بۆ سوچێکی دیوارەکە. ئەگەر لەو کەمە ماوەی ئابڕوی نەئەترسا، هەر لەوێدا ڕوی وەرئەگێڕا و تا حەڵەب بەسەر بەفردا و بە پێی پەتی ڕایئەکرد. ئەمە چ یاریەك بو لەگەڵیدا ئەکرا؟ و لێرە چی ئەکرد؟ ئەو پاش تەمەنێك لە گاڵتەپێکردن، ئەم دەرونە گەورە لە کوێ و ئەو مشکە بچکۆلە ترساوە لەکوێ! ئەی ستمەکار، ئەی سەخت تاقیکراوە، ئەی سەخت تۆڵە لێکراوە، بۆمدەرکەوتیت. هەی هو کە بتوانیت شەمس فریوبدەیت. هەڵگەڕایەوە کە بڕوات.... بەڵام بۆ کوێ؟ دوبارە خۆی وریاکردەوە. چراکەی کرد بە پشت دەرگاکەوە. دەرگاکەی قوفڵکرد و خۆی ئارامکردەوە تا بتوانێت ڕێگەچارەیەك بدۆزێتەوە بۆئەوەی ڕوڕەشیەکی تازە بۆ ڕوڕەشیەکیانیتری زیادنەبێت. لەم نێوانەدا کیژۆڵەکە دوبارە بە بێدەنگی خۆی خزاندەوە سەر دۆشەکە ئەتڵەسیەکە کە ڕەنگە سورەکەی یاری لەگەڵ پێستی

سپیدا ئەکرد، دیاربو کە پێیان وتبو ئەبێت لەوێدا دانیشێت. زاواش بە هێمنی و بێدەنگی ڕۆشت و کەمێك دورتر لەو لەسەر دۆشەکەکەوە دانیشت. لە ناکاو وایزانی دەنگی ددانەکانی بوکەکەی ئەبیستێت. سەیرێکی کورت و خێرای دەموچاوی کرد، هەوڵیدا ئەوەی ئەیبینێت بە جددی وەرنەگرێت: ترس، بێزاری، متبون، داماوی و تاسەی هەڵهاتن. هیچ هەواڵێك لە جیلوە نیلاهیەکانی نەبو کە هێندە بە تەنگوتاوەوە لەپێشچاوی خۆی وێنای کردبون. ئەبوایە بە جۆرێك لە جۆرەکان بابەتەکەی کۆتایی پێبهێنایە. و دواتر تا ماچێن لێرە دورئەکەوتەوە. بە زەحمەت بیری خۆی لەو بازنەیە بە شێوەیەکی کاتی هێنایە دەرەوە و دڵی خۆی بەوە خۆشکرد کە جارێ خەریکە لە نزیکترەوە ئەو چاوە جادوییانە ئەناسێتەوە. ئەوان لە شوێنێکی ئەو کالانە گەورانەدا، ئەگەرچی بێگانە، بەڵام چاودێری ئەویان ئەکرد. بە سەرسوڕمانەوە بۆیدەرکەوت کە ئەمە زۆر بۆی گرنگ بو و هێشتا ئەو نیگایە ئۆقرەی لەبەر هەڵئەگرت. ئومێد چرۆی لە دڵیدا دەرکرد. کەمێك نزیك بویەوە. کیژۆڵەکە خۆی کۆکردەوە و بێ ویست خۆی بردە دواوە. لەرزێکی سارد جەستەی پیری گرتەوە. بێئەوەی سەیربکات، پێ بەستوەکانی بە لایەکی لێفەکە داپۆشی. بۆچی لە ناکاوێکدا هێندە سەرمای بو؟ هەر ئەو ڕۆژە لەسەر پێداگری خوداوەندگار ڕۆشتبو بۆ گەرماو و بۆ یەکەمین جار لە درێژایی تەمەنی درێژیدا لە ئاوێنەدا خۆی ڕازاندبوەوە. هەر ئەو خودەی کە وا بیرینەکردەوە پاش ئەو هەموە ڕیازەت و سەیر و سلوکانە لێی بوەتەوە و بە ترسەوە دوبارە لە ئاوێنەدا دۆزیبویەوە. بەڵێ، خۆی بۆ ئەم بوکە یان باشتر بڵێم بوکە گەچیە ڕازاندبوەوە کە ئەوەندە نامۆیی ئەنواند بەرامبەری. لەم دواییانەدا هەمو ئامۆژگاریەکانی خوداوەندگاری قبوڵکردبو کە خۆی خۆشەویستی خاتونەکانی قونیە و پیاوێکی زیرەك و زۆر جوان بو، لە خەیاڵی ئەوەدا کە بتوانێت بەرە بەرە لە قوڵایی دڵی ئەو کارمامزەدا جێ خۆشبکات کە چەندێك بو خەو و خۆراکی لێتاڵکردبو و ڕۆحی

پەیوەست کردبوەوە بە دنیای مرۆڤەکانەوە و بیر و خەیاڵاتێکی شیرین و ناوازەی لە مێشکیدا چاندبو و لێی نزیک ببێتەوە و بۆ جارێکیش لە ڕوی جەماڵەوە هەست بە خوابکات و زیاتر و زیاتر بیناسێت. ئەو هەمو جۆرە سوجدە و کڕنوشێکی بۆ حەزرەتی دۆست بردبو، بێجگە لە ستایشکردنی لە خەلقی مرۆڤدا. هەرگیز لەگەڵ مرۆڤەکاندا هەڵنەکردبو. هیچ شتێکی لەم مرۆڤایەتیەدا نەئەبینی کە وای لێبکات سوپاس و ستایش بکات. نەعوزوبیللا، هەندێك جار تەنانەت هاودەردی لەگەڵ شەیتاندا نواندبو. بەڵام بە ناسینی خوداوەندگار و لە بۆ دیتنی ئەم مەلە ترساوە ڕۆژێك هەزار جار وتبوی ((تبارك الله، أحسن الخالقين)) و ئەمەش ئەزمونێکی هەتا بڵێی تازە بو لە ژیانی پڕ لە ڕیازەت و عیبادەت و سەیر و سلوك و کەشف و شهودیدا. لە هەندێك لە عاریفە هیندۆسەکانی بیستبو کە ساتی لوتکەی بەیەکگەشتنی جەستەییش ئەتوانێت بۆ سالیك، هۆکارێك بێت بۆ ناسینێکی قوڵ و هەستپێکراوی مانای وەحدەت و فنا في الله. لە ڕۆژگارانی دوری مانەوەی لە هیندستان، ئەو هەمیشە ئەم بیانوەی بە گاڵتەجاڕی زانیبو. بەڵام ئێستا ماوەیەك بو خۆی بە تینوی ئەزمونکردنی ئەزانی. وەك بڵێیت تا ئەو ڕۆژە تاکێکی نەدۆزیبوەوە کە شایستەی ئەم ئەزمونە پیرۆزە بێت. نەکا ئێستاش لەبەرامبەر کەسێکدا وەستابێت کە خوازیاری هاوسەرگیریەکە لە بیر و وێنایەکی تایبەت بە خۆیدا، کە بە تەواوی بێگانە بو بە جیهانەکەی ئەو. بە ئەگەری زۆر هەرواش بو. بێ هۆ نەبو کە خوداوەندگار بە پێداگریەکی زۆرەوە بڕیاریدا بو هەمو نەریتە باوەکانی بوکێنی جێبەجێبکەن. ئەو شتێکی لەم شێوەی نەویستبو هەمو ئەمانە بۆ لەبەرچاوگرتنی باری دەرونی کچەکە بو بۆئەوەی خۆی ئامادە بکات بۆ چونە ناو ژیانی نوێ. لەوانەیە ئەم کارانە ئەوەندەش کە ئەو بیرینەکردەوە خراپ نەبون. ئای هاوڕێ داماوەکەی چەند پێداگری کردبو لەسەر ڕۆشتنی بۆ حەمام لەو چلەی زستانەدا. ئای چەند پێداگری ئەکرد لەسەر گۆڕینی جلوبەرگ و قژتاشین و

نینۆك كردن و ڕیش و سمێڵ چاككردنی. چەند پێداگری ئەكرد لەسەر پێویستی ئەنجامدانی ئەم نەریتانە. تەنانەت كارەكەشیان گەشتبوە دەمەقاڵێ. بەلاّم خوداوەندگار خۆڕازاندنەوە و خۆجوانكردنی بۆ ئامادەبون لە ئاستانەی یاردا، نەك هەر بە موباح بەڵكو بە واجبیشی ئەزانی. هەرچەندە پێی خۆشنەبو هەر لەو سەرەتایەوە كۆت و بەند گەلێكی تازە ناچاری بكەن بە ئەنجامدانی كار گەلێك كە حەزی نەئەكردن لە ئەنجامدانیان، بەلاّم لە لایەكیترەوە ئەیبینی كە تاكە هاوڕێ و یاوەری ژیانی تا چەندێك گرنگی بە پاكی ئەدات و چۆن لە هەمو بارودۆخێكدا پاك و پێكەوتە و ڕێكوپێكە و هەرگیز بۆنی خۆش لە بیرناكات، تا ئەم ڕۆژانە هەرگیز هیچ بایەخێكی بە ڕوخساری نەدابو و هەرگیز پێی نەوتبو كە لای زۆرینەی خەڵكی پیرەپیاوێكی پیسوپۆخڵ و نەخوازراوە. كەوایە ئەگەر پێداگری ئەكرد، بە دڵنیاییەوە چاكەیەكی تێدابو. لە ئەنجامدا لەبەر ڕێز و پێداگری ئەو هاوڕێیەی ڕۆشتبو بۆ حەمام، بەلاّم چیتر پاش ئەوەش بە داخەوە تەنانەت فەرەنجیە ڕەشەكەشی گەرمی نەكردبوەوە. ئێسقانە پیرەكانی تەڕاییان بە بەردا هاتبوەوە و پێستی زبر و هەستیار بو بو و ئێستا بەهۆی بەرگەگرتنی ئەو هەموە دەردی تاسەمەندیەوە، ڕێك لە ساتی بەیەكگەشتندا چیتر ڕۆح و مێشك و جەستەی هیچیان نەئەویست بێجگە خەو و گەرما. سوپاسی خوای گەورەی كردبو كە لە هەمو تەمەنیدا و تەنیا بۆ یەكجار ئەدەبراگرتن و گوێڕایەڵیكردنی فێركردبو ئەویش بەرامبەر بە حەكیمێكی گەورەی وەك مەولانادا، ئەگینا چی ئەبردەوە لە ژیان ئەگەر بڕیاربوایە لە ژیاندا بێبەش بێت لە هەمو خۆشی و چێژێكی دنیایی؟ ئاسمان بینی كە زەردەخەنەكەی دوبارە نیشتەوە لە لا لێوی، جارێكیتر لە لاچاوەوە سەیری كیژۆڵەكە كردەوە كە بوكە بەفرینەیەكی دانیشتوی ڕۆژێكی خۆرەتاوی بو. بۆ یەكەمین جار دڵی بۆ كەسێك سوتا. دواتر بە وریاییەوە دەستی درێژكرد، پەنجە سارد و ڕامنەبوەكانی گرت، بەلاّم هەرچەند بە بیریدا ڕۆچو وشەیەكی



Scanned with CamScanner

ئەدۆزیەوە کە بیکاتە کلیلی کردنەوەی دەرگای ئاشنایی. وایزانی مێشکیشی وەك دەستی بەستویەتی، یان نا! لە شەرمی حوزورەوەیە. لە جیاتی قسە، بە پۆزشەوە زەردەخەنەیەکی کرد کە بێ وەلام مایەوە. و ئەو بە سەرسورمانێکی زۆرەوە بۆیدەرکەوت شەپۆلێك لە ئارامی ناخی گرتوەتەوە، لەوەی کە بۆیدەرکەوت بوکەکەش وەك خۆی خەوالو، سارد، ماندو و بێ چاوەڕوانی بو. بە هێمنیەوە لێفەکەی کردەوە و بە سۆزەوە دای بە سەریدا و خۆشی هەتا ملی خزاندە ژێری. تەنانەت هێندە بێدارنەمایەوە کە هەناسەی ئاسودەی بوکەکەی ببیستێت و ببینێت کە ئەو ترسەی لە گیانی نیشتبو بە هۆی تێبینی و ڕێنمایی و فێرکاریەکانی ژنانی حەرەمەوە لەو هەمو ڕۆژەدا دەربارەی ئەرکەکانی بوك لە شەوی یەکەمدا لەو چاوانەدا کە هێندە خۆشی ئەویستن، بە یەکجاری لە ناوچوە و جێگەی خۆی بەخشیوە بە پرشنگێك لە قەدرزانی تێکەڵ بە سۆز و بەزەیی. بوکەکە کە زاواکەی لە خەویدا لە نیوە نیگایەکدا بینیبو، بیرینەکردەوە کە ئەم پیرە پیاوە کەمدوە لاواز و شەرمنە چۆن ئەکرێت هەر ئەو جادوگەرە بێت کە لە دو ساڵ لەمەوبەرەوە هەرا و ئاشوبی لە شارێکی گەورەدا هەڵگیرساندوە و خەوی لە چاوی هەموان تۆراندوە. ئایا ئەم تۆپەڵە سپی و پاك و شەرمنەی ژێر ئەم لێفە ئەتڵەسیە هەر ئەو دێوە دو سەرەیە کە ئەو لە مێشکیدا بەو نیشانە و ئاماژانەی ئەم و ئەو دەربارەی ئەیاندا، وێنای کردبو؟ کاتێك دڵنیابویەوە لە خەوتنی بە بوێریەوە تێر سەیریکرد: بونەوەرێکی نامۆ و تێکشکاو و ڕون، وەك چلورەیەکی گوێسەبانان، کە ئەگەر خوا بیەوێت زۆر زو، لە یەکێك لەم ڕۆژە زستانیانەدا ئەتوێتەوە و چیتر نامێنێت. وەك بڵێیت بەردێکی هەزار مەنی لەسەر دڵی لابرا سوپاسێکی بێدەنگی کرد سەری خستە سەر سەرین و بە خەیاڵێکی ئاسودە و ئومێدی تازە و سوپاسگوزار لە بوکێنیەکی هێندە پاك و کەژاوەیەکی هێندە ساردەوە، لە پاش ماوەیەکی دورودرێژ خەوێکی ئارام و قوڵی لێکەوت. چەندین

هەفتە بو کە بێ ئەوەی تێبگەن لەو هەموە ئازارە دەرونیەی، ئازاری جەستەیان ئەدا بە بیانوی بوکێنیەوە. ئەو ئەگەر بوکی کەژاوەی عەلائەدینیش بوایە ئەوەی پێیانکردبو بۆ ئامادەکردنی جەستەی بۆ زەماوەند هیچ نەبو بێجگە لە ئەشکەنجەیەکی جەستەیی. لاشەی داهێزرابو و چەند جارێك لە زۆری ئازاردا لە هۆش خۆی چوبو. و وەك مەحکومێك کە بۆ دانپیانان ئەشکەنجەی ئەدەن، خۆی دابوبەدەستەوە و هەمو شتێکی قبولکردبو. ئەوەی ئەمشەو ئەزمونی کردبو و لەگەڵ ئەوەدا کە چاوەڕوانی بو ئەوەندە لەیەك دوربون کە دەریایەك لە قەردزانی و سۆز و بەزەیی بەرامبەر بە زاواکەی لە دڵیدا کەوتە شەپۆلدان.



Scanned with CamScanner

# کە عەشق لەسەرەتاوە ئاسان خۆی نیشاندا....٣

تیشکی خۆر لە درزی سەقفەکەوە وەك تاڤگە بەسەر کێلگەی زێرینی زوڵفەکانی کیژۆڵەکەدا هاتبوە خوارەوە کە لەسەر جێگە خەوی ئاوریشمی بوکێنی پاڵکەوتبو، و پێستی ڕەنگ جوانی وەك مرواری دەریا ئەدرەوشاندەوە. ڕوخساری لە خەودا منداڵانەتر دەرئەکەوت. وەك ساوایەکی تێر لە شیری دایکی ئارام و قوڵ و ڕازی، خەوی لێکەوتبو. پیاوەکە نەیئەوێرا هەناسەش بدات، نەوەك خەوێکی هێندە شیرین بشێوێنێت. هەر لە بومەلێڵەوە وەك خوی هەمیشەیی کە هەستابو بۆ موناجات، نەیتوانیبو بۆ یەك ساتیش چاوی لەسەر لاببات. هیچ لە بوکەبەفرینەکەی دوێنێ شەو نەئەچو. هێشتا باوەڕی نەئەکرد کە ئەم نازدارەی بونەوەر هی ئەوە و لە جێگەخەوی ئەودا سرەوتوە. ئەو ڕۆژە موناجاتەکەی جیاوازبو، غروری دەروێشیی لەناوچوبو، تێکشکاو و بە گریانەوە ئەینالآند:

---

[3]- ئەمەش یەکێکیترە لە شیعرەکانی حافزی شیرازی کە یەکەمین بەیتی یەکەمین شیعری دیوانەکەیەتی و بەم شێوەیە:

الا یا ایها الساقی ادر کاسا و ناولها      کە عشق اسان نمود اول ولی افتاد مشکلها

ئەمێستاکە خوایە لە جێیەکی شیاودا دانیشتویت! ئەزانم ئەگەر لە جیاتی ئەم شەست و ئەوەندە ساڵە، شەست هەزار ساڵ بیابانم بە شوێنتدا بپێوایە و لە کۆتاییدا خەیاڵم ئاسودەکردایە کە دۆزیومیتەوە، دیسانەوە هەر ئەم چاوبەستەت لێئەکردم. ئەزانم کە دیسانەوە ئەتویست و ئەتتوانی کە چمکێك لە تەڵەکەی خۆت بنوێنیت و حەیرانترم بکەیت. ئێستا ئیتر باش لێتتێگەشتم. ئەتەوێت یاریم لەگەڵ بکەیت. ئاخر ئەم حەیرانیە بۆ؟ بڕوانە چۆن جەستەی ماندوم بە ڕوانین لەم تۆپەڵە بێ بایەخە کە لەوێدا سرەوتوە گیانێکی تازە دێتەوە بە بەریدا. ئەبێت چی بێت بێجگە لەوەی ئەمەش سیحری قەڵەمی تۆ بێت؟ ئەبێت بێجگە لە شێوەیەك لە ستەمت نەبێت چی بێت؟ هەرچیەك ئەکێشین لە شەڕی چاوی دایکی خراپەکانەوەیە، دەسا کوێر بێت. چاوێك کە تۆ بە توڕەیی و سیاسەتەوە، ئادەمی هەڵەکارت بەخشی و لە بەهەشت دەرتکرد، هەرچەندە کە خۆی ئایەتی قودرەتی لایەزالی تۆیە بەڵام وەك بڵێیت دەستینەنقەست لە کەماڵ و ماریفەت خاڵیە و لە هەمو ئەندامەکانیتر زیاتر فریونەخوات و فریو ئەدات. خۆی لە بنەڕەتدا ئەرکی هەر ئەمەیە، لەو ساتەوەی کە چاوت بە ئادەم بەخشی و دوای ئەوە ئەو و شەیتانت لە عەرشەوە دورخستەوە بۆ سەر فەرشی خاکیی، زەوی هەرگیز بۆ ساتێك ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە. چاو سەرچاوەی بەخیلیە. هەر ئەم چاوە، تەوحید و بێ ڕەنگی ئەکاتە دیلی جیاکاری ڕەنگ و نەخشەکان، ئەگەر چاو نەبوایە زۆرێك لە دیلێتیەکانیش نەئەبون. ئەگەر چاو توانای بینینی هەقیقەتی هەبوایە، ئادەم لە بەهەشت دەرنەئەکرا! ئەو هەر خۆی حیجابە. تۆ چاوی سەرت پێداوین تا چاوی گیان کوێر بکەیت؟ ئەرکی ئەو هەڵخەڵەتاندنی بینایییە، بۆ ئەوەی پێی هەمو هەستەکانیتر بچەقێنێتە قوڕ. ئەگەر چاو نەبوایە ڕەنگیش نەئەبو و هەمو هەستەکانیتر تاسەی تەوحیدیان ئەکرد و جیهان هێندە نەئەبوە لانکەی شەیتان. هەموان مەستی بێڕەنگی و وەحدەت ئەبوین. پەنجەرەیەکت لەسەرماندا



Scanned with CamScanner

بەرِوی باخی شەیتاندا کرتوەتەوە کە ئەگەر کەسێکی وەك منیش بە هەزار زەحمەت دامخستبێت، دیسان بە زۆرزانیەوە ئاوای لێبەسەر ئەهێنیت. چەندین ساڵ بو دڵنیابوبومەوە کە چیتر هیچ دڵەڕاوکەیەك لەم جیهانە خاکیەدا، دەرونی ئاوەڵای من تەنگناکات کە هەمومان پریشکێکین لە درەوشانەوەی عەشقی تۆ.
دەروشانەوەیەك کە تەمەنێك هەمو شەوێك تا بەیانی زیکرخوێنان ئاسمان ئەگەڕام بە دوایدا.... و دواتر تۆ خۆت دێیت و لە پشت چاوەکانی ئەم منداڵەوە لێمەڕوانیت. بڵێ چ کارەیت، ڕەحمان و ڕەحیمی یان جەبار و مەحیل؟ ئاخر بۆ لەگەڵ من. بێجگە لەوەی کە باوك و دایك، شار و نیشتمان، یار و یاوەر و ماڵ و داراییمان لەبەر تۆ لە بیرکرد و پێ پەتی و خوری پۆش لە ئاموی تا گەنگ و لە هامونەوە تا نیل بێ وەستان بە دواتدا ئەگەڕاین و ڕێك لەو کاتەدا کە وتم لە بێ ڕەنگیدا دۆزیمیتەوە و ناسیمیت، ڕەنگێکی تازە و فێڵێکی تازەت کرد. بەڵام بزانە، بزانە کە من بە ڕونی تۆ لەودا ئەبینم. بەر لەوەی لە کەعبە بتدۆزمەوە، تۆم لە دڵم و لە هەڵهاتنی خۆر و لە پشت هیندۆکوژ و لە خۆرئاوابونی لێڵ و سۆزی چەغانەی گۆرانیبێژە قونیەویەکەدا بینی. ئەو مەزهەری کەمالی تۆیە بۆ من. پەرستنی ئەو پەرستنی تۆیە، ستایشی ئەو ستایشی تۆیە، ئەزانم لێمی قبوڵنەکەیت چۆن ئەتوانیت ئەمەم لێقبوڵنەکەیت. لە کاتێکدا خۆت ئەم داوەت داناوە. ئەزانم تۆ عەشقی پاك هەمیشە و لە هەر شێوەیەکدا قبوڵئەکەیت. لە بنەڕەتدا تۆ خودی عەشقیت و عەشقیش خودی تۆیە لەم ڕوەوەیە کە ئەزانم تا ئەم عەشقە لە گیانمدا ڕەگی داکوتابێت تۆ لە مندایت و من لە تۆدا.

نەیئەتوانی چاو لەسەر کیژۆڵە خەوتوەکە هەڵگرێت کە تیشکی خۆر لەسەر زوڵفە زێڕینەکانی دڵیان ئەڕفاند. فرمێسکی ئەڕشت و بارودۆخێك بو کە ئەگەر بوکەکەی لە خەوی شیرینیدا نەبوایە هاواری لێهەڵئەستا و لە کۆتاییدا بۆنەوەی دەنگی لە گەرویدا پەنگ بخواتەوە ڕۆشت بە سوجدەدا و هەر لەوێدا لە هۆش



Scanned with CamScanner

خۆی چو. هیچ نەیئەزانی کە چەند بەو شێوەیە مابویەوە کە لەناکاو هەستی بە گەرمای هەناسەیەکی نەرم کرد لە نزیک گوێیەوە. لە بیری نەمابو لە کوێیە و چیتر کەمەری لەو سوجدە درێژەدا ڕاست نەئەبویەوە لە دوای ئەمە هەر بەو بارەوە ڕوی وەرگێڕا بۆ ئەولاکەیتر کە بە هەراسانی لە بینینی دو چاوی سەوزی تۆقیو لەبەرچاویدا، لە جێی خۆی ڕاپەڕی. کیژۆڵەکە کە لەو زیاتر ترسابو، قیژەیەکی کورتی کرد و ڕایکردە سوچێکی ژورەکە.

کاتێك شەپۆلەکانی ڕوناکی لە درزی سەقفەکەوە، ڕژێیان کردە دیاری بۆ کەژاوەکە، بوکەکە بەرە بەرە لەخەو هەستابو بەڵام حەزینەکردبو لە گەرمای خۆشی ژێر لێفەکەی بێتەدەرەوە، هەوای ژورەکە سارد بو. تەپاوتلێکی دا و لەناکاو لە بینینی پیرەپیاوێك کە لە سوچێکی ژورەکەدا نوێژی ئەکرد ترسا بەڵام زۆر زو هەمو شتێکی هاتبوەوە بیر و سودی لەم هەلی سوجدە بردنە درێژەی زاوا وەرگرتبو تا خۆی کۆکاتەوە و بیرەوەری دوێنێ شەویش یارمەتیدا تا دڵی بە خوێن بوی کە لە ترساندا وەك کۆترێك لە سنگیدا ئۆقرەی نەئەگرت، ئارام بکاتەوە. کاتێك زاڵبو بەسەر خۆیدا چاوی بریە پیرەپیاوەکە، تا کەی سەر لەسەر سوجدە هەلگرێت، بەڵام بێ سود. چەندین خولەك و لەوانەشە تەنانەت کاتژمێرێك بەبەردەوامی لەو بارەدا مابویەوە و بەرە بەرە ترس دایگرتەوە کە نەوەك مردبێت. یەکێك لە ژنەکان بۆ دڵدانەوەی ئەو هەر ئەم پێشبینیەی کردبو و وتبوی هەندێك جار ڕویداوە کە پیرەپیاوان لە کەژاوەی بوکە گەنجەکانیاندا، هەر لەوێدا گیانیان سپاردوەتەوە بە گیان خولقێن. ئەو ئەڵبەتە ئەمەی نەئەویست. ئەبوایە کارێکی بکردایە. لەجێگەخەوەکەی هاتەدەرەوە و بێدەنگ بە گەوالکێ لەسەر قالیەکەی ژورەکە ڕۆشتە پێشەوە و سەری لە سەری ئەو نزیك کردبوەوە کە بزانێت هەناسە ئەدات یان نا و بە سەرسوڕمانەوە بینی کە هەرگیز دڵی نایەوێت ئەو مردبێت. سەرەڕای ئەو هەموە ئازارانەی چەشتبوی، ئێستا ئارەزوی مردنی



Scanned with CamScanner

ئەوی نەئەکرد. لە ناکاو بینی کە پیرەپیاوەکە بە ئارامی هەر بەو شێوەیە لە باری سوجدەدا ڕوی وەرگێڕا و بە چاوانێکی نامۆ و سەرسوڕماوەوە سەیری ئەو ئەکات.
هەردوکیان لە جێی خۆیان ڕاپەڕین، وەك بڵێیت پیرەپیاوەکەش زۆر ترسابو.
هەمو ئەمانە چەند ساتێك درێژەیان نەکێشابو و دواتر هەردوکیان سەیری یەکتریانکرد و بێویست بەهۆی ئەم بارەوە دەستیانکرد بە پێکەنین. پیاوەکە بە خۆشحاڵیەوە ئەیبینی کە چیتر هیچ کاریگەریەك لەو نامۆیی و نیگەرانی و دڵەڕاوکانەی کە دوێنێ شەو لە ژێر ڕۆشنایی مۆمەکەدا لەو ڕوخسارە خۆشەویستەدا ئەوی هێندە تەزیو و بێ توانا و مردو کردبو، نەماوە. ئێستا لە بەرامبەر چاوەکانیدا ڕوخسارێکی ئاشتی و سورهەڵگەڕاوی لەشەرمدا ئەبینی کە منداڵانە پێئەکەنی. بە چاوی گەنجێکی تازە پێگەشتوەوە لەو دەمارە شینانەی ڕوانی کە لە ژێر پێستی یاس ئاسای ملیدا لێئەدا و هەمو هۆشی لا نەمێشتبو و بە هێمنی کەمێك ڕۆشتە پێشتر و بە وریاییەکی زۆرەوە لە ترسی هەڵهاتنی ئەو کارمامزە، ئەو ئارەزوەی کە لە بەیانیەوە ئۆقرەی لەبەر بڕیبو و بە لاواندنەوەی هێمنی زوڵفە زێڕینەکانی، دامرکاندەوە. کیژۆڵەکە هیچ بەرگریەکی نەنواند و هەر ئەمەش کەمێك زیاتر بوێری پێدا. دواتر بازوەکانی لە دەور جەستەی لاوازی ئاڵاند و کەمێك گوشی بە خۆیەوە، بە هێمنی ئەو سەرە جوانەی خستە سەر شانەکانی و چاوەکانی داخست. تەنیا بە هەڵمژینی بۆنی خۆشی ئەو لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا سەرە سوڕەی تێئەخست، لە سنوری بێهۆشیدا بو. چەند ساتێکی نەخایەند کە هەمو بونی —نەرم و ناسك— مەست بو. هیچ کاتێك لە لوتکەی سەماشدا هەستی بە مەستبونی لەو شێوەیە نەکردبو. مەستبونێك کە هەمو مانا و ڕەگەزەکانی بانگهێشتی وەحدەت ئەکرد و دیسانەوە لە سەرەتاوە هەموانی شینەکردەوە. مەستیەك کە لەو، خۆشەویستەکەی و بونەوەر ڕەگەزێکی یەکگرتوی پێکئەهێنا و هەر لەو کاتەشدا لە خۆیدا وردی ئەکردن. دەرکێکی هەتا بڵێی تازە و ڕام نەکراو و



Scanned with CamScanner

زۆر ناسکی هەبو. ڕەوتێك لە ئەزەلی بون، دەمارەکانی پڕ کردبو. مەلی هزری لە جیاتی پەڕینەوە لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ، فڕینێکی سانای بەرەو عەرش دەستپێکردبو و هەناسەکانی واقعیترین دەرکی لە گەڕی کەسرەت و وەحدەتی جیهانی بە ئەو ئەچێژا. هەمو ئەو تەمەنەی کە لە خوێندن و گەڕاندا بەسەریبردبو بۆ دۆزینەوەی عالەمی وەحدەت و وەحدەتی عالەم لە لایەك و ئەوەی لەم ساتەدا لە یەککگرتنی عەشق و عاشق و مەعشوق و زەمین و زەمان و خود و خوا و بونەوەردا ئەزمونی ئەکرد، لە لایەك. خۆی بە مەحاڵ ئەزانی لە ژێر ئەو تیشکەی لە درزی سەقفەکەوە ئەهاتەخوارەوە و ئەیبینی کە هەر لەو درزەوە عروج ئەکات بەرەو ئاسمان. ئێستا ئیتر لە جیهانی پێغەمبەر و حومەیرادا بو. بەخۆی ئەوت ئەم ئەزمونە هەمو ئەوە ئەهێنێت کە لەبەرامبەریدا دۆڕاندبوی. چیتر هەمو دڵە ڕاوکەکانی دوێنێ شەو لە هزریدا نەمابو. ئەو چیتر لەمە بە دواوە بەندەی ئەم عەشقە تازە بو کە بێنەوەی بۆی بگەڕێت دۆزیبویەوە. نەینەگۆڕیەوە بە هەمو دنیا. هەرچیەك بو لێرەبو، ئەوانیتر ئیتر هیچ بون.

ڕۆژە خۆشەکان لە پاش هەمو دەربەدەریەکان لە ڕێوە گەشتبون. سەرڕێژ لە شیرینی عەشق و خۆشبەختی، بۆ یەك ساتیش لە مەعشوقەکەی دورنەئەکەوتەوە و تێرنەئەبو لە لاواندنەوەی. چەندین هەفتە بەسەر بەیەککەشتنیاندا تێپەڕیبو و پیرەکە هێشتا هەر مەستبو، مەست لەو دەستەوە کە خۆی ئەیزانی. خوداوەندگار و موریدەکانی، تەنانەت خەڵکی کۆڵان و بازاڕیش حەیران مابون لە گۆڕانی ڕەفتار و کرداری. نەرمی و خۆشڕەفتاریەکی بێ پێشینەی پەیداکردبو. خۆشەویستەکانی بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە گاڵتە و گەپ لە پشت سەریەوە چاویان لە یەکتر دائەگرت و دوژنمەکانیشی دریغیان لەهیچ هەڵێك نەئەکرد بۆ ڕەخنەی داخ لە دڵانەیان بەرامبەر بە خۆشحاڵی نایاب و هەندێك جاریش منداڵانەی. ئەمانە خۆیان بە خۆڵەمێش و ئاگردا ئەسو تا تێبگەن لەو دیو چیرۆکەکەوە چی شاراوەتەوە.



Scanned with CamScanner

هاوکات لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی ئەم بەیەکگەشتنە لە شاردا کە دۆست و دوژمن نەیانئەتوانی باوەڕبکەن، دەنگو گەلێکی زۆر مەحرەمانەش دەربارەی عەشقی کیمیا و عەلائەدین زار بە زار ئەگوازرایەوە. فزول و بەخیلەکان بەتەنگ ئەوەوە بون کە بزانن ئایا هاوسەرە ئەونەمامەکەی شەمسیش هێندەی ئەو خۆشحاڵە. بێئاگا لەوەی کە لە جیهانی عاشقیدا خەم ئەبێتە یەك لایەنە، بەڵام خۆشحاڵی یەك لایەنە مەحاڵە. هاوسەرەکەی شەمسیش خۆشحاڵبو لەوەی کە مێردە پایەبەرزەکەی بە شاد و دڵخۆش و زۆر عاشق ئەبینی، ئەگەرچی ژیان لەگەڵیدا ئەسازا و هەمو ئارەزوەکانی دڵی گەنجی با بردی، بەڵام ئەو لەسەر دوڕیانی مردن و گوێڕایەڵی -تەنیا لەبەر ئەوانیتر، لەبەر دایکی، لەبەر خوداوەندگار- گوێڕایەڵی هەڵبژاردبو. لەبەرئەوەی لە ڕێگەی مردندا هەم خۆی ئەبوە قوربانی و هەم ئەوانیتریشی پەرێشانئەکرد. بە دوبارە پێداچونەوەیەك بەو سزا ترسناکانەدا کە لە کتێبەکاندا وێناکرابون بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان ئەکوژن، بۆی ڕونبوبویەوە کە ئەم دنیایە بە خەمەوە جێئەمێڵێت و لەو دنیاش ئەبێت چەند شت هەبن کە لە چاوەڕوانیدا نەبن. دڵنیابو جۆرەکانی ئەو سزایانەی کە پەیوەستن بە خۆکوشتنەوە، چەندین بەرامبەری ژیان لەگەڵ پیرەپیاوێکدا کە خۆی بە عاشقی ئەو ئەزانێت، ترسانکتر و قورسترە و بەو جیاوازیە گرنگەشەوە کە ئەمەیان سزایەکی زەوینیە و ئەو دانەکەیتریان سزایەکی هەمیشەیی و خوایی ئەبێت. ئەو ڕۆژەی کە کاتی مۆڵەتی وەڵامدانەوەکە هاتبو، بە پێچەوانەی پێشبینیە جیاوازەکانی ژنانی حەرەم و سەرەڕای هەمو خوێن لە چاو ڕشتنەکان و ئەو ڕق و ترسەی بەرامبەر بە پیرەپیاوە نامۆکە هەیبو، و سەرەڕای ئەوەی کە دایکی دڵنیای کردبوەوە کە خوداوەندگار هیچ کاتێك بە زۆر نایدات بە شو، کفنێکی کردبوە بەر هەمو ئاواتەکانی و بە جەستەیەکی سارد و داهێزراو و پوکاوەوە، وەك قامیشێکی وشکبوی قامیشەلانێکی زستانی خۆی هاویشتبوە ناو

شەڕی هاوسەرگیری لەگەڵ پیرەپیاوە نامۆکەدا، بەتایبەت ئەوەی کە عەلائەدینیش کە بۆ ئەو تاکە ئومێدی ڕزگاری بو، هیچ کارێکی نەکردبو بێجگە لە لاف لێدان لە ڕاستە بازاڕی مسگەرەکاندا. لەبەرئەمە ئەوی بە شایستەی ئەم سزایە ئەزانی. دڵەڕاوکە و ترسنۆکی و وشکە دینداریەکانی ئەو بو کە کارەکەی گەیاندە ئێرە. ئەگەر عەلائەدین کەمێك لەو ئازایەتیەی بنواندایە کە لاف لێئەدا، ئەو مەحکوم نەئەکرا بە چارەنوسێکی لەو شێوەیە. لەوانەبو هەمو شتێك بگۆڕایە. ئای دریغ بۆ ئەو عەشقە. بەڵام ئەم ڕۆژانە هەندێك جار تەنانەت سوپاسگوزاری بەختی خۆی بو. لەبەرئەوەی پیرەپیاوەکە زۆر جیاوازبو لەوەی دەربارەی بیستبو. لە چەند ڕویەکەوە لە عەلائەدین باشتریش بو. بە پێچەوانەی کەسایەتی تاك ڕەهەندی کۆنەپەرست و زۆر خەمباری ئەو پیاوە گەنجەوە، لە شۆر و شەوق و جەزبەیەکی وا سەرڕێژ بو کە هەندێك جار دیواریشی ئەهێنایە سەما. سەرەڕای هەمو پیری و هەژارییەکەی ئەیوت: ئەڵێن دنیا زیندانی باوەڕدارە، بەڵام ئێمە بێجگە لە شادی و سەربەرزی و نیعمەتی فراوان هیچمان نەبینیوە. ئەیوت: شادی وەك ئاوێکی ڕەوانە کە بۆ هەر لایەك بڕوات چرۆ بپشکوێنێت و خەمیش وەك زەلکاوێك بۆ هەر کوێیەك بڕوات بۆنی ناخۆش. لەهەموشی گرنگتر ئەوەی کە تەنیا ئەوەی نەئەویست کە هەمو ژنانی حەرەم قسەیان لەبارەوە ئەکرد. ئەیبینی کە مێردەکەی وەك خواوەندێکی ئاسمانی ئەیپەرستێت و هەمو ڕۆژێك سەد جار لە سەرەوە تا نوکی پێی ماچ ئەکات و سەربەرزیەکی عاشقانەی پێئەبەخشێت. ئەو لە هەمو ژیانیدا، ئازاری بێهودەیی و زیادەبونی وەك کۆڵێك بەسەر شانیەوە کێشکردبو، کاتێك ئەیبینی کە بونی پێگەیەکی هێندە ئازیز و شایستەی وەرگرتوە و ئەو سەربەرزیەی کە لە هەمو تەمەنیدا تاسەمەند و تینوی بو لە دەروروبەریدا شەپۆلی ئەدا، شادی وەك نیلوفەرێك لە ڕۆنگاوی دەرونیەوە چوزەڵەی کردبو و ئەو ئەمەی بە پاداشتی ئەو سۆز و ئەدەبەی ئەزانی کە بەخشیبوی. کاتێك لە هەر



Scanned with CamScanner

هەڵێکدا خوداوەندگار لەبەر ئەو کاریگەریە ئەخلاقیەی لەسەر شەمس دانیابو، ستایشی ئەکرد، بە شانازیکردن بە پێگەی باڵایەوە فەخری بەسەر ئاسماندا ئەکرد. کاتێك خوداوەندگار ئەیوت لەگەڵ هەمو ئەوەدا ئێمە پێشکەشی ئاستانەی شەمسی تەبریزیمان کردوە، حەزرەتی شەمس هاوڕێیەتی کیمیا ناگۆڕێتەوە بە ئێمە، وەك بڵێی جیهان لە ژێر فرمانی ئەودا بو. ئەو بەڕاستی بو بوە شاژن، شاژنی ڕۆح و دڵی کەسێك کە خۆی مەعشوقی تاقانە و بێ بەدیلی گەورەپیاوێکی وەك خوداوەندگار بو، شێخ و موراادی سەدان هەزار سالیك کە لە ئارەزوی ماچی پێیدا ئەسوتان. ئەمە هەر ئەو ئارەزوەی بونە شاژنی جیهان بو کە لە واقعدا هاتبوە دی.

کەم کەم کەوڵەکۆنیی هاوسەرەکەی لە بیرکردبو، یان هەر ئەسڵەن هەستی پێنەئەکرد. مۆڵەتی ئەدا تا بپەرسترێت. مۆڵەتی ئەدا تا ئەو چەندین کاتژمێر سەرقاڵی تاقگەی زوڵفە زێڕینەکانی بێت. دڵ و گیانی ئارام ئەکردەوە و بیرینەکردەوە کە ئای چەجەب جیهانێکی هەیە. شەمس عەشق و سەربەرزیی بێ کۆتایی پێنەبەخشی و لە بەرامبەردا هیچی نەئەویست بێجگە لەگەڵ یەك بون. ئەو بە پێچەوانەی دەنگۆکانی ناو حەرەمەوە، ڕەقی و زبری سەرپەنجەکانی پیرەکەی هەست پێنەئەکرد کە هەندێك جار لە سەرانسەری شەوەکەدا جەستەی ئەلاواندەوە. ئەگەر ئەمە خواستی ئەو بوایە، بهێڵە هەرچیەك ئەیەوێت ڕەوای ببینێت بە جەستەی نەرم و پوکاوەی. ئەمە لە بەرامبەر ئەو مانا تازە و ئەزمونە بێوێنانەدا کە ژیانی کورتی هاوبەشی لەگەڵ ئەو نامۆیەدا بە دیاری پێی بەخشیبو، بەراوردێکی بێویژدانانە بو. ئەو و دەوروبەرەکەی گریمانەی ئەوەیانکردبو کە ژیان لەگەڵ ئەو نامۆیەدا جۆرێکیترە و چەندین پلە سەختترە لە ژیانێکی ئاسایی. پیرە پیاوەکە، ئەوەندەی کە لە هزریدا جێی گرتبو، تورە و عادەتشکێن نەبو. مرۆڤێك بو نەرمخو، عاشق و لە زیادەڕەوی عەشقدا حەسود. کیمیای تەنیا بۆ خۆی

ئەویست. ژنانی حەرەم کە لە ڕۆژگارانی سەرەتای بوکێنیدا بە چاوی کارێلەیەکی مەڕ ورگ دڕیو، بە چاوی تەڕ و پڕ بەزەییەوە سەیریانئەکرد، بەرە بەرە لە بێدەنگی و ئارامی ئەو تورەبو بون. وایانئەزانی کە ئەو نهێنی ئامێز و لەخۆبایی بوە. ژنەکان ئەگەرچی دڵ ناسك و میهرەبان دەرئەکەوتن و لە نابوتبونی ئەفسانەی عەشق و داهاتوی ئەو زۆر خەمبار بون، بەڵام لەسەر خوی هەمیشەیی حەرەم چاویان بڕیبوە ڕودانی چیرۆکێکی درێژەداری هەزار و یەك شەوە کە ڕۆژە ماندوکەر و تاقەت پڕوکێن و هاوشێوەکانی حەرەم پڕ بکات لە ڕەنگاورەنگیەکی پڕ لە ڕوداو و چیرۆك و بەسەرهات و بیانویەکی شیرینیان پێببەخشێت بۆ کاوێژی شەوە تاریك و سارد و درێژەکانی زستان. هەر لە بنەڕەتدا، حەرەم نشینەکان زیندوی ڕوداوگەلێکی لەم شێوەیە بون. بەڵام ئەم جارەیان بە سەرسوڕمان و ناباوەڕیەوە ئەیانبینی کە شەوی بوکێنی تێپەڕی و بە دواشیدا چەندین شەو و ڕۆژ و تەنانەت هەفتەش هاتن و ڕۆشتن و نەك هیچ یەکێك لەو کارەساتانەی پێشبینیانکردبو ڕوینەدا، بەڵکو، کیمیا خاتون ئارام و بە ڕوخسارێکی ڕازیەوە لە ماڵی خۆیدا ئەژی و هێندە بوار بە کەسانیتریش نادات بۆ پرسیار و وەڵام. عەلائەدینیش کە ئەو هەموە پلان و نەخشەیەی دائەڕشت و بانگەشەی ئەکرد کە ناهێڵێت دەستی ئەو نامۆیە تەنانەت بگات بە تەرمی کیمیاشدا و هەمو شاری لە دژی ئەم هاوسەرگیریە هاندابو، بێئەوەی بزانرێت بۆچی هەڕەشەکانی بە کردەوە ئەنجام نەداوە، لە ماوەیەك لەوەوبەرەوە لە شار ڕۆشتبوە دەرەوە، یان دەستیئەنقەست ڕەوانەیانکردبو. شەمس و خوداوەندگاریش شاد و خۆشحاڵ، سەرگەرمی کار و هاتن و چونی ڕۆژ و شەوانە و هاوڕێیەتیکردنی یاران و موریدەکانیان بون. کیمیا کاتێك شەمس لە ماڵەوە نەبو، سەرێکی ئەدا لە حەرەم و وەك ئەوەی هیچ شتێك ڕوینەدابێت لەگەڵ هەمو کەسێکدا قسەی ئەکرد و یاری لەگەڵ منداڵەکاندا ئەکرد و یارمەتی ئەنجامدانی کارەکانی ئەدا و کەمێك سەری

ئەخستە سەر ئایا خانم و دواتریش ئەگەڕایەوە، بێئەوەی هیچ زیادەیەك بخاتە سەر زانیاریەکانی دراوسێکانی. هەندێك لەوانە کە زیاتر بە تەنگ بابەتەکەوە بون، وەك فاتیمە خاتون -دەزگیرانە بچکۆلەکەی چەلەبی بەهانەدین کە هەر بە بەرسیلەیی بو بوە مێوژ- لە هەندێك هەلدا ئاماژە گەلێکی بە خوازەوە ئەدا بەگوێیدا کە ئەو یان تێنەئەگەشت یان گوێی پێنەئەدا. ئەیانوت: (کیژۆڵە لادێییەکان ڕودارتر و زوپێگەشتوترن، لەبەرئەوەی هەر لە منداڵیەوە جوتبونی ئاژەڵە ماڵیەکانی وەك مریشك و کەڵەشێر و مەڕ و گا و نزیکی دایك و باوکی خۆیانن. هیچ بابەتێك ئەوەندە نهێنی نیە بۆیان کە لێیتێنەگەن). ئەیانوت: (بەڵام فاتیمە خاتون، سەرەڕای ئەم ڕوداریانەی، هەر لە بنەڕەتدا بونەوەرێکی زۆر ئامادەیە بۆ وەرگرتنی هەرچی خێرای هەمو هونەر و فێڵە ژنانەکان و حەرەم نشینی. هەمو هونەرە پێویستەکان، لەوانە فێڵکردن، شت شاردنەوە، دەخەسی، سوسەکاری، بە دزیەوە گوێگرتن، خوازە شیرینەکان، ڕکابەری، حەسودی، چاوچنۆکی، خراپە ویستی، وشیاری نەرێ و شێوەی گواستنەوەی ڕودارانەی گاڵتە و نوکتە جنسیەکان لە ماوەی کەمی مانەوەی لە حەرەمدا فێربوە). جیا لەم قسەهێنان و بردن و گاڵتەچێتیە، بەڵام فاتیمە خاتون بەهۆی جیاوازی زۆری تەمەنیەوە لەگەڵ ئەوانیتردا ئامانجی هەمو فرتوفێڵ و تەڵەکەبازی و چاو لەوەڕێنیەکانی کیمیای داماو بو. ئەگەر ویقار و قورسیی سەرچاوگەگرتو لە نەجیبزادەیی و سەربەرزی و دڵ دەوڵەمەندی،کیمیا خاتونی لە پێگەیەکی بەرز و باڵای دەستپێنەگەشتودا دانەنایە لەبەرامبەر ئەم بونەوەرە دزێوەدا، فاتیمە خاتون بە تەنیایی ئەیتوانی ژیانی بە گشتی لێبکاتە دۆزەخێکی سەخت. بەڵام کیمیا بێئەوەی گرنگی بەو و ئەوانیتر بدات سەرقاڵ بو بە جیهانە ناوەکیەکەی خۆیەوە. ئەمە تایبەتمەندیەك بو کە ئەو لە منداڵیەوە هەیبو و لەوانەشە هەر ئەمە هۆکاری مانەوەی بو.



Scanned with CamScanner

پێیانوت کە کەسێك پرسیبوی هیچ کەسێك نەیبینیوە بوك بچێت بۆ حەمام بۆ خۆشتن ئەی کەوایە لە کوێ خۆی ئەشۆرێت، فاتیمە خاتون وتویەتی: کەسێك کە مێردەکەی لە بیست ساڵ زیاتر لە مێردی نەنێکەی پیرتر بێت، پێویستی بە خۆشتن نیە.

ئەم ڕوبەڕوبونەوە بزێوانە بە زۆری بەهۆی ئەوەوە بو کە کیمیا بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو ئارام و ڕازی ئەهاتە بەرچاو: شتێك کە هیچ کەسێك لێیتێنەئەگەشت و هۆکارەکەی نەئەزانی. بەڵام کیمیا خاتون بچوکترین کاردانەوەیەك کە هۆی دڵنێشان بێت نە نیشانی ئەدا و نە لە دڵیشی ئەگرت. ئەو هەمیشە لەسەرو ڕەوتی ڕوداوە خێزانیەکانەوە جوڵەی کردبو و ئەیکرد. بۆ ئەو هەر ئەوەندە بەس بو کە بە خۆبەدەستەوەدانی بۆ ویستی خوداوەندگار، ببوە هۆی خۆشحاڵکردنی لە ڕادەبەدەر و وەسفنەکراوی ئەو، دایکی و شەمس و جۆرێك لە هاوئاهەنگی و ئارامی بەخشیبو بە کەشی دەوروبەری. هیچ گلەییەکی لە بارودۆخی نەبو و شۆڕ و شەوقی ژیان و گەنجێتیش هاوکار بون لە خولقاندنی ئەم بارەدا. لە پشت هەمو بەسوك سەیرکردن و بە کەمزانینەکانەوە، ئەڕۆشت کە هزری بە سۆز و خۆشەویستی ڕاستگۆیانە و عەشق بەخشینەکانی شەمس کە هیچ نیشانەیەکی لە فرتوفێڵی زیرەکانەی تێدا نەئەبینرا، لە سێبەری تاریکی خەم و خەفەتەکان پاکبکاتەوە. تاکە بابەتێك کە نەیئەزانی چۆن لەگەڵیدا هەڵبکات ڕقی بێدەرمانی هاوسەرەکەی بەرامبەر بە ژنانی حەرەم و ناڕەزایی ئەو بو لە هاتووچۆی ئەوان بۆ ماڵەکەیان، یان بە پێچەوانەوە ئەم بڕوات بۆ هەیوانەکە. بەڵام لەمەیاندا نەیئەتوانی ڕازی بێت لە مێردەکەی. نەیئەویست ئەو خێزانەکەی لێبسەنێتەوە. چۆن ئەیتوانی چاوپۆشی بکات لە بینینی دایك، براکانی، دایەنەکەی و ئەوانیتر کە لەگەڵیاندا گەورە بو بو، لە کاتێکدا کە تەنیا یەك دیواری خشتی لە نێوانیاندا بو و پەنجەرەکانی ماڵەکەی بەڕوی حەرەمدا ئەکرانەوە و هەمو ڕۆژەکە تەنیا بو و

هەموان لەویەرەوە بانگیانئەکرد. دڵی تاسەی لەباوەشگرتنی منداڵەکانی ئەکرد. تەنیا ڕێگەچارەی ئەوەبو کە هیچ نەڵێت و تەنیا کاتێك هاوسەرەکەی لەماڵەوە نیە بڕواتە ئەویَ.

ژیان خەریکبو ئەگەڕایەوە ڕەوتی سروشتی خۆی. لە جیاتی ئەو ئەرکانەی کیمیا خاتون لە حەرەمدا هەیبو، ئێستا ئەبوایە ماڵەکەی خۆی پاك بکردایەتەوە و خواردنی بۆ مێردەکەی لێئەنا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕوینەدا هەندێك جار یەك دو شەوێکیش نەیەتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام چاوەڕوانی لە هاوسەرەکەی ئەوەبو کە لە ماڵەوە بێت و ئەرکەکانی ئەنجامدابێت. لەو ڕۆژە درێژانەدا ئەو برە کارەی هەیبو، بەشێکی کەمی لە کاتی پڕئەکردەوە. لە ماوەکەیتردا ناچاربو کارێك بکات کە مێردەکەی هەرگیز پێی خۆش نەبو، واتە کات بەسەر بردن لەگەڵ دایکی و منداڵەکان و ئوجی و دایە خانم، لەحەرەم. شەمس چەندین جار نارەزایی خۆی بۆ کیمیا دەربڕیبو بەرامبەر بەم کارەی، ئەو لە ژیاندا تەنیا یەك ژنی خۆشئەویست ئەویش کیمیا و ئەگەر نا متمانەی بە ژنان نەبو و بە مایەی شەڕی ئەزانین، بە تایبەت کە باش ئەیزانی ژنانی ئەویَ خۆشییان لەم هاوسەرگیریە نایەت و هەمیشە ئەتوانن بە قسە و قسەلۆکەکانیان کارەکەی لەسەر دژوار بکەن. لە لایەکیترەوە نەهاتنەوەی ئەو بۆ ماوەیەکی درێژ و ئەو کاتە زۆرەی کە ئەو لەگەڵ مەولانا و موریدەکانیدا تێئەپەڕاند و هەروەها دراوسێیەتی حەرەم لەگەڵ ماڵەکەیدا کە لە سەکۆی حوجرەکەدا بو و تەنانەت ڕۆژنەکانیشی لەبەر لایەنی شەرعی تەنیا بەڕوی حەرەمدا ئەکرانەوە، ڕێگریکردن لە هاوسەرە گەنجەکەی بێسود و بێهودە بو. هەرکاتێك پێی لەماڵەکەی ئەخستە ئەو دیوەوە، ئەم بیرەی کە خێزانەکەی یەکسەر لە دوای ئەو ئەڕوات بۆ حەرەم، وەك درکێك، لە پێی خۆشبەختی دەرەوشاوە و تازە دۆزراوەی ئەچەقی و ئەگەر ئاسۆی دڵەڕاوکەکان هەر لەم ئاستەدا بمایەتەوە، دانی بە خۆیدا ئەگرت و لەبەر قەدرزانینی هەمو شۆڕ و



Scanned with CamScanner

شادیەکانی بەرگەی ئەوەی ئەگرت لەمە ببورێت، بەڵام کێشە سەرەکیەکە لە جێیەکیترەوە هەڵئەقولآ: ماوەیەك هەورەبروسکەی غیرەت گڕی لە گیانی بەرئەدا. دو مانگ بەسەر هاوسەرگیریدا تێنەپەڕیبو بە حوکمی دراوسێیەتی، ئەو ئەبوایە بەرگەی بگرتایە کە کوڕە گەنج و پێکەوتەکەی خوداوەندگار -عەلائەدین محەمەد، کە لە پێگەشتویی و جوانیدا بەناوبانگ بو- هەمو ڕۆژێك بە بیانوی بینینی دایك و باوکی لەبەرامبەر هەیوانی ماڵەکەی ئەوەوە تێپەڕێت و بڕوات بۆ حەرەم و ئەو کە خۆی لە ڕادەبەدەر سوتاوی عەشق بو، لە دوری هەزار فەرسەنگیەوە بۆنی ئەکرد. هیچ دەنگۆیەکی دەربارەی عەشقی ئەم دو گەنجە کە هاودەم و ئاویاری یەکتر بون، نەبیستبو، بەڵام ئەو سەری بە گاڵتە سپی نەکردبو ئەوەندە زیرەك بو کە تەنیا لە چەند جوڵەیەکی هەستپێنەکراوی گەنجەکەوە هەست بە چاولەسەری و تاسەی نکوڵی لێنەکراوی بێت بەرامبەر بە هاوسەرەکەی بێنەوەی تەنانەت هیچ نیشانەیەکی ئاشکراش لە ئارادا بێت و هەرچەندە ئەوان هاودەم و هاو ماڵ و ئاویاری منداڵی یەکتر بون و خۆشەویستیان بۆ یەکتر جێی سەرزەنشت نەبو و ئەو بەهەمو هەستیاریەوە نەیتوانیبو ڕەفتارێکی شایەنی سەرزەنشت لەو دوانە ببینێت، بەڵام مەحکەم کاری عەیبەی تێدا نەبو. غیرەتی قبوڵینەئەکرد ئەم گەنجە پێکەوتوە، بە هەر خەیاڵ و بیرۆکەیەکەوە -باش یان خراپ- بەدەوروبەری ماڵ و هاوسەرەکەیدا بخولێتەوە. بون و ئامادەیی ئەو ئارامی لێئەشێواند، بەتایبەت کە عەلائەدین بە پێچەوانەی ئەو براکەیتریەوە، هەر لە سەرەتاوە لە کۆمەڵی ئالأهەلگرانی دژایەتی ئەو بو و دوژمنایەتی لەگەڵیدا بە ئاشکرا نیشاندابو. هیچ یەکێکیش لە هەردو لایان هیچ خەیاڵێکی ئاشتکردنەوە یان شاردنەوەی ئەم پەیوەندیە تاڵ و دوژمنانەیان لەسەردا نەبو. ئێستا ئەمیان ئەبوایە هەمو ڕۆژێك لەوپەڕی داماویدا بینەری دەستدرێژی ئەو یاخیە سەرکەش و چەتەی حەرەم بەزێنە بێت، کە کیمیای بەختەوەریی تێیدا نیشتەجێ بو. نەشینەتوانی نرکەی

لێوە بێت و ئەمەش لەگەڵ سروشتی تورە و بوێری ئەودا زۆر دژ ئەهاتەوە. تاکەی بێدەنگ بێت! چەندێك دان بەخۆیدا بگرێت و لە ڕێگەی جیاوازەوە نارەزایی خۆی بە ڕێزەوە نیشانی ئەم گەنجە بدات و ئەو هەر خۆشی تێنەگەیەنێت! کارەکە بەرە بەرە خەریکبو لە ڕەوتی ئاسایی دەرئەچو. دڵەڕاوکە ئاگری لە دەرونی بەردابو و وایلێکردبو کە چیتر تەنانەت لە دەرەوەی ماڵ، لە گەشت، یان لە مەجلیسی میوانی و گۆرانی وتن و سەماشدا نیوەی هۆشی لە ڕێڕەوی هەیوانی ماڵەکەی بێت.

هەر جارەجارەو وەك جن دەست لێوەشێنراوەکان هەڵئەستایەوە و خۆی ئەگەیاندەوە ماڵەوە تا بزانێت چی ڕویداوە، و کاتێك هەمو شتێکی لە ئەمن و ئاسایشدا ئەبینی، نەفرەتی لە شەیتان ئەکرد و لۆمەی خۆی ئەکرد کە چۆن بوەتە دەستکەلای دڵەڕاوکەیەکی لەم شێوەیە. بە لاواندنەوەیەك کیمیای دڵخۆش ئەکرد، بەڵام خۆی بە سەر لێشێواوی و بەدرەفتاریەوە ئەگەڕایەوە و ئەیبینی کە شەرم و بێزاری لە خۆی خەریکە بەرە بەرە زیاد ئەبێت. حزوری ترسناکی ئەو بەژن شەنگ و تازە مو لێڕواوەکە وەك پڵنگ لەو دەوروبەرەدا ئەخولایەوە و بە چاوە گراویەکانی بەو شێوەیە دوژمنانە لێیئەڕوانی، هەراوهوریایەکی لە مێشکیدا هەڵگیرساندبو. دیسانەوە هەمو دەرسی حوجرە و هاوڕێیەتی حەکیمان و ئامۆژگاری مامۆستایان و پەند و عیبرەتی میراتی پێشینانی لە مێشکیدا هێنایەوە بیر تا بەڵکو ئارامیەکی دەستکەوێت. نەکرا و نەکرا.پێی ئیستدیلال نەك هەر لە عەشقدا بەڵکو لە ڕقیشدا تەختەیی بو.ئەبوایە خۆی لە چارەنوسی شومی ئەم دڵەڕاوکەیە ڕزگاربکردایە.

جارێکیان بە کیمیای وتبو کە بەزویی دەستینەگرێت و لەوێ ئەیبات، بەڵام کیمیا کە یادەوەری بی بی جان وەك هەورە بروسکە لە مێشکیدا زیندبو بوبویەوە، وتبوی ناتوانێت ئەم کارەی لەگەڵدا بکات، تەنانەت بە بەهای مردن یان تەلاق. ئەیزانی کە خوداوەندگاریش هەرگیز یارمەتی نادات بۆ ڕۆشتن. هەرچەندە

له مێشکیدا بۆ چارەسەر ئەگەڕا کەمتری دەستگیرئەبو. کەوتبوە ناو داوێکی خراپەوە، بەو هەموە زیرەکی و ڕوداری و پەردەدڕێنی و ڕاشکاویەیەوە کە هەندێك جار ئەگەشتە ئاستی ناشرینی، ئەیتوانی چی بکات لە نوری چاو و کوڕی حەزرەتی مەولانا، کە نازداری دڵان و مایەی ڕێز و بە گەورەزانینی هەمو خەڵکی قونیە بو و نازناوی سوڵتانولمودەڕیسین بو؟ ئەویش لە بارودۆخێکدا کە گەنجەکە وەك ئەوەی دیاربو تەنیا بۆ بینینی دایەن و دایکەگەورە و خوشك و برا و کەسە نزیکەکانیتری ئەڕۆشت بۆ حەرەم. ئەمە تاکە ڕێڕەوێك بو کە لێیەوە ئەتوانرا لە حوجرەوە بچێت بۆ هەیوانی حەرەمی خوداوەندگار. نەئەکرا داوایلێبکرێت بەدەور کۆڵانەکەدا بسوڕێتەوە و لە دەرگای ژنانەوە هاتوچۆ بکات. بەڵام ئەم ئاموشۆیە بە هەر نرخێك بوە ئەبوایە بوەستێنرایە. هەرچەند گەڕا هیچ بەڵگەیەکی نەدۆزیەوە لە دژی هاتوچۆی عەلائەدین. لەبەرئەمە تەنیا یەك ڕێگە ئەمایەوە: ئەبوایە بیرۆکەکەی بکوشتایە. ئەبوایە پێی خودی مەلەکەی ببەستایە. ئەگەر پیر بو و میوان بو و قەرزاربار بو و زۆریشی بەو هەڵۆ جەربەزەدا نەئەگەشت، خۆ توانای بەسەر مەلە ماڵیەکەی خۆیدا ئەشکا. ئەمە بە شێوەیەکی کاتی تاکە چارەیەك بو کە بە عەقڵی گەشتبو. لە ئەنجامدا ڕۆژێك بە پێچەوانەی مەیلی دەرونیەوە بۆ خەمبارکردنی کیمیا، پێیڕاگەیاند کە نابێت بێمۆڵەتی ئەو پێ لە چوارچێوەی دەرگاکە بباتەدەرەوە و بینینی هەریەك لە ئەهلی ماڵەکە —بە گشتی لە ژن و لە پیاو— بێجگە لە باری تایبەتی و بە ئامادەبونی خۆی یان خودی مەولانای لێقەدەغەکرد. دواتر ئەگەرچی ئەیزانی کە ژنەکەی لەو ڕۆژانەدا کە لە شار نیە، ئاموشۆی حەرەم ئەکات، بەڵام چاوی لە ئاست گوناهەکەی دائەخست و مۆڵەتی ئەدا سەرەڕای قەدەغەیی ئەم کارە ئەنجام بدات. ئەم بیانوە زاڵی ئەکرد. ئەیتوانی لە هەر بارێکی پێویستدا، بە بیانوی سەرپێچیکردن لە فرمانی شوەکەی، وانەی قورس و قورستری فێربکات، بێئەوەی دژایەتیکردنی دەوروبەرەکەی هیچ



Scanned with CamScanner

مەحەلێکیان هەبێت لە ئیعرابدا. سەرەڕای ئەم هەموە خۆی نەخواردەوە. یەک بیانوی شەرعی بۆ کاوێژی نەزان خەلکەکە بەس بو، بەلام ئەو چی بکردایە لە دەرونی وشیار و بێ ئۆقرەی خۆی. هێشتا ماوەیەکی کەم بەسەر مانەوەی دوەمیدا تێنەپەڕیبو کە هەستێك پێی ئەوت، وا خەریکە سەردەمانی خۆشحالی بەسەرئەچێت. ئەیبینی کە ژنەکەی هەمو ڕۆژێك ژاکاو و بێ ئۆقرەتر ئەبێت، بەلام بەو هەموە زانستەوە کە تەمەنێك فێری بو بو، هەر تەنیا ئەتوانێت تەماشا بکات و پێی لە قوڕدا گیرە. لێرە چیتر هیچ یەکێك لەو ڕیازەتە مەعنەویانەی کە سالانێك لە خانەقاکانی سەرانسەری گێتیدا تایبەت بە جلەوکردنی نەفس و زالبون بەسەر تورەیی و حەسودی و دلەڕاوکە و دلەخورپە و بێجگە لە ڕێگەی خوادا بیرنەکردنەوە و بێجگە لەو نەترسان و تەوەکولی ڕاستگۆیانە و خۆ سپاردنە دەستی قەدەر و خوێندنی زیکر و دوعا و پشتبەستن بە بەخشین و قوربانیکردن و عەشقی بێ چاوەڕوانی، فێری بو بو و بە یارمەتی یەکە بە یەکەیان گەشتبوە پایەی بەرز و پێگەی بالای تەریقەت، یارمەتیان نەئەدا و لە بواری کردەییدا لە یاری مندالانە زیاتر هیچ بایەخێکیان نەبو.

خۆی وریائەکردەوە کە چەند خۆشی وتوە ئەو شێخە کاملە بەو یەکەیتر کە لە پشت شاخەکانەوە گۆشەگیر بو بو و نیازی بڕینی مەقاماتی بو: ئەگەر ڕاستنەکەیت و بوێریت و ئەگەر ئەتەوێت ببیتە مرۆڤی کامل، ئەبێت بێیتە ناو مرۆڤەکان، ئەگینا لە ناو دێوەکاندا هەر بۆ خۆت مرۆڤێکی کاملیت. چەند ڕاستە و چەند قورسە ئەگەر تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە لە ئارادابێت. لەوە حەکیمتر بو کە نەزانێت پێی لە چ داوێك گیربوە. داماو بو و بێزاری هەراسانی کردبو. بە ڕونی ئەیبینی کە هیچ کەسێك شایەنی سەرزەنشت نیە، بێجگە لەم عەشقە بێئەمانە کە چۆن داویەتی بە گژ دێوی حەسەددا و بەزاندویەتی. ئەم عەشقە لە قەلەندەرێکی مەست و بێ پەروای وەك ئەوگەدایەکی ترسنۆك و مەحتاجی نیوە نیگایەکی

مەعشوق کە بێجگە بە لۆمەوە چاوی پێیدا هەڵنەئەهێنا، خولقاندبو. ڕۆژی هەزار جار ئەمرد. عەشق هەناسەی لێبڕیبو و سات بە سات ئەڵقەی ژیانی لێ تەنگتر ئەکردەوە. بە چاوی خۆی ئەیبینی کە درەختی سەوزی خۆشبەختیی توشی خەزان بوە. ئای کە تەمەنی خۆشحاڵی چەند کورت بو، لە بەهاریش کورتتر. هەندێك جار بیرینەکردەوە کە هیچ شتێك نەگۆڕاوە و تەنیا ئەوە خودی خۆیەتی بێ ئۆقرەیە و توشی خەیاڵپڵاوی بوە. کە زیاتر سەرنجی ئەدا ئەیبینی کە دێوێك لەدەرونیدا زنجیری پچڕاندوە کە ئەبێت ببەسترێتەوە. تا درەنگ نەبو بو، ئەبوایە کارێکی بکردایە. چیتر نەیئەتوانی بێدەنگ دابنیشێت و بینەری مردنی عەشقێك بێت کە تامێکی شیرین و ڕەهەندێکی تازەی لە ژیان پێناساندبو. ئەیوت هەمو ئەم کارەساتە، زادەی سەررەڕۆیی گەنجێکی سەرکەشە کە یان سەودایەکی خاوی لە سەردایە، یان بەپێی خەیاڵپڵاویەکەی، بەس بۆ بینینی دایك و باوکی ئاموشۆی حەرەم ئەکات، بەڵام من عاشقم و حەسود و نامەوێت ئەو لێرە ببینم. ئەو ئەبێت ڕەچاوی ئێمە بکات. خۆ ناکرێت دەمی خەڵکی ببەسترێت. ئەگەر خەڵکی بکەونە سەر ئەو تێڕوانینەی کە ئەم گەنجە کارێکی بە خێزانی من هەیە و چیرۆکمان ببێتە بنێشتە خۆشەی سەر دەمی خەڵکی، ئەو کاتە ئیتر بە شوێن چارەسەردا گەڕان، بێسودە. دۆست بێڕەحمانە کێشی کردوینەتە ناو ئەم بۆتەی تاقیکردنەوەیە و من خۆمم دۆڕاندوە و نەك هەر تەنیا کارەکەم، بەڵکو هەمو ئەو تەمەنە پڕ لە ناڕەحەتی و بەسەرهاتەی کە لەگەڵ کتێب و حوجرە و بە دەستهێنانی زانستدا تێمپەڕاندوە. ئێرە مەیدانی کردارە و تا ئێستا هەرچیەك بوە هەموی بانگەشە بوە و بەس.

بۆ یەکەمین جار لە نیگاکانی خەڵکی ئەترسا و لە وێناکردنی ئەوەی چۆن بیرئەکەنەوە دەربارەی، ئاگری توڕەیی گیانی ئەسوتاند. ئەی باشە ئەو ڕوخسارە کیبریاییە چی لێهات. لەوە بە دواوە جێگەکەیان ئەگۆڕایەوە: خوداوەندگار ئەبوە



Scanned with CamScanner

موراد و شێخ و ئەو مورید و تالّب. پێڵاوەکانی بۆ دائەنا و تۆزی پێی ئەکردە چاوی. ئەو براوەی یاریەکە بو. ئەو لە تاقیکردنەوەی پاکێتی و هەوڵ و کۆشش و عاشقی و خۆ ئازاد کردندا، پێش ئەو کەوتبو. بە ئازارێکی جەرگبڕەوە ئەیبینی کە چیتر ئەم قسانەش یارمەتی نادەن و بۆ ساتێك بێئاگا نابێت لەوەی کە مەعشوق لە کوێیە و چی ئەکات. حەسودی و غیرەت و بەرچاوتەنگی، ئاگری لە خەرمانی خواترسی و زانیاری و کەماڵی بەردابو. چیتر نەیئەتوانی بەرگە بگرێت. چەند جارێك دەستیئەنقەست لەسەر رێگەی رکابەرە خەیاڵیەکەی سەوز بو و چەند ئامارەیەکی بۆ نواند. گەنجەکە بێزاری لە نیگاکانی ئەباری، تێپەڕی و وەڵامی نەدایەوە. ماری تورەیی دەرونی بەردەوام زیاتر کرژ ئەبو. لە کۆتاییدا لە خۆرئاوابونێکدا، بە چەکەوە و بە توندیسەرە رێی پێگرت. کاتێك گەنجەکە ویستی دیسان گوێی پێنەدات و تێپەڕێت، رێگەی لێگرت و بە راشکاویەوە پێیوت کە هاتوچۆ لەم رێگەیەوە ئەبێت بە حساب و رێژە بێت و بەو جۆرە نیە کە هەر کاتێك ئەو بیەوێت بتوانێت بەبەرامبەر ماڵەکەی و حەریمی حەرەمدا تێپەڕێت و ئەگەر رەچاوی ئەم هەڕەشەیە نەکات، هەرچیەکی لێبەسەربێت تاوانی خۆیەتی. واینەزانی لە کاتی خۆیدا ئاگاداری کردوەتەوە و چاوەڕوانیشی لە منداڵی پەروەردەکراوی دەستی حەزرەتی خوداوەندگار شتێك نەبو بێجگە لە بە گوێکردن و رێزگرتن لە ویستی ئەو و هەر واش ئەبێت. دەنگۆی ئەم هەڕەشە سەیر و رودارانە وەك هەورە بروسکە قونیەی گرتەوە و خەڵك، زانستخوازان، تەنانەت فەقێ و براکانی ئەمەیان بە رێگەپێدراو و پێویست نەزانی. دوبارە زامە کۆنەکە کولایەوە، بە تایبەت کە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی، لەوەی کە جارێکی تر بونی شەمس، رێگەی ئاموشۆ کردنی ئاسانەی مەولانای لێ سنوردار و دژوار کردبونەوە، رقێکی شاراوەیان لە دڵدا بەرامبەری هەبو. ترساندنی عەلائەدین دەستمایەیەك بو بۆ هەراوهوریای دژایەتیکەران بە تایبەت مەلاکان تا لەسەر مینبەرەوە هاوارکەن:



Scanned with CamScanner

غیرەت چی لێهات! سمێڵ بتاشن و پەچە دادەنەوە.... ئەمە ئیتر چ بێنابڕوییەکە؟... لە کوێ بینراوە کە پیاوێکی خراپەکار، جل دڕاو و نامۆ لە دورەوە بێت و شێخی شارێك شێت بکات و گوڵی ڕازاوەی حەرەمی -کیژۆڵە جوان و گەنجەکەی- بهێنێت و هەڕەشە لە کوڕی شێخیش بە گوناهی هاتوچۆکردنی ماڵی باوك و باپیرانیەوە بکات و ڕێگەی لێ تەنگ بکات و خۆی لەبەر دەرگادا دابنیشێت و بە جوێندان و توڕەییەوە بۆ بینینی خاوەن ماڵ نیازی هیچ و پوچ لە موریدە داماوەکانی داوابکات و هیچ کەسیش نرکەی لێوە نەیەت؟ ئاخر تاکەی مۆڵەتی ئەم هەموە بێ شەرمیە ئەدەن بەم نامۆیە؟

پیرەپیاوەکە، پەرێشان و داماو دوبارە بینەری گۆڕانی خێرا و لەناکاوی ڕەفتاری خەڵکی بو. هەمو ئەو ڕێز و عەشق و خۆشەویستیەی لەو چەند مانگەدا بە دەستیهێنابو، هەموی بە با چو. دیسانەوە کە گەنجەکان لە سوچی کۆڵانەکاندا ئەیانبینی دەستیان بۆ کلکی خەنجەرەکانیان ئەبرد و پیاوەکان لە ژێر لێوەوە جنێویانئەدا و ژنەکان نەفرەتیان لێئەکرد. ئەڵبەتە ئەو هەمو ئەمانەی بە موعجیزەی مینبەرەکان ئەزانی و ئەیزانی کە بە ڕۆژێك وەلیەکی کامڵ و هاوشانی فریشتەکان و بە خولەکێکیش خوری پۆشێکی سوك و بێگانە و دەستدرێژیکار و شایستەی مردنیان، لێئەخولقاند. دڵخۆشیی ئەوەبو کە هاوڕێ و وەلی نیعمەتی، لە مەلا نەزانەکان بە دوربو و درێغی لە هیچ هەوڵێك نەئەکرد لە ڕێگەی خۆشبەختی و ئاسودەیی ئەودا. دو سێ دانە لە موریدەکانیشی هێشتا لەگەڵیدا بون، وەك بەهائەدین، کوڕە گەورەی مەولانا و حسامەدین -موریدە گەنجەکە- و سەلاحەدینی زەرکوب. ئەوەی حەیرانی کردبو، ئەوەبو کە ئەگەرچی ئەوەی لە نێوان ئەو و عەلائەدیندا ڕویداوە، باوك و مەولای ئەو و براکانیشی پێی ناڕەحەت نەبون، ئیتر خەڵکیتر چ کارەن. بە ئەوان چی کە لە نێوان ئەو و ژن براکەیدا چی ڕوئەدات؟ لێرەدا هەمیشە شتێك مێشکی ئەخرۆشاند...وەك زالویەکی ڕەش. بە

ترسەوە ئەیبینی کە بەرە بەرە و بێئەوەی بیەوێت تاوانی هەمو ئەم ناخۆشیانە ئەخاتە گەردنی ژنانی حەرەم و بە تایبەت هاوسەرەکەی کیمیا کە ئیحتیمالەن لە ساردی حەمامە بچوکەکە و کۆلان و بازاڕدا بە خۆ بە ستەملێکراو زانین و هەڵیت و پەڵیت وتن و ڕاوەریکردن ئاگری کارەساتەکە زیاتر خۆشئەکەن. ئەگینا خەڵکی چۆن ئەیانزانی کە لە پشت دیواری ماڵەکەیەوە چی ڕوئەدات. چیرۆکێکی نامۆ بو. ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی بە ڕقێکی زیاتر و چارەنەکراوتر ئەکرد بەرامبەر بە هاوسەرەکەی. نەیئەتوانی نکوڵی لێبکات کە ئەگەر کیمیا لەسەر ڕێگەیدا سەوز نەبوایە، ئەگەر بەو چاوانەی سیحری لێنەکرایە و ئەگەر بەم دواییانە لە ڕوخساریدا ئەو هەموە نارەزایی و مەینەتباریە شەپۆلی نەئەدا، ئەو ئەمرۆکە توشی ئەو هەموە گرفتاری و کاردانەوە و کارەساتانە نەئەبو. عەشق و پەیوەندی کیمیا، وەك خەوێکی خۆشی سبەینێیان دوای خستبو لە گەشتکردن لەگەڵ کاروان. ئەیبینی کە کاروانەکە تێپەڕیوە و کۆچەریەکان ڕۆشتون و ئەو ماوەتەوە بە ئاگرێکی سارد و خۆڵەمێشی لە عەشقێکی بێ ئاکام کە سورمەی چاوی فزوڵ و دوژمنانیەتی، لە ناو شارێکی حەسوددا کە بە هەزاران تیری لە کێلان کێشراوەوە دەستیانکردوە بە سەمای مردنی. نەفرەتی لە خۆی و ئەویش ئەکرد و ئەو زیاتر لە خۆی، لەبەرئەوەی لە کۆتایی هەمو خەیاڵاتە شێت ئاساکانیەوە، پێیوابو ئەگەر کیمیا لەگەڵیدا هاودڵ بوایە و ڕوخسار و ڕەفتاری بیانویەکی بە دەست دوژمنانەوە نەدایە، هەمو شتێك جیاواز ئەبو. چیتر نەشیئەتوانی ڕوخساری بشارێتەوە. بە بچوکترین بیانو هەڵئەچو و دەنگی ئەگەشتە گومەزی سێ سەد سەرچاوە. هەموان نیگەران بون. کەسە نزیکەکانی کیژۆڵەکە، لە خەمی بونەوەرێکی سەرلێشێواودا کە ئەسڵەن نەیئەزانی گوناهی چیە، خوێن لە چاویان ئەباری، بەڵام کەس زاتی نەبو ورتەبکات. هەر ڕۆژێك کە تێئەپەڕی ڕقی پیرەپیاوەکە لە خۆی و دەوروبەرەکەی زیاتر ئەبو و ڕەفتاری توندتر ئەبو. چیتر ڕەفتاری خراپی لەگەڵ



Scanned with CamScanner

هاوسەرە گەنج و بێتاوانەکەیدا ڕویەکی ئاشکرا و بێسنوری بە خۆیەوە گرتبو و ژنەی سەرلێشێواو کە تاکە دڵخۆشی بەخشینی عەشق بە هاوسەرە ناهاوشان، بەڵام پایەبەرزەکەی بو، بەرە بەرە سەرلێشێواوتر ئەبو. لە شێوەی مەلێکی گیرخواردوی ناو داودا ئەبینرا کە هەر جولانەوەیەکی زیاتر گیرۆدەی ئەکرد. بەدڕەفتاری مێردەکەی بو بوە ویردی سەر زمانەکان. دراوسێکانی هەمو ڕۆژێك بینەری شەڕ و هەرای ئەو دوانە و توڕەیی و ئەو جوێنانە بون کە پیرەپیاوە ناوچاوتاڵەکە بەرامبەر بە هاوسەرە گەنجەکەی بە ڕەوای ئەزانی. بابەتەکە گەشتبوەوە گوێی مەولانا و ئەو بەو هەمو سنگ فراوانی و ئەو هەمو دڵ ڕاگرتنەی کە بەرامبەر شەمس هەیبو، لە کۆتاییدا ڕۆژێك بێدەنگی بە ڕەوا نەزانی. زیرەکیە سەرو مرۆییەکەی هەستی بە ترسناکیەکە کردبو و بە پێچەوانەی مەیلی دەرونی و لەبەر چاکەی هاوڕێکەی، پەردەی بێدەنگی بە جوانیەکی تایبەت کە لە هیچ کەسێکیتردا نەبو، دڕاند و شەوێك کە شەمسی لەو پەڕی بێتاقەتیدا بینی، هەلەکەی قۆستەوە. پرسی: نازانم بۆچی ماوەیەکە شەمس بە لێڵی بەسەر دیوارماندا هەڵدێت، تۆفان لە کوێوە هەستاوە! ئەبێت بزانین. خۆ ئێوە زۆر خۆشحاڵ دەرنەکەوتن. گومانمان بۆ ئەوە ئەڕۆشت ئەوەی کە بۆینەگەڕان دۆزیتانەوە. بەو حەکیمێتیەوە کە لە ئێوەدا ئەمانبینی، دڵنیابوین لە سەرکەوتن و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکاندا. ئەمە چ کارەساتێکە بەسەر جەنابتاندا دێت!

شەمس بۆ ماوەیەك بە بەدڕەفتاری و گومانەوە سەیری مەولانای کرد و بە کەمێك خۆبەگەورەزانینەوە وتی: ئای خۆزگە هەمو ئەوانیتر وەك مانگی ڕوخساری ئێوە بونایە کە بەرگەی تیشکی خۆریان بگرتایە و لەوەوە ڕۆشناییان وەرئەگرت بۆئەوەی ببنە بوکی بونەوەر، بەڵام دریغ کە دەوروبەرمان بە شەمشەمەکوێرە گیراوە: کوێرن و بەرگەی ڕۆشنایی ناگرن. ئەگەر ئەتانەوێت بزانن، چیرۆکەکە هەر ئەمەیە و بەس. چیتر توانای گێڕانەوەی کارەساتمان نەماوە.



Scanned with CamScanner

مەولانا کەمێك بیریکردەوە و وتی: گومانم بۆ ئەوە ئەچو کە ئەرکەکە ئەوەیە کە نەك هەر هیچ کەسێکیتر، بەڵکو لانی کەم ئێمە باوەڕمان بەو حیکمەتە هەبێت کە بونی شەمشەمەکوێرەکانیش گرنگە. تەنانەت لەمەش زیاتر بڕۆین و وەك بە گەورە زانینی ئەو حیکمەتە تەنانەت خۆشیشمان بوێن، بەتایبەت من و تۆ کە قسە و باسمان لە وەحدەتە. ئەگەر ئێمەش بناڵێن، ئیتر ئەتوانرێت چ لۆمەیەکی ئەوانیتر بکرێت؟ حەزرەتتان هەمیشە خوتان وابو کە بەرگەی هەمو ناسازگاریەکانی خەڵك بگرن و هەمیشەش ڕەوتی کارەکان هەر وا بەڕێوەچون. ئێمە هەرگیز ئێوەمان لەبەرامبەر ئەم قسەوباسانەدا هێندە سەرلێشێواو و بێ توانا نەبینیوە. ئەبێت گرێیەکیتر هەبێت لە کارەکاندا بەدەر لەمەی کە باسکرا.

مەولانای عاشق یەکسەر پرشنگی تورەیی لە چاوی مەعشوقدا بینی و بە ملکەچیەوە بەردەوام بو: ئێوە ئەزانن کە باس لەسەر خودی ئێمە نیە. ئاگری سەرکۆنەکردنی ئێوە هەرچەند زیاتر خەرمانی ئێمە بسوتێنێت، کامڵترو گەرمترمان ئەکات و باشترە بۆمان، بەڵام ئەو هەموەیتر بەرگەی ئەمە ناگرن، بۆ نمونە بەرگەی ئەوەی کە ئەوترێت لە ماڵەوە لە ڕادەبەدەر بۆڵەبۆڵ ئەکەن، ئەویش لەگەڵ ئەو کەسەدا کە خۆشتانئەوێت و ئێمە و هەمو خەڵکی ئەو بە ستەملێکراو و نازەنین ئەزانین. ئەزانیت کە ئەمە ئەبێتەهۆی دابارینی بەڵای زیاتر بەسەر خێزانەکەدا. ئەگەر ئەو بە تاوانبار ئەزانن، پەندی دابدەن، لێیخۆشبن هەڵیخەڵەتێنن بەڵام سوێندتان ئەدەم بە سوبحان کە ڕق لە دڵی مەکەن. ئاگادابن لە فرتوفێڵی ژنان، ئافەتی دینن ئەمانە. لە پێغەمبەرەوە ئەبێت پەند وەربگرین کە چۆن بە سیاسەت و نەرمی نواندنەوە ئەم هۆزە زیرەك و وریایەی لەسەر ڕەوتی بەرژەوەندی خۆی بەڕێوەئەبرد. یان نابێت خۆت هەڵدەیتە ئەم مەیدانی شەڕەوە، یان ئەبێت زیرەکی پێویست بەدەست بێنیت. پیاوی چاك نابێت جڵەوی لە دەست دەربچێت تا چیرۆکی ناموسی بکەوێتە سەر زمانی نامەردان.



Scanned with CamScanner

شەمس یەکسەر بۆیدەرکەوت کە بابەتەکە لە ئاستی خەیاڵات و بیرکردنەوە و دڵەڕاوکەکانی ئەو سەروتر ڕۆشتوە و هەموان هەمو شتێك ئەزانن. لەژێر لێوەوە جنێوێکی قورسی دا بە کیمیا کە هۆکاری هەمو ئەو ناشرینیە نەزانکاریانە بو کە ئەو تەمەنێك بە دور لێیان ژیابو. ئەبێت بەڕاستی کارەکە گەشتبێتە ئەوپەڕی ناسکی کە مەولانای پەشێوی کە لە سەیر و سلوکدا لە هەردو جیهان بێئاگا بو ، ئاگادارکردنەوەیەکی لەم شێوەی بە باش زانیوە. کەوایە کاتی هاتوە کە کارەکە بخات بە لایەکدا. ئیتر بەسیەتی. ئەبێت کارەکە کۆتایی پێبێنێت. لەسەر پاڵپشتێك پاڵکەوت و بە تاقەتەوە وتی:

(یەکەم ئەوەی کە بزانن، پیاوی چاك کەسێکە و پیاوی عاشق کەسێکیتر. دوەم ئەوەی ئەو ئارامگریەی بەرامبەر بە کیمیا هەمبوە بەرامبەر بە هیچ کەسێك نەمبوە. ئەوە کە هەمو ساتێك سەر لە پەنجەرەوە دەرئەهێنێت و زاییفەکان بانگئەکات کە وەرن مێردەکەی من ببین.

سێیەم ئەوەی کە وامئەزانی خۆشم ئەوێت، بەڵام ئێستا کەسم خۆشناوێت بێجگە لە خوا.

لە کۆتاییشدا ئەوەی کە گەردنی هەموانم ئازادکرد، و ئەویشم ئازادکرد.)

گەردنیم ئازادکرد، لەبەرئەوەی سەرەڕای ئەو هەموە ڕوڕەشیەمان پەندێکم لێوەرگرت کە تەمەنێك هەر بە قسە و باس لەسەر زمانمان بو. بەڵام سەرنجمان نەدابو و ئەوەش ئەوەی کە لەم ڕێیەدا تەنیا وتە بەس نیە. ئێستا تێگەشتین کە شێخەکەمان چی ئەوت: (هەزار ساڵ کەشف و شهودی خانەقا، کاری یەك ڕۆژ ژیان لە ناو نەزان خەڵکدا ناکات.)ڕێبوار (تالیب) ئەبێت بێتە ناو خەڵکی و بە کردەوە مەقامات ببڕێت، نەك لە خەڵوەتدا، کە هەندێك جار هەمو شهودێکی تاڵە دەزویەك ناهێنێت.... چیرۆکی عەشقی ڕسوای ئێمە و ئەم کیژۆڵە بەم تازەییانە پاش نیو سەدە لە ئاوارەیی و ڕێ تەیکردن، حەقیقەتێکی تێگەیاندین کە وامانئەزانی



Scanned with CamScanner

ماوەیەکی زۆرە لێیتێگەشتوین و لە ئەنجامدا گەوهەر و پەیامی چیرۆکێکی بە جوانی گەیاند کە ڕۆژێك لە قوتابخانە، مەلاکەمان بۆیگێڕاینەوە و هەر لەو منداڵیەوە کردینیە ئاوارەی کاوڵی سیفەتی دەوری ئەم جیهانە. تا بەر لەم کارەساتە دڵنیابوین، و سەد دریغ بۆ ئەو دڵنیاییە پوچەی کە (گەشتوین و وەرمانگرتوە و تێگەشتوین). ئای چ سەودایەکی خاو بو. هەمو گەنجیمان لە خۆپارێزیدا بەسەربرد. لەدەرگای دەسەلاّتدارانی جیهانمان نەدا و کرێکاریمان کرد. پەتی دوخێنمان چنی و فرۆشتمان. لەو خەیاڵەدا کە لەسەر ڕێگەی ئەو هەنگاو هەڵئەهێنین، شانمان خستە ژێر باری هەمو ناڕەحەتیەك. ئەم ماوەیەشمان لە وەهمی وەسڵی یاردا لە دەستدا. ئێستا ئیتر نیوە گیانێك زیاترمان بە بەرەوە نەماوە. بەلاّم ئەگەر هێشتا هەر یەك هەناسەش مابێت، باشترە دیسان لەگەڕان بۆ جیهانی بالآدا بەسەربرێت تا لە جەهلی مورەکەب و لە پشت پەردەی زانستەوە، کە لە کۆتاییدا هەر ئەمە توشی ئەم ڕۆژ ڕەشیەی کردم. هاوڕێکەم! ئای خۆزگە هیچ کاتێك ئەم وتوێژمە لەگەڵتدا نەبوایە. بەلاّم بەهۆی ئەوەی ئێستا لێتانمەوە بیست، زۆر بە پێویست ئەزانم  کە زیاتر لە بارودۆخی هەنوکەی من بزانن. ئەگەر ئەم زەحمەتەتان دایە بەر خۆتان و پرسیتان، نەوەك خراپە بێژیەك لە لایەن فزوڵە بێسەروبەرەکانەوە مێشکتان بەرامبەر بەم دنیا و ئاخیرەت لەدەستچوە زیاتر لەکەدار بکات!

مەولانا زەردەخەنەیەکی دڵدانەوەی بەڕوداکرد و دەستی خستە سەر شانی و وتی: ئەوەندەش دڵزویر مەبن. هەمیشە کاروبارەکان لەگەڵ کۆمەڵی ژناندا ناڕەحەت ئەچنە پێشەوە. ئەم دەنگۆیانە سەر بە جیهانی ئێمە نین بەلاّم ئەگەر ئەتوانن ئارام ببنەوە و ئەکرێت، چیرۆکێکم بۆ بگێڕنەوە کە چەندین جار بە گێڕانەوەی خۆشحاڵتان کردوم.

شەمس مەست لە شیرینی میهرەبانی خوداوەندگار و نوقم لە هەست بە هاودەردیکردنی گەرموگوڕی، هەناسەیەکی ئاسودەی هەڵکێشا و قومێك ئاوی خواردەوە و بە منەتەوە وتی: تەنیا بە مەبەستی ڕوناککردنەوەی دەرونی ئێوەیە کە ئەم چیرۆکە نەوتراوە بە زمانمدا ئەهێنم تا ئەگەر ڕۆژێك چیتر لێرە نەمام، سوێندتان ئەدەم بەو کەشەی لەگەڵ یەکدا هەمانبو، چیتر بۆم مەگەڕێن و دیسانەوە پێتان ئەڵێمەوە کە باشتر لە ڕۆژگاری من و هاوشێوەکانی من تێبگەن و دواتر لۆمەم مەکەن. نەوەك بەهۆی ئەوەی ئەمرۆکە، لەم دیاری لوتبەرز و فیرعەونانەدا توشی منی دڵسوتاوی پێپەتی بو و ئەوەی کە لە مێشکمدایە، دەرونی ئێوەی ئازیز زویر بکات:

ئەڵێن لە دەشتە بەرزەکانی خوتەندا کارئاسکێك ئەژیا کە هەتا بڵێیت لەخۆبایی، جوان و وشیار بو. لە لەوەڕگە بەرزەکاندا نەبوایە نەئەلەوەڕا، بۆچی بێجگە لەوێ زیاتر نەئەلەوەڕا لەبەرئەوەی تەنیا بە تەروپاراوترین گژوگیا و ئاوی بەرزترین و زوڵاڵترین کانیەکان نەبوایە ڕازینەئەبو. زۆر لەخۆبایی و لە خۆ دڵنیابو. سەرەڕای هەمو شەنگی و جوانی شاخ و سم و پێستەکەی، نەبو بوە نێچیری هیچ ڕاوچیەك، بەهۆی چوست و چالاکی زۆریەوە. ڕۆژێك لە ڕۆژان، کاتێك کە چیتر ببوە شەنگە ئاسکێکی پێگەشتو و لە بەیانیەوە تا ئێوارە لەناو گەلە مێنگە ئاسکانی عاشقدا ئەهات و ئەچو، لەکاتی لەوەڕیندا بۆنێکی زۆر خۆش گەشتە لوتی. ئەوەندە خۆش کە ئەگەر بەرامەی هەمو ئەو بەهارانەی کە تێیپەڕاندبو و بۆنی هەمو ئەو دەشتە پڕ لە سەوسەن و سمڵەی کە پێی پێدانابو، لە یەك شوێندا بپژێنرایە هێندەی ئەو بەهێز نەئەبو. مەست و شەیدا بەرەو سەرچاوەی ئەو بۆنە کەوتەڕێ. وەك بڵێیت گیراوەی عەشق بو کە بەم شێوەیە ئۆقرەی لەبەربڕیبو، لەبەرئەمە ئەبوایە بیدۆزیایەتەوە، کە لە کوێوە دێت.

ڕۆشت و ڕۆشت و ڕۆشت، بەڵام بێهودە. ئەو بۆنە سیحراویە بەردەوام لە هەمو جێیەکدا هەبو. بۆ هەر لایەك ئەڕۆشت وەك بڵێیت لە بەردەمیدا بو، ئەگەر ماندو لە گەڕان، بە شوێن خۆشیدا بگەڕایەتەوە دیسان هەر ئەو بۆنە لەبەردەمیدا بو. ڕو لە باکور بۆنی ئەکرد، ڕو لە باشوریش هەروەها. ڕو لە ڕۆژئاوا بۆنی ئەکرد، ڕو لە ڕۆژهەڵاتیش هەروەها. خەریك بو شێت ببێت، بەڵام ئەم دڵەڕاوکە وازی لێنەئەهێنا. بەهار و دواتر هاوینیش تێپەڕی و عەجەب کە ئەو بۆنە لەناونەئەچو و ئەویش بێئاگا. لە گەرمیانەوە تا کوێستان هەر بە شوێنیدا لەم تاشە بەرد بۆ ئەو تاشە بەرد و لەم شاخ بۆ ئەو شاخ ڕایئەکرد و کەچی هەروەك یەکەم ڕۆژ شەیدا و بێ ئۆقرەبو. بەڵام هەیهو کە سەرچاوەکەی نەئەدۆزیەوە و نەئەدۆزیەوە.

هەمو دەشت و شاخەکانی جیهان گەڕا ژێر هەمو تاشەبەردەکانی لوتکە سەر لە ئاسمان سوەکانی بۆنکرد بەڵام دیسانەوە هیچی بەدینەکرد، ساڵانێکی دورودرێژ لەم گەڕانەدا بو کە بەرە بەرە هێزی بەبەرەوە نەماو پیر بو. تا ئەو جێیەی کە تەمەنی ڕو لە کۆتایی بو. ڕۆژێك لە زستانێکی سەختدا، پیر و ماندو و قاچ و شاخ تێکشکاو لەسەر بەفری لوتکەیەکی بەرز بێئاگا بوە پاروی شێرێکی کێوی و ڕێك لەو کاتەدا کە ددانی شێرەکە ورگی هەڵدڕی، لە کۆتا هەناسەکانیدا، بە دنیایەك لە خەم و حەیرانیەوە لە ئەنجامدا ئەوەی کە تەمەنێکی لە دۆزینەوەیدا بەسەربردبو، دۆزیەوە: ئەو بۆنە سیحراویە لە موشکی شاراوەی ناوکی خۆیەوە بو و ئەو بێئاگا هەمو جیهانی بۆ گەڕابو و تەمەنی لەدەستدابو و لە کۆتاییدا داماو، پاك لە دەستچو و ورگ دڕاو حەقیقەتێکی دۆزیبوەوە کە چیتر بە کەڵکی نەئەهات.

ئێمە لەبەرئەوەی ئەم حیکمەتەمان هەر لە منداڵیەوە بیستبو، ئیتر بایەوا بو بوین کە بە دڵنیاییەوە چیتر ئەو تەفرەیە ناخۆین و هەم ئەوەش بو کە تەمەنێك دڵمان بە موشکی خۆمان خۆشبو. ئێستا سەیری ڕۆژگارکە. بنوارە کە ئێمەش چۆن ورگمان دڕاوە و تازە خەریکە بە ڕاستی تێبگەین کە ئەوەی بە شوێنیەوە



Scanned with CamScanner

بوین لە هیچ جێیەك نیە، ئیللا لە نێو توێکڵی ئەم دەرونە تێکشکاوەدا، دیسانەوەش چەند جوان تێگەشتین کە هەمو حیجابەکان یەك حیجابن و بێجگە لەو ئیتر هیچ حیجابێکیتر نیە و ئەویش خودە کە ئەبێت لەناو ببرێت. تۆ بڵێ، ئایا من هیچ چارەیەکم بۆ ئەمایەوە بێجگە لەوەی کە دانبنێم بە نەزانی پێشومدا و بڵێم خوام لە کیمیادا ئەبینی، بەلآم وا نەبو. چی بکەم و چی بڵێم کە ئەم خەڵکە بە دوڕویی خۆشحاڵ ئەبن و بە ڕاستی خەمبار. ئەبێت بە دوڕوییەوە لەگەڵ خەڵیدا بژیت بۆ ئەوەی لەناویاندا خۆشحاڵ بیت. وە هەر کە دەستت کرد بە ڕاستگۆیی، ئەبێت سەر هەڵگریت بۆ شاخ و بیابان لەبەرئەوەی لەناو خەڵکدا ڕێی تێناچێت. کەوایە ئەبێت، بڕۆم. من هەر لە سەرەتاوە، کارم بە خەڵکی نەبوە. شەمس باوکیشی لێیتێنەگەشت. پێموت، تەنیا یەك وتەم لێببیستە. تۆ بۆ من وەهایت کە هێلکەی قاز بخەنە ژێر مریشکی ماڵی. کاتێك کە بێچوە قازەکە سەری لە هێلکە دەرهێنا، ڕێگەی دەریا بگرێتە بەر. بەلآم تۆ هەر ئەو مریشکەی کە بە شەلە شەل بەسەر وشکاییدا ئەڕوات تا ئەمرێت. بارودۆخی ئێمە لەگەڵ هەمو خەڵکیدا هەمیشە هەروا بوە. لەبەرئەمە نهێنی دڵمان بە هەمو کەسێك نەوت. من ئەتوانم نهێنی بەو کەسە بڵێم کە ئەو لەودا نەبینم، خۆم لەودا ببینمەوە. لەبەرئەمە نهێنی خۆم بە خۆم ئەڵێم و ئەگەر نهێنیم بە تۆ وت، خۆمم لە تۆدا بینیەوە و ئەمێستاکەش نهێنیەکی تریشت پێئەڵێم: داماو کەوتوم ئەی شێخی کامڵ! بزانە کە زۆر سەرلێشێواوم سەرەڕای ئەو هەموە ناوبانگەم لە زیرەکیدا. لە ڕاستیدا زۆرینەی دۆزەخیەکان لەم زیرەکانەن. لەو دانایانەی کە زیرەکیەکەیان حیجابیان بێت هەر ئەمە ئەبێت کە سەری مەنصورمان کە زیرەکی نەکرد و بە تاجی دار نورانی ئەبێت و ڕزگاری ئەبێت و ئەبێتە بەڵگەی هەمیشەیی گەمژەیی نەزانەکان و سەرکردەیان و سەری ئێمەش نازانرێت لە چ جێیەکدا ئەبێتە کاسەی مار و مێرو.

من ئەبێت بڕۆم و سەری خۆم لە هەمو شتێك هەڵگرم تا لە خەجاڵەتی خۆم ڕزگارمم ببێت. ئێستا کە نهێنیەکی زۆر تازەم بۆدەرکەوتوە کە بۆ تۆشی باسبکەم، تا کات هەیە ئەبێت بڕۆم و دەستبکەمەوە بە کۆششکردن. ئەی شێخ! بزانە کە من لەم عەشقە زەوینیەدا وێنەیەکم لە عەشقی ئەزەلی بینی. تاسەی ئیتتیحادی ئەجسام، شەوقی گوێڕایەڵی و بەندەیی، ئاسانی ملکەچی، تاسەی تەسلیم بون، پێویستی بەخشین و خۆ ئازادکردن کە هەمو ئەمانە تایبەتمەندی عەشقی ئەو و جەزبەی ئەزەلی کائینات و یەکەمین ترپەی بون و هۆکاری خولقان بوە. گشت کەماڵ لەم عەشقەدا ئەکرێت هەستی پێبکرێت. بەڵام هەمیشە بە شوێن زانین و دۆزینەوەی ئەو جیاوازیە نهێنی ئامێز و شاراوەوە بوم کە لەو عەشقەیاندا هەیە و لەمیاندا نیە و لەم ڕووەوەیە کە سالیکی لێئاگادارئەکەنەوە و وشیاریئەکەنەوە. ئێستا خۆشحاڵم کە لە کۆتاییدا لە ئەزمونی ئەم عەشقەدا بۆمدەرکەوت کە ئەو شتەی کە عەشقی ئەزەلی لێی خاڵی و بێبەشە، هەر ئەو هۆکارەیە کە خۆی پەردەی هەمو بەڵگە و نیشانە و شوێنەواری شەپۆلەکانی گشت بونەوەرە، بەڵام بونەوەری گشتی (خوا) لێی بێبەشە. ئەو هۆکار و ڕاسپێرراوە ئەرکێکی زۆر گەورەی جیهانی لە سەر شانە کە هیچ شتێك لە بچوکترین گەردەوە تا گەورەترینیان ڕزگاری نابێت لێی. ئەمەیان بەسەر هەموماندا زاڵکردوە و لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ نازانین چیە و دەرکێکی کەمیشیان لەو واقعیەتە پێنەداوین، بەڵام دۆست سوێندی پێیخواردوە. بەدڵنیاییەوە ئەتەوێت بزانیت ئەو نهێنیە گەورەیە، ئەو پەردەیەی بونەوەر و ئەو خزمەتکارەی خالق لەسەر زەوی چیە. کەوایە ببیستە! ئەمە هەر هۆکاری کاتە کە سوێندی حەزرەتی حەقە و زۆر کاری لەسەر زەوی هەیە. ئەگەر باوەڕت نیە بیر لە هەمو ئەو شتانە بکەرەوە کە ئەیانناسیت. جوانیەکان کە خۆیان بەڵگەیەکی ڕونن لەسەر کەماڵی حەزرەتی: ئاسمان، زەوی، ئەستێرەکان، مانگ، خۆر، پێکەنین، گەنجی،

شادی، خۆشحاڵی، بەهار، پایز، زستان، کۆساران، کانیەکان، ڕوبارەکان، دارستان، گوڵەکان، ژنەکان، خۆرهەڵهاتن، خۆرئاوابون، ئەمانە هەمویان و ئەبینی هەمویان کە سەخت دیلی پەنجەی ڕاسپاردەی کاتن. ئەگەر باش بیربکەیتەوە نهێنیەکی گەورەی تێدایە کە سەر گێژئەکات. بەڵام چوارچێوەی لێپرسراوێتی ئەم ڕاسپاردەیە، تا سنوری قەڵمڕەوی یاری غەدداری ئێمەیە. لەوێ بە دواوە هیچ هێزێکی نیە، تەنانەت ئەگەر هەزار یەکەی خۆی لە یەك جێدا هەڵڕێژێت. بەڵام وەك خۆشت باش ئەزانیت عەشقیش وەك گشت نیعمەت و ئایەتە ئیلاهیەکان لە پەنجەی بێڕەحمی ئەم ڕاسپاردەیە پارێزراو نیە، مەگەر لەیەك شێوەدا ئەویش ئەوەی کە پرشنگێك لە جەزبەی حەقیقی و عەشقی ئەزەلی و دەرپەڕیو لە قەڵەمڕەوی ئیلاهیەوە بێت، کە ئەویش خۆی بیرۆکەی دروستکردنی بونەوەر بو. تەنیا لەم بارەدا عەشق لە ئیرادە و سنوری لێپرسراوێتی ڕاسپێردراوی کات —کە لە ڕاستیدا شیبونەوەی بەرە بەرەی و لەناوچونی ڕەگەزەکانی زەویە—دانیە و نەمری وەرئەگرێت. ئیتر کات لەوە زیاتر ناتوانێت پێشڕەویی بکاتکە ئەوێ قەڵەمڕەوی خودی خوایە و سەیرە کە لەوێدایە لە چارەنوسدا عەشقی زەوینی لە هەر دیاردەیەکیتر زیاتر پاروی ڕاسپاردەی خوێن خۆری کاتە. هیچ شتێك هێندەی ئەو عەشقە نادڵنیا نیە، لەو ڕوەوە کە هەزاران تەڵەکە —ئاگا و بێئاگا— ڕەنگی پێئەبەخشن. عەشق تەنیا کاتێك ئەگەر بێڕەنگ بو، عەشقە. هەمیشە وتبومان، ئێستا بە ڕێکوپێکی تێگەشتین، ئەم دوانە جیاوازنو دیسانیش بزانە: کە عەشقی ئەزەلی و خوایی وەهم نیە، سەفسەتە و فەلسەفە نیە، واقعیەتێکی هەستپێکراو و سەلمێنراوە. دایك و خولقێنەری هەمو ئەو دیاردانەیە کە دیسان لە نەمریەکانی ژیواری زەمینین. ئەم عەشقە بەڕاستی دایك و خولقێنەری هەمو هونەرەکانە و لەم ڕوەوەیە کە ڕاسپاردەی کات ناتوانێت هیچ بکات بەم هونەرە. هەر ئەمەشە کە هونەری نایاب هەمو ڕۆژێك زیندوتر و نوێتر ئەبێتەوە. ئەگەر ڕوباب و چەنگ و



Scanned with CamScanner

چەغانە، بەرزتنەکەنەوە بۆ ئاسمان، ئەوە لە گەرمای عەشق و وزەی نەمری هونەری نایابەوەیە و ئەگەر شیعری نایاب، ئەگەر وێنەکێشیی هونەرمەند و ئەگەر وتەی حەکیمان، با لە هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە مابێتنەوە، تەڕ و تازەیی خۆیان لە دەستنادەن، ئەمەشهەر بەهۆی هەمان گەردەکانی عەشقی ئەزەلیەوەیە کە تێیاندا شەپۆل ئەدەن و نەمریان پێئەبەخشن و هەرواشە کە تۆ ئەگەر لە بەڵخەوە دێیت و من ئەگەر لە تەبرێزەوە، ئەو گۆرانیبێژە عاشقە قونیەویە، ئەتوانێت بەرزمانکاتەوە بۆ عەرشی مەلەکوت و بینینی جیلوە لاهوتیەکان. ئەمە هەموی بەهۆی ئەوەوەیە کە هونەری نایاب زادەی عەشقی نایابە و لە سنوری کات و شوێن بەدەرە. بۆ نمونە ئەو گۆرانیبێژەی کە عاشق نەبێت، خەڵکی سارد ئەکاتەوە، لەبەرئەوەی هونەرەکەی لە بەندی کاتدایە و شوێنیش کە خۆی لە پێکهاتەکانی کاتە و خاڵیە لە شوێنەواری عەشقی ئەزەلی. هەمو شتێك لە زەویدا لەناوچوە و لە هەموانیش زو لەناوچوتر عەشقی زەوینیە کە ماوەیەك منیشی بەم شێوەیە کردە بوکەڵە، لەبەرئەوەی هەموی ڕەنگ بو. لەوانەیە ئەگەر وەك هەمیشە خۆپارێزیم بکردایە و ئەم جەزبەیەم لە خۆمدا کامڵ و پوخت بکردایە، ئەو ئەکات ئەم عەشقە ئەهات و ڕەنگی نەمری بەخۆوە ئەگرت. ئێستا بە ڕونی ئەیبینین کە هەڵە بو. وامزانی خوا لەودا ئەبینم. بە دڵنیاییەوە وا نەبوە کە کات توانیویەتی ئەم عەشقەمان وا لێبکات. کەوایە ئەبێت بڕۆین و زیاتر بگەڕێین و زیاتر پەنجە بسوین بە تاشەبەردی کاتدا، تا بەڵکو لە پاشماوەی پشکەکەی خۆمان دیسانەوە ڕێگەیەك بە ڕوی ئەودا بکەینەوە. هەرچەندە دەربارەی خۆم و ئەوەی لە پێشمەوەیە، چیتر هیچ دڵنیاییەك لە کارەکەمدا نیە. بەڵام لەم دنیایەدا کە هەمو شتێك نەزانراوە یەك شت بۆم زانراوە و ئەویش ئەوەی کە لەناو خەڵکی ئەم ڕۆژگارەدا، تەنیا تۆ پێگەشتویت. ئەی شێخ! لەو ڕوەوە کە پاك بوی لە تەڵەبدا و نەك تەنیا هەر هەوڵدان لە تەڵەبدا و کاری ئێمەش لەگەڵ تۆ هەر ئەوەبو

کە حیجابی زانست کە لە قورسترین حیجابەکانە لابدەین تا لە پشت ئەوەوە مەست لە تەجەلیاتی حەزرەتی مەحبوب لەودا فەنا ببیت، نەمری بەدەستبێنیت. ئای خۆش بە ڕۆژگارت! بزانە کە شیعرەکانت بە نەمری ئەمێننەوە کە من دڵنیام درەوشانەوەیەکن لە عەشقی ئەزەلی و هونەری نایاب. ڕاسپاردەی کات ناتوانێت هیچی لێبەسەر بێنێت. ئەگەر هەزار ساڵیش بەسەریدا تێپەڕێت، هەمو بەیانیەك سورە گوڵێکی تازە لەسەر لقوپۆی وتەکانت ئەپشکوێنێت. تا دنیا دنیایە و من لەو باوەڕەدام کە تا دوای ئەویش تۆ هەر ئەمێنیت و شیعرت هەر ئەمێنێت و وتەکانت هەر ئەمێنن لەبەرئەوەی تۆ لە سنوری نەمری تێپەڕیت. دیسانەوە ئەوەی باش ئەیزانم ئەوەیە کە کاری منیش لەگەڵتان ئیتر تەواو. ئێمە تەنیا ئەمانویست کە ئێوە واز لە پێگەی فەقیهانە و حیجابی عیلم و میراتی حوجرە بێنن و ئێوە خۆتان بە یەك شەو ڕێگەی سەد ساڵتان بڕی، ئەویتریشی پێویستە خۆتان بە باشی بیریلێبکەنەوە و لێتێبگەن. بەسەرهاتی کارمامزەکە و ئەوەی بەسەریدا هات باش لە بیرتانبێت. ئێوە ئیتر پێویستتان بە ئێمە و هاوشێوەی ئێمە نیە.

خوداوەندگار کە تا ئێرە سەرتاپا گوێ دانیشتبو، لە ناکاو لە جێگەکەی ڕاپەڕی و خەمی گشت عالەم لە ڕوخساریدا تیشکی دایەوە و بێ ئۆقرە و بە چاوی فرمێسکاویەوە کەوتە باوکەڕۆ و لە سەری خۆ دان. بە شێوەیەك کە شەمس وای بە باش زانی کە جارێ وتووێژەکە بڕێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەباشی ئەیبینی چیتر لێرە هیچ کارێکی نەماوە، بەڵام توانای بینینی دڵزویری دڵی ناسکی مەولانای نەبو. دڵنیابو کە چیتر ئەو پیاوەی کە کوڕەکەی، موریدەکەی، هاوڕێکەی، عاشق و مەعشوق، پیر و موراد و موریدەکەی، هەموان لە یەك شوێندا بون، پێویستی بە ئەو نەبو. ئەوان تا ئاخر زەمان – و لەوانەشە دوای ئەوەش– لە چوارچێوەی ئەو شیعرە نایابانەدا بە یەکەوە دەست لە ملی یەکتر کائینات تەی

ئەکەن، بەڵام ئێستا ئەبێت بڕوات و ئەبوایە بێ هەواڵ بڕۆشتایە. ئەو دوانە توانای ماڵئاوایی کردنیان لەیەکتر نەبو. نەئەکرا ماڵئاوایی لە مەولانا بکات. وجودی هێندە پڕ بو لە جەزبەی عەشق کە وەك بڵێیت هەمو موگناتیسی جیهانیان لە جەستەی بچوکیدا کۆکردوەتەوە. لەبەرئەمە بەجێهێشتنەکەی نەئەکرا ماڵئاوایی لەگەڵ بێت. دیسانەوە ئەبوایە ڕایکردایەتەوە، ڕاکردن لەو جەزبەیە، لەو چارەنوسە، لەو شارە و ڕاکردن لەو عەشقە.

ئەو مراوی بو و دەریا مەئوای ئەو. ئەو چی دابو لەم نیشتمانە خاکیە. مەگەر لە زۆرێك لە جێکان سەرناوی شەمسی باڵندە نەبو؟ کەوایە ئەیزانی چۆن لەم بان بۆ ئەو بان هەڵبێت. ئەلا ئەی پیرە مەل، دڵت خۆش بێت کە دیسانەوە فڕینت لە ڕێیە.



Scanned with CamScanner

## کۆتا فڕین

تیشکێکی سور لە پشت پێڵوەکانمەوە ڕێگەی چاومیان گرتە بەر. دەنگێکی ناسراوم ئەبیست. پێڵوەکانم کردەوە. ئیلیاسم بینی کە ئەیویست لە دەرگای سەرەوەی حەرەمەوە بێتە ژورەوە. مورید و فەقێکانی حوجرەکەم لە پشتیەوە ئەبینی کە بە چاوی بە خوێن سور بوەوە لێی ئەدەن. کەسێك هاواریکرد: لێی مەدەن! ئەو وەلی مەستورە لە ڕەچەڵەکی شبلی. ئەو گوێکانی گرتبو و هەر بەو نیگا تاریکەوە بە چاوە پڕ و فرمێسکاویەکانی لێینەڕوانیم. ڕایانئەکێشا بەرەو دەرەوە. توڵینەیەك لە گێلاسە پەمەییەکان لەسەر زەوی ڕژابون. ژنەکان هەموان ئەگریان نەك بۆ من، نەك بۆ ئیلیاس کە چیتر ڕەچەڵەکیان لەناو بردبو، بۆ ئەو هەمو گێلاسەی کە لەسەر زەویەکە ڕژابو.

ئەمە سەری چەندەمین جارم بو کە بەم شێوەیە لە خەو ڕاپەڕم، نازانم، ئیتر جیاوازی نێوان خەو و مۆتەکە و واقیعم بۆ لەیەك جیانە ئەکرایەوە. بە زەحمەتێکی زۆر چاوەکانم بە تەواوی کردەوە. ئیلیاس خەریکبو لەڕاسەرمەوە ئەگریا و توڵینە گێلاسەکەی لەسەر ڕاخەرەکە ڕژابو.



Scanned with CamScanner

یەکەمجار، دەنگی هاواری ئوجی لە خەو هەڵیساندبوم. خەریکبون ئەویشیان بە زۆر ئەبرد. بۆ کوێ؟ نازانم من پاش شوکردن ئازادم کردبو. بەڵام خۆی نەیویستبو بڕوات. بە گریانەوە هاتبو بۆ لای من کە (بۆچی ئەتانەوێت بمکەنە دەرەوە؟). بەڵگەی ئازادبونی کە تاکە مەرجی من بو بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ شەمس بە دەستیەوە بو. نەیئەویست. ئەیویست بە کەنیزەیی بمێنێتەوە. ئەیویست هەر لە ناو ئەو دیوارانەدا بژی. لەوانەشە ئەسڵەن ئەو هەر نەیئەزانی ئازادی یانی چی. لە شوێنێکدا خوێندبومەوە کە ڕێژەی ئەو دیلانەی کە ئەسڵەن نازانن دیلن زیاترە لە دیلە ڕاستەقینەکان. مەگەر هەمومان لە شوێنێکدا دیل نین بێئەوەی هیچ ئاگایەکمان لێی بێت؟ بەڵام من باش ئەمزانی کە ئەو ئازادیە ئەو هەموە خەونەم پێوە بینیبو دەستەواژەیەکی درۆیینەیە لەسەر ڕوی زەوی. ئێمە هەر لە ئەزەلەوە هەڵدراوینەتە ناو تەنگەڵانی بونەوەری کوێر و ستەمکاری جەستەیەك کە زیندانی هارونیی ناگات بە یەك خشتیشیدا، بۆ ئەوەی تاقیبکرێینەوە. بۆچی؟ نازانم.

جاری دوەم بە دەنگی شیوەنی مامی هاوکات لەگەڵ بانگی عەلائەدیندا چاوەکانم کردەوە و لەڕاسەرمەوە ڕوخساری سپی هەڵگەڕاوی دایکم بینی کە چاوی نەبو. ویستم ڕابکەم کە ئازارێکی هێندەی ئازاری چزوی هەمو مارەکانی جیهان لە مل و شان و گازەڕامپێچرا و ئیتر لە هیچ تێنەگەشتم.

ئێستا دیسانەوە بە دەنگی ئیلیاس چاوەکانم کردوەتەوە، بەڵام زاتی جوڵەم نیە. هیچ شتێك نایەتەوە بیرم. نازانم بۆچی لێرە بەستومیانەتەوە بە دار گەلێکەوە. منداڵەکەم کوا؟ منداڵەکەم بەرخۆلەیەکە. من ناتوانم منداڵێکم هەبێت، لەبەرئەوەی مێردەکەم پیرە. لە جیاتی ئەوە لە ڕێگەی باخدا بەرخۆلەیەکم بو، بەرخۆلەیەکی سپی و بچوك، نەرم و گەرم ئەبێت شیری بدەمێ. لە بیرلێکردنەوەی موچورکەی ئازار بە سیەکانمدا ئەهات. مەمکەکانم بە شیر قورس بون. بیهێنن. لە کوێیە منداڵەکەم؟ لە بیرمە ئەوم هەر لێرە لە باخ جێهێشت. ترسام شەمس

بەدڕەفتاری بکات، یان پێی ناخۆش بێت. ئەو هەمیشە حەسودی بەو شوانە ئەبرد. نەمئەتوانی بەرخۆڵەکەم لە باخ بێنمەوە. لەوانەبو وا بیربکاتەوە کە خیانەتم لێکردوە. خەریکبو شتانێك ئەهاتنەوە بیرم.... درەنگ هاتبومەوە بۆ ماڵەوە. ئەو لێیئەدام... لە ناو پەنجە ڕەقۆڵەکانیەوە هەڵهاتمە سەر سندوقەکە بۆئەوەی لە حەرەمەوە داوای یارمەتی بکەم... لە هەمو تەمەنمدا هێندە لە هیچ کەسێك نەترسابوم. دەنگی ترسناك و نامرۆیی و تۆقێنەر لە گەرویەوە ئەهاتەدەرەوە. جوێن گەلێکی پێئەدام کە لە هیچ یەکێکیان تێنەئەگەشتم. بەڵام چیتر هیچم لە بیر نەماوە. بۆچی وا بەستومیانەتەوە؟ هاوسەرەکەم لە کوێیە؟ بۆچی دەنگی نابیستم؟ لە ورتە ورتەکانەوە دەرئەکەوێت، کەسانێکی زۆر بەڕاسەرمەوەن، بەس ئەی بۆ ئەو لێرە نیە؟ دوبارە چاوەکانم کردەوە. حەکیم ئەکمەلەدینم ناسیەوە. دەستە خرپن و گەرمەکانی خستە سەر تەوێڵم و چاوەکانی داخست. لە ژێر لێوەوە شت گەلێکی ئەوت. خوا بکات بتوانێت چاکم بکاتەوە. بۆچی ئەم هەموە مرۆڤە بە چاوی سورەوە لە دەوروبەری جێگەکەم وەستاون؟ نەمئەتوانی هەناسە هەڵکێشم. هەرچەندە ئەموت ئەبێت بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، درەنگی کردوە، مێردەکەم دێتەوە و تورە ئەبێت، وەك بڵێیت کەس قسەکانمی نەئەبیست، بەڵام زیاتر ئەگریان. حەکیم دەستی لەسەر تەوێڵم لابرد و وتی کە دەمم بکەمەوە. من نەمئەتوانی. لە ئازاردا تەنانەت زاتم نەبو پێڵوەکانیشم بەتەواوی بکەمەوە، ئەوە دەمم ئیتر با هەر بوەستێت. ئەو چۆن حەکیمێکە کە نەیئەزانی ئەگەر تەنانەت لێویشم بجوڵێنم ئەبێت چەند ئازار بکێشم. وتی قامیشێکی باریکیان هێنا و خستیە نێوان لێوەکانم و دواتر دارێکی ناوبۆشی خستەسەر و لەوێوە شلەمەنیەکی گەرم و خۆشی دڵۆپ دڵۆپ کردە دەممەوە. لەسەریەك لەسەریەك ئەیوت قوتی بدە، قوتی بدە، منیش بە قوتدانی هەر قومێك لە ئازاردا ئەمردم و زیندو ئەبومەوە. ئەگەر قوتم نەدایە لەوانەبو بکۆکیمایە و

ئەوکاتە ئیتر تەنانەت لەوانەبو خواش نەیئەتوانی بگاتە فریام. وەك بڵێیت پیرە حەکیمەکە ماندو بو و بە داماویەوە وازی لێهێنام. گەرمای دەستی هێشتا لەسەر تەوێڵم مابو. هیچ کارێکم لەدەست نەئەهات بێجگە بەرگەگرتن. ئەمە لە درێژایی ژیانمدا زۆر بە باشی فێرببوم. هەرچەندە قوتدانی ئەو دڵۆپانە کوشتمیان، بەڵام لە قەرەبوی ئەوەدا هەستمکرد خەریکە بەرە بەرە ئازارەکە لە گیانم ئەچێتەدەرەوە. نازانم چی لەو شلەمەنیەدا هەبو کە ئارامی ئەکردمەوە. وەك بڵێیت لەسەر دۆشەکی پەڕ، یان لەسەر هەورەکان خەوتبوم و بە ئاسماندا پیاسەم ئەکرد. بیرەوەریە تازە و دێرینەکان هاتنەوە بیرم. بیرەوەری گەلێك کە هیچ کاتێك بەر لەوە مێشکمیان سەرقاڵ نەکردبو. ئەسڵەن نازانم واقعی بون یان نا. تەنیا پەڕەسێلکەکانم باش ئەناسیەوە کە لە کەللە سەرمدا هێلانەیان دروستکردبو.

هاتەوە بیرم کە هەر لەم چەند ڕۆژەدا بو لەدەوروبەری خەزێنەی حەمامە مەرمەڕەکەدا دەیان ژن کۆبوبونەوە و دەربارەی پەیوەندیان لەگەڵ مێردەکانیاندا قسەی خۆشیان ئەگێڕایەوە و بە یەکەوە پێئەکەنین. یەکێك لە ژنەکان کە تەمەن مامناوەند بەڵام زۆر دەمەوەر بو، هەموانی بێدەنگکرد تا بەسەرهاتە خۆشە تازە بیستراوەکەی بگێڕێتەوە، وتی: خوا لە سەرەتای دروستکردندا دانیشتبو و هەمو شتێکی دابەشئەکرد، لەوانەش توانای سێکسی. هەریەکە لە گیانلەبەران بەشی خۆیانی پێدان و ئادەمیش کە کۆتا بونەوەربو، چل ساڵی پێبڕا. حەوا گلەیی کرد کە ئەمە کەمە و ئادەم گەڕایەوە و داوای زیاتری لە خوا کرد. خوا وتی درەنگی کردوە و کاری دابەشکردنەکە تەواو بوە. بڕۆ بزانە ئەگەر کەسێك لێی زیادبو، خۆت لێی وەرگرە، ئادەم تکای لە هەر گیانداریێك ئەکرد، تکاکەی ڕەتئەکردەوە، بێجگە مەیمون و توتی کە زۆر ئادەمیان خۆشئەویست و ئەیانویست ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانن وەك ئەو قسەبکەن و بڕۆن بە ڕێوە. دواتر بۆئەوەی تکاکەی بەجێبێنن و بتوانن پەیوەندیان لەگەڵیدا هەبێت، توتی بیست ساڵ و مەیمون دە



Scanned with CamScanner

سالّیان لە بەشەکەی خۆیان پێدا و بەم شێوەیە کە ئادەم چل ساڵ ئەتوانێت، دە ساڵ داواکەی ڕەتئەکرێتەوە و بیست سالّیش بەس باسی ئەکات. یەکەمجار هەمو ژنەکان لە پێکەنیندا شین و مۆر بونەوە، دواتر نازانمچۆن و بۆچی هەموان بەیەکجار بێدەنگ بون و چاویان بڕیە من. لەوانەیە لەبەرئەوەی ئەسڵەن من پێنەکەنیم لەبەرئەوەی ڕاستیەکەی من هیچ تێنەگەشتم کە چی ئەڵێن. دواتر ویستم بێ گوێپێدان خۆم لە نیگاکانیان ڕزگاربکەم کە پێم خلیسکا و بە پشتا کەوتمە ناو ئاوەکە. لەژێر ئاوەکەشدا گوێم لە دەنگی قاقایان بو، ئێستاش ئەیبیستم. حەزمئەکرد هەر لەوێ بمردمایە و ئیتر نەهاتمایە دەرەوە. ئای ژێر ئەو ئاوە چەند گەرم و تاریک و پارێزراو بو. نەمئەویست بێمەدەرەوە. دوبارە لە قولآیی ئەو ئاوە گەرمەدا بوم نازانم حەکیم چی دەرخوارددام. هەرچیەك بو، هەر ئەوەم پێویست بو، بە ئارامی ڕۆشتمە ناو ئاوە ماوەکانی گەرماوەکە. ژنەکان لەو سەرەوە قاقایان لێئەدا، لەوانەش بو شیوەنیان ئەگێڕا. بۆ من هیچ جیاوازیەکی نەبو. گرنگ ئەوەبو کە من گەرم و پارێزراو و لە کەشێکی تاریکدا بوم. ئەسڵەن حەزمنەئەکرد بگەڕێمەوە بۆ ئەو ژیانە. حەزمئەکرد هەمیشە لەو بارەدا بمێنمەوە. هەمو شتێك خەریکبو بەرەبەرە ئەهاتەوە بیرم، وەك ئەوەی پەردەیەك لەسەر تابلۆی دیوارێکی گەورە هەڵبدەنەوە. هەمو وێنەکان بە هەمو بەشەکانیەوە بەتەواوی لە پێش چاومدان. هاتەوەبیرم کە دوا ساتی خۆرئاوابون بو. لە دڵتەنگیدا شێت بو بوم کە دەنگی بەرد هاویشتنی ئوجیم لەسەر پەنجەرەکە بیست. لەسەر ڕێکەوتنی پێشتر، ئەگەر لەوبەرەوە ئیشێکیان پێم هەبوایە، ئەبوایە وردە بەردێکیان بدایە لە پەنجەرەکە. ئەگەر بارودۆخەکە ئارام بوایە خۆم ئەڕۆشتمە سەر سندوقەکە و قسەم لەگەڵ ئەکرد ئەگەرنا ئەبوایە ئارامی بگرتایە. ڕۆشتمە سەر سندوقەکە و لەپەنجەرەکەوە سەیری هەیوانی حەرەمم کرد. ئوجی لەو خوارەوە وتی: خاتون گیان بڕیارە سبەینێ هەموان بەیەکەوە بڕۆین بۆ باخ.



Scanned with CamScanner

خانم گیان وتیان پێتان بڵێم (مۆڵەت بخوازن و وەرن. ئەگەر نەکرا خاتون خۆی لەگەڵ خوداوەندگاردا قسەئەکات. زو بخەون لەبەرئەوەی بەیانی زو بەرێئەکەوین).

دواتر وتی: خاتون گیان توخوا، خۆتان کارێك بکەن کە بتوانن بێن. لە نیگایدا پاڕانەوە ئەخوێنرایەوە، لەوانەشبو بەزەیی. ڕۆژگارم وای لێهاتبو کە کەنیزەکەم بەزەیی پێمدائەهاتەوە. بە هەواڵەکەی لە خۆشیاندا پێم لە زەوی گیرنەئەبو. لە سندوقەکە ڕۆشتمە خوارەوە. ماوەیەکی زۆر بو کە کەس لە ترسی شەمس نەیئەتوانی پێ بخاتە ئەم دەوروبەرە. چەند هەفتەیەکیش بو کە پەیوەندیم بە جیهانی دەرەوە لەم چەند وتووێژە پەنجەرەییەدا کورت ئەبویەوە. هەندێك جاریش لەبەر پێویستی ئەڕۆشتین بۆ حەمام. زۆر حەزمئەکرد کاتێك لە حەرەم ئەگەڕاینەوە، لەگەڵ ئایا جان بڕۆشتینایە بۆ زیارەتی پیر شاهی جاوید بۆئەوەی بزانم پەڕۆشینەکەی من چی لێهاتوە. بەڵکو جارێکیتر بە پاکی و لە ناخی دڵەوە، بیکەمە وەسیلە تا چارەیەك بۆ بێنەواییم بدۆزێتەوە. بەڵام لە ترسی ڕوبەڕوبونەوەی شەمس —کە هەندێك جار دوراودور چاودێریئەکردم و تەقینەوەی تورەیی لە بەرچاوی خەڵکدا سنوری بۆ نەبو، نەموێرابو.

ئەوەی کە کیژۆڵەیەك بوبێتە ژنی پیرەپیاوێك، ئەسڵەن دیاردەیەکی نامۆ و بێ پێشینە نەبو. هەمو گرفتاریی من لە ناوبانگی خراپ و ڕەفتاری نامۆی ئەودا بو کە هەڕەشەی لە عەلائەدین کردبو، هەستمئەکرد خەڵکی شار بەچاوی ژنێکی زیناکارەوە سەیرم ئەکەن. ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئەم حوکمەی مێردەکەم بە شیاو نەئەزانی، مەگەر ئەوەی کە ئەو ناڕەواییەکی لێبینیبێتم. لە تێڕوانینی ئەواندا، عەلائەدین هاویاری منداڵی و زڕبرام و پەروەردەی دەستی خوداوەندگار، کەسێك بو کە پەیوەستی بە شەریعەت و سونەتەوە، لەسەر زمانی هەموان بو و هەر ئەم پارێزگاریانەی ئەو لەم دواییەدا مایەی ئەسڵی ناکۆکی ئەو بو لەگەڵ باوکیدا، کەوایە بۆچی ئەبێت کاری بگاتە ئاستێك کە هەڕەشەی لێبکرێت و



Scanned with CamScanner

تۆمەتی بدرێتەپاڵ. تا جێیەك كە ڕێگری لێبكرێت لە ئاموشۆی ماڵی خۆی و بینینی دایك و باوكی؟ ئەو دیارە كە پاك و پاكژە. كەوایە كرمەكە لە درەختەكەوەیە كە غیرەتی باخەوانەكەی جوڵاندوە، لەبەرئەمە بو كە نەمئەویست كەس ببینم. تا ئەمتوانی ئەخەوتم. خەو باشترین چارەسەری ئازارەكانم بو. پیس و پۆخڵ بو بوم، وەك خودی شەمس، سوپاسی خواشم ئەكرد كە لانی كەم عەلائەدین لە ڕوی غیرەتەوە توخنم ناكەوێت. حەزمنەئەكرد نە ئەو و نە هیچ كەسێكیتر بەو شێوەیە بمبینێت. هیچ چاوەڕوانیەكیشم لە دایكم و براكەم نەبو. ئەمزانی كە ئەوانیش وەك من ئەڵقەیەكن لە زنجیری ئەم گرفتاریە شومە. هیچ ئاموشۆیەكی یەكتریشمان نەئەكرد. زۆر ناڕەحەت بو بون لە ڕەفتارەكانی شەمس، بەڵام لەبەر ڕاگرتنی دڵی خوداوەندگار بێدەنگ بو بون و دەستیان نەئەخستە ناو كاروبارەكان. ئەوەندە تەنیا بوم كە كاتێك كارە كەمەكانی ماڵە بێبایەخەكەم بە بێتاقەتیەوە تەواو ئەبو، لەسەر سندوقەكە چوارمشقیم ئەدا و لە درزی سەقفەكەوە ورد ئەبومەوە لەو گەردانەی كە لە هەوادا بون. لێیان وردئەبومەوە. نەمئەزانی بیرم لە چی ئەكردەوە. تاقەتی خوێندنەوەشم نەبو. كتێبیشم لا نەبو. مێردەكەم حەزینەئەكرد كتێب بخوێنمەوە. ئەیزانی خوێندنەوە ژیان تاڵتر ئەكات. لەسەر ئەو باوەڕە بو كە زیندانی هەتا كەمتر بزانێت باشترە، ئای خۆزگە ئوجی باسی گەشتەكەیانی بۆ باخ نەكردایە. هەموان ئەیانزانی كە ئەو مۆڵەتی هاودەمیم پێنادات لەگەڵ ژنانی حەرەمدا. ئەگەر دە وشە قسەی لەگەڵ بكردمایە، نۆ وشەیان ئاگاداركردنەوە بو لەوەی كە لەگەڵیان تێكەڵ نەبم. بەڵام ئوجیش لەسەر هەق بو. باش ئەیزانی كە باخ بۆ من یانی چی. لەوانەیە هەلێك بو كە چیتر دوبارە نەئەبویەوە. بەهار خەریكبو كۆتایی پێئەهات و من هێشتا بۆنی یەك تاكە گوڵیشم نەكردبو. دڵم بۆ دەشت، بۆ گوڵاڵە سورە، بۆ هەڵاڵەكان، بۆ جارە وێنجەكان ئەیدا لە شەقەی باڵ. بە دڵنیایەوە یاسەكان پڕ بو بون لەگوڵ. ڕەزەكانی سەر كەپرەكە

ئەبێت شۆڕبوبنەوە.... نیلوفەرەکان... خاڵخاڵۆکەکان... ئای خوایە خۆزگە ئەمانەم نەناسیایە...

نا من ئەبوایە بڕۆشتمایە. بە هەر نرخێك کە بو ئەبوایە بڕۆشتمایە. چ ئەو بیەوێت چ نەیەوێت. باخ جیاوازە لە شوێنەکانیتر. خۆ خەڵکم نەئەبینی. یەکسەریش پاش چەند کۆڵانێك کە لەسەروی حوجرە و حەرەمەوە بو، ئەچوینە ناو دەشت و دەر و دوای ئەوەش ئیتر شوانە پاك و بێئاگاکانی لێبو کە هیچ هەواڵێکیان لە ڕوڕەشیە جیهانگرەوەکانی ئێمەیان نەبیستبو و ئەمە بۆ من کە ئەو هەموە خۆم لە خەڵك دورەپەرێز گرتبو باشترین بارودۆخ بو. ئەبوایە بڕۆشتمایە، من وەك ماسی تینوی ئاو پێویستم بەو گەشتە بو. باخ و دەشت بانگیانئەکردم. لەو ساتەوەی کە یەکەمین هەنگاوم لە ڕێگەی ژیاندا هەڵهێنابو لەگەڵیاندا توابومەوە و بیرێك وەك شۆڵە (نەیزەك) بە مێشکمدا هات. ئەسڵەن لەوانەیە لەگەڵ ئەوانەدا ببمە پەنابەر و نەگەڕێمەوە. دیسانەوە لە ساویلکەیی خۆم پێکەنین گرتمی. شەمس ئەوێی لەگەڵ خاکدا یەکسانئەکرد و من باش ئەمزانی کە هیچ کەسێك پارێزگاری لێنەئەکردم، مەگەر ئیلیاسی داماو کە ئەویش چیتر هێزی بەبەرەوە نەمابو. کاتێك ڕۆژی بوکێنیەکەم دیاریەکی لە باخەوە بۆ هێنام، تەنانەت بە ڕێکوپێکیش سەیری یەکترمان نەکرد. وەك بڵێیت هەردوکمان شەرممان ئەکرد. واهاتە بەرچاوم کە بوەتە هەزار ساڵە، پیر و تێکشکاو و خەمبار و ئەمە کۆتا جار بو کە بینیبوم. بە زمانی بێ زمانی خواحافیزی یەکجاریمان کردبو و لەدوای ئەوەوە بیرمئەکردەوە لەوانەیە ئەو کە هێندە ماندو و دەردەدارە، زۆر زو بمرێت. بێجگە لەو هیچ کەسێکم نەبو و ئەگینا ئەگەر براکەم شەمسەدین برایەتی بنواندایە و دایکم لە جیاتی ئەو هەموە پارێزکاریە، دایکێتی. یان ئەگەر عەلائەدین لە جیاتی ئەو هەموە کەش و فشە، بڕۆشتایە و لەگەڵ باوکیدا چەند قسەیەکی ڕێکوڕەوانی بکردایە، کاری من نەئەگەشتە ئێرە. هەموان زیاتر خۆیان



Scanned with CamScanner

بەلاوە گرنگ بو. من ژنێکی تەنیا و گیرخواردو بوم کە بێجگە مردن وێنای هیچ شتێك نەئەکرا بۆ ڕزگاربونم. تەنانەت ئەگەر مێردەکەشم بمردایە، دیسانەوە ئەبومە بێوەژنێکی لە گۆڕنراوی حەرەمی خوداوەندگار، وەك خزمەکانیتری کە هەمویان بە گەنجی، شەڕ و کۆچکردن بێوەژنی خستبون و هەزار ساڵ بو خەریکبو لەوێدا دائەرزان. ئاخر چ نەجیبزادەیەکی شار دلێری بردنەوەی بێوەژنێکی ڕورەشی پیاوێکی نامۆی بۆ ماڵەکەی هەبو، تەنانەت ئەگەر کچی شای پەریەکانیش بوایە. دێوانەیەك، کە هیچ ئاوڕویەکی بۆ نەهێشتبوینەوە. لە مێشکمدا سەدان نەخشەم بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕۆشتن کێشابو، بەڵام هیچ کامیانم پێباش نەبو. بەشێك لەشەو تێپەڕیبو و من هەروا بە چاوەڕوانی دانیشتبوم تا بزانم چی ڕوئەدات. تازە بۆمدەرکەوت کە چەند باش بوە کە هیچ کاتێك چاوەڕوانی نەبوم، لەبەرئەوەی هاتنەوە و دەرچونی حسابی بۆ نەبو. ئەو شەوەش لە کۆتاییدا نەهاتەوە و من گەشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە چ باشتر. ئەگەر بهاتایەوە بە دڵنیاییەوە مۆڵەتی نەئەدا، بەڵام بە نەهاتنەوەی ئەمتوانی بڵێم لەبەرئەوەی نەهاتوەتەوە، ناچاربوم برۆم. هەرچیەك پاش ئەوە ڕویبدایە گرنگ نەبو، گرنگ ئەوەبو کە جارێکیتر بەهاری باخم ئەبینیەوە. کارەکانم کرد و خەوتم، خەوێك کە لە ترسی بەجێمان هیچ قورس نەبو، بە یەکەمین اللەاکبری بانگ لەخەو ڕاپەڕیم، پریاسکەکەم هەڵگرت و بە بوێریەوە لە داڵانی تاریکی نێوان حوجرە و حەرەمەوە —کە چیتر کەس لەوێ چرای هەڵنەئەکرد— چومە ناو هەیوانەکە. ژنەکان خەریکبون دەستنوێژیان ئەگرت. هەوا تاریك و ڕون بو و هەموان سەرقاڵی کاری خۆیان بون. سوپاس بۆ خوا، کەس کاتی نەبو بۆ فزوڵی کردن! ڕۆشتم بۆ تالارەکە. منداڵەکان کە بەزۆر خەبەریان کردبونەوە هاروهاجیان ئەکرد و ئەوەندە منیان نەبینیبو، پێیان نامۆ بوم. تەنانەت لە نێوان من و دایکیشمدا دیوارێك لە سەهۆڵ دروست بوبو. من نەمئەتوانی لێیخۆشببم، لەبەرئەوەی شوکردنەوەی ئەو

مایەی هەمو چارەڕەشیەکانی من بو، بەلآم ئەو ڕۆژە هیچ شتێك بەلامەوە گرنگ نەبو. من ئەو ڕۆژە بە عەشقی باخەوە ڕۆشتبوم بۆ ئەوێ. بە جەماعەت نوێژەکەمان کرد و ئەو چێشتەی کە سەرەڕای هەمو کەموکوڕتیەکانی بۆ من شاهانە بو، خواردمان. خوا خوام بو کە هەرچیزوە، تا ئەو نەگەڕاوەتەوە بکەوینەڕێ. ئەگینا لە کۆتا ساتیشدا بوایە ئەیگێڕامەوە بۆ ئەو گلکۆی مردنە. لە کۆتاییدا نۆکەرەکان دایان لە دەرگای سەرەوە کە چوارپێکان ئامادەن. خوا خوام ئەکرد کە زوتر بکەوینە ڕێ. شەمس زۆر جار کاتی بەیانیان لە مەجلیسی سەماع ئەهاتەوە بۆ ماڵ. دڵنیابوم ئەگەر بگاتەجێ، ئەوە ناهێڵێت بڕۆم. کاتێك کاروانەکە بەڕێکەوت، تازە خۆر پەنجەی زێڕینی کردە ملی دیوارە بەرزەکەی حەرەم. هەناسەیەکی ئاسودەییم هەڵکێشا و ئارەزوم کرد کە چیتر ئەو دیوارە نەبینمەوە. لە ناخی دڵەوە حەزمئەکرد لە ڕێگەدا لافاو بێت و بمبات. یان مارێك کە چزوەکەی ئێشی نەبوایە، ڕزگاری بکردمایە. من چیتر هیچ کارێکم لە جیهاندا نەبو....

هەوای تازەی بەیانیان خەریکبو بەرە بەرە هۆشم بەبەردا بکاتەوە. کاتێك کۆڵانەکانی سەرەوەمان تێپەڕاند و چوینە سەر ڕێگەی مالرو کە لەنێوان دەشتە فراوانەکانی قونیەدا مارئاسا پێچی ئەخوارد، خەریکبو لە شەوقدا لە هۆش خۆم بچم. لە بینینی لوتکە پڕ بەفرە سەر لە ئاسمان سوەکان و داوێنە پڕ لە گوڵاڵەکانیان و جۆگە بچوکەکانی خوارەوە کە لە ژێر تیشکی تازەی خۆردا بە گۆرانی چرینەوە بەرەو دەشتەکان ئەکەوتنە ڕێ. بۆنی کێوی گیاکان، هەوایان تەنیبوەوە. شوانە خەواڵوەکان، مەڕە مەستەکانیان ئەبرد بۆ لەوەڕین. بەرخۆلە ساواکان جێ ئەمان و بە باعەباعی جەرگ سوتێن، گلەییان لە شوانەکان ئەکرد.دڵم تاسەی لە باوەش گرتنیانی ئەکرد. کە منداڵ بوم ورکم ئەگرت تا جوانترینیان بخەنە باوەشم. هەستێکی نامۆم هەبو بەرامبەریان. کە باش ورد ئەبومەوە لە ڕەفتاریان، هەستێکی هاوشێوەی تورەیی سنگمی ئەخرۆشاند.

هەرچەندە زیاتر ئەچوینە پێشەوە تۆفانی جەزبە و شۆڕ و شەوق زیاتر لە دەروونمدا هەڵئەچو. ئەو فرمێسکە دێرینانەی کە ماوەیەکی زۆر بو لە پشت بەربەستی چاوە وشك و بێزارەکانمەوە زۆنگاوێکی ڕەش و قوڵیان دروستکردبو، بە ئارامی لە گۆناکانمدا ڕێی گەردنمیان گرتبوە بەر و سنگمیان تەڕئەکرد. چەند باش بو کە لە پێش هەموانەوە ئەڕۆشتم و کەس نەیئەتوانی بمبینێت. حەزمئەکرد تەنیا بومایە و ڕامبکردایە و هەمو هاوارەکانی جیهان لە سنگی سوتاومەوە، پێشکەشی لوتکە پڕ بەفر و ساردەکان بکردایە تا بەڵکو ئەوانیش لەبەرامبەردا کەمێك لە هێز و سەرکەشی و ئازادی خۆیان پێببەخشیمایە.

کە لە دورەوە ڕەشایی باخ دەرکەوت، وەك هەمیشە سەرمسوڕما لە زو گەشتنمان. وامئەزانی هەمو ڕێگەکە لەیەك دو خولەك زیاتری پێنەچوە. هەر لەو دورەوە هەیکەلی چەماوەی ئیلیاسم کە هەواڵی هاتنی ئێمەی ئەزانی، ناسیەوە. خەریکبو بەرەو ئێمە ئەهات. دڵم لە تاسەی بینینەوەی دۆستدا کەوتە لێدان. ئای خۆزگە ئەمتوانی لە باوەشی بگرم، ئای خۆزگە بمتوانیایە سەرم بخستایە سەر شانەکانی و هێندەی هەمو دەریاکانی جیهان فرمێسك بڕێژم. من قەدری ئەوم نەزانیبو. ئەو تاکە کەسی من بو. تاکە هاوڕێی من بو. ئەو بە نیگاکانی نهێنی گەلێکی پێوتبوم و من تێنەگەشتم.

زۆر زو گەشتین بە یەك. ڕەشۆی چوارپێکەی گرت و بە چاوە بێ ڕەنگەکانی سەیری کردم. لە ناکاو نازانم لە ڕوخسارمدا چی بینیبو کە نیگای وەك کارەبا گرتوەکان لەسەرم وشکبو. دەستێکی هێنا بە دەموچاومدا و پێکەنینێکی دروستکراوم کرد و وتم: سڵاو بابی گیان، مەگەر جنت دیوە؟ داماوە دەستەپاچە بو و وتی: نا بی بی گیان، ببورن. چاوەکانم ئیتر بە ڕێکوپێکی نابینن! لە ناکاو وازی لە من هێنا و ڕایکرد بەرەو لای دایکم. بێئەوەی ڕو وەرگێڕم، بۆمدەرکەوت کە وتوێژێکی قورس لە نێوانیاندا ڕوئەدات. یەکەمین جار بو کە ئەو بەر لە

هەواڵپرسینی پێویست، چەند وشەیەك، ئەویش بە دەنگی بەرز و دژایەتیەوە لەگەڵ دایکمدا قسەی ئەکرد. زانیم دەربارەی من قسەئەکەن. گشت گەردەکانی بونم تاسەی هەڵهاتنیان ئەکرد. گێژ بوم. ڕاستیەکی نادیارم بۆ ڕونئەبویەوە.

دەنگی ئیلیاس وەك ئاوێکی گەرم کە زستانان ئەیانکرد بەسەر سەهۆڵی حەوزەکەدا، بە دەنگێکی ترسناك درزێکی قوڵی لە بەرزەخی مێشکمدا دروستکرد. نیگای ئیلیاس لەسەر هەق بو. کەی کاتی دانیشتن بۆ؟ ئەبوایە بیرێکم بکردایەتەوە کە ئەو هەمو ئاه و ناڵەیە بۆ؟ شەمس چیتر منی خۆشنەئەویست و هیچ هەلێکیشی لەدەستنەئەدا بۆ ئەوەی ئەم خاڵە بەگوێمدابدات. تەنانەت پێشی وتبوم کە لای خوداوەندگاریشدا دانی ناوە بەمەدا. جێی بەخۆی نەئەگرت بۆ ڕۆشتن و ئەیوت: ئەم جارە کەس تۆزی ڕێگەکەشی نابینێتەوە. لە بیری ڕۆشتنی ئەو و ئەو هەراوهوریایەی کە هەڵئەگیرسا، ئەکەوتمە لەرزە. بەڵام ئێستا لێرە لە بەهەشتی زادگاکەم ئیلهامێك کەوتە مێشکمەوە: بڕیارمدا بەرلەوەی کە لەناکاو دیارنەمێنێت و حەشرێکی تازە هەڵگیرسێت و ئەم جارەیان داخی ئەو بەسەر مندا هەڵڕێژن و شارێکی ڕیاکار و تەپڵمۆس بڕژێنە سەرم، خۆم بڕۆمە لای خوداوەندگار و کارەکە بخەم بە لایەکدا. دواتریش مۆڵەت وەربگرم کە لە باخ بژیم. ئەمە تاکە ڕێگەی من بو و بەو نەرمیەوە کە لە خوداوەندگاردا ئەمبینی، ئەمزانی کە بە دڵنیاییەوە ڕێگەچارەیەك بۆ منی سەرلێشێواو ئەدۆزێتەوە. ئەو خۆی، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر بە باشی ئەو کاوڵی سیفەتەی ئەناسی، پێشنیاری ئەم هاوسەرگیریەی قبوڵکردبو و تاکە هۆکارێکیش بیری لێنەکردبێتەوە من و چارەنوسم بو، ئێستاش خۆی ئەبوایە بیری لە ڕێگەچارەیەك بکردایەتەوە. من زۆر بە باشی بەشی خۆمم لە گوێڕایەڵی لە مەیل و ویستی ئەو –بەو ئومێدەوە کە بەرەکەتدار ببمو دوعای خێری ڕزگارم بکات– بە باشی ئەداکردبو. چیتر سەرەی ئەو و هەناسەی مەسیحایی بو.

شەپۆلێك لە شەوق دەرونی گرتمەوە. لە پاش ماوەیەکی زۆر ئێسکەکانم گەرم بونەوە و خواوەندی ژیان لەبەرامبەر چاوەکانمدا کەوتە سەمایەکی خرۆشێنەر. بەڵێ، دێمەوە بۆ باخ. داوا لە خوداوەندگار ئەکەم بۆ ڕزگاربونم لە تانەی تانەدەران مۆڵەت بدات بێم بۆ ئێرە. ئەو هێندە بەسۆزە کە (نا) ناڵێت. بە ئیلیاس ئەڵێم چەند مریشك و کەڵەشێر و قاز و مراوی و چەند مەڕێکم بۆ بکڕێت. ئوجیش دێنمەوە. خۆم چێشت لێئەنێم، نان ئەکەم و خزمەتی ئیلیاسی پیر ئەکەم. لێرە پێویستیم بە هەر شتێك بێت، هەیە. پێویستیم بە هیچ کەس و هیچ شتێك نابێت. ئێرە بەهەشتی منە. ئەم بەهارە جوان و هاوینە پڕ بەرەکەتە کە تێپەڕێت، لە پایزدا دار و پوش کۆئەکەمەوە بۆ زستان. ئیلیاس ئەیانقڵیشێنێت. زستانان خۆراك بۆ سمۆرە و ئاسکەکان دائەنێم و خۆمان بە گوێز و کشمیشی ترێی کەپرەکە و ئەو پەنیرەی کە بە شیری ڕانەکەم دروستینەکەم، ئەژین. بۆچی من تا ئێستا ئەم هەموە نائومێد بوم؟ ژیان جوان و بەخشندەیە. ژیان تەنیا لەوێ،لەو فەرامۆشخانەدا مردوە، تەنیا لەوێ، لەو شارە ژەهراوی و بۆگەنەدا، ژیان لێرە لە گەڕ و خولدایە و پڕە لە نەمری. من ئەگەڕێمەوە بۆ ئێرە، دڵنیام.هێشتا بەهار تەواو نەبوە، ئەگەڕێمەوە بۆ ئێرە. کاتێکیش بینیم چڵە قورسەکانی یاسە بنەوشەییەکانی جادە لمیەکە وەك نیشانەی پشتڕاستکردنەوە سەر ئەلەقێنن، شەپۆلێك لە دڵنیایی دەرونی گرتمەوە. ئەوان هەمیشە قسەیان لەگەڵ ئەکردم. ئەم جارەشیان دڵنیایانکردمەوە کە ئەگەڕێمەوە بۆ باخ، زۆر زو، بەر لەوەی بەهار کۆتایی پێبێت.

بە دڵێکی ئاسودە و جەستەیەکی ئارامەوە لەسەر ئەو دۆشەکەی کە ئیلیاس بە پەلە لە هەیوانەکەدا بۆی ڕاخستم، لەسەر پشت ڕاکشام. نازانم لە کوێوە زانیبوی کە چیتر وەك ڕابردو توانا و تاسەی ڕاکردنمبەناو جادە لمیەکە و جاڕی سەوزە و میوەکاندا نیە. بۆ خۆشم پاش ئەو هەموە تەنیاییە، کۆبونەوەی تازە و

هەراوهوریای هەیوانەکەیان سەرنجراکێش بو. بۆمدەرکەوتبو کە مرۆڤەکان لەبەرامبەر مرۆڤە چارەڕەشەکاندا بە شێوەیەکی گاڵتەجارانە دەستەپاچە ئەبن و درندەییان کەمئەبێتەوە، ڕێك بە پێچەوانەی ئەو کاتانەوە کە مرۆڤ خۆشحاڵ و خۆشبەختە. لەم بارەدا بەردەوام بە دەوروبەرتدا دێن و ئەچن بۆئەوەی بیسەلمێنن ئەوەندەش کە تۆ بیری لێئەکەیتەوە، خۆشبەخت نیت. ڕۆژ و شەویش ڕێنماییت ئەکەن کە ڕەسەنایەتی و واقعیەتی خۆشبەختی ئەزمون بکەیت بەڵام لەبەرامبەردا لە ڕۆژانی خەمباری و دڵتەنگیدا، لەبەرامبەرتەوە تێئەپەڕن، وەك بڵێیت لاڕەشە گرتو ئەبینن و هیچ مکوڕ نین تا پێچەوانەی ئەوەی کە هەستی پێئەکەیت، بسەلمێنن. بێجگە لەچەند وشەیەکی باو، لە ئاستی دانەپاڵی کارەکان بەڕەوتی ویستی ئیلاهی و چارەنوس و پەند و ئامۆژگاریتپێنالێن و هێدیهێدی ئەتسپێرن بە خوا و جێتئەهێڵن.

هەر ئەو ژنانەی کە چەند مانگێك لەمەوبەر کاتێك شەمس لە تۆفانی عەشق و ستایش و پەرستندا، لە جۆرێك لە خۆشبەختیدا نوقمی کردبوم و تامی هەمو خۆشەویستیە نەچێژراوەکانی پێبەخشیبوم، هەمو هەوڵیان ئەوەبو کە بە جۆرەها تەڵەکە بەداخبونی خۆیان لەو چارەنوسەی توشی بو بوم، ڕاگەیەنن و هەمو کەموکوڕیە ئەگەریەکانی ژیانم بە جۆرێك لە جۆرەکان بدەن بەگوێمدا و درێغی لە هیچ زیادەڕەویەك نەکەن لە بە گەورە نیشاندانیدا و لە بیرینەکەن کە من بابەتی سەرەکی گشت نوکتە دزێوەکانی ئەوان بم، بەڵام ئەمڕۆ کە دیسانەوە چیرۆکی من نوقڵی ناو مەجلیسەکانە و هەمو خەڵك لە ڕوداوی بەدبەختی و هاتوهاوارە هەمیشەییەکانی شەمس و ڕێگریە نامرۆییەکانی کە زادەی حەسادەتی کوێرانەیەتی و ئەو ڕوڕەشیەی کە بەسەر عەلائەدینی داماویدا هێنا، بەئاگان، هیچ یەکێکیان توخنم ناکەون، تەنانەت فاتیمە خاتونیش هەوڵئەدات لای مندا خۆی بە سەرقاڵ بە منداڵەکانەوە دەربخات. ئەگەر زیادەڕەوی نەکەم، تەنانەت دایکیشم بە

چاو تروکانێك بە لامدا تێئەپەڕێت. لەوانەشە لەبەرئەوەی کە هیچی لەدەست نایەت و هەست بە گوناه ئەکات و شەرمەزاری منە.

مەلیکە خاتون کە لە جیاتی من بە فاتیمە خاتون ڕاهاتبو، بە جوانی فریشتەیەکی بچوك لەدەوروبەری حەوزەکەدا ڕاپئەکرد و فاتیمە و خوشکە بچوکەکەی -کە لە گەشتەکەی باخدا بەشداربون- ئاگاداری منداڵەکان بون. ژنەکان وەك بڵێیت ئیلیاسیان بە مەحرەم زانیبو، بە بێ سەرپۆش و پەچە بە ناو باخەکەدا بڵاوبوبونەوە و شاد و خۆشحاڵ، بە دەنگی بەرز قسەیان ئەکرد و ئەبیست. هیچ کەسێك باوەڕی نەئەکرد ئەمانە هەر ئەو بونەوەرە نهێنی ئامێز و خەمبارانەی حەرەمن. تەنانەت خودی خۆشم سەرم لەم گۆڕانەیان دەرنەئەکرد. بیرمئەکردەوە نەوەك وابێت مرۆڤەکان بێ شوێنکەوتنی ڕێگە و شێواز و فرمانی مرۆڤە (ژیر)ەکانیتر، لە هەلومەرجی خۆیاندا و دور لە دیوارە دانراوەکان، بەڵام گوێ ڕادێر بۆ فرمانی ویژدان و دەنگی دەرونیان، خۆشتر بژین؟

ئایا خاتون بە هەناسە بڕکەوە توڵینەیەکی پڕ لە قەیسی لە هەیوانەکەدا دانا. نیگای پڕ لە شەرمی بڕیە من و وتی: بخۆ دایە! بخۆ با بێیتەوە سەر خۆت! وەك ماسی حەوزی وەرزی سەرمایت، بێڕەنگ و لێڵ، بخۆ با گۆشت بەخۆتەوە بگریت! نەفرەتی خوای لێبێت کە... سەیری ئاسمانی کرد و بە چمکی قۆڵەکەی فرمێسکەکانی سڕی. بیرمکردەوە ژیانی من بێ ئایا و ئیلیاس و ئوجی بە دڵنیاییەوە لەمە دۆزەخیتر ئەبو. جارێکیتر سوپاسی خوام کرد بۆ هەبونی ئەوان و لە کاتێکدا قەیسیە زەردەکانم ئەخوارد دوعام بۆ باوکم و بی بی جان کرد. نیوەڕۆ بو. بڕیاردرا نوێژبکەین تا خواردن ئامادەئەبێت. لە مەلیکە خاتونەوە تا مامی، لە هەیوانەکەدا ڕیزبون بۆ نوێژکردن. نازانم بۆچی من ئەو ڕۆژە ئەسڵەن نەمئەتوانی وەك ئەوەی دڵم ئەیەوێت لەبەرامبەر خوادا بوەستم. بەو تکا زۆر گەورەوە کە لە خوا هەمبو، پێویستبو لەوپەڕی ئامادەیی دەرونیدا بم، بەڵام ئەمبینی کە هەزار

جۆر بیریتر بە مێشکمدا دێن، بە تایبەتە کاتێك سەرنجم لە ڕیزی ژنەکان ئەدا. بە بەراورد بەوان، ئارەزو و نیازی دڵی من چەندین فەرسەنگ دور لە دەست پێڕاگەشتن و نا واقیعی ئەهاتەبەرچاو. کاتێك بە ڕونی ئەمیبینی کە ژیانی ئەوان چ چارەنوسێکی هەبوە، بوێری و ئومێدم لەدەستئەدا. کە سەیری پیر و گەنجیانم ئەکرد، ئەمانێك لە مەسخ و نەسخیان ئاگاداری ئەکردمەوە: کە منداڵن، ئەڵێی چۆلەکەی بچوکی بزێو و زۆر جریوەجریوکەرن، وەك مەلیکە خاتون. کە گەورەتر ئەبن، پەپولەن بێدەنگ و نهێنی ئامێز و سوسەکار –لەم دەرگا و لەو دەرگا ئەدەن تا ڕاز و نهێنی ژیان بدۆزنەوە، وەك هەدیە خاتون، خوشکی فاتیمە خاتون. دوای باڵغ بون، تەنانەت پاش چەندێك لە هاوسەرگیریش، تاوسن: مەستی جوانی و سەربەرزی مەعشوقی، لەنجە و لار ئەکەن، وەك فاتیمە خاتون. دواتریش کە ئەبنە دایك و منداڵیان ئەبێت، وەك مریشك، پف ئەکەنەوە و ئۆقرەیان لەبەر هەڵئەگیرێت و هەمیشە نیگەرانی ئاو و دانن، وەك گەوهەر خاتون و دایکم. کاتێکیش منداڵەکانیان گەورەئەبن، ئەبنە قازی قەڵەو و دەمارزل و بەدەنگی گڕ و جەستەی قورسیانەوە، بەردەوام لەملا بۆ ئەولا دێن و ئەچن و فرمان دەرئەکەن و وائەزانن بەو ئەزمونەوە کە کۆیانکردوەتەوە، هەمو شتێك لە هەمو کەسێك باشتر ئەزانن، وەك کیرامانا خاتون، کە ئەگەرچی منداڵی نەبو، بەڵام دایکایەتی بۆ منداڵەکانی خوداوەندگار کرد. هیچ کەسێك نازانێت چۆن ئەم قازانە بەرە بەرە ئەگۆڕێن بە قەلەڕەش گەلێکی بەدڕەفتار و دەنگ ناخۆش و داهێزراو و هەمیشە لە زبڵدانی ژیانی خەڵکیدا بە شوێن نیشانەوەیەکن لە ڕوڕەشی، یان چاو تیژئەکەن کە لە کوێدا، نەخۆشێکی داماو یان جەستەیەکی مردو بدۆزنەوە و بە هاتوهاوارەوە گریان و شیوەن دەستپێبکەن، وەك مامی. لەمەش خەمبارتر ئەوەیە کە سەردەمی و پەپولەیی و تاوسی چەند کورت و زوتێپەڕە، وەك خەو و خەیاڵی ڕۆژانی قەلەڕەشیی درێژتر و بێ کۆتاییتر ئەبن، وەك شەوی یەلدا.



Scanned with CamScanner

من هەرگیز ڕازینەئەبوم بەم ڕەوتی گەشەکردنە پڕ لە زەلیلیە، هەرگیز نەئەبومە قەلەڕەش. من لە قۆناغی پەپولەییەوە چوبومە قۆزاخە و ئەمتوانی هەروا بە پەپولەیی بمێنمەوە. کە چاوم بە گوڵە یاسەکان کەوت، قسەکەیان پشتڕاست ئەکردەوە. یانی هێشتا یاسەکان ڕۆڵیان هەبو لە ژیانمدا؟ لە ناکاو هاواری اللەاکبرەکانی کیرامانا هێنامیەوە هۆش خۆم و زانیم ڕۆشتون بە ڕکوعدا. ئەمزانی کە خوا لێمخۆش ئەبێت. ئەو ڕەحمان و ڕەحیمە، تەنیا ئەم کیرامانایە کە ناتوانێت ببەخشێت. نازانم بۆچی هەمو ئەو مرۆڤانەی کە زیاتر بانگەشەی زوهد و لەخواترسان ئەکەن، زیاتر لە میهرەبانی و بەسۆزیەکان بێئاگان. وام بە باش زانی بڕۆم بە سوجدەدا و سوپاسی بکەم لەبەر دروستکردنی یاسەکان.

هەمو ڕۆژەکەم لە بیر و خەیاڵاتی لەم شێوەیە و خەونی شیرینی گەڕانەوەی خێرا و بێ چی و چلۆن بۆ باخدا تێپەڕاند کە یاسەکان پەیمانیان پێدابوم و وامهات بە خەیاڵدا کە هەریەك لە هاوسەفەرەکانم بە هەر سەودایەکەوە کە لە سەریدابو، کەڵکی لەو ڕۆژە وەرگرتبو بۆ بەهێزکردن و پاکژکردنەوەی دڵ و دەرونی. هەموان شاد و خۆشحاڵ و ئازادبوین. بە پێچەوانەی هەمیشەوە کە عەسرێکی درەنگ بەڕێئەکەوتین، ئەم جارەیان لەبەر مێردە کەم حەوسەڵەکەی من زوتر کەوتینە ڕێ. ئێلیاس دیسانەوە بەو نیگایەوە کە پڕ لە دەستەواژەکانی کۆتا ماڵئاوایی بو، سەیری کردم. حەزمئەکرد بمتوانیایە پێمبوتایە کە چ نەخشەیەکم لەسەردایە بۆئەوەی بزانێت کە بە زویی ئەگەڕێمەوە.

دەنگی هەورەبروسکە هەموانی لە جێی خۆیان ڕاپەڕاند و هێشتا چەند هەنگاوێك تێنەپەڕیبوین ئەو هەورانەی کە لە بەیانیەوە پێشبڕکێیان بو لەگەڵ یەك، کۆبونەوە و هەوا تاریك و لێڵ بو و بارانێکی بەهاری گیان بوژێنەوە دەستیپێکرد. ئێمە نەمانئەتوانی بگەڕێینەوە بۆ باخ. تا ئەو کاتەش بۆ من هەر زۆر درەنگی کردبو. لە بێدەنگیەکی تەڕدا بەردەوامبوین لە ڕۆشتن. کە گەشتینە



Scanned with CamScanner

نزیك شار، چیتر هیچ شوێنەوارێکی خۆشحاڵیەکانی پێشتر نەمابو. دوبارە دڵەڕاوکەیەکی بێ ئەمان چنگی لە دیواری دڵم گیرئەکرد. نیگەران بوم. ئێستا ئیتر نیگەرانی چارەنوسم نەبوم. تەنیا ترسی ساتی گەڕانەوە ماڵەوە و تێلاکاری و جوێن و ئەو هەراوهوریایەی کە هەمیشە چاوەڕوانم بو سەرتاپای بونمی داگرتبوەوە و خوا خوام ئەکرد کە نەهاتبێتەوە. لەبەرامبەر دەروازەکانی شاردا، خۆرەتاوی بێ نوزەی خۆرئاوابون لە ژێر هەورەکانەوە خۆی نیشاندا و زۆری پێنەچو کە پەلکەزێڕینەیەکی تەواوی لە ئاسماندا نەخشاند. کەوتمەوە بیر یەکەمین ڕۆژی چونە سەربان لەگەڵ عەلائەدیندا و هەرچی خەمی دنیا هەیە ڕژانە دەرونمەوە. لەگەڵ هەمو ئەمەشدا پەلکەزێڕینەی ڕەنگین کۆتایی هێنانێکی جوان بو بە ڕۆژێکی جوان بەڵام زۆری پێنەچو کە مامی بە نیگەرانیەوە وتی، ڕەنگی سور نیشانەیەکی باش نیە، بە دڵنیاییەوە کارەساتێك ڕوئەدات. وەك بڵێیت چاوەڕوانی ئەو قسە بوم. لەناکاوێکدا دڵم داکەوت. هەزار هۆ و بەڵگەم بۆ خۆ ئارامکردنەوە بەکارئەهێنا کە نابێت هیچ گرنگی بە پێشبینیە شومەکانی مامی پیر بدەم. ئەموت ئەم قسانە هیچ کاتێك ڕاست دەرناچن. مەگەر هەر ئەمانە نەبون کە لە هەمو تەمەنی منداڵیمدا ئەیانچرپاند بە گوێمدا کە لە ناوچەوانمدا شازادەیەکیان خوێندوەتەوە؟ چۆن بو کە لە جیاتی شازادە، دەروێشێکی خوری پۆش لەسەر ڕێگەم سەوز بو و ڕۆژگاری تاڵکردم؟ بێ سود! حاڵم خراپ و خراپتر ئەبو.

لەسەر کۆڵانەکەی سەرەوەی حەرەم، بەر لە هەموان شێخ محەمەد —نۆکەری تایبەتی خوداوەندگار و خامی حوجرەکە—م بینی کە بە ڕوخسارێکی شڵەژاوەوە وەستاوە. کە منی بینی، یەکەمجار بەرەو لای من ڕایکرد و دواتر ڕێگەکەی گۆڕی و بەرەو دایکم ڕۆشت و شتێکی چرپاند بە گوێیدا. بەتەواوی دڵنیابوم هەواڵێکی خراپی پێیە بۆ من. من چەندین و چەندین جار لەم ماڵەدا ئەم دیمەنانەم ئەزمونکردبو و باش ئەمزانی ئەو چاوانەی کە سەیری یەکتریان ئەکرد واتە خەریکە

کارەساتێك ڕوبدات یان ئەسڵەن ڕویداوە. دایکم چاوە تۆقیوەکانی گێڕایەوە بۆ من. ڕەنگی لە ڕو بڕابو. ڕونبو کە کارەساتێکی زۆر خراپ ڕویدابو. ئەبێت شەمس توشی بەڵایەك بو بێت. دوێنێ شەویش نەهاتەوە بۆ ماڵەوە. خۆی ئەیوت پاش ترساندنەکەی عەلائەدین هەڕەشەی کوشتنیان لێکردوە. نا خوانەکات... خوایە... بمبەخشە... خوایە هەڵەم کرد. نەوەك دەستی عەلائەدین بە خوێنی ئەو ئالودە بو بێت. خوایە بگە فریامان! ئارامم نەگرت یارمەتیم بدەن. خۆم بە خێرایی دابەزیم و وەك تیرێك لە کەوان هاوێژرابێت لە دالآنەکەوە بەرەو ژورەکەم ڕامکرد. لە دەرگای ئەو ڕاڕەوەی کە بەرەو هۆدە گەورەکە ئەڕۆشت، لە پشتەوە دەنگی شێخ محەمەدم لە هەیوانەکەوە ئەبیست کە بە پاڕانەوەوە هاواریئەکرد: خاتون گیان پەلە مەکەن! بە تەنیا مەڕۆن بۆ ئەو لایە. حەزرەتی شەمس لە بەیانیەوە کە هاتوەتەوە بۆ ماڵەوە، حەرەم و حوجرەی تێك و مەکان داوە و وەك پڵنگی پێکراو ئەنەڕێنێت... سەبرکەن... لەگەڵ کەسێکی گەورەتردا بڕۆن... خاتون گیان سەبرکەن... سەبرکەن حەزرەتی مەولانا بێنەوە. کاتێك لە مانای قسەکەی تێگەشتم، هەم خەیاڵم لە لایەنی ئەوەوە ئاسودە بو و هەم هاوکاتیش ئەمزانی کە چ تورەییەکی هار چاوەڕێمە. ویستم بگەڕێمەوە تا بزانم ئەبێت چی بکەم کە لە ناکاو دو چنگی ئاسنین لە تاریکی شێداری ڕێڕەوەکەدا بازوەکانمی لە شانم کردەوە. قوماشی تەڕی قۆڵەکەم سوڕیخوارد و نەمزانی چۆن لە ڕاڕەوەکەوە هەڵدرامە ژورەکە. حەیران بوم کە ئەو پیاوە پیرە چۆن ئەیتوانی بەو هێزەوە وەك بێچوە پشیلەیەك لەملا بۆ ئەولا هەڵمبدات و چۆن ئەیتوانی وشەی وا ناشرین بەرامبەر بە هاوسەرەکەی خۆی بەکاربهێنێت! ئاگر لە چاوەکانی ئەباری. وتبویان کە چیتر هەقی بەسەرمەوە نیە و دوبارە وێڵی شوێن دۆزینەوەی خوایە. کەوایە چ باکێکی هەبو کە لەگەڵ چەند شەبستانیەکی خوداوەندگاردا لە ماڵ چوبومە دەرەوە؟ بۆچی وەك گورگێکی دڕندە کەف لە دەم و ددانی ئەچۆڕا و بێ پەروا

لێیئەدام و جوێنی پێئەدام. وامئەزانی بەو بارەوە کە ئەو هەیەتی، بەو پیاکێشانە توندانەی کە لە جەستەی ئەدام، تا نەبمە هەزار پارچە دڵی ئاو ناخواتەوە. بڕیارمدا بە هەر گیان دەرچونێك بوە، گیانمی لەدەست ڕزگارکەم تا بگەڕێمەوە بۆ باخ. یاسەکان چاوەڕوانم بون. تەنیا هێندە بەس بو کە بە زیندویی بمامایەوە و لە هەلێکی گونجاودا لەگەڵ خوداوەندگاردا قسەم بکردایە. لە ژێر لێدانە وەحشیەکانیدا بە زەحمەت خۆم گەیاندە سندوقەکە و ڕۆشتمە سەرەوە تا لە پەنجەرەکەوە داوای یارمەتی لە حەرەم بکەم... بیرم نایەت کە... نا... لەوە بە دواوە چیتر هیچم نایەتەوە بیر.

بێگومان هەر ئەوانەی کە بەستبومیانەوە بە جێگەخەوەکەوە، ئەیانزانی کە چیم بەسەر هاتوە هەموان لەدەوروبەری جێگەخەوەکەم دانیشتبون و سەیریان ئەکردم و هەندێکیان بە سەختی ئەگریان. بە ئەزمون ئەمزانی کە ئەوانیش لە ڕاستیدا ئاگایان لە من نیە و ئیحتیمالەن سنگی خۆیان سوك ئەکەن. هیچ کاتێك، بێجگە لەساتەکانی تەنگتر کردنی بەند و زنجیرەکانم، بیریان لێنەکردبومەوە. من نەخوازراوانە هاتبومە دنیا، بەزۆر گەورە بوبوم و لەوانەش بو نەخوازراو یان بە زۆر لەدنیا دەرئەچوم. چەند حەزمئەکرد بکەومە سەر لا. پشتم ئەسوتایەوە. هیچ کاتێك نەمزانیبو کەوتنە سەر لا لەسەر جێگەدا چەند چێژبەخشە. یەك کەوتنە سەر لای تامەزرۆییانەم نەئەگۆڕیەوە بە هاوسەریی ئیمپراتۆری چین، بەڵام بەداخەوە کە هەمو جەستەمیان بەستبویەوە. نا! ئەگەریش نەیانبەستایەوە لە ترسی ئەو ئازارە دۆزەخیە زاتی جوڵە کردنم نەبو.

دیسانەوە حەکیم هاتبو و خەریکبو بە نەرمیەوە قسەی ئەکرد. بێئەوەی قسەکانی ببیستم، لە یەك بە یەکی ڕوخسارەکانەوە خوێندمەوە کە بەزویی ئەمرم. ئەگەر بیانزانیایە چەند مردنم خۆشئەوێت، کەمتر پەنهانکاریان ئەکرد. تەنیا حەزمئەکرد بزانم چیم بەسەرهاتوە.



Scanned with CamScanner

له چوتەچوتە شاراوەکان ماندو بو بوم. کەسێك ئەبوایە پێی بوتمایە کە چ شتێك رویداوە، یان بڕیارە چ بەلاّیەکم بەسەردا بهێنرێت. دەستی خرپن و فێنکی پزیشك لەسەر تەوێڵم بو. بڕیارمدا چاوەکانم نەکەمەوە تا بەڵکو بە وێناکردنی ئەوەی کە خەوتوم و نابیستم بە دەنگی بەرزتر ڕەچەتە بنوسن تا بەڵکو بزانم ئەمە چ بەلاّیەکە بەسەرمدا هاتوە. فێڵەکم کاری خۆی کرد. بە دەنگی بەرز کەسێك وتی: تاکەی بەردەوام بەرزئەبێتەوە، سێ ڕۆژە کەوتوەتە سەرجێگە، ڕیخۆڵەی خاڵی نەبوەتەوە، ئەبێت پاکبکرێتەوە، ئەگینا ئەگەر بەم تایەوە توشی کۆڵنج ببێت، لە ئازاری ملیدا ئەمرێت. جارێ پولەکە و گەرچەکی بۆ ئەنوسم، ئەگەر کاریگەری نەبو بەیانی بەهەر بەدبەختیەك هەبوە ئەبێت پاك بکرێتەوە. ئەڵبەتە ئازاری مل تا کۆتایی مۆخی بڕبڕەیئەگات و پاککردنەوەکە زۆر بەئازارە، بەلاّم ترسی لە کۆڵنج کردن کەمترە. درێغ بۆ ئەو خونچەی گوڵە سورە کە بەم شێوەیە پەڕ پەڕ بو. هێشتا ڕستەکەی حەکیم تەواو نەبو بو کە هاوخوێنیی گریان و فینەفین و شیوەن، کەشی ژورەکەی گرتەوە. بە خوایەتی خوا قەسەم، ئەگەر ئازار بیهێشتایە، قاقام لێئەدا. چ بونەوەر گەلێکی سەیرین ئێمەی مرۆڤ. ئەوانەی لە دەوروبەری جێگەخەوەکەی مندا ئەگریان، کێ بون؟ خۆ لە ئاسمانەوە نەهاتبون. مەگەر هەر ئەو کەسانە نەبون کە لە درێژایی ئەو ساڵانەدا، بون و نەبونی منیان بە هیچ گرتبو؟ چی ڕویدابو کە بە قەولی پزیشکەکە، سێ ڕۆژ بو بەسەر سەرمەوە مابونەوە و فینەفینیان ئەکرد؟ منیان ئەناسی؟ ئەیانزانی کێم؟ بیرم لە چی ئەکردەوە و چیم کێشابو؟ نەهاتبون تا ساتەکانی مردنم بە هەمو هەڵپەیانەوە، بکەنە دژەژەهری سروشتی کارەساتباریان و بۆ چەند ساتێك لە چێژوەرگرتن لە تەماشاکردنی هەناسەدانی بەدبەختێك، جۆرێك لە خۆشبەختی پڕ لە سەرشۆڕی، ئەزمون بکەن؟ ئەسڵەن سەرسوڕهێنەر نەبو بەلامەوە. هەمیشە

مردن و کارەساتی کەسانیتر، هۆکارێك بوە بۆ کاوێژکردنی دیلەکان و مەرهەمێك بۆ زامی ڕۆحی تەنگەوە بویان؟

بۆمدەرکەوت کە سێ ڕۆژە کەوتومەتە سەر جێگە.بە چاوی داخراوەوە باشتر توانیبوم هەست بە شەپۆلی نائومێدی لە قولایی دەنگی حەکیمدا بکەم. بەس هێشتا نەمئەزانی چیم بەسەر هاتوە و ئەو ئازارە جەرگبڕەی لە ملمدا کۆبوەتەوە لە کوێوە هاتوە.

دیسانەوە لێویان زامارکردمەوە و نەیجەکەیان خستەوە دەمم و ئەم جارەیان لە جیاتی شلەمەنیە شیرین و گەرم و ئارام کەرەوەکە، شلەیەکی سوێر و تاڵ و چەوریان دەرخوارددام کە هەناوی هێنامەوە یەك. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەستبومیانەوە، هێشتا چەند کەسێك چنگیان لە دەست و پێ و سەرم گیرکردبو. پەلکە چنراوەکانم وەك دو ماری قورسی خاکی ڕەنگ، لەسەر سنگم قورس بون. چیتر پێویستیم پێیان نەبو، ئەیانتوانی لە بنەوە بیانبڕن، بەڵام ئەبوایە یەکێکیان بدایە بە عەلائەدین و ئەوی تریان بە ئیلیاس.

هەر پێچێك کە ئەهات بە سك و ڕیخۆڵەمدا، ئازارێکی جەرگبڕ هەناوی ئەسوتاندم. لە ڕیشکی دانە بە دانەی موەکانمەوە تا نوکی نینۆکەکانی پێم ئەسوتانەوە و ئازاریان لێوە ئەهات و ئەمناڵاند کە خوایە بگەرە فریام. لە کوێ و بۆچی شایستەی سزایەکی لەم شێوەیە بوم؟ لەوانەیە... نەفرەتی پەرەسێلکەکانە. لەم بارودۆخەدا کەسێك قوماشێکی تەڕ و ساردی خستە سەر تەوێڵم و بە دەستەسڕێکی نەرم فرمێسکەکانی سڕیم و بە لێوێکی گەرم و شێدارەوە –وەك لێوەکانی دایکم– ناوچەوانی ماچکردم. دایکم نەبو. جەستەی بۆنی یاسە بنەوشەییەکانی لێئەهات. بۆن و بەرامەی دەرونم پشکوت. ئای خۆزگە زوتر بهاتبا. جەستەی تادارمی لە باوەشی فێنك و بۆنخۆشیدا گوشی. بونێکی سیحراوی بو. وامئەزانی ئەگەر چاوەکانم بکەمەوە ئەو ئەڕوات. من هیچ کاتێك



Scanned with CamScanner

فریشتەکانم نەبینیبو. بەڵام نازانم بۆچی دڵنیابوم کە ئەو فریشتەیە، فریشتەی یاسەکان. بەڵام بۆچی هێندە درەنگ هاتبون بۆ لام؟ وتم ئەبێت جلێکی لە حەریری ئەرخەوانی و پەمەیی و بنەوشەیی لەبەردابێت. نابێت وازی لێبێنم. هەستمکرد نوشتایەوە بەسەرمدا و بە ئارامی پەلکە چنراوەکانی لەسەر سنگم لابرد. قۆپچەی کراسەکەی کردمەوە. بە دەستە سیحراویەکانی بە نەرمی و بێ ئازار پێستی دریم و پارچە لەیەکبوەکانی دڵمی کۆکردەوە. سنگمی لە هەمو ئازار و خەمەکانی جیهان شۆردەوە و پاککردەوە و دواتر بەستیەوە و قۆپچەکانمی داخستەوە و ملوانکەیەکی لە یاس کردە ملم. ئازار لە گیانمدا نەمابو و ئارامیی بەرە بەرە وەك جۆگەیەکی زوڵاڵ بە ناو دەرونمدا ڕۆنەچو. نازانم هەمو کەسێك و هەمو شتێك لە دەوروبەرمدا بێدەنگ بو بون یان من لەناوچوبوم. بە دەستم گەڕام بۆ داوێنی کە دەستی پێوەبگرم تا چیتر نەمگێڕێتەوە بۆ ئەم ژیانە پڕ لە ئازارە. دەستەکانمی لەناو دەستیدا گوشی کە وەك گەڵای گوڵە سورەکان قەیفەیی بون. پرسیم: تۆ فریشتەی یاسەکانیت؟ وتی: نا من کیمیام، هاجەرم، مەریەمم، ڕابیعە، کیرا، ئوجی، دایە، ئایا، ژن. لەگەڵتدا لەدایك بوم، بەڵام لەگەڵتدا نامرم. تا ونبوەکەم نەدۆزمەوە، نامرم. پرسیارێکم هەیە و وێڵی شوێن وەڵامم و بۆی ئەگەڕێم. ماڵئاوا ئەی گیانی ماندو ئارام بگرە لە نەمریدا.

ئیتر هیچم نەپرسی. ئەمزانی لێرە ئیدی هیچ شتێك لە وشەدا جێی نابێتەوە. خۆشحاڵبوم کە ئەگەر من ئەمرم و ئەو ئەڕوات بۆ گەڕان. پەستانی دەستەکانم کەمکردەوە بۆ ئەوەی بڕوات. تا بەڵکو ڕۆژێك لە ڕۆژان هەمو ئەوەی چەشتبوم مانای پەیدا بکردایە.

ئارام، وەك نەسیم، دەستە نەرمەکانی لە ناو دەستمدا دەرکرد و بۆنە خۆشەکەی دورکەوتەوە. بانگدەرێك لە گوێمدا بانگێکی کیبریایی ئەخوێند. بەڵام من هێشتا مابوم و هێشتا ئاسمان سورمەیی بو و ئەستێرەیەکی نامۆ و بچوك لە

درزی سەقفەکەوە چاوی لێدائەگرتم. مرۆڤەکان چیتر لە چواردەورمدا نەوەستابون، بەلاّم دەنگی ناسراوی پرخەپرخیان ئەهات. نەمئەتوانی ڕوم وەرگێرم. هیچ پێداگریەکیشم نەبو. هەستم بە سوکی و خۆشبەختی ئەکرد. وەك بڵێیت چیتر هیچ جەستەیەك لە ئارادا نیە. خۆزگە تەنیا بمتوانیبا چاوەکانم بە کراوەیی و جێگیری بهێڵمەوە و چاوبازی لەگەڵ ئەستێرە نامۆکەی درزی سەقفەکەدا بکەم، بەلاّم وەك بڵێیت کەسێك بە لۆمەوە بەرچاوی ئەگرتم. دەنگی خشەخشێك لە دورەوە گەشتە گوێم. بە دڵنیاییەوە کەسێك بۆ نوێژکردن هەستابوەوە. ئای خۆزگە منیش بمتوانیبا نوێژ بکەم. ئەمبینی وەك مراوی ئاوی لەسەر شەپۆلێکی سوك ئەڕۆم. لەناکاودا هەستمکرد دەنگی هاوار و قیژەی کەسێك ئەبیستم، هەرچەندە زیاتر گوێم ڕائەدێرا، دەنگەکە دورتر ئەکەوتەوە. بەرە بەرە خەریکبو هەمو پەیوەندیم بە دەرەوە ئەپچڕا. لە جیاتیدا هەستمئەکرد ڕوبارێکی گەرم و بێ کۆتایی بە ژێر پێمدا ئەچێت و من کە مراوی دەریام، قوتئەدات. بێویست ئەسوڕامەوە و بەناخدا ڕۆئەچوم: بێ هەست، بێ بیرکردنەوە، بێ بەرگری، بێ ئازار، بێ ترس و بێ کۆتایی.

لەناکاو دەنگی ئیلیاسمم بیست کە دوعای بە گوێمدا ئەخوێند. وشە گەلێکی پرشکۆی وەك (مردن) و (مەرگ) ئەبیسترا. ئەمزانی دەربارەی منە. مژدەیەکی گەورەبو، ئەگەر هێشتا کارگەلێکی تەواو نەکراوم نەبوایە. ئەبوایە لای کەسێکدا دانم پێدا بنایە کە چیم هێنا بەسەر پەرەسێلکەکاندا. ئەبوایە ئیلیسام ماچکردایە لەبەرئەوەی تامی خۆشەویستی ڕاستەقینەی پێچەشتم. ئەبوایە بۆ ڕابیعە و فریشتەکان تولّینەیەك گێلاسم ببردایە. ئەبوایە وەسیەتم بکردایە بیانبردمایەوە بۆ باخ و بمسپێرن بە خاکی درەختە یاسەکان و هەمو شتەکانم بدەن بە ئوجی. و ئاوەکە بگرنەوە بۆ ئەوەی فریشتەی حەوزەکە بتوانێت ترێکەی بخوات. ئەبوایە بموتایە گۆ بلوریەکەی عەلائەدین لە جیاتی پەیکەری عەشق لەسەر کێلی



Scanned with CamScanner

گۆڕەکەم دابنێن. ئەو لەم خەیاڵ و لەخۆباییبونە بێ مانایەدا بو کە عەشقی کردوەتە فیدای باوەڕ، ئەبوایە پێم بوتایە باوەڕێك کە ڕێگری لە عەشق بکات، باوەڕێك کە حەقخوازی بخنکێنێت، ملکەچبونی شەیتانە. باوەڕ ئەبێت عەشقی لێببێتەوە. ئەبێت هۆی گرێدان بێت، نەك هۆی پچڕان. ئەبێت شادیهێنەر بێت. ڕێگەی ئاشنایەتی بکاتەوە. ڕەگی کارەسات و دوری وشك بکات. ئۆف لە باوەڕدارانی بێئاگا لە عەشق. ئەبوایە پەلکەی زوڵفەکانم لێبسەندایەتەوە. ئەبوایە لە خوداوەندگارم بپرسیایە، ئەو کە هەمو ژنەکانی ژیانی خۆی خۆشویستوە و خوداوەندگاری سۆز و حەکیمیە، بۆچی لە هەندێك جێی قسەکانیدا ژن بە فێڵباز و فریودەر و هۆکاری هەڵخەڵەتاندن و لادان ئەزانێت و بە ئەقڵ لاواز ناوی ئەبات و ئەبێت ئاگاداری بیت؟! لەوانەیە ئەو بیتوانیبا وەڵامم بداتەوە، کە چۆنە زۆرێك لە مسوڵمانەکان، لەوانە ئەو خۆی، ئەوەندە مەستن لە بادەی عەشقی ژن، کەچی هێشتا توانیویانە ئەو هەموە ژن بە سوك بزانن. ئەو خۆی چۆن ئەتوانێت هێندە عاشقانە دایکی منی خۆش بوێت، ئەیانوت گەوهەر خاتونیشی زۆر خۆشویستوە، ئێستاش فاتیمە خاتون و هەدیە خاتون و مەلیکەخاتونیشی زۆر خۆشئەوێت کەوایە چۆنە کە ژن بە بۆنەیەك بۆ تەواوی کەمورکوڕیەکان وێنائەکات. نەئەبوایە لە بیرم بچوایە کە پێی بڵێم ئەگەر ئەیەوێت مەلیکە خاتون نەبێتە قەلەڕەشە ئەبێت بینێرێت بۆ باخ. ئەبێت لە حەرەم دوریخاتەوە. ئەبوایە پێمبوتایە ئەگەر مامۆستا گەلێکی وەك ئەو، ژنیانهەر بەو شێوەیە سەیربکردایە کە دروستکەرەکەی سەیری ئەکات، ئەو کاتە زۆرێك لە بۆنەکانی ژیان ئەگۆڕران. ئەبوایە لێمبپرسیایە بە چ هەقێك بەخشیمی بە شەمس. ئەبوایە زەردەخەنەم بەڕوی ئەو پێکەوتەی ناوبازاڕدا بکردایە. ئەبوایە مامیم بکوشتایە تا بڕوات بۆ لای کچەکەی بۆ بەهەشت. ئەبوایە لە دایکم خۆش ببومایە. ئەبوایە بە شێخ سەدرەدینم بوتایە لەبەر پەتی دوخێنی خۆی، هێندە دین نەڕازێنێتەوە، تا دایکیشی نەفرەتی لێنەکات. ئەبوایە

شانامەم لەگەڵ خۆم بهێنایە. بەڵام وەك ئەوەی دیاربو درەنگی کردبو. هێزێکی نهێنی ئامێز بۆ قوڵایی ئەبردم بەرە بەرە گشت بەندەکانی پشت سەرمی ئەبڕی: باخ، حەرەم، دایکم، ئوجی، هەمو سەر بە هەزاران ساڵ لەمەوبەر بون. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا وامئەزانی پەردەگەلێکی تازە لەبەرچاوم لائەدرێن. چیتر نەمئەتوانی نە قسەبکەم، نە ببینم، نە ببیستم، لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا زۆر سەرمسوڕمابو کە چۆن کەشی دەوروبەرم ڕونیەکی زیاتری بەخۆوە بینیبو. خۆشم واقعیتر بوبوم. هاتەوە بیرم کە هەر بەوشێوەیەش هاتبومە دنیا. ئێستا ئیتر ببومە سەنتەری جیهان و هیچ ڕەنگێك نەبو کە ببێتە پەردەی بەردەم واقعی شتەکان. هیچ مانایەك نەبو خەیاڵم ئازار بدات. هیچ جێیەك نەبو پەیوەستبم پێیەوە و هیچ شتێك نەبو پەیوەست بێت بە منەوە. بەرەبەرە باری بون سوك و سوکتر ئەبو، هەر لەسەر ئەو ڕەوتەی کە لە منداڵیەوە بەر بەرە قورستر بو بو.

بە ئاشکرا ئەمبینی کە مردن لە ژیان بە ترسەوە، ئاسانترە. چیتر لە هیچ کەس و لە هیچ شتێك نەئەترسام، تەنانەت لە شەمسیش کە لەو خوارەوە لە کەناری زەریاکەدا وەستابو و پێستەکەی دەرهێنابو و لە ناودەستیدا گرتبوی و بە نیگەرانیەوە لێیئەڕوانیم، جەستەم دابوە دەست شەپۆلی زەریایەکی گەورە و ئارام کە بێڕەنگ بو و من سوك و لێوڕێژ لە شادی تێیدا ئەهاتم و ئەچوم. شەمسی گەنج یان لەوانەیە عەلائەدینی پڕ شۆر بە ڕوخسارێکی میهرەبان و چاوی پڕ ئازارەوە سەیری ئەکردم. شەپۆلەکان، ئارام بەرەو کۆتاییان ئەبردم. دەستە شلبوەکانم بەرو ڕوی درێژکرد و هاوارم کرد: ئازیزم کارەکانت تەواو بکە و بگەڕێرەوە! چاوەڕوانت ئەبم. هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە تۆیان بۆ من و منیان بۆ تۆ دروستکردوە و بە هەزار فێڵ و ناز و عیشوە بە یەکەوە گرێیانداوین. من لە کوێوە بزانم؟ بەڵام لەوانەیە تۆ ئەتزانی. تۆ ئەبوایە بتزانیایە. تۆ تەمەنێکت لە دۆزینەوەی نهێنیەکاندا بەسەربردبو، تەمەنێك شاخ بە شاخ، دیار بە دیار، حوجرە

بە حوجرە، خانەقا بە خانەقا گەڕایت، بۆچی ئاوای لێهات؟ چۆن بو کە سەرچۆپیت لەدەست دەرچو؟ چۆن ئەم هەموە بێئاگا بویت؟ بەڵام ئەمێستاکە من لە تۆ خۆشبوم. هەرچیەك ڕویدا نە گوناهی تۆ بو نە گوناهی من. گوناهی لە پەردەکان و ویستی پەردەدانەرەکەوەیە. تەماشاکە! هێناویانینە ئێرە بۆ ئەوەی ببینین! هەر ئێرە، نهێنیە گەورەکە، لە ناو کرۆکی ئەم زەریا بێڕەنگ و گەورە و ئاسانەدا شاراوەتەوە. حەقیقەت، لە ناو گوێچکە ماسی بێڕەنگی و پاکێتی و سادەییدایە. هەرچیەك لە جۆرێکیتر وتمان و بیستمان، هەموی ڕەنگ بو و فریو.

بەڵام تۆ، ئەی قەلەندەری مەست! چەند کەم لەم هەموە تێگەشتی. یەکەمجار باشت هێنا، چی ڕویدا توشی هەڵخەڵەتان بویت؟ سەیریشە کە هێشتا نازانیت. هێشتا لە کەسانیتردا بۆ عەیبی کارەکەت ئەگەڕێیت و هەمبانەی خۆ فریودانت دیسانەوە کردوەتە کۆڵ و سەری خۆت هەڵئەگریت بەو خەیاڵەوە کە ئێستا گەڕۆکێکی زیرەکتری. دیسانەوە بە خەیاڵی جێهێشتنی یار و دیارەوە، ئیبلیسی وەهمکاریت گرتوە بە کۆڵەوە و ڕائەکەیت! بۆ کوێ؟ عەلائەدینی شەمسی تەبریزی نیشابوری بەڵخی قونیەوی! ئەو دوژمنەی بۆی ئەگەڕێیت نە لە ناو کاتدایە، نە لە کرۆکی شوێندا. ئەم دوانە دو ڕاسپاردەی دانراوی گوێڕایەڵن کە سەرقاڵی کاری خۆیانن. وریابە! دوژمنی شاراوە لە هەمبانەکەی خۆتدا شاراوەتەوە.

چیرۆکی زۆرینەی مرۆڤەکان، بەسەرهاتی ئەو ئاسکەی ختەنە کە نەیئەزانی بۆنە خۆشەکەی هی خۆیەتی، هەقیقەت ڕاسویەکی داماوە کە بۆگەنەکەی خۆی ونکردبو و ئەیدایە پاڵ ئەم و ئەو. تۆ هێشتا نەتزانیوە کە ئەو ڕێگایانە تەنیا بە دیارانت ئەگەیەنن نەك بە یارانت. تەمەنێك وێڵبویت و دیسانیش ئەڵێیت وێڵئەبیتەوە! سەیری کوێ بکە کە کوێی کارەکەت خراپ بو کە ئێمەیان برد و تۆ



Scanned with CamScanner

هێشتا له جێی خۆتی؟ ئاخ ئەزانم که چیتر کەس دەنگی من نابیستێت، بەڵام تۆ پێیان بڵێ:

هەقیقەت هەر بەم سادەیی، هەر بەم جوانی و هەر لەم نزیکیانەدایە، دریغ بۆ زەوی که سەرگەرمی ئەم هەموه گاڵتەوگەپەیە: نەزان له خەیاڵی خۆیدا، زانا له خەیاڵی خۆیدا. شێخ له خەیاڵی خۆیدا، سۆفی له خەیاڵی خۆیدا. ڕاسپاردەی کات و ڕەنگەکانیش سەرقاڵ به کاری خۆیانەوە. نەوەك درەنگمان پێ بوبێت! تۆ پێیانبڵێ که له کوێدا گیریانخواردوە. وایان لێبکه که تەنیا بۆ زانین، بۆ فێربون، بۆ بینینی ئەو دیو ڕەنگەکان دوعابکەن و نه هیچ شتێکیتر. لەبەرئەوەی هەرگیز یەکسان نەبون، نین و نابن ئەوانەی که ئەزانن و ئەوانەی که نازانن.

Scanned with CamScanner

عەشق چیە؟

مەعشوق چیە؟

عاشق کێیە؟



Scanned with CamScanner

# کۆرپەی "ئەم عەشقە"

گوناهی ئەوەبو کە خوای لەودا بینی.

گوناهی ئەوەبو کە خوای بە مەعشوق و مەعشوقی لەودا بینی:

(من خوام لە کیمیادا بینی).

ئەو هەمو قسەی لە بارەی عەقشەوە بو،

گوناهیشی ئەوەبو کە بەو هەموە زانایییەوە نەیزانی کە لە حەشرێکی لەم شێوەیەدا، مەعشوق کە خۆی عاشق نەبێت، ناتوانێت قەدری ئەم (عەشقە) بزانێت.

عەشق زاڵبونە بەسەر وجودی عاشقدا نەك پێویست بێت بەسەر مەعشوقدا.

جیاکاری، لە نێوان مەعشوق و عیشق و عاشقدا ئەکرێت ڕوبدات، بەڵام لە نێوان عاشق و عیشقدا مەحاڵە.

مەعشوق ئەکرێت عاشق بێت یان نەبێت، تەنانەت ئەکرێت هیچ ئاگای لە عەشقیش نەبێت، بەڵام نەك (لەم عەشقەدا).

گوناهی ئەوەبو کە نەیزانی ناکرێت خوا مەعشوق بێت. نەیزانی کە پێگەی عاشق زۆر بەرزترە لە مەعشوق و چێژی عاشقی زۆر زیاتر لەمە.



Scanned with CamScanner

چەند زۆرن ئەو مەعشوقانەی کە لەبەرئەوەی لە سەودای عەشقدا نەبون، چەندین ئازار و تاڵیان چەشت. بەڵام، ئەم بارە، هەرگیز هیچ عاشقێك بەسەریدا نەهات.

خوا خودی عەشقە.

کام مەعشوق ئەتوانێت بڵێت (سەد جاریش ئەگەر تۆبەت شکاند، بگەڕێرەوە)، مەگەر ئەمە تەنیا قسەی عیشق نیە، عاشقێکیش کە تاسەی ئەو مەعشوقە ئەکات کە بە شێوەیەك خۆی برازێنێتەوە بەم عەشقە کە شایستەی ئەم عەشقە بێت، و ڕێگەی ئەو بەڕوی خۆیدا واڵابکات؟

بەڵام وریابە، ئەو عاشقێکی فریودەرە کە خۆی لە مەعشوق ئەشارێتەوە بۆ ئەوەی تاقیبکاتەوە، تاقیکردنەوەیەکی نارەحەت و چاودێریەکی بێ ئەمان.

ئەو کەسەی کە یاریی عەشقی بە گاڵتە گرت، کرچ و کاڵ بو. ئەبێت ئیبراهیم بیت تاکو فێڵەکەی کارت لێنەکات. ئەبێت خاکی بیابانەکانی هەمو تەمەنی تەڵەبت لە تۆشەبەرە بکەیت بۆنەوەی چاو – لە کۆتا ساتەکاندا– بە جوانی دۆست ڕوناك ببێتەوە. ئەو کاتەیە کە تۆ بە ڕاستی عاشقیت. لێرەدایە کە تۆ عاشقیت و ئەو مەعشوق و بەڕاستی تۆ مەعشوق و ئەو عاشق.

ساتی وەسڵ، ساتی وەحدەتی عەشق و عاشق و مەعشوقە.

ئەنەلحەق ئەڵێیت، مەستانە ئەچیتە سەر داری سێدارە نەك بیر لەوە بکەیتەوە بزانیت کەسانیتر چی ئەکەن.

ڕێگەیەکی پڕ بەڵایە ڕێگەی مەنسور. ئەبێت ببیتە مەنسور. ئەبێت مەنسورانە بژیت. ئارەزویەکی مەحاڵ نیە. یەکبون لە کەژاوەی عەشقدا لەگەڵ توێکڵی گیاندا لە سکی دایکماندا پێشکەشیانکردوین، بەڵام کێ لە ئێمە، ئەو دیاریە شاراوەی لە گیانیدا دۆزیوەتەوە و شوێنپێی ئیبراهیم و مەنسوری هەڵگرتوە؟



Scanned with CamScanner

عەشقبازیمان لەگەڵ گیانی گیاناندا کردە بگرە و بەردەی دڵەخورپێ کانی باوکمان لە باوەش و ئامێزی دایکماندا، بێ ئاگا لە هاوێشتنە ناو وێڵە ڕێکانی ئەوانەی کە – ئێمە بین – بۆ ناشوێنی ژیان لە هەمان باوەش و ئامێزدا....

ئایا ئەمە بێ ئاگایی نییە کە نە دەبینین و نە تێدەگەین کە ئەو هەمو نورە و ئێمەش هەمو نور؟

هیمەتێکی ئەوێ تا پەردە چڵکنەکان لابرێن و نورەکان ئاوێتەی یەکتر بین.

ز اتش شهوت براوردم تورا

وندر اتش باز گستردم تورا

از دل من زاده‌ای همچون سخن

چون سخن من هم فروخوردم تورا

بامنی، وزمن نمی دانی خبر

چشم بستم جادوی کردم تورا

تا نیازارد تو را هر چشم بد

گوش نالیدم بیازردم تورا

رو جوان مردی کن و رحمت فشان

من به رحمت بس جوان مردم تورا.

کۆتایی

*****

6-6-2018
5:00am
Tuesday



Scanned with CamScanner

کیمیا خاتوون کچی محەمەد شای ئێرانی و کیرا خاتوونە، کیژێکی جوانی ئەکدەشییە کە پاش مردنی مێردەکەی بووە هاوسەری دووەمی محەمەد جەلالەدین بەلخی و پاش هاوسەرگیری دایکی، لە ماڵی مەولانا گیرسایەوە. داستانی سەرسوڕهێنی ژیانی ئەو لەناوەرۆکدا تیشکیش دەخاتە سەر ژیانی راستەقینە، خێزانی و بەدەربڕینێکی تر ڕەهەندی مرۆیی ژیانی مەولاناش. واتە ئەو بەشەی ژیانی کە لە سێبەری مەزنایەتی ڕەهەندە رۆحانی، عیرفانی و سەروومرۆییەکانی کەسایەتییەکەی، هەمیشە فەرامۆش کراوە. هەر لەم ڕووەوەیە کە هەرچەندە ئەم رۆمانە هەڵێنجانێکی خەیاڵیانەیە لە بەسەرهاتە راستەقینەکە، هەوڵی زۆر دراوە تا واقیعیترین وێنەی خەیاڵی پیشان بدرێت.

(دانەر)

(...نووسەر لەم رۆمانەدا هەوڵ دەدات ئەوپەڕی ئەمەکداری بۆ مێژوو و دینی خۆی لەبەرانبەر ئەو کەسایەتییانەدا پیشان بدات کە زۆر دڵخواز و ئەفسانە ئاسان...هەرچەندە شێوازی مامەڵەی نووسەر لەگەڵ مێژوودا لەزۆر ڕووەوە ڕێگر نییە لە وێناکردنی سەربەستانەی، سەرباری سەرنجدانی لە راستی و دروستی سەرچاوە مێژووییەکان کە گوزارشت لە لێهاتوویی ئەو دەکات لەو سەرچاوانەدا. بەتایبەت کاتێك نووسەر دەپرژێتە سەر کەسایەتی کیمیا و کەڵك لە وێنایەکی زیندوو وەردەگرێت. لەو شوێنەی کە مێژوو لە بەرژەوەندی داستانەکە دەشکێتەوە، چێژی خوێندنەوەکە دووقات زیاد دەبێت...رۆمان دەردەکەوێت لەبەردەم رۆمانێکی مێژوویی جیاواز لە رۆمانە مێژووییەکانی ترین...بەڵام گرنگترین خاڵی جیاوازی ئەم رۆمانە لە رۆمانە مێژووییەکانی تر، سڕینەوەی ئاشنایەتییە بەرانبەر بابەتێکی مێژوویی ئاشنا و هەروەها شێوە و پێکهاتە و تێکەڵاویی تەکنیکە نەریتییەکان و مۆدێرنەکانی گێڕانەوە و شێوازی کارسازیی رۆمانەکەیە...بەڵام ڕوانگەی رۆمانی مۆدێرنی ئەمڕۆ دوور لە پیرۆزێتییەکان و خورافیات و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاگەرێتی ئاکەکەس دەکاتە ئامانج..)

بهناز عەلی پور گسکری

جهان کتاب، ساڵی دەیەم، ژمارە نۆ

(...هەموو ئەم هەواڵانە، بوونەتە دەستمایەی خاتوو سەعیدە قودس لە نووسینی رۆمانی خۆشی کیمیاخاتووندا کە بە شێوازی پەخشانێکی پاك و رەوان نووسراوە. لە رۆمانی خاتوو سەعیدە قودسدا کە هەڵوەستەیەکی دەروونناسانەی لەسەر وتەزا عیرفانییەکان کردووە، کیمیا کچی کیراخاتوونە لە محەمەدشای ئێرانیی هاوسەری کۆچکردووی، کە پاش مردنی هاوسەرەکەی هاوسەرگیری لەگەڵ مەولانا کردووە و ئەمیش زڕکچەکەی خۆی کردە هاوسەری شەمس...)

کتێبی (عەشق نوازی های مولانا)

نووسینی جلال ستاری: دەزگای بڵاوکردنەوەی مرکز

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (۹۰۰۰) دینار

Scanned with CamScanner